# ڕۆژنامەوانیی کوردی

گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

بەرگی چوارەم

# ڕۆژنامەوانیی کوردی

## گۆڤاری هیوا ١٩٥٧ – ١٩٦٣

لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن
د. هیمدادی حوسێن

**بەرگی چوارەم**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

رۆژنامەوانیی کوردی – بەرگی چوارەم
لێکۆڵینەوە و ئامادەکردن: د. هیمدادی حوسێن
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٢٩
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٥٦ – ٢٠١٠
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

## پێڕست


گۆڤاری هیوا، ژمارە ٨ ساڵی ٢ ........ 7

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٩ و ١٠ ساڵی ٢ ........ 97

گۆڤاری هیوا، ژمارە ١١ و ١٢ ساڵی ٢ ........ 193

گۆڤاری هیوا، ژمارە ١ ساڵی ٣ ........ 335

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٢ و ٣ ساڵی ٣ ........ 451

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٤ ساڵی ٣ ........ 575

گۆڤاری هیوا، ژمارە ٥ ساڵی ٣ ........ 681

# گۆڤاری هیوا

## ژمارە 8 ساڵی 2 شوباتی ١٩٥٩


ہیرا

# ناوو نیشانی هیوا


بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن
تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن
مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩


—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| و دەرەوەی عیراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قەتابی | ٧٥٠ | — |
| دانەی بە | ١٠٠ | — |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیریت

بغداد : مديرية انحصار التبغ لمنطقة بغداد

**الاستاذ مكرم الطالباني**


ئەم گوڤارەو دیوی ناوەوەی بەرگەکەی لە چاپخانەی ( شەفیق ) ، وە دیوی دەرەوەی بەرگەکەی لە چاپخانەی (التمدن) لە چاپ دراوە

ژماره ۸
سـالی ۲
شوباتی ۱۹۵۹
نەوروزی ۲۵۷۱

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە
مانگی جاریك دەر ئەچی




## کوردینە جەژنی نەوروزتان پیروز بی !

لەم روژانەدا ، وەك سالانی رابوردو نەتەوەی کورد لە هەمو سوچیکی کوردستانی نیشتمانیا ، ئاهەنگو جەژنی نەوروزی سالی تازەی گیرا ، نەوروزی جەژنی بەهارو گولو گوپکە دار ، جەژنی توانەوەی بـەفری کوسـار ، جەژنی قاسپە قاسپی کەوو جریوەی بولبـولی مـیرغوزار • نـەوروزی جـەژنی ئـازادیو رزگاری ،

بیرەوەریی شورشی کاوەی قارەمانی ئاسنگەرو سەر پان کردنەوەی ئەژدەهاکو مارە میشك خورەکانی سەرشانی • بیرەوەریی رزگار بونی نەتەوەی کورد لە جەورو ستەمی خوینخوریکی داگیر کەر •

بەلام ، نەوروزی ئەمسالمان لە هی سالان نە ئەچو ، چونکە لە ژیر سیبەری نوکە رمی نوکەرانی ئیمپریالیزما نەبو ، بە نهینیو دور لە ئاوەدانی نەبو •

نەوروزی ئەمسالمان ، بو یەکەمین جار بە ئازادی کرا ، لـە ژیر سـیبەری جومهوریەتی دیموکرانیمانا ، جومهوریەتی کوردو عەرەب •

بی گومان ئەو روژەیش دور نیـە کـە برا کـوردەکانـی بەشـەکانی تری کوردسـتانیشمان بـەئازادیو کامەرانی ئاهـەنگی نەوروز بگیرن •

ئیتر جەژنتان پیروز بی ، کوردینەو ، بە دوعا تا سالیکی تر !

« هیوا »

# هیوا لە کوری خەباتا

وا زیاتر لە سالو نیویک لە تەمەنی پر لە سەربەرزیی هیوا تیئەپەری ، تەمەنیکی پر لە خەباتی بەتین لە پیناوی بوژاندنەوەی ئەدەبی کوردیو گیانی نەتەوایەتیی راستو ، بلاو کردنەوەی بیری نویی پیشکەوتوو ، شارەزا کردنی خویندەواری کورد بە جوانترین بەرهەمی بیگانە ، لە چوار چیوەی تواناو دەسەلاتا .

دیارە هیوا لەم خەباتە سەختەیا کە بەشی زوری لە ژیر سیبەری دەزگای روخاوی کونە پەرستییا کردویە ، گیرو گرفتی زوری هاتوەتە ری ، جارو باریش بەملاو لادا لایداوە . بەلام ئەوە بەسە شانازی پیوە بکات ، کە هەرگیز ریگای چەوتی نەکردوە بە ریگای خوی ، وە نەیویستوە سەر لە خویندە واری کورد بشیوینیو راستو هەلەی لی بگوری .

هیوا گوڤاری گەلی کوردە ، هی هەمو کوردیکی دلسوزو کورد دوستە ، هی هەر کەسیکە کە نیشتمانو زوربەی دانیشتوانی نیشتمانەکەی خوش بویو سودی ئەوان پیش بخا ، لە بەر ئەوە هەمیشە لاپەرەکانی خوی کردوەتەوەو ئەیکاتەوە بو هەمو نوسەریکی دلسوز . بویە زور مایەی داخە کە هیشتا هەندی کەسی لی هاتو ، کەمو زور بەشداری ناکەن لە خزمەتی نەتەوە کەیانا لەم ریگا پیروزەی هیواوە ، وە بویەش هیوا ، وەک چەند جاریتر ، دیسان

(٣)

ئەیداتەوە بە گوێی هەموانا کە وا پێویستی بە نوسینە لە هەمو سەرێکی ژیانی کوردەواری‌یەوە ، لە ئابوری‌و کومەلایەتی‌و زانیاری‌و سیاسی‌و هەر چەشنێکی‌تر •• ژیانی لەمەوپێش‌و ئێستاو لەمەوپاشی کە وا نیشتمان پەروەرانی راست‌و دلسوز رەنگی ئەریژن • لە بەر ئەوە چاوەروانی دەس گرویی هەمو لایەکە •• ئەبی هەر کەس کە شتێکی لە بارەدا ببی لەم روەوەخزمەتی نەتەوەکەی پی بکا ، مانگی جارێک ماوەیەکی خوی تەرخان بکا بو ئەم خزمەتە ، جا خوا لە ریگای هیوا ، یان‌لە ریگای ( شەفەق )و (رزگاری )و ( هەتاو )و ( ژین )ی دەستە خوشکی هیواوە •

بی گومان لە ژیانی ئەمروی نەتەوی کوردا وەرگیرانیش لە نوسراوی زیندوی گەلانی ترەوە دەورێکی کاریگەر ئەگیری لە زاخاو دانی مێشکی کورداو لە شارەزا کردنیا بەو گورانەی کە لە گیتی‌یا رو ئەدا ، لە بەر ئەوە شارەزایانی زوبانە زیندوەکانی بیگانەش – نەخوازەلا قوتابی‌یە کانمان لە ئەوروپا – ئەبی دەوری خویان یاری بکەن لەم سەرەوە •

ئیتر ئەی نوسەران‌و روشن بیرانی کورد خوتان‌و غیرەتتان ، تا ( هیوا )کەمان بە راستی ( کردەوە )شی لە گەل بی ، بو ئەوەی بگاتە ئەنجامیکی پر کامەرانی‌و بەختیاری بو گەلەکەمان •

**– دەستەی نوسەران –**

# لینین
## سەروكو ریكخەری گەورە ترین شورشە لە میژودا

**نوسینی : احمد غفور**



بـە دەگمەن گەردون دەسی تەتەلە ئەكاتو ، جار جار میژوی مروڤایەتی ، لە گەلیـك قوناخی ژیانـــدا ، بلیمەتیك هەل ئەخات كە بە جاریك تین ئەكاتە ســـەر دواروژی میللەتــە كەیو ، بگرە هی هەمو میژو ••

( ڤلادیمیر ئیلیچ لینین )

یەكیكە لەو هەرە بلیمەتانەی كە چەند میژو بروا بو پیشەوە ، ناوی زیاتر ئەدرەوشیتەوەو ، كەسـانیكی زورتر لـە سـەر زەمینەكەمانا ئەیناسنو ، لە سەر ئەو ریو شوینە ئەرون كە ئەو دایناوە •••

ئەمە ئـەو بروا ناگەیەنی كە بلیمەتو دانـا ، میژو دروست ئەكاتو ، میللەتانی دوا كەوتوی وەكو میللەتی كوردی ئیمە ، ئەبی چاوەریی ( بلیمەتیك ) بن پەیدا ببی تا رزگاریان بكا •• بەلكو ، وەكو لەم وتارەدا رونی ئەكەینەوە ، ئەبی میللەتی خەباتكەری وریا ،

(٥)

بلیمەتو سەروک بو خوی دوروست بکاتو ، ئەشی کات ، تا ببیتە ئاوینـەی ئاواتو ئازاریو ئەندازیاری دارشـتنی ژیانی کامـەرانی دوارۆژی •

* * *

پاش ئەوەی روسیا ، تا نیوەی سـەدەی نوزدەهام ، رەشەبای سەهول بەندانی کونە پەرستیو ژیانی کویلەیی بو ، وە بە جاری گەلاو گوپکەی ژیانی میللەتانی روسیاو روژهەلاتی ئەوروپای وشك کردبو ، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بو بە شەمالی بەهاری ژیانی میللەتان لە ئەوروپاو ئاسیادا ، چونکە گەلانی روسیا کـە لـە ژیر پەیرەوی زورداری قەیسـەریدا ئەژیـان ، کە وەکو لینین ئەلی : « هەرچی زورداری سەدەکان هەیە ، کوی کردبوەوە لە خویدا ، وە لە راستیدا دەسەلاتی دەرەبەگیەتیو سەربازیو سەرمایەداریبو » بوبون بـە شـوینی کوبونەوەی گـەلی نـاکوکی تیژی وا کـە بـە پرولیتاریایەك نەبیت وەکو پرولیتاریای جەنگاوەری روسیا ، وە بە پارتیـك ـەبیت وەکو پارتی بولشـەویکی قارەمـــان ، وە بـە سەرکردەیەك نەبیت وەکو لینینو هاوری بلیمەتەکانی ، لـە چار کردن نەئەهات ••• چونکە لە لایەکەوە روسیا کە ئەمپەراتوریەتیکی فراوان بو ( بەندیخانەیەکی گەورە بو بو گەلانی روسیا ) ، لە لایەکی تریشـەوە سەرشوری بانقو سەرمایەدارە ئیمپریالیستەکانی روژاوا بو ، لە لایەکی تریشەوە سەرمایە داری بـە پەلە لە ناو خویا پیش ئەکەوتو ئەیویست دەسـەلات بو خوی داگیر بکات ، سـەرەرای هەمو ئەمەیش کریکارانی روسیا کە لە ماوەیەکی کەم دا کوبوبونەوە

له چەند شاریکی گەورەی روسیادا ، بون بە یەکەم هیزی سـیاسی شورشگیر لە ولاتداو ، بـە سـەرکردەی گەورە ترین جولانەوەی ئازادی ، جولانـەوەی ملیونەهـا فەلاحی کویلەو دەیـان نەتەوەی ژیردەست لەم ولاتە فراوانەدا •

پیش ئـەوەی جولانـەوەی کریکاران ، ریگای راستی خوی بدوزیتەوە ، کە ( بولشەویکی : مارکسیزم ) بو ، توشی گەلی تاقی کردنەوەی تال هات ، هەر وەکو لینین ئەلی : « ئەوەی وا بزانی کە ئیمە لە ۱۹۰۰/ەوە تا ۱۹۱۷ بولشەویکیمان دەس کەوتوەو ، تەنها ئەم ماوەیە سامانی شورشگیری ئیمەیە ، زور بە هەلەدا چوە ، چونکە روسیا پەنجا سـالە ، بگرە زیاترە ، گەلیك تالی دیوەو توشی گەلیك هەلەو کوسپو ژیر کەوتن بوە ، تاکو لە دواییدا ریگای سەرکەوتنی دوزی‌یەوە » •

* * *

لە کاتیکا لینین منال بو ، تازە چوبوە قوتابخانە ، جولانەوی پیاو کوشتن ( الارهاب الفردی ) باو بو ، هەر لەم کاتەدا بو کە لە پر برا گـەورە خوشەویسـتەکەی گیراو خنکینرا بە تاوانی هـەولدان بو کوشتنی قەیسەر •• بەلام کاتیك لینین ئـەم خەبەرە جەرگ برەی بیست ، بی شلەژان وتی : « نەء • • نەء • • وا نابی ، ئەبی هیزی گەل رەگو ریشەی زورداری لە بن بینی ••• » •

پاش ئەوەی لینینو خیزانەکەی گواستیانەوە ( قازان ) ، لینین چوە زانسـتگای قازان ، روی کردە خویندنەوەی میژوی روسیاو ئەدەبی روسی ، وە بـە تایبـەتی نوسـینەکانی ( کارل مارکس )و

( بلیخانوف )و گەلی لە نوسەرە سوشیالیستە کانی تر ، ئەوەندەی پی نەچو بو بـە سەروکی جولانەوەی کریکاران‌و قوتابی‌یانی شـاری قازان ، تا لە زانستگا دەر کرا لە سەر تیکوشانی شورشگیری‌و ، چو بو ( پتروگراد ) ، لەوی ( کومەلی تیکوشان )ی ( لە پیناوی ئازادی چینی کریکار ) دامەزراند کە بو بە چەکەرەی پارتی بولشەویکی دوا روژ • پاشـان لـە ١٨٩٨دا یـەکەم کونگرەی پارتی دیموکراتی کریکارانی روسـیا کوبوەوە ، بـەلام نهینی‌یەکانی ، ئاشکرا بو •• هەمو گیران‌و لینینیش ٣ سال حوکم درا کە بنیرری بو سیبەریا ، پاش ١٤ مانگ حەپسی لە پتروگراد •

لینین ، لاوی بلیمەت ، ئەمەی بە هەل زانی ، دەستی کرد بە خویندنەوەی هەرچی شتی بە نرخ هەیـە لە بابەت ژیانی روسیاوە لەم ماوەیەدا بگرە تا ٣٠ نامیللکەو کتیب‌و وتاری زانیاری نوسیوە لە بابەت ژیانی روسـیاوە ، بـە تایبـەتی لـە روی ئابوری‌و سـیاسی‌و کومەلایەتی‌یەوە ، وە پیش ئـەوەی حوکمەکەی تەواو ببیت ، بـە تەواوی نەخشەی ئەو پارتی‌یەی کیشا لە میشکی خویا کە پیویست بو بو چینی کریکار •

لینین ، پاش گەرانەوەی لە سیبەریا ، لە نوسینەکانیا ئەو کارەی تەواو کرد کە بلیخانوف تا رادەیەکی باش پی‌ی هەلسا بو ، ئەویش ناشتنی بیرو باوەری میللی‌یەکان ( الشعبیون ) بو کە ئەیان وت ئەبی فـەلاح کە زوربەی میللەتـە ، سەرکردەیی جولانەوەی ئازادیمان بکـات ، نـەک چینی کریکار ، هەروەهـا بـیرو باوەریـکی کونـە پەرستانەیان هەبو دەربارەی قوناغی سەرمایەداری لە روسـیادا ، کە

(٨)

ئەیان وت ئەمە ( دومەلیکە ) پیویست نیە روسـیا توشی ببی !! بەلام لینین ئەم بیرو باوەرانەی هەمو شی کردەوە ، وە دەری خست کە ، روسیا بە دەسی خوی نیەو ئەبی سەرمایەداری تیا پیش بکەوی ، وە ئەمە ( دومەل ) نیە ، بەلکو کومەل ئەبا بو پیشەوە و ئامادەی ئەکات بو قوناغی ئیشتیراکی • هەر وەها فەلاحی دواکەوتوی بەستراو بـە ئـەدەواتی هینانـە بەرهـەمی دەرەبـەگی‌یـەوە ، ناتوانـی هـەگیز سـەرکردەیی شـورشی بکات ، بەلـکو ئـەبی چینی کریکاران کە بەستراوە بـە بەرزترین ئەدەواتی هینانـە بەرهەمەوەو ، کوبوەتەوە لە ناوچەی شارەکاندا ، کە ناوچەی پیشکەوتنە ، وە بی‌بەشە لە هەمو مالیکی دنیا ، تەنها ئەم چینە ریک‌و پیکە ئەتوانی سەرکردەیی هەمو جولانـەوەی ئازادی بکات ، وە فەلاحـە دوا کەوتوەکانی روسـیاو میللەتە ژیر دەستەکان لە خەوی چەرخان راست بکاتەوەو پەلیـان بگری بو ژیانی شادمانی‌و کامەرانی •

* * *

پاش ئەمە ریگا پاك کرایەوە بو دانانی پارتی چینی کریکاران ، وە لـە سـەرەتای گرتنی کونگرەی دوهـەمینی پارتی سوشیالیستی دیموکراتی‌دا لە ۱۹۰۳ ، تاقمیکی تر پەیدا بو کە بە ( ئابوری یەکان : الاقتصادیون ) ناسراون • ئەمانە وەکو ( میللی‌یەکان ) نەیان ئەتوانی دان نەنین بە دەوری چینی کریکارا بە ئاشکرا ، بەلکو ئەیان گوت ئـەبیت چینی کریکار هـەر لـە پیناوی مەسلەحەتی ئابوری‌و ژیانی روژانەی خویـا تی‌بکوشی ، وە مەسەلەی سیاسـەت بەجی بیلی بو پیاوی خوی ، واتە بو بورجوازی‌یەکان !!

بەلام لینین ئەمجارەش لە کتیبە نایابەکەیا (پیویستە چی بکری ؟) بە ندو باوی ئەمانەی دوبـارە دەرخستەوە ، وە رونی کردەوە کـە مەبەس لەم بەیتو بالورەیە ئەوەیە ، چینی کریکاری روسیا ، وەکو چینەکانی کریکارانی روژاوا ، بە تایبەتی هی بەریتانیا ، بکا بە کویلەو دیلی هـەتاهەتایی سـەرمایە دارەکان ، وە بی بـەریان بکـات لـە تەنها چەکیک کە بە دەسیانەوەیە لە تیکوشانا ، کە ئەویش پیکەوەنانی پارتە خوشەویستەکەیانە •• هـەر وا بوی دەرخستن ، کـە چینی کریکار تەنها بو زیاد کردنی چەند پولیك هـەول نادات ، بەلکو بو ناشتنی یاسای کری خوی ، یاسـای چەوساندنەوەو کرینی هـەمو شتیکی بە نرخ لە ژیانا بە پارە •• وە بە وردی نەخشی چوارچیوەی پارتی چینی کریکاری دامەزراند لـەم کتیبە نایابەدا ، کە وا پیویستە چینی کریکار بریتی بی لە هەمو رولە تیکوشەرەکانی لە پیناوی ئاواتە کانی چینی کریکارا ، کە نەهیشتنی یاسـای کرییەو دانانی یاسای سوشیالیزمو کومونیزمە •

پاش سـەرکەوتنی لینین بـە سـەر ئابوری‌یەکانا لە کونگرەی دوهەمی پارتا کە لـە ۱۹۰۳دا لـە لەندەن گیرا ، تاقمیکی تر پەیدا بون بـە ناوی ( مەنشەفیك ) • ئـەم تاقمە یەکەم جیاوازی‌یان کە دەریان بری لە گەل ( بولشەویك )دا لەم کونگرەیەدا ، لـە سـەر مەسەلەی ریکخستنی پارتو دەوری پارت بو لە جولانەوەی چینی کریکارا ، ئەوان ئەیانویست پارتی چینی کریکار بریتی بی لە هەچ تاقمیك یا کەسیك کە حەز بکات لە ئامانجەکانی ئەم پارتە • هەر وەها تاقمی ( بوندی‌یەکان ) لە گەل مەنشەفیکەکانا ریك بون ، ئەمانیش

ئەیانویست پارتی چینی کریکار ماوە بدا بـە ریکخستنی جیـاواز بو جولەکەکان لە سەر بنچینەی نەتەوایەتی ، بەلام لینین دوبارە لە سەر لاپەرەکانی ( ئایسـکرا : پریشك )و لـە کونگرەکەشـدا ئەم بیرو باوەرانەی ئاشکرا کرد کە خاوەنەکانیان مەرامیان لەوە بو کە پارت نەتوانی دەوری خوی بیبنی وەکو ( هەیئەتیکی ئەرکان ) ، بەلـکو دەرگای بخریتە سەر پشت بو هەمو کەسیك ، دیارە بەمەش نابیتە ( پیشرەو ) بەلکو ئەبیتە بەشیك لـە گەل و ناتوانی سـەرکردەیی خوی بکات • هەروەهـا دەری خست کـە پارتی کریکاران پارتیکە نوینەری جولانەوەی هەمو کریکارانە لە دەولەتیکاو لە هەمو دنیادا ، بی جیاوازی ی ئایین و نەتەوە •

هەر چەند لە پارتی سوشیالیستی کریکارانی روسیادا ، دو تاقم ، بولشەفیك و مەنشـەفیك پەیدابو ، بـەلام پارتەکە بـە تایبەتی بەشی بولشەفیکی کەوتە تیکوشان و ، چینی کریکار کەوتە خەبات ، دوا بە دوای ئەوانیش فەلاح و قوتابی یان و گەلە هەژارەکانی ژیر چەپوکەی قەیسەر •• تا کو شەری ژاپون و روسـیا هەلگیرسا لە ۱۹۰٤دا • ئەم شەرە زوری لە بەر ئەوە بو قەیسەر ئەی ویست خوی رزگار بکات لە شورشی ناوخوو سەرنجی گەل رابکیشی بو شتیکی تر •• بەلام لەم شەرەدا قەیسەر شکاو ئەوەندەی تر زولم و زورداری ئاشکرا بو لە لای میللەت ، کـە چون خوی و ئەفسـەرەکانی هـــەر خـەریکی راووروت و رابواردنن ، بەلام رولەکانی میللەت هەمو لـە سـەهول بەندانی سیبەریادا ئەکوژرین بی چەك و بی خواردن و جل و بەرگ • دوبارە لیشاوی شورش بەرز بوەوە ، کریکاران دەسیان کردەوە بە

مان گرتن‌و خو دەرخستن ، هەروا لەشــکر زوری دەستی کرد بە بولەبول‌و لە ناو هەندی پارچە یا مان گرتن‌و شورش دەسی پی‌کرد •

لە دەمەدەمی شورش‌دا ، هەمو چینەکان‌و پارتەکانیان دەس ئەکەن بە دانانی ری‌و شوینی تازە ، هــەروا چینی کریکارو پارتەکەی •• بەلام مەنشەفیکەکان ئــەم جارە جیاوازی خویان باشتر دەربری لە مەســەلەی ( تاکتیك : ری‌وشوین )! ، وە کونفرانسیکی جیاوازیان بــەست ، پارتیش کونفرانسی سیهەمینی‌گرت ، لــەم کاتەدا بو لینین کتیبە نایابەکەی بلاو کردەوە دەربارەی ری‌وشوینی بولشەویکەکان بــە ناوی ( دو تاکتیکی سوشیالیزمی دیموکراتی لــە روسیادا ) وە دەری خست کە تاکتیکی مەنشەفیکەکان هەلەیە کە ئەیەوی بە ناوی ئەوەوە کــە شورشەکەمــان لــە روی کومەلایەتی‌یــەوە شورشیکی بورجوازی‌یە ، چــاو بپوشی لــە دەوری چینی کریکار ، وە هــەمو دەسەلات بداتــە دەسی بورجوازی‌یەکان ، بەلــکو پیویســتە ، لــەم زەمانەدا سەر کردەیی شورشی بورجوازی بە دەسی چینی کریکارەوە بی ، چونکە چینی کریکاری ئیستاو لەمەوپاشی روســیا ئــەو چینە کریکارە نیە کە لە زەمانی شورشی فەرەنسەدا بو : بی بیرو باوەرو بی سەرکردە ، بەلکو ئیستا بیروباوەرو ســەرکردەی خوی هەیــە ، جگە لــەوەی کــە ئیســتا بورجوازیەت زو ری ئەکەوی لــە گــەل ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی‌دا •• وە بەرنامەیەکی تەســکی هــەیە بو فەلاح‌و هــەمو میللەت ، کــە لــە چوار چیوەی مەسلەحەتی خوی ناچیتە دەرەوە •

بەم بیرو باوەرەوە پارت سەرکردەیی شورشی ١٩٠٥ی کرد ،

بەلام لە بەر هەندی هوی ناوخوو دەرەوە شورشەکە سەر نەکەوت ، هـەر چـەند بو بـە ( پراوە ) بو شورشی ئوکتوبـەر • ئینجا کاتی تاریکیو پیاوکوشتن دەستی پی کردەوە ، بـە هەزاران تی‌کوشەرو کریکار لە ناوبران یا نیران بو سیبەریا ، هەتاکو خەلک بـە پەتی قەنارەیان ئەوت ( بوینبا خەکەی سىولوپین[1] ) •

لینین لـەم ماوەیەدا ، بـە پیی فەرمانی پارت چوە دەرەوەی روسیا ، بەلام هەمو گیانی لە ناو روسیادا بو ، لە ناو چینی کریکاری پترو‌گرادو شارەکانی‌ترا بو •• شەوو روژ ئەیخویندەوە ، ئەینوسی بو روژنامـە نهینی‌یەکانی پارت ، هەتـا وەکو خوی هـەندیکیشی ئەناردەوە بو روسیا ••

★ ★ ★

تیکوشانی لینین هەر لە ناو روسیادا نەبو ، بەلکو لـە هەمو جولانەوەی چینەکانی کریکارانی دونیادا بو ، بە هەمو هینری خەباتی ئەکرد بەرامبـەر بە ئینتیهازی‌یەکانی ( ئومەمیەتی دوهەم ) کە لـە سەرەتای شەری یەکەمدا ، داوایان لـە کریکاران ئەکرد ، بـەلام هەر بە قسە ، بە ردی شەر بوەستن ، کە چی بە هەمو بی‌شەرمی‌و نارەسەنی‌یەکەوە ، کە شەر هەلگیرسـا ، هـەمو وەکو کویلەو دیل چەمانەوە بو حوکومەتە سەرمایەدارەکانی ولاتەکانیان ، وە دەسیان کرد بـە بلاو کردنـە وەی‌ژەهری ئیشـتیراکیەتی شـوڤینی‌و داوا کردنی سـەر برینی کریکارە ( بیـگانە ) کان لـە پینـاوی چاوی

---

(١) وەزیری ناوخوی قەیسەر پاش شورشی ١٩٠٥

( نیشتمان )ا ، چـه نیشـتمانیک ، نیشـتمانی سـەرمایەدارە پیـاو کوژە کان •

بەلام ، نوینەرانی راسـتی چینی کریکار ، بولشەویکەکان ، شیرانە داوایان کرد لە کریکارانی روسیا کە دەس بکەنە ملی برا کریکارە کانی ئەلمانیاو چەکەکەیان ئاراستەی سەر سنگی قەیسەریەت و سەرمایەدارە ( روس )ە کان بکەن و حوکم بگرنە دەسیان بو لە ناو بردنی ( یاسای شەر ) ، وە بە هەمو دلسوزی و شەرەفیکەوە ئەمەیان هینایە جی ، هـەروا نوینەرە راسـتەکانی تری چینی کریکار لـە ولاتانی ترا ، وەکو ( کارل لیبنخت )[1] و ( جوریس )[2] لـــە زورداری نەترسـان و لـە خنکاندن سـلیان نەکرد ، وە نەبەردانە هاواریان کرد : (بروخی شەر !) ، (بژی برایەتی چینی کریکار !) ، ( کەلەپچەکانی دەسمان ناگورینەوە بە تاجەکەی غلیوم ! ) •

لەم کاتەدا بو ( لینین ) نامیلکە بە نرخەکەی ( ئیشتیراکیەت و شەر )ی بلاو کردەوە ، وە لـەم نامیلکەدا دەری خست کە تاقمە ئینتیهازی یەکەی ( کاوتسکی )و هاوری کانی هەقی ئەوەیان هەیە لە پاداشی چاکەیانا بو سەرمایەداری ( مەدالیا یەکیان بدریتی دیویکی

---

(١) کارل لیبنخت : یەکیکە لـە سەر کردە شورشگیرەکانی چینی کریکاری ئەلمانیاو پارتی ئیشتیراکی دیموکراتی ئەلمانیا • لە سەرەتای شەری یەکەمی جیهانـا نوینەر بو لە ( رایخشـتاخ ) ــ پەرلەمانی ئەلمانیا ــ لەوی لە زدی شەر دەنگیدا ، حوکومەتی قەیسەر غلیوم دەس بەجی کەلەپچەی لە دەس کردو پاشان ئیعدامی کرد •

(٢) جوریس : سـەرەکی پارتی ئیشـتیراکی فەرەنسـەو دامەزرینـەری روژنامـەی ( ئومانیتە ) ئورگانی پارتی کومونیستی فەرەنسە بو ، لە ١٩١٤دا کوژرا •

وینەی غلیومی پیوەبیو دیوەکەی تری وینەی کاوتسکی ! ) • بە راستی ئەمە جوان ترین قسەیەکە بو دەبرینی خەیانەتی ئەم بیشەرەفانە لە چینی کریکار لە ناسك ترین کاتا •

هەر لەم کاتەدا بو کە جەنابی ( کاوتسکی ) خەریکی ئەوەبو نظریەیەك بهونیتەوە بو سەرمایەدارەکانی ئاغای لە بابەت ( ئیمپریالیزمی بەرز )ەوە ، کە گوایە ئیستیعمار خوی بەرەبەرە سیس ئەبیو کومەل لە خویەوە ئەچی بو ئیشتیراکیەت !!

بەلام ، دوبارە لینین ، بازی کیوان ، هەروەکو تیکوشەرەکانی روسیا پییان ئەگوت ، هاتەوە مەیدانو کتیبە بە ناو بانگەکەی دەرکرد ، بە ناوی ( ئیستیعمار بەرزترین پلەی سەر مایەداری‌یە ) وە تیایا دەری خست کە ئیستیعمار ئەو پلەیەیە کە سەرمایەداری تیایا ئەکەویتە گیانەلا ، چونکە ئەبیتە هوی ئیحتیکارو کوشتنی سەرمایەی تاكو بەربەرەکانی ، وە ئەبیتە هوی ناردنە دەرەوەی سەرمایە کە ئەبیتە هوی داگیر کردنی ناوچەی دەسەلاتو پەیدا بونی موستەعمەرەو زیادتر کردنی کویرەوەری کریکارانی ولاتە ئیمپریالیستەکان خویانو میللەتانی ژیردەستیش ، هەروا ئەبیتە هوی لە یەك دان لە بەینی ولاتە ئیستیعماری یەکان خویانا ، لە بەر ئەوە ئیستیعمار بە ناچاری بە دەسی خوی گور بو خوی هەل ئەکەنی • بەلام لینین کە بروای بە تیکوشانی چینایەتی هەبو لەو باوەرەدا نەبو کە ئیستیعمار لە خویەوە ئەمری ، بەلکو یاسای ئیستیعمار ، بەو شیوەیە ، خوی کریکارانی ولاتەکەی خویو میللەتانی ژیردەست ، وە هەتاوەکو دەولەتە ئیستیعماری‌یەکانی تر ئەکا بە گژی خویاو فیریان

ئەکا ـ بە مانایەکی پیچەوانە ـ چونی لە ناو بەرن •

★ ★ ★

کریکارانی روسیا ، بە ماموستایەکی واو ، بەم جورە پارتەوە کەوتنە خو کو کردنەوە بو روخاندنی قەیسەر ، کە بە هوی شەرەوە ، ولاتی کردبو بە گورستانیکی سامناک ، تا شورشی شوباتی ۱۹۱۷ هەلگیرسا ، وە بە جاری قەیسەر وحوکومەتەکەی رامالی •• ئینجا نوبەی حوکومەتی ( موەقەت ) ، حوکومەتەکەی مەنشەفیکەکانو هاوری سەرمایە دارە کانیان هاتە پیشەوە • لە سەرەتادا مەنشەفیکەکان توانییان تا رادەیەک دەس بگرن بە سەر حوکومەتو بە سەر ( سوڤیەتانەکان )ا ، چونکە کاتیک کە بولشەویکەکان لە پیش شورش ، لە تاریکایی زورداریو زولمی قەیسەریدا خەباتیان ئەکردو ، زوریان لە سیبەریاو لە بەندیخانەکانو لە دەرەوە بون ، ئەمان جەنابیان جادەیان ئەپیواو ، دەمە تەقییان ئەکرد بە عیباراتی ئیشتیراکیو پیشکەوتنەوە ، لە بەر ئەوە ، زور کەسی ناشارەزا ئەمانی باشتر ئەناسی لە بولشەویکەکان •• بەلام میللەتی روسیا کە وەک دیلیکی هەزار سالە رزگاری بوبی لە قەفەز ، لە ماوەیەکی کەمدا ، لە ماوەی نو مانگا ، دەمی نابە گوی مەمکی شورشی ئازادییەوە ، وە لە منالیکی ساوایدواکەوتوی هەزارەوە بو بە گەنجیکی بازو ئاسنینی و اکە نەک تەنها بە شورشیکی ۲٤ سەعاتی دەسەلاتی بورجوازییەکانی روخاند لە ۷ی تشرینی دوهەمی ۱۹۱۷دا ، بەلکو بو ماوەی چوار سال ، سەرەرای هەمو کویرەوەریو ، ویرانییەکی پاشماوەی شەری یەکەم ، بەربەرەکانیی

# شورشەکەی عیراقو مەسەلەی کورد

« وتاریکە کاك صلاح‌الدین محمد سعدالله خویندیەوە لەو کوبونەوەدا کە کومەلی قوتابی‌یە عیراقی‌یەکان لە بەریتانیــا لە ١٧ـ١ـ١٩٥٩دا ریکی خست بــە بونەی تیپەر بونی شــەش مانگ بە سەر شورشەکەی ١٤ی تەموزا » •

وەرگیر : محمدی مەلا کریم

**جەنابی سەروك !**

نزیکەی شەش مانگ لەمەوپیش سەربەرزیی ئەوەم بو کە بە ناوی برا قوتابی‌یە کوردەکانی عیراقمەوە جاری لایەنگریی تەواوو دلسوزیی قولی خومانم دا بو حوکمی جومهوریی نوی لە عیراقدا ، وە ئامادەیی خومانم دەربری بو پیشکەش کردنی هەمو فیداکاری‌یەك بــو پاریزگاریی جومهوریــەتو ئیش کردن بــو زیــاتر کردنــی دەسکەوتەکانی شورشی چواردەی تەموز • روزگاریش دەری بری کــە راستمان کرد ، ئەوەبو کە گەلــە کوردەکەمان ، وەکو گــەلی عەرەبی برا گەورەی ، ئەلقەی دا لــە دەوری جومهوریەتو یەك ریز لــە پشــتی ســەرکردە دلســوزەکانیەوە وەســتاو پیلانــەکانــی ئیمپریالیزمی لە کوردســتانی عیراقــا هەلوەشاندەوەو ســەرسەختانە بەرەنگاریی دوژمنانی جومهوریەتی کرد •

---

شەری نامەردانەی ١٤ دەولەتی سەرمایە داری کرد ، وە لە دوایشا سەرکەوت •• وە لە ماوەیەکی کەمدا ، لە ژیر سەرکردەیی لینینو پارتی بولشەویکا گەورە ترینو بە هیزترین دەولەتی دامەزراند ، کە بو بە یەکەم هوی ئازادی لە هەمو دنیاداو ، بە یەکەم پشتیوانی گەلان بو لــە ناوبردنی ئیستیعمارو زورداری ، وە بو دامەزراندنی ژیانیکی سەربەستو پر کامەرانی •

ئەمروش ئیمە پەیمانی خومـان تازە ئەکەینەوە کـە پشتیوانی جومهوریەت بین‌و یەکیتی‌ی عیراق بپاریزین‌و پەتی پشتگیری لە یەک کردنـی کوردو عـەرەب ئەسـتورتر بکـەین‌و هـەول بدەین بـو پیشکەوتن‌و بەختیاری‌ی گەلی عیراق •

میللەتی کورد زوری چەشـتوە لـە ئازارو چەوسـاندنەوەی چەرخی کونەپەرستی تیک‌شکاو ، بی‌بەش کرابو لـە بەشی زوری مافە نەتەوەیی‌یەکانی ، پاش دانانی پەیمانی بەغداو یەکیتی‌ی هاشمیش باری ژیانی لـە جاران ناخوش تر بـو ، بـەلام بەنەمانـی حوکمی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستان‌و روخانی یەکیتی‌ی هاشمی‌و بی‌هیز بونی پەیمانی بەغدای بو دوژمنایەتی دانراوو لە ناو بردنی سە کوچکەی تاوان باری‌و سزادانی گەورە کانی چەرخی تیك شکاو ـ ئەو موتەکە قورسە کە خوی دا بو بە سەر شانی گەلی کوردا ، هەلگیرا • بەم چەشنە ئاسویەکی فراوان کرایەوە بو گەلی کورد کە پیش بکەوی‌و باری نەتەوایەتی‌ی ببوژینیتەوە ، وە ریگە تەخت کرا بو کردنەوەی گری کویرەی مەسەلەی نیشمانی‌ی کورد •

باس کردنی ئـەو کارەی کـە شورشی عیراق کردیـە سـەر مەسـەلەی کورد پیویستی بەوەیـە هـەندی شتی راست دەربارەی کوردستان‌و میللەتی کوردو میژی مەسەلەی نیشتمانی‌ی کورد بزانین •

کوردسـتان ئـەو ناوچە جوغرافیایی‌یەیە کـە کوردەکان تیـا دائەنیشن ، ولاتیـکی شـاخاوی گەورەیـە • روژەلاتـی تورکیـاو روژاوای ئـیران‌و روژەلاتی ژوروی عـیراق‌و روژەلاتـی ژوروی سوریای داپوشیوە •

ژمارەی کوردەکان بە نزیکەی دە ملیونێک دراوەتە قەڵەم ، وە بەم چەشنەی خوارەوە دابەش کراوە :

| | | |
|---|---|---|
| تورکیا | ٥٫٥٠٠٫٠٠٠ | ملیون |
| ئێران | ٣٫٠٠٠٫٠٠٠ | ملیون |
| عێراق | ١٫٥٠٠٫٠٠٠ | ملیون |
| سوریە | ٤٠٠٫٠٠٠ | کەس |
| یەکێتی سوڤیەت | ١٠٠٫٠٠٠ | کەس |
| هەموی : | ١٠٫٠٠٠٫٠٠٠ | ملیون |

کەواتە نیسبەتی کوردەکانی عێراق بـە هـەمو نەتەوەی کورد نزیکەی ١٤٪ە ، واتـە حەوت یەک • کورد بـە هەمویەوە یەک نەتەوەی لێ پێک دێ ، وە هەمو ئەو مەرجانەی تیایە کە بۆ پێکهاتنی نەتەوە پێویستن ، چونکە کوردەکان کومەڵە خەڵکێکی سەقام گرتون ، خاکێکی تێکەڵاویان هەیەو بە یەک زوبان ئەدوێنو خوو رەوشتێکی لە یەک چوو عورفو عادەتێکی تێکەڵیان هەیە • بنچینەی ئەوەشیان هەیە کە ئابوری‌یەکی نیشتمانی‌ی تێکەڵاویان ببێ •

کوردەکان هەزاران ساڵە نیشتەجێن لـەم ناوچەیەدا کە بـە ناویانەوە ناو نراوە ، وە نزیکەی ٢٫٠٠٠ سـاڵ بەر لە دایک بونی عیسا حوکمی ئـەم ناوچەیان کردوە ، هـەندێ لە خێلە کوردەکان وەک ( موکری )و ( بابان )و ( میران ) لە شەش سەدە بەر لە عیساوە ناو بانگیان دەر کردوە •

مەملەکەتی سـەربەخوی کورد ( شـارەزور ) لـە سـەدەی یازدەهەمەوە تا سـەدەی شانزەهەم بەرپابو ، تا موغولی‌یەکان تێکیان

دا ، وەك سەلجوقی یەکان لە سەدەی یازدەهەما بەگلەری ی مەروانی ی کوردیان تیکدا ٠

ئەو دەورە گەورەیە کە کوردی بەناوبانگ صلاح‌الدینی ایوبی یاری کرد لە بەرەنگاری کردنی صەلیبی یەکانا لای هەمو جیهان ئاشکرایە ٠ خیلە کوردەکانی سوریای بە سەرکردەیی خوی یەکخستو حوکومەتی ایوبی ی دامەزراند لە سەدەی دوانزەهەما ، وە پیلانی کولونیلە کونەکانی پوچاندەوە ٠

لە سەدەی شانزەهەما سوپاکانی عوسمانی کوردستانیان داگیر کرد ، لە ١٨٤٨دا دوا بگلەری یەکی کورد ( بەگلەری ی بوتان ) ، پاش جەنگیکی ٧ سال لە گەل عوسمانی یەکانا دریژە کیشاو ، لە ناو چو ٠ بەم چەشنە کوردستان بو بە دو بەش لە بەینی تورکیاو فارس ( ئیران )دا ٠

لە ١٨٧٦دا نەتەوەی کورد بە سەروکایەتی ی شیخ عبیداللە ( باپیری سید طە ) لە روی حوکمی فارسەکانا شورشی کرد ، لە ١٩١٤ یشا کوردەکانی بتلیس لە ضدی حوکمی تورکەکان راپەرین ٠

کە جەنگی یەکەمی جیهان دوایی هات هاو سوینەکان تالانەکانی جەنگیان لە میانی خویانا دابەش کرد ٠ ئەو کاتە ئەبو لە ریزی ئەو دەولەتانەدا کە لە روژەلاتی ناوەراستو شوینانی ترا دانران ، دەولەتیکی کوردیش دانری ٠٠٠ میجەر ئی٠ دەبلیو٠ سی٠ نوئیل نوینەری بەریتانیا لە ٢٧ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٩ دا یاد داشتیکی دا بە حاکمی ئینگلیز لە بەغدا تیای نوسیبو :

« چەند ناوچەیەکی تایبەتی هەیە لە لیواکانی روژەلاتی تورکیادا

گەلیکی چەوساوەی تیایە جیایە لە تورکەکان ، ٤٠٠ سالە گیرودەی دەستی خراپەی حوکمی تورکەکانەو پەیتا پەیتا هەول ئەدری بو کوژاندنەوەی گیانی نەتەوایەتیی‌و بو ئەوەی ئەوی ئاری رەگەز لە زانیاری‌و نەتەوایەتی رەگەزیکی تری نا ئاری‌دا بتوینریتەوە » •

پەیمانی سیڤەری سالی ١٩٢٠ لە مادەکانی ٦٢ ، ٦٣ ، ٦٤ یدا دانی بە مافی گەلی کوردا ناوە کە دەولەتیکی سەربەخوی یەک‌گرتو بو خوی دانی ، بەلام تاقمی کەمالی‌یە تورانی‌یەکان نەیانویست ئەو پەیمانە بهینریتە دی‌و لە بریتی ئەو پەیمانی لوزان یان لە جیی دانا کە لە ١٩٢٣دا مور کراو پشتی لە مافە نەتەوەیی یەکانی گەلی کورد هەل کرد •

نوینەری سیاسیی بەرتیانیا لە بەغدا لە کاتی لیکولینەوەی باسی سنوری مەملەکەتی عیراق‌و دەولەتی کوردستانا کە پاش جەنگی یەکەمی جیهان پیشنیار کرابو تەلگرافیکی لە ١٣ی حوزەیرانی ١٩١٩دا لیدا بو سکرتیری وەزارەتی هیند ، تیای نوسیبو :

« لە بەر هەندی هوی ئابوری‌و ستراتیژی ، وە لە بەر مسوگەر کردنی کەلکەکانی ناوچەیەکی شاخاوی‌و دارستانی وا کە بو ئەوە بشی گورانیکی گەورەی بە سەرابی ، وا باشە ناوچەکانی سلیمانی‌و رانیەو کویە بکرین بە بەشیک لە میزوپوتامیا ( عیراق ) وە هەولیریش تا عەقرەو موصل کە خەتی ئاسنیان پیا تی‌ئەپەری لە کوردستان جوی بکرینەوە ، ئەبی زاخوو دەهوکیش بە بەشیک لە میزوپوتامیا دانرین ، بەلام ئامیدی ، نەء » •

میجەر نوئیل ئاموژگاریی حکومەتی بەرتیانیای کرد کە

کوردستان دابەش نەکا ، بەلام حوکومەتی بەریتانیا قسەکەی ئەوی نەچو بە گوی‌دا ، پیشان ئەیویست چەند دەولەتیکی بچکولەی کورد دوروست بکا ، ئـەوە بو کە هەردو حوکومەتی بەریتانیـاو عیراق لە ١٩٢٢دا بەیانیکی پیکەوەیان دەرکرد دانیان تیا نا بە مافی کوردەکانا کەلە چوار چیوەی عیراقا دەولەتیکی کورد بو خویان دوروست بکەن ، وە هیوای خویانیان دەربری کە کوردەکان خویان بگەنە ئەوە شیوەو سنوری ئەو دەولەتەو پەیوەندی‌ی ئابوری‌ی خویان لە گەل هەردو دەولەتی عیراق‌و بەریتانیادا دیاری بکەن • ئەوەبو ئەم حوکومەتە بە سـەروکایەتی‌ی شیخ مەحمود دانرا ، وە شیخ ناونرا ( حوکمداری کوردسـتان ) ، شـیخ قادریش بـو بـە سـەرەك وەزیران ، بەلام حوکومەتی بەریتانیا خوی فروکەکانی ناردە سـەر سلیمانی‌و دایانە بـەر بومبـاو سـوپای ناردە سـەر شـارەکەو گرتیان‌و حوکومەتە کورپەکەی کوردی لەناو برد •

هـەر لەو چەندانەدا کوردەکانی ئیران لـە نزیکی ورمی‌وە بە سەرکردەیی ( سمکو ) لە زدی حوکمی فارسەکان راپەرین ، داوای حوکمیکی خویی‌یان ئەکرد ، وە لـە چەند شەرا سـوپای فارسیان بەزاند • شـایانی باسـە کـە میجور تی• جی• روس لـە ١٩١٩دا سـەبارەت بە ورمی یادداشتیکی دا بـە حوکومەتی بەریتانیـا تیای نوسـیبو : « بی گومـان ئەگەر ئیمە بـە گەرمی خومـان تی هـەل نەقورتینین کوردەکان ئەتوانن حوکومەتی فارس بروخینن • ئەگەر ئەم بەشەی نەتەوەی کورد خوی ئازاد بکا لە حوکمی فارسەکان کە زور لی‌ی بیزارەو داوای کرد بچیتە پالی دەولەتیکی سـەربەخوی

کوردەوە ، کە دەولەتیکی تەبیعیی خویەتی ، ئیمە ئەلین : نەخەیر ؟ کوردەکان دان بەوەدا نانین کە ئیمە مافی ئەوەمان هەیە بەلین بە فارسەکان بدەین لە سەر حیسابی ئەوان » •

لە ۱۹۲۵ یشا نەتەوەی کورد بە سەروکایەتی شیخ سەعید شورشیکی نیشتمانیی گەورەی نایەوە لە خەرپوت لە تورکیا ، خواستی ئەم شورشە مافی دیاری کردنی سەرەنجامی کورد بو • شورشگیرەکان چەند سەرکەوتنیکی سوپایی گرنگیان دەسگیر بو ، بەرەو دیاربەکر پیشکەوتن ، کونە پەرستە تورکەکان ترسیان لی نیشت ، دەسیان کرد بە رەش‌بگیر ، لە دەرەوەشەوە یارمەتی‌یان بو هات ، تا لە ئەنجاما پاش هەشت مانگ شەر توانی‌یان شورشەکە بکوژیننەوە ، وە شیخ سەعیدو ٥٥ کەسی تریان لە سەر کردەکانی شورش ، پاش بە ناو موحاکەمەیەکی عورفی ، کرد بە دارا •

لە ۱۹۲۷یشا دیسان گەلی کورد هیزەکانی خوی کو کردەوەو لە ناوچەی ئاگری داغا ، پاش کونفرانسی ئاگری داغ کە کومەلە بچکولە نیشتمان پەروەرەکانی کورد یەکیان تیا گرت ، شورشیکی تری نایەوە ، شورشەکە سالیکی رەبەق دریژەی کیشا ، لەو ماوەیەدا نیمچە ئیدارەیەکی شارستانیی کوردی دامەزرا • لە ئەنجاما کە شورشگیرەکان فیشەك‌و چەکیان لی‌برا بلاوەیان لی کرد ، احسان نوری پاشای سەرکردەیشیان هەلات‌و پەنای بردە تاران • سالی ۱۹۲۷ کوژرانی سمکوو ١٤ سەرکردەی کوردی تریشی بە خویەوە دی • ئەمانە ، کار بەدەستەکانی ئیران پیلانیکی نامەردانەیان بو نانەوەو بە کوشتیان دان •

له ٦ی ئەیلولی ۱۹۳۰شدا ســەربازەکان بە فیتی ئینگلیزەکان خەلکی هیمنی ســلیمانی یان دایە بــەر گوللەی شــەشتیر ، چونکە بەشداری یان نەکرد لــەو هەلبژاردنەدا کــە پیش بەستنی پەیمانی ۱۹۳۰ کرا • ئەو روژە بە « روژی رەشی شەشی ئەیلول » ناوبانگی دەرکرد • لە ۱۹۳٦–۱۹۳۷یشا چەند شورشیکی تری کوردەکان لە ناوچــەی دەرسـیم روی‌دا لـــە زدی کردەوە فاشـیستی‌یــەکانی کاربەدەستانی تورکیا • هــەروا لە ۱۹۳۷دا حوکومەتەکانی عیراق‌و ئیران‌و تورکیــاو ئەفغانســتان پەیمــانی ســەعدابادیان مور کرد بــو بەربەرەکانی‌ی جولانەوەی نیشتمان پەروەرانەی کورد •

لە ۱۹٤۳و۱۹٤٥دا شورشی بارزان لە کوردستانی عیراقا روی دا لە زدی باری خراپی ناوخوو لــە پیناوی چــەند داخوازی یەکی نەتەوەیی دیاری‌دا ، ئەو شورشەی کە پاشــان ئامانجەکانی پەرەی سەند بو دەربرینی هیوا نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کورد ، وەک مەلا مصطفی‌ی بارزانی لەقسەیەکیــا وتی : « من داوا لــە هەردو گەلی کوردو عەرەب ئەکەم کە تەقەلای خویان یەکخەن‌و هاوکاری بکەن لە خەباتی پیکەوەیانا لــە زدی دوژمنی هــەردو لایان ـ ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی ـ تا هەردو گەل بە ئازادی‌و سەربەخویی لە نیشتمانی خویانا بژین » •

لــە ۱۹٤٦یشــا نەتەوەی کوردی تیکوشــەر ســەرکەوتنیکی گەورەی دەس کــەوت کــە جومهوریەتی دیموکراتی‌ی مەهاباد لە کوردستانی ئیران دانرا ، ئەو جومهوریەتەی کە وەک ( قازی ولیام دوگلاس )ی ئــەندامی دادگای ئەمەریکا لــە کتیبەکەیــا ( خاکیکی

بیگانەو گەلیکی دوست ) ئەلی ، دەسی کرد بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردیو دەرکردنی کتیبو گوڤارو روژنامە بە کوردیو فەرمانیکی جومهوری دەرکرد ، بـە پیی ئـەو فەرمانە بریاری دا کە سودی کریکاران بپاریزری ، ئەوەش بەوە کە سـەندیکا ( نەقابە ) یان بو دوروست بکری تا گوی بداتە باش کردنی باری ژیانیان هەروا جاری دا کە ئەبی گەل هەموی فیری خویندەواری بکری ، بی ئەوەی گوی بدریتە جیاوازیی رەگەزو ئایین • وە ئەبی ژنیش لـە هەمو باریکی سیاسیو کومە لایەتیو ئابوری‌یا وەك پیاو بی • هەروا زەوی دابەش کرد بـە سـەر جوتیارەکاناو پـەیمانیکی لـە گـەل جومهوریـەتی دیموکراتیی ئازربایجان بـەست • ئیمپریالیزمو کونەپەرستانی ئیران دەسیان کرد بە پیلان نانەوە بو ئەم جومهوریەتە ، وە سـالیك پاش دامەزرانی فەوتاندیانو سەرکردەکانی‌یان خنکاند ، وە لـە سەروی هەمویانەوە قازی محمدی سەروکی جومهوریەت •

بە دریژایی ئـەم سـالانە نەتەوەی کورد توشـی پیس ترین هیرشی دوروندانە ئەهات کە مەبەس لی‌ی ئەوەبو نەتەوەی کورد لە ناو ببری ، بە هەزاران کورد کوچیان پی کرا بو لیواکانی روژاوای عەنەدول ، وە مولكو مالیان داگیر کراو زوبانی کوردی یاساغ کراو زانستگا کوردی‌یەکان داخرانو ریگای دەرکردنی کتیبو گوڤارو روژ نامـەی کوردی گیراو نـاوی کوردسـتان لـە کتیبەکانیشـا کوژینرایەوەو حوکمرانانی تورك کوردەکانیان ناونا (تورکی کیوی) ، میری ناوچەی کوردستانی لـە جیهـانی دەرەوە بری‌و ئیدارەیەکی سوپایی تیا دامەزراند •

وەزعی کوردستانی ئیرانیش لە هی تورکیا زور باشتر نەبو ، هەرچەند کوردەکانی عیراق وەزعیان باشتربو ، خو ئـەو ئەقەلیەتە کوردە کە لە ئەرمینیای سوڤیەتیو جومهوریەتەکانی تری سوڤیەتان هەمو مافیکی نەتەوەیی خویانیان وەرگرتوە •

هەروا بە دریژایی ئەم چەند سالە هەردو گەلی کوردو عەرەب شان بە شانی یەک تیکوشیاون لە زدی ئیمپریالیزمی دوژمنی هەردو لایان لە زدی حوکمرانە کونـە پەرسـتەکان ، وە پەتی برایـەتیو پشتگیری‌یان لـە یەکتر بە هیزتر بوە لـە خەباتـە جەنگی‌یـە کانی هەردولایانا : لە شورشەکەی ١٩٢٠و بەربەرەکانی کردنی پەیمانی ١٩٣٠و قەسابخانەی گاورباغیو راپەرینەکەی ١٩٤٨و بزوتنەوە کەی ١٩٥٢دا •

لـە ١٩٥٥یشا حوکومەتە کونـە پەرسـتەکانی عیراقو ئیرانو تورکیـاو پاکستانو حوکومەتی ئینگلیزو ئەمەریکا پەیمانی بەغدایان مور کرد • نوری سەعید گەلی جار رونی کردەوە کە ئـەم پەیمانە تەنها ئاراستەی مەترسی‌ی کومونیزم نەکراوە ، بەلکو هی جولانەوەی نیشتمانی‌ی کوردیش • پەیمانی بەغدا بو یەکەم جار لە زدی نەتەوەی کورد بە کار هینرا ، کاتیك کە عەشایری شورشگیری جوانرو کە لە روی خەرجو باجو زورو ستەمی حوکومەتی فارسا راست بوبونەوە ویسـتیان بکشینەوە بو خاکی عیراق ، بـەلام ئاگری تفەنگی پولیسی عیراق گیرانیەوە دواوەو دانی بە دەمی ئاگری سوپای ئیرانەوە •

ویستم وینەیەکی سەرپی‌یی خەباتی گەلی کوردتان بو بکیشم ، خەباتی لە هەمو سوچیکی کوردستانا لە پیناوی مافە نەتەوەیی‌یەکانیا •

بی گومان سرنجی ئەوەتاندا کە جولانەوەی نیشتمانی‌ی گەلی کورد کونو ریشــە داکوتاوە ، نیشانەکانی دیــارو ئاشــکران ، مــەبەسی بنچینەیی‌ی ئەوەیە کە گەلی کورد مافی دیاری کردنی سەرەنجامی خوی دەســگیر بی‌و کوردســتان ئازاد بکری‌و یەکیتی نەتەوەیی بو نەتەوەی کورد بنریتەدی • هــەروا سرنجتــان دا کــە مــەسەلەی نیشتمانی‌ی کورد وەنەبی ئەمرو پەیدا بوبی بەلکو وەرامی پشت گوی خسنی مافەکانی نەتەوەی کوردە •

هەروا ئەبینن کە ئیمپریالیزم لە پاش جەنگی یەکەمی جیهــان کوردستانی دابەش کردوەو نەتەوەی کوردی بی‌بەش کردوە لــە مافەکانی خوی • لە بەر ئەوە شتیکی لە جی‌ی خودایە جولانەوەی نیشتمانی‌ی کورد نوکی رمی خــەباتی خوی بکاتــە ئیمپریالیزم‌و هاو سوینەکانی • ئەمەتە ئەو زروف‌و وەزعە ناخوشانەی کــە نەتەوەی کورد لە ژیر باریا ئەی نالاند ، تا بەرەبەیانی ١٤ی تەموزی پیروزو شورشی گەلی عیراق بە کوردو عەزەب‌و ئەقەلیەتە نەتەوەیی‌یەکانیەوە بە سەرکردەیی سوپای قارەمانی • وەرامی گەلی کورد بو شورشی پــیروزی تــەموز وەرامیــــکی کــوتوپرو کاریــگەرو بــی دودلی‌و بەدگومانی‌بو • هــەر لــە یەکەم دەقیقەی رودانیەوە گەلی کورد پی خوشحالی خوی لی دەربری‌و پشتیوانی‌یەکی گەرمی لی کرد ، وە خوی ئامادە کرد بو پاراستنی لە هەر دوژمنیک کە نیــازی خراپی هــەبی بەرامبەری • ئەنجا دەســتوری وەختیش دانرا کــە مادەی سەهەمی کوردو عەرەب بە هاوبەش دائەنی لە عیراقی نیشتماناو دان ئەنی بە مافە نەتەوەیی‌یەکانیانا لە چوار چیوەی یەکیتی‌ی عیراقا • ئەم

مادەیە کـە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوش لـە پەیمانەکەی خویا داینـاوە ، بـە راستی بـەردی بنچینەی ئازاد کردنـی کوردستانو هینـانەدیی یەکیتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردە • کـە دورشمی جومهوریەتیش دەرچو وە خەنجەری کوردو شمشیری عەرەبی تیا لە پالی یەکا دانرا ، دلشادیی کوردەکانو خوشەویستیی جومهوریەت لە دلیانا زیاتر بو •

شورشی عیراق گەلی شتی گەورەی کرد وەك روخاندنی رژیمی پاشایەتیو مەحکەمـە کردنی نیشـتمان فروشەکانو بەرەللا کردنی بەندییـە سیاسییەکانو ریگادانی روژنامە نیشتمانییەکانو ئاشـکرا کردنی جولانەوەی قوتابییانو سەندیکاکانی کریکارانو دەرکردنی قانونی دابەش کردنی زەویو هەرزان کردنی نرخی هەندی شتی پیویستو سـرەواندنـە پەیمـانی بەغـداو پروژەی ئایزەنهـاوەرو بەسـتنەوەی پەیوەندیی دیپلوماسی لە گەل ولاتە سوشیالیستەکانو بەستنی ریکەوتنی ئابوری لە گەلیان کە کەلکیکی باشی لی وەرگیرا بو ئازاد کردنی ئابوریی عیراق کە ناوچەی ئەستەرلینی دەسی نابوە بنە قاقەی ، هەروا لە سەر سیاسەتیکی ئازادو سـەربەخو رویشتنو هاوکاری کردن لە گەل جومهوریەتی یەکگرتوی عەرەبا •• کە ئەم ئیشانە هەمو لە ناو جەرگەی قازانجی گەلی عیراقەوە هەلقولاون • سەرەرای ئەم هەموەش ریگای سەرکردەی گەورەی کورد مصطفی بارزانیو هەردو هاوریکـەی اسعد خوشەویو میر حاجی دا کـە بگەرینەوە بو نیشتمان • چاوەروان ئەکری کە تیکوشەرە بارزانییەکانی تریش بەم نزیکانە بگەرینەوە • هەروا حوکومەت لیژنەیەکی

دانــا بو لیکولینەوەی کاروباری کوردســـتانی عیراق ، وا چاوەروان ئەکری کــه دەرز بە کوردی وتنــەوەش پــەرەی پــی بســەنری‌و مودیریەتی مەعاریفی ناوچەی کوردستان دانری کــە بو کاروباری زانیاری ، کوردستان بکا بە یەک پارچە •

پیویســتی گەورەی ئەمروی ســەرشانی گەلی کورد ئەوەیــە جومهوریەت بپــاریزی‌و دەسکەوتەکانی شورشی ١٤ی تەموز زیاتر بکا • گەلی عەرەب لە عیراقا هەمیشــە دلی لای برا تیکوشەرەکانیەتی لە جەزائیرو عەدەن و عومان ، هەروا گەلی کوردی عیراقیش هەمیشە بیر لە براکانی دەرەوەی عیراقی ئەکاتەوەو هاوبەشی خەم‌و خوشی‌یانە •

حوکمرانە کونەپەرستەکانی ئیران‌و تورکیــا دلە لــەرزەیەکی توندیان پی کەوتوە بە هوی ئازاد بونی کوردستانی عیراقەوە ، چونکە وا چاوەروانی ئەکەن ئەو هەریمە کوردانەی کە لە ژیر دەسیانایە بە هوی جولانەوەی ئازادی خواهانەی عیراقەوە جولەیان تی بکەوی •• لە بەر ئەوە ئیستگەو روژنامە کانیان دەسیان کردوە بــە هیرش بردنە سەر جومهوریەتی عیراق‌و وەک شیت دەسیان کردوە بە قسەی بی جی کردن‌و پیلان ئەنیــەوەو خویان هیناوەتــە گریان بو « وەزعی ناخوشی کوردەکانی عــیراق » ! شــای ئیران لــە گــەل مەندەریس کوبونەوەو بو چار کردنی ئەو گیرو گرفتەی تی‌ی کەوتون ئەوەیان بە بیرا هات کە داوا بکەن کوردستانی عیراق بنوسینری بە ئیرانەوە •

روژنامــەکانی ئینگلیزیش هەر هەمان ریگایان گرتە بــەر ، ئەوەبو روژنامەی ( دایلی تەلگراف ) لە ١٠-١٢-١٩٥٨دا ئەقلی پەی بەوە برد کە جولانەوەی نەتەوایەتی‌ی کورد جولانەوەیەکی راستە ،

هەیە •• بو سبەینیێش روژنامەی ( تایمس ) بە شوین پی‌کەی ئەوا رویی‌و پاش باس کردنی راپەرینەکانی گەلی کوردو وهیزی کوردو سەر دانەنەواندنیان بو قانون (؟) نوسی : « ئەگەر بتوانری بیزاری‌ی کوردەکان زیاتر بکری ، گیرو گرفتی زور بو بەغدا پەیدا ئەکا » •

کاتیکیش کە پیلانەکانی ئیمپریالیزم بو هەلخراندنی کوردەکان لە زدی یاسای حوکمی جومهوری بە هیچ دەرچو ، ئـەم روژنامانە هـەمو بریاریان دا کـە کوردەکان هـەمویان کومونیستن ! بەلـکو روژنامەی ( نیوز کرونیکل ) بە ئاشکرا لە ١٧-١٢-١٩٥٨دا نوسی : « کوردەکان لـە میژە بەر لـە شورشی ١٩١٧یش باشترین ئەسپی تەرواده بوون بو روسیا » • داخی گرانمان هەندی کەس ئەم قسانەی ئەو روژنامانە ئەکەنەوە ، گوایە بە دروی خویان لـە لایەن کوردە کانەوە جولانەوە هەیە لە زدی یاسای حوکمی جومهوری‌ی عیراق • بەلام ئازاد کەری مەزن عبدالکریم قاسم لە دوانەکەیدا لە کونفرانسی ئەوقاتە عەرەبەکانا کە لە بەغدا بەسترا ، پەردەی لە پیلانیك هەلمالی کە لە زدی جومهوریەت سـاز کرابو ، وە کوردەکانی کوردستانی عیراق ئاشکرایان کردبو ، وە هەرچی بەلگەو پارە کەپیلان گیرەکان دابویانە دەستی ئەو کوردانە ئەوانیش دابویانە دەستی کاربەدەستانی جومهوریەت • ئەمرو بە تەواوی ئەوە ئاشـکرا بوە کە کوردەکان نین پیلان ئەنینەوە لە زدی جومهوریەت •• وە کە گەلی کورد زور بە گەرمی لە سەر پەیرەوی پشتگیری‌و برایەتی‌ی کوردو عەرەب‌و هاوکاری‌ی بەهیز لە گەل کار بە دەستانی جومهوریەت ئـەروا بـە ریوە • سیادەی سەرەك وەزیرانیش لە قسەکانیا کە بو نوینەرانی

قوتابی‌یانی کوردستانی عیراق‌و کورده‌کانی سوریای کرد ئیشاره‌تی بەمە کردو وتی : « لە سـایەی سەری هاوکاری‌ی کوردو عەرەبەوە بوین بە هیزیکی سامناك ، دوژمن ئەترسینی » •

شـورشی چواردەی تـەموز کاریکی کـرد هیزە دیموکراتی یەکانی کوردستانی عیراق زوتر بگەنە ئەوە پەیمانیکی هاوکاری مور بکەن کە ئەم مادانەی تیایە :

(١) پاراستنی جومهوریەتی عیراق‌و بە هیز کردنی خـەتی نیشتمان پەروەری و دیموکراتی‌یەتی بە هەمو هویەك •

(٢) دان نانی پیشەکی بە هەمو مافەکانی گەلی کوردا ، بە مافی دیاری کردنی سەرەنجامیشەوە •

(٣) بەربەرەکانی کردنی هەمو بیرو جولانەوەیەك بو جوی بونەوە کە ئیمپریالیستەکان‌و کونە پەرستەکان‌و بە کری گیراوەکان ئەیژیننەوە بـو نانـەوەی ئاشـوبی رەگـەز پـەرستی‌و شـوڤینی‌و کوزموپولیتی بـە نیـازی جوی کردنەوەی کوردستانی عیراق لـە جومهوریـەتی عیراق‌و لەت‌لەت کردنی یەکیتی نیشتمانی بو پـەیدا کردنی درزیك کـە پیلانی ئیمپریالیستەکانی لیوە بچیتە ژورەوە بو تیکدان یا بی هیز کردنی جومهوریەتی نیشـتمان پەروەر • هـەروا هەول دان بو بە هیز کردنی پشتگیری کردنی هەردو گەلی کوردو عەرەب لە یەکتری ، وە بو بە تین کردنی خەباتی پیکەوەیان لە پیناوی ئاشتی‌و بـەهیز کردنی حوکمی جومهوری‌و دیموکراتی‌یا ، چونکە برایەتی‌و خەباتی پیکەوەی هەردو لایان لـە چوار چیوەی یەکیتی‌ی

عیراقــا بەهیزترین مسوگەر کەریکی پاراستنی سەربەخویی عیراق‌و هینانەدیی ئاواتەکانی هەردو گەلە کــە بریتی‌یە لە ژیانیکی ئازادو بەختیار •

دو نوختەی گرنگ هەیە نابی بە سەریانا بروم ، یەکەم ئەوە کــە کوردەکان بی چــەنوچون پشــتیوانیی جومهوریەتی عیراق ئەکەن ، چونکە سیاسەتی ســەربەخوی حوکومەت لــە کارو باری دەرەوەدا ، سیاســەتی بــە ئاشــتی پیکەوە ژیــان‌و ، بی‌تــەرەفیی ئیشکەرانەو ، جولانەوە بە پیی بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و کونفرانسی باندونگ‌و ، ری‌رەوی دیموکراتیی حوکومــەت کــە دوژمنی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی‌یەو ، کردەوە باشە زورەکانی ، لە گەل شیرین ترین هیواکانی گەلی کوردا یەک ئەکەوی •

دوهــەم ، ئەوە کــە نەتەوەی کورد لایەنگریی جولانەوەی ئازادی خواهانەی عەرەب ئەکات ، چونکە جولانەوەیەکی راستەو لە زدی ئیمپریالیزم ئاراســـتە کراوەو بــو قازانــجی هیزی ئاشــتی‌و دیموکراسی‌یە • هەروا پشتیوانی لە حەزی نەتەوەی عەرەب ئەکا کە ئەیەوی یەکیتیی نەتەوایەتی‌و سەربەخویی تەواوی‌خوی دەسگیربی • لە بەر ئەوە هیچ ئــەوە راست نیــە کە ئەوتری گوایە « کوردەکان بەشــداری ئەکەن لــە دورخستنەوەی بەغــدادا لــە ناصر » وەک روژنامەیەک بلاوی کردبوەوە •

جا شتیکی لە جیی خویــە کە نەتەوەی کورد چاوەروانیی ئەوە بکا لەم هەنگاوانەوە کە لەمەوپاش ئەنرین بو هینادیی یەکیتیی عەرەب ، هەنگاوی واش بنری بو ئەوە کە خواستە نەتەوەیی‌یەکانی

(٣٢)

ئەمیش بهینریتەدی ، وەك ئــەوە کــە زوبانی کوردی بکری بــە زوبانی خوینـــدن لە قوتابخانەکانی کوردستاناو بکری بــە زوبــانی رەسمی لە دائیرەکانی حوکومەتــا ، وە حوکمی خویی ــ ئیداریو زانستی ــ بکری بە راست ، وە لە پاش ئەمانەش مافی دیاری کردنی ســەرەنجامی خوی وەرگری • برایەتیی کوردو عەرەب ، چەند نەوەی لە ســەر براوەتەوە ، وە دوســتایەتیی کوردو عەرەب لــە میژودا هاوتای هیچ نیە ئەوەندە قولو لە هەردو سەرەوە بە دلسوزانە بوە • ئەم برایەتیو دوستایەتی‌یە بنچینەی ریز گرتنی هەردو لایە لە مافی نەتەوایەتیی یەکتری ، وە هی خەباتی پیکەوەی هەردو گەلی برا : کوردو عەرەبە •

قسە لە مەسەلەی کورد ناتەواو ئەبی ئەگەر هەر هیچ ئیشارەت نەکەین بو مەسەلەی نەوتو چلیسیی ئیمپریالیستەکانو لیك بە دەما هاتنە خوارەوەیان بو نەوت • گوڤاری ( یوستر )ی سویسرەیی لــە ۱۲ــ۱۱ــ۱۹۵۸دا ئیشــارەتی بو ســەرچاوەکانی نــەوتی کوردستان کردو وتی : دە ملیون کورد هەیــە بەش‌بەشن لــە بەینی تورکیــاو ئیرانو یەکیتی سوڤیەتو عیراق ( وســوریە ــ وەرگیر )دا ، هەندی سنوری سیاسی ناوچەکەیانی لە یەك جوی کردوەتەوە کە ناوچەی بیرە گــەورەکانی نەوتــە وە نزیــکەی نیوەی نــەوتی احتیــاطیی گیتیی تیایە •

جا با دوایی وتارەکەم بینم بــە خویندنەوەی چەند دیریك لە نامەیەك کە براکەم پاش شورش بوی ناردوم ، ئــەو چەند دیرە

ئەوەمان بو دەر ئەخا کە ( ئیمەی کورد ــ وەرگیر ) بە چە چاویک سەیری کاروبار ئەکەین لە عیراقا •

براکەم لە نامەکەیا ئەلی : « برام ! ئیمە ئیستا لە چەرخیکی نوی داین ، چەرخی ئاشتیو ئازادی • بەختمان یارە ، سەرکردەییکی بی هاوتای خو باخت کەرمان هەیە بو خزمەتی گەل • لە بەر ئەوە لە گەل دوژمنانا زور رەقو لە گەل میللەتا خوی زور بە کەم ئەزانی ، بەگجار خوشمان ئەوی • دیموکراتیەتو برایەتیی کوردو عەرەبی کردوە بە پەیرەوی خوی • ئەمرو ناوی خومانمان نوسی لە ریزی بەربەرەکانیی میللی دا • ئیمە بویە چوینەتە ئەم ریزەوەو بەم پیویستە نیشتمانییە هەل ئەسین تا دەسکەوتەکانی جومهوریەتە قارەمانەکەمانو کردەوە چاکەکانی بپاریزین • نەوروزیش وەک جەژنەکانی تر بو بە جەژنیکی رەسمی • نەوروزی ئەمسال بە هوی جومهوریەتی عیراقەوە لە هەمو سالی جوانتر ئەبی • کوردەکان ئیستا قەوارەیەکی نەتەوەییان هەیە لە جومهوریەتا • گەل هەموی یەک پارچەی پیکەوە نوساوە لە دوای سەروکی تاقانەیەوە زەعیم عبدالکریم قاسم » •

## تکا

تکایە هەر کەس ناوو نیشانی گورا ، زو بە زو ئاگادارمان بکا ، تا گوڤاری بە ریکو پیکی پی بگا •

## تکا

تکایە هەر چی مان بو ئەنوسن ، لە سەر یەک روی قاقەزەکەو بە خەتیکی گەورەو شاش بینوسن • نوختەش لە جیی خویا دانین •

# جەژنی نەوروز

گوران

بە سوریکی تر ئەستیرەی ئینسان گر ،
قەومی کونی خستەوە جەژنی ئاگر ••
کام قەومی کون ؟ کام جەژنی بەرزو پیروز ؟
قەومی مادی ! جەژنی بلندی نەوروز !••
ئەو نەوروزەی کە هەزاران بەهارە ،
لە دیی کوردا گری ئاگری دیارە !
باو باپیرمان ، هەتا ئەرون پشتاو پشت ،
لەم ئاگرەیان دەورە داوە ، چین چین گشت !
لە چوار دەوری ئەم ئاگرە ! رەنگاو رەنگ
کور گیراوە ، بو پیکەنینو ئاهەنگ ،
بانگی شیوان هەتاکو بەر بەیانی
چوپی بوەو بەزمو نوشو گورانی !
لەو سایەوە تا ئیستاکە بەم چەشنە :
هەمو سەری سالی تازەمان جەژنە
میوانی کون بە ری ئەخەینو ، تازە ،
بە پیکەنین ئەگاتە بەر دەروازە !••
خوشیت هیناو فەرت هیناو ، شیرینی ••
تو بو ئیمە بەهەشتی خەو بینینی !

به هاتنت : بای بەستەلەك ، بەفری دەشت
گیانی سپارد ؛ گولی روا جیگای گەشیت ••
لە تاریکی ، لە چوار دیواری زستان ،
سەر فەراز بیت ، سەر فەراز بو مەلی گیان !
ئیستا ـ ئوخەی ! ـ ئاسمانیکەو ، هەتاوی
گیایەو گولەو ، مەلەو ، خورەی چەماوی ••
چی خوشترە لەوەی طەبیعەت جوان بی ،
ماوەی سرنج پانایی‌ی گشت ئاسمان بی ؟!
گیانی سەرمەست : بالداری رێی هیوا بر ،
بەرز بیتەوە ، بە پەلەی هەور بدا در ،
بفری : بروا بو کوردستانی ئاوات ،
ماندو نەبی ، هەر بروات‌و ، هەر بروات •
هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست ،
بی زنجیری‌ی گەل ئەبینی‌و ئەبی مەست !••

## تکا

به شیوەیەکی تایبـەتی تکا لـە چیروك‌و پیەس ( مسـرحیه ) نوسەکانمان ئەکەین کە هەمیشە بە بەرهەمی جوانی خومالی‌یان هیوا یاد بکەنەوە •

# لاشەی (بدرالدین)

چیرۆکیکی هونراوەی ( ناظم حکمت )ە
عبدالرزاق حمد بیمار : وەری گیراوەتە سەر کوردی

سـال ، سـالی هەشت سـەدو بیستو سی (٨٢٣) بو ، شیخ بدرالدینی کوری قازیی ( سیماونە ) بـە فەرمانی سولتانو فتوای مەلا سەعید بە داریکا هەلواسرابو .

شەو درەنگ بو . شەویکی بی ئەستیرە .. نمەنمەش باران ئەباری . هەروەکو بە دەنگیکی نزم ، بە سامناکی‌یەکەوە ، پیلانیکی گوناهبارانە ریک بخری ..

باران لاشەی بدرالدینی تەر کردبو .. ئەو لاشەیەی کە بـە لقی درەختیکی ئەستورو گەلا روتاوەدا شور بوبوەوە ، جولانەی ئەکرد ..

شیخی خنکینراو تەمەنی گەیشتبوە حەفتاو حەوت ، دەستەکانی کە دوایی‌یان بە بازوی لاوازی هینابو ، دەسـتیک بون وەکو باقە روناکی یـەکی سپی ئەدرەوشـانەوە . هـەروەکو بلی‌ی پرشنگ بهاویژنە سەر یەکی لـە دوکانە داخراوەکانی بازاری هەلگیراو . ئەم دەستانەی بدرالدین زور جـار بەرز بونەتەوەو وەکو شەپولی شەمالی دەم دەریا لە ئاسمانی بی سنوری ، لە چاو بر کردن بەدەرا ، ئەخولانەوە .. لە ئاسمانیکی پر لە هاواری جیاوازیی تیکەل بـە قیژەی برسی و کورەی ئەسپ و دەنگی زنجیرو قامچی ..

نامیلکەی ( واردات )ی بەم دەستە نوسیبو ، کە ئەی گوت :
ئاوو گڵو میوەو بەر هینی گشتن • هەمو ئەو کەسانەی ئیشیان تیـا کردوە تیایا هاوبەشن •• بەمە دەشتەکی‌یەکانی ( عەنەدول)و ( قەرە ئاورمان ) راپەرین بە هانەهانەی گورانی‌ی خەبات •• جاریکی تر ئەوەیان نەدیبو کە میوەو بەری زەوی لە سـەر سفرەی برایەتی‌ی ریکخراوی ( ئەم دەستە ) بخون ••

جا سولتان بە لەشکریکی جڵو بەرگ رەنگین‌و کڵاوی سەر ئاوریشمینەوە کە کورەکەی خوی سەرکردەی بو ، هیرشی بردنە سەر ، بەلام ئەمان شازادەیان بەزاند •

بدرالدین لە ( رومیللی ) پەریەوە ، بو ئەوەی شەر لە گەل سـولتان خوی بکا ، میخی خیوەتی وەرگیران ( انقلاب )ی لە قەرە ئاورمان داکوتا ، بەلام شەر هەل نەگیرسا ! تومەزە نوکەرانی سولتان بە پرس‌و رای یەك لە تاریکە شـەوەکان کە خویـان گوریبو بـە پالشت‌و هاتبونە خیوەتگای وەرگیران توانیبویان ( سیماونەیی )یەکە بفرینن •• جا هینایانە ( ئەدرنە ) •

ئەم بدرالدینە کە مەزنترین زانای ئەو سەردەمە بو ، سەروکی زەمینیکی بی‌سنورو ، کوری یاخی بون‌و وەرگیران بو •• بە دەستی راستی فتوا نامەکەی مەلا سەعیدی مور کرد •• چاوەکانی پر بون لە تروسکەیەکی نەبەز ••

کات شەوە ••

بارانیش نەرمە نەرمە پروشە ئەکات •• لاشـەی بدرالدینی کوری قازی‌ی سیماونە بـە سـەر لقی داریکی ئەستوری روتاوەی

(٣٨)

بازاری بی دەنگ‌و کش‌و ماتی ئەدرنـەوە جولانـــە ئـەکات ••
دوکانەکان پەردەیان داکشاندوەو ئـەلی‌ی دایکیکی رولـە مردون ،
دەم‌و چاوی خویان بە لەپی دەس داپوشیوە •• لە پیچی کولانەکەدا
سی کەس دەرکەوتن ، یەکیکیان سەری ئەسپیکی بورەی بی زینی را
ئەکیشا •• هاتنـە بن ئەو دارەی بدرالدینی پیا هـەلواسرابو ••
یەکیکیـان پیلاوەکانی داکەندو وەك کەشتی‌یەوانیکی شـارەزا بـە
دارەکەدا هەل گەرا •• دوەکەی تریش بالیان کردبوەوەو ئامادەو
چاوە نوار بون • ئەوەی بە سەر دارە کە کەوتبو دەسی کرد بـە
هەل‌برینی گری‌ی پەتە تەر بوەکەی کە وەکو مار لـە سـور ملی
لاوازی ژیر ریشە دریژە سپی‌یەکەی بدرالدین ئالابو • لـە پریکا
دەمی چەقوکەی لە گوریسەکەدا هەر زەلی‌و لە ملی دریژ هەلگەراوی
مردوەکە چەقی •• خوین فرکەی کرد ••

روی ئەم پیاوەی ئەیویست گوریسەکە ببری ، زەردو وشك
هەلگەرا ، چەمایەوەو برینەکەی تیر ماچ کرد ، هەلسایەوە چەقوکەی
فری دایە سەر زەوی ، وە بـە دەستەکانی گری‌کەی کردەوە کە
نیوەی زیاتری بریبو •• ئنجا لاشـەی بدرالدینی نایـە دەست دو
کەسـەکەی کـە چاوەروانی‌یان ئـەکرد ، وەکو چون باوکیـکی
میهرەبان منالە خەوتوەکەی بە بەزەیی‌یەکەوە ئەنیتە باوەشی دایکی •
ئەوانیش لاشـە روتەکەیان نایە سـەر پشـتی روتی ئەسـپەکەیان •
کابرای سەر دارەکەش دابەزی‌و بچوکتریان لە تەمەنا سەری ئەسپی
لاشە هەلگری راکیشاو ، ون بون لە شەوی بە بارانا ••

* * *

نو سالان بوم ، پیش شەری بەلقان ، لـە گـەل باپیرم میوانی لادی‌یی یـەک بوین ، لادی‌یی‌یەکـە جوتی چاوی شین‌و ریشیکی مەیلەو سوری پیوە بو ، نانی ئیوارەمان خوارد ، پیخورەکەمان پر بو لە دەلو ٰبیبەری سور • کات زستان بو ، زستانەکەش زور سەختو سارد بو ، وەك هـەمو زستانیکی رومیللی ، ناوی گوندەکەم لـە بیر نەماوە •• بەلام ئەو پولیسەی تا نیوەی ریگا بە گەلمان کەوتبو باسی خەلکی ئەم گوندەی ئەکردو ئەیوت زورکەللە رەقن •• زور بەگران باج ئەدەن •• وە زور ئەکولنەوەو حەز بە دەمە قالی ئەکەن • بە گویرەی واتەی پولیسەکە ئەمانە ئەبی نە موسولمان بن‌و نە گاور •• رەنگ بی لە تیرەی ( قزلباش ) بن ، بـەلام ناتوانری بە تـەواوی بگوتری ئەمانە قزلباشین •

تا ئیستاش ئەو کاتەم لە بیرە کـە چوینە گوندەکە ••• روژ لە ئاوا بونا بو ، شـەختەو بەستەلەك ریگاو کولانی داپوشیبوو ، ئالی‌ی ئاسو زەوی‌ی شەختاوی‌و قورتی بەستەلەکی وەکو پارچەی مینا ئەدرەوشانەوە •

لای زارك ( مدخل )ی گوندەکەدا تاریک داهات ، پیشوازی کەرمان سـەگیکی گەورەبو ، بە هوی ئیوارە وەختەوە لـە خوی گەورەتر ئەهاتە پیش چاو •• ئەوەری ، وەرینیک ئاسمانی بەستوی تاریکی لەم سەرەوە بو ئەو سـەر کون ئەکرد • گالیسکەوانەکەمان بە قامچی پشتی ئەسپەکانی کوتایەوە ، سـەگەکە هەلمەتی ئەهینـایە سەر سنگیان ، لە پشتەوەی گالیسکەوانەکە سـەرم بردە دەرەوە بو ئەوەی بزانم چی روی‌دا •• دیم دەس‌و قەمچی کابرا بەرز بویەوەو

دارما بە سەر سەری سەگەکەدا •

ـ هێی ! ئەلی قایمقامیتو بەربویتە گیانی لادی‌یی‌یەك !

باپیرم لە گالیسکەکە دابەزی‌و ئیوارە باشی لە خاوەنی سەگەکە کردو دەسیان کرد بە گفتوگو کردن • لە دوایی‌دا خاوەن سەگەکە : چاو شینە ریش سورەکە ئیمەی بردە مالەوە •

زور گفتوگوو باسم بە بیر دیتەوە ، کە پاشماوەی سەردەمی منالیمە • هەتا لە تەمەن هەوراز تر ئەچوم مانای زورتریانم ئەزانی • بە هەندیکیان پی ئەکەنیم ، لە هەندیکیشیان سەر سامی ئەیگرتم ، هەندیکی تریشیان دلیان پر ئەکردم لە قین • بەلام کە منال بوبمو گەورە گفتوگویان کردبی چە باسیکیان کاریکی ئەوتوی لی نەکردوم کە هەتا سەر لە ژیانما بمینیتەوە ، وەکو ئەم باسەی باپیرەمو لادی‌یی‌یە چاو شینە ریش سورەکە کە لەم شەوەدا کردیان •

باپیرم دەنگی نەرمو ناسك بو ، بەلام ئەوی تر بە دەنگیکی زلی تیژی پر لە باوەریکی قولەوە قسەی ئەکرد •• ئەم دەنگەی بەم جورە ئەی‌وت :

ـ ئەوانەی لاشە روتەکەیان فرانـدو لـە دارەکە هینایانە خوارەوە ، یەکیکیان خەلکی ئاوایی ئیمە بو ، دەس بەجی لاشەکەی هینایە ئەم گوندەو لە ژیر داریکی رەشا کە وا بـە سـەر گردیکەوە ناشتی • دوای ئەوە ئەسپ سواری سولتان ئابلوقەی گوندەکەیان داو پاشان رویشتن •

پاش رویشـتنی ئـەوان ، کابرا ، لاشـەکەی لـە ژیر دارە رەشەکەی سەر گردەکەوە هینـایەدەر ، نەوەکو بو جاری دوهـەم

بگەرینەوەو لاشەکە بدوزنەوە ، هینایە دەرەوەو لــە ئاوایی بردیە دەر ، وە دوای ئەوە نەگەرایەوەو نەگەرایەوە ••

باپیرم لێی پرسی :

ــ تو بروات بەمە هەیە ؟

ــ بێ گومان • باپیری دایکم بوی گیراومەتەوە ، کە ئــەویش باپیری خوی‌و ئــەویش باپیری تری پشـــتاو پشت بــو یەکتریــان گیراوەتەوە ••

ئیمە لە ژورەکەدا لە گەل هەشت تا دە لادێیی تر لــە ســـەر سیوەی جوغزیك لــە ســـور ئاگردانە رەنگ ســـور هەلگەراوەکە دانیشتبوین ، هەر یەکیکیان ، یا چەند یەکیکیان بجولابانایەوە بەشیك لە دەم‌و چاویان‌و لاشانیکیان لــە جوغزەکەوە ئــەچوە ژورو ســـور ئەبویەوە • وا هەر گویم لە دەنگی خاوەن ریشە سورەکەیە ئەلی :

ــ ئەگەریتەوە جاریکی‌کە • • ئەوەی بە روتی خنکینرا ، بــە روتیش ئەگەریتەوە ، باپیریشم پیکەنی‌و وتی :

ــ ئیوەش بروا تان لە هی دیانەکان ئەچی ، ئــەوانیش ئەلین جاریکی کە عیســا دیتەوە دنیا ، تەنانەت لــە ناو ئیمەی موسولمانیشا هی وا هەیە باوەری وایە کە عیسا ، روژیك لە روژان ، لە (دمشق)ا دیار ئەداتەوە •

بەلام ئەو دەس بە جی وەلامی ئەم قسانەی باپیرمی نەدایەوە ، بەلکو کــە مــە کەمە هەلســایە ســـەرپی‌و ناو لــەپی‌و ئــەنگوستە ئەستورەکانی نایە سەر ئەژنوی‌و راست بوەوە • هەمو لەشی کەوتە بەر روناکیی ئاگردانەکە • وا من لە تەنشتەوە لایەکی روی ئەبینم

ئەلی‌ی ریشەکەی سورترو چاوە کانی شین‌تر هەلگەراون • ئا ، وا لوتیکی گەورەی هەیە ، هەر وەکو لە شەرابی ، قسە ئەکا :

ــ ئەلین عیسا پیغەمبەر بە گوشتو ئیسقانی خویەوە ئەگەریتەوە بو ژیان •• بەلام بدرالدین بە بی گوشتو ئیسک ئەگەریتەوە •• وەک بینینی چاو •• قسەی زمان •• وهەناسەی سنگ ئەگەریتەوە • ئەمە شتیکە هیچ گومانی تیدا نیــە • ئیمە پیــاوی بدرالدینین ، بروا بەوە ناکەین ســەر لە نوی لاشەی رزیوو بوگەن یەک بگریتەوەو بژیتەوە • جا کە وتمان بدرالدین جاریکی تر ئەژیتەوە •• مەبەسمان لەوەیە وتارەکانی‌و روانین‌و هەناسەی ئەگەریتەوە ••

کابرا بی دەنگ بو ، لە شوینی خویــا دانیشتەوە ، جا نازانم ئاخو باپیرم باوەری بە هاتنەوەی بدرالدین کرد یانە ؟ من ئەو دەمە کە تەمەنم نو سالی بو باوەرم کرد ، ئیستاش کە لە (٣٠) سالم تی‌پەر کردوە هەر بروام وایە بدرالدین ئەگەریتەوە !!

---

هونەر مولکی گەلە • لــە بــەر ئەوە ئەبی لــە ناو جەرگەی کومــەلانی فراوانی رەنجکیشی گەلا ریشــە داکوتی •• پیویســتە ئەوانیش لی‌ی بگەن‌و خوشیان بوی ••!

ئەبی هەستو بیرو خواستە کانی ئەو کومەلانــە یەک بخاو هیزیــان بزوینی‌و •• هونــەرمەندەکانیــان راپــەرینی‌و گەشــەیان پی بدا ••

ــ لینین ــ

## مەولەوی و بەهار



— ١ —

نازك تەدارەك فەصل وەهاران
شیرین ئارایش هەردەو كوساران
گول چون روی ئازیز نەزاكەت پوشان
وەفراوان چون سەیل دیدەی من جوشان
مدیای گولالان نە پای دەربەندان
ئەو یەكتر وینەی ئارەزو مەندان
چە خاس خاس شنیو نە ئیوارواندا
سەوزە وە روی خاك جەرگەی یاراندا
بوین رەعشەی وەجد دلەی پاكشان
عەیان نە شنیای سەوزەی خاكشان

جەی گوشـــە خاستەر نیـــەن مەسکەنی
ســـاقی گیـــان ئامان خومار ئەشـــکەنی
هـــوریزە صوبحـــەن دل تـــازە خـــاوەن
شنوی پای کاوەن گوشـــەی سەراوەن
ســـەوزەی خاك پاكێ یاران هـــام فەرد
فریمان وە فـــەرش بـــەزم ویمان کەرد
کەو سەوزەی ئیمەیچ نە کام هەردی بو؟
وە فەرشی مەجلیس کام هام فەردی بو؟

— ٢ —

هـــەوای زمســـــتان خەمـــان بەتالـــەن
وەرو هـــەرد دەرد دەرون خال خالـــەن
هاژەی تاف ســـاف شەتاوگەی شـــادی
صوب مـــەیو نـــە گوش هوش ئـــازادی
بوی شنوی شنیای تای چنور شـــەوق
مدو نـــە دەمـــــاخ پـــر پـــەرداخ ذەوق
کەیفمدا وەش وەشدەستە دەستەی گول
نـــە گوشەی کلاو ، نـــە پای دەشت دل
نیشـــانەی (نەوروز) وادەی وەهارەن ،
یـــا نەشئەی ئامـــای نامـــەی نیگارەن ؟

# نەوروزی ئەم ساڵمان

**چەمچەماڵ ـ محمد نوری توفیق**

---

نەوروز ئەو جەژنە پیروزەیە کە لەو روژەوە کاوەی ئاسنگەری کورد ئـەژدەهاکی خوین خوری کوشـتوە ، کوردو کوردسـتان شانازی پیوە ئەکەنو هەمو سـالیك لەو روژەدا لە هەمو لایەکی کوردستانی خوشەویسـتا یادیٔ کراوەتەوە گـەر کەمو گـەر زور چونکە جەژنی نەوروز جەژنی سەربەستی گەلی کوردە ، جەژنی زرگار بونی ئەم گەلە خەباتکەرەیە کە هەرگیز نەیویستوەو نایەوی سەر بو زوردار دابنەوینی •

بـەلام ئیمپریالیزمو چلکاو خورەکانی هەمیشـە لـە نەوروز ترسـاون ، چونکە پالـەوانیتی گـەلی کوردیان لـەو روژەدا بـو دەرکەوتوەو دوا روژی خویان وەکو ئەژدەهـاکی خوین خور تیـا بینیوە ، بویە هەمو هیزیکی خویان تەرخان کردبو بو بەر هەلستی جەژنی نەوروزو هەمیشـە ئەیان ویست ناوی نەوروزو ناوی گەلی کورد لە میژوا بسرنەوە ، بەلام ئەو بەر هەلستەو ویستنەیان هیچ کاتیك خەباتی کوردیان سست نـە ئەکردەوە ، بەلـکو جـارەهای جار بویان دەر ئەکەوت کە کورد نەمردوەو نامری جەژنی نەوروز هەر ئەکاو خەباتی خویشی هەر بەرەو پیش ئەبات •

تا لە روژی ١٤ی تەموزی پیروزا تیشکی ئازادی بالی کشان بە سەر کوردسـتانی عیراقاو جومهوریەتی عیراقی نەمر دامەزرا ئـەو جومهوریەتەی کە بـە خەباتی گەلی کوردو عەرەب دامـەزرا کە

جومهوریەتی کوردو عەرەبە • هەر بە دەرچونی روژی چواردەی تەموز جــەژنی نەوروز کرا بــە جەژنیکی باوەر پیکراو چونــکە جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردە لە بەر ئەوە وا ئەم سال بو یەکەم جار جەژنی نەوروز لە هەمو لایەکی کوردستانی عیراقا بە ئاشکراو بە سەر بەستی ئەکریت • هیوا دارین کــە پاش ماوەیەکی کەم لــە هەمو کوردوستانی داگیر کراوا ئەم جەژنە بدرەوشتیەوە •

بەلام ئەبی شیوەی کردنی ئەم سالی نەوروز لە گەل ســالانی پیشوا بگوریت چونکە ئەم سال لە گەل سالانی پیشوا زور جیاوازە • پیویستە ئەم سال لەهەمو کونو قوژبنیکی کوردستانی عیراقا نەوروز بکریت بە جەژنیکی راستی هــەر هیچ نــەبیت وەك جەژنەکانی تر بکریت بە شاییو زەماوەن ، بکریت بە سەیرانو ئاهەنگ •

بەلام وە نەبیت هەر شاییو بەزمو هیچی تر ، نەء ! بەلکو ئەبی لە گەل ئەوەیشا هەمو خوینەوارە نیشتمان پەروەرەکانمان بەوردیو راستی بە دلو دەرونیــکی پاکەوە نەوروزو جــەژنی نەوروز لــە هــەر نەخوینەواریك بگەیەنن کــە مانای جــەژنی نەوروز تی نــە گەیشتوە یان بە خراپ تیگەیشتوە بە پرو پاگندەی کونــە پەرستانو دوژمنانی کورد • پیویستە لە ســەر هەمو کوردیکی دلســوز ئایا بە نوســین یان بــە دەم ئــەم جەژنــە پیروزەی گــەلی کورد لــە برا عەرەبەکانمان بگەیەنی کە برای خەباتی ســالە های ســالی کوردن هەر وەها داوا لە قوتابییە دلســوزەکانمان ئەکەین کە لــە دەرەوەی عیراقن بە جورەها ریگا ئــەم جەژنە بە گەلانی ئــەو ناوە بناسینو بەلکو گەلی کوردیشیان پی بناسینن کە گەلیکە مافی ژیانی نەتەوایەتی

هەیەو ئەبی هەر بژی بە کویرایی چاوی هەمو دوژمنیکی کوردەوە •
تاکو جەژنی نەوروزیان لا ئاشکرا بیت کە جەژنی راپەرینی ئـەو
گەلە خەباتکەرەیە کە ژیانی خوی بو خـەبات تـەرخان کردوە بو
ژیانیکی کامەرانو دوا روژیکی بەختیار ئەو گەلەی کە هـەر ئەبی
نیشتمانە بەش کراوەکەی یەك بگریتەوە لـە ژیر ئالای کوردستانی
گەورەیا ••

---

**ئەزانی ؟**

* کە یەکەم پولی پوستە لە سـالی **١٦٥٣دا** لە فەرەنسـە دەرچوە ؟
* وە کە یەکەم کارخانەی چنین لە سالی **١٤٦٦دا** لە شاری لیون لە فەرەنسە دامەزرینرا ؟
* وە کە چاویلکە بو یەکەم جار لە سالی **١٢٥٨دا** دوروست کرا ؟
* وە کـە ( سـاردیناپال )ی پاشـای ئاشـوری‌یەکان کـەرکوکی دوروست کردوە ؟
* وە کە هەمو روژی شـتیك ئەخوی کە لـە دو شت پیکهاتوە هەردوکیان زەهرن ئەویش « خوی » یە کە لە صودیوم و لە کلور پیك دی ؟
* وە کە ئەگەر ئەو هەمو دەمارانە بخەیتە سەر یەك کە خوینی لەشی ئادەمی زادی پیا ئەروا ، ئەگاتە **١٠٠٠٠٠** میل ؟
* وە کە ئەتوانی هیلکە هەلگری تا شەش مانگ بی ئەوەی پیس ببی ئەگەر **٣ـ٤** ثانیە بیخەیتە ناو ئاوی کولاوەوە ؟

**کو کردنەوەی ( حکمت توفیق الراودی ) لە کەرکوك**

# سلاویك ..(١)

**عزالدین مصطفی رسول**

سلاویك لە ناو جەرگەی خاكی عەرەبەوە ، لـە دلی زیندوی ئەو گەلە نەمرەوە کە سالەهای سـالە پیکەوە بـە هـاو دلی‌و هـاو دەردی‌و هـاو خـەباتی ئەژین ... سـلاویك لـە سـەر گوری صلاح‌الدینی بوزورگەوە ، سـلاویکی گەرمی پر تینی کوردایەتی‌و هاو بەشی لە داچەسپاندنی دواروژی روشنی مروڤایەتی‌دا . لە سەر لوتکەی ( قاسیون ) ەوە ، سلاویك لە شەمالی سازگاری کوردستان نەرمتر ، لە وەنەوشەو نیرگزی ئاکوو قەندیل بون خوش‌تر .. لـە گەردنی زاغروس‌و ئاکری‌و پیرە مەگرون سەربەرزتر ، لە سـەر گوری پیروزی مەولانا خالدەوە سلاویکی پر لە گورو گری ئایینی پولایین‌و پر لە ژیری‌و دانایی‌و توانایی کوردان ..

لە جی نزرگەی نالی‌یەوە .. سـلاویکی بـە گیـانی کورد پەروەری چەش ، پر لە سوزو یادی نەسرەوتی غەریبان‌و لە نیشتمان دوران .. سـلاویك بـە « بـادی خوش مرور »ی سـەرچاوەی ( بەرەدا )دا ، بـەو « پەیکە شـارەزا »یـەدا ، بـەلام نـەك روەو « شاری شارەزور »م .. نەك روەو خاکی‌پاکی روناکی کوردستان .. نەك روەو نیشتمانی ئازیز ..

سلاویك لە غەریبـانی نیشتمانەوە بو غەریبـانی نیشـتمان ..

---

(١) ئەم نامەیە بە ناوی ( کومەلی قوتابی‌یانی کورد )ەوە لە شام ، لە مانگی مارتی ١٩٥٨ دا نیرراوە بو گوڤاری کوردسـتان کە ( کومەلی خویندکارانی کورد لە ئەورووپا ) دەری ئەکا .

سلاویك له ئیمەی له نیشتمان دورەوە بو ئـەو دەنگه بـە کارەی روژاوامان •• بو گوڤاری خوشەویستی ( کوردستان )مان •

بـی گومـان ( کوردسـتان ) دەنگیـکه •• نـەء ، دەنگ دانەوەیەکه •• زیرەی پلنگ‌و نالەی شـیری کیوانی کوردسـتان‌و هورەی دەرویشان‌و لاوکی شوانان‌و بەستەی جوتیارانه •• دەنگی بلندی ئەو گەله نەمرەیه ، پر له هاواری تولەیه •• پر لـه بریاری کول نەدان‌و بـه خوشی ژیانـه ••• دەنگ دانـەوەی دوا دەنگ‌و نەرەی شەهیدانی نەمرمانه •• دوا وتەی « بژی کوردستان ! »ە •

هەی خوش بەختی ! هەی خوش بەختی ! جاران ئەو دەنگه لـه لوتکەی چیـاکانی خومانـەوە دەنگی ئەدایەوە ، وا ئیسـتا ئەگاتە چیـاکانی ئالپ‌و لەویوە بـه گوی روباری دانوبی شـینا دیتەوەو ، ئاوات‌و ئازارو خەباتی کوردان به گەلانی جیهان را ئەگەیەنیت ••

کەواتە ، بو ئەو بلند گویه ••

سلاویکی گەرمی پر له هیوای فراوانی چەند کوردیك •••

---

**ژمارەی بی کاران له ولاته یەکگرتوە کانی ئەمەریکا**

| | |
|---|---|
| له سالی ١٩٤٨ دا گەیشته | ٢ر٢٠٥ر٠٠٠ |
| له سالی ١٩٥٦ دا گەیشته | ٢ر٨٢٢ر٠٠٠ |
| له سالی ١٩٥٨ دا گەیشته | ٥ر١٧٣ر٠٠٠ |

**له گوڤاری ( الثقافة الجدیدة )ەوە**

# سەردار

نوسینی : هوگر گوران

سەردار ، ئەوبەیانی‌یە کە لە مال هاتە دەری بچی بو سەر ئیش، بە پیچەوانەی بەیانی‌یانی ترەوە دلی خوش بو •• خویشی نەی‌ئەزانی بوچی ؟•• ئەت‌وت هەرگیز هیچ جورە خەمیکی لە دلا نەبوەو هیچ چەشنە ئەرکیکی بە سەرەوە نەبوە • بە پەروشـەوە هەوا سـاردە تەرەکەی بەیانیانی هەل ئەمژی، هەر وەك قەت هەناسەی نەدابی ! ئەیویست رویەکی خوش بدا بە ژیان سەرەرای هەمو تالی‌یەکی ! بە راستو بە چەپا سلاوی لەو کەسانە ئەکرد کە توشیان ئەبو ، بی ئەوەی هەمویان بناسیت ، یا هەمو بیانەوی بیناسن !•••

بە قەراغ جادەیەکی تەسك‌و لیژا رویی •• چەند دیریك لە شیعرە تازەکەی خوی هینایەوە بیر ، ئەو شیعرەی لە روژنامەی ناو شارا چەند روژیك لەوەوپیش بلاوەکرابوەوە بوی، بی‌ئەوەی دەنگ بداتەوەو کەس لی‌ی بکولیتەوە ! ئەو شیعرەی ئەو شەوو روژ لە بەر خویەوە ئەی‌وت وئەی وتەوە ! لە دلی‌خویا ئەی‌وت : چون نمونەیەکی زیندوی (فەن!) دی‌و ئەروا بە بی دەنگی لە کاتیکا کوشتنی پیاویکی ساغ بە خەنجەر ئەبی بە داستان ؟!

سەردار بەو بەیانی‌یە نەی ئەویست بیری خوی بەو رەنگە ماندو بکات، بویە لە بەر خویەوە دەستی کرد بە گورانی وتن!•• هەر لەو کاتەدا بو ئەفەندی‌یەکی تەنگە زلی لە تەنیشت خویەوە دی، ناچار بو

که وەلامی سـلاوە نا بە دلەکەی بداتەوە •• خاوەنی ئەو سـلاوە معاونیکی پولیسخانەی ناو شار بو •• معاونیکی بی تاجو نەجمەو بی (بەدلە)و شەرم !! •• ئەوسا ئەم جورە معاونانە تا ئەهات ئیسکیان گرانتر ئەبو ، کە چی لە گەل ئەوەشا ژمارەیان هەر زیادی ئەکردو بی شەرمتر ئەبون!

پاش ئەوەی چەند هەنگاویک بە یەکەوە رویشتن ، معاونەکە روی کردە سەردار:

ــ بزانم وتارت نوسیبو لە روژنامەدا ؟

سەردار بە سەرسورماوی‌یەکەوە پرسی :

ــ وتار، یا شیعر؟

معاونەکە پیش ئەوەی وەلام بداتەوە بە تەوسەوە پرسی :

ــ بویان نوسیبویت یان لە کتیبو گوڤارەکان دەرت هینابو ؟

سەردار بە پەستی‌یەکەوە وتی:

ــ نەخەیر بە هەلە چووی ••ئایا••

معاونەکە نەیهیشت ئەم قسەکەی تەواو بکات ، وتی :

ــ سەردار ! من ئەم جورە شتانە پەسەند ناکەم !

سەردار وتی:

ــ قوربان ، رەنگە لە وەزنو قافیەکەیەوە بفەرموی ؟

معاونەکە چاوەکانی بز کردەوە بە سەرداری وت:

ــ خوت گەوج مەکە ! حوکومەت نەنوستوە !

ئەمەبو دوا قسەی معاونەکە لە گەل سەردار •• کە سەردار بو دواجار معاونی چاوپی کەوت ، ئەویش دوای شورشە پیروزە کەمان ،

# رون کردنەوەیەك
## لە لایەن کومەلی خویندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا

هەندی کەس لـەوانەی بـە درو خویان بـە نەتەوە پەروەر دائەنین، بەیان نامەیەکیان دەرکردوە• لەو بەیان نامەدا بە شیوەیەکی ناراستو دل خەفەت بار کەر هیرشیان بردوەتە سەر جومهوریەتی خوشەویســـتی عیراق: جومهوریەتی کوردو عەرەب • ئەمانە بەم هیرشەیان ئەو قەوانە کونانەی ئیمپریالیزم لی ئەدەنەوە کە بە ســەر قوتابیی ساویلکەشا تی ناپەری • ئەو قەوانانەی کە حوکمی نیشتمان پەروەرانەی ئەردەنی لە ناو بردو ئازادی خواکانی ئەوی فری دایە بەندی خانەکانی گلوپەوەو ، حوکومەتی نیشتمان پەروەری مصدقی روخاندو ، فاطمیی دا بە تیر باران کران • ئەمانە هەندی دروشمی بە دیمەن جوانیان هەلگرتوە ، وە نازانن ، یا خود نایانەوی بزانن کە وا ئیمپریالیزم بە هەر دو دەس چەپلە لی ئەدا بو ئەم کردەوانەیانو، روژنامەکانی کەوتونەتە تەپـل لیدان بویو ئیســتگەکانی لەندەنو پاریسو واشەنتون هەلەلەی بو ئەکیشنو ئیستگەکانی تارانو ئەنقەرەو ئیسرائیلیش بویان ئەسیننەوە • ئەمانە ئەوەیان لە بیر چوە کە وا ئەم

---

لە ناوەراستی شارا، چاوەزەقەکانی کزو رەنگی زەرد هەلگەرابو ، وە بو ئەوەی لـە چنکی خەلقی رزگاری بکەن ، بە ئوتوموبیلیکی سوپا ، بە پەلە بردیان و کردیان بە ژوری ئەو بەندیخانەیەدا کە چەند روژیك لەوە پیش سەرداری لی هاتبوە دەری !••

(٥٣)

کردەوانەیان جگە لە لەتلەت کردنی یەکیتیی ریزە یەکگرتووەکان بەو لاوە هیچ ئەنجامیکی تر نابەخشی، ئەو یەکیتی یەی کە بە واتەی خویان پاریز کاری کەرینی •

ئەو بەیان نامەیە هەندی لای تایبەتی ی بەوە بەدناو کردوە کە گوایە ئەیانەوی پەتی برایەتی کوردو عەرەب بپسینن ••تاد ، ئیمەیش پیی یان ئەلیین: کە هیچ هیزیک نیە بتوانی پەتی ئەم برایەتی یە راستە بپسینی، نە ئیمپریالیزمو نوکەرەکانیو ،نە کەسی تریش، چونکـە چەرخی سیاسەتی ئیمپریالیزمی یانەی (دوبەرەکی یان تی بخە •• ئەبی بە گەورەی هەموویان) بە سەر چووە•

ئیمە بە هەمو سەربەرزیو شانازی یەکەوە ــ بە گویرەی ئەو شارەزایی یەی کە هەمانــە ــ ئەلیین جومهوریەتی عیراق بە ســەرو کایەتی ی زەعیم عبدالکریم قاسم دوستی دلسوزو بەوەفای گەلی کورد ، بە کردەوەو بە سیاسەتی راستو دیموکراتی یانەی ئەوەی چەسپاندوە کە شایانە بەو باوەری کەنەتەوەی کورد پیی هەیە نەک تەنها لە عیراقا ، بەلکو لە هەمو بەشیکا لە بەشەکانی کوردستان کە ئیمپریالیزم پارچە پارچەی کردوە•

کومەلەکەمان کە نوینــەری بەشــی زوری قوتابی یــە کوردە ئەکادیمی یەکانە لە ئینگلتەرەو ئەلمانیاو فەرەنسەو سویسرەو نەمسەدا ، لە هەمو کاتیکا جاری داوە کە لایەنگری تەواوی سیاسەتی حوکومەتی عیراقە ، وە هەمو توانایەکمان چە لە ئەوروپاو چە لە کوردستانا داناوە بو پاراستنی • ئەو وتارانەشمان کە بە چەند زوبان لە گوڤارەکەمانا ( کوردستان ) بلاومــان کردونەتەوەو ، نامــەکانمان بــو کومەلــە

دەولەتی یەکانو سەروکەکانی دەولەتانو بەیان نامەکانمان کە داومانە بە روژنامەکان ــ دوا بەیان نامە مان ئەوەبو کەلقی کومەلەکەمان لە بەریتانیا دەری کرد پاش دوایی هاتنی ئیشو کاری کونفرانسی حەوتەمی سالانەمان لە ١٩٥٨/١٢/٢٧ دا ــ و، نامە کانمان بو سیادەی زەعیمی خوشەویست ، ئەمانە هەمو بەلگەی ئەوەن • مایەی سەربەرزیو شانازیشە بو کومەلەکەمان کە چەند نامەی سوپاسی لە سەروکایەتی ی مەجلیسی وەزیرانەوە وەرگرتوە لە سەر پشتیوانی کردنمان لە جولانەوەی ئازادی خواهانەی جومهوریەتی عیراق • جمهوریەتی عیراقو سەرکردە بی هاوتاکەی لە لایەن هەر پانزە ملیونەکەی گەلی کوردەوە بە ئەوپەری ریز لی گرتنەوە سەیریان ئەکری چونکە مەوقیفیکی مەردانەیان هەیە سەبارەت بە گەلی کورد کە پیشان ئیمپریالیزمو کونەپەرستی وەک سەگ گەمارویان دابو ، وە بە ــەمو هویەک بی بەشیان کردبو لە ئازادیو لە هەمو مافیکیو چەند قەسابخانەیان نایەوە بو لە ناو بردنی کە هیشتا لە یادمان نەچوەتەوەو ، لەوانەش نیە لە یادمان بچیتەوە • هەر بەراوردیکی ئەو ئازادیو بە ختیاریی کوردەکانی کوردستانی عیراقو ئەو مافانە بکەین کە لەم چەرخەدا وەریان گرتوە ، لە گەل وەزعی کوردەکانی شوینەکانی تری ؟؟ کوردستانا بە ئاشکرا بومان دەرئەکەوی کە هی چیە وا کوردەکان لە هەمو لایەک ئەوەندە بە گەرم پشتیوانیی سیاسەتی حوکومەتی عیراق ئەکەن ،وە لا ناکەنەوە بو ئەو هاوارو دەنگەی لە چەند شوینیکی تایبەتی یەوە دەر ئەچی !

ئیمه هیوامان وایه هەمو دلسوزیک ئەوه بزانی که هیرش بردنه سەر جولانەوەی دیموکراتیی عیراق‌و سەرسیادەی زەعیم عبدالکریم ئیتر هەر بوختانیکیان پیوه بکەن‌و هەر دورشمی هەلگرن‌و هەر ناوو ناتورەیەکیان لی بنین، له ئەنجاما خزمەتی ئیمپریالیزم‌و لایەنگرەکانی نەبی هی کەسی تر ناکا •

ئیمه ، ئیستاش-وەک لەمەوپیش -لامان وایه هەر سەرکەوتنیکی نەتەوەی عەرەب سەرکەوتنی نەتەوەی کوردیشه، وه هەر زیانیک لەو بکەوی ، لـه گەلەکەی ئیمەیش کەوتوه که گەلی عەرەب به پشـتیوانیکی بـه هیزی خوی دائـەنی بو دەس خسـتنی ئازادی و یەکخستنی نیشتمانەکەی له پاشه روژا • جا بو ئەوه که زیانمان لی نەکەوی پیویسته له سـەرمان به عەرەب و کوردەوه شان به شانی یەک هەول بدەین بو پاراستنی جومهوریەتی عیراق‌و بو هینانەدیی ئامابخەکانی شورشی چواردەی تەمرزی نەمر که سەروکی تاقانەی عیراق زەعیم عبدالکریم‌قاسم سەرکردەی بو •

بژی جومهوریەتی عیراق: جومهوریەتی کوردو عەرەب!
بژی دوستی به وەفای گەلی کورد عبدالکریم قاسمی قارەمان!
هەتا هەتایه بژی برایەتیی کوردو عەرەب!

**لیژنەی گشتیی به ریوه بردنی**
**کومەلی خویندکارانی کورد له ئەوروپا**

# هیواو خوینده‌وارانی

هیوا مانگی ده‌یان وتارو پارچه شیعرو چیروکی له خوینده‌وارانه‌وه بو دی، به‌لام داخی گرانمان زوربه‌یان له‌و نوسه‌رو شاعیرانه‌وه‌دیـه که تازه ده‌سیان داوه‌ته نوسین‌و هیشتا ئه‌وه‌ل‌یانه • چه‌ند خوش بو ئه‌گه‌ر گوڤاریکی وا بوایه که هه‌ر نوسینی (تازه ده‌س پی کردوان)ی بلاو بکردایه‌ته‌وه‌و سه‌ر په‌رشتی بکردنایه، تا ئه‌وانه‌یان که لی هاتون ببن به نوسه‌ری باش‌و، ئه‌وانی تریشیان ریگایه‌کی تریان بو خویان بگرتایه •

دیاره هیوا ناتوانی ئـه‌م ده‌وره بگیری • ئه‌گه‌ر هیچ باسـیکی ئـه‌و هه‌لبـه‌ست‌و وتارانه‌ش نه‌کـا ، لـه‌وانه‌یـه نوســـه‌ره تازه تی هه‌لچوه‌کانمان دلیان سارد ببیته‌وه‌و گله‌یی بکه‌ن ، به‌لکو هه‌ندیکیشان بکشینه‌وه ، له کاتیکا که ئه‌وپه‌ری پیویستی به هانه هانه دانیان هه‌یه •

بویه هــه‌ر چون بی ئیمه وا باسی هه‌ندی لـه‌و وتارو شیعرو چیروکانه ئه‌که‌ین که له‌م چه‌ندانه‌دا بومان هاتوه ، هیوایشمان وایه بلاو نه‌کردنه‌وه‌ی نیرراوی یه‌کیك ، یا نه‌هینانی ناوی ، نـه‌بی بـه مایه‌ی دل سارد بونه‌وه‌ی ، چونکه هه‌مو نوسه‌رو شاعیره به‌رزه‌کانمان وه‌ك ئه‌وان بوون‌و له ئه‌نجامی کول نه‌دانا پیش که‌وتون • ئیمه‌ش ماوه‌که‌مان زور ته‌سکه‌و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌مان لی دی •

* كاك ( سه‌رتیپ صاحبقران ) چیروکیکی وه‌رگیرراوی بو ناردوین که تا راده‌یه‌کی باش پوختی وه‌رگیراوه ، بـه‌لام داخه‌که‌م ( ناوه‌روك )یکی وای نیـه کـه بیخاته پیشی شتی تره‌وه بو بـلاو

کردنەوە • هیوامان وایە کاك سەرتیپ لەمەو پاش چیروکی بە کەلك ترمان بو وەرگیری لە هی چیروك نوسە پیشکەوتوەکانی وەك (تولستوی)و (چیخوف)و (گورکی)و (رومان رولان)و (هاوارد فاست)و (ئەمادو)و ئەوانی کە ••

* خوشکە (روناك رؤف سعید) لە سلیمانی‌یەوە نامەیەکی بو نوسیوین هەستی بە سوزی خوی تیا دەر ئەبری بەرامبەر بە هیواو دوا کەوتنی دەر چونی ، وە گلەیی لەوانە ئەکا کە « ئابونەی هیوا نادەن ، بەلام ئەتوانن قاچ بخەنە سەر قاچو لاپەرەکانی ئەم دیوو ئەو دیو بکەن » تاد ••

خوشکە روناك ! ئیمەیش لە گەلتاین ، جا ئەگەر خویندەوارانی کورد زوربەیان ئەوەندە کەمتەرخەم نەبونایە بوچی روژی ئەدەبی کورد ئەگەیشتە ئەم روژە ؟ بەلام هیشتا ورە بەر مەدە ، تویش لە گەل ئیمەدا دل نیا بە لەوە کە پاشەروژیکی روناك بە ریوەیە بو نەتەوەکەمان ، وە ئیمەیش ئەبین بە خاوەنی ئەدەبیکی بەرزو پیشکەوتوو ، ریزە خویندەواریکی دلسوزی وا کە بە راستی خزمەتی زوبانەکەیان بکەن •

* (جمال نوری) لە سلیمانی‌یەوە پارچە هەلبەستیکی بە سوزی بو (کوردستانی خوشەویست)ی ناردوە ، هەستی پیروزی خوی تیا دەر ئەبری • ئیمەیش هیوا مان وایە ئاواتە کانی بینە دی کە ئاواتی هەمو لایەکمانە •

* (سکالا) یش لای خوی لە سەر (بویژی بە ناو بانگی کورد : طاهر بەگ)ی نوسیوە ، بەلام داخەکەم خوی ماندو

نەکردوە شتێکی نوێ مان لە بابەتی شیعری طاهر بەگەوە پێشکەش بکا • چاو گێرانێک بە سەرەتای دیوانە لـە چاپ دراوەکەی طاهر بـەگ خویا گەلێك لـە خوێندنەوەی وتارەکەی کاك سـکالا بـە کەلك‌ترە •

★ (ئاشتی خوازانی ناوچەی شیروانە)و (لاوانی دیموکراتی کوردستان لە چەمچەمال) ، ئەوان بەیان نامەیەکیان بو خەلکی ئەو ناوچەیەو ئەمان سوپاسی سـەرەك عبدالکریمیان بو ناردوین بە هوی دەرچونی عەفوی چوار ئەفسەرە شەهیدەکەی کوردەوە •

بی گومان هەمو لایەك ئەوە ئەزانن کە گوڤاریکی مانگانە بو بلاو کردنەوەی ئەم چەشنە نوسراوانە دەس نادا ، شتی وا ئەبی بو روژنامەو گوڤارە هەفتەیی‌یەکان بنیرری • لیمان ببورن •

★ کاك (فەرهاد عوسمان عەونی)ش پارچە هەلبەستێکی بو (نادیە)ی ئەردەنی ناردوە ، بەلام حەیف دەرنگ گەیی ، چونکە وەك بیستومانە نادیە لە بەندی خانە رزگار کراوە •

★ کاك (عبدالوهـاب محمود)یش لـە کەرکوکەوە لـە ژیر عینوانی (بانگی لاوانی دیموکراتی کوردستان)ا چـەند دیریکی بو نوسیوین • کاك وەهاب نوسراوەکەی تو لە بەیانی کومەلیك ئەچی نەك وتاریك کە یەك کەس نوسیبیتی ، دیارە بەیان نامەیەکی وا ئەبی کومەلەکە خوی دەری کا نەك تو بە ئیمزای خوت بینوســی • • بو لەمەولات ••

★ کاك (ج• خوشناو) پارچە هـەلبەستێکی تری بو ناردوین لە گەل بورە گلەیی‌یەکا لـە بلاو نەکردنەوەی شتەکانی • کاك ج

خوزگە تو خوت سەرپەرشتیی هیوات ئەکرد ، جا ئەمان زانی بە راستت ئەزانی کەسیکی تر گلەییەکی وەکو هینەکەی تو بکا ؟•
ئیمە مەبەسمان تەنها خزمەتی کوردو ئەدەبی کوردە ، وە لە بلاو کردنەوەو بلاو نەکردنەوەی هەر شتیکا کە بومان بی ، لەم سەرچاوەیەوە بریاری خومان ئەدەین هیوامان وایە لەمەوپاش وا تورە نەبی ، چونکە خو هەمو جار هەر بو ئیمە نانوسی !

* سلیمانی ، کاك (حەمە رەحیم سەعید) ! جەژنی تویش‌و هی هەمو کوردیک پیروز بی • لیمان ببورە کە بلیین هەلبەستەکانت بو بلاو کردنەوە دەس نادەن ، لە گەل ئەوەشا کە هەندی (سرنج)ی جوانیان تیایە ، واتە چەکەرەی شاعیریت تیایە ئەگەر بوت بلوی پەروەردەی بکەی •

* (حسین شیخ عثمان) • کاك حسین بە راستی بە تەمای پاشەروژیکی جوانین بوت لە جیهانی شیعرا • لە بەر ئەوە نەبوایە کە تا رادەیەك لە گەل مام (خلیل)ی پاسەوانی باخی (عروض)ا دانولەتان پیکەوە ناکولی ، هەلبەستەکەتمان بو (احمد فایز)ی نوسەرو ئاشتی خوازی بە ناوبانگی پاکستان بلاو ئەکردەوە ، هەر چەند فایز بە زوری هیزی ئاشتی خوازان لە چوار دیواری بەندیخانە هینرایە دەرەوە • جا لیمان ببورە کە ناتوانین دلی خلیل‌و میرات گرەکانی خلیل بو یەکیکی وەکو تو بیشینین • تو هەر لە گەل ئەو ئاشت بەرەوە ، ئیتر هەلبەستمان بو بنیرەو هەقت نەبی •

ئاگایشت لەوە بی بو وەزنی شیعر جوملەی بی جی نەهینی •

* کاك (ئاراز) ! هەلبەستەکەی تویش (خوشەویستەکەم) لە

# کونگرەی یەکیتیی گشتیی قوتابییانی عیراق

## ١٦ـ٢١ی شوبات

ئامادە کردنی : أحمد حامد قادر

بەیانیی روژی ١٦/٢/١٩٥٩ لە سەعات ١٠/٥ لـە سینەمای (خەیام)دا یەکەمین کوبونەوەی کونگرە کرایەوە ، بو بە خیر هاتنی نوینەرانی لیژنەکانی یەکیتیی لیواکان ، وە بو پیشوازی کردن لەو ووینەرانەی کە لە دەرەوە هاتبون بو عیراق وەک سەروکی یەکیتیی گشتیی قوتـابییانی جیهـانو ، نوینـەری قوتابییـانی یـەکیتیی سـوڤیەتو ، چینی میللیو ، ڤیتنـــامی دیموکراتـیو ، نوینـەرانی قوتابییانی ولاتە عەرەبەکان •

لەم کوبونەوەیەدا گەلی لە پیاوە سیاسییەکانی ولاتو ماموستاو کار بە دەستانی وەزارەتی پەروەردەو فیر کردنو سەروکو ئەندامانی دادگای گەلو نوسـەرو شـاعیرو ئـەدیبو خـاوەن روژنامـەکان


---

پیشان دانی (فکرە)کەیا سەرکەوتونیە ، لە بەر ئەوە چاو پوشیمان لی بکە کە بلاومان نەکردەوە •

★ کاک (بلال بهاءالدین)یش لـە کویەوە وتاری (فەیسـەل ئەفەندیو خاتون)ی بو ناردوین کە لـە گوڤاری (١٤ی تەموز)ەوە وەری گیراوەتە سەر کوردی • کاک بلال ئەگەر وتاریکی وامان بو وەرگیری کە کەمترین ژمـارەی خوینـدەواری کورد بـەرچاویان کەوتبی باشتر نیە ؟

حازر بون •

له سـەعات ٥/١٠ی تەواوا سـەروکی خوشـەویسـتی گەل عبدالکریم قاسم بە وتاریکی کورتی بە نرخ کوبونەوەکەی کردەوه ، وه سەر له نوی بەلینی خوی تازه کردەوه بو گـەلی عیراق که وا هیوای بەرزی ، خوشی‌و بەختیاری‌ی گەلی عیراقه • وه داوای کرد له قوتابی‌یان که یەکٹ بگرن‌و خو بدەنه خویندن ، چونکه ولات له سەر بنچینەی خویندەواری‌و زانیاری دائـەمەزری • پاش سەروك



**قوتابی‌یانی سلیمانی دەوری بلیکانیان داوه**

عبدالـکریم ، وەزیری پـەروەردەو فیر کردن‌و ، دوکتور فیصـل سامرو ، سەروکی دانشگای بەغداو ، سەروکی یەکیتی‌ی قوتابی‌یانی جیهان (بیرجی پلیکان)و نوینەری قوتابی‌یانی جەزائیر سەرو وتاریان پیشکەش کرد • له پاش ئەوان ماموستا محمد مهدی جواهیری پارچه

شیعریکی جوانی خویندەوە ، جا برادەر مهدی عبدالکریم سکرتیری لیژنەی ئامادە کردن وتاریکی پیشکەش کرد ، لە وتارەکەیا بە ناوی کونگرەوە سوپاسی هەمو لایەکی کرد •

پاش ئەمە کونگرەکە گویزرایەوە بو هولی گەل (قاعة الشعب) وە لە سەعات ٣/٥ی پاش نیوەروی هەمان روژا کوبونەوەی دوهەم بە سەروکایەتی‌ی برادەر مهدی عبدالکریم دەستی پی کرد بو لیکولینەوەی بەرنامەی ئیش‌و کاری کونگرە ، بریاری لە سەر درا • دوای ئەوە هەر برادەر مهدی راپورتی لیژنەی ئامادە کردنی پیشکەش کرد دەربارەی کردەوەکانی یەکیتی لە روژی ریگا دانیەوە تا کو روژی بەستنی کونگرە ، وە پاش چەند پرسیارو گفتوگویەک ئەویش پەسەند کرا •

روژی ١٧–١٨ و ئیوارەی روژی ٢/١٩ هەموی تەرخان کرابو بو لیکولینەوەی دەستورو پەیرەوی ناوخوی یەکیتی ، وە لە پاش دەس کاری یەکی کەم هەردوکیان پەسەند کران •

لەم بەینەدا ، بگرە هەر لە یەکەم روژی کونگرەوە تا دوا روژی لافاوی نامەو بروسکەی پیروز بایی لەدەرەوەی ولات‌و ناویەوە لیشاوی ئەکرد • ئەم بروسکانە لە لایەن کومەلەکانی قوتابی‌یانی عیراق لە ئەوروپاو ئەمەریکاو ولاتە عەرەبەکانەوەو ، لە لایەن یەکیتی قوتابی‌یانی ژاپون‌و هیندوستان‌و کوریای دیموکراتی‌و بولغاریاو رومانیای میللی‌و یەکیتی‌ی قوتابی‌یانی کوباو ئەردەنەوە هاتن •• لە ناو خویشاو لایەن هەمو لیژنەکانی یەکیتی‌یەوە لە لیواو قەزاکانا ، وە لە لایەن هەمو یانەو کومەل‌و دەسگا کومەلایەتی‌یەکانی ولاتەوە •

ئیوارەی روژی ٢/١٩ دو ئاهەنگ بو وەفدو نوینەرانی کونگرە کرا ، یەکی لە لایەن یەکیتی‌ی قوتابی‌یانو دوهەم لە لایەن لیژنەی پەیوەندی‌ی هەمو کومەلو دەسگاکانی ولاتەوە • سەروك عبدالکریم لەم ئاهەنگەیانا حازر بو •

بەیانی‌ی روژی ٢/٢٠ تەنهـا لیژنە تایبەتی‌یـەکانـی کونگرە کوبونەوە بو لیکولینەوەی کاروباری خویانو پیشـکەش کردنـی راسپاردەو ئاموژگاری‌یەکانیان بو کونگرە• هەر لەو روژەدا لـــە ساحەی کەشافە کوبونەوەیەکـی‌تر کـرا بو هەمـو قـوتابی‌یـان و وەفدەکانیشـــی تیا حازر بو• بو ئیوارەیش وەزیری پەروەردەو فیر کردن ئاهەنگیکی لە بەهوی ئەمانە بو گیران ، سەروکی دادگاو مدعی عامو عقید وصفی طاهر لەم ئاهەنگەدا حازر بون• پاش کوتایی هاتنی ئاهەنگەکە سەروکی دادگاو هاوریکانی هەر یەکە وتاریکیـــان دا ، برادەر ( عدنان البراك )یش وەلامی وتارە کانی دانەوە • هەر لەو کوبونەوەیەدا باسی سوروشتی یەکیتی کرا ، وە لە ئەنجاما لە سـەر ئەم بارەیە چەسـپاندیان کە « یەکیتـی‌ی قوتابی‌یان دەسـگا یەکی کومەلایەتی‌و دیموکراتی‌یە، پەیوەندی‌ی بە هیچ حیزبیکەوە نیـــە » ، لە ناوی یەکیتیش دوان ، پاش گفتوگوو لیکولینەوە ناو نرا « یەکیتی‌ی قوتابی‌یانی جومهوریەتی عیراق» وە بریار درا کە هەمو قوتابی‌یانـی ناو عیراق بگریتەوە لە گەل ئەو قوتابی‌یە عیراقی‌یانەی کە لە دەرەوە ئەخوینن ، بیجگە لە قوتابی‌یانی قوتابخانە سـەرەتایی‌و سوپایی‌یەکان لە هەمو کوبونەوەکاندا ناو بە ناو ئەو نوینەرانەی کە لە دەرەوە هاتبون یەك لە دوای یەك وتارو سلاو نامەی خویانیان پیشکەش ئەکرد ،

وه هەر وا ئەو بروسکەو نامانەش ئەخوینرایەوه کە ئەهات بو کونگرەو
لە کونگرەوە ئەنیررا بو لای تر •

کوبونەوەی بەیانیی روژی ۲/۲۱ کە لە سەعات ۹ی بەیانییەوە تا سـەعات ٤ی ئیوارە دریژەی کیشـا ، هەموی تەرخـان کرا بو لیکولینەوەی پیویستییەکان و کاروباری لیژنەی بە ریوە بەرو دەستە سکرتیرەکانو چونیەتیی هەلبژاردن ، وە لە دواییدا برادەر عدنان بە ناوی خویەوە لیستەیەکی (۲٥) کەسیی پیشکەش کرد بو ئەوەی ببن بە ئەندامی لیژنەی بەریوەبەر • ئینجا هەر یەکە لە ئەندامەکان دەسیان کرد بە هەل پالاوتنی نوینەری تر ، تا ژمارەیان لە (٥٠) کەس نزیک بوەوە ، لە ئەنجامی هەلبژاردنا ئەوانە دەرچون کە عدنان هەلی پالاوتبون ، ئەمانە تیایانا نەبو لە ۲۳۰ دەنگی کە متر وەرگرتبی ، هەر چەند ژمارەی ئەوانەی کە دەنگیان دا ۲۸۲ نوینەر بو •

شایانی باسە لە ماوەی ئەو پینـج روژەدا هیـچ کـــاری یـا جولانەوەیەکی ئەوتو لە لایەی هیچ نوینەریکەوە روی نەدا کە وەزع بشیوینی ، وە بگرە کاروباری کونگرە زور بە باشی وهیمنی ئەچو بە ریوە •

لە ئەنجامی کوبونەوەکانا کونگرە ئەم بریارانەی خوارەوەی دا :

(۱) بریاریک دەربارەی مانەوەی یەکیتی لە یەکیتیی قوتابییانی جیهانا •

(۲) بریاریک دەر بارەی بەستنی کونگرەی ناو بە ناو بـــو قوتابییانی ولاتە عەرەبەکان •

(۳) بریاریک دەربارەی دەرچون لە پەیمانی بەغدا •

(٤) بریاریک دەربارەی بەربەرەکانیی پەیمانە سوپاییی‌یە جەنگاوی‌یەکان •

(٥) بریاریک دەربارەی چونیەتی ئەو قوتابیی‌یە عەرەبانەی کە لە بەغدا ئەخوینن لە روی دەنگ‌دانو هەلبژاردنەوە •

(٦) بریاریک دەربارەی هەفتەی تیکوشانی قوتابیی‌یانی جیهان •

(٧) بریاریک دەربارەی هاوکاری کردن لە ئاهەنگ‌و زەماوەنی گەنجانی جیهانا •

(٨) بریاریک دەربارەی هاوکاری کردن لە ئەهەنگ‌و زەماوەنی گەنجانی ئاسیاو ئەفەریقادا •

(٩) بریاریک دەربارەی مانگی تیکوشانی تیکراییی قوتابیی‌یان لە زدی ئیستیعمار •

(١٠) بریاریک دەربارەی ناردنی سلاویک بو قوتابیی‌یانی کوبا •

(١١) بریاریک دەربارەی مافی زانستی نەتەوایەتیی قوتابیی‌یانی کوردستان ، ئەویش بە :

أ ــ خویندنی میژوو ئەدەبی کورد لە دانشگای بەغدا •

ب ــ خویندنی میژوی گەلی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان‌و هەمو عیراقا ، بە تایبەتی میژوی تیکوشانی دو قولیی عەرەب‌و کورد •

ج ــ نمرەی دەرچون لە زمانی عەرەبی‌یا بو قوتابیی‌یانی تورک‌و ئەرمەنی‌و ئاسوریش بکری بە ٤٠٪ وەکو بو برا کوردەکانیان کراوە •

د ــ دامەزراندنی مودیریەتی پەروەردەو فیر کردن لە کوردستانا •

هـ ـ ریگای تــورك‌و ئه‌رمه‌ن‌و ئاســـوری‌یه‌كان بــــدری كـــه
قوتابخانه‌ی خومالی بكه‌نه‌وه به زوبانی خویان تیا بخوینن •
و ـ ریگا بدری به قوتابی‌یانی كوردستان كه له تاقی كردنه‌وه‌دا
به ئاره‌زوی خویان به كوردی یان به عه‌ره‌بی وه‌لام بده‌نه‌وه •
ز ـ خویندنی میژوی گه‌لی كورد له ( ج • ی • ع ) به پی‌ی
په‌یمانی یه‌كیتی‌ی زانیاری •
ح ـ پیكهینانی لیژنه‌یه‌كی تایبـه‌تی ، له ژیر چاودیری كردنی
لیژنه‌ی به‌ریوه به‌را بو هه‌لسوراندنی كاروباری قوتابی‌یانی
كوردستان •

(١٢) بریاریك ده‌رباره‌ی لایه‌نگری له خه‌باتی گه‌لی جه‌زائیر

(١٣) بریاریك ده‌رباره‌ی لایه‌نگری له مافی گه‌لی عه‌ره‌ب له فه‌له‌ستینا •

(١٤) بریاریك به ده‌ربرینی بیزاری له‌و ئازارو چه‌وساندنه‌وه‌یه كه دوچاری گه‌لی كورد بوه له ئیران‌و توركیا •

(١٥) بریاریك ده‌رباره‌ی پاریزگاری‌ی جومهوریه‌ت •

(١٦) بریاریك بو به‌ر هه‌لستی‌ی هه‌مو دو به‌ره‌كی نانه‌وه‌یه‌ك لــه یه‌كیتی‌ی قوتابی‌یانا •

(١٧) بریاریك ده‌رباره‌ی تیكوشان له پیناوی ئاشتی‌یا •

وه لـه ئیواره‌ی ١٩٥٩/٢/٢١ لـه یانه‌ی هونه‌ره جوانه‌كانـا ئاهــه‌نگیكی نایــاب ســاز كرا بــه بونــه‌ی دوایی هاتنی كاروباری كونگره‌وه •

به‌م چه‌شنه كونگره به‌ستراو ، به سه‌ركه‌وتووی كاروباری دوایی هات •

# نەوروزی سالی ١٩٥٩ لە بەغدا

نوسینی : کمال مظهر احمد

وشەی نەوروز وشەیەکی یەکجار گرنگو بە کارە ••• کار ئەکاتە دلو گیانو ، مانای شورشو ئازادی ئەخاتەوە بیری مروڤو ، کاوەو چەکوشەکەی دینیتەوە بەر چاویو ، هاوارو نرکەی ئازادی خواهانی پیش هەزارەها سالمان ئەخاتەوە یاد ••

نەوروز جەژنی خەباتو گیان بەخت کردنە لە ریی ئازادییا ، جەژنی جوتیارو کریکارو زور لی کراوو هەژارە ، هی راپەرینیان لە روی زوردارانا ، جەژنی گەلی کوردی نەبەزە ، ئەو گەلەی کە بە خوینی پیروزی لاوەکانی ناوی خویو ئازادیی لە سەر لاپەرەکانی میژو نوسیوەو هەر سالی لە روژی نەوروزدا پەیمانی خوی تازە ئەکاتەوە کە دەست لە ناو دەست لە گەل هەمو گەلانی جیهانا ، وە بە تایبەتی لە گەل گەلەکانی دراوسییا پال بە رەورەوەی میژووەوە بنی بەرەو پیشەوە لە پیناوی بەختیاریی گشتییا •

هەمو سالی بە نهینی بوبیت یان ئاشکرا ، گەلی کورد لە هەمو کونجیکی کوردستانی گەورەدا هەلساوە بو تـــازە کردنەوەی یادی کاوە ••• بەلام ئەمسال ، سالی ئازادیی گەلی کوردستانی عیراق ، سالی پەیا بونەوەی کاوە لە عیراقا ( عبدالکریم قاسم ) ، بەرگیکی نوییو شیوەیەکی تازەی وەرگرتو بە تارای ئازادییەوە وەك بوکیکـــی رازاوە خوی پیشان داین ، ئاهەنگو شاییو خوشی هەمو قوژبنیکی کوردستانی عیراقی گرتبووەوەو ئاگری نەوروز لە هەمو لایەکـــەوە

کلپەی ئەسـەندو مژدەی ئازادیی کوردسـتانی عیراقی بـلاو ئەکردەوە ••• ئەمانە هەمو جگە لە بەشدار بونی برا عەرەبەکانمان لەم جەژنە نەتەوەیی‌یەدا بە جوریکی ئەوتو راستیی برایەتیی کوردو عەرەبیان دەر ئەخست ئەویش بە دەر برینی هەستیان لەو ئاهەنگانەدا کە ئەگیران ، بەلام ئەوەی سرنجی رائەکیشاو جیی داخ بو ئەوە بو کە وا لە بەغدا جەژنی دارو درەخت لایەکی گەورەی جەژنی نەوروزی داپو شـیبو • هەموشمان ئەزانین ، هـەر وەکو کار بە دەستانیش ئەزانن روژی شەشی مارت روژی جەژنی دارو درەختە لە زور شوینی‌جیهانا ، نەك روژی بیستو یەك •

## روژی ۲۱ی مارت لە بەغدا

لە پیش روژی نەوروزەوە بە ماوەیەك ، لاوانی نیشـتمان پەروە ری کورد بە پیی بریاری لیژنەی بە ریوە بردنی ( یانەی سەرکەوتنی کوردان ) وە لە ژیر چاودیریی ( لیژنەی ئاهەنگ گیرانی نەوروز )ا کەوتبونە خویان بو گیرانی گەورە ترین ئاهەنگیکی نەوروز لە ژیر سایەی جومهوریەتە دیموکراتی‌یەکەماندا • چەنـد ئوتوموبیلیکیان رازاندبوەوە بە گولو کوتری ئاشتیو وینەی سەروك عبدالکریمو کاوەی ئاسنگەرو هەندی دروشمی جوانی جوان نوسراوی وەك : ( لە سەر بەردی برایەتیی کوردو عەرەب ، ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی وردو خاش ئەبن ) وە (بژی خەباتی گەلی کورد لـە کوردستانی تورکیاو ئیرانا شان بە شانی گەلانی تری ئەو دو ولاتە بو بەرهەلستیی ئیمپریالیزمو کونە پەرستیو سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ) وە ( گەلی کوردی ئازاد لە عیراق سلاوی گەرمی خوی


ئەنیری بو روولەکانی گەلی کورد لە سوریا ، ئەو رولانەی ئازایانە لە گەل برا عەرەبەکانیانا ئەجەنگن بو گــور کردنی دیکتاتوریــەت‌و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی ) ••• وە گەلی دروشمی تری جوان ••

روژی بیست‌و یەکی مانگ هەر لە بەیانی زووەوە پەیتا پەیتا ، پول پول قوتابی‌یانی کوردو کوروکچی کوردی بەغدا بە جل‌و بەرگی رازاوەی کوردی‌یەوە بــەرەو یانەی ســەرکەوتن ئەکشان ، وە لە سەعات هەشتی بەیانی یەوە لە تەختانەکەی بەر یانە دا یەک وچان هەلپەرکی بو بە دەم گورانی‌و دەهول‌و زورناوە ، تاقمیک دەســی بەر ئەداو تاقمیکی تر دەسیان ئەگرت ، تا سەعات بو بە دەو چارەکی ، ئینجا ئوتوموبیلە رازاوەکان یەك بە دوای یەکا کەوتنە ری‌و ئەوانەی تیایانا بون بە یەک دەنگ گورانی‌ی ( نەوروز )و ( ئەی رەقیب )یان ئەوت ، خوا حەقە کاك حەیدەری هەولیریش بە ئاوازە خوشەکانی سرنجی خەلکی راکیشابو بو لای خوی ، خەلکەکەش کە لەم بەرو ئەو بەری شەقامەکان راوەستابون بە گەرم چەپلەیان لی ئەداو هاواریان ئەکرد بو ژیانی برایەتی‌ی کوردو عەرەب ، بەم جورە بو سەعات دەو نیو گەیشتینە شەقامی (کفاح) ، وە بە یەک سەعات ئینجا ئوتوموبیلەکان توانی‌یان بگەنە (باب الشرجی) ، چونکە شەقامەکان وا تەنرابون بە سەیرکەر کە ئوتوموبیلەکان هەر لە پینج دەقیقەدا ئەبوایە دو هەتــا سی جار بوەستانایە • لە باب‌الشرجی‌یەوە بە سەر پردی جومهوری‌دا پەرینەوە بو بەری کەرخ • لەم کاتەشدا پەلە هەورەکانی ئاسمان بە یەکجاری دەستیان کردە ملی یەک‌و وردە وردە کەوتە بارین ، تا گەیشتینە نزیك فروکە خانە بەرەو ئەو شوینەی دیاری کرابو بــو

ئاهەنگەکەباران لی‌ی کردە شەستو رەهیلەو هەمو دروشمو وینەو گولەکانی شتەوەو خەلکەکەش لە تاوا بەرەو ناو شار گەرانەوە ، ئیمەیش بەناچاری گەراینەوە • بەم جورە سروشت جیگای زوردارانی دەورو بەری کونی لی گرتینەوەو نەیهیشت بە ئارەزوی دلی خومان ئاهەنگ بەم بونە پیروزەوە بگیرین • بەلی سروشت توانی ئاهەنگی روژی نەوروزمان لی تیك بدات ، بەلام نە یتوانی دەست دریژ بکاتە ئەو ئاهەنگە بە سوزانەی کە لە زانستگاکانا ئەگیرران بەم بونەیەوە • وەك ئاهەنگە گەورەکەی زانستگای پەروەردە کردن ( ٢٢ی مارت )و ئاهەنگەکەی زانستگای بازرگانیو ئابوری ( ٢٣ی مارت )و ئاهەنگی زانستگای پزیشکی ( ٢٤ی مارت ) •

**ئاهەنگە گەورەکەی روژی دو شەممە**

لەمانە هەموی گەورەتر ، ئەو ئاهەنگە گەورەیە بو کە برادەران



(٧١)

لە سەر شانوی زانستگای زانیاری ( قاعة كلية العلوم ) گیرایان لـە ڕوژی دو شـەممەی ٢٣ی مارتدا ، وە سـەروکی خوشـەویستو تاقانەمان عبدالکریم قاسمو سـەروکی دادگای گەلو ئەندامـەکانی



بالیوزی سوڤیەتو کوردیک پیکەوە دەسیان هەلبریوە بو نیشانەی برایەتیی کوردو سوڤیەت

(٧٢)

دادگای گەل تیا حازر بون ، جگە لەوەی کە بەشی زوری بالویــز خانەکان بانگ کرابون لە گەل ( وەفدی ئەقافی‌ی چینی میللی )و ( ئەلمانیای دیموکراتی ) کە لەو روژانەدا لە بەغدا میوان بون •

سەعات حەوت‌و چارەکی بو قاپی کرایەوەو بانگ کراوان وەك لافاوی بــەهار رژانە هولــەکەوە تا وای لی هات جیگای میوانەکان نەمایەوەو لە هەندی شویندادو دو لە سەر یەك کورسی دانیشتبون ، بەلام هەر سودی نەبو •• بە هەر لایەکدا سەیرت ئەکرد یا وینەی سەرەك عبدالکریمت ئەدی ، یان دروشمی جوان جوانی وەك (کوردو عەرەب یەك دەستن بو پاریز گاری‌ی جومهوریەتە ساواکەمان) وە (کوردستان ئەکەینە گورستانی ئیمپریالیزم‌و پیلان گیرەکان) وە (لە سەر بەردی برایەتی‌ی کوردو عەرەب ئیمپریالیزم و نوکەرەکانــی وردو خاش ئەکەین ) وە گەلی دروشــــمی تری پر مانا • ســــەر شانوکەش بە وینەیەکی سەرەك عبدالکریم لە ناوەندی دو بەیداخی عیراقا ، وە لە ژیر دروشمی ( بژی رولەی گەل ، سەروکی کوردو عەرەب ، عبدالکریم قاسمی ئاشتی خواز ) رازینرابوەوە •

بریار وابو ئاهەنگەکە لە سەعات هەشتادەس پی بکات ، بەلام هەتا سەعات بو بە هەشت‌و نیو پەردە لە سەر شانو لا نەبرا ، وا دیار بو هیشتا هەندی لەبانگ کراوەکان نەهاتبون •

ئاهەنگە بی هاوتاکەی ئەمســالمان بە پیشــوازی‌یەکی گەرم لە لایەن دوکتور صدیق ئەتروشی‌یەوە دەستی پی کرد ، ئینجا گورانی‌ی (نەوروز) لە لایەن تیپی سرودی یانەی سەرکەوتنەوە پیشکەش کرا •

ئەتوانین بلیین هەتا ئیرای ئاهەنگەکە پچر پچر بو ، چونکە هەر

ئەوەندەت ئەزانی یەکی یا کومەلی لە میوانەکانی خەلکی ولاتە ئیشتیراکی‌یەکان ، یا ئەندامانی بالیوز خانەکانیان خویان ئەکرد بە ژوراو هارەی چەپلە لیدان لە هەمو لایەکی هولەکەوە بەرز ئەبوەوە ، میشکی سەری پیاوی کاس ئەکرد ، نەخوازەلا ئەو کاتە کە یەکیک لە ئەندامەکانی بالیوز خانەی چینی میللی بە چەپکە گولیکی رازاوەی دیاری‌یەوە هاتە ژوری • بەم جورە سەعاتمان گەیاندە چارەکی بوی بو نو • لەم کاتەدا ورتە ورت کەوتە ناو خەلکەکەو زانرا کە وا



سەروکی خوشەویست دیتە ژورەوە

سەروکی کوردو عەرەب عبدالکریم قاسمی قارەمان گەیشت • هاوار لە هەمو لایەکەوە هەلسا ، هولەکە بە یەکجار خروشاو کەس لە جیگای خوی نەما ، هەمو بە یەک دەنگ‌و یەک وچان ئەیان‌وت : ( بژی سەرەك عبدالکریم •• بژی گەل •• رولەی گەل •• عبدالکریم



سەروك وەلامی بە خیر هاتن ئەداتەوە

قاسم ) وە لە پاش زەحمەتیکی زورو تەوقە کردن لە گەل زور لە دانیشتوان بە دەم پیکەنینەوە توانی خوی بگەیەنیتە ئەو جیگایەی کە بوی تەرخان کرابو • ئنجا پیشکەش کەری ئاهەنگ کاك عزالدین مصطفی رسول بە خیر هاتنیکی ئیجگار گەرمو بە سوزی لی کرد بە ناوی گەلی کوردەوە • دوا بە دوای ئەوە گورانیی ( عبدالکریم پاریزەری ینشتمانمان ) بە عەرەبی وترا ، ئنجا گورانی بیژی بە ناو بانگی کورد ( شەمال صائب ) لەگەل ( احمد سلمان ) گورانیی ( هەری لەیلی )یان پیشکەش کرد ئەمیان بە بەرگی عارەبیو ئەویان بە بەرگی کوردییەوە دەسیان خستبوە ناو دەسی یەکتریو بەرزیان کردبوەوە • پاش ئەمانیش (عباس جمیل) سرودی (ئیمە سەربازتین ئەی کریم) ی پیشکەش کرد ، جا نورەیهاوریی تیکوشەر کاك

جمال حیدری هات بو ئەوی وتارە بە نرخەکەی پیشکەش بکات کە تیایا وتی : « ئـەم‌ئاهـەنگ‌و کوبونـەوەیـە نیشـانەیەکی ترە بو دیموکراتیەتی رژیمی نویمان ، ئـەو رژیمـەی کـە سـیاسـەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌ی تیـا نیـە •• ئیمە ئەم جەژنەمان دو جەژنە ، جەژنی پیکهینانی جمهوریەتە دیموکراتی‌یەکەمان‌و جەژنی نەوروزی پیروز •• ئینجا لە بارەی نەوروزە دوا بە شیوەیەکـی میژویی هەتا هینایەوە سەر ئەوەی بە شیوەیەکی عیلمی بوی دەرخستین چون نەوروز باشترین نیشانەیە بو پیویستی‌ی یەک گرتنی گەلان بو



بەچکە شیرانی بادینان هەل‌ئەپەرن

بەربەرەکانی‌ی زور داری‌و چەوساندنەوە» • جا کوتایی وتارەکەی هینا بە (پیشکەش کردنی سـلاوی گـەلی کـورد بو سـەروکی خوشەویستمان‌و سوپای نەبەزمان‌و گەلی عەرەب‌و برا ئەرمەنـی‌و

تورکمانو ئاسوری‌یه کانمان) له پاشا کاك فتاح سعید شالی ئەندامی دادگای گەل وتاریکی پیشکەش کردو وتی : « روژی‌چواردەی تەموز کاوەیەکی نوی له عیراقا دەرکەوت ، ئەویش رولەی نەبەزی گـــەل عبدالکریم قاسمە که سەری زوحاکی عیراق (نوری سەعید)ی پان کردەوە» هەر وەها وتی : « پیویستە له ســــەر برا کوردەکانـــی کوردستانی تورکیاو ئیرانمان پروپاگندەی کونه پەرستانو زورداران نەیان خەلەتینی » وه پیروز بایی ئازاد بونی کوردستانی عیراقی لی کـــردن •

له پاش ئەم وتارە بەنرخە بەچکە شیرانی بادینانی له گـــەل



هەلپەرکی‌یەکی برا فەیلی‌یەکان

(٧٧)




هەلپەرکی‌یەکی تری برا فەیلی‌یەکان
خوشکە ئازادە کانیان هەلپەرکی‌یەکی جوانیان پیشکەش کردو دوا



لەم وینەدا زەعیم‌و مهداوی‌و وصفی دیارن

(٧٨)

به دوای ئەوە پاریزەری نیشتمان پەروەر کاك هەمزە عبد الله وتاریکی پیشکەش کردو تیایا وتی : « گەلی کورد ، بە سەربەستی بو یەکەم جار جەژنی نەوروزی لە سالی ١٩٤٦دا کرد ، لە پاش دامەزراندنی جومهوریەتی دیموکراتی کوردستان لە ( مەهاباد ) بەلام ، لە عیراقا نەوروز هــەر بــە شیوەکی نهینی کراوە هەتا شورشە پیروزەکەی چواردەی تەموز دانی بەوەدا ناکە وا نەوروز جەژنیکی نەتەوایەتیی گەلی کوردەو پیویستە نرخی خوی بدریتی» هەروەها وتی : « دو روداوی یەگجار گرنگ لە پیش نەوروزەکەمانا روی دا کە مایەی شادیو شانازین بومان ، یەکیکیان گور کردی پیلانەکەی دوژمنی گەل ( عبدالوهاب الشواف )ە ، ئەویشیان ری کەوتنە ئابورییەکەی بەینی عیراقو یەکیتی سوڤیەتی مەزنە » بەم جورە سەعاتمان گەیاندە



زەعیم وتارە بە نرخەکەی ئەدا

(٧٩)

دەو چارەکی جا ساردەمەنیو شیرینی بە سەر دانیشتوانا دابەش کرا، پاش ئەوە برا فەیلیەکانمان دو هەلپەرکیی زور جوانیان پیشکەش کـرد •

**وتارە بە نرخەکەی سەرەك عبدالكريم قاسم**

سەعات بو بە دوو نیو ، کاتی ئەوە هات سەروکی خوشەویستمان وتارە بە نرخەکەی بدا ، ئەو وتارە بی هاوتایەی کە هەر لە دو سی وشەیا جاریك بە چەپلە ریزانو هاوار بو ژیانی سەروك ئەوەستیزا •



هەلپەرکییەکی تری بادینانی

سەروکی خوشەویستو تاقانەمان لەم وتارەیدا کە دلی هەمو نەتەوەی کوردی پی خوش کرد ، هەستی راستو پیروزی خوی بە رامبەر گەلی کوردو دانیشتوان دەر بری ، بەوەی کە وتی : « ئیوە خوشكو برای دایکیو باوکیمن •• من ئەمرو بە بونەی ئەم جەژنە پیروزەتانەوە زور بە ختیارم •• وە ئەمەوی پیش ئەوەی بروم ئاهەنگەکەتان بکەم

بە دو ئاهەنگ ، بەوەی مژدەی ئەوەتان بدەمی کە وا لە ماوەی پێنج روژا هەوالیک بە هەمو جیهان ئەگەیەنین کە جیی شانازیو بەختیاریی هەمو لایەک بیت « بەم جورە سەروکی ئازادو ئاشتی خوازی کوردو عەرەب پاش دوایی هاتنی وتارەکەی ئاهەنگەکەی بە جی هیشت ، پاش ئەوەی لە هەمو ئاهەنگو کوبونەوەیەک زیاتر



ئەمەش هەلپەرکییەکی سورانی

کاتی لە گەل بردینە سەر •• بەلی •• ماوەی دو سەعات زیاتری لە کاتی بە نرخی زیرینی بو ئاهەنگی خوشکو برا کوردەکانی تەرخان کردو ، ئەتوانم بلیم لە بەر زوریی ئیشو کارو گرنگیی ئەرکەکانی سەر شانی نەبوایە هولەکەی لە پاش هەموان بە جی ئەهیشت •

پاش هەلسانی خوشەویستی گەل ئاهەنگەکەمان هەر چەندە

گەرمی‌یەکەی پیشانی نەما ، بەلام بە شیوەیەکی جوان گەیەنرا بە کوتایی • پاش پیشکەش کردنی هەلپەرکی‌یەکی کوردی لـە لایەن کچان‌و کورانی سلیمانی‌یەوە ، شـەمال صائب‌و گەلاویژ گورانی‌ی (ئازیز بەهارە)یان پیشکەش کرد ، جا طاهر توفیق (شیرین بەهارە)و حەسەن جەزراوی (کاڤوکی)و ابراهیم شالی (گولالە سورە)یـان پیشکەش کرد ، دوا بە دوای ئەوە شیوەکانی بەرگی کوردی لە لایەن هەندی لە خوشک‌و برایانەوە پیشکەش کرا لە گەل دو هەلپەرکی یەکیان بادینانی‌و ئەوی تریشیان سورانی ، وە کوتایی ئاهەنگ هینرا بە وتاریك لە لایەن پیشکەش کەری ئاهەنگ کاك عزالدینەوە کە بە لی دوانە جوانەکانی کاتی، کـە وتارەکـان ، یا هـەلپـەرکی‌و گورانی‌یەکانی پیشکەش ئەکرد، یا بە خـیر هـاتنی لە میوانەکان ئەکرد ـ سرنجی هەمو لایەکی راکیشابو ••

بەم جورە نەوروزی ئەمسالمان بردە سـەر لـە ژیر سـایەی جومهوریەتە کەمان‌و چاودیری‌ی سەروکی خوشەویستمان عبدالکریم قاسم • هیوامان وایە هەمو سالی بە خوشی‌و کامەرانی لە هەمو لایەك تازە ببیتەوە •

سوپاسیش بو لیژنەی بە ریوە بەر چونکە بە راسـتی خویان ماندو کرد بو ئەوەی نەوروزی سالی سەربەستیمان بە جوانترین شیوە بو ئامادە بکەن •

---

**تکا**

تکا لەو فروشیارانەی هیوا ئەکەین کە ژمارەی نەفروشراوی هیوایان لا مـاوە بومـان بنیرنـەوە ، چونکـە ئەمانـەوی بە بەرگ دەریان کەین •

## چاپکراوی نوی

* ژماره (۱)ۆ (۲)ی سالی تازەی گوڤاری شـەفەق بە شیوەیەکی نوی دەرچوە ، گەلیک باسو هەلبەستی جوانی تیایە •
* ژماره (۱)ی گوڤاری (نەوروز) لە سلیمانی دەرچوە ، هیوامان وایە هەر لە پیشکەوتنا بی •
* روژ ژمیری کوردیی دیوار کو ، دانەری ماموستا نەریمان لە کەرکوک ، دەرچوە • بـە وینـەی سـەروکی خوشەویستو دوانزە ناودارى كورد رازاوەتەوە • بەم زوانەش روژ ژمیری باخەلیش کە ماموستای ناوبراو دایناوە ئەکەویتە بازارەوە •
* ( یادی کوردستان ) کومەلە هەلبەستی کاك عبدالکریم وەباتىيە دانەیەکی بە دیاری بو ناردوین ، سوپاسی ئەکەین •
* ( الاكراد في الاتحـاد السـوڤياتي ) ناميلكەيەكى جوانكيلەيە ، ماموستا محمد توفیق وردی دەری کردوە ، باسی هەمو سەریکی ژیانی برا کوردەکانی یەکیتی سوڤیتمان ئەکا •
* ماموسـتا عبدالرحمن نورجان دانەیەکی لە کتیبە قانونییە بـە نرخەکەی ( شرح قانون الاصلاح الزراعی ) بو ناردوین • زور سوپاسی ئەکەین •

**( ئازادی ) و ( برایەتی )**

وەزارەتی ئیرشاد ریگای ماموسـتایانی تیکوشەر ( محامی نافع یونس )ۆ کاك ( خەسرەو تەوفیق )ی دا کە ئەویـان روژنامەیەکی سیاسی کوردی بە ناوی ( ئازادی )ۆ ئەمیان روژنامەیەکی سیاسی بە ناوی ( برایەتی )یەوە دەرکا • هیوامـان وایە ئـەم جوتـە روژنامە کوردییە بەم زوانە دەرچن بو ئاراستە کردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقا •

## لەم ژمارەیەدا

(١) کوردینە جەژنی نەوروزتان پیروز بی ! : هیوا
(٣) هیوا لە کوری خەباتا : دەستەی نوسەران
(٥) لینین‌سەروكو ریکخەری گەورەترین شورشە لە میژودا : احمد غفور
(١٧) شورشەکەی عیراقو مەسەلەی کورد : صلاح‌الدین محمد سعدالله ( وەرگیر : محمدی مەلا کریم )
(٣٥) جەژنی نەوروز : گوران ( هەلبەست )
(٣٧) لاشەی بدرالدین : ناظم حکمت (وەرگیر : عبدالرزاق حمد بیمار)
(٤٤) مەولەویو بەهار ( هەلبەست )
(٤٦) نەوروزی ئەم سالمان : محمد نوری توفیق
(٤٩) سلاویك٠٠ : عزالدین مصطفی رسول
(٥١) سەردار : هوگر گوران
(٥٣) رزن کردنەوەیەك لە لایەن کومەلی خویندکارانی کوردەوە لە ئەوروپا
(٥٧) هیواو خویندەوارانی
(٦١) کونگرەی یەکیتی‌ی گشتی‌ی قوتابی‌یانی عیراق : احمد حامد قادر
(٦٨) نەوروزی سالی ١٩٥٩ لە بەغدا : کمال مظهر أحمد

---

**تکا**

تکایە لەمەو پاش ئابونەو پارەی فروشتنی هیوا بەم ناوو نیشانەی خوارەوە بنیرن :

بغداد • مدیریة انحصار التبغ لمنطقة بغداد

الاستاذ مکرم الطالبانی

**تکا**

تکایە ئەوەی ئابونەی هیوای لا ماوە زو بە زو بومان بنیری •

# باوەر پێ کراوانی هیوا

له :ـ

بەغداد    مامۆستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە

سولەیمانی :ـ ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

٣ ـ محمد رسول ـ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی

٤ ـ احمد عباس کریم ـ نامەخانەی بیری نوی

کەرکوک :ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

هەولیر :ـ قادر احمد خوشناو ـ خاوەنی نامەخانەی شورش

شەقلاوە :ـ ١ ـ نامە خانەی یەکیتی

٢ ـ نامە خانەی سەربەستی

کویـه :ـ نامە خانەی کوردستان

رانیـه :ـ عزیز صدیق ـ کوگای بیتوین

هەلەبجە :ـ سید حسین ئەمین

زاخـو :ـ محمود حاجی احمد ، مکتب التحریر

قەلادزی :ـ نورالدین مەلا صابر

رەواندز :ـ علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خانەقین :ـ حبیب نەوروز : کتیبخانەی سیروان

موصـل :ـ سید علی ـ مکتبة الامین ـ شارع النجفی

چەمچەمال :ـ محمد سعید عبدالرحمن ـ خاوەنی کوگای فەریاد

« چاپخانەی شەفیق ـ بغداد »

# هیوا

## گوڤارێکی ئەدەبی و زانستی یە

مانگی جارێک دەرئەچێ

# HÎWA

## Govarêkî Edebî u Zanistîye

Mangî Carék Dereçê


---

Bexdad - Gapxaney Temedun
M. Salih El-E'zemî

بەغداد : چاپخانەی تمدن
محمد صالح الاعظمی

# گۆڤاری هیوا

## ژماره( 9، ١٠ ) ساڵی ٢ نیسان و مایسی ١٩٥٩


هیوا
HIWA

# هیوا

عبد الرحمن

ژماره ۹ ، ۱۰
سـالی ۲
نیسان ومایس ۱۹۵۹
بانەمەررو جۆزەردانی
۲۵۷۱

## گوڤاریکی ئەدەبیو زانستی‌یە

مانگی جاریك دەر ئەچی

## « هیوا لە کورری ئەدەبا »

ئەدەب هــەروەك ئاویکی هەڵقولیوی کانیــاوی دەرونو وەك بەرهەمیکی بیرو بەریکی هوشی مروڤ ، بەشیکە لــە مروڤ خوی ، لە هەستو هوشو بیری ، لــە ئاوینەی ژیانی ، لــە روی راستەقینەی ژیانی ئابوریو ئایدولوجی چینایەتی ، وەئەدەب وەك بەرهەمیکی‌بیر ، بەشیکی ئەوتویە کە جیانابیتەوە لــەو کیشەیــەی ژیانی مروڤایەتی ، ژیانی خەباتی چینایەتی وژیانی خەباتی هاوکاری چینە نیشتمانیەکانی وولاتی داگیرکراو بەرامبــەر بــە ئیســتعمار وهــەمو نوکەرو پیلان وپوخلیەکی ، کە واتە ئەدەب هەمیشە سەربازیکە لە کوری جەنگا ، وە جیگەو سوپەری خوی هەیە لــەو سوپاگایەدا کە خاوەنەکەی بو خوی داناوە ، لە کوری ئەو جەنگەدا • وە هەروەکو ووتمان ئەوەی ئەدەب لە شیوەکانی تری ئەو کیشەیە جیا ئەکاتەوە ، ئەوەیە ، کە

ئەدەب بەرهەمێکی بیرەو ، بەرهەمێکی رەنگینی بیرە کە شێرازەو چوار چێوەی تایبەتی خۆی هەیە لە روی هونەرەوە ، دیسانەوە جورەها جوروریگەی جیاجیاش هەیە ٭

وە هەوەهەرکو ئەدەب وئەدیب بەشیکن لە گەل ولە زورانبازی چینەکانی گەل ، بەرامبەر بە یەکو خەباتی هاوکاری چینە نیشتمانیەکان بەرامبەر بە ئیستعمار ٭ ئەبی ئەو ئەدەبە بو گەل بیت ، وە هەست وئازاریو ئاواتی گەل دەرخات وەبچیتەناو جەرگەی گەلەوە ، وە بەشیکبیت لە تیکرایی خەباتی بەڵکو پیشەنگیك بیت ریگەی بۆ رونبکاتەوە ، وئەدیبەکان بە راستی ببنە « ئەندازەگری دەروونی مروڤ » وە کە ئەڵین ئەدەب ئەبی بچیتە ناو جەرگەی گەلەوە دیارە ئەوە ناگەیینی کە ئەدەب خۆی لە بیر بچیتو رادەو سنورو دیمەنیخوی لە یاد بکات کە ئەوبەشی بەرهەمی بیرەیە کە بە جوانیو رەنگینیەکەی هەست ئەجولینیتو دەرون ئەهیننە جوڵەو هوشمەندیگەل بەرەوژوور ئەبات ، بەرەو پلەیەکی بەرز ٭ یانی ئەبی هەموو کات ئەدەب هاوبەش خەباتی گەل ورادەی جوانی دیمەنو ناواخنی خوی تیکەل بکاتو بە جوریکیئەوتو بروات کە لە سەرخۆ گەل بگەیینیتە رادەی چەشتنی بەرزترین جوری ئەدەب ٭

« هێوا »ش ، هەر لە سەرەتای لە دایکبونیەوە جیگەی خوی زانیوە وە سوپەری خوی دوزیوەتەوە ، لە سوپاگای گەلدا ، وە بەپییتوانا لە روژانی رژیمی بوگەنی کونەپەرستیا چەکیکی خەباتی گرتوە بە دەستەوە کە ئەوسا زورتر بو پاراستنی گەنجینەی نەتەوایەتی کورد بو ، لە رۆژانێکا کە ئەو رژیمە ئەیویست بە

(٢)

دووا ریچەڵەکی ئـەو گەنجینـە پیروزەدا بێتـە خواری وە تۆزی نەهیڵی ، وە هەروەهـا « هیوا » وەك سـەربازێکی کۆرری ئـەدەب هەوڵی داوە کـە وردە وردە باوەشینی ئاگری خەباتی گەلی کورد بکات وبیگەشێنێتەوە ، دیسـان روانیویەتـە ئـەوەی کـە دیمـەن وناواخنی ئەدەبەکەش لـە بەرزیدا لـە گـەڵ یەك رێك‌بنو رادەی زانستی گەل بەرز بکەنەوە •

« هیوا » وەکو دیارە گۆڤاری یانەی سەرکەوتنی کوردان بوە ، وە ئەگەر هەندی لـە نوکەرە چەپەڵەکانی ئیسـتعمار لـەو روژەدا جارجار توانی بیتیان دەست بکیشن بە سەر یانەدا ، « هیوا » شانازی ئەکات کە ئەوانەی سەرپەرشتی گۆڤارەکەی یانەیان کردوە لە هەمو کاتدا کەسانی نیشتمان‌پەروەرو پاك بوون ، وە لە روی سیاسەتەوە سەریان بۆ ئەو نوکەرانەی ناو یانە شورر نەکردوە • بەم جۆرە هەر لە سەرەتای شورشـەوە ، « هیوا »بوو بـە دەنگیکی شورش بۆ ناو گەلی کورد • وە بەم پی‌یە وە لە بـەر نـەبونی روژنامـەو گۆڤاری سیاسی کوردی لە سەرەتای شـورشدا « هیوا » توانی ئـەو ئەرکە بگرێتە شان ولە سنوری خزمەتی گـەل لـە رووی ئەدەبەوە بچیتە دەری‌بۆ خزمەتی سیاسی • بەڵام ئیستا کە سەربەستی دیموکراتی لە وولاتدا بەری فراوان‌کراو ماوەدرا بـە رۆژنامـە وگوڤاری سیاسی کوردی ، « هیوا » وا بە پیویست ئەزانی کە بگەریتەوە سوپەرەکەی جـارانی ودەس‌بکات بـە پیش‌خسـتنی ویژەو هونـەری کـورد ، وەدیارە گۆڤاریکی‌واش لە ژیر ئاسمانی سەربەستی دیموکراتیا هەر ئەوەندە پیوەندی بە کاروباری سیاسەتەوە ئەبێ کـە ئـەدەب خۆی

پەیوەندی هەیە بە سیاسەتەوە •

جا لـە سـەر ئـەم پەیرەوە « هیوا » دەنگیکی بڵندی ئەدەبی شورشگیری گەلی کوردە ، دەنگی رەنگینی هونراوو پەخشانی گەلی کوردە وە هـاوبەشـیکەرە لـە جوانکردن ورازانـەوەی تـەلاری گەنجینەی نەتەوایەتی گەلی کوردی نەبەزی نەبەردا •

« دەستەی نووسەران »

## اعــلان

وضع فى المناقصــة الســرية مجددا تعهد توسيع بنـاية المركز الاجتماعى فى الشيخ عمر فعلى الراغبين من الذين غير محكوم عليهم بجناية أو جنحة مخلة بالشرف والحائزين على شهادتى غرفة التجارة وضريبــة الدخل مراجعة شـعبة الحســابات بديوان وزارة الشؤون الاجتماعية للحصول على نسخة من الشروط التى تبلغ قيمتها ـ/٢ دينارين نقدا وتقديمها الى مجلس ادارة لواء بغداد فى الساعة التاسعة صباحا من يوم الاربعـاء المصادف ١٠ـ٦ـ١٩٥٩ مصحوبة بالتأمينـات القانونية البالغة ـ/٧٠ دينارا اما نقدا أو كفالة من البنك •

كل مناقصة لا تقدم فى الوقت المعين وغير معززة بوصل التأمينات والشروط المطلوبة تهمل •

أمير اللواء الركن
طارق سعيد فهمى
متصرف لواء بغــداد

# لیکدانەوەی موسیقا بە شیوەی سیاسی

نوسینی احمد بەهاءالدین
وەرگیر عەتاتالەبانی ، وفاتح عبدالکریم

بوچی گوی لە موسیقا وگورانی ئەگریت ؟..

بی گومان ئەلییت : بۆرابواردن ... قەی ناکا .. چونکە ئەگەر موسیقا دڵنەکاتەوە موسیقانیە !..

بەڵام ئەوتامو خوشی یەی کە لە موسیقادا هەیە زدی « معنا » نیە ، تی گەیشتن لە کروکی موسیقا رابواردنە کەی لانابا ، بەلکو زیاتری ئەکات . لە هەمو هونەریکا ، بەشیوەیەکی گشتی ، دو چەشن رابواردن هەیە : یەکەمی یان خوشی ئەو ساتەیە کە تی پەر ئەکاو پاڵدانەوە ولە بیربردنەوەی پەژارەیە .. دوهەم خوشی بوژاندنەوەی بیرو هەست ووریا کردنەوەی میشکە بۆ چەن ئاسۆیەکی تازە لە ژیان و بیروباوەردا ، جیاوازنی بەینی ئەم دوو چەشنە رابواردنە جیاوازنی بەینی هونەریکی بە نرخو هونەریکی هیچ وپوچە !..

موسیقا چیمان لیّ ئەکات ؟!..

بیهینە بەر چاوت کە گویّ لە وتاریك ئەگری .. بیّ گومان کاکڵی ( جەوهر ) ئەووتارە بریتیە لە بیروباوەری خاوەن وتارەکە .. بەڵام ئەگەر خاوەن وتار وشەکانی دا بە سەر یەکا وهیچ نەوەستا وەپلەکانی دەنگی نەگوری وئاوازەیەکی تیانەبو .. ئەوا ئەووتارە کارت تیّ ناکات وجیگیرنابی لە دڵتا .. کەوابی موسیقای وتەدان :

( موسـیقی الالقـاء ) مانای وتارەکـە زیـاتر ئـەکا وە چاکتر کـار ئەکا لەدلا ••

ئەو متأثری‌یەی کە رومان تی‌ئەکات ، لە کاتی گوێ گرتن لە موسیقایەك ، نیشانەی هەست کردنە بـەو جوانیـەی کە لـە ئاوازە کەیا هەیە ••

موسیقا دەنگیکی بۆش نیە بەلکو وینە گرتنیکە ، بەآواز ولیدان بو شیوەی پەیوەندی آدەمیزاد بەیەکترەوە ، وەبوژیانیان ••

هەر لـە بەرئەمەیە ئەگربمانەوێ لە موسـیقایەك تێبگەین ، ئەبێ بی‌بەینـەوە ئەوروژەی تیاهاتوەتە روی‌کار وەسـەیری هـەمو رزوفیکی سیاسی وکۆمەلایەتی ئەووەختە بکەین ، کە وابو هەر وەك ئەتوانین میژوی کومـەلی ئادەمیزاد لەسـیاسەت ، ویژە ، آبوری‌یا بخوینینەوە ، وەهایش ئەتوانین لە موسیقایشا بخوینینەوە •• ئا ئەمەیە کە ( سیدنی فینلکستین ) لەم‌کتیبەدا پیشانمان‌ئەدا ••

ئەم‌کتیبە ، بەم‌شـیوەیە ، شتیکی‌تازەیە بۆ خوینەواری میسر ، چونکا تائیستا روژنامەکان وایان بردوەتە میشکیانەوە کـە گوایا •• هونەروەر رومەتی‌جوان‌و قەدی باریك نـەبێ شتی‌تر نایگەشینیتەوە وە بەتایبەتی موسیقارەکان هیچ‌گیرو گورفتیکیان نیـە گیرو گورفتی (جنسی ) نەبێ ••• وە هەمیشە خەریکی راو نانی ئافرەتن وە نایان پەرژیتە سەر ئەوەی کە سرنج لەبوو ( واقع ) بدەن وە لـە چلونی کۆمەل بکولنەوە ، وەخەبات بکەن لە پیناویا !••

### موسیقای دەرەبەگ
### « موسیقی الاقطاع »

لە چەرخەکانی ناوەراستا ئەو یاسایەی کە باو بو لە ناو کومەلا

یاسـای دەرەبەگ بو • چارەکان : ( قیاصرە ) وە وەجاغ زادەکان : ( نبـلاء ) خاوەنی زەوی وزاربون ، جوتیـارەکان کویلـەبون وە بەسرابون بە زەوییەوە ، لە بازرگان‌و پیشەسازە دەستییەکان وەك دارتاش ، ئاسـنگەر ، کەوش‌درو ، لـەمانە شـارپەیدابو ، ئـاخری ئەمانەتوانیـان سـەروك بۆخویـان هـەلبژیرن وەنزیك نیـەوە لـە جەمهوریەتەوە ، وەك ( بندقیە ) و ( فلورنسا ) لە ایتالیا •

موسیقاش لەم چەرخەدا سێ‌جور بوو : موسیقای کەنشتە کە لە مناسەبەتی ئایینی‌دا لێ ئەدرا ، موسیقای کوشکی شاهانە : (بلاط) کە لە ئاهەنگ ورابواردنی شەوانی کۆشکا لێ‌ئەدرا •• موسـیقای میللی ، واتە :ـ گورانی درەو ، زەماوەند ، جەژن •••

موسیقای کەنشتە وینەی ژیانی ئـەو گیتی پیشـان ئەدا ، واتە ( قیامەت ) ••• موسـیقای ( بلاط ) وەختی‌یـان پی ئـەبردە سـەر وبەس •• بەلام موسیقای میللی کەوتە پیش قافلەی گوران ( التطور ) وەتیکەل بو لە گەل هەلبەستا وشیوەی خـەباتی وەرگرت : سـرود ( نشید ) گورانی جوتیارەکان وکویلە ( عبید )کانی پێ‌ئەوترا ، ئەو سرودو گورانیـەش بەدەوری شەخسیەتیکا ئەسواریەوە ، کـە لـە سنوری یاسـا دەرچوە وگالتە بەپاشـاو وەجاغ‌زادەکان ئەکات وداد پەروەری ئەکا ویارمەتی هەژاران ئـەدات ، وەك چیروکی ( روبین هود ) لە ولاتی ئنگلیز ••

سالی ۱٤۰۲ ئەنجومەنی گشتی بریتانیـا یاسایەکی دانا ، بەپیی ئەو یاسایە یاساغ‌کرا سرود خوینەکان بچنە ناوچەی ( ویلز ) چونکە بوبون بە هۆی هەلگیرسانی ئاژاوە لەویدا •••

بەڵام لەپشتی شورای شـارە.بچوکە کانا شتیکی زۆر گرنگ روی دا !! ئەوەش ئەوەبو کە ئاوازی موسیقایان چاپ کرد ، ئەمەش بو بە هوی بڵاوبونەوەو خویندنی یەکەم موسیقایەکی چاپ کە لـە شاری ( بندقیە ) دەرچو لە ساڵی ١٥٠٠ .

وەزع بەم چەشنە مایەوە بـە بی‌گوزانی کە شـایانی باس‌بێ ، هەتا سەدەی حەفدە وهەژدە .. دیلیەتی‌و دەرەبەگی‌و دەس دریژی کەنشتە مایەوە ، رەوشتی ئەو وەختـە وابو کە هـەر گەورەیە لـە کوشکەکەیا ، چیشت‌کەری بوچیشتخانە ومەیتەری بـو ئەسپومایین رابگرێ .. هەروەهـا ماموستایەك بۆ مناڵەکانی وموسـیقا ژەنی بۆ ئاهەنگ رابگرێ !!.. دور نیە ئـەو موسیقاژەنە یەکیک بوبی لـە هونـەرەوەرە بـەرزەکان ، بـەڵام هیچ جیـاوازنی نـەبوە لـەگەڵ چیشت‌کەرو مەیتەرەکەیا !.. وە هونەرەکەیشی بەچاوی ریز تەماشا نەکراوە ، تەنها دەرسی موسیقای داوە بە مناڵی خوا پێداوەکان ، وە لە ئاهەنگی پیاوماقوڵەکانا ... لـە سوچیکی ژورەکەدا راوەسـتاوە وموسیقای لێداوە ، لەکاتیکا میوانەکان خەریکی خواردن وخواردنەوە وچەنەبازی بوون ، پیویست‌بو ئـەو پارچە موسیقایەش وەهابی کـە یەکیك بەتەنهـا بتوانی لی‌ی بدا ، چونکە ئـەبوا لـەگەڵ هودەکـە بگونجایـە وە دنگی نزم بوایە ، نەوەك میوانـە نازارەکان لییان تیك بچوایە وئاهەنگەکەیان بەدڵنەبوایە !... هەروەها گوییان نەئەدایە جار جار نەبێ کە ئاوازەکە ئەیدا لـە پەردەی گویی پیروزیان ، لـە کاتیکا ئـەوان بەقاقای پیکەنین وخواردن وخواردنـەوەوە خـەریك بون !...

(٨)

لەوەپاش لە ( فلورنسا بەندقیە ) ئوپرا پەیدابو ، بە دەر کەوتنی ئوپرا تیپی موسیقا وئالاتی زۆر دەرکەوت لەوادوا بو بە تیپی سەمفونی ، ئەمجارە ئوپرای ( کونسرتو ) پەیدابو کە ئەویش جورە موسیقایەکە بە ئالاتی گەورە لیٚ ئەدریت ••• پەیدابونی ئوپرا وکونسرتو راپەرینیکی گەورەبو لەروی کەنشتەو دەرەبەگ ، چونکە موسیقاژەن لە خزمەتکاری ماڵەگەورەوە بو بە هونەروەر ( فنان ) لە جیگا گشتییەکانا کە ژمارەیەکی زور رویان تی ئەکرد •••

ئەم گورانەش شتیکی سوکو ئاسان نەبو •• ( هاندل ) لە وولاتی ئینگلیزەوە دەستی کرد بەلیٚدان ( عزف ) لە جیگا گشتییەکان و( فیفالدی ) لە ایتالیا ئوپرای لیٚئەدا وەلە هەمو بەرزتر ( باخ ) لە ئەلمانیادا لەکەنشتەدا لێیئەدا وەدەرگای ئەکردەوە بۆ هەموکەس •• بەم جورە ئەمانە بەردی بنچینەی ساڵونی گشتی موسیقایان دانا •••

ئەم موسیقا تازانە ، کە ئەم بلیمەتانە دایان ئەنا ، بە کەڵکی دیوەخانی وەجاغزادەکان نەئەهات ••

بۆنمونە : ئوپرای سواڵ کەران ( أوبرا الشحاذين ) کە لە هەمو وڵاتی ئینگلیزا باو بو وباسی شورشی گەلی میللەت ئەکات لە روی جەورو سزای وەجاغزادەکان • هەروەها ( باخ ) لە ئەلمانیادا رەخنەگرەکان دابویانە بەر رەخنە ، گوایا لییتیٚناگەن ! یەکی لەبرادەرەکانی وەرامی ئەدانەوە : چونکە موسیقایەك لیٚ نادا لە گەڵ ئاهەنگی خواردنەوەدا لێی بدری ، وەئەو ، وەك هونەر وەریکی راستەقینە ئەبیٚ لاسایی سرشتبکا ویارمەتیبدات هەتا ئەتوانی •••

بەڵام ئەم سەربەستی‌یە سەربەستی‌یەکی تەواو نەبو ...
چونکە موسیقاژەن پیویستی بەژیان هەیە ، رزق وروزیش لەدەستی کەنشتەو وەجاغ‌زادەکانا بو .. « باخ » خۆی لە ماڵی دوق‌فیمار موسیقای لیٚ ئەدا ، لە پاشا بو بە ماموستای موسیقا لە کەنشتەدا ، یاسای دەرەبەگیش نەی ئەهیشت لە موچە ( وظیفە ) یەکەوە بچیت بۆ موچەیەکی‌تر ، یا لە شاریکەوە بچیت بۆ شاریکی‌تر ، بە ئیزنی ئاغا نەبوایە ..

ئەگەر بریاری دامەرزانەکەی بخوینیەوە بومان دەرئەکەویٚ کە لە چ زروفیکا ژیاوە : « پیویستە لەسەرت دڵسوزیکی لایەنگری بەگویٚکەر بی بۆ ( کونت ) ئەبی رەوشت‌پاك بی ویاریدەری ئیدارەبی ، خوت نەپیچیتە ئیشتی‌تر بیجگە ئیشەکەی خوت !! » ..

**سەربەخویی هونەرمەند**

ئەمجارە ( موزار ) هات قوناغیکی‌تر شورشی لە زدی دەرەبەگ پیش خست ، رەخنەگرەکان موزاریان ناونابو ( فولتیری موسیقا ) چونکە زور بە توندی هیرشی ئەبردە سەر موسیقای دەرەبەگ وەك چون فولتیر هیرشی ئەبردە سەر بیروباوەری دەرەبەگ .. تەنانەت چوە ناو ئەو کومەڵە نهینیانەوە کە بەربەرەکانی‌یان ئەکرد لە گەڵ ( کەنیسە ) ودەربەگی‌یا .

واز هینانی موزار لە خزمەت کردنی‌قەشەی ( سالزبورگ ) ئاگاداری یەکی میژوی‌بو بۆسەربەخویی هونەرودر وبوئەوەی کە هونەرودر مروڤیکە خاوەن‌بیر وداهینەر ، نەك تەنها خزمەت‌کاری کەنشتەو وەجاغ‌زادەکان ، جا لەبەر ئەوەی کەقەشەی (سالزبورگ)

خاوەنی دەسەڵاتیکی زوربو ، موزاری توشی گەلێ دەردیسەری وئازارکرد ، هەر ئەوەبو بوبەهوی مردنی پیشوادەی !!!••

موزار تالاّوو سزای زوری خوارد ، ئەو سزایەی کە هەمو تیکوشەری ئەیچەژێ •• لە سەریکەوە ، بۆ ئەوەی بژی ونەمرێ ، ئەبوا لە گەڵ ئەو چەشنە موسیقایانەدا بروێشتایە وەجاغ زادەکان پییان خوشبو ، لە لایەکەوە ، بۆ ئوەی نامەپیروزەکەی خوی بگەیێنیتەجی ، ئەبوا بیرو باوەرو هەستی بەجوشی خوی بخستایەتە ناوئەو شیوە کونانەوە !••

بەلام موسیقاکەی ئەو لە سەر جادە برەوی زیاتربو هەتا ساڵونەکان ، ئاوازەکانی لە شەقامەکان ، باغچەکان ، بارەکان ، ئەوترایەوە ، تەنانەت سواڵکەری شمشال ژەن ، بە تەمای ئەوەنەبو شتیکی دەس بکەوی ، ئەگەر پارچەیەك لە موسیقای موزاری لێنەدایە !•• لە ساڵونەکانیشا رەخنە گرەکان ئەیانوت : « ماوەی خوشیو ئارامی‌نادا بە گویێ گرەکان ! کە بیریکی جوان تەواوئەکا بیریکی‌تر دینی بە دوایا کە ئەو لە بیخ هەڵئەکەنی و لە ئەنجاما هیچ‌نامینی !•• » واتە دانیشتوانی ساڵونەکان !• نایانەوی گوێ لە موسیقایەك بگرن کە بیستەکەی مانوبونی تیابی !

( موزار ) ئاوازە هەلگیرساوەکانی خوی ئەخستە قالبیکەوە کە نان بە دەستەکانی رازی بکردایة ! ئەم پیاوە شورش گیرە ناچار بو بی‌دڵی وەجاغ زادەکان نەکات ! تەنانەت یەکیکیان پارچەیە موسیقای موزاری‌کرد بە هی خوی ، موزاریش ، مادام نرخەکەی وەرگرتوە !! ئەبو بی‌دەنگ بوایە !

له ئوپراشدا موزار هەنگاویکی گەورەی‌نا •• ئەوسا شیوەی ئوپرا دەرەبەگی‌بو •• لە دەوری چەن‌کەسێ ئەسورایەوە لە وەجاغ‌زادەکان وله جیهانیکی نەگوراوا !•• بەلام که موزار هات ، ئوپرای « کومیدی » دەرکرد کە باسی رزگارکردنی کارەکەریکی ئەکرد له حەرەم سەرای گەورەیەکی تورك ، ئەمەش پر بو له باسی ئازادی وسەربەستی ئافرت ، یا ئوپرای ژن هینانەکەی فیجارو ( زواج فیجارو ) کە لەو ئوپرادا ( کونت ) ئەکا بە پیاویکی پیسی بێ‌میشك ، وە خدمەت‌کارەکە : ( فیجارو ) بە پیاویکی بەست‌و تی‌نەگەیشتو پیشان نادا ، بەلکو کردویەتی بە پالەوانی چیروکەکە وە بەمروڤیکی پر له پیاوەتی که پاریزگاری مافی خۆی ئەکا له خوشەویستی و سەر کەوتن •

بویە ئوپرای ( زواج فیجارو ) توشی گیرو گورفتیکی زور بو‌و لەلاین دەرەبەگەوە یاساغ‌کرا ••• لە پاش‌ئەمانە شورشی فەرانسە هاتە پیشەوە ، که هەمو جهانی لەرزانەوە وریگای خوش‌کرد بۆ بیتهوڤن وشوبیرت •••

* * *

## بیتهوڤن

بیتهوڤن له تەمەنی ١٩ سالی‌یابو که شورشی گەورەی فەرەنسا بەرپابو ، بیتهوڤن لە ناوچەی ( راین ) لە دایك‌بو که نزیك‌ترین ناوچەی ئەلمانیایە له فەرەنسەوە ••

باوکی له کوشکا بە کرییەکی کەم کەمانجەی لێ‌ئەدا ، دایکیشی بیوە ژنیك‌بو که کونەمیردەکەی چیشت لێ‌نەربو ••

بیتهوڤن گەنجایەتی خوی بەسەربرد ، وە بە وردی سەیری ئەوکارەساتانەی ئەکرد کە لە پشتی ( راین )ەوە روی ئەدا کە بیروباوەری ئازادی وبرایەتی وچونیەکیو پەیمانی مافی ئادەمیزاد بریار درا ... فەلاحەکان بەدەم سرودی ( مارسیلیزەوە ) سوپای ئیمپەراتورو وەجاغ زادەکانیان شکاند ... وە چینی ناونجی هاتنە سەرکار ...

کە بیتهوڤن لە ساڵی ۱۷۸۲دا رویشت بۆ پیتەختی موسیقا : شاری ( ڤینا ) دی کە ڤینا خەو بە دیموکراسیەوەتەوە ئەبینی ، واتە : زور بە پەروشەوەیە بۆ یاسای دیموکراسیەت ...

ئەم حەز لی کردنە لەوەدا دەر ئەکەوت کە میللەت بە رادەیەکی زور هوگری هەمو هونەری ئەبون کە مانای سەربەستی بگەیینی یاخۆ روخانی یاسایەکی کون ...

زور گران بو کە بیتهوڤن لە پیتەختی کونەپەرستیدا بیروباوەری جەمهوریەتی خوی دەربخا وە بە ئاشکرا لایەنگری سوپای فەرەنسا بکات .. بەلام لە گەڵ ئەوەشا ئاوازی « قارەمانی » دانا « ئیرویکا » وەکردی بە دیاری بۆ ناپلیون ! هەر کە لە دانانی ئاوازەکە بویەوە بیستی کە ناپلیون جەمهوریەتی هەڵوەشاندەوە وخوی کرد بە ئیمپەراتور .. ئەمیش ئاوازەکەی وردو هانکرد ، وەبەم کردەوەیە هەستی پیروزی خوی دەربری بەرابەر بە جەمهوریەت ، ئەتوانین موسیقاو ژیانی بیتهوڤن بکەین بە سێ قوناغ .

قوناغی یەکەم : ئەو کاتەبو نەدارایەکی نەناسراوبو ، وەزور بەگران ریگای هونەری ئەبری ، ژیانی بریتیبو لە چەن دەرسیکی

موسیقا کە ئەیوتەوە بەدەوڵەمەندەکان ، یا لە چەن ئاهەنگێکی تایبەتی‌یا ئاوازی لێ ئەدا •• لەم قوناغەدا پارچەی ( سوناتای ) دانا کە ئەگونجا بۆ لیدان لەژورو ئاهەنگی گەورە پیاوەکانا ••

ڤوناغی دوهەم :ـ لە ساڵی ١٨٠٢-١٨١٤ ، لەم ماوەدا بیتهوڤن لە هەمو پیتەختەکانی ئەوروپادا ناوی دەرکرد ••• بیجگە لەوەش چینی ناونجی : ( الطبقة المتوسطة ) وردە وردە پەرەی سەندو بەهیزبو ، وە کەڵکی ئەوەی پیوەبو کە هونەر وەر لە سەر حسابی ئەو چینەبژی ، وژیانی بیتهوڤن کەوتە سەر ئەوئاهەنگانە کە ئەی‌گیرا بۆکومەڵ •• هەروەها پارچەی موسیقای ئەفروشت لە بازاریکی سەربەستا ، دور لە قەدەغەکردنی وەجاغزادەکان •

بیتهوڤن لەم قوناغەدا زوربەی بەرهەمەکانی هینایە روی‌کار ، وەهەرلەم‌ماوەدا هەشت سەمفونیەکەی دانا ، لە گەڵ ئوپرای « فیدلیو » ، وە سەرەتایی‌یەکانی « اجمنت » و « کوریولانس » •

سەرکەوتنی سەمفونیە بەم چەشنە نایابە لە سەر دەسی بیتهوڤنا شورشیکی گەورەبو لە جیهانی موسیقادا ••• چونکە سەمفونیە بە کەڵکی‌ئەوەنایە لە شوینی تایبەتی دەولەمەندو وەجاغزادەکانا لێ بدرێ ، بەڵکو شوینیکی گەورەی ئەوێ کە گەل روی تی بکا ، وە پیویستە ئەو کەسەی کە دای ئەنێ‌زاناو ئاگاداربی لە توانای تیپی گەورەو شوینی پان‌وپورو فراوان •

جیاوازنی سەمفونیە لەو پارچە موسیقا کونانە وەکو جیاوازنی وتاریکی گشتی‌ناو گەل وچپەی ناوژورە !••

خەلك سەرسام بون لەو ئاوازی پاڵەوانیەتی‌یەی کە لە

سەمفونیەکانی ئەم بلیمەتەدایە ، هەروەها سەرسامبون لە کوبونەوەو روکردنی چینی ناونجی شارەکان لەم سەمفونیانە کە هەرگیز لەوەپیش شتی وایان نەدیبو •• بە رادەیەك سەرسام بون لە هیزو کاری ئەم سەمفونیانە ، پی‌یان‌ئەوت : ( وحشی ) •

لە هەمولایەکەوە روی هیرشی تیّ کرا ، رەخنە گرەکان ئەیان ووت : بیتهوڤن بەربەرەکاینی هەمو هیزە سیاسی‌یەکان ئەکاتو سەر بە جەمهوریەتە ، وە بە بەهانەی ئەوەی کە گوایا پایەی موسیقاکانی نزمەو مەترسی لیّ ئەکریّ کە کار بکاتە سەر پایەی زانیاری قوتابی ، یاساغ‌کرا کە لە قوتابخانەکانا بخوینری •• بەلاّم ئەوان بە دزی‌یەوە لە بەریان ئەکرد •••

هۆی سەرکەوتن وناودەرکردنی موسیقاکانی بیتهوڤن ئەوەبو کە لە گەلّ گیانی روژا ئەگونجا ، موسیقاکانی نەرمو ناسكو نزم‌نەبو کە لە گەلّ‌ئاهەنگو سەمای کوشکەکانا بگونجی ••• هەروەها خەفەت بارانە نەبو کە دەلاّلەت لە پیّ ناخوش بون بکا لە روخانی چەرخی کون ••• بەلکو بەهیز وقارەمانانە بو ، پربو لە بەربەرەکانی‌و بەگژاچونی سیاسەتی ئەوروژە ، وە خەلّکی دلّنیائەکرد کە گوران شتیکی پیویستو بە کەلّکە •••

قوناغی سی‌هەم : لە سالّی ١٨١٤ وەهەتا کوچی دوایی ، لەم ماوەدا بیتهوڤن ١١ سالی رەبەق هیچ سەمفونیەکی دەر نەکرد ، لە پاش ئەم ماوەیە دوا سەمفونیەی دەرکرد کە سیەمفونیەی نوهەمە ••

هۆی ئەم بیّ دەنگی‌یە دورو دریژە چی‌بو ؟!

ناپلیون شکا ، یاسای پاشایەتی گەرایەوە بۆ فەرەنسا ، شەپولیکی

بەسامی ترساندنو چەوسانەوە ئەوروپای گرتوە ، پیتەختەکان ـ لە سەروی هەمویانەوە ڤینا ـ پر بوبو لە گوێبەل ( جاسوس ) وسزادان ، سەروکە ئازادی خواهەکان دوچاری ئاگری بەتینی چەوسانەوە بون •• بی‌گومان لە روژی وەهاییا زوّرگرانە ئەوجورە موسیقا گشتی‌یە بەترخانە بخریتە کایەوەو بهینرینە مەیدانەوە ، بویە دوبارە بیتهوڤن بای دایەوە بو لای ( سوناتا ) ، لەگەڵ ئەماشا وەنەبی گیانی ناهومیدی وسەر شوری وملکەچ‌کردنی بڵاو کردبیتەوە •• نەخەیر •• بەڵکو موسیقاکانی ئەو قوناغەی بیتهوڤن دڵی پیاوی پر ئەکرد لە هیزی بەرگری وسەر سەختی وحەز لە ژیان کردن ••

ئەو هەستی خوشەویستی‌یە کە لە پارچەی روناکی مانگ : « ضوء القمر » دا هەیە بە قەد توزقالی نیشانەی خەفەت باری وپارانەوەی تیانیە ، وەکو شیوەی خوشەویستی کون ، بەڵکو تیکەڵبو لە دڵ نەرمی وخوشی وئاوازنی سست کە دیمەنی‌گوزی ( رومیو جولیتی ) پێ دەرئەخا ، وە لەم پارچەدا رازنی‌بون بە مەرگ پیشان نادا ، بەلکو تیکوشان وزوران بازی پیشان ئەدا لە پیناوی ژیانا ••• وە هەروەها لەم پارچەدا شینوشەپور پیشان نادا ، بەڵکو مردنیکی شەهیدانەو پاڵەوانانە دەر ئەخات •••

لەبەرئەوەی کە بڵیسەی ئاگری گیانی دیموکراسی وەکو ئەوسا شوینی ئاهەنگە گشتی‌یەکانی موسیقای پر نەئەکرد ، وەلە بەر ئەوەی بزوتنەوەی ئازادی کپ‌کرایەوە ، سەمفونی نوهەمی دانا ، وەدوایی پی‌هینا بە سرودیکی تیکرایی دەربارەی برایەتی ئادەمیزاد وئاشتی ••

(١٦)

که گیانی پاکی سپارد وکوچی دوایی کرد له به « ری کردنی تەرمەکەیا » • هەمو دانیشتوانی ( ڤینا ) کەوتیەری •• بەرێ کردنی تەرمەکەی ناوەروکیکی سیاسی گەورەی هەبو ، بیجگە ناوەروکی هونەری ••

لەو موسیقایانەی کە دوابەدوای بیتهوڤن هاتنە روی کار شێوەی زوڵمو زور وخنکاندنی بیرو باوەر ئەبینری ، ئەورووپایەك ئەبینین که « مترنیخ » وسوین خواری بەینی تیمپراتورەکان ودەربەگ هاتەکایەوە •• وە دەسیان گرت بە سەر شانوو هەمو بەرهەمیکی هونەرییا ••• له موسیقای ( شوبیرت )دا ئەودودڵییە قوڵە ئەبینین که باڵی رەشی کیشابو بەسەر ئەهلی ڤینادا ، هەست بە روخانیکی عاتفی ناهومیدانە ئەکەین که تیکەڵبوە لەگەڵ جوانترین ئاوازییا •

شوێنی موسیقا ( قاعة الموسيقى ) ئەوشیوە شورشگیریەی ئەو سای نەما ، سەر لەنوی بویەوە بە شوینی دەولەمەندە تازەکان ، کە له دەوڵەمەندە کونەکان کەمتر نەبون ••

له موسیقادا زیاتر دیمەن دیاربو ، نەوەك ناوەروك هەراو قاڵەیەکی زوری بەرپا ئەکرد ، بەڵام ماناکەی شتیکی بی کەلك وسوك بو !•• هونەروەر لە پاڵەوانەوە نزیك تربو هەتا موسیقار ، « باجانینی » کەمانچە ژەنی بە ناوبانگ لەسەر شانو ئەوەستا ، له بەرچاوی خەڵکا سێ « وەتەری » ئەبری بو ئەوەی دەری بخا بویان کە چەن بەتەوانایە وئەتوانی لەسەر یەك « وەتەر » لیبدا ، خۆ چیروکەکانی « ئوپرا » هەموی بە دەوری دلداری خوکوژ ( العاشق المنتحر ) •• وەرێگرو جەردەدا ئەسواریەوە !••

* * *

## « موسیقاو یاسای سوشیالیزم »

شتێکی ئاشکرایەو گومانی تیانیە کە موسیقا ، چارنیە ، وەکو هەمو هونەرێکی‌تر ، متأثرئەبێ بەدەرکەوتنی یاسای سوشیالزم •

بەڵام‌دەرکەوتنی ئەم‌یاسایە چون کاری تی‌کرد ؟؟

لیرەدا باسی ئەوە ئەکەین :ــ

قسەکردن لــە هونەری واقعی : ( الفن الواقعی ) لــە کونەوە هەیە ، بەڵام ( واقعیەت ) هەمیشە لــە گورانا بوە ، هونەری واقعی ئەمرۆ سەرچاوەکەی بریتی‌یە لەژیانی چینی رەنجدەر لــە فــەلاح وکریکار وموچەخورو خاوەن دوکان •• هەتەد •• ئەم چینانە هەر وەکو بی‌بەش‌بون لە فیرکردن و خویندنەوە ، هەروەها بێ‌بەش بون لە خوشی وەرگرتن لە هونەری موسیقای پیش‌کەوتوی بەرز ••

لە بەرئەوە ئەم ریزانە هونەری موسیقای تایبەتی‌یان بۆخویان داناوە ، لەشیوەی گورانی‌و موسیقای میللی‌یا ، ئــەم موسیقاو ئاوازە میللی‌یانەش ئــەگەرچی ســامانیکی زۆرو گەورەیــە ، بــەڵام وەکو کەرەسەی‌خاو ، ســامانیکی بــەرەڵا کراوبوە •• دەستی هونــەری موسیقای پیش کەوتوی پێ نــەگەیشتوە ، وە یارمــەتی نەدراوە بە ئالاتی تازەو بەکار ، چونکە ئەمانــە هــەمو قــەدەغە بون بۆ چینی دەستەڵات‌دار ، وەتەنهــا ئەوان پی‌یانەوە رابوردوە •• لــە شــوینە گەورەکانی موسیقادا ، شوینی نایاب‌و گران‌بایی •••

لە سەریکی تریشەوە هونەری موســیقای بەرز چ ئوپراو چ سەمفونی وئەوانی تریش ، لە سایەی یاسای سەرمایە داری‌یا ، بو بە پیشەیەك وەکو هەمو پیشەکانی‌تر •• موسیقا وموسیقار مل‌کەچ

بون بو دەستەلاتی دەلاقەی کارت ( شباك التذاكر ) !• واتە هی ئەو تاقمە بون کە ئەیان توانی لە بەردەمی دەلاقەی کارتا راوەستن وپارەیان هەبو •• ئیتر هەروەمەی خەڵك : ( عامة الناس ) ئەو موسیقایانەیان ئەکری کە ئەهینرانە مەیدان ، چ ئەوانەی کە ئاوات و ئازاری ئەووانی دەر ئەبری ، چ ئەوەی کە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نیە ••

بەلام ئەمرو دنیا لە گورانیکی ئیجگار گەورەدایە جیاوازنی لە بەینی چینەکانی ئادەمیزادا هەڵ ئەگیری وچون یەکی ویەکسانی جیگای ئەگریتەوە •• موسیقا لە دەوڵەتە ئیشتراکیەکانا بوە بە شوینی گشتی وەکو شوینەکانی‌تر کە دەوڵەت سەرپەرشتی ئاکا : خوینەواری ولەش‌ساغی وشتی‌تر ••

دیارە سەر پەرشتی کردنی دەوڵەت بو موسیقا مانای ئەوەیە کە موسیقا ئەخریتە بەردەسی هەمو هاونیشتمانیەك ، ئیتر پایەو دەسەلاتیان هەر چەنی‌بی ، واتە دەوڵەت لەولاتی سوشیالیستیا موسیقا ناخاتەکار بۆقازانج بەلکو برەوی پی ئەدا بو ئەوەی زورترین ژمارەی میللەت پیەوە رابویرن وە خوشی وتامی لی وەرگرن •

رزگار بونی موسیقا لە دەسەلاتی دەلاقەی کارت ، ورزگار بونی لە دەسەلاتی تاقمیکی تایبەتی ، هەروەها رو کردنی موسیقا بەلای زوربەی گەلا ••• مانای ئەوەیە کە پیویستە لە ژیانی خەڵکەوە شت وەربگری ، لەتیکوشانیان ، هەستیان ، ئاواتیان ••• هی هەمویان !••

جا لە سەر ئەم بناغەیە ئەوانەی کە پیشەوای موسیقابون ، وە

بەقولی لە ناوەروکی گوړران ( تطور ) گەیشتبون ، گویچکەی ورییایان نا بە دڵی میللەتەوە ، لە گورانی وئاوازو ئەفسانەی گەل کوڵینەوە وە لە ئوپراو سەمفونیە کانیانا دەریان خست ..

لە یاسای سوشیالزما ، بو یەکەم جار لە میژوی موسیقادا ، کەرەسەی خاوی هونەری میللی ریگای شیوەی هونەری تازەی گرتەبەر ، موسیقایەك هاتە کایەوە کونو تازەی کو کردەوە ، موسیقایەك کە خواستی میللەتی ئەگەیاندا ، بو زوران بازنی وپیش کەوتنو خوشی راستەقینە لەژیان ..

( شوستاکوفیتش ) خاوەنی نایابترین سەمفونیای ئەم چەرخە ، لە کونگرەی خوینەواری جهانی ( المؤتمر الثقافی العالمی ) دا کە ساڵی ١٩٤٩ لەئەمریکادا بەسترا ، سەبارەت بەنامەی موسیقار لەم چەرخەدا ، دوانیکی دا لە دوانەکەدا ووتی :ــ

« پیویستی سەرشانی موسیقار بەرامبەر بە داخوازیەکانی واقعیەتی تازە ئەوەیە کە خوّی دور بگری لە ئەفکاری گەورە وهەستی گەورە ، پیویستە ئاوازەکانی هەستیکی قولی پر لە ( تفاؤل ) وهیوا پیشان بدات ، پیویستە جوانیو گەورەیی ئادەمیزاد دەربخات .. دیارە هونەروەر لە روژی پر لە ناکوکی ومەترسیا ناتوانی شتی وەهاجوان بهینیتە بەرهەم ، واتە : ئەو پرسیارەی کە ئەمرو هەمو موسیقاری ئاراستەی خوّی ئەکا ئەوەیە :

چون لە ریگای هونەرەکەمەوە کەلك بگەینیم بە مەسەلەی ئاسایش ودیموکراسیەت وپیش کەوتن !..

سەرنج :

ئەم وتارە لە سەرەتای حوزەیرانی ٩٥٨ وەرگیررا لە عەرەبی یەوە ئەوەبو شورشە پیروزەکەی چواردەی گەلاویژی بە سەراهات ، وە لە بەر خەریکبونی روژنامەو گوڤارەکان بە باسی شورش وپاراستنییەوە ، نزیك بو بەتەواوی لەبیر بچیتەوە ، بەڵام وا ئیستە ئەیخەینەوە پیش چاو .

١ — لە بەرئەوەی باسیکی بە نرخەو تارادەیەك پەیوەندی بە هونەری ئەمرومانەوە هەیە ..

٢ — بەتایبەتی ، چونکە ئەمباسە لە نوسینی نوسەری میسری « أحمد بەهاء الدینە » ، پیاویژیر کە ئەموتارە بخوینیتەوە بۆی دەرئەکەوی کە ئەم پیاوە نوسەرە تاچرادەیەك لەسەر بیرو باوەری خۆی ئەمینیتەوە ، لەو روژەدا کە سەروکەکانی (ج.ع.ی) ریگای سەر بە خوییان گرتبو ، ئاوا ئەینوسی ، ئیستەش کە سەروکەکانی ئەوێ لە ریگا لایانداوە ، ماموستای هەلبازی ( انتهازی ) یش لە بەر دڵدانەوەی ئەوان بە راست وچەپا هیرش ئەباتە سەر جەمهوریەتە دیموکراسیەکەمان !..

ئیمە پیمان خوشبو کە أحمد بهاءالدین و هاو چەشنەکانی دەرونی خویان نەخستایەتە ژیرپی .. بەڵام لە گەڵ لادانی ئەوانیشا بیروباوەری راست هەر ئەمینی ، وە رەوورەوەی میژو ئەم جورە پیاوە هەل بازانە وردو خاش ئەکا ..

وە لەناخی گیژاوی روزەردییا ئەخنکین .

— فاتح —

## لەشیعری بیگانە

### « نیشتمانە بچکولەکەم »

**دانەری شاعیرەی بولغاریا**

کەشتیەوان بمبە بە کەشتیە بچکولەکەت
کە بە هێمنی شەپولە زیوینەکان ئەبرری
ئەوکەشتیەی کە دوابەدوای مەلە ماسیگرەکان ئەروا
هەرودکو بیەوێ رێگەیەك بکاتەوە بەرەوئاسۆ
کاتێك لەمگەروە تەسکە رزگارمان ئەبێت
وە کاتێك نمەی ئاویسوێر دوو لێومان تەر ئەکا
ئەو وەختە دەستەکەم بە گورانیووتن
کەشتیەوانەکەم ،
بە ئاوازێك گورانیئەلێم کە هیشتا لـەم ناوچەیەدا نەبیسترابێ .
نیشتمانە بچکولەکەم ئەلاوینمەوە
ئەو نیشتمانەی کە ناوی شیرینی بەدلو دەرونما ئەچێتە خوارەوە وەك خوێنی ناو دەمارەکانم .

**گورینی نەسرین فەخری**
**لە عەرەبیەوە**

« ئەنگلس »(١)

# ئەفسەریکی سوپای کریکارانی هەموو جیهانە

**چەمچەمال : محمد نوری توفیق**

شتیکی زور گرانە کە میژوو بتوانی پیش کەوتنی جولانەوەی هاوبەشی « ئیشتراکیەت » لـە گەل ژیانی دورابەرە مەزنەکەی ئـەو جولانەوەیە ، کە کارل مارکس وئەنگلسە ، جیا بکاتەوە چونکە ئەم دووکەسە تەنها دورابەری بیرو دانەری ثیوری ( نظریە )ی هاوبەشی نەبوون ، بەلکو دو سـەربازی جیگەرسوزی خەباتکەری ئوردوگای کریکارانیش بون کە داری خەباتیـان لـە سـەدەی پیشووا بـەری گرتوە ، وە لە خەیالەوە بەرەو راستی کشاوە ..

کە واتە پیی ناوی ئیتر لە سەر ئەنگلس بنوسری چونکە خوی یەکیکی نەناسراو نیە بەلکو ناوی لـە هـەر چوار لای جهانا دەنگی داوەتەوە .

فردریك ئەنگلس لە خیزانیکی بەریز لە شاری « بارمن » لـە ئەلمانیا لە ٢٨ی تشرینی دوهەمی سالی ١٨٢٠ م لە دایك بووە ، ژیانی قوتابیەتی لـە « بارمەن » دەسی پی کردوە ، لـە « ئەلبرفیلد » کوتایی پی هیناوە ...

هـەرچەندە ئـەنگلس بـە تـەمای تـەواوکردنی خوینـدنی زانستگابوو ، بەلام هەژاری باوکی وبی مانایی دەرسەکانی قوتابخانەی

(١) لەکتیبی « الاشتراکیة بین الخیال والعلم »وە وەرگیراوە بە دەس کاریەوە .

ئەو روژانە بوونەتە هوی بەربەستکردنی هاتنەدی ئامانجی ئەنگلس •
بویــە بو بــە خاوەن دوکانیکی بچکولە لــە شــاری « بارمەن » بۆ ماوەیەکی کەم ، لــە پاشا باوکی ناردی بو شــاری « مانجستر » لــە بەریتانیا بو ئەوەی ببیتە خاوەنی خانیکی بازرگانی وە لەویش نزیکەی دووســاڵ مایەوە ، لــە ماوەی ئــەو دوســاڵەیدا چالاکیەکی زوری پیشانداوە لە بابەت بیروباوەری ئیشتراکیوە ، لەو شارە سەرمایەدارە کلاسیکیەدا ـ لە بریتانیا ـ سەرپەرشتی دوو روژنامەی سیاسی ئەکرد ، بیجگە لەدانانی کتیبی :ـ « ریکخستنی چینە چەوساوەکانی بەریتانیا » •
لە ساڵی (١٨٤٤)دا ئەنگلس، بەرەو ئەلمانیا ،گەرایەوە بەشاری پاریسا ، (١٨٤٤) دا ئەنگلس ، بەرەو ئەلمانیــا ، گەرایەوە بەشــاری پاریسا ، لەوی بۆ یەکەمجار چاوی بە برادەری هەرە خوشەویستی کەوت ، ئەویش « کارل مارکس » بو ، پاش ماوەیەکی کەم ئــەم دووبلیمەتە دەسیانکرد بە بڵاوکردنەوەی کتیبی « خیزانە پیروزەکە » لە گەڵ دانانی « ئابوری سیاسی » •

پاش ماوەیــەك ئــەنگلس بــەرەو « بارمــەن » گەرایەوە ، وە ماوەیەکیتر تیا مایەوە ، پاشان بەرەوشــاری « بروکسل » کەوتەری بو لای « کارل مارکس » کە لەوی بو هەردوکیان پیکەوە دەسیانکرد بە کاریکی زۆر گرنگ ئەویش دامەزراندنی « یەکیەتی کریکارانی ئەلمانیا » بوو کە دایانە پاڵ پارتی راستیەکان ئەو پارتەی کە لە دوایدا بوو بە پارتی کومیونستی بەناوبانگ • لە ساڵی **١٨٤٧** مارکس لــە « بروکسل » وئەنگلس لە « پاریس » بوون بە دوو ئەندامی بەهیزی پارتی کومیونیست ، هەر لە هاوینی ئەو ساڵەیا بۆ یەکەم جار لە لایەن

پارتی ناوبراوەوە کوبونەوەیەك بەستـرا ، لـە لەندەنا ، ئـەنگلس یەکیك‌بو لەو کەسانەی کە لە جیاتی پارتی پاریس تیایا بەشداربو ، بۆ پایزی ئەو ساله کوبونەوەیەکی‌تر بەسرا کە مارکس تیا بەش‌دار بوو ئامـــانجی ئـــەو کوبونـــەوەش دەرکرنـی بـــەیانی پـارتی کومیونیست بوو •

لە پاشا هەردوکیان بەرەو « کولونیا » کەوتنە رری ، لەویش چالاکیەکی زوریان پیشاندا ئینجا بە حوکمی پیویست هەردوکیان لە یەك جیابونەوە ، چنکە مارکس دور خرایەوە بۆ « پاریس ئەنگلسیش بۆ « بلاتانیا لە ئەلمانیـا » لەوی ئەنگلس دەسی‌کرد بە دانانی کتیبیك کە دەربارەی هەراو پەشـیوی‌و دوبەرەکی ئەوشارەوە ئەدوا ، لـە پاشا ئەوشارەی بە جی‌هیشت بەرەو « سویسرا » لەویشەوە بو لەندەن کە مارکس لەوی‌بوو دوای دورخستنەوەی لە پاریس •

لـە لەندەنا ئەنگلس توشی ژیانیکی یەکجـار سـەخت هات ، نەی‌ئەتوانی بە هیچ‌جوری چالاکی بنوینی لـە بـەر ئـەوە بەرەو مانجستر کەوتـەری بۆ ئەوەی لەوی لـە کارگەیەکی لوکەدا ئیش بکات وخیزانەکەی ودایك‌وباوکی پیٚ بەخیو بکات ، لەو کارگەیەدا نزیکەی ٢٠ سـاڵ مایەوە ، لەوماوەیەدا جارجار نـەبی چاوی بـە مارکس برادەری نەئەکەوت کە لـە لەندەن بوو ، بـەلاَم وەنـەبی برایەتیان هیچ تیکچوبی •

لە ساڵی ١٨٧٠دا لـەو کارگەیە رزگاری‌بو ، بـەرەو لەندەن گەرایەوە ، لەوی دەسی‌کرد بە بزوتنـەوەی سیاسی وبلاٚوکردنەوەی « ئومەمیەت » تاکو بو بە ئەندامیکی بـەرز لە کومەلیکی ریکخراوی

ئومەمیا لــە لەندەن ، هەروەهــا بو بــە نوینەری بــەلچیکا وئەسپانیا وئیتالیایش ، ئەوچالاکی‌یە تا ساڵی بەردەوام‌بو ، هــەر لەو ماوەیەشا کتیبیکی بەناوبانگی دانا لە ژیرناوی : « ئەنتی دوهرنگ »دا ، کە لە دوایی‌دا ناوی بە « فەلسەفەی ئابوری سیاسی‌و هاوبەشی » دەرکرد ، ئا لەوکاتەدا کە لــە گەل مارکســا پیکەوە لــە شــاری لــەندەن تی ئەکوشـــــان ، مارکس ماڵــی لی تیك‌چوو ، بــــە هــوی مردنــی خیزانەکەیەوە ، ئەو خیزانەی کە دڵخوش‌کەری ژیانی‌بوو ، لە بەر ئەمە مارکس زور خەفەت‌و پەژارە دای‌گرت ، تا لە ساڵی ١٨٨٣دا خویشی کوچی دوایی کرد •

مردنی مارکس زۆر کاری کردەسەر ژیانی ئەنگلس ، چونکە هاوری‌یەکی هاوبیری یــەکتربوون ، وە بو یــەك ئامانج خەباتیــان ئەکرد •

لــە پاش مردنی مارکس دەسی‌کرد بــە بلاو کردنەوەی ئــەو کتیبانەی کە مارکس دایانی‌نابوو لــە گەل راست کردنەوەی چەن هەلەیــەکی چاپی کتیبــە بلاو کراوەکانیــا وە گورینی هــەندی لــە کتیبەکانی بۆ چەن زمانیکی بیگانە بە تایبەتی کتیبە بــە ناوبانگەکەی کە « سەرمایەداری » یە •

ئەنگلس پیــاویکی زوربلیمەت‌و تی‌گەیشــتو وزانابووە ، هیچ جورە زانیاریەکی لی گوم‌نەئەبوو • ئەنگلس ماموستابوو لە میژوی سروشتیا وکیمیاو زانیاری گژوگیا « علم النبات » وزانیاری سروشت ومیژووی زمانەکان وئابوری سیاسی وهونەری وجەنگا ، تا وای لی هاتبوو ناویان بابوو « ژەنرال » هەرچەن کە ئەفسەریکی سەربازیش

نەبوو • بەڵام ئەفسەریکی سوپای کریکارانی هەمو جهان‌بوو •

هەزارسلاوت لی بی ئەنگلس‌نەمر ! دەسـکەگولیکی پربون‌و بەرامـەی کوردی کوردسـتانی رزگاربوی عراقت پیش‌کەش‌بی بو ئەوەی کریکارانی کوردیش ، کە خەباتیان لـە خەباتی کریکارانی جهان جیاناکەنەوە ، پاداشی هەول‌و کوششت بدەنەوە •• هەمیسان چەپکە نیرگسی روشن بیرانی کوردسـتانیشت پیش‌کەش بی ، کـە هەستی خویان دەرئەبررن بەرامبـەر بەو سـامانە بەنرخەی کە بو ئادەمیزادت جی هیشتوە ، گەلی کوردیش وەکو هەموو گەلانی‌جهان زور بە ریزو بەرزیەوە ئەروانە ئەو مروڤانەی کە ژیانیان بوقازانجی بەرەی ئادەمیزاد تەرخان کردوە •

---

## اعـــلان

وضع ـ مجددا ـ فی المناقصة السـرية تعهد تجهيز حجر لرميه أمام تكسية قصبة العزيزية حسب الشروط التى يمكن الحصول عليها لدى كاتب المجلس الادارى بعد دفع ثمن النسـخة الواحـدة وقدره ـ/٢ ديناران غير قابلة للاسترجاع •

تقدم العطاءات بغلاف مختوم مؤشر عليـه عنوان المناقصة الى مجلس ادارة اللواء فى الساعة (١١) زواليـة من صباح يوم الاحـد المصـادف ١٤ـ٦ـ١٩٥٩ فعلى الراغبين للدخول فيهـا تقديم عطاءاتهم معززة بوصل التأمينـات البالغة ـ/٢٣٠ دينـارا فى الوقت والتاريخ المعينين وسـوف يهمل كل عطـاء لم يرد فى الوقت المعين أو لم يكن نعززا بالتأمينات المطلوبة •

متصرف لواء الكوت

# هۆنراوەو میللەتەکەم

عبدالرزاق حمد

بەبونەی دەستدریژیە ستەمکارەکەی تاقمی شواف‌و
ناسر لەشاری موسلی نەبەزدا

★ ★ ★

هۆنراوەکەم :
ئاوازی ناسکولەو نەرمی
هەستی گەرمی
پچررا ·، · دەنگی
بوو بەدەنگی تۆپی ئاگر ! ·
تەقەی گوللەو خرچەی چەقو
ووشەی رستەی هەلبەستی نو
ئەنەخشینێ
لە ووتەی رووت گرر دەردینێ

★ ★ ★

میللەتەکەم :
سنگی پانی ··
کە نەوتی ، زیرری رەش ، کانی
لەناو کیوو دارستانی
هەلبەستوە ! ــ
کەوتوتە بەردەم نیشانی

(٢٨)

دوژمنی شیت :
ئەو شیتەی کەلەی پفدراوە
بەگولەو چەقو ودینامیت
« نەوتی ئەویت •••
خوینی گەش‌و رەنجی ئەویت ••• »

★ ★ ★

کوا بۆ هەلبەستیك وەك ئاگر
کەللەی دوژمن بتەقینی
بالورەی کونی رزیوی
ئاغایەتی ورەنج خواردن
ئەفسانەی میللەت دیل کردن
وەك ( میشکولەی ) سەگیکی هار !
لێ دەربینی •

★ ★ ★

میللەتەکەم :
برینی خویناو ئەریژی
تا ئیستاش خویناو ئەریژی !
هەرچەن زەنگی مەیدانداری
بەستەی ( سەرکەوتن ) ئەبیژی ؟
سوپای شکاوی دیلیەتی ،
شەیتانانی ستەمکاری

لە ناو گۆرری تاریکیا
سەری ( شۆررکردن ) ئەنیژی •
تا ئیستاش خویناو ئەریژی
برینی میللەتی ئازام •
هەر چەند هەست کەم بە ئیشی.زام
لەگەل بونی باخی ( هیوا )م
هەتاوی گەرمی ( بروایی )م
گولاوی ( دلی ) بەکولّم
هۆنراودکەم •• ئەبی گرر بیت
تەقەی گولەو خرچەی چەقو
ووتەو رستەی بنەخشینی
لەبۆشایی مەیدانی گەل !!
مەیدانی میلە تا( پرر ) بیّت !!

١٩٥٩/٣/١٥

## اعلان رقم ١٢٦

الحاقا باعلامنا المرقم ١٠٤ فى ٦ مايس ١٩٥٩ •

مددت مدة المزايدة العلنيــة المختصــة ببيع ســيارات ومكائن مستهلكة البالغ عددها واحد وعشرون لغاية الساعة العاشرة من صباح يوم السبت المصادف ١٣-٦-١٩٥٩ فعلى الراغبين الدخول فى المزايدة الحضور فى اسطبل الرصافة العائد لامانة العاصمة فى شارع الشيخ عمر مجاور المخزن العمومى مستصحبين التأمينات القانونية •

وكيل أمين العاصمة

(٣٠)

# له ئاسمانی لوبنانا ، چیای « گویژه »

به پی‌نوسی ئه‌حمه‌د خواجه
١٩٥٩/٥/٨

ئه‌مه شه‌شه‌مین جاره له هاتوچودا به‌فروکه « طیـاره » به‌سه‌ر چیای لوبنانا ئه‌روم • وه‌نه‌بی هه‌موجاری له‌تاسه‌ی ئه‌و ده‌سی کاری‌یه که‌ئارایشی ئه‌وچیایه‌ی پی‌دراوه ، له‌بابه‌ت کلۆلی ولاته‌که‌ی خومانه‌وه نه‌که‌وتجه که‌لکه‌له‌ی هه‌نیك دڵخواز وسکالا •••

به‌لام !

خوم به خومم ئه‌وت : نه‌ء !!

ره‌نگه ئه‌و هیزو یرشته‌ی له لبنانیه کانا هه‌یه له خومانا نه‌بی ، له‌به‌ر ئه‌م کوسپه پرکیشی درکاندنی ئه‌و ئاواته‌م نه‌ئه‌کرد وه ته‌گه‌ره‌م لیٚ‌ئه‌دا • ئه‌مجاره [ ساڵی ١٩٥٤ ] •

خۆم ئه‌گرت که‌وتمه بیرکردنه‌وه وخه‌یالی چیا جوانه پر لـه نه‌شـه‌ی سـه‌ر به‌سـتیه کانی ولاتی خومـان وده‌رگای خـه‌یالم بۆ کرده‌وه ، له ئه‌نجامی تی‌بی‌نین وبیرکردنه وه‌دا کتوپر یـه‌کیك له چیاکانی کوردستان به بونه‌ی نزیکی له شاره‌وه : چیای گویژه‌م هاته پیش چاو :

چیای گویژه : له هه‌مو گوشه‌یه‌کی روژ هـه‌لاتی شاره‌وه ، ره‌نگه ٥ ، ٦ کیلومه‌تره زیاتر له سلیمانیوه دورنه‌بی ، ئـه‌م چیایه زور پوخت وخاوینه • خاوه‌نی میژووپیشـانده‌ری گه‌لیك شـانازی کورده ، شاری سلیمانیش ٩٤٠ مه‌تره له ده‌ی ده‌ریاوه به‌رزه •••

لە ناو فڕوکەکەدا پشتێن ترازێنرا وردە وردە فڕوکەکە بەسەر سینگی چیادا بەرز ئەبێتەوە •• دیمەنی لبنان لە ژێر فڕوکەکەدا وەکو فەرشی کاشان پڕ نەخش ونیگار ئەهاتە پیش چاوم •• بە سەر سوزماوی ئەم روانیە کردەوەی ئەو دەست وبازوە بە کارەی کە لە ماوەیەکی کەما ئەو چیا روتو قوتە وشکەی کە لە « ئیستای گوێژە ئەچو » هێنایە ئەم پەریزی دڵرفینە ، کە وەختی خوی لە سەر فەرمانی محمد علی پاشای گەورە ، لەوگەبەڵە دارەسنەوبەرە بچوکەی کە لە لبنان بی‌نی هاونیشتمانیە دەس دەنگینە کانی‌لبنان بەچوست وچالاکی وەکو بروسکە لە چەن سالیکدا وەتا ئیستە کاریکی وایان کرد چیای لوبنان گەیەنرایە ئەو پایەیەی کە ئیمرو بوەبە سەیرانگای هەمو روژئاوایی وروژ هەڵاتیە کان ••

ئیستا بە ئاسمانی لبنانا گوزەر ئەکەم •• بەڵام گاە بەبیری هەژاری وڵاتە کەمانەوە کە بە بی دەس‌کاری بەهەشتی روی زەمینە ولەم سەدەی شارستانی‌یەدا لەگوشەی تاریکی‌دا ماوە تەوە ، وەگاە بەبینینی نەخش ونیگاری کشتو کاڵ وهیلی‌دارستانە چانراوەکان لەدەریای بیرو ئاواتا کەوتبومە ناو شەپولی داماوی •

هەر چەن ئەیشم زانی رەنجم بی‌سودە لەپشت شوشەی پەنجەرەکەوە دەستم کرد بەوینە گرتن لەبەرتیژی فڕوکەکە فریای وەرگرتنی هیچ وینەیەك نەکەوتم کەبیکەم بە یادگاری ئەو روژە •• بەڵام لەگەڵ هەمو جاریکدا لە بەر خومەوە ئەموت :ــ دەستی ئەو جادوگەرە خوش بێ کە ئەم جادو ( سحرە )ەی پی دروس کراوە !••

لەمانەیش خوشتر هاو شانەکەم کوردی نەئەزانی هەمو جاری ئەیوت :ـ ( تو چی ئەڵێیت ؟؟ لە گەڵ منتە ؟؟ ) •

ناء •• ورینە ئەکەم !•••

ئەوا تائێرە نەك تەنیا لــە خوشی وجوانی لبنــان ، بەڵکو لــەو دەست وهیزی بازوو بیری ژیری لبنانیانە دواین کە ئــەو لبنــانەی هیناوەتە بەرهەم !••

ئەنجا با لە چیای گویژە بدوین •


هەمو شاخو چیای کوردستان بەبی دەس کاری خوی لەخویەوە زوزان ( هاوینە هەوارە ) ••

وتمان : چیای گویژە زور نزیکی شاری سلیمانیە • ئەم چیایە ۸۰ـ۹۰ ساڵ لەمەوپیش وەکو روکاری شــاربازیر چرو دارستانی دار بــەروو دارمــازو ودارەبــەن بــوە ، بــەگوێز ، بــەلاڵوك •• داپوشراوبوە ، دانیشــتوانی شــارو دەورویشــتی چون بــە جامانــە وکوڵەوانە قەزوان وگویژیان هیناوە • بەڵام داربرەکان بە زویەکی زو دواییان بە دارستانە کە هینا •• تا ئێستاش رەزە ویرانە کانی ماوە بەڵگەی نزاری گویژە پیشان ئەدا •

بیجگە لەوەی کە کەڵکی ناشتنی دارو بەرزە درەختی هەیە ، چیای گویژە کویســتانیکی وایە بــەو چاڵــە بەفرانەی کــە لیەتی بەدریژایی هاوین بەشی شاری سلیمانی بەفری لێ دائەپوشرێ ••

خوینەواری بــەریز ! تکایە ! لەپیش ئەوەدا پاشماوەی ئــەم نوسراوە بخوینیتەوە لیرانــەدا وچانیك بدە وبەچاویکی دڵســوزانە

چاویك بەم نەخشەدا بگیرە ، وبەتەواوی چیای گویژە وئەزمر بینەرە پیش چاو :ـ



برانیە !

هەر لە بنیاتەوە کورد بۆ بەر هەڵستی هەمو چەشنە کوسپیکی ریٚ ئاواتیان ، بەمەردانە پەلاماری هەلگرتنی هەمو کوسپیکیان داوە ، وە هەر بەکوششی وهیزی بازو لە گوشەی هـەرە دور لـە هـەمو یارمەتی‌یە ژیاون • وە وولاتە کەمـان بـە قسـری بەبێ دەس‌لیدان ماوەتەوە ••

بەلام ! ئیمرو ژین گورزا ئـەتوانم بلیم :ـ پیویسـتی هـەمو خیزانیك وهەمو یەکیك بەچاو جارانەوە ئیستا پەی نادا !••

وولاتی هەمو نەتەوەیەکی سەر روی زەوی روژ بەروژ رو لـەئازادی وبروز سـاندنـە ، نـەتـەوەی کوردیش وەکو هـــەمو نەتەوەیەکی‌تر پیوستی بەوە هەیە پیش بکەوی وخەڵك بیان ناسی ، وەلەم روەوە زوزان ( هاوینە هەوار ) دەوریکی باش ئەگیری ••

(٣٤)

هاوینه هەوار هویه کی گەورەیــه بۆ تیکەڵی وشــارەزایی له بیگانه وفیر بونی لاسایی وبــەرز بونــەوەو بــەهیز کردنی ئابوری وڵات •• ئەمەیەش ( هــەر تەنیــا بەخیــالی چارەکه ملیونەکەی من دروس نابی ) ، لەپیش هەموشــتیکا پیویســتی بــه پارەو پارە دار هەیه •• کورت ترین ریگه بو گەیشتن بــەم مەرازە ، پیك هینــانی هاو کاری ( شرکه ) ویارمەتی حکومەته ••

له نەخشه کەدا دیاردی کراوە ، ئەو جیگایانەی کەبەربەست ئەکریٚ بەم چەشنه پیشان دراوە « زاری دەربەندی گویژە وئەزمر ومایندول » هیچ دور نیه له چەن ســاڵیکا پر ببی لەئاوو بەئاسانی ئاوی « قەلا چوالان » لــه تەپڵه ســەری چیای گویژە وئەزمر تافه بگات ، به هوی ماکینەو هۆویه کانی تازەوە ••

لەبەشی ئەزمر به دریژایی سەر کیلومەتر زیاتر بەهەر دولادا جوانترین جیگەو هاوینه هەوار هەیه • دیمەنی بی هاوتای شارباژیر لەسەر هاوینه هەواری ئەزمرەوە به تایبەتی بەری چوارتا وچیاکان که وینــەیەکی بچوکی کوردوســتان پیشــان ئــەدا بەراستی بلبل ئەهینیته گریان ••

براینه : من لەناو فروکەدا له ئاسمانی لبنانا بــه خەیاڵ هاوینه هەواری گویژەم پیك هینــا • دوباره ئــەم کاره بــه گران نازانم ، چونکه « عەزمی پیاو کێو لەبن‌دینی » هیچ به دوری نازانم ئەم خەیاڵەم به چاوی خوم ببینم • لیرانەدا گەیشتینه سەر ئاسمانی بەغدا ودوایی ئاواتەکەم هینرا •

# یادی رەسافی نەمر



یەکەم جارە ، دیسان لە ژێر سـایەی ئازادیو جمهوریەتدا ، کە جوانترین ئاهەنگ بۆ شاعیری نەمری عەرەب (مەعروف رەسافی) ئەگێرری ، لە یادی چواردە هـەمینی کوچیدا ، یەکیەتی ئەدیبـانی عیراق یادکردنەوەی ئەو شاعیرە نەمرە کوڵنەدەرەی گرتە ئەستۆ ،

(۳٦)

کە بە ڕاستی دەنگێکی ڕاستەقینەی گەل بوو ، لەخەباتدا ، لە ئازار دەربڕریندا ، لە سزاچێشتندا ، لــە بەشەرەفی مردنی بێســەرشۆڕ کردندا ، شیعرەکانی ڕەسافی مەشخەڵێکی ڕێگەڕوشکەرەوەن نەك بۆ عیراق بە عەرەبو کوردیەوە بەڵکو بۆ هەموو عەرەبی جیهــان بۆ هەموو گەلانی ســەرزەمین ، وە ناوی • ڕەســافی لەریزی شــاعیرە نەمرەکانی مرۆڤایەتیدا ئەنووسرێ •

ماوەی مەهرەجانی ڕەســافی لــە ١٦ تا ٢٠ی نیســانی ١٩٥٩ بوو ، وە مانگێك لە کاتی خۆی دواکەوت بە هۆی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە • لە بەیانی ڕۆژی دەستپێکردنی مەهرەجــاندا کۆمەڵی ئەدیبان بە چەپکە گوڵەوە چوونە سەر گلکۆی پیرۆزیو چەند ووتارو هۆنراوێکیان بۆ خوێندەوە •

بۆ ئێوارە کوبونەوە دەستیپێکرد ، سەرەکی خۆشەویست ، ڕۆڵەی گەل ، عەبدولکەریم قاسم یەکەم ووتاری لە پەسندی ڕەسافیو ئەدیبــە خەباتکەراکاندا خۆێندەوە ، دوا بەدوای ئــەو ســەرەکی ئەدیبــانی عیراق مامۆســتا محەمەد مەهدی جەواهیری ووتارێکی بە نرخی خوێندەوە ئەوسا ووتاری نوینەرانی ئەدیبانی دەرەوە ، وەك میرزا تۆرسۆن زادە ، لــە یەکیەتی ســوڤیەتەوەو ، مامۆستا ڕەئیف خوری لە لوبنانەوەو مامۆستا ئەحمەد سلیمان ئەحمەد لە سوریەوەو وینەرانی تونسو مەراکیشو سودانو جێگەیانیتر • ئەوسا لەو چوار ڕوژەدا گەلێك ووتارو هۆنراو خویندراپەوە کە هەریەکە ڕوویەکی شــیعری ڕەسافیو خەباتی ڕەســافیان دەرئەخست ، وە مامۆســتایان جەواهیریو محەمەد ساڵح بەحرل علومیش هەر یەکەی هۆنراویکیان

پێشکەش کرد •

ئەوەی جێگەی داخە ، ئەوەیە کە ئەدیبانی کورد لەم کۆڕڕەدا بەشدار نەبوون ، تەنانەت نەك نووسینو هۆنراو بەڵکو وەك ئەدیبانی شـارانی تر تەلگورافیشـیان نەنارد بوو ، بێ گومان ئەمـە جێگەی گلەییە ، وە وائەزانم هەق نیە ئەدیبەکانمان وا خۆیان دووربگرن •

هەزار رەحمەت لە گۆڕری رەسافی •

نەمردن بۆ یادی پیرۆزی •

## پرسیارێك

« هیوا » ئەم پرسیارەی هەیە :

« کام هەنگاو بـە کاریگەر ئـەزانن بۆ یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی ؟ » •

وە ئەم پرسیارەمان لە مامۆستا گۆران و مامۆستا برایم ئەحمەد کرد • بەو تەمایەی هەر جارە وەڵامی یەکێك لە شارەزایانی زمان بنووسینو رێگەش بدەین بە هـەموو خوێندەواران کە بیری خۆیان دەرببرن • بەڵام مامۆسـتا گۆران بـە یەکجاری لێی نەپرسینەوە ، ئەیبەخشین بە ئیشی زۆری • وە مامۆستا برایم ئەحمەد بەلاياخست هـەرچەندە گەڵالەی باسـەکەی نووسـیبو ، تارویشت بۆ دەرەوەی عیراق ، وەپـەیمانی داینێ کە پاش گرانـەوە بۆ ژمارەی داهاتوو فریای خات • هیوا چاوەریی وەڵامی هەموو خوێندەوارانە •

# خەیاڵی خاوە ئیستعمار

خانەقین : قادر مەلا ئەحمەد

خەیالی خاوە ئیستعمار ئەگەرهیوای بەکورد مابی
لە کوردا تیانەماوە هەلپەری بوی گەرتەمای وابی
بە زورناو جوزدلەی ئینگلیزو ئەمریکا سەما ناکا
ئەوەی ئەنجامی حوکمی ( قازی )و ( مەحموودی ) بیرمابی
لە کوردوستانی ئیرانا نیە گوی راگری لی‌یان
ئەوەی تولەی شەهیدانی مەهابادی لەسەردابی
فوارەی خوینی دەم نیزەی سوپای ئینگلیز لەدەربەندا
ئەبی کوردی هەبی بیری بچی تاگیانی تیا مابی
بەپەنجەی پیسی ئیستعمار لەرەی نایی تەلی‌هەستی
کەسی دیری لە چیروکی گەلی بارزانی لا مابی
گەلی کورد چاوی هەلی هیناوە دوستو دوشمنی ناسی
بە واتەی نوکەرانی حلفی بەغدا دەس‌خەرو نابی
برو ســەرشوری رووڕەش ، میللەتی کورد وعەرەب هەرگیز
بەهاشە وهوشە یی‌تو دوورە ئەم دوانە لەیەك نابی

# ئەدیبو هونەرمەندەکانمانو پیویستی‌یەکانی ئەمروی سەرشانیان

نوسینی : محمدی مەلا کریم

هەمومان ئەوە ئەزانین کە ئەمرو میللەتەکەمان کام لەروژەکانی ژیانی ئەباتە ســـەر • میللەتـی عـیراق بـەکوردو عـەرەبو کەمایەتی‌یەکانیەوە خەباتیکی سەختی‌کرد بوئەوەی خوی لە چنگی ئمپریالیزم رزگار بکاو رەنگی پاشەروژی ژیانی بریژی ، لەم خەباتە سەختەیا هەمو چینەکانی گەلو تاقمو کومـەلو دەستەکانی بەپی‌ی توانای خویـان ، وەهـەر یـەکە لـەریگای تایبـەتی‌ی خویانـەوە بەشداری‌یان کرد ، تاروژی ١٤ی تەموزی پیروز دەرگای ئاواتیان لی کرایەوەو ، یاسـای‌کون ، یاسـای کوت‌کردنی ئازادی خواهانو قوفل‌دانی دەمو سوتاندنی‌کتیبوقاقەز سەرنگوم کرایەوە ، نوسـەرو شاعیرو هەمو هونەرمەندەکانی ترمان بەشیک‌بون لەو هەموەی کە بە خەباتی سەخت بەئەمرویان گەیاندین • هەمو لەیادمانە کە لەدەوری کونا شیعرەکانی جـەواهیری‌و سـەماوی‌و گورانو گورانی‌یـەکانی دیلانو وینـەکانـی سـەرکارتـەکانی گـەنجـانو ئاشـتی خوازان ونوسینەکانی نوسەرە ئازادەکانمان چە کاریکیان ئەکردە سەر دلو دەرونی گەلە کەمانو بلیسـەی ئاگری خـەباتی شورشگیری مانیان بەرز ئەکردەوە •

ئەدەبی پیشکەوتومان کەئەو روژە ئازارو ئاواتی میللەتەکەمانی دەرئەبری‌و ریگای پاشـە روژیکی باشتری بـو رون ئەکردینەوە ،

کاریکی گەورەی کردەسەر سەرکەوتنی خەباتمانو پی گەیشتنی نوبەرەی ئاواتمان : روژی چواردەی تەموزی نەمر •

پاش سەرکەوتنی شورش ، ئەرکیکی تازە کەوتە سەر شانی هەمو هونەر مەندەکانمان ، ئەرکی کوکردنەوەی کومەلانی فراوانی خەلك لە ریگای هونەرەوە بو پاریزگاریی جومهوریەتو بوپیشەوە بردنی وپاراستنی دەسکەوتەکانی وزیاترکردنی ، ئەدەبی کورد لەو روژەدا دیسان توانی تارادەیەکی باش ئەو پیویستی‌یەی سەرشانی خوی جی‌بەجی بکا • هەلبەستە بەرزەکانی شاعیری بلیمەتو هەلکەوتوی کورد ماموستا گوران لە ( بت ـ بتەوان) ەوە بیگرە تا ( لەزیندانا چواردەی ئەموز ) ، تا ( شورشگیر ) ، تا ( بوسەربازی جومهوری‌مان ) ، هەروا شیعرەکانی کامەرانو دیلانو ئەوانی‌ترو ، ئەو وتارانەی کە لە روژنامەو گوڤارەکانمانا نوسران ، وە ئەو ئاوازە جوانانەی کە هونەرمەندەکانمان دایان‌ناو ئەو سرودانەی کەبو روژی نوی‌و ژیانی نویمانیان هەلبەست دەوریکی کاریگەریان گیرا ، بەلام ئاخو ئەمەندە بەسەو ئەگونجی لەگەل پیویستەکانی روژیکی وەك ئەمرودا کە هەمو توانایەکی بەند کراوی گەل بەرەللا کراوەو ژیان پرە لە کەرەسەی نوی بو بەرهەمی جوانو بەکەلك ، وە کە هەر روژی شتیکی تازە روئەدا کەپیویستی بەهاتنە مەیدانی تازە هەیە ؟!

بی‌گومان نەء •• لەو روژەوە کە شورش رووی‌داوەو گەل حوکمی لە دەستی ئیمپریالیزمو نوکەرەکانی وەر گرتوەتەوەو گرتویەتە دەستی خوی ، روژ لەپاش روژ پیلانو ئاژاوەمان بو

ئەنینەوە بو ئەوەی جاریکی‌تر خویان بینەوە سەر حوکم وە پەیرەوی
دیموکراتی جومهوریەتەکەمان بگورن‌و ولاتەکەمان لە دەلیایەکی
خوینا نوقم بکەن ، دیسانەوە ئازادی‌ی بیرو باوەر زەوت بکریتەوە
ویاسای ماکارتی بکەویتەوە کار لە عیراقا .. باشە بو بەرهەلستی‌ی
ئەم پیلان‌و ویران کاری‌یانە ئەدیب‌و هونەرمەندە کوردەکان چی‌یان
کردوە ؟ ئادەی چەند هەلبەستی جوان‌و وتاری بەکەلك نوسراوە
بو شانازی بەخەباتی خەلکی لیوای موسلەوە ؟ چەند گورانی وتراوە
بە بەچکە شیرانی بادیناو رولەکانی شیخ عبدالسلامی بەرزانا کە
وەك شیر لەبیشە بیتەدەر لە شاخەکانی کوردستانەوە داپەرین‌و
دیسانەوە بەخوینی ئالی خویان شەقامەکانی موسلیان لە نەوروزی
سالی تازەدا رەنگ کردەوە ؟

چەند هەلبەستی جوان‌و گورانی‌ی دلگیرو ئاوازی خوش
دانراوە بو کچان‌و کورانی نیشتمان پەروەری ولات کەبەرگی سوپا
ئەپوشن‌و مەشقی بەربەرەکانی‌ی میللی لەبەر ئەکەن‌و شەوان پاسەوانی
ئەکەن ؟ ئەی چەند وینەی جوان کیشراوە بو بەزیندویی هیشتنەوەی
خەباتی گەلی کورد بو پاراستی ئەم جومهوریەتە ساوایەی کەبوە
بەددسە چیلەی ریگا رون‌کەرەوەی هەمو نەتەوەی کورد لەهەمو
سوچیکی کوردستانی خوشەویستا ؟ یا چی وتراوەو چی‌نوسراوە بو
فەلاحەکانی لادیکانمان کە لەسەرمای زستانا دەرەبەگ‌و سود
خورەکان تووو یارمەتی‌یان لی ئەبرین‌و مالاتیان لەسەرماناو لە بەر
بی ئالفی ئەمردو خویان نانیان نەبو .. دەرەبەگ ودوژمنانی تری
جومهوریەت وایان لەگەل ئەجولانەوە تائەوان دلیان لە جومهوریەت

هەلتەکی ، کە چی ئەوان چونکە باوەریان بە پاشە روژی روناکی جومهوریەت هەبو ، وە چونکە روژانی پیشەوەیان هەر لەبەرچاوبو خویان رائەگرت وپربەدەم هاواریان ئەکرد : « بژی جومهوریەتی عیراق ، جومهوریەتی کوردو عەرەب ! » ، « بژی سەرکردەی دیموکراتیمان : عبدالکریم قاسم ! » ، « بژی قانونی ئیسلاحی زەراعی ! » •

هەمو ئەوە ئەزانین کە هونەرمەندەکانمان گیرودەی دەس کورتیو هەلسوراندنی کاروباری ژیانو پیویستیتری سەرشانیانن ، بەلام ئەبی زور باش ئەوەش بزانین کە خەباتی هونەرمەند ئەبی بەر لەهەمو ریگایەک بەریگای هونەرا تیبپەری • هەموکەس ناتوانی هەلبەستیکی گوران ئاسایی دانی ، یاوەکو دیلان بەگورانی بومیللەتی بلی ، یا وەکو شەمال ئاوازەی بودانی ، بەلام زور کەس هەندی ئیشی تریپی ئەکری کە ئەوانە خەریکینی •

هەمو لە یادمانە کە هونەرمەندەکانی مصر کە بەشی زوریشیان لەوانەنین باوەریان بەگەل زورتربی لەخویان ولەپارە پەیداکردن ، کەچی لەکاتی دەس دریژیەی سیسەرە کەدا چییان کرد ، تا دنیا دنیایە خەلکی بە شانازییەوە ناوی ( ام کلثوم ) ئەبا کەئەهاتە سەر جادەکانو گورانیی بو خەلک ئەوتو گیانی شورشگیری تیا ئەبزوانەوە ، کاتیک کە ئیستگەی قاهیرە درابوەبەر بومبای تاوانبارەکان •

ئیمە ئیمرو لە روژە پر کارەساتەکانی ژیانمانین ، ئمپریالیزمو پاشماوەی چینی لەسەر حوکم لابراوو تەماعکارە فاشیستەکانی ئەو

دیوی سنورو ئەلقەکانی پەیمـانی بەغـدای پساوو هـەمو دوژمنانی جومهوریەت چاویان لیزاق کردوینەتەوەو چەکیان‌لی هـەلگرترین‌و کەلبەیان لی جیر کردوینەتەوە • میللەتەکەشمان لەوپەری ئامادەیی‌و وریایی‌دایە ، ئـەبی ئەدیب وهونەر مەندەکانیشـمان بزانن دەوریان چی‌یەو بەجوانی بیگیرن •



— گەورەم ئەوە چەند جار هاتمە خوازبێنی ، کە ئەو گوڵەی لە باختانایە بمدەنی ، ئەتان فەرموو بـە خاوەن شـەهادە نەبێت نایدەم • ئەوا چووم خوێندنی بەرزم تەواوکرد فەرموو ئەوە شەهادەکەم •

— هەیهو •• هەیهو •• ئاش لە خەیاڵێو ئاشەوان لـە خەیاڵی بۆ چەند ساڵە من داوای شەهادەی خوێندنت لێ‌ئەکەم ، یا داوای شیەهادەی دایەرەی تاپۆ ئەکەم ؟

لە ئەدەبی عەرەبەوە

# ٣ هۆنراوی تازەی

## شاعیری گەورە عبدالوهاب البیاتی

### گۆرستانی داگیرکەران

ئاسن لە ترست ئەلەرزێت
لە ترسی تۆ
لەو دوو چاوانەت تۆقیوە
بەغدا ، ئەی گۆرستانی داگیرکەران
دەبا بگرن
دەبا بخۆن
دەستەی فاشستو کۆیلەکان
دەبا هەڵبێت ، لە ناو جەرگەی شەوی پڕ مەرگو سەهۆڵدا
ــ بەهاری کوردوستان ــ
دەبا هەڵبێت ، لە زیررەی سەربازی سنوورەوە
سەربازێك کە گوڵ ئەچنێ
رووی رۆژیش دێنێتە خوێنو
تەنیا و نەبەز
بەستە ئەڵێ

* * *

بەیان ، ئەی شاری سەربازو زەحمەتکێشان
لە رێی خوێناوی دوور لانادات

دەبا بگرن
دەبا بخۆن
دەستەی فاشستو کۆیلەکان
دەبا هەڵبێت ، بە کوێرایی شەوی پڕو مەرگو سەهۆڵ
بەهاری کوردوستان
لەناو جەرگەری خاکمانەوە
ئەی راونەری داگیرکەزان
بەغدا ..
بەیان .. ئەی بەیانیەکەی تازەمان

١٩٥٩-٣-٣٠

## بۆ کوژراوی ژمارە ٨ لە گرتووخانەی ( بۆخن فالد )دا[١]

کراسە قوڵ دڕراوەکەی
لەگەڵ فلچەی دانەکانی
تاڵی مووی‌سەر .. دوکەڵاوی
لە بەرۆکیا
کارتەکەی حیزب
دوو خەتی سوور بە دەوری وێنەی‌دا کێشراو
لەناو ژووری زیندانەوە

(١) ئەم پارچەیەو ئەوویتریان ـ دوو هۆنراوە ـ لـە ریزە هۆنراوێکی بەناوی ( ٢٠ هوانرو لە بەرلین )ەوە .

گورستانی پڕ لە لوورەی
رەشەباو گورگ
« بە یەك ئەگەین »
دیوار وەك بەفر داپۆشی
ئەوا بردیان بەرەو مردن
هەر وەك لە شارەکەی ئێمە
بەرخو مەرر ئەبەنە سەربرین
گەر رابوردی
براکەی من
بەلای ئەو فلچەی دانەدا
هیچ مەڵی •• بێ کار •• توور دراوە
چونکە تاقە بەڵگەیە
هێشتا ماوە
لەسەر تاوانی فاشستان
بەرامبەر ئەو برایەمان
بەرامبەر بە کاکی ئینسان

بەرلین ٣ـ٥ـ١٩٥٩

## حەوت گوڵە گەنم بۆ ئەرنست تێلمان(١)

حەوت گوڵە گەنم ـ لە ناو خاکی یۆنانەوە
لە دایکی دیمەترۆفەوە ،

(١) هاورێ تیلمان : سەرکردەی حیزبی شیوعی ئەڵەمانیا بوو ، هیتلەریە فاشستیەکان لەکاتی جەنگی دووەمدا لە بەندیخانەدا کوشتیان ٠

له سوفیاوه ،
له کۆرپەو ساوای کوردوستانەوه ـ
بۆ تۆم هێنا ئەم دیاریه ،
ئەی هاوری‌کەمان ، تێلمان
بەرزی بۆ بەرەی ئینسان
بۆ جیهانێك لەژێر ئالآی سووردا دێته ژیان
له ژێر ئالآی کارگەراندا
ئەی هاورێ‌کەمان تێلمان
بۆ ئەو دەنکه گەنمەی ، له سەر گۆرری پیرۆزتەوه
چاو هەڵدێنی
بۆ منداڵان
بۆ رەنجبەران
هونەروەران
بەرزی بۆ دەریاو کەشتیوان
دە راپەروە
وا ئێستا ئاوازو خۆشەویستی
له گەڵ ناندا
بۆ هەموانە •• له خاکی پاکی سەوزتدا
ئەی هاورێ‌کەمان •• تێلمان

بەغدا : ٦-٥-١٩٥٩

**وەرگێرانی : عزالدین مصطفی رسول**
**ئەندامی یەکیەتی ئەدیبانی عیراق**

(٤٨)

# رۆژنامەو گۆڤاری تازەی کوردی

**١ ــ رووژنامەی « خەبات » ــ بەغدا**

هەلهاتنی بەیانی چواردەی تەموز ، هەلهاتنی بەیانی ئازاد بوونی بیرو توانای گەل بوو ، وەبۆ گەلی کوردیش بەیانی تەقینەوەی کانیاوی بیرو بەتایبەتی رۆژنامەو گوڤاری کوردی بوو • بەم جۆرە ئەو رۆژنامە نهینیانەش کە جاران لە قەدپالی کیو چیاو یالە ژێرخانی تاریکی مالاندا بەدزیەوە دەرئەچوون بۆ ئەوەی ریگەی خەبات بو گەلی کورد روشن بکەنەوە ، ئیستا بە ئاشکرا دینەبازارەوەو هەمان ئالای خەباتیان هەلکردوە •

« خەبات » کە رۆژنامەی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردوستانە لەبەغدا دەرچوە بۆ ئەوەی سیاسەتی پارتی بۆ هەموو کەس بەکوردیوعەرەبی روشن بکاتەوەو بێتەوەسەربازیکی تێکۆشەر لە کۆری « خەبات » دا ، خەباتی کوردو عەرەبو کەمە نەتەوایەتیەکانی عیراق لە پێناوی داچەسپاندنی برایەتیاندا کە کۆلەکەی نەلەرزیوی داچەسپاندنی جمهوریەتو ئاراستە کردنی دیموکراتیەکەیەتی •

« هیوا »ش پرربەدل خۆش بەختی خۆی دەرئەبررێ بەرامبەر بە دەرچوونەوەی « خەبات » لە شێوەی تازەیەدا ، وە « هیوا » کە گۆڤاری یانەی سەرکەوتنەوە یانەش یانەی گەلی کوردەو بەپەیرەوی راستی « هاوکاری نیشتمانی » ئەروا بەریگەوە ، هەمیشە روناکی لەومەشخەلی تێکوشانی دیموکراتی شورشگیریە وەرئەگرێ کە « خەبات » بەجەرگانە گرتوویە بەدەستەوە •

**٢ ـ رۆژنامەی « ئازادی » ـ کەرکوك**

دوابەدوای خەباتیش « ئازادی » لە کەرکوکەوە تیشکی پیرۆزی بە هەموو کوردستاندا بلاوکردەوە وئالاشەکاوەکەی چینی زەحمەتکێشی کوردوستانی بەئاشکرا هەلکردو ، ئەوچرایەی خۆش کردەوە کە چواردەساڵە بە ئەمینی هەلی کردوەو پەیرەوی حیزبی شیوعی عیراق ـ لقی کوردوستان ، بە خەڵکی کوردوستان رائەگەینی ، « ئازادی » هەمیشە سەربازێك بوو لە کۆرری تی کوشاندا وسەربازیك بوو کە پیشەنگی کاروان بوو بۆ روخاندنی رژیمی نۆکەرانی ئیستعمارو بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی گەلی کوردو دەست گیر کردنی مافی میلی خۆی ، ئێستاش « ئازادی » هەر ئەو پێشرەوەی خەلکی کوردوستانەو ئێمەیش « هیوا » هەروەکو ووتمان کە لەسەر رۆشنایی « پەیمانی هاوکاری نیشتمانی » ئەرزۆین ، ئەوپەیمانەی حیزبی شیوعی عیراقو پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردوستان وەخەلکانی سەربەخوی کوردوستان کردویانەبە پەیرەوی تێکوشانی ئەمرۆو خەڵکی کوردوسانیان بە رری خستوە ، ئێمەیش لەرۆ شنایی « ئازادی » بێبەش نابینو بەو پەرری شانازیو بەختیاریەوە پیرۆزبایی دەرچوونەمەی رابەرەکەی گەلی کورد ئەکەین •

**٣ ـ گۆڤاری « نەورۆز » ـ سلیمانی**

تائێستا دوژمارەی ئەم گۆڤرەمان پێ گەیشتوە کە لە سلیمانی پارێزەر کاك کەمال میرزا کەریم دەری کردوە • وەلەرێگەوە ئەم گوڤارە شێوەیەکی ئەدەبی گرت ، وەئەوەی هەمو خاوەن بیرێك هەستی پێئەکات ئەوەیە کە نەورۆز رادەیەکی ئەدەبی بەرزی هەبوو

لـەم دوژمارەیـەدا وە ئومێدیکی زۆری پێهـەبوو کـە ئاریکارێکی باشی‌بێت بۆ « هیوا » لـە هەڵگرتنی ئالای بـەرزکردنەوەی رادەی ئەدەبی شورشگێری کوردا ، بەڵام ئەم گوڤارە وای بەباش‌زانی کە ببێتە گوڤارێکی سیاسی ، ئێمە لە هەردووحاڵدا دیارە پیرۆزبایی ئـەم گوڤارە ئەکەینو ئومێدمان وایە لە رووی‌سیاسەتەوە وەك « هیوا » لـە رووی ئەدەبـەوە بۆتـە گوڤاری « هاوکاری نیشتیمانی » وگوڤاری هەموو خەڵکی کوردوستان کـە لـە ژێر پـەیرەوی ئـەوهاوکاریەدا ئەرۆن لە هەموو چینوحیزبیکدا ، هیوامان‌وایە « نەوروز »یش ئـەو ئالاپیرۆزە هـەڵگریو دەسـتیکی بالای ببێ لـە هوشـیارکردنـەوەو پتەوکردنی هوشـیاری گـەلی کوردی قارەماندا ولـە بەهێزکردنی برایەتی کورد وعەرەبو پاراستنی جمهوریەتە نازادارەکەیاندا •

**٤ ـ رۆژنامەی « الحقیقە ـ راستی » ـ موسل**

تاقە ژمارەیەکی ئەم رۆژنامەیەمان پێ گەیشت کە لـە موسڵ بەعەرەبیو بەکوردی « شێوەی‌بادینان »ی‌دەرئەچی ، بی‌گومان « هیوا » زۆر خۆش‌بەختە کـە رۆژبەرۆوژ رۆژنامـەو گوڤارو چاپ‌کراوی کوردی لـە پەرەسەندنابێت • وە یەتایبـەتی ئومێدیکی تایبـەتیشی بە « راستی » هـەیە ، کـە راستی خـەباتی گـەلو راسـتی پـەیرەوی هێزدنیشتمانیـەکان باشتر لـە میشـکی خـەڵگی قارەمانی بادینـاندا بچەسێنیت ، ئەو رۆڵە قارەمانانەی گـەلی کوردوسـتان کـە رووی کوردوستانیان جارێکی تر سپی کردو لاپەڕەیەکی تازەی رەنگینیان نووسـی لـە مێژوی خـەباتی هـاوکاری کوردو عـەرەبـو کـەمە نەتەوایەتیەکانی عیراقدا ، ئەویش لـە کاتی تەفروتوناکردنی پیـلانە

چەپەڵەکەی ناسر ـ شەوافدا •

« راستی »تان لێپیرۆزبێت ئەی قارەمانانی بەهدینان ، « الحقیقة »تان لێپیرۆزبێت ئەی رۆڵەبەجەرگەکانی موسل ئومیدی بەرەوپێش چوونیشمان بۆ « الحقیقة ـ راستی » وە بۆبەرێوەبەرانی ماموستا جەرجیس فەتحوڵای پارێزەر وماموستا مەلا ئەنوەریمائی •

**٥ ـ بەیان « الشفق » ـ سلیمانی**

بیستمان کە گوڤاری خۆشەویستی « شەفەق » کە جاران لە کەرکوك دەرئەچوو ، ئێستا هەواری گواستۆتەوە سلیمانیو سەرلەنوی بەزمانیکی پاکی کوردی بانگی بەگویدا نراوە « بەیان »وە شاعیری هەرەگەورەی کوردوستان ماموستا گۆران بۆتە سەرەکی نووسەرانی وە « بەیان » بۆخزمەتی ئاشتیو ئەدەب تەرخان کراوە •

هەرچەندە وادیارە لە بەرئیشزۆری ماموستا « گۆران » یانەی سەرکەوتنی کوردانو هیوای فەرامۆش کردوە وبەیانی بەدیاری بۆ نەناردوون ، بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە « بەیان » لەشێوەی تازەیدا ئەبێتە بەردیکی لە هەڵکەندن نەهاتووی خەباتی گەلیکورد لە پێناوی ئاشتیدا وبۆ بەربەرەکانی جەنگی چەپەلی ئیستعماری • وە ئەبێتە دیوارێکی قەشەنگ لە تەلاری رەنگینی زمانو ئەدەبی کوردیدا • وە ئومێدمانوایە کە ماموستای بەرز « گوران » کە خۆی بۆ « بەیان » تەرخان کردوە کە دەنگی ئاشتیو ئەدەبە ، هەوڵێکی باشبدات لە سەر لاپەرەکانی « بەیان »دا بۆ ئەوەی ئێمە کە قوتابی ماموستاین لە رووی زمانی کوردیەوە « بە شیوەیەکی تایبەتی » ئەوپەرری سوود لە ماموستا وەربگرین وە ماموستاش دیارە ئەوپەیامە تەواوئەکات کە

به سەرەتای نووسینیەوە گرتویەتە ئەستو ئەویش پێش‌خستنی زمانو ئەدەبی کوردە •

سلاوێك بۆ بەیان ••

سلاوێك بۆ تێ‌کوشەری نەبەزی ریگەی ئاشتیو شاعیری خەباتکەری گەورەی گەلی کورد وهەموو عیراق مامۆستا « گۆران » •

**دەنگی قوتابیان**

دیسان لە کونو کەلەبەرەوە ، لە پەنا بەردو ژێرخانی تاریکی مالانەوە ، لە چەند ساڵ بە دزیوە دەرچوونەوە ، دەنگی قوتابیان بە ئاشکرا دەرئەچێ ، ئەو دەنگەی کە دەها ساڵ بوو بە دەست‌نووسو بە نیوەچاپ رێگەی نیشانی قوتابیانی کوردوستان ئەدا ، رێگەی روخاندنی رژمچی بۆگەنی کون ، رێگەی برایەتیو هاوخەباتی لەگەڵ قوتابیانی عەرەبیدا ، رێگەی تێ‌کۆشان لە پێناوی داخوازیەکانی قوتابیانا ، کە ژیانێکی دانشگایی ئازادو دوا رۆژێکی باشترە ، رێگەی خەبات بە رابەری یەکیەتی گشتی قوتابیانی عیراق •

« هیوا » پیرۆزبایی دەنگی قوتابیانو یەکیەتی نەبەزی قوتابیان ئەکاتو هیوای بەردەوامی ئەم گۆڤارە کوردیە خۆشەویستەیەتی •

---

## ببورن

لە سەری ژمارەی پێشوودا بەرامبەر بە مانگی ( نەورۆز ) نووسراوە ( شوبات ) راستیەکەی ( مارت )ە •• تکایە لە دانەکەی خۆتا رستی بکەرەوە •

# هیوا وخوێندەوارانی

« هیوا » هەر لەسەر پەیرەوەکەی خۆی لەو نامەو هۆنراوانە ئەدوێ کە بۆیهاتوە ، یا بەکورتی وە لامی ئەو پرسیارانە ئەداتەوە کە لێیکراوە ، یاخود لەمکونجەدا ئەوکورتە ووتارانە ئەخاتەروو کە بۆی نیراوە ، بەمجۆرە پۆستەی ئەمجارەیهیوا بریتیە لە :

× **مامۆستای گەورە بشیرمشیر :**

با سەرگوڵی خویندەوارانی ئەمجارەمان وسەرگوڵی پۆستەکەی خوێندەوارانیش ئەوپارچە برراوە بێت لە رۆژنامەیەکی ناپەسندی مەصر کە مامۆستا بۆی ناردودین • ئەو رۆژنامەیە دیسان ووتەو زورنای پروپوچی ئاغا ئینگلیزو ئەمەریکایەکاینو دەستەکەی ناسر ـ رۆنتری دوبارە ئەکاتەوە دەربارەی گەرانەوەی برابەرزانیەکانمان لە یەکیتی سوڤیەتیمەزن ، وەئەو درۆ زلە ئەکاتەوە کە هەمووومان پربەدنیا پی پێکەنین کە گوایە ئەوانە بەرزانی نینو کوردی ناو روسن •

ئێمەش سوپاسی خۆشەویستمان مامۆستا بشیرمشیر ئەکەینو هەربەزمانئەوەوە بەو رۆژنامە تەڵەکەبازەو جەمالیخاوەنیو رونتریئاغای جەمال ئەڵێین داخیدڵتانەو ئەزانین کوێتان دێشێ • هەروەها لەگەڵ مامۆستا بشیر خوێدا ئەڵێین وەك خۆت ئەفەرمووی (جەمال عەبدو ناسر) جاران ناوێ وەك خۆی وابوو بەڵام ئێستا بۆتە (جەبان عاد خاسر) •

دیسان لە مامۆستا بشیرەوە : لە یادی سەرگوزەشتەی جمهوریەتی کوردو عەرەبدا شین لە زەفەر چاکترە •

(٥٤)

چونکە کارەساتێکی کۆنفەرمانێکی تازەمان ئەخاتەوە یادو فرمانمان ئەداتێ کە بۆ گەڵتێ کۆشین •

× **کاکتایەر بێکەس ــ سلیمانی :**

بەسیە ئیتر شینوگریان دڵنیابە وپێ کەنە
کۆتیسەختت واشکاوەو بەرگیشینت داکەنە
جەژنی تۆ دووجەژنە ئیمرۆ جەژنی ئایار وبەهار
کاتی شادی وراپەرینە وبێرەبەر مەیدانی کار

کاکەتایەر : درەنگ هۆنراوەکانی یەکی ئەیارتمان پێ گەیشت کە ئەم دوودێررەمان لێ بڵاو کردەوە ، بەراستی یەکی ئەیارو جەژنەکەی ئەمسالیو کردنی بە جەژنی رەسمی جێگەی ئەوەیە کە شاعیرەکانمان بجوڵێنی وتۆزی لە چەوساندنەوەی چینی کریکاری نەونەمامی کوردستان بدوێن ویادیکی قوربانیەکانی گاوربانغیشمان بکەنەوە •

× **کاک مەحمود عەزیز جاف ــ لە بەغدا :**

وەرگیراوەی ووتارەکەی مامۆستا مەلاجەمیلی بەندی ورژبەیانی بۆ ناردوین کە لە ( الثقافة الاسلامية )دا بەعەرەبی بڵاوکراوەتەوە بە ناوونیشانی ( گەلیکورد لە هەموو گۆشەیەکی نیشتمانەکەیا قەڵایە بۆ جمهوریەتی عیراق ) • ئومێدمانوایە کە بتوانین بۆجارێکیتر ئەم ووتارە بەنرخە بڵاو بکەینەوە هەرچەندە تکاشمانوایە کە خوێندەواران زۆرتر شتیوامان بۆبنێرن کە بڵاو نەکرابێتەوە وکەس نەیدیبی یاخود لە زمانە رۆژئاوایەکانەوە وەرگیرابێت • وە هەروەها

زۆتر ئەوشـتەی بۆ هیوا ئەنێررێت پەیوەندی بـە کاروباری ئەدەبو زانیاریو مێژووەوە بێت باشترە ، هەروەك لـە ووتاری سەرەتای ئەم ژمارەیەدا دەرئەکەوێت •

× **کاك عەلی رەشید بەرزنجەیی ــ کەرکوك :**

چیرۆکی « دایك »ی رووسی کردوە بەکوردیو بۆی ناردووین • وائەزانم گـەر کاك عـەلی بروانێتـە چیرۆکەکەی ئـەم ژمارەیەمان ئەزانێت کـە بۆچی وەرگیرراوەکـەی ئـەومان بڵاو نـەکردۆتەوە وئەشزانێت کە ئـەوەی بڵاو کراوەتەوە جێگەی چیرۆکەکەی ئـەو ئەگریتو ، گەلێك سوپاسیهیواش بۆ کاکە عەلی •

× **کاك ئەنوەر محەمەد محەمودی قوتابی ــ هەلە بچە :**

لـەهۆی بڵاونەکردنەوەی بەشەکانیتری کتێبەکەی مامۆسـتا جەمال نەبـەز ئەپرسێ کـە لـە ژمارەی (٦ ، ٧)دا بـەشێکی بڵاو کرابۆوەو بەڵێندرابوو کە هەمووی پەیتاپەیتا بڵاو بکرێتەوە •

ئێمە زۆرمان پێخۆش‌بوو کە ئەو کتێبە بەنرخە هەمووی بڵاو بکەنیەوە بەڵام هۆییەکەمی وازلێهێنانی ئەوەبوو کە ئەوەی بەشی یەکەمی کردبەکوردی ئێتر وازی لـە کردنەکوردی بەشـەکانیتر هێناوە ئێمە هـەرچەندە بەپێی ئـەوپەیرەوەی هیوا بۆخوی داناوەو لەسەرەتای ئـەم ژمارەیەدا دەریخسـتوە زیاتر بـە بڵاو کردنەوەو بەرەوپێش بردنی ئەدەبیاتەوە خەریکین ، بـەڵام ئێمە وائەزانین ئەو بەڵێنەمان لەسەرخۆمـان ئەکردبەماڵو هەموویمان چاپئەکرد گـەر هۆییەکەم نەبوایە • وە لێرەدا نامەوی لەجیگەدا هەل لە کیس‌بچی ،

بەهەڵەیچاپ نووسرابوو کــە چاپکــراوی ( کفاح الاکــراد ) ١٠ هەزار دانەبوو ، بەڵام راستیەکە هەزاردانەیە •

× **کاك ئەحمەد حسین شەمیرانی ـ لە خانەقین :**

« بە یادی نەورۆز »ەوە پارچەیەك شیعری شورشگیر ئەڵێت کە گیانی پاراستنی جمهوریەت جۆش ئەدات • بــەڵام داخمان ناچێ کە نــەورۆز تێپەربــوو کاتی خــستنەرووی نەمــا ، تکامــانوایــە بــۆ نەورۆزێکیتر پێشکات پارچەیەکی گەلێك جوانترمان بۆ بنێرێ •

× **کاك حسین عوسمان نێرگسەجاری ـ لە سلیمانیەوە :**

بە ناوونیشانی « قەوانیکۆن » هۆنراوێك پێشکەش ئەکات بە براکوردەکانی سوریا وئەڵی :

رۆژی خــەواڵو لــە ئاســۆیســوری
چەتری هــەڵدابو پەخشــیکرد نوری
لــە پرر دەســتێکی رەشــی پررســتەم
رۆژی رونــاکی خســتەوەژێرتــــەم
ئینجا « دەقیقە » لە کۆشی « سەعات »
سەعات لە کۆشیشەوخەوتن کز ، مات
ســـامو تاریکیو پەســـــتی ئەمانــــە
لــە نــاو وولاتدا کردیــان هێلانــــە

تاوەکوئەڵێت :

رۆڵـــــەی پڵنگ بـــــاوەرر پــــۆڵا
لـــــە جێی گـــــەرمی نــــەرمونۆڵا

قــەفی پیــوەن تــەنگی زینـــدان
ئــەیفرێنن بــۆ لای نەمـــان

* * *

رۆڵــەی شێری نەتــەوەکــەم
( لــەوێ ) کوردەو هـاوار ئەکـەم :
بـابیزانێ : [ جەمـال ـ عـەفلەق ]
کۆنــە پـەرست دوژمنی هــەق
بـە کورد ، عـەرەب ، لێرە ، لـەوێ
پیـــلانی تـۆی پـێ ئەنـــەوێ
لــە ژێر پـەردەی سـاختـەودرۆ
تــەفرە نـاخۆن تـازە بــۆ تــۆ
نــەتــەوەی کــورد برروائـاسن
بــــە وەررنیت گـــــەلی کاسن
( بارەگا )کــەی هــەر لــە رەوە
چوســتوچالاك دوور لــــەخـەوە
ســـلاویکی ســـووری شــورش
هـەڵ قـولاوی جـەرگـەی کۆشش
بـــۆ ســـوریا بــۆ گـەلـەکـەی
بـۆ خـەباتی : [ پێش‌رەوە ] کـەی

* * *

کاکـە حسین : هەروەك لـە ژمارەی‌پێشوودا بۆمـانووسیت

دیمەنی شاعیریەکی رەوانت تیا بەدیئەکەین ، بەلأم دیسـان ئەوەی بوەهۆی بلأونەکردنەوەی هەموو هۆنراوەکەت رازی‌نەبوونی کاك ( خەلیل )ی لـە مـەر ( عەروز ) بوو ، دەسـا نامەردت‌نەکەن ...
تۆیەك گەلیك رووی‌شیعر لە بەرهەمەکەتا تەواوبێت ، تەینا ئیش لە سەر ( عەروز ) وەسـتابێت بۆچی هەتا زوە رانەکەیتە بازرو هەر لەو پالەوە لای مەلا عەزیزی سەحاف یاخود بچۆرە خزمەت مامۆستا مەلا رەحیمی هەمزاغاو دانەیەك « میزان الذهب » بکرەو لە خزمەت مامۆستاکەتا دەست‌بکە بە « عەروز » خوێندنو بەچەند مانگێك شاعیر های‌شـاعیر ، ئەوسـا ئێمەش تووشی بـەزم ناکـەیت لـەگەل کاك « خلیل » دا . توخوا ئەوەشمان لـە بیرنەچێت کـە ئەو وەررینەی « کاك ناجەمالو ـ عەفلەق » هەر سـەگ بە مانگە شەووەررینە .

## مەلا نورە ـ قەلأدزە

دەپرسێ بۆچ کاك حافظ مصطفی قاضی و کاك هێمن ( ژیر ) لە هیوادا نەماون .

کاکە نور الدین : کاك حافظ داوای گۆڤارێکی کردوە بە نـاوی ( رۆژانو )وە کە بە شێوەی بادنیان نبودسرێت وە بە پێی یاسـای چاپەمەنی ، کەسێك ناتوانی خاوەنی دوو گۆڤاربێت .وە « همین » هۆی وازهێنانی رودن نەکردۆتەوە ، رەنگە بەئیش‌و کارەوە خەریك بودن‌بێت .

بەلأم ئەمەوێ بۆ تۆشو هەموو خوێندەوارانی رۆش‌بکەمەوە ، کە « هیوا » گۆڤاری یانەی سەرکەوتنی کوردانە لەبەغدا ، وە نامەوی

به درێژی له مێژوی یانه بدوێم ، بەڵام ئەوەنده بزانه که ئەمساڵ له هەڵبژاردنی بەریوەبەوالی یانەدا ، ئەندامانی یانه ، لەوانەی که پەیوەندیان به « پەیجانی هاوکاری نیشتمانی کوردوستان »وە هەیه ، یانی به کوردی ، له شیوعیو پارتیو کەسانی سەربەخۆ که له دەوری ئەو پەیمانه کۆبونەتەوە ، ئەمانه رێك کەوتن کەیەك لیسته هەڵبژیرن ، وه له ئەنجامدا ئەو لیستەیه دەرچوو ، بەم جۆره « هاوکاری نیشتمانی »یانەو گوڤارەکەی گرته دەست ، وه له ئەندامانی لیژنەی بەریوەبەری یانه ، یژنەیەك پێك‌هات بۆ چاوەدێری گۆڤارەکه ، وه لیژنەیەکی نووسەراتێس هەیه • که کاروبارو نووسینی گۆڤاردکه رێك • ئەخەن ، وه ئومێدیان وایه که خۆێندەواران بەرهەمی خۆیان نەبررن ، وه گرری ئەو مەشخەڵی ئەدەبی کوردیه خۆش کەن که هیوا گرتویه به دەستەوەو نوێنەری ئەو ئایدیولوجیه شـــورشگێریه دیموکراتیەیه که « هاوکاری نیشتمانی » به تێکرایی هەڵی گرتوه •

ئەمه کورته یا « مام ناوەند »ی باسه •خۆ گەر هاتیته بەغـــدا ئەوا له یانه به درێژی باسی ئەکەین ، یا گەر خوا کردیو ئـــەم هاوینه رێگەمان کەوته قەلادزه ئەوا له پیاسەیەکی رودو گربداغدا یا له چایخانه خۆشەکەی « موختار » به درێژی باسی بەری یەکیەتـی « هاوکاری تیشتمانی » له یانەو بەغدا ئەکەین •


ع•م•ر•

---

## تکایه

تکایه ئابو نەی هیوا بەم ناوو نیشانه بنێرن

بغداد : مديرية انحصار التبغ العامة الاستاذ مكرم الطالباني


دایک

له ئەدەبی روسی‌یەوە :

# دایك

**نوسەر : مەکسیم گورکی**
**وەرگێر : حەسەن قزلجی**

وادەر ئـەکەوێ ( مەکسـیم گورکی ) دایـکی زۆر خوش ویستوە ، پایەیەکی بەرزی بۆ دایك داناوە • سی چیروکی لە دوای خۆی بە جێ هیشتوە سەرباسی هەر سیکیان ( دایك )ە :

یەکیکیان لاسایی نامەیە ، یەکی تریشیان چیروکیکی گەورەیە ، ئەوی کەشیان ئەم چیروکە بچوکە کورتەیە ، جا هەرچەن کارەساتی ئەم سی‌یانە لەیەك جیاوازن ، بەڵام هەر سێ‌کیان لە باسی دایك وپایەی بەرزی دایك ئەدوین •

« **وەرگێر** »

# دایك

بازمان به پیا هەڵ وتنی ئافرەتیك بكەینەوە كە دایكە • دایك : سەر چاوەی ژیان !

ئەم چیروكە لـە تەیموری لەنگی دڵرەقەوەیە : جیهان گیری ، شەلی خوش بەخت ، كە ویستی جیهان ژیرەوژور بكات •

پەنجا ساڵ هـەمو جیگەیەكی تیكەڵ بەخوین كرد • شـاران ودەوڵەتانی لـە ژیر چەكمەی ئاسـنینی خوی‌دا ویران كرد ، وەك فیلیك پی‌بەسەر شارەمیروله دابنێ •••

پیی ئەنایە هەرشوینی ، جوگای‌خوین بەدوایا ئەكشا • گەلی كوشكی بەرزكردەوە لەئیسقانی « گەله » بەی‌دەس كراوەكان ، وە لەتۆڵەی مـەرگی « جانگیر »ی كوریـا سێ سـالی تـەواو توزقاڵی میهرەبانی وبەزەیی لەسوچی‌دڵیا جێی نەئەبوەوە ••

بازمان به پیاهەڵوتنی دایك بكەنیەوە • دایك : ئـەو هیزەی كە مەرگ سەری زەبونی بو دائەنەوینێ •

چیروكیكی راستەقینه له دایك بگیرینەوە : دایكیك كە نوكەر وخزمـەتكاری مـەرگ ، تـەیموری شـەلی دڵرەق ، لـەعاستی‌یا سەری‌ریز وقەدری دانەواند •

* * *

دەشتی سەوز وزەرنگاری ( كانی گوڵان ) كـە بـە گوڵاڵه وبەیبون داپوشرابوو ، وەشاعرەكانی سەمەرقەند ناویان‌نابو ( دوڵی گوڵ ) ، لەوجیگەیەی كە مناره بـەرزو شینەكانی شـار لەدورەوە ئەبینران ، تەیمور جەژنیكی گەورەی گرتبو ، پینج هەزار خێوەتی

لەچەشنی بایەوان هەڵدابوو ، کە لە بانی هەر یەکیکیانەوە سەدها ئالاتی هاوریشمین ئەشەکایەوە !..

لە ناوەراستی ئەم چادرانەدا ، خیوەتی تەیمور ، وەك شاژنیك لە ناوکارەکەراندا وەستابێ ، لە سەر دوانزە هەسونی زێر - کە هەر کامیکیان بە دریژایی باڵا پیاوی بو - هەڵ درابو ، لە چوار سوچی خیوەتەکەدا ، ( چونکە چوارگوشەبو ) چوار هەڵۆی زیوینیان داچەقاندبو وە لە ناوەراستی ئەواندا ، هەڵوی پنجەمین : پادشای پادشاهان ، تەیموری دەستەڵاتدار ، لە سەر تەختی فەرمان رەوایی دانیشتبو ، روکاری وەکو دەمی خنجەریکی پانبو کە بە خوین سوز کرابێ : خوینی کە بە هەزاران جار پی‌یەوە لکابو .

لە تەختی خیوەتەکە ، کە بە جوانترین ونایابترین رایەخ داپوشرابو ، سی‌سەد پەرداخی زیرینی پر لە شەرابیان دانابو لەگەڵ هەر شتیکی نایابا کە بۆ خوانی پاشایەتی بە کەڵك‌بی ، بەزم گیرەکان لە پشتی سەری تەیمورەوە جیگای خویان گرت ، لە تەنیشتیەوە هیچ کەس دانەئەنیشت ، نزیکانی وفرماندەرانی وگەورە پیاوەکانی ، هەمو لە بەر پێ‌یا دانیشتن . نزیکتر وخوشەویستر لە هەموان ( کرمانی ) شاعری سەرمەستبو ، کە تەیمور بواری‌دابو لە هەرەتی سەرخوشی‌یا گاڵتە بە سەرداری گەورە بکات ، وە ئەو پیاوە جەنگاوی‌یە بەسامە بداتە بەر توانج ... دەبازمان بو پیاهەڵوتنی شاعری بکەنیەوە کە لە خوای تاك‌و تەنیا بەولاوە هیچ ناناسیت ، وە لە قسەی هەق‌دا کۆڵ نادا ..

لە هەرەتی جەژن و لە گەرمەی شانازی وگیرانەوەی شەران‌و

وسەرکەوتنەکاندا ، کە پیاوەکانی تەیمور نوقمی سامی ئەو بوبون ، لە ناکاو هاواری ژنیك وەك قریشکەی ماهەڵویەك ، لە چەشنی بروسکە کە بە ناو هەورا تێئەپەرێ ، گەیشتە گویچکەی بەی دەس کەری ( سولتان بایەزید ) •

ئەم دەنگەی بەلاوە ئاشنابو ، وە کاریکرد لە دڵە زامارەکەیا کە مەرگ هیلانەی تیاکردبو •• فەرمانیدا بزانن ئەم هاوارە دور لەشادیە لە کێوەیە ؟•• وەلامییان هێنا ، کە لە ژنیکی شیتی شپرزەوەیە ، کراسیکی شری لە بەرایە وبەزمانی عەرەبی ئەدوێ وئەیەوی ـ بەڵی : ئەیەوی ـ سەرداری گەورە ببینی • فەرمانی دا بیهێنن •

دوای پشویەك ، ژنەکە لە بەرامبەریا وەستا ، پێخاووس وبەرگی شری نەبەردابو • پرچە شورەکانی سینگە روتەکەی داپوشیبو ، رواڵەتی وەك برنجە زەردبو ، لە چاوە کانیا گرنگی ولەخورادیوی ئەبینرا ، دەستە گەنمرەنگەکانی کە هەرگیز نەئەلەرزین بۆ لای سەرداری شەل دریژ کردو وتی :ـ

« ئەری تۆی ـ سولتان بایەزیدت ـ شکاندوە ؟ گوێبگرە : تو هەر چیەبکەی انسانیت ومنیش دایکم ! تو مەرگ ئەچینیت ، من ژیان ئەبەخشم ! تۆ گوناهت دەربارەی من کردوە ، من هاتوم کە لای من لە گوناهی خوت بلاڵییتەوە ! بیستومە کە دروشمیتو « دادپەروەریودەستەلاتە » باوەر ناکەم ! بەلام ویژدان گاڵئەدا کە لە بەرابەری منا گوێرادیربی ! من دایکم ! » •

سەرداری شەل ئەوەندە زیرکیو وریاییبو کە پەی بە تەوژمی

پشت ئەم قسانە بەرێ • بە ژنەکەی فەرمو دانیشیت وبە سەرهاتی خۆی بگێریتەوە • ژنەکە ووتی : « من خەلکی ( سالرنو )م کە والە ئیتالیا لە ولاتیکی دور کە تۆ شارەزای نیت ، باوکم ماسی گربو ، میردەکەشم هەرئەوە کاریبو ، بە دلنیایی ئەژیاو من مایەی بەختیاری ئەوبوم • منالیکمبو لە هەمو منالان جوانتر » •

لەم وەختەدا سەرداری پیر قسەی ژنەکەی بریو ووتی :ــ « وەك جانگیری کورم » ، ژنەکە گورجانە گوتی : « منالی من لە جوانیو ژیریدا هاوتاینەبو • شەش سالانە بو کەدزانی دەریا رژانە قەراخی دەریای ئیمە وخەزوری من وگەلیکیتریان کوشت وکورەکەمیان رفاند • ئەمە چوارسالە دنیای بەشوینا ئەپشیکنم کە چی ئەوەتا لای تویە ! بەوەشا ئەزانم چونکە پیاوی بایەزید ئەو دزە دەریاییانەیان گرت وئەمجار تویش بایەزیدت شکاند و هەرچییەکی هەبو کەوتە دەستت • جا خاترجەمم ئاگات لەشوینی کوری من هەیە وە لەسەر تویە بمدەیتەوە ! » •

ئەوانەی لەوی بون هەمو دایانە پرمەی پیکەنین • سەرکردە کانی سوپا وفەرمان دارانی وولاتان کە خویان بە پسپور ئەزانی ووتیان : « ئەم ژنە شیتە ! » ماقولان وگەورەکانی هۆزیش دایانە پالئەوان وپشتیوانیییان لە قسەکەیان کرد • بەلام کرمانی شاعیر تەنیا کەسی بو کە پینەکەنی ، بەلکو وردبوەوە وبەبیراچو وراستەوخۆ سرنجی ژنەکەی ئەدا • تەیموری شەلیش بەسەر سورماوییەوە تیی ئەروانی • ئەنجا شاعیر ، لە ژێر لیوەوە ، ووتی : « بەلی شیتە وەك ئەو ژنانەی جگەر گوشەیان لە کیس چوبی ! » •

له دوایی‌یا فه‌رمـان ده‌ری فه‌رمـان ده‌ران ، دوژمنی ئاسایش‌و وئارامی ووتی :ــ « ژنه‌که ! له‌وولاته نادیاری‌یه‌وه چون گه‌یشـتیته ئیره ؟ ، ئه‌و هه‌موه ده‌شت وده‌ریاو کوسارو روباره‌ت چۆن‌بری ؟ ، چون له ده‌س ئه‌و پیاوانه‌ی ، له جانه‌وه‌ری کیوی درنده‌ترن خوت رزگار کرد وبیٚ‌چه‌ك وته‌نیا ریگات گرته‌به‌ر ؟! چه‌ك ته‌نیا پشتیوانی مروڤی بی‌ده‌سه‌لاته‌و تاقه دوستیکه که ئینسان تا ئه‌و وه‌خته‌ی بتوانی به چاکی به‌کاری بهینی گزی ناکات ! » •

با سه‌ر دانه‌وینین بو گه‌وره‌ی ئافره‌ت ، ئه‌و ئافره‌ته‌ی که دایکه وخۆشه‌ویستی ئه‌و ته‌گه‌ره‌و به‌رهه‌لٚست ناناسیت وه به‌مه‌مکی خۆی ریگه له دنیا ئه‌کاته‌وه • هه‌مو شتیکی باش لـه ئاده‌میزادا به‌روبوی تیشـکی روژ وشـیری دایکه وه‌ئه‌مـه کـه خوشـه‌ویستی ژیانمان فیرئه‌کات •

ژنه‌که ووتی :ــ « من له گه‌رانه‌که‌ما هـه‌ر توشی ده‌ریایه بوم ئه‌ویش پر بو له دورگه وگه‌می‌راوی وه‌توانیم بـه کۆمه‌کی ئه‌وان لیی بپه‌رمه‌وه • مروڤ کاتی به‌شوینی خوشه‌ویستیکیا ئه‌گه‌ری هه‌مو شتی ئاماده ئه‌بینی بـو خزمه‌تی خوی • په‌رینه‌وه‌ی روبار به‌مه‌له بۆ که‌سیٚ که له قه‌راخ ئاو هاتبیته دنیاوه کاریکی ئه‌وه‌نده گران نیه » •

لـه‌م وه‌ختـه‌دا کرمـانی ووتی :ــ « ••• کوسـار بـه‌لای خوشه‌ویسته‌وه ، وه‌ك ده‌شت نه‌رمان وته‌خت ئه‌بی ! » ژنه له‌سه‌ری رویشت : « وه‌توشی جانه‌وه‌رانی سامناکی کیۆی‌بوم • به‌لام هـه‌مو جانه‌وه‌ریٚ دلٚیکی هه‌یه وه من له گه‌لٚ ئه‌واندا ، هه‌ر به‌و جوره که له‌گه‌ل تودا ئه‌دویم ، قسـه‌م ئه‌کرد ، ئه‌وانیش ، وه‌ختی که ئه‌م‌وت

دایکم ، باوەڕیان پێ ئەکردم دڵیان پیم ئەسوتا ، بوچی جانەوەرانی درندەی کیویش بەچکەی خۆیان خوش ناوێت وەبو پاراستنی گیانیان تەقالا نادەن ؟! » .

ژنە لە سەر قسەکانی رویشت : « پیاو لە بەرچاوی دایکا لە منالێك زیاترنیە ، تو ئەکرێ حاشا لە بونی خوابکەی ، بەڵام هەرگیز ناتوانی حاشا لە بوونی دایك بکەیت » . ژنە لەم کاتەدا قیژاندی : « خیراکە ! کورەکەم بدەرەوە . ئەمن دایکی ئەومو خوشم ئەوێ ! » .

باسەر بۆ گەورەیی ئافرەت دانبەوینین . ئافرەتە کە موساو عیساو محمدی خستوەتەوە ، ئەوە کە گەورەپیاوان دینیتە دنیا جهان بە هەرچی‌یەکەوە بنازی لەدایکەوەیە ...

خاپورکەری شاران ، ئەو شەلە زوردارە ، کەوتە ووتوویرە پاش بێدەنگی‌یەکی درێژ بەوانەی لە دەرو بەری‌بون وتی :ـ « من : تەیموری خواپەرست ، ئەوەی پیویستە بووتری بەئیوەی ئەڵێم : ماوەیکی زورە ئەژیم وە دنیا لە ژیرپیما ئەناڵینی ، سێ ساڵە لە تۆڵەی جانگیری کورما دنیام غەلتانی خوین‌کردوە ، بە دریژایی ئەم ماوەیە خەڵك لە بەر خاتری شاران ووڵاتان لە گەڵ منا جەنگاون وەهیچ کەس سەبارەت بەئینسان بە گژما نەهاتوە ! وئینسان هیچ‌وەختی ریزو نرخی بەلامەوە نەبوە ، من ؟ : ئەو تەیمورەی کە لە پاش بەی‌دەس‌کردن بە بایەزیدی‌وت : بروا ناکەم شارانو خەلکی شارزان بەلای خواوە نرخیکیان‌بێ ، ـ وەئەولە زنجیرابو من لە کاتیکا ژیانم بەلاوە وەك‌ژەهر تاڵ‌بو ، تەماشای

چاردەشی ئەوم ئەکرد ـ لە بەرامبەر یەکیکی وەك منا ئەوەنا ژنیك دانیشتوە هەستوبیریکی لە منا هەلگیرساندوە کە تا ئیستا نەمدیوە بەخۆمەوە • ئەم بە جۆری لەگەڵ منا ئەدوێ ئەلیی خیرخوای‌منە ، ئەم ناپاریتەوەو تکاناکات • ئەم ئەیەویت وداوا ئەکات • ئیستا رازی تەوژمی ئەم ژنە تێ‌ئەگەم • ئەم خوشەویستی لەدڵایە ، وەئەوخوشەویستی‌یە وای‌لێ‌ئەکات کە منالەکەی بەریشەی ژیانی‌بزانی ••• » •

زوردار ، کە کوردەکەی خوی بیر کەوتبوەوە ، ئەی‌ناڵان ، لە دوای پشویەك روی‌کردە پیاوەکانی ووتی :ـ « هەر ئیستا سێ‌سەد سوار لە سەران‌سەری ناوچەی فەرمان‌رەوایی‌منا بۆ دوزینەوەی کوری ئەم‌ژنە بکەونەرێ • ئەم‌ژنە لێرە ئەمینیتەوە ومنیش بەدیاری‌یەوە دائەنیشم تاکورەکەی ئەدوزرێتەوە ، خۆشی لەوکەسەی کوری ئەم‌ژنە بینیتەوە » •

ژنە بزەیکی‌گرت بۆ تەیموری‌لەنگ ، زورداری کونەساڵ لە جیگای خۆی هەستا وکش‌ومات سەری بۆژنەکە دانەواند ، کرمانیش دەس‌بەجێ دەستەشیعریکی لەتاریفی ژنیکا کە عەشقی دایکانەی لەسەردایە خویندەوە •

* * *

« ••• ئەمە هەموی وایە : هەروشەیەك کەلیرەداوترا راستە ، دایکانی ئێمە ئەمەئەزانن ، لەوان‌بپرسە پیت ئەڵین :ـ « بەڵێ ئەمانە راستن ، لە سەرەتاوە راست‌بون وهەتا هەتایە راست‌ئەبن ، ئێمە

دایکان لە مەرگ بەهێزترین ، ئێمەین کە بۆدنیا هەمیشە پسپۆڕو شاعرو پاڵەوان دینینە بەرهەم ، وەهەرشتی کە ئێسان لەسایەیدا بگاتە سەربەرزی وشانازی پێی ئەبەخشین ... » .

## لە گوڤاری نەورۆزەوە

گۆڤاری ( نەورۆز ) کە گۆڤارێکی ئەدەبیو زانیاریو کۆمەڵایەتی کوردی مانگانە بوو وەزارەتی ئیرشاد بریاریدا کە لەمەولا ببێت بە گۆڤارێکی سیاسیش ومانگی دووجار دەرچێت . ئێمە ئەم بریارە دائەنێین بەوەی یەکێکە لە دەست کەوتوەکانی شۆرشی (١٤) تەموزی پیرۆز . وە بەم بۆنەیەوە . تکا لە هەمو ئەحزابو منظماتو نوسەرە خۆشەویستەکان ئەکەین ووتاری سیاسیشمان بۆ بنێرن بە هەمو خۆشیەکەوە بۆیان بلاوبکەینەوە .

## اعـــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ٨١٧٦ المؤرخ فی ١٤-٥-١٩٥٩ .

بناء علی عدم حصول راغب لالتزام معادن القیر فی هیت وأبی القیر لمدة سنتین اعتبارا من ١-٤-١٩٥٩ لغایة ٣١-٣-١٩٦١ خلال المدة المعینة باعلاننا المشار الیه اعلاه لذلك قرر مجلس ادارة اللواء بقراره المرقم ٥٧٥ والمؤرخ فی ٢٤-٥-١٩٥٩ تمدید مدة المزایدة الی الساعة (١٢) زوالیة من یوم الاحد المصادف ٧-٦-١٩٥٩ فعلی الراغبین فی التزام المعادن المذکورة مراجعة مجلس ادارة اللواء أو مدیر الواردات للاطلاع علی الشروط مستصحبین التأمینات النظامیة .

علی جمعة

و. متصرف لواء الرمادی

# خەباتی ئافرەتی کورد

**کەرکوك : عالیە عبدالکریم**
**لە کومەڵی پاراستنی مافی ئافرەتان**

هیچ گومانی تیانیە کە ئافرەتی کورد لەکوردستانی عیراقا روژی لەروژان سستیی نەکردوە لەخەبات کردنا شان بەشانی خوشکە عەرەبەکانی بو گور کردنی یاسای پاشایەتیی بوگەن ودەسەلاتی ئیستیعمارو بودواپی هینانی یاسای دەرەبەگی وەبو ئازاد کردنی عیراقو رزگار کردنی گەلی عیراقو وەرگرتنی هەمو مافیکی ، هەروا بووەرگرتنی مافی نەتەوایەتیی میللەتی کوردو مافی تایبەتیی ئافرەتان لەسیاسیو ئابوریو کومەلایەتیو تەندروستی •

بەلی ، لەم ریگە پیروزەدا ئافرەتانی کورد گەلی قوربانیی بەنرخیان داوە لەپیناوی ئامانجەکانی گەلی نەبەزی عیراقاو بومافە شەرعییەکانی خویان وەلەپیناوی نیشتمانیکی ئازادو میللەتیکی بەختیارا •

بەلگەش بوئەم خەباتی ئافرەتانی کوردە شورشەکانی نەتەوەی کوردە کەئافرەتیش چەکی تیا هەل ئەگرت شانبە شانی پیاوی براو کەس وکاری وەخەباتەکانی سەرجادە وتیکوشانی نهینی یەکەئافرەتانی کوردیش دەوریکی کاریگەریان تیاگیرا • ئەوەبو لە شورشەکەی بارزانا ، بارزانی شورشگیرو نەبەز بەرامبەر بە ئیستیعمارو کونەپەرستی ویاسای بوگەنی پاشایەتی ئافرەتان چەکیان هەل ئەگرتو پالەوانانە سنگیان ئەنا بە گوللەی دەس دریژی کەرەکانەوە ،

هەروا خوشکە فەلاحەکانی دزەیی ئازایانە ئەجەنگان لەگەل پولیسی دەوری کون‌و نوکەرەکانی دەرەبەگی خوین مژا ، شان بەشانی براو میردەکانیان • هەروا خەباتی ئافرەتانی کوردستانی عیراق لەریزەکانی کومەلـەی پاراسـتنی مافی ئافرەتانـا ولـەریزی حیزبە سیاسی‌یەکانا کـەچەندیان لەسـەرئەوە چونـە بەندیخانەو لەقوتابخانـە دەرکران بـەلگەیەکی تری گرنگی نەوەسـتانی خـەباتی ژنـە کوردو کچە کوردە •

بەم چەشنە بومان دیاری ئەدا کە ئافرەتانی کوردستانی عیراق هەرگیز سەریان نەخەواندوە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم ونوکەرەکانی وە هەمیشە شان بەشانی خوشکە عەرەبەکانیان وئافرەتانی تری عیراق هـەر تیکوشـاون ئیمپریالیزم ئەیویست دونەتەوەی گەورەی عیراق کوردو عـەرەب لـەیەك جوی بکاتەوە وریگای راستی خەباتیـان لی‌بگوری‌و روی خەباتیان لەضدی خوی وەرچەرخینی تا هەرکامیان خەباتی خوی ئاراستەی ئەوی تریان بکا ، بی‌گومان ئەگەر ئافرەتان بەم پیلانە هەل بخەلەتانایە سـودیکی گەورەی بو ئیمپریالیزم ئەبو ، بەلام ئافرەتانی ئـەم دونەتەوە خەباتکەرە ، وەك پیاوەکان گوی‌یان شـل نەکرد بودەنگی دەهول وزورناژەنەکانی ئیمپریالیزم وبەکری گیراوەکانی چونکە ئەیانزانی دوژمنی راستەقینەی کوردو عەرەب‌و هەمو میللەت‌و نەتەوەیەك ئیمپریالیزمە ، لەبـەر ئـەوە روژ لەروژ زیاتر خەباتی خویانیان بەهیزترو پتەوتر ئەکردو دوستایەتی یانیـان قایم‌تر ئـەکرد بەرامبـەر هیزو دەسـەلاتی داگیرکەران وەبورزگار کردنی نیشتمانەکەمان لەدەسیان وەبو سەندنەوەی سەروەت‌و سامانی

نیشتمانیمان لەکومپانیی‌یە ئیحتیکاری‌یەکان ، تانیشتمانەکەمان ببی بەنیشتمانیکی سەربەستو میللەتەکەمان بە بەختیاری تیابژی •

گەورەترین بەلگەی راستیی ئەم تیکوشانی پیکەوەی ئافرەتانی کوردو عەرەبە ئەوەتە کەهەر لەیەکەم روژی دامەزرانی کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتانەوە ( سالی ١٩٥٢ ) ئافرەتانی تیکوشەری کورد لەریزی ئەم کومەلەدا تی‌ئەکوشن ، وەچەند جاریش روژنامەی ( ئازادکردنی ئافرت ) بەدەس‌نوس بەکوردی دەرچوە •

بەلی ، خوشکە کوردە نیشتمان پەروەرەکانمان سستی‌یان نەکرد لە خەبات شان‌بەشانی خوشکانی عەرەب ، تابەربەیانی چواردەی تەموز بەسایەی یەکیتی وخەباتی هەردو نەتەوەی کوردو عەرەب ودانیشتوانی تری عیراق بەسەرەکایەتی‌ی رولەی ئاشتی خوازی گەل عبدالکریم قاسم ، وە بەهیزو توانای گەل‌و سوپا تەخت وتاراجی کون تیکدراو لەجی‌ی دام ودەسگای رزیوی پاشایەتی ، جومهوریەتە نیشتمانی‌یەکەمان دانرا •

پاش شورشیش ئافرەتانی کورد دریغی یان نەکرد لەتیکوشان بو بەهیز کردنی جومهوریەت‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی وە زورترین ژمارەیان لەدەوری کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتان کوبونەوە کەشیوەی ئاشکرای وەرگرت‌و موئتەمەری خوی‌بەست •

ئەمرو ژمارەیەکی زور لەئافرەتانی کورد چونەتە ریزی بەربەرەکانی‌ی میللی‌یەوە بەرگی سوپایی‌یان پوشیوە چەکیان کردوەتە شان مەشق ئەکەن وتفەنگ ئەتەقینن ریزەکانی ئافرەتانی هیزی بەربەرەکانی‌ی میللی لەکەرکوک وسلیمانی وهەولیر وشارەکانی

بادینان مایەی شانازیی هەمو کوردیکی بەشەرەفو هەموعیراقی‌یەکی پیشکەوتون •

ئافرەتانی‌کورد حەفتەیان بەسەرا تی‌ناپەری بی‌ئەوەی کوبنەوە لــە جیــگاکانی رابطەداو وتارو محاضرەی سیاسی‌یان بوبدری وباسی گیرو گرفتەکانی خویان بکەن •

بی‌گومان هــەرکاتیکیش کــە هــەلبژاردن کرابو نوینــەرانی پارلەمانی جومهوریەتی عیراق ، ئافرەتانیش دەنگ ئەدەن‌و چەندیان لی‌ئەچیتە پەرلەمانەوە ، نوینەری راستەقینەی ئاواتەکانی گەلی عیراق ئەبن •

ئــەمرو ئافرەتانی کوردیش شــان‌بەشانی ئافرەتانی تری عیراق وهەمو گەلی عیراق بەگەرم تی‌ئــەکوشن بو ئاشتی جیهــان‌و یاســاغ کردنی چەکی ئەتوم‌و هیــدروژین‌وە بیزاریی خویــان دەرئــەبرن بەرامبــــەر پیلانــەکانی ئیســتیعمار وجەمــال عەفلــەقی حــەورانی‌و توکەرەکانی‌تری ئیســتیعمار ، وەداوای پاک کردنی‌سوپاو جیهازی حوکومەت‌و سەرپان کردنەوەی هەموپیلان گیرو خائینیک ئەکەن •

ئــەمەبو بەکورتی چاوگیرانیک بەرابوردوو ئیســتای خــەباتی ئافرەتی کوردا لەکوردستانی عیراق •

ئیترهەربژی یــەکیتی‌ی خــەباتی ئافرەتانی عیراق بو جی‌گیر کردنــی دەســکەوتــە دیموکراتی‌یــەکانی شــورش‌و بوپاراســتنی جومهوریەت وبو دەس‌خستی تەواوی مافەکانی ئافرەتانی عیراق !

بژی لایەنگری مافەکانی ئافرەتان ، سەرکردەی دیموکراتیمان عبدالکریم قاسم !

# سلاوی ئافرەتانی عیراق بۆ موصلی قارەمان

## سلاوێك مەلبەندی شەهیدان !

سلاوێك شاری كۆڵنەوەر ! كە جوانترین سەرگوزشتەی تێكوشانو بەرزترین سەرگوزشتەی خۆبەختكردنت هۆنیەوە •

پیاوكوژە یاخیەكان بەفرمانی نۆكەرەكانی ئیستیعمار ویستیان بتكەن بە مەلبەندی نابەكاریو پیلانگێران زدی جومهوریەتە خۆشەویستەكەمان •

بەلام گەل بەهەمو چینەكانیەوە راپەری یەكدەست ویەكدل بۆ پاراستنی شۆرشە پیروزەكەمان پاشئەوەی كە برریاریاندا بەردەوام بن هەتا سەركەوتن •

خوێنی گەشی قارەمانەكانت رژا بەسەر گردو دەشتو لەناو چەمو دۆڵداو خاكینیشتمانی ئاودایەوە بۆئەوەی بەپیلانگێرەكانی پشتسنور بلێ : بروانن چۆن خوێنمان ئەرێژین ، برریارمانداوە كە تادوا دلۆپی بەختبكەین لەپێناوی سەربەستیماندا ، قەد باوەر مەكەن كە جارێكیتر ئیستیعمار بگەرێتەوە بۆ خاكەپیروزەكەمان •

خوشكوبرایان ! دانیشتوانی قارەمانی شاریموصل ! باوەر بەوەئەكەین كە هێشتا نالەی تێكوشانتان دەنگ ئەداتەوە لە هەموجیهاندا وە ئەوەتا تیشكی روناكی سەركەوتنەكەتان رووی مێژوی مرۆڤایەتی گەشاندەوە ، ئەوەتا دەنگیسەركەوتن لە بەغداوهەمو ناوچەیەكیعیراقو هەمو گۆشەیەكی جیهان لەپێناوی ئێوەدا بەرزئەبێتەوە ، ئەوەتا دەنگی لایەنگیری

دۆستەکانمان لەچین ، لەهیندستان ، لەڤێتنام ، لەروسیا ، وەلەهەمو دەولەتێکی دۆستخوازەوە بەرز ئەبێتەوەو سلاو لە شەهیدە نەمرەکانت ئەکات ، وەسلاو لەو کۆرپانە ئەکات کە دەستی‌خیانەت‌و تاوان‌باری کوشتنی • سلاو لەخەبات‌و ئازایەتی‌و سەرکەوتنت‌ئەکات •

دەبا هەر ئاوازی نەمری بۆشەهیدە جوانەمەرگەکانت لێبدرێ •

دەبا یەکیەتی تیکۆشانی گەل‌وسوپا هەرپتەوو بەتین‌بێت لەپیناوی سەربەخویی‌و ئاشتیدا •

**کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتان**

## سلاویکی بەرزی بێ‌پیان وەلایەن گیریەکی بێ‌هاوتا بۆ کۆکەرەوەی گەلی‌عیراق

بە ناوی کۆمەلی پاراستنی مافی ئافرەتانەوە ، بە ناوی ملیۆنەها ئافرەت‌و هەزارەها دایکەوە سلاویکی پرسوپاس‌و لایەنگیری لە کانگای دلەوە بۆ سەروکە خوشەویستەکەمان • لە بەیانی چواردەی گەلاویژیشا ئەم سلاوەمان پیشکەش‌کردی چونکە گەلەکەت لە چنگی زورداری رزگارکرد کە ئیستیعمارو بێگانە دایان‌بریبو بەسەریا وە بەمەچەکی پۆلایینت قەلای زورداریت هەلتەکان‌و رژیمی ئیستیعماریت تێك‌دا وە ئەمرۆش دواکۆتی دەوری زورداریت لەسەر لابردین ، ئەمرۆش خواستی گەلی‌عیراقت هێنایەدی بەدەرچونی جومهوریەتەکەمان لە پەیمانی‌بەغدای خویناوی کە بووبوو بە موتەکەی کویلەیی بەسەرمانەوە وە گەلەکەمانی کردبو بە سووتەمەنی بۆ ئەو شەرە پرتاوانانەی کە ئیستیعمار هەلی‌ئەگیرسێنێ

وەخاکەکەمانی کردبوبە لەشکرگاو مەلبەندی دوژمنایەتیو لانەی پیلانو دەسیسە نەك هەر بۆ سەرعیراق بەلکو بۆ سەر دراوسێکانیشمان ئەم پەیمانەت بە نوکەقەلەمێك سریەوە ( ئەوخەتەی کە رۆڵەکانی گەل بەساتێك بیکێشی بەهێزو چەسپاوترە لەو کۆتو زنجیرەی کە ئەمە چل‌ساڵە بەهۆی خائینەکانەوە گەلیان پێ‌بەستوەتەوە ) •

سەروکی خوشەویستمان ، رۆڵەی گەل ئێمە ئافرەتانی عیراق پربەدل لە کانگای دەرونمانەوە دلسۆزانە لایەن گیریت ئەکەین بۆپێشەوە ئێمە منالەکانمان سەربازی گیان‌فیدای جومهوریەتین •

هەربمێنی بۆمان تێك‌دەری پەیمانی بەغدا ! •

هەربمێنی بۆمان هەتا خێرو خۆشیو ئاشتی هەمو کۆشەیەکی وولاتەکەمان بگرێتەوە •

---

## ( وەلام بدەرەوە )

١ ــ ئەبینیت کە ئەم جارە هیوا بە یەك جۆرە نووسین نەنوسراوە ، بە تایبەتی لە بەستنی (و) بەو ووشەیەدە کە لە دوایەوە دێت یا نەبەستنیەوە • وە یا لە نووسینی ئەلفی کراوە ( آ ) بەم شێوەیە یا بە شێوەی ( ئا ) •

٢ ــ لە نووسینی ناوی عەرەبیدا ، هەندێکیمان هەر بە نووسینی عەرەبی نووسی وە هەندێکی بە نووسینی کوردی •

٣ ــ رەنگە گەلێك شتی تر بە هەڵە بزانی لەم ژمارەیەدا لە رووی نووسینی کوردیەوە •

[ دەربارەی هەموو ئەمانە ئەڵێی چی وە بۆچی ؟ چاوەریی وەڵامی هەموو خوێندەوارێکین تا بڵاوی بکەینەوە ] •

## هەلبژاردنی لیژنەی بەرزی کۆمەلی پاراستنی مافی ئافرەتان

رۆژی ۹ نەرۆزی سالی ۱۹۵۹ هەلبژاردنی لیژنەی بەرز تەواوبوو ، وە نوینەرانی هەمو لیواکانی عیراقی تیا بەشدار بوو وە ژمارەی ئەوانەی دەنگیاندا لەم هەلبژاردنەیا گەیشتە ۱۲۲ کەس •

لەخوارەوە ناوی ئەو ئەندامانە بلاوئەکەینەوە کە هەلبژیران بەگوێرەی ژمارەی ئەودەنگانەی ئەندامی هەلبژیراو وەری گرت :ــ

بەغدا :ــ نزیهة الدلیمی ، سافرە جمیل حافظ ، سالمه الفخری ، مبجل ادیب ، عفیفه البستانی ، خانم زهدی ، ابتهاج الاوقاتی ، حیاة النهر ، عفیفه رؤوف ، سلمی الشیخ نوری •

احتیات :ــ انعام الدلیمی ، زکیة العماری ، سلوی زکو ، بتول الاوقاتی ، حسیبه رشدی •

حلــه :ــ فاطمه الحکیم ، عائشــه رمضان ، فاطمه الخطیب ، نوریه خصباك •

دیوانیــه :ــ صبریــه القیسی ، ام موسی ، جوزفین کلو ، وداد عبدالحمزة •

احتیات :ــ پاکیزه الظاهر ، هدیه حسین •

رمادی :ــ نزیهه صادق ، حوری علی شوقی •

احتیات :ــ جمیله عبدالباقی ، نزیهه احمد •

کوت :ــ منیفه قاسم ، حلیمه عبداللطیف •

احتیات :ــ صبریه ابراهیم ، فتحیــه احمد ، فاطمــه عوده ، خالدة الانصاری •

عمارە :ـ نجيه حسين ، فاضلة الطائی ، جميله شاكر ٠
هەولێر :ـ خەديجه مصطفی ، ساكنه سليمان ، ساميه شاكر ٠
احتيات :ـ صبيحه عمر ٠
سليمانی :ـ ئەمينه محمد ، منيره رەشيد ، گەلاويژ عبدالخالق ، زكيه بابان ٠
كەركوك :ـ روناك رەفيق ، ساجدة جاويد ، عەميده منير ٠
احتيات :ـ هدی دوسك ٠
موصل :ـ ساجده الصفا ، جانيت الصائغ ، خالده الرفاعی ٠
احتيات :ـ بوران چلمبران ٠
ديالی :ـ بتول الحكيم ، خالده البصام ، حليمه علوان ٠
احتيات :ـ نظيمه عجو ٠
بصرة :ـ كوكب عمران ، نتيجه خليل ٠
احتيات :ـ نصريه الاعظمی ، اديبه علی‌جن ٠
كربلاء :ـ صبيحه الخطيب ، فخرية القزوينی ، انيسه حكيم ٠
احتيات :ـ سلمی الصراف ٠

---

## تكا

تكايه هەرچی‌مان بۆ ئەنوسن ، له سەر يەك رووی كاغەزەكەو بـــه خەتێـكی گـــەورەو شـــاش بينوس ٠ نوختـــەش لــــەجیی خويادانێن ٠

## تكا


تكايـــه ئـــەوەی ئابونـــەی هيـــوای لامـــاوه زوبـــەزو بۆمـــــان بنێرێ ٠

# خۆش بەختیو شادیو زەماوەندی گەل





که گەل ئازادبوو ، لە بیرا سەربەست ، لە جوڵانەوەدا ئازاد ، دیارە زۆر باش ئەزانێ کە چۆن ئەو سەربەستیە بەکارئەهێنێ وە چۆن ئەیکات بە کوتەکی دەستی بۆ سەر پانکردنەوەی هەموو دوژمنو ناحەزێکی ئەو سەربەستیەی وە بۆ راهێڵانی هەموو ئەوانەی کە ئەیانەوێ بیگێرنەوە دەوروبەری ئازارۆ ئەشکو ئەشکەنجە •

بەمجۆرە لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا گەلـە هوشیارەکەمان نیشانی



هەموو جیهانی دا کە چەند قەدری سەربەستی ئەزانیو کە بە راستیش شایانی سەربەستیە مەهرەجانە دڵرفێنەکانی گەل لە هەموو کونجو کەلەبەری عیراقدا ئائەمەی بە خەڵکی رائەگەیاند ٠ وە بەتایبەتی لە شاری بەغدا کە ملیۆنەها کەس هاواری ژیانی جمهوریەتیان ئەکرد ، دیسان ئەوەی رائەگەیاند کە جمهوریەتەکەی کوردو عەرەبو کەمەکەنەتەوایەتیەکانی عیراق بۆ ئەوە پێکنەهاتوە کە





نەمینی ، بەڵکو جمهوریەتی ژیانو بەرەوپێشچوونو دیموکراتیەتە •
بەغدا لەم دوو مانگەی رابوردوودا گەلێك مەهرەجانی خۆشو مەزنی
دیت لەمانە •

**مەهرەجانی ئاشتی :**

پاش ئـەوەی کۆنگرەی ئاشـتیخوازانی عیراق دوایی هات ، جارری هەموو وولات درا کەوا رۆژی هەینی **١٧-٤-١٩٥٩** جەژنی ئاشتیە ، ئیتر هەر ئاشتیخوازەو لە هەموو لایەکی عیراقەوە گەر بۆی هەڵسوورێ بەغدا خۆت بگرە هاتم ، بـە دەهەزارهـا کەس رژانە شاری بەغداوە بۆ ئـەوەی لـەو مەهرەجانەدا بەشـداربن ، دیـارە





باوەرر ئەکەیت کە دیمەنو خۆشی مەهرەجان لە باس‌کردن نایەت ، هەر لە سبەینیەوە ئەم خەڵــکە کەوتە رێگە لــە مەیدانی خەلانیەوە روەو ( باب شەرجی ) ئینجا بە شەقامەکەی رەشیدا ، دواتاقم شەو درەنگ گەیشتنە ( بابل موعەزەم ) • بەڵام ئیتر ئــەم هەموو کاتە ، ئەم خەڵکە بە چی‌یەوە خەریك بوون ، ئەوە دیارە خۆت ئەیزانی کە بەزمو گۆرانیو هەڵپەرکیی کوردیو عــەرەبی وە بابژی جمهوریەتو روڵە بە جەرگەکەی گەل پیشەی ئەو رۆژەی ئــەم خەڵــکەبوە •





وە لە کاتی رویشتندا دیارە بە ریز نوینەرانی ئاشتیخوازانی جیهان ، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی لە عیراقدا ، دادگای گەل بــە مەهداویو ماجیدەوە ، ئیتر ئەم خەڵکەی تر لە نوینەرانی ریکخراوەو یەکیەتیو نەقابەکانو نوینەرانی هەموو ئاشتی خوازانی عیراق •

وا ئەزانم باس هەر تەواو نابێت تۆزێك ســەیری ئــەم وینانە بکەو بزانە کورگەلی کوردیش چۆن بەزمیکیان ئەگێرا کە بە تەواوی لەزەماوەندا برایەتی کوردو عەرەب بەدی ئەکرا •


**مەهرەجانی یەکی ئەیار :**






کرێکاران ، قارەمانان ، پێشەنگەکانی گەلان رۆژێکیان هەیە ، یادی ئازارو دەردو ستەمیانە ، یادی خەباتو کۆڵنەدانیانە • جاران لە عیراقدا ، چینی کریکاری خەباتکەرمان بە نهێنی هەموو ساڵێك ئاهەنگیان ئەگێرا وە سوێندیان تازە ئەکردەوە بۆ سوور بوون لەسەر خەباتو کوڵنەدان ، بە پێشەنگی پێشەنگە قارەمانە نەلەرزیوە پتەوەکەی چینی کریکارو هەموو گەلی عیراق • ئەمسال ، لە ژێرسایەی نەریتی دیموکراتیماندا لە ژێرسایەی جمهوریەتی کریکارو جوتیارو کاسبکارو خوێندەواردا ، جمهوریەتی شۆرشەکەی گەلو سوپا بە سەرکردەیی کاکە کەریم قاسمی دلێر ، ئەمساڵ یەکی ئەیار کرا بە جەژنی رەسمی وە شەوی جەژن لە باخچەکەی « هۆڵی گەل » یەکیەتی گشتی کریکارانی عیراق ئاهەنگێکی بە سۆزی گێرا ، وە سەرکردەی قارەمان عەبدولکەریم قاسم ، ووتارێکی تیادا خوێندەوەو پاش چەند ووتارو پارچە شیعرێکی مامۆستا جەواهیری ، ئەوسا شەو تا درەنگ هەڵپەرکێ و گۆرانی بوو ، وە لەوێدا تیپی هەڵپەرکێی لاوانی دیموکراتی عیراق چەند شایەکی کوردی جوانیان گێرا •

بۆ رۆژی دوایی هەر لە ســەعات سێی پاش نیوەرۆوە وەك مەهرەجانو رویشــتنەکانی جاران خــەڵك رویان کردە مەیدانەکەی خەلانیو بەرەو شەقامی ( وەسبە )و روەو ( رەشید ) کەوتنە رەو ، دیسان ئەوەی دیمان لە باس کردن نایەت ، هەر هێندە بەسە کەوا دوا تاقم لــە بەرەبەیاندا گەیشــتنە ( بابل موعەزەم ) وە تا رۆژی دوایی





خەڵك لە شەقام نەبرران • وە ئەوەی شــایانی باســە ئەوە بوو کە سەرکردەکانی نەقابەکان پێشهەموان لە ژێر ئالآی « ئەی کرێکارانی عیراق یەك بگرن »دا ئەرویشتن ، دوا بە دوای ئەوان سەرکردەکانی حیزبی شیوعی تێکۆشەری عیراق لەژێر ئالآی « ئــەی کریکارانی



جیهان یەك بگرن »دا ئەرویشتن ، ئەوسا نوینەرانی هەموو رێکخراوەو یەکیەتیو کۆمەڵە دیموکراتیەکان •

کرێکارانی کوردیش دیاره هەر کریکارانی پارچە خویناویەکەی کوردوستانو روڵەی « گاروباخی »مانن • وه لەم رۆژەدا ئەوپەرری برایەتی ناو کریکارانو گیانی ئومەمیان نواند •

به راستی زۆر خۆش بوو ، هەر ئەوەنده ئەڵیم خۆزگە لەگەڵما ئەبوویت ئەی خوێندەواری خۆشەویست ، لەو شەوه رەنگینەدا که خەو دوژمنی باوك کوشتەبوو •

— ع —

## دیاری

نوسراوخانەکەی « هیوا » ئەمجاره تاقە دوو نوسراوی کوردی به دیاری بۆ هاتوه :

**١ ـ له پێناوی داد پەروەریا :**

ئەویش نووسینی ( وەجیه رزوان )ە کاك عوسمان عوزەیری کردویه به کوردی ، ٣٢ لاپەررەیەو نرخی ٥٠ فلسه و له چاپخانەی ژین له سلیمانی چاپ کراوه •

**٢ ـ شۆرشی گوێ بەندەرەکه :**

ئەمیش بریتیه لە دوو چیرۆکی ( ئەلکسەندەر وساهایال ) • یەکەم : کارخانە زیندوەکان دووەم : شۆرشی گوێ بەندەرەکه • وه کاك ( جیهان عومەر ) له ٤٠ لاپەررەدا له چاپخانەی کامەران له سلیمانی لەچاپیدراوه •

ئێمەش سوپاسی هەردوو وەرگێر ئەکەین بۆ دیاریەکەیان وه ئومێدی پێشکەوتنیان ئەکەین لە خزمەتی ئەدەبی کوردا ، به دەوڵەمەندکردنی به ئەدەبی وەرگیرراوی گەلانی‌تر •

# یەکیەتی ئەدیبانی عیراق

× دەستەی گشتی « هەموو ئەندامان »ی یەکیەتی ئەدیبانی عیراق لە رۆژی پێنج شەمەی ٧-٥-١٩٥٩دا • لە نیشتەجیی یەکیەتی لە عولویە ( بەغدا ) کۆبوونەوە •

لە پێشدا سەرەکی لیژنەی خۆئامادەکردن شاعیری گەورەی عەرەب مامۆستا محەمەد مەهدی جواهیری ووتارێکی خوێندەوە لە باسی یەکیەتیەکەو چۆن پەیدابووینو یاریدەکانی کاربەدەستانو بە تایبەتی دۆستی ئەدیبان عەبدولکەریم قاسم بۆ یەکیەتی ، وە نەختێ گلەییشی لە هەندێ ئەندامانی لیژنەی خۆئامادەکردن کردن چونکە سستیان نواندوە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەدا کە بەسەرشانیانەوەیە • پاش ئەو سکرتێری لیژنەی خۆئامادەکردن « دوکتور سەلاح خالس » ووتارێکی خوێندەوە دەربارەی « دواکەوتنی ئەدیبان لە بارگەی شۆرش • پاش ئەوە دەستکرا بە هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەر • وە لە ئەنجامدا ئەمانەی خوارەوە دەرچوون « کە بە نووسینی عەرەبی ناوەکانیان ئەنووسین » :

١ ـ مامۆستا محمد مهدی الجواهری ـ سەرۆك ـ
٢ ـ مامۆستا محمد صالح بحرالعلوم ـ بەرێوەبەر ـ
٣ ـ دوکتور صلاح خالص ـ سکرتێر ـ
٤ ـ مامۆستا ذنون أیوب ـ جێگری سەرۆك ـ
٥ ـ مامۆستا عبدالله گۆران ـ ئەندام ـ
٦ ـ مامۆستا لمیعة عباس عمارة ـ ئەندام ـ

٧ ـ مامۆستا عبدالوهاب البیاتی ـ ئەندام ـ
٨ ـ مامۆستا یوسف العانی ـ ئەندام ـ
٩ ـ دوکتور مهدی المخزومی ـ ئەندام ـ
١٠ ـ مامۆستا عبدالملك نوری ـ ئەندام ـ
١١ ـ دوکتور علی جواد الطاهر ـ ئەندام ـ
١٢ ـ مامۆستا علی جلیل الوردی ـ ئەندام ـ
١٣ ـ مامۆستا سعدی یوسف ـ ئەندام ـ
١٤ ـ مامۆستا عبدالمجید الونداوی ـ ئەندام ـ
١٥ ـ مامۆستا عبدالکریم الدجیلی ـ ئەندام ـ

× لەگەڵ ئەوەشدا کە تائێستا زۆر کەم لە نووسەرو شاعیرە کوردەکان بوون بە ئەندام لە یەکیەتیدا ، وە بەشی زۆر دورەو پەرێز وەستاون ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەش کە بوون بە ئەندام بەشی زۆریان نەهاتبوون وە لەو کوبونەوەیەو ئەوانی تردا تەنیا پێنج کورد هاتبوون کە ئەمانەن :

جمیل بەندی روژبەیانی ، عبدالصمد خانقاه ، معروف خەزنەدار ، عزالدین مصطفی رسول ، عثمان مصطفی خۆشناو • وە زۆری ئەمانیش لە کەرکوکەوە هاتبوون •

× ئەدیبانی بەسرە لەگەڵ ئیشوکاریاندا هەموو بە فرۆکەیەکی تایبەتی هاتن •

× رۆژی هەینی ٨ـ٥ـ١٩٥٩ • کوبونەوە بۆ لێدواندنی پەیرەوی ناوخۆی یەکیەتی تەرخان کرا • وە لەو پەیرەوەدا بریار

لەسەر دامەزراندنی لقێك بە ناوی « لقی کوردوستان »وە درا بۆ یەکیەتی •

× کۆبونەوەی رۆژی پێنج شەمەی ١٥-٥-١٩٥٩ بۆ لەسەردواندنی راپۆرتەکەی دوکتور صلاح خالص بوو • لەسەر دواکەوتنی ئەدیبان لە بارەگەی شۆرش •

× وە لە رۆژی سێ شەمەی ١٩-٥-١٩٥٩دا مامۆستا « عزیز حاج » لە نیشتەجی لەسەر بەشدار بوونی حیزبی شیوعی عیراق لەوەزارەتدا دوا •

---

## « هیوای ئەمجارە »

وا ئەمجارەش هیوا بە دواکەوتوویی لە کاتی خۆی دەرچوو ناچار لەگەڵ کەمی لاپەڕەکانی ناومان لێ نا دوو ژمارە • بە پشتیوانی ئێوە پەیمان ئەدەین کە ئیتر بە رێکوپێکی دەرچێت ، وە هیواداری یاریدەتانین •

ئیتر دەست لەدەستو قوەت لەخوا •

## چواردەی گەلاوێژ

وا یادی شورشە نەمرەکەی چواردەی گەلاویژ نزیك بویەوە ئیمەش لەو یادەدا زور دلشاد ئەبین کە بەش زوری ژمارەی مانگی گەلاویژمان لە سەر یادی شورش بیت ، بۆئەمە چاوەڕیی بەرهەمی نوسینو هونراوەی ئەدیبەکانمانین •

# لەم ژمارەیەدا


لاپەرە

١ هیوا لە کوردی ئەدەبا
**دەستەی نوسەران**

٥ لیکدانەوەی موسیقا بە شیوەی سیاسی
**نوسینی. ئەحمەد بەهائەالدین**

٢٢ نیشتمانە بچکۆلەکەم
**وەرگیرانی نسرین فخری**

٣٢ ئەنگلس
**محمد نوری توفیق**

٢٨ هونراوەو میللەتەکەم
**عبدالرزاق حمد**

٣١ لە ئاسمانی لوبنانا چیای گویژە
**ئەحمەد خواجە**

٣٦ **یادی رەسافی نەمر**

٣٩ خەیالی خاوە
**قادر مەلا ئەحمەد**

٤٠ ئەدیبو هونەر مەندەکانمان وپیویستیەکانی ئەمروی سەرشانیان
**محەمەدی مەلا کەریم**

٤٥ سێ هونراوەی عبدالوهاب البیاتی
**وەرگیرانی عزالدین مصطفی رسول**

٤٩ روژنامەو گوڤاری تازەی کوردی

٥٤ هیواو خوینەوارانی

٦١ دایك
**چیروکی مەکسیم گورکی وەرگیرانی. حەسەن قزلجی**

٧١ خەباتی ئافرەتانی کورد
**عالیە مەلا کەریم**

٧٥ چەن بەیانو هەوالیکی ئافرەتان
**ئامادە کردنی نەسرین فەخری**

٨٠ خوشبەختی وشادی وزەماوەندی گەلع

٨٧ یەکیەتی ئەدیبانی عیراق

# باوەڕ پێکراوانی هیوا

**لە :ـ**

بەغداد :ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە

سولەیمانی :ـ ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

٣ ـ محمد رسول ـ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی

٤ ـ احمد عباس کریم ـ نامەخانەی بیری نوی

کەرکوک :ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

هەولیر :ـ قادر احمد خوشناو ـ خاوەنی نامەخانەی شورش

شەقلاوە :ـ ١ ـ نامە خانەی یەکیتی

٢ ـ نامە خانەی سەربەستی

کویـە :ـ نامە خانەی کوردستان

رانیـە :ـ عزیز صدیق ـ کوکای بیتوین

هەلەبجە :ـ سید حسین ئەمین

زاخـو :ـ محمود حاجی احمد ، مکتب التحریر

قەلادزی :ـ نورالدین مەلا صابر

رەواندز :ـ علی عبدالله : کتیبخانەی رەواندز

خانەقین :ـ حبیب نەوروز : کتیبخانەی سیروان

موصـل :ـ سید علی ـ مکتبة الامین ـ شارع النجفی

چەمچەمال :ـ رەحیم رەزا ـ کۆکای کاوە

چاپخانەی شەفیق ـ بغداد »



# هیوا

## مانگی جارێک دەرئەچێ

## گۆڤارێکی ئەدەبیو زانستییە

بەغدا : چاپخانەی شەفیق

# گۆڤـاری هیوا

## ژماره ( ۱۱، ۱۲ ) ساڵی 2 حوزەیران و تەمووزی ۱۹۵۹


هیوا
HIWA
ژمارەی ١١ و ١٢ ی‌سالی دوو نرخی ئەم دو ژمارەیە ( ١٢٠ )
فلسـه ٠٠

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عیراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ـ |
| دانەی بە | ١٠٠ | ـ |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : وزارة الاصلاح الزراعی

المفتش العام الاستاذ مکرم الطالبانی

ژماره ١١ ، ١٢
ســالی ٢
حوزەیرانو تەموزی١٩٥٩
جو زەردانو پوش‌پەری
٢٥٧١ی کوردی

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبی‌و زانستی‌یە
مانگی جاریک دەر ئەچی

## هیواو شورش و سالی سێیەمی ژیانی

خویندەواری خوشەویست :

کاتی ئەم ژمارەیە ئەخوینیتەوە ، سالیك بە سەر شورشەکەی چواردەی تەمووزدا رابوردوە ، وە هیوا سالی دووەمی تەمەنی ژیانی خوی بردوتە سەر • وا ئەزانین پی‌ویستە هیوا وەك گوڤاریکـــــی ئەدەبی‌و زانستی بەرهەمی سالیکی شـــــورش بو ئەدەبو زانیاری کوردی‌و حسابی چون بردنە سەری ژیانی خوی لەو سالەدا پیشکەش بە خویندەوارەکانی بکات • کەس لەوەدا دوو دل نیە کە شورشەکەی چواردەی تەمووز ، شورشی سوپاو گەل ، شورشی کوردو عەرەب بە سەرکردەیی سەرەك عەبدولکەریم ، ئەو شورشە گەر لاپەررەیەکی نویی لە ژیانی هەموو گەلی عیراقا نووسیبی ، کە بریتیە لە ژیانیکی ئازاد بو گەل‌و نەهیشتنی باری رژیمی شایەتی ئیستعماری دەرەبەگی

(١)

له سەر شانی ، دیارە ئەم شورشە لە گەل نووسینی ئەم دیرە پیروزانەدا لە میژووی گەلی کوردا ، سەرباریکی مەزنیشی بە دیاری پیشکەش کردوە ، کە بە دەستەوە دانیکی باشی مافی قەومی گەلی کورد لە عیراقدا ، هەر لە بەندی سییەمی دەستوری وەختیەوە تا ریگەدان بە روژنامەی سیاسی کوردیو بەر بەرەلا کردن بو گوڤارو روژنامەی زور بە زمانی کوردی تا ئەگاتە دەست کردن بە دامەزراندنی مودیریەتی ، زانیاری کوردوستان•وە بە هوی ئەمانەوە زانستیو سەقافەی کوردی گەلیك هەنگاوی باشی نا بو پیشەوەو شاعیرو نووسەرەکانی کورد دەستیان دایە بەرهەمیکی باشو لە ماوەی ئەم سالەدا گەلیك نووسراوی کوردی کەوتە بازارەوە • بەم جورە گەر یادی یەکەمی شورش لای گەلی عیراق یادی ئازاد بوون بیت لەئیستعمارو نوکەرو کومەلەیەك لە پەیمانی چەپەلی ، ئەو یادە لای گەلی کورد یادی ئەم شتانەو یادی ریگەی دەس کەوتنی مافی نەتەوایەتی گرتنە بەرە ، وە لەم کاتەدا کە نوکەرانی ئیستعمار زور بی ئابروانە بە دەربەگو قەومی یە کویرە عەرەبەکانو دەستە تورانیەکانی نوکەری حکومەتی تورکیای ئابرو تکاوەوە هیرش ئەبەنە سەر دەستکەوتە کانی گەلی عیراقو دەستکەوتەکانی گەلی کوردی نەبەز ـ بە شیوەیەکی تایبەتی ـ ئا لەم کاتەدا ئیمە یادی شورش ئەکەینەوەو دلنیا یمان دەرئەبرین ، کە گەلی کورد هەمیشە پال پشتی جمهوریەتو ئاراستە دیموکراتیە کەیەتی وتا دوا دلوپی خوینیئەریژی لە پیناوی پاراستنی دەستکەوتەکانیدا ،وە ببرای ببرای ریگە نادات بەوانەی ئەیانەوی ژیانی لی تاریك بکەنو

(٢)

جاریکی‌تر بە دەردەکەی برایانی کوردوستانی تورکیاو ســـوریاو ئیرانی ببەن • ئەمە دەربارەی شورش‌و یادی پیروزی • دیسان لـــە یادی دووسال رابوردندا بە سەر ژیانی « هیوا »دا ئەمانەوی کوردانە ، راست‌و دروست باسی ئەم سالەی ژیانی هیوا بکەین • لە زور جیگە مقومقویە ، هیوا بوچی دەر نەچوو ، کەی دەر ئەچی ؟ • چی‌بوو بە دوو حیزب کە ئیشی یانەی سەرکەوتنیان گرتوەتە ئەستو ئـــەو گوڤارەیان پی بەریـــوە نابریت ؟ بوەچی جاران بە ریـــك‌وپیکی دەرئەچوو ؟ • بو وەلامی ئەم پرسیارانە ئەمانەوی دیسانەوە ئەوە دەر بخەینەوە کە لە ژمارەی پیشوودا نووسیبوومان کە « هیوا » ، « هەر لە سەرەتای لە دایك‌بو نیەوە جیگەی خوی زانیوەو سوپەری خوی دوزیوەتەوە ، لە سوپاگای گەلدا ، وە بە پیی توانا لە روژانی رژیمی بوگەنی کونەپەرسیا چەکیکی خەباتی گرتوە بە دەستەوە کە ئەوسا زورتر بو پاراستنی گەنجینەی نەتەوایەتی کورد بوو ، لـــە روژانیکا کە ئەو رژیمە ئەی‌ویست بە دوا رەچەلە کی ئەو گەنجینە پیروزەدا بیتـــــە خواری وە توزی نەهیلی ، وە هەر وەها ــ هیوا ــ وەك سەربازیکی کورری ئەدەب هەولی داوە کە وردە وردە باوەشینی ئاگری خەباتی گەلی کورد بکات‌و بیگەشینیتەوە ، دیسان روانیویەتە ئەوەی کە دیمەن‌و ناواخنی ئەدەبەکەش لە بەرزی‌دا لە گەل یەك ریك‌بنو رادەی زانستی گەل بەرز بکەنەوە » • وە دیسان ئەوەش بخەنیەوە روو کە هیوا لە بەر نەبوونی روژنامەو گوڤاری کـــوردی سیاسی لە سەرەتای شورشدا ئەرکی گوڤاریکی سیاســـی گرتـــە ئەستو ، وە کاتیك کە ریگەی گوڤارو روژنامەی سیاسی درا ، هیوا

هاتەوە جێگەی خۆیو ئالای بەرەو پێش بردنی ئەدەبو زانیـــاری کوردی هەلکردەوە ، بەلام ئەو تەنگ وچەلەمانەی هاتە رێگەی هیوا لەم سالاو بوە هوی ئەم پچرر پچرریە لە دەرچوونی گوڤارەکەدا یەکەمی ئەوە بوو کە زوری نووسەرەکانمان یا بە کاروباری سیاسیو ریکخراوە دیموکراتیەکانەوە خەریك بوون و نەیان ئەپەرژایە سەر نووسین وە ئەوانەش کە ووردە ووردە ئەیان‌نووسی ، نووسینەکەیان بە سەر ئـەو هەموو روژنامەو گوڤارانـــەدا بلاو ئەبووە دووەمیش بێ‌دەرامەتی بوو ، چونکە زور بوونی گوڤارو روژنامە وای کرد کە هیواو روژنامەکانی تری پێش شورش هەر چەند لە گەل بارگەی شورشدا رویشتوون بەلام ئەوبازارەیان نەما ، چونکە ئەو خوێندەوارە کەمانەی کورد توانای ئەوەیان نیە کـــە هەموو روژنامەو گوڤارە کوردیەکان بگرن • بەم جورە بێ دەرامەتی یە وای کرد کە هیوا نەتوانی دەستەیەکی نووسەرانی جێگیری وای بێ کە ئیشیان تەنیـــا دەرکردنی هیوا بێت بە لکو نەیتوانی کەتەنیا کەســـــیکی وایش رابگرێت • بەم جورە ئەرکی نووسینو چاپ کردنو ئابوونە ناردن هەمووی کەوتە سەر ئەو دەستە نووسەرانەی هیوا کە گەلێك کاری تریشیان هەیە •

ئەمە بوو هوی راستەقینەی دەرنەچوونی ریكو پێکی هیوا ، گەر ئەوەشمان لە یاد نەچیت کە ئیشی چاپ‌کردنی کوردی بە تایبەتی لـــە بەغدادا زور سەختو گرانە • وە گەر ئەو هویانەی پێشوو دەستێکی بالایان بووبیت لە دەرچوونی درەنگی ئەم جارەی هیوادا ، بێ گومان نەبوونی چاپخانەو ســـــــتی لە تەواوکردنی چاپی گوڤارەکەدا

(٤)

دەستیکی بالاتری هەبوە •

جا بو ئەوەی گوڤارەکەتان • کە ئیستا تاقە گوڤاریکی سەقافی کوردە ، بەریکی بروات بە ریگەوە • تکایە کە لە رووی ئابونــە ناردنەوە دەستمان بگرن ئەی خوینەوارانی کوردەوە تکایە لە رووی نووسینەوە فەراموش نەکەن ئەی نو سەرو شاعیرانی کورد • وە لە رووی یاریدە دانی دەستەی نووسەرانەوە لە ئەرکی چاپو پیچانەوەو شتی تری گوڤارەکەشەوە ئومیدە ئیوەش ، ئەی قوتابیانی کورد لە بەغدا ئەرکی سەر شانتان بزانن •

ئیتر هیوای سالیکی پررخوشین بو گەلی عیراقو هەموو گەلی کورد لە کوردوستاندا •

هیواشمان وایە کە ئەم گوڤارە هەر ئەو سەربازە کول نەدەرە بیت کە لە مەیدانی بەرەو پیش بردنی سەقافەتو ئەدەبی کوردیدا دیوتانە •

**« دەستەی نووسەران »**

# خوێندن بە زمانی کوردی

« ابراهیم بالدار »

* بۆچی ئەبێت بە زمانی کوردی بخوێنین •
* تاکو چە ڕادەیەك ، ئێستاو لەمەودوا ئەتوانین بە زمانی کوردی بخوێنین •
* چی بکەین تاکو زمانی کوردی چاتر لە ئێستا دەست بدات بۆ خوێندن •

## ( بوچی ئەبیت بە زمانی کوردی بخوینین )

ئەبینیت منالێك کە بە زمانی خۆی لەسەر دەستی مامۆستایەکی وەستادا ئەخوینیت ، بە چاکیو جوانی پیئەگاتو هەلئەکەویت • وە بەو هویەوە ، وەك کانی ، تواناو هەلکەوتووتی تیا هەل ئەقولیت • وە بە دەم ئەو هەستەوە کە لەم سەر کەوتنو پیش کەوتنەیەوە تیا پەیدا ئەبیت ، چەشە ئەبیتو ، بروایەکی بێپایانی بە خۆی تیا پەیدا ئەبێت • سەربەستو چاوقایم ، بیرتیژو دەروونپاكو دڵ پڕ لە هەستو هێز ، ئەبێتە مایەی سەربەرزیو چاکیو خوشی بو هەموو نزیكو دووریك •

وە بە پێچەوانەی ئەوە ، لە لایەکی ترەوە ، منالێکی بەدبەختی بێچارەی وات بەرچاو ئەکەوێت ، کە بە ناچاریو کەساسی ، بە زۆرو دڵرەقی ، ناچارکراوە ، بە زمانێکیتری وا بخوێنێت کە تێی ناگات ، چونکە قسەی پیناکات ئەیبینیت وەك ژیشك ، لە خویا

کرژبووەو ، ئەلی کەلەشیری بەزیوە چووەو چەواشەو سەرکویر بووە ، چونکە ناچار کراوە ، بە گیروگرفتو نقەنق ، بە زمانێکی وا بخوێنیت کە تێی‌ناگات . داماو ، پێوە جەڕاوەو گوشراوە ، دوودڵ بووەو بڕوای بە خۆی نەماوە ، وە هەموو تواناو جەوهەرێکی بە خونچەیی تیا هەڵپرووزاوە .

## زمانی شیری هوی تی‌گەیشتن‌و دەربرین‌و پی‌گەیشتنە

بی‌گومان ، ئیمە ، خومان ، وە بە تایبەتی ، منالەکانمان ، زووترو چاتر ،بە زمانی خومان شت تی‌ئەگەین‌و فیری ئەبین‌و کارمان تی‌ئەکات ،وە بە هویەوە ئاسانترو رەوانتر ئەتوانین بیرو باوەرو هەستی خومان دەربرین . بەوە زیاتر چەشە ئەبین ، وە باشتر بروا بە خۆمان پەیدا ئەکەین . ئەوسا بۆ هەموو ئیشێك بێ‌ترس دێینە پێشەوە ، بۆ کردنی لە خۆمان ڕائەبینین ، وە تیا سەرئەکەوین .

ئاشکرایە ، کە هەموو یەکێك لە ئێمە پێویستە لە زمانێك زیاتر بزانیت ، تاکو لە روژیکی وەك ئەمرودا ، لە هیچ جورە خوێندن‌و کارێکی ژیانیا دانەمێنیت . بەڵام زمانی دووەم ، یان سێیەم ، نابێت لە دەمێکی ناوەختا بە سەر منالا دابڕیت .

زاناکان دوای تاقی کردنەوەو لی‌وورد بوونەوەیەکی زور بویان ساغ‌بۆتەوە کە منال لە پلەی سەرەتادا ــ ئیبتیدائی‌دا ــ ئەبێت هەموو دەرسێکی بە زمانی شیری خوی پی‌بوترێتەو بەو زمانەی کە منال بە دەم خواردنی شیری دایکیەوە گویی

پێڕادێتو دەمی پێئەکریتەوە ، وە لە دواییدا لەگەڵ کەسوکارو دەوروپشتو خەلقیترا پیی ئەدویت • چو نکە منال لـــەم پلەیەدا پێویستی بەوەیە بتوانێ ، بە ئاسانیو ڕەوانی قسەی مامۆستاکانی تیبگاتو ، کاری تیبکات ، تاکـــو بی گیروگرفت ، بە روونیو رەوانی ،هوشو بیری بکریتەوەو ،بە چاکی پیبگاتو ،بروا بەخوی پەیدابکاتوە وای لیبیت کە بتوانیت بیرو هەستی خوی بە ریکیو ڕاستی ، بە ئاسانیو جوانی دەرخات، چونکی پەیدابوونو پەرەسەندنی توانای دەربڕینی بیروهەست لە منالا ، یەکێکە لـــەو هـــەرە بەرزە هویانەی کە بە سایەیانەوە ، بـــە چاکیو تـــەواوی ، پیئەگاتو هەلئەکەویت ،وە لە هەموو ئیشیکیا سەرکەوتوو ئەبیت ،وە هەموو سەرکەوتنێکیش بۆ سەرکەوتنیتر پاڵی پێوە ئەنێت •

**لەگەل خویندن بە زمانی شیری ، کەی باشە دەست بە فیرکردنی زمانیکی دووەم بکریت ؟**

زاناکان گەلێك ووردبوونـــەوەو تاقیکردنەوەیان لەم ڕووەوە کردووە • هەنێکیان ئەڵێن : منال تاکو باش لە زمانی شیری خۆیدا قاڵ نەبێت ، ناشێت زمانێکیتر فیربکرێت • ئەگینا هیچیان بە باشی فیرنابێت • وە لە لایەکیترەوە چونکی زمانی شیری ، لەو تەمەنەدا ، هۆی هەموو دواندنو ، خوێندنەوەو ، گویلێبوونو ، نووســـینی منالە ، ئەبێت ماوەی بدرێت کـــە چاك تیایا پێشبکەوێتو ، هێزی بەسەرا بشکێت ، بێئەوەی بە فێرکردنی زمانێکیترەوە ســـەری لیبشیوینریت •

ئیمه هەرگیز نابیت بەوە خومان بخەلەتینین ، کە لە بچووکیا منالەکەمان وای لیّ بیّت وەك تووتی یەكدوو ووشەی زمانیّکی‌تر ، جار لە دوای جار ، دووبارەبکاتەوە ، ئیتر بەوە بلّیین ، فیّری ئەو زمانە بووە • لەو دەورەدا ، زۆر شتی‌تر لەوە پیّویستترو بە کەلك‌تر هەیە ، کە منالّ ئەبیّت فیّریان بیّتو ، ڕابیت لەسەریانو ، تیانا قالّ بیّت • لەسەر ئەم باوەڕە ئیّستا لە زۆر وولاّتە پیّش‌کەوتووەکانا ، بە هیچ جۆریك ڕیّی ئەوە نادەن زمانی دووەم لە مەکتەبە ئیبتیدائیەکانا فیّری منالّ بکریّت •

وە لە گەلیّك وولاّتی‌ترا ، تازە هاتونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە باشترین دەم بو دەست‌پی‌کردنی فیر کردنی زمانی دووەم دەوری تەمەنی یانزەسالّی‌و دوانزە سالّیە ، بەجۆریّك کە لەو تەمەنەوە دەست‌بکریّ بەوەی حەفتەی چەند دەرسیّکی لەو زمانە دووەمە پیّ‌بووتریّتەوە •

لەسەر ئەم بیرو باوەڕە ، بە تایبەتی ، لەو وولاّتانەدا کە لە یەك گەل زیاتر پیّك هاتوون ، منالاّن لە پلەی ئیبتیدائی‌دا ، هەموو خویندیکیان بە زمانی شیری خویانە ، بەلام ، لە چوارەم سال ، یان لە پنجەم سالەوە ، دەست ئەکەن بە زمانی دووەم ، بە جوریك کە حەفتەی چەند دەرسیّکی لیّ فیّربکریّت •

**ئەوانەی دوور لە وولاتی خویان ئەژین ،**
**وە بە زمانیکی تر قسەئەکەن وئەخوینن •**

زۆر جار ڕی‌ئەکەویّت کە منالّیکی کورد ، لە شویّنیکی دوور

(٩)

له وولاتی کوردوستانا ئەژی ، وه له گەل ئەوەدا که له ماڵەوه ، دایك‌و باوکی به زمانی کوردی قسەی له گەڵا ئەکەن ، ئەم له گەڵ منالان‌و خەڵقا ، وه له ناو مەکتەبا ، به زمانێکی‌تر قسـه ئەکات‌و ئەخوێنیت • ئەم مناڵه چونکی به هۆی ئەوەوه لەگەڵ خەڵقا به زمانه دووەمەکەی گفت‌وگۆ ئەکات‌و ئەدوێت ، زور لێی شارەزا ئەبێت‌و له سەری ڕادێت ، وه بۆی گران نابێت له مەکتەبیشا پێی بخوێنیت‌و وەك مناڵەکانی‌تر له خوێندنەکەیا پێش بکەوێت‌و تیا سەربکەوێت • بەلام ، بێ‌گومان ، له زمانەکەی خۆی‌دا کۆڵ ئەبێت • ئەم جۆره مناڵه ، به هۆی ئەوەوه زوو فێری زمانه دووەمەکەبووه ، ڕەنگه له پلەی یەکەمی خوێندنیا ، هەنێك چاتر لەو زمانەدا شارەزابێت ، بەلام ئەوه مـانای ئەوه ناگەیه نێت که له پلەی ناوەڕاسـتـ‌و بـەزری خویندنیشیا له. نووسین‌و خویندنی ئەو زمانەدا هەروا له پیش ئەبیت ، وه ئەو مندالانەی که به زمانی شیری خۆیان خوێندوویانه پێشــی ناکەون‌و لەو چاتر نایەنه پێشەوه • وه له لایەکی‌ترەوه ، چونکه ئەم ، تا دوایی به زمانی شیری خوی نەیخویندووه ، له فیربوونـی ئەو زمانەدا ، که زمانی باوباپیرو گەله کەیەتی هەر له دوا ئەبێت • بەو هۆیەوه له تام‌و جوانی‌و خۆشی‌و له زەتی خوێندنەوەو نووسین بەو زمانه بی‌بەش ئەبیت • وه چونکی ئەم بی دەستەلاتی‌و کـول بوونەی لەو زمانه شیریەی خۆی‌دا ، که زمانی ئەوکەسانەیه لـــه ناویانا ئەژی ، هەموو روژیك دیتەوه ریی ، به دەستیەوه تووشـی هەستیکی زور تالی دلگیر ئەبیت‌و دلی له خوی ئەمینیت وه خوی به کەم‌و بێ‌دەستەلات دێته بەر چاو ، وه زۆر جار ئەم هەسته ، وا

(١٠)

لی‌ی ئه‌بیت به گری‌و ئه‌یگوشیت ، که هیزو توانای کردنی زور شتی لیّ ئه‌بڕیّت •

وه له لایه‌کی تره‌وه ، یه‌کیّکی‌تر که به زمانه‌که‌ی خوّی ئه‌خوینیت‌و تیا قال ئه‌بیت‌و ئه‌ده‌بیات‌و هه‌مه ره‌نگه زانستی‌و هونه‌ری پیّ ئه‌خویّنیته‌وه ، هه‌موو سات ، ووته‌کانی ئه‌و زمانه به ئاسانی‌و چاکی ، به زوویی‌و به قوولّی ، کار له ناخی ده‌روونی ئه‌که‌ن‌و ئه‌یجوولیّنن ، وه به‌ره‌و جوانی‌و شادی ، به‌ره‌و بیرو هه‌ستی به‌رزو به نرخ ، به گه‌رمی ، پر له هیزو توانا ، ئه‌یخه‌نه جوش‌و خروش ، وه بو چاکی‌و هه‌ل‌که‌وتویی ، بو خوشی‌و کامه‌رانی پالی پیوه ئه‌نین •

زاناکان ئه‌لیّن : ووشه‌و ، ووته ، تا ئه‌و ڕاده‌یه کار له ئیّمه ئه‌که‌ن‌و ئه‌مانجوولینن ، که چه‌ند تیکه‌لاو بووبن له گه‌ل یادو بیروه‌ری‌و قه‌وماوی ژیانمانا •

توّ قسه‌یه‌ك ، یان ووشه‌یه‌ك ، که له منالّیه‌وه ، به ده‌م سوّزو خوّشه‌ویستی قسه‌ی دایك‌وباوك هاوریکانته‌وه له‌گه‌لّ جوانی‌و خوشه‌ویستی‌و یادگاری وولاتی کوردوستانا له دلتا چه‌سپ بوبیت و شیّوه‌یه‌کی تایبه‌تی لــه کانی دلّتا وه‌رگرتبیت ، بیّ‌گومان ، هه‌موو ساتیّك که بیّته‌وه به‌رگویّت ، یان به‌رچاوت ، گشت ئه‌و هه‌مه ڕه‌نگه یادو هه‌ستانه‌ی له گه‌لّیا تیّکه‌لاّو بوون له دلّ‌و هوّشتا ، پیّکه‌وه به قولّپ دیّنه‌وه جوّش‌و خروّش‌و ، مانایه‌کی پڕ له سوّزو تام‌و پڕ له خوّشی‌و جوانی ئه‌وان له بیرو هه‌ستا په‌یدا ئه‌بیت • بویه‌که ووته‌ی زمانه‌که‌ت له هی زمانیّکی‌تر زیاتر ئه‌ت‌جوولیّنیّت‌و قوولّتر کار له ناخی دلّت ئه‌کات‌و خوشی‌و شادی‌و کامه‌رانی‌و هه‌ستی به‌رزت پی‌ئه‌به‌خشیت •

(١١)

وە هەر لە بەر ئەمەشە کە گشت گەلان هەوڵ ئەدەن منداڵەکانیان لە پیش هەموو شتێکا بە زمانی شیری خۆیان بخوێنن ، وە بێ ووچان تێ ئەکۆشن بۆ پێش‌خستن‌و بڵاوکردنەوەی زمانەکەیان ٠

**خوێندنی پلەی سەرەتایی ، بو پەروەردەکردن‌و پێ‌گەیاندنە ، نەك بو فیرکردنی زمانیکی دووەم**

هەنێك کەس هەن ، بە هەڵە ، خەیاڵ پڵاوی لەوە ئەکەن ، کە گوایا لە پلەی یەکەمی خویندنا ،واتا لە شەش سالی ( سەرەتاییدا) ،کە لە تەمەنی شەش سالانیەوە دەست‌پی ئەکات ، منال ئەتوانیت خوێندنەکەی بە زمانێکی تری جوێ لە زمانەکەی خۆی بخوێنیت ، کە بە دەم فێربوون‌و ڕەوان‌کردنی دەرسەکانیەوە ئەو زمانەش فیربیت ٠ بەلام ئەم خەیالە ، وەك گشت خەیالیکی خاوی بی‌سەروپی، لە سەرلێ‌تێك‌دان بەولاوە ، هیچ بەرهەمێکی تری نیە ٠ وە هەموو بینین‌و ڕووداویکی دەوروپشتمان بە درۆی ئەخەنەوە ٠ هۆی ئەوەش زۆر ڕوون‌و ئاشکرایە ، وە بە زۆری لەوەوەیە کە ئاسان نیە بو هیچ کەس ، بە تایبەتی ، لە تەمەنی منالیدا ، بتوانیت لە یەك وەختا ، ڕوو بە ڕووی دوو کۆسپی سەختی بەردەوام ، بە چاکی‌و خیرایی هەنگاو بنێت ٠ ئەڕوانیت ، لە لایەکەوە کۆسپی نەزانین‌و گرانی‌ی ئەو زمانەی کە نایزانێ ئەیجەڕێنیت ، وە لە لایەکی تریشەوە گیروگرفتەکانی تێ‌نەگەیشتن‌و ڕەوان نەکردنی بیروباوەڕەکانی ناو دەرسەکانی ئەیگوشن‌و ئەیڕەتێنن ٠

ئەو زمانە جوێیەی کە ئەو جۆرە کەسانە بە خەیاڵ ئاوات

(١٢)

ئەخوازن منالّ فێری ببێت ، بە جۆرە دەرس‌و چەشنە کتێبێکی وا فیرئەکریت کە بە تایبەتی بو فیرکردنی ئەو زمانە دانرابیت • وە ئەو کتێبانەش کە دەست ئەدەن بۆ فێرکردنی ئەو منالاّنەی بەو زمانە قسەئەکەن ، ئەبێت زۆر جۆێ‌بن لەو کتێبانەی بۆ فیرکردنی منالّی‌وا بەکار ئەهینرین کە نازانن بەو زمانە قسەبکەن • وە لە لایەکی ترەوە ئەو کتیبانەی کە بەو زمانە بو فیرکردنی دەرسەکانی‌تر دانراون ، بە جوریکی وا ریك خراون کە قوتابی لە پیشا زمانەکە بزانێت ، تاکو بە خوێندنەوەی کتێبەکە گورج بیرو باوەرکانی ناو دەرسەکان تێ‌بگات‌و کاری تێ‌بکەن • بەلاّم ، ئەگەر قوتابیەك لە پیشا ئەو زمانە نەزانیت کە کتیبەکەی پی‌نووسراوە ، سەری لی ئەشیوێ ، وە زۆر بە گران ئەتوانێت کەلکی لێ وەربگرێت • بەوە نە ئەتوانێت ئەو زمانە فێربێت وە نە پیشی ئەکرێت بیرو باوەڕی ناو دەرسەکان بە روونی‌و ڕەوانی چاك تی‌بگات‌و کاری لی‌بکەن • بویەکە لە فیربوونی چاکی هەردوولایان بی‌بەش ئەبیت • لەبەر ئەم هۆ گرنگە ، دەرچوون‌و پیش‌کەوتن‌و هەل‌کەوتنی زوری ئەو قوتابیانەی لە کوردوستان‌دا بە زمانی کوردی ناخوینن لە سەرەتادا ، گەلێك کزترو کەمترە لەو قوتابیانەی کە لە هەنێك ناوچەی کوردوستانا لە سەرەتادا ، بە زمانی کوردی ئەخوێنن • وە لە لایەکی‌ترەوە ، خوێندنی سەرەتا بە زۆری بۆ پەروەردەکردن‌و پی‌گەیاندنە ، وە زمان لەم پلەیەدا تەنها ــ هویەکە ــ بو هانینەدی ئەو جۆرە مەبەستانە ، کە بۆ ئەوەی بە چاکی‌و تەواوی بێنە دی ، ئەبیت منال لەو پلەیەدا ، هەر بە زمانی شیری خوی قسەی لەگەلا

(١٣)

بکرێتو دەرسەکانی پێبوتریتەوە • زۆری ئەو مەبەستانەش ئەوەن ، کە منالّ وای لێبێت بتوانێت بە ئاسانیو ڕەوانی ، تا رادیەك ، زمانەکەی خوی بەکاربهینیتو لە خویندنەوەدا بینی پیوە بگریت ، وە بی‌گیروفت ، بە زوییو ئاسانی ، پە چاکیو تەواوی ، بیرو هوشو هەستی نەشونما بکاتو ، شارەزایی لە گەلێك شتی دەوروپشتی خویا پەیدا بکات ، وە بزانێ ئادەمیزاد لە هەنێك جیگای ئەم سەر زەمینەدا بە چە جۆریك ئەژینو ، چۆن کەڵك لە سروشتو زانستی وەرئەگرن بۆ چاکیو کامەرانیان ، وە کام تواناو حەزو خوو لەو تەمەنەدا پێویستە بۆی فێریان بێتو لە سەریان ڕابێت • وە فیربیتو رابیت کە بە باشی لە گەل خەلقا هەل بکاتو قەدریان بگریتو حەز بە هەرەوزیو یارمەتیان بکات ، وە لەشی بە ساغی نەشونما بکاتو بزانێ چۆن لە نەخۆشیو خراپە بپارێزێتو ساغو پتەو رای‌بگریت ، وە هەست بە جوانی هەنیك هونەر بکاتو تامیان لێبچیژێتو خەریکیان بێت ، وە بڕوایەکی تەواو بە تواناو قەدری خوی پەیدا بکات ، وە خوشەویستی بەرامبەر وولاتو گەلەکەیو هەموو گەلانی‌تر تیا پەیدا بیتو پەرە بسینیت • وە ئەگەر هاتو منال لە سەرەتادا بە زمانیکی جوی لە زمانی شیری خوی خویندی ، کە تیی‌نەگاتو لای گران بێت ، ئەو مەبەستانەی کە باسمان‌کرد هیچیانی تیا نایەتە دی ، وە هیچ لەو زمانە جوێیەش فێرنابێت • بەم جۆرە لە هەردوولا بێبەری ئەبێتو سەرکوێریو ڕەنج بە بایی بۆ ئەمێنێتەوە •

## زمانی کوردی زمانی گەلەکەمانە ، زمانی باوباپیرو گەنجینەکانی زانستیو میژوومانە

لە هەموویان زیاتر ، لە گشتیان قووچترو بالآتر ئەوەیە کە زمانی کوردی زمانی هەزارەها سالّی ئازارو شادیو خۆشیو تالّی نەوەکەمانە •

زمانی پالەوانە شاخەوانیەکانی سەر پوپەکانو رولە شوڕەسوارەکانی ناو دولەکانی کوردوستانماتە ، زمانی نەڕەو چریکەی شوڕشو خەباتو ، بانگی ئازادیو ئاشتی (١٥) پانزە ملیون بەش خوراوی ، زۆرلیّکراوی ، کوردانە • زمانی لاولێو ، حەیرانو ، خاوکەرو ، قەتارمانە • بەلّیّ ئەو زمانەیە کە لەگەلّ ئاوازو زرنگەیا ، لەگەلّ نرکەو نالّەو چریکەیا ، ئاواتی رۆشنو ڕووناك ، هیوای بالآو فراوان ، بە گەرمیو قوولّی ، لە ناو تویّی دلآنی پڕ لە ژانی بیّنازو شادیا ، بە قولّپەوە ، زۆر بە تین ، دیە جۆشو خرۆش ، وە بە هۆیەوە ، هیّزو تواناو بڕوا لە ناخی دەروونا ئەژیّتەوەو ، بۆ تەکانو هەلّمەتی بیّ ووچانیتر ، گوڕ سەرلەنویّ تازە ئەبیّتەوە •• گوڕی گەلیّکی برینداری نەبەز ، کە بە ناچاری ، شۆڕشو خەبات لە باوباپیرەوە ، بۆ ڕۆلّەکانی بووە بە باوو ، حەز •

ئنجا بۆ ، مانو ، پیّش‌کەوتنو ، سەربەرزی ئەم گەلەمان ، بۆ پەرەسەندنی زانستیو هونەرو تواناو بەهرەکانی نەتەوەکەمان ، بایەخ پیدانو ، بلاوکردنەوەی زمانی کوردی ، کاریکی زور بە نرخو

(١٥)

پێ ویستە • وە بە پێ‌خویندنی لە مەکتەبەکانمانا زۆری ئەو مەرامانە بە چاکی‌و فراوانی دێتە دی • لەبەر ئەوە ، بە کوردی خوێندن لە مەکتەبەکانمانا ، لەگەل ، مان‌و ، بەهاو ، پەرەسەندنی گەلەکەمانا ، وا جۆشیان خواردووە ، کە بە هیچ جۆریك لێك‌جیاناکرێنەوە بە رەنگێك کە بوونی لایەکیان بێ ئەویتریان نابێت ، وە بە نەمانی ئەمیان ئەویتریشیان تیا ئەچێت •

## زوری رولەکانی گەلی کورد کولن لــە نووسینی‌و خویندنەوەی زمانەکەیانا •

چونکی زۆری ڕۆڵەکانی گــەلــەکــەمان لە منالیەوە بۆیـــان ڕێ‌نەکەوتووە بە جۆرێکی بەکەڵك ، تا بەینێکی تەواو ، زمانەکەی خۆیان بخوێنن‌و لەسەر تواناو هونەرەکانی ڕابێن‌و ، چاك تیا قال‌بن ، ئەیان‌بینی بە جـــەراندن‌و گیروگرفتیکی زور نــەبیت ، ناتوانــن نووسراوی پێ‌بخوێنەوە ، یان بیروباوەڕی خۆیانیانی پێ‌دەربڕن • لەبەرئەوە زوریان لە خویندنەوەو نووسینی زمانەکەیان تەکاو نەتەوەو، لی‌وەرس بوون • بەو هویەوە ئەو کتیب‌و گوڤارانەی بە کوردی ئەنووسرێن کەم‌کەس ئەیان کرن‌و ئەیان خوێندنەوە • هەروەها بــە دەگمەن ڕێ‌ئەکەوێت کە ڕۆڵە بەهرەدارە هەڵکەوتووەکانی ئەم گەلە وەها زمانەکەی خۆیان بزانن کە بێ‌کۆسپ‌وگرێ بتوانن بە ڕوونی‌و ڕەوانی بیروباوەڕو هەست‌و توانای جوان‌و بـــەرزی خۆیانی پێ دەرخەن • بەلام ئەگەر بیت‌و رولەکانمان بە جوریکی تەواو ، تا دوا پلە ، زمانەکەی خۆیان باش بخوێنن ، هـــەموو تیاقاڵ ئەبن‌و

توانایەکی وا تەواوی تیا پەیدا ئەکەن کە بتوانن بە ئاسانیو ڕەوانی هەموو شـــتێکی پێبخوێننەوەو تامی لێ بچێژن ، وە بیرو باوەڕی خۆیانی بە ڕاستو ڕەوانی پێدەربخەن • وە ئەوانەش کە بەهرەدارو هەڵکەوتوون ئەتوانن بەو زمانەیان بەرهەمی نایابی بێهاوتاو ناوداری وا بهێنە کایەوە ، کە لەهەموو سەرزەمیندا ناوبانگیبڕواو ، گەشو پرشنگدار بدرەوشێتەوەو ، بەهۆیەوە ناوبانگی زمانو نەتەوەکەیان لەناو گەلانا بەرز بێتەوە •

**بو ژیانەوە پیشخستنو پەرەپیدانی زمانەکەمان**

لە لایەکیترەوە چونکی ، تا ئێســـتا زمانی کوردی لە هیـــچ پلەیەکی بەرزی مەکتەبەکانا نەخوێندراوە ، نەتوانراوە هـــەوڵو تەقەلایەکی زانیارانەی ڕێکوپێکو تەواوی لـــەگەڵا بدرێت ، بـــۆ ساغکردنەوەی ووشـــــە پەتیەکانیو کــــەمکردنەوەی گەلێك لە گیروگرفتەکانی ، وە نەهێشتنی ناتەواویەکانی ، وە بو دەقپیگرتنی دەستووری قەواعیدو ئیملای نووسینەکەی لەسەر شێوەیەکیتایبەتیی ڕاستو ڕەوان • هەروەها بو پیشخستنو پەرەپیدانی ئەدەبیاتی ، لەگەڵ دەرخســـتنی جوانیو بەهاو نایابیی میراتی ئەو بەرهەمـــە ئەدەبیانەی کە لەباوباپیرمانەوە بومان ماوەتەوە •

بۆیەکە خوێندنی زمانی کوردی لە مەکتەبە پلە بەرزەکانا ، بەتایبەتی ، لە ( جامیعەدا ) بۆتە پێویستیەکی دەمودەستی وا ، کە نابێت بە هیچ ڕەنگێك چاوپۆشی لێبکرێت •

ماویەتی

(١٧)

# کومونیزم و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەری

نوسینی :محمدی مەلا کریم

ئیمپریالیزم و بەکرێ گیراوەکانی و هەندی لەوانەی پێی هەڵخەڵەتاون ، ئەیانەوی هەمیشە لە خەلك وا بگەیەنن کە کومونیستەکان گیانی نەتەوایەتی یان تیانیەو نەتەوەکەی خویانیان خوش ناوی و هەر هەولی ئەوەیانە کە « پرولیتاریای جیهان » سەرکەوی بی ئەوەی گوی بدەنە قازانج و زیانی نەتەوەو ولاتەکەی خویان ، بەلکو بەمەندەشەوە ناوەستن ئەلێن کومونیستەکان ئەچن بە گژی نەتەوە پەرستەکاناو بەربەرەکانی ی گیانی نەتەوایەتی ئەکەن •

ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی کە ئەم ساختەو بوختانانە بەدەم کومونیستەکانەوە ئەکەن ، لە بەر ئەوەیە کە زور باش تی ئەگەن کە وا بیرو باوەری کومونیزم خوش کەری ئاگری خەباتی گەلانی ولاتانی ژیردەست و شوین کەوتوو ، تیکوشانی چینی کریکارو رەنجکیشانی ولاتانی سەرمایە داری یە بو لەناوبردنی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەو لە پیناوی ئازادی و کامەرانی و پیشکەوتنا ، وەچونکە ئەزانن کە کومونیستەکان هەمیشە وە لە رەش ترین روژەکانا هەلگری دەسەچیلەی خەبات و پیشرەوی گەلەکەیان و چینە کریکارەکەبنی ، وە تا ئیمپریالیزم و سەرمایەداری نەنینەچال ، دەس هەل ناگرن •

بەلام ، ئەبی بەلگەی ئیمپریالیزم و نوکەرانی چی بی بو بلاوکردنەوەی ئەم دروو دەلەسەو بوختانانە ، وەکام بیروباوەری کومونیزمیان هەلگیرابیتەوە تا ئەم درویەی خویان لە دلی خەلکی ساویلکەدا بچەسپینن ؟

پرسیاریکی بەجی‌یە ، وەرامەکەشی ئاشکرایە ، مارکسیزمی لینینیزم بانگی هەمو ئادەمی‌زاد ئەکا بو برایەتی ، وەئەلی لە ژیر سیبەری یاسای چینایەتی‌دا مروڤ یارەنج‌خورە یارەنج‌خوراو ، وە لای‌وایە کە دەسکەوتنی راستی مافی هەر نەتەوەیەک بەستراوە بە رزگاربونی ئەو نەتەوەوە لە چنگی یاسای چەوساندنەوەو خوین‌مژین ، وە هاوار ئەکا کە « ئەی کریکارانی جیهان یەک‌بگرن ! » بو ئەوەی یاسای چەوساندنەوەی ئادەمی‌زاد لەلایەنی ئادەمی زادی برایەوە هەلگیری لە سەر روی‌زەوی‌و رەنجی شانی رەنجکیشان بو خویان‌بی • بەلام ئاخو تەنها سەیر کردنی ئەم روەروناکەی مارکسیزمی لینینیزم‌و چاونوقاندن لە ئەو روەکەی تری کە ئەوەتە تەنها بیروباوەری کومەلایەتی‌و سیاسی‌ی مارکسیزمی‌لینینیزم رەنگی بنچینەی پیکهاتنی نەتەوەی رشتوە ، وە دانی ناوە بە مافی سەربەخویی هەرنەتەوەیەکا ، بەوەدا کە هەر نەتەوەیەک مافی دیاری‌کردنی سەرەنجامی خوی هەیە بە دەستی‌خوی • بەلی ، ئاخو تەنها سەیری‌لایەکی مارکسیزم‌و خوکویرکردن لە دیتنی ئەم‌لاکەی شتیکی‌راستە ، بی گومان نە •• لەگەل‌ئەوەشا کە هەرکەسیکی بەئینساف تی‌ئەگا کە ئەو روە ( اممی ) یەش لە مارکسیزم ، هیچ پشت‌گوی خستنیکی نەتەوایەتی‌ی راستی تیانیە •

جا ، با ، بیین باسی هەندی لە قسەو کردەوەی سەرکردەکانی کومونیزم بگیرینەوە تا بە تەواوی رون‌تر بیتەوە کە کومونیزم چەند بەرز ئالای نەتەوایەتی‌ی راستی هەل‌کردوە ، وەچەن لە زەلکاوی دروبوختان‌و ساختەکاری‌یا تا بینەقاقەیان چەقیون ئەوانەی کە بە

کومونیستەکان ئەلین : « نەتەوەکـــەی‌خویان خوش ناوی‌و گیانـــی نەتەوایەتی‌یان تیا نیە »

( جان‌جوریس ) ، سەرکردەی بەناوبانگـــی سوشیالیســـتی فەرەنسەیی ئەلی : « کەمیك لە ئومەمیـــەت دورت ئـــەخاتەوە لــــە نەتەوەپەرستی •• بەلام ، زوری ، بنچینەی نەتەوایەتیت بەهیزتر ئەکا • • » مادەم کومونیزمیش پلەی ئەوپەری ئومەمیەتە ، دیارە ئەبی پلەی ئەوپەری نەتەوایەتی‌و هەســـتی نەتەوایەتیش بی کە دانانـــی دەولەتیکی سەربەخویە بو هەر نەتەوەیەك •

بوچی ؟ بیروباوەریکی وەکو کومونیزم کـــە بانگ‌ئەکا بـــو برایەتی‌ی هەمو ئادەمی زادو چون یەکی‌ی هەموکـــەس ، قـــەت ناگونجی ریگای ئەوەی تیابی کە نەتەوەیەك دەس‌بکیشی بە سەر نەتەوەیەکی‌ترا ولەسەر حیسابی‌ئەو شتی دەسگیر ببی •

کەوابو چون ئەتوانین بلیین بیروباوەری کومونیزم کە وا بە گەرم لە سەر مافی ئادەمی‌زادو گـــەلان دیتەوەنگ ، ئەبی بـــە هـــوی خستنەژیرلیوو گوی‌پی‌نەدانی مافی نەتەوەیەك ، وە هی‌ئەوە کـــە نەتەوەکان برای‌یەك نەبن‌و چون‌یەك نەژین ؟!

کومونیزم یەکەمین بیروباوەریکی لە ســـەر بنچینەی زانیاری دامەزراوە کە میژوی ئادەمی‌زاد بە خویەوە دیبیتی ، وە بە شیوەیەکی راست رونی کردبیتەوە کە ( نەتەوە ) چیە ، کەواتە چون ئەبی دان بە نەتەوایەتی‌دا نەنی‌و بەرەنگاری بوەستی ؟

مارکسیزمی‌لینینیزم ئـــەلی : « نەتـــەوە کومـــەلـــە خەلکیکـــی سەقام‌گرتون ، کە بە شیوەیەکی میژویی پیکهاتبن ، زوبان‌و خاکیکی

تیکەڵو هەستو دەرونیکی وەکیەکو ژیانیکی ئابوری تیکەلاویان ببی » •

بەم پیێیە ئەمرو لە جیهانا دەیـان نەتـەوە هەیە ، چونکە دەیان کومەلە خەلکی واهەن کە ئەم مەرجانەیان تیا هانوەتەدی کە یەکیکیان نەتەوەی کوردە • کەواتە مارکسیزم بو سنوری نەتەوەی دیاریکردو ئەوەی رونکردوە کە کومەلی ئادەمیزاد دەیان نەتەوەی تیایە •

سەرکردەکانی کومونیزم وەنەبی تەنها بەمە دەسبەردار بوبن ، بەلکو وەستاویشن لە روی هەرکەسیکا کە ویستبیتی بە پیی قازانجی ئیمپریالیزمییانەی چینەکانی سەرەوەی نەتەوەی خـوی مـەعنای (نەتەوە) لی بداتەوە • چاوگیرانیك بە نوسراوەکانی مارکسو ئینگلزو لینینو ستالینا ، وەك چاوگیران بە پروگرامی هەر پارتیکی کومونیستا بە تەواوی ئەمـەمان بو رون ئەکاتـەوە ، وە بومان دەرئەخا کـە (نانەتەوایەتی) لە کومونیزما نیە، بەلکو لە بیروباوەیری (کوزموپولیتی) یایە کە بریتییە لە پشتگوی خستنی نیشتمان ، وە لە پەیرەوی ئەو تاقمە ئەمەریکاییانەدایە کە بانگئەکەن بو ئەوەی « جیهان هەموی بە نیشتمانی خومـان دانیین » ، وە لە پـەیرەوی هەنـدی لـە سوشیالیستەکانایە کە ئەیان وتنەتەوە تە نها لە ئەوروپای روژاوادا هەیە ،وە دانیان بە مافی نەوایەتیی هیچکام لە گەلانی ئاسیاو ئەفەریقا بە تایبەتی نەژادیزەردو رەشا نەئەنا ،هەروا نانەتەوایەتی لای زوربەی سوشیالیستەکانی ولاتە ئیمپریالیستەکان هەیە کـە دان بە مافی سەربەخویی گەلانی ژیردەستیانا نانین ، وە بەلکو کاتیکیش کە حوکم ئەگرنەدەس بە ئاگروئاسن لەگەلیان ئەجولینەوە هەروا نانەتەوایەتی

لای هەندی لەو بەرچاوتەسکانە هەیە کە تەنهاگوی بـــە کاروباری نەتەوەکەی خویان ئەدەن ، وەنەتەوەکانی تری جیهانیان ناکەویتەوەیاد • • ئەوانەی کە گوی نادەنە رزگـاریی نەتەوەکانـــی ترو مافـــی نەتەوایەتیی ئەو کەمایەتییانەی کە لە نیشتمانی نەتەوەکەی ئەوانا ئەژین • ئەوکەسانەی کە بیدەنگ ئەبن لە عاستی ژیردەس کرانی نەتەوەیەکی بچوك لە لایەن نەتەوەیەکی گەورەترەوە بیانـــەوی و نەیانەوی رازیشن بەوە نەتەوەیەکی گەورەتر بیت نەتەوەکەیـــان ژیر دەست بکا ، چونکە قازانجی هەموگەلانی چەوساوەی جیهـان یەکە ، وەك هیزی داگیر کردن و جەوروستەمیش لە جیهانا بەرەیەکی یەك گرتوە ، هەرچەند لە ناو خویشیانا ناکوك بن •

لینین ، بی پیچ و پەنا ، لە کتیبەکەیا ( مافی گەلان لە دیاری کردنی سەرەنجامیانا بە دەسی خویان ) ئەلی : « مەبەس لە ئازادیی هـــەر نەتەوەیەك لە دیاری کردنی سەرەنجامیا ئەوەتە جوی ببیتەوە لـــە کومەلە نەتـــەوەکـانی ترو دەولەت بوخوی دامەزرینی ، دەولەتـــی سەربەخوی نەتەوەی خوی » •

ئەنجا ، دوای گالتەکردن بەوانەی کە ئەم مافەی گەلانیان بە چاویکی سوك تەماشائەکرد ، ئەلی : « پرولیتارییەکان دوژمنی هەمو داگیرکردن و دەسەلات پەیداکردنیکی هەر نەتەوەیەکن بە ســـــەر نەتەوەیەکی ترا •• بورجوازییەتی هەر نەتەوەیەکی ژیردەست تا تی بکوشی لـــەروی نەتـــەوەی زال بـــوا ، ئیمە لەگـــەلیا ئـــەبین و لایەنگری ئەکەین ، هەرچەندیش هەول بو ئەوە بدا کە نەتەوەکەی خوی زال بکا بە سەر نەتەوەیەکی ترا ئیمە لە رویا ئەوەستین » •

(۲۲)

کاتیکیش که ( روزا لوکسەمبورگ ) وهەندیکی‌تر هیرشـــیان برده سەر پەیرەوی ئازادی‌ی گەلان لە دیاری‌کردنی سەرەنجامی خویانا بە دەستی‌خویان کە مارکسیستە روسەکان دایان‌نابو ، لینـین وتی : « بەخەیالی کەسا دیت هیچ‌گەلی ئازادی‌یەکی لەوە مەزنتری دەس‌کەوی کە مافی جوی بونەوەی ببیو بتوانی بە ئازادی دەولەتیکی سەربەخوی نەتەوایەتی بو خوی دامەزرینی ؟ »

لە ١٨٦٦ دا مارکس سەبارەت بە ( تاقمی برودونی‌یەکان ) کە وتبویان « نەتەوایەتی قسەیەکی هیچوپوچە » ، بوئینگلزی نوســی : «ئەگەر مەبەسیان هیرش‌بردنە سەر شـــیت‌گیری نەتەوایـــەتی بی قسەکەیان باش‌و بەکەلکە » واتە مارکس هیرشی بردوەتە ســـەر شیت‌گیری نەتەوایەتی نەك سەر نەتەوایەتی » • لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٨٦٨ یشدا نوسی : « لە کونفرانسی ئومەمیەتا سەبارەت بەم جەنگە قسەئەکرا ، هەمو گفتوگوکە هاتبوە سەر مەسەلەی نەتەوەکـان • ئەنجامی قسەی نوینەرانی کومەلی ( فەرەنســـەی کچولە ) ــ نەك کریکارانی فەرەنسە ، ئەوەبو ، وەك خومان بە تەمابوین ، کـــە نەتەوایەتی‌و نەتەوە خەیالی کونو رزیوە •• ) منیش وتم : لافارگ‌و برادەرەکانی‌ترمان کە نەتەوەو نەتەوایەتی‌یان هەلوەشاندوەتەوە بـــە فەرەنسەیی لە گەلمان ئەدون ، واتە بە زوبانیک کە نو لە دەمان تی‌ی ناگەین • ئەمەموتو برادەرە ئینگلیزەکانمان دایانە هارەی پیکەنین • ئەنجا وتم : لاموابی مەبەسی لافارگ ئەوەبی کە نەتەوەکانی‌تر لە ناو نەتەوەی بەرزی فەرەنسەدا بتوینیتەوە بی ئەوەی لە ئەنجـــام بکولیتەوە » •

هەروا لینین لە کتیبی ( مافی گەلان لە دیاری کردنی سەرەنجامیانا بە دەسی خویان ) ! ئەلی : « مارکس پشتیوانی ، لـــە جولانەوەی فابیانی یەکانی ئیرلەندە کرد کە لە ١٨٦١ داپیکهاتو مەبەسیان ئەوەبو ئیرلەندە رزگاربکەن لە شوین کەوتووی ئینگلیزەکان » •

کونفرانسی ئومەمیش کە لە ١٨٩٦ دا لە لەندەن بەسترا بریاری ئەوەی دا کە « کونفرانس جاری لایەنگری ی بی چەنوچونی خوی ئەدا لەوە کە هەر گەلیک مافی ئەوەی هەیە بە ئازادی سەرەنجامی خوی دیاری بکا » •

ستالینیش لە کتیبی ( مارکسیزمو مەسەلەی نیشتمانی ) یا قسەی ئەوکەسانە هەل ئەوەشینیتەوە کە مافی دیاری کردنی ســـەرەنجامیان بەچەوت مەعنا لی ئەدایەوەوتەنها دانیان بە ســـــەربەخویی ذاتی و زانیاری دا ئەنا »

مارکسیزمی لینینیزم ئەوەندە بە چاوی ریزەوە سەیری مەسەلەی ئازادی ی گەلان ئەکا لـــە دیاری کردنـــی سەرەنجامی خویانا بـــە دەستی خویانو دانانی دەولەتی سەربەخوی نەتەوەی خویانا ، گەیوەتە رادەیەک کە ستالین لە کتیبی ( بنچینەکانی لینینیزم ) دا ئەلی : «سەر کەوتنی چینی کریکاری ولاتانی پیشـــکەوتوو ئازادبونی گـــەلانی دیل کراو هەرگیز بە بی دامەزراندنو بەهیز کردنی بـــەرەیەکـــی یەک گرتوی شورشگیر لە بەینی هەردولایانا ، نابی » ئەنجا باسی ئەوە ئەکا کە « ئەبی پرولیتاریای نەتەوە چەوسینەرە ستەمکارەکان لایەنی جولانەوەی ئازادی خواهانەی گەلانی ستەم لی کراو بگرن » وەئەلی « ئەم لایەنگری یە واتە داوای ئەوە کە ئەو نەتەوانە مافی جوی بونەوەو

دانانی دەولەتی سەربەخویان هەیە ، وە ئەبی لە سـەر ئەم پەیرەوە بنەدەنگ‌و بیهێننەدی » ٠
ئینگلزیش ئەلی : « گەلیك گەلیکی‌تر بچەوسینیتەوە خوی ئازاد نیە» ٠
کە کومونیستەکان حوکمیشیان گرتەدەس لـە روسـیاداو یەکیتی‌سوڤیەت پیکهات ، ئەم قسانەی خویانیان کرد بەراست ، ئەوەبو پاش سەرکەوتنی شورش دەستوری سوڤیەت دانی بەوەدا نا کـە هەریەك لە جومهوریەتەکانی سوڤیەت ئەتوانی جوی ببیتەوە ، یاخود لە گەل ئەوانی‌ترا بژی ، وە ئەوەبو فەنلەندەو ولاتە بچکولەکانی دەلیای بەلتیق‌جوی بونەوە ، وە جومهوریەتەکانی‌تر لە یەکیتی سوڤیەتا یەکیان گرت ، ئیستاش فەنلەندە بو خوی جومهوریەتیکی بورجوازی‌و سەربەخویە ، بەلام جومهوریەتەکانی بەلتیق پاش ئازادبونیان لـە چنگی‌هیتلەر هاتنەوە پالی یەکیتی سوڤیەت ٠ ئیستا لە هەموولاتـە سوشیالیستەکانا هەر نەتەوەیەك جومهوریەتی خوی هەیـە ، وە ئەوانەی لە گەل جومهوریەتی ترا یەکیان گرتبی بە ئارەزوی خویان یەکیان گرتوەو هەر کاتیك ئەتوانن جوی ببنەوە ٠
بەلی ، لە کومونیزما مەسەلەی داواکردنی یەکیتی ئابوری جیهان هەیە ٠ ئەگەر هەندی کەس ئەمەیان کردبی بە بیانو بو ئەوە کە بلین کومونیزم لە گەل نەتەوایەتی‌یا یەك ناکەوی ، ئەوە پیویستە بویان رون کەینەوە کە مارکسیزمی‌لینینزم مەرجی تایبەتیشی بو ئەم‌یەکیتی‌یە داناوە کە بی هاتنەدی‌ی ئەو مەرجانە نایەتەدی ، وە ئەو مەرجانەش دامەزراوە لە سەر بنچینەی مافی گەلان لە دیاری‌کردنی سەرەنجامی

خویانا • یەکێک لەومەرجانە ئەوەتە کە « ئەبێ ئەم یەکگرتنە بە ئارەزوی گەلەکان خویان‌بێ ، وە لە ســــەر بنچینەی باوەر بـــە یەک‌کردن‌و پەیوندی برایەتی دامەزرابێ » • زیاد لەمەیش ریگای گەیشتن بەم یەک‌گرتنە بە جوی بونەوەی ولاتانی ژیردەســـتەو شوین‌کەوتوا لە چنگی ئیمپریالیست تی‌ئەپەری ، کاتیك کـــە هـــەر نەتەوەیەک دەوەلەتی سەربەخوی خوی هەبێ •

بی‌گومان هەر گەلیکیش ئەنجامیکی‌وا بو خوی دیاری‌بکا کەس مافی ئەوەی نابێ گلەیی لی‌بکاو خوی هەلقورتینیتە کاروباری •

لەمەوە بومان دەرکەوت کەتەنها کومونیستەکان بە راســـتی پایەی هەمو سەریکی ژیانی نەتەوەکەی خویان بەرزئەکەنەوە ، وە هەر ئەوانن لە هەموکەس راست‌تر ،ئالای نەتەوایەتی‌یان هەلکردووەو تا دوا هەناسەی ژیانیان لە سەری ئەرون • ئیمپریالیستەکان زورجار ئەیلینەوە کە کومونیستەکان لـــە دەرەوە فەرمان وەرئەگـــرن ، وە نیشــ تمانەکەی‌خویانـــان مەبەس نیە ، وە بـــە ئاشـــکراتر ئـــەلین سودی‌روسیایان لە پیشی هەمو شتیکا داناوە •

کومونیستەکان فیل‌و تەلەکە نازانن ، قســــەیان راســـت‌و بی‌پیچ‌وپەنایە • کومونیستەکانی هەر نەتەوەو ولایتك لە سەرچاوەی سودی نەتەوەو ولاتەکەیانەوە ئیلهام وەرئەگرن ، وە هیچ پارتیکی کومونیست لە دەرەوە فەرمانی بونایەت ، وە هیچ پارتیکی کومونیست شوینی پارتیکی‌تر ناکەوی ، هەرکام لەسەر روناکی‌ی بیروباوەری مارکسیزمی‌لینینیزم وە بە پی‌ی وەزعی ولاتەکەی خویان سیاسەت‌و هەلسورانی خویان دیاری ئەکەن • کومونیستەکان لایان‌وایە قازانجی

(٢٦)

گەلانی جیهان هەمویەکە وە هەمو لایەکیان یەک دوژمنیان هەیە کە ئیمپریالیزم و کونەپەرستی و بەکری گیراوەکانیانە ٠

کومونیستەکان هەمیشە لە ریزی پیشەوەی خەباتکەرانی ولات و گەلەکەیانەوە بوون ، پارتی کومونیستی فەرەنسەبو کە لە بەربەرەکانیی ئەلمانەکانا ٧٠٠٠٠ ئەندامی لی شەهید کرا تا ناو نرا ( پارتی شەهیدەکان ) و ( پارتی بەر شەستیر دراوەکان ) ، لە کاتیکا کە بورجوازی یە فەرەنسەیی یەکان کە هەمیشە وشەی فەرەنسەو نەتەوەی فەرەنسەیان وەك ویردی سەرزوبان ئەوتەوە ، لە گەل هیتلەر ری کەوتن و فەرەنسەیان دایە دەست و سەری نەتەوەی فەرەنسەیان دا لە خاك ٠٠ پارتی کومونیستی ئیتالیایش بو کە ٢٥ سال لە ژیر نیلەی جەورو ستەمی یاسای موسولینی یا خەباتی کرد ، سوڤیەتی یەکان بون کە لە پیناوی پاراستنی گەل و نیشتمانەکەیانا ١٢ ملیون کەسیان لی کورژاو ٧٠٠٠٠شارو دییان ویران کرا ، بەلام لە روی هیتلەرا راوەستان تا سەریان پان کردەوە ٠ ٠

ئەی خەباتی کومونیستەکانی عیراق ؟ هی تودەیی یەکانی ئیران ؟ هی هینەکانی گواتیمالا ؟ هی هینەکانی ژاپون ؟ ئەی خەباتی کومونیستەکانی چین قوتابی یەکانی ماوتسی تونی مەزن ؟ خەباتی کومونیستەکانی هەرولاتی بگری ئەوەندە بەرزو پر لە شانازی یە وائەزانی هی هیچ کوی یەکی تری ناگاتی ، کە چی کە سەیری لاپەرەی میژوی کومونیستەکانی ولاتیکی تر ئەکەی ، سەرسام تر ئەبی و شتیکی سەیرترت دیتە پیش چاو ! !

گەورەترین بەلگەی بەرزی ی پلەی نەتەوەپەرستی و

نیشتمان پەروەریی کومونیستەکان بەلگەیەکە پیویستی بەوەنیە بروی
لە قسەی ئایدولوجیستە کومونیستەکانا بیدوزیتەوە یا لە پەراویکی
کلاسیکییا • • ئەویش چاو گیرانکی کورتە بە توپی زەوییا • •
سەیری کە لە هەر ولاتیکا ، لە ولاتانی سوشیالیستەوە بیگرە ، تا
ولاتانی سەرمایەداری ، تا ولاتانی تازە ئازادبو ، تا ولاتانی ژیردەستەو
شوین کەوتو ،بروانە بزانە چون لە زروفی خەباتی نهینییا ،هەروەك
لە زروفی خەباتی ئاشکراو بەلکو حوکم بە دەستەوەبونا ، لە
هەروەزعیکا بە گویرەی ئەوروژە چەند لە کومەلانی فراوانی خەلك
دەوری پارتە کومونیستەکان ئەدەنو باوەری خویانیان پی ئەخشنو
لە ژیر سەرکردەیی ئەوانا ئەجولینەوەو ریوشوینی سیاسیی خویان
لە بەیاننامەو روژنامەکانی ئەوانەوە دیاری ئەکەن •

ئاخو • • بەلگەی لەمە باشتر هەیە ؟

من لاموایە •• نەء • •

---

## « هیوا »

گوڤاریکە هەول ئەدا بو بەرز کردنەوەی پایەی زانیاریو بوژانەوەی سامانی نەتەوایەتی گەلی کوردی کول نەدەر ، چاوەروانی یارمەتیتانە ئەی خوینەوارە کوردە دلسوزەکان ! دەپینوسەکەتان بخەنە کار لە بەسەرهانی کوردو کوردستانی پچربچر لە هەلبەستی جوانو نایاب لە چیروکی رەنجکیشانی کورد ، لە میژوی پر شانازی نەتەوەکەمان ، لە رازونیازو ئاواتی پاشەروژ ••• بەرهەمی جوانمان بوبنیرن ، گوڤارەکەت دەو لەمەند بکە ئەی دلسوزی کوردستان •

ــ ف ــ

# ئەدەب بو کێ ئەنوسرێ ؟ !

**نوسینی احمد حامد دلنیا**

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی راست وەلامی ئەم پرســــیارە بدەینەوە ئەبێ بگەڕێینەوە بو ئەو ســــــەرچاوەیەی کە کردەوەی ئەدەبی لیوە پەیدائەبی و ئەو جورە ریگەیەی کە بو نوسـ ینی ئەدەب بەکار ئەهیزی •

گەلێ تێبینین هەیە لەبابەت ئەم باسەوە وە جیاوازیەکی زورێشی لەبەینی ئەم تێبینیانەدا هەیە • ئەبینین ئەوانەی لەسەر فەلسەفــەی مثالی یان میتافیزیکی ئەرون وەکەئەلین هەر ئەقلو هوش و هەستی انسان سەرچاوەی هەمو شتیکە وە لەو سنورە بەدەر هیچ شـــتیکی تر نیە لەم جیهانەدا •بی گومان ئەوانەی لەسەر ئەم بیروباوەرە بن وە باوەر بەبونی هیچ شتیك نەکەن ئەوە نە بی کە لە ئەنجامی بیروهەستی مروفەوە پەیدائەبی • بەلای ئەمانەوە ئەدەب بەرهەمی بیروهەسـ تی انسان خۆیەتی وە هیچ پەیوەندی بە ژیانەوە نیە یانی پەیوەندی بە هیچ شتیکەوە نیە کە لەو انسانە بەدەربێ • ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە ئەو ئەدەبە تەنها بو ئەدەب نوسراوە و پەیـ ـوە ندی بەکومەل و ژیانەوە نیە • لەم حالەدا ئەو ئەدەبە لە گیروگرفتی گەل نادوێ و نابیتە ئاوینەی ئاوات و خواستی گەل یانیەکی لە چینەکانی گەل • وە ئەو جورە ئەدیبانە خۆیان و نوسینەکانیان زور دورن لە کومەل و ژیان وە لە دەریای خەیالی بی پەیدا بی سەرو شوئین مەلە ئەکات •

جا مەزەبی ئەدەب لە پیناوی ئەدەب دا یان هۆنەر لــە پیناوی هونەر دا سەرچاوەکەی لەم فەلسەفەیەوە هاتوە •

(٢٩)

وە ژیان خۆی سەلماندی کە ئەم جورە ئەدەبە بـــەرەو مردن ئەروا وەلە زور ولاتاندا تۆوی نەماوە وە بە تایبەتی لە ولاتـــــە هاوبەشیەکاندا •

بەلام لەلایەکی ترەوە تێبینی زانیاری ــ مادیـ هەیە کەبـــە شێوەیەکی زانستیەوە ئەروانێتە هەمو روداویکی ژیان • وەکە ئەلێ : هەرچی کردەوەو بیرو باوەرو هەستو وینەو خەیالی هەیـــە هەم وی بەستراوەتەوە بەژیانەوە هەرگیز لە ژیان و تەبیعەت جیاناکریتەوە ، وە ئەگەر انسان هەست بکا و نەکات تەبیعەت و ژیان هەر هەیە • وە بەبی ژیان و تەبیعەت و مادە نە مروف ئەبی و نە هەستوبیری •

ئەمەش وائەگەیەنی کـــە ئەدەب لەهەســتی انسان و هوشیاری کومەلایەتی و شارەزایی ئەو انســـــانە پەیدا ئەبی کـــە لەژیانەوە وەری گرتوە یانی وینە یەکی ئەو ژیانە ، ئەو کومەلە یا ئـــەو چینەیە کە لە وەختیکی تایبەتی دا ئەو ئەدیبەی تیا ژیاوە • یا تیا ئەژی • •

بەمەدا بومان دەرئەکەوی کە سەرچاوەی ئەدەب لە ژیان لـــە کومەلەوەیە وە خوی کردەوەیەکی کومەلایـــەتیـــــە نەك کردەوەی تەنیاکەسێ وە هەمو کارەساتو روداویك لە تەبیعەت و ژیاندا کاری تێ ئەکات • یانی کردەوەیەکی زیندوە و بەستراوەتەوە بە قانونـــی پیش‌کەوتنی مروڤایەتیەوە وە ئەدەب وێنەیەکی راستەقینەی هەستو هۆشو بیروباوەر و شێوەی ژیانی و پەیرەوی کومەلیك یا چینێك ئەنوێنێ لە قوناغیکی تایبەتی‌دا •

بەمەدا بومان دەرئەکەوی کە ئەدەب بو گەل ، بو هیزي بەرەو پیش‌کەوتن لـــە گەلدا بو چینی شورش گیر ئـــە نوســـری • وەئەبی

هۆیەك بێ بو ئاراستەکردنی ئەو هیزە وە دەرخستنی ئاوات و خواستەکانی وەریگەی پیشان بدات بو رۆیشتن بەرەو پێشەوە ، بەرەو ژیانیکی پرر کامەرانی و خیرو خۆشی و ئاشتی ••••

## نامەی دایکیك لە ستالین گرادەوە
## بلێین بە جەنگ نەخێر

**ئەی دەستە خوشکەکان :ــ**

من دایکیکم لە ستالین گرادا لەم نامەیەدا پێتان ئەلێم ، من دایکیکم هەمو کردەوەیەکی درندانەی دوژمنم بە چاوی خوم دی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا • هەمو یەکی لە ئیمە ئەیتوانی بە ئاسانی ئاسن و ئاگر بدوزیتەوە ، بەلام نان و ئاو پەیدا کردن بۆ کۆرپەکانمان زور گران و زەحمەت بوو وە لە کۆری جەنگدا میردو کورو براو باوکەکانمان ، یەك لە دوای یەك ئەکوژران لافاوی خوینی گەشیان ماوەی چوار سالی رەبەق دەشت و دەری دابوە بەر ، هەر لە دەریای رەشەوە تاکو دەریای ( بەتیق ) ئاگرو گوللە هەمو شتیکی رامالی • بەلام پیاوە دلیرکانی سوڤیەت بەردەوام بوون لە تیکوشانیاندا ، بێ ئەوەی گوی بدەنە برسیەتی و سەرماو مردن • هەر چەند رەحەتیمان لە خۆمان حەرام کرد ، هەر چەند نەمان توانی منالەکانمان گەرم بکەینەوە ، بەلام ئاخری سەرکەوتین بەسەر دوژمنا •

ئەوا سەر لە نوێ گەنم سەری دەرکردەوە ، وە شارە ــ ویران کراوەکان ئاوەدان کرانەوە ، وە منالی تازە هاتنە دیناوە ، وە جۆگەو بناوان هەلبەسترا بو ئاودانی زەوی وە دەریای تازە دروست کرا وە

جوگرافیەی وولاتمان گووری •

ئەی دەستە خوشکەکان لە هەمو گۆشەیەکی جیهاندا • ئایـا ئەچی بە میشکدا گەلیك کـە ئەمەی لە جەنگ دیبی هەرگیز شەرری بویّ ؟ •

ئایا ئەچی بە ئەقلدا کە ئەم گەلە وولاتە ئاوەدانەی خـــوی بەجی بهیلی وە پەلاماری وولاتانی تر بدا ؟ لە پاش ئەوەی ئـەمە چل ساڵە خەریکی ئاوەدان کردنەوەی وولاتەکەیەتی وە کردویە بـــە وولاتیکی پیشکەوتوو خاوەن پیشەسازیەکی بی‌هاوتا •

نەخێر ••• دوبارە نەخێر ••• ئایا چەند جار نوینـــەرانـــی یەکیەتی سوڤیەت لە کومەڵی نەتەوە یەك‌گرتوەکاندا پیشـــــ ـنیاریان پێشکەش کرد بۆ قەدەغە کردنی تاقی کردنەوەی ئەتۆم ؟ بـــەلام داخەکەم ئەوەتە دەو لە تەکانی روژئاوا گویی خۆیان لیّ خەفاندووە•

دەستە خوشکەکان ــ دایکەکان ــ دایکانـــی دواروژ :ــ بڵێن نەخێر شەرمان ناویّ • وە یەکەم هەنگاو ئەبێ وەستاندنی تاقـــی کردنەوەی ئەتۆم ــ بێ ، چونکە ئەم تاقی کردنەوەیە زیانیکی زوری هەیە بو سەر ژیانی ئادەمیزاد ••• دایکەکان لە ژاپۆن داوامان لـــێ ئەکەن کە یارمەتی منالە شەلو کوێرەکانیان بدەین، رۆڵە سوتاوەکانیان بە تیشکی ئەتۆم ، ئەم داوا کاریە وریا کردنەوەی هەمو ئافرەتانە لە جیهاندا •

ئەی دەستە خوشکەکان :ــ هەژار بن یا دەولەمەند ، ناودار بن یا ساویلکە ئێوە ــ هەر ئێوەن کەژیان ئەبەخشن •

ئەی دایکی دلسوز ئەزانی چەندە بەختیاری بەبزەی رولـــە

تاقانەکەت وە کە یەکەم دانی کورپەکەت سەر هەڵئەدا ، وە کە یەکەم هەنگاو ئەنی ، وە کە بو جاری یەکەم ئەکاتەوە (دایە دایە)، کەواتە لە ئیستەوە بی پاریزە • لە ئیستەوە دەست ـ پیشکەری خوت بکە بلێ بە دەستگیرانەکەت ، بە کورەکەت ، بە براکەت ، بە مێردەکەت کە هەوڵ بدەن وە سنورێك بۆ ئەم تاقی کردنەوانە دابنێن •

بەئاواتەوەم بە شەرفروشو شەر هەڵگیرسێنەکان بلێم : ئا تۆزێ راوەستن ، وە سەیرێکی ئەم ژیانە نازدارە هێمنە بکەن •

بزانن چەندە تیشکی خۆرۆ گولالەو دلسوزیمان پێ ئەبەخشێ تا ئەم ژیانە ئێستا لە مەترسیدایە •

ئەی ئافرەتانی جیهان : بە هەمو رەنگو بیرو باوەری سیاسیو دینیتانەوە ، نابێ هەرگیز لە یادتان بچێ کە ئێوە دایکن ، ئێوەن ژیان ئەبەخشن ، لەبەر ئەوە لە سەرتانە ئەو ژیانە رزگار بکەن وە پر بە دەم بنر کینن :ـ

نەخێر شەرمان ناوێ •

**گورینی نەسرین فەخری**

## میژوی جولانەوەی ئافرەتان پیش شورشەکەی

### چواردەی گەولاویژی نەمر

دەستەی پاریر گاری مافی ئافرەتان

تێکۆشانی ئافرتی عیراق بۆ بەرهەلستی ئیستیعمارو کۆنە پەرستان •

(٣٣)

ئیش کردنی ئافرتی عیراق له سەر ریگەیەکی راستو پیشکەوتو له سالی (١٩٤٢) وه دەستی پێ کرد که کۆمەلی بەربەرەکانی نازیو فاشستیەت پێك هات ، ئافرەتیش لەو کۆمەلەدا بە گیانیکی نیشتمان پەروەریەوە هاتە کوری تیکوشانەوە روو بە رووی ئیستعمار ، وە بەوە توانی بیرو هوشی نیشتمان پەروەری ئاراستە کراو لە بەینی بەشێکی زۆر له کچانی زانستگاو سانەویەکاندا بلاوبکاتەوە •

له پاش شەری دوهەمی جیهان ناوی ئەو کۆمەلـەی ئافرەتان گوررا بە (کومەلی پەیوەندی ئافرتان ) وە ئامانجیشی رزگار کردنی گەلی عیراق وە بەرزکردنەوەی پلەی روشنبیریو زانیاری ئافرەتان بوو تا بتوانی له گیرو گرفتەکانی بکۆلیتەوە چارەشی بۆ دابنێ ، له رێگەی ئەم ئامانجانەدا ئەو کۆمەله زور ریگەو شوێنی بەکار هینـــا لەوانەش :ـ

١ ـ چەند پولیکی بو فیرکردنی نه خویندەوار کردەوە لـــە گەلێ شوینی بەغادا بۆ ئەوەی ئافردت فیری خویندنو نووسین بێت وە ئەندامانی ئەو کۆمەله خۆیان دەرسیان ئەووتەوە •

٢ ـ چەند دەستەیەکی روشنبیری کردەوە له هەفتەی جاریك کۆئەبوونەوە بو باس‌کردنی گەل شتی زانیاری وە گیروگرفتـــی کومەلایەتی بو ئەوەی چارەیەکی باشی بو بدوزنەوە •

٣ ـ گەلێ ئاهەنگی گشتی پێك ئەهێنا وەکو ئاهەنگــی ووتار خویندنەوە که زور شتیان لەبابەت جولانەوەی نیشتمانی ئازادی‌یەوە تیا روون ئـــەکردەوە وەکوشورشەکەی (١٩٢٠) عیراق وە دەربارەی شورشەکەی فەرەنسا وە گەلێ لەو جەنگە گەورانەی که له میژوی

تیکوشان بو ئازادی روی داوه • وه هەروەها ئاهەنگی ( نواندن ) به هاوکاری لەو بۆیژانەی کە چیروکی تایبەتی‌یان ئەنوسی بۆ کومەلەکە•

٤ ــ کتیبخانەیەکی کردەوه کە زور کتیبی بەکەلکی تیا بوو بۆ ئەوەی لە کاتی بی ئیشیدا سودی لی وەربگیریٔ •

٥ ــ ئاهەنگی ئەگیرا بو ئەندامە میوانەکان لە یانەی وەرزشا کە ئیستە بە یانەی جومهوری ناو ئەبریت ، یان لە مالی هەندی لە ئەندامانی دەســـتەی بەریوە بەردا بۆ پتەو کردنی پەیوەنـدی وە گوفتوگۆو باس کردن لە بەینی ئافرەتاندا •

٦ ــ گوڤاری ( رزگار کردنی ئافرەت ) ی دەرکرد ، لە سالی ١٩٤٦ بۆ چارە کردنی کاروباری ئافرەت وە ئەو باسانەی پەیوەندی بە گیروگرفتی ئافرەتەوە هەیە ، ئەو گوڤارەی کە ئامانجی ئەوە بو ئافرەتی عیراق لە تواناى خوی دلنیا بکات •

٧ ــ لە کونگرەی ئافرەتانی عەرەبا بەشدار بو کە لە ســـالی (١٩٤٤) لە قاهیرەدا گیرا چونکە ئەو جۆرە کونگرانە ئەبیتە هۆی کوکردنەوە و یەکٔ خستنی هەول‌و کوشش هەمولایـەك لـە پیناوی خزمەتی هەمواندا •

٨ ــ بەشدار بوو لە دامەزراندنی یەکیەتی ئافرەتاندا وە لە دانانی دەستورەکەیدا لە پیش ئەوەدا کە دەستکاری بکریٔو لە گەل سیاسەتی دەوری گورکراودا بگونجی ، بەلام داخەکەم یەکیەتی ئافرەتـــان بەریگەی سەر لیٔ شیواندن‌و پروپاگەندەی درودا رویشت وە هەمو جورەریگەیەکی چەوتی بەکار هینا بو بەربەرەکانی کردنی ئەندامانی ئەو کومەلە تا کومەلەکەی ناچار کرد کە لە یەکیەتی بیتە دەرەوە

بەلام خانن‌و نوکەرەکانی دەوری پێشو پێیان خۆش نەبو کە ئافرەت لە کوری جولانەوەی نیشتمانیدا بە راستی هاوکاری بکا لەبەر ئەوە کەوتنە چاودیری کردنی وە گوفارەکەیان داخستن وە لە پاش ئەوە کۆمەلی پەیوەندی ئافرەتان هاتە کایەوە ، وە لە سالی **(١٩٥٢)** کومەلی پارستنی مافی ئافرەتان پیك هات لەو ئافرەتانەی کە باوەری‌یان بە هیز بوو بە خواستەکانی گەلی عیراق وە بەراستی خواستەکانی ئافرەت کە بەشیکە لە گەل وە لی جیانابیتەوە وە ئەوانەی کە حورمەتی خواستی دایك‌و هەمو گەلی تیکوشەریان ئەگرت لە جیهاندا ، ئەو کۆمەلەی کە سەلماندی هەمیشە دلسوزە بۆ مەسەلەی ئاشتی •

## منالانی ئەفریقیا

**لە ئەدەبی عالەمی**

دلە بچکولە کەم روونە وەك ئاو
ژیانم پاکە وەك گول
منالیکم وەك منالانی‌تر
دایکیکم هەیە ئەمپەرستی‌و ئاوی‌ژیانی ئەریژی لە پیناوی پاراستنی ژیانما
باوکیکم هەیە وەك باوکان
خوین وئارەق‌و فرمیسك ئەریژی
بو ئەوەی پارویك نانی بچکولەم بو پەیاکات
من دیمە جیهان وەك ئەوانی‌تر
مروڤم بەلام رەش

(٣٦)

من منالیکی بێتاوانم وەك منالانی تر
هیچ شتیك شك نابەم لە دەرونی پاکما کە بپی بە هوی ئەوەی رقتان لیم بێت
ئایا چاوتان کویربووە لە عاستی ئەم راستیەدا ؟
یان مێشکە بچکولەکەم لە توانایا نی‌یە تی‌بگات ؟
ئایا وەك مروڤەکانی‌تر نیم
دیمە جیهانەوەو ئەژیم‌و ئەمرم
دیمە جیهانەوەو لەگەل خۆما شادمانی‌و کامەرانی ئەهینم بۆ ئەو دلانەی چاوەروانم ئەکات
ئەژیم بو ئەوەی تی‌بکوشم وهەول‌بدەم وە بەروبومیك پیشکەش بکەم وەك ئیوە
ئەمرم وخەفەت بال ئەکیشی بەسەر دلی هەندی کەسا دوای نەمانم ؟
ئەفریقیا ئەی خاکی پیروز !
خاکی خیرو خوشە ویستی‌و ژیان
ئەفریقیا ! •• ئەی نیشتمانە رەشە خوشەویستەکەم
من ئەو ژیانە ئەپەرستم کە وا تیاتا
ئەو ژیانە بەهەمو خیرو سەربەستیەکیەوە
من ئەو دەستە پاکانە ئەپەرسم کە وان لە باوەشتا
ئەوانیش رقیان لەو رەنگەیە
ئەو رەنگەی کە بوتە دروشمی خەباتمان لە پیناوی سەربەستی‌و

(٣٧)

سەربەخۆییما ندا

کەواتە بوچی ئەی ئەفریقیای خوشەویست ئەهیلی بەپێ
پیسەکانیان برون بە سەرتا

بە سەر خاکە سەوزە خوشەویستە کەت
بوچی ئەی نیشتمانە رەشە خوشەویستەکەم
باوەش ئەکەیتەوە بو ئەو جەنگاوەرە تاوان بارانە
کە یاسای پرزەبرو زوورداری ئەچەسپینن بەسەرتا
یاسایەکی رەش وەك دەرونیان
سنرای باوکمو ئازاریدراوسێ باشەکەمان ئەدەن

هەرچەندە بیانەوی دلە پیسەکەیان بشارنەوە بە بەرگی
رەنگاورەنگ ناتوانن

وەهەرگیز وەك دلە پاکەکەی باوکم وزەردە خەنە ناسکەکەی
نابێت

راپەرە ئەی ئەفریقیای بەسەبر وئاگری شورش هەلگیرسێنە
وەك بورکانی ئاگر برژی بە سەر دەرونی پیسی ئەو کونە
پەرستو تاوان بارانە دا جا ئەو سا دلی منو هەمو منالانی جیهان
لیئەدا لە خوشیاو لە پیناوی تودا ئەفریقای خوشەویست !

**گورینی نەسرین فەخری**

**ئەندامی یەکیەتی ئەدیبانی عیراق**

(٣٨)

# رودکی کێیە ؟

وەرگیر لە عەرەبییەوە :
عاصم حەیدەری

هیچ گومانی تیا نیە کە برا خوینەوارەکانمان ئەم بویژە مەزنـە ناناسن کە بە « موعەری » روسیا و « موتەنەبی » تاجیکستان ناسراوە• باوکی عبدولای جەعفەری کوری موحەمەدی (رودکی) سەمەرقەندی لە گوندی « بنج » لە گوندەکانی ناحیەی ( رودکی ) کـــە دوانزە کیلومەتر دوری شاری سەمەرقەند لە دایك بوە ، لە ناوەراستی سەدەی سی هەمی (کوچی)یا ئەگەر نزیکی کەینەوە لە دایكبونـی لە ساڵی ( ٢٦٠)ی کوچی‌یا بوە • واریك کەوت کە رودکی کوچی دوایی لە گەڵ دەستەییك لە پیاوە ناسراوەکانی زانیاری ســـەدەی چوارەمی کوچی‌یا کرد ،لەونا سراوانە کە لە گەل رودکی کوچی‌کرد شـــیخ ئەبوجەعفەری موحەمەدی کوری یەعقوبی کلینی زانیـاری ناسراوبو لە ساڵی ٣٢٩ کوچی‌یا وە ئەم ساڵە لە لای میژو ناسەکان بە ســـالی ( دارژانی ئەســـتیرە ) ناســرا بو ، چونکە لەم سالەدا زور ئەستیرە دارژاو دەستەیەك لە زانیارو بویژو ئەدیبەکان کوچیان‌کرد • رودکی حەفتا ساڵ ژیا ، لە پایزی ١٩٥٨ دا بیرەوەری (١١٠٠) ساڵەی لە دایك بونی کرا • بەلام ئەم حەفتا سالەی ژیانی پرربو لە بلیمەتی ، میراتیکی زوری لە دوا مایەوە کە وا عەقل باوەری پی ناکات ، رودکی ملیونیکو سی‌صەد هەزار ( بەیت ) هەلبەستی لە دوا بەجی‌ما ، جگە لە هەڵبەستی (کلیلەودمنە) وکتیبی ( دوابەدوای سەرچاوەی زبان ) وکتیبی ( بوکانی‌هونەر ) وهەڵبەستی ( چیروکی ســەندباد ) بەلام

داخەکەم لە بەر شەرو شور ، لەم میراتە گەورەیە هەموی تەنیا (٨٤٠) بەیتی ماوەتەوە ، ئەویتری هەموی لەناوچو •

رودکی بەراستی بەدانەری هەڵبەست ئەناسری لە روژهەڵاتی ئیرانا ، چونکە یەکەم کەسیکە بە فارسی هەلبەستی داناوە لە میژوی ئەدەبی روژهەلاتا ، رودکی لەم روەوە لە « ئیمرؤلقیس » ئەچی چونکە ئەمیش یەکەم کەسیبو بەعەرەبی هەڵبەستی دانا « رودکی » موسیقاریکی دەنگو ئاواز خوش وزاناریکی باش بو •• لە عود لیدانا زور زیرەكو بلیمەت بو ، لە هەشت‌سالی‌یا قورئانی پیروزی لە بەر کرد ، وبەمنالی فیرە خویندن‌بو ، لە زبانو ، میژو ، ئەدەب ، عەروز ، حیکمەت دا دەستیکی باڵای هەبو ، زانیاریك‌بو ، هاوچشنی نەبو لە ویژە نوسەکانی فارسیدا •

هەمو هەڵبەستەکانی وا بەهیزو چەسپاوە ، کە زانیارەکانی‌زبان بۆ نیشانە دەی هینەوە ، فەرهەنگەکانی‌زبان پرن لە هەلبەستەکانی رودکی •

لەوچەرخەدا کە رودکی تیاژیا ، دەستەیەك لە بۆیژە هەڵکەوتوەکانیش ژیان ، وەکو « شەهیدی بە ڵخی » و « قرالاوی » و « جویباری » و «ئاغاجی » وخەبازی‌نیسابوری « بەلام لە گەڵ ئەمەشدا هیچیان نەگەیشتبونە رادەی ئەو ••

بۆیژە هەرە گەورەکانی‌ئیران شایەتی‌یان بۆ گەورەیی‌و بالادەستی رودکی ئەدا ، بۆیژی بەناوبانگ « سوزنی سەمەرقەندی » ناوی رودکی نابو « ماموستای بویژانی ئیران » ، دانای بەناوبانگ « خەسرەو » ناوی‌نابو « بویژی کورەی چاوکراوە » « کسائی »

مروزیش ناوی‌نابو « ماموستای بویژانی جیهان » • رودکی بویژی میرئەحمەدی سامانی بو ، هەر ئەو بو ئەمری پی‌کرد کە «کلیلەودەمنە» بەهەلبەست بکاتە فارسی ، وە چل‌هەزار درەم بەخششی پی‌دا ، رودکی تەنیا بویژی سامانی نەبو ، بە ئاوازە خوشەکەی گەلیکی خویند بو میر یاوکی جەعفەری حاکمی سیستان ، میری ناوبراو دەهەزار دینار بەخششی پیش‌کەش کرد لە باتی یەکیک لە هەلبەستەکانی •

رودکی لە بنەمالی ( سامان ) زوری پی‌برا وژیانیکی خوش رابوارد ، بەلام لە دواژیانی‌یا پشتی‌یان لی‌کرد ووازیان لی هینا ، نەك تەنها ئەوەش بەلکو سێ‌سال پیش مردنی بە ئاسنگی سورۆکراو چاویان کوێر کرد • •

دورکی هەمو جورە هەلبەستیکی دانا ، مەدح ، زەم ، غەزەل ، هەتا دوایی • • •

هەمو بۆیژەکانی ئیران لەپاشان فیربون کە هەلبەستەکانیان وەکو ئەو برازیننەوە ، وە ئەم بویژانە ئەمانەبون : « فەرحی » ، « بەلخی » « کسائی » « کرمانی » وهی‌تر • •

زور کەس لە تورکیاو ئیران وهیندوستان لە رەخنەگرەکانی ویژە چاودیری هەلبەستەکانیان کردوە ، وەك « شبلی‌نعمانی » و « دلی‌جلی » و « حسین دانش » ، هەروەها زور لە روژهەلات ناسەکان وەکو « ئەمدەزرودن » وە «جوزیف فون هارمر» و « م • کریمسکی » وە « ولیمس جاکسون » •

روژهەلات ناسەکان دورکی‌یان ناونابو « جوسری ئیران » بە ناوی

بویژی ئینگلیزی ناسراو « جفری‌جوسر » که له سالی « ١٤٠٠ » م یا مردوه • هه‌تا ئیستا که‌سێ بوبی که به ووردی له ژیانی دورکی دوابێ ماموستاو زانای ئیرانی‌مه‌زن « سه‌عید نه‌فیسی » یه که کتیبیکی (١٤٨٠) لاپه‌ره‌يي به (٣) مجلّد له سه‌ر ژیانی نوسیوه •

رودکی ته‌شبیهاتی جوانی هه‌یه له هه‌لبه‌سته‌کانیا ، ده‌می یاری خوی شوبهاندوه به هه‌ناری قلیشاو ، خاڵی سه‌ر روی به ( نقطه ) ودانه‌کانی به درو مه‌رجان ودڵوپی باران • • شه‌رابی سور بـه عه‌قیقی تواوه ، مانگی‌چوارده که له پشت هه‌ور ده‌رئه‌که‌وێ وه‌کو کچیکی جوانکیله‌ی خنجیلانه‌ی شـــــه‌رمن که خوی له شـــــه‌رما ئه‌شاریته‌وه وجارجار خۆی ده‌رئه‌خا •

جوانترین هه‌لبه‌ستی که له گه‌ل گول فروشیکا گفتوگو ئه‌کات ئه‌لی :ـ

مامه‌ی گوڵفروش ! به‌م‌پاره‌یه چی ئه‌کری ؟
چی له گوڵ جوانترو باشتر هه‌یه‌پیی‌بکری ؟
گول زیری پی ئه‌دری وگه‌نجینه‌ی بو خه‌رج ئه‌کری ! !

هه‌روه‌ها له هه‌لبه‌سته جوانه‌کانی ژیان ئه‌شوبهینی به ده‌ریاو ئیشی خه‌یریش به که‌شتی وئه‌لی :ـ

ته‌ماشای جهان‌بکه به چاوی حاجی
نه‌وه‌ك به چاوی خوت
زه‌مانه ده‌ریایه ، به که‌شتی ئیشی باش بپه‌ره‌وه ! !

# بەهاری کوردستان

## پێشەکی

**ماموستا نجم‌الدین ملا**

شاعرەکانمان کە هاتوونە سەر ووتارو شعری بەهار بێجگە ئەمە کە سەرووو چناریان کردوە بە بالای یار ، وەنەوشە بە خالی روخسار ، چنوور بە زولفی نیگار ، گولالە سووورە بە رووی نازدار ، نیرگس بە چاوی شەو بیدار ، شتێکی تریان بە بیردا نەهاتووە ، ئەمەیش وەک بنێشتە خۆشە ملیون جار جووراوەتەوە وتامی نەماوە ، کەڵکو سوودی بەهاریان خستۆەتە لاوە ، چونکە بەهار سەرەتای بووژانەوەی دارو درەختو گژوگیاو پەررندەو چرندە وگیان لە بەران وئادەمیزادە ، شاعرەکانمان هیچ سەر نجیکیان نەداوە لە کەلکو سوودی بەهار وەپیشەی پەروەردگار ،کە خوا لەدەشتو هەردو چیای رەق ئەم هەموو گژوگیاو دارو درەختەی بۆ درووستکردووین کە هەمووی گەنجو کیمیایە ، وەبە هەزاران سوودی تێدایە بەلام شاعرە بە ناوبانگەکانمان [ نالی ]وە [ پیرەمیرد ] ناڵیم کە لە هەڵبەستە بەرزە بەهاری‌یە کەیاندا یەکەمیان ئەلی :ـ

هەر دارە بەرگ‌و هەرگوڵە رەنگی خەڵاتی‌یە
هەر جوودی نەو بەهارە کە عالەم ئەکا غەنی

دووەم یان ئەڵی :

تولەکەو جاترە شویت بەریزە
کەرەوز ، تەرخون ، پیاز ، تەررە تیزە
ئەمانە هەموو کە گیای بەهارەن
هەر یەک بۆ دەردیک دەرمان‌و چارەن

ئەم جا ئەمەوی بەم‌هە لبەستە نەختیک باســــی جوانی بەهار وەسوودیشی بکەم :ــ

**بەهاری کوردستان**

بەهاری رەنگین ، بەهاری رەنگین
کەوتە ئارایش دەم بە پێکەنین
شاخ‌و هەردو دەشت ، شیوو ملەو کۆ
جوان‌و رازاوە لە بەر دڵەی تۆ
نیرگس بەمەستی واقی وورر ماوە
بو دینی دڵدار ، وا ، دۆش داماوە
وەنەوشەی سەرشین لە کۆنە هەوار
مل کەچ وەستاوە بۆسەلامی یار
کاکۆڵی پەخشی گوڵی گەنم وجۆ
بە شانەی ئەکا شەماڵ لە سەر خۆ
دارو درەخت وگولزارو نزار

به بای نەورۆزی هاتنە لە نجەو لار
شەوبۆی رەنگ زەردیش پێوەندی وەردە
لە داخی یاران دڵ پرر لە دەردە
کەو بە قاسپەقاسپ ، قومری بەکوو ، کوو
بانگ ئەکەن ئەڵێن : ئەی گەلی نووستوو
هەستن تێکوشن ئەوا بەیانە
ئاوایی خەوتوو ، گورگ لە ناو رانە
بلبل لە سەر چڵ بە بانگ وهاوار
ئەڵێ : گوێ بگرن ئەی گەلی هەژار :ـ
هەردەو چیاتان خەزینەو گە نجە
بەری لی ئەخون بی ئەرکو رەنجە
قۆپی قەرەداخ ، کەلی سەگرمە
بە زیررەی پلنگ کەللەی بە گەرمە
پیرەمەگروون و ، زەردەو ، بەرانان
سوود مەندترن لە چیای لەبنان
سوورکیو ، و ، گمو ، ئەزمررو قەیوان
کورد بڵند ئەکەن بۆ : تاقی کەیوان
داڵەهۆ ، وقەندیل ، شاهۆ ، وشندروێ
ئەمانە هی تون هیچی کەت نەوی
هەڵگوورد ، وشیرین ، لە تەک کەلیخان
سەنگەری سەختن لە رووی دووژمنان
کۆسرەت ، ودابان ، چیای عەودالان

سێ کانگای زێرن زۆر گران بەهان
رووبارە کانیش تانجەرۆ وسیروان
[زێ]کەی کچکەیە ولە گەڵ بادینان
بە خورر سەر ئەکەن دەمی بەهاری
بۆ پاراو بوونی گشت زەوی وزاری
سوودی وڵاتمان ناکری ژمارە
کەچی وەکوو تر گەلمان هەژارە
گەزۆی دارمازوو ئەوەبوو ، ئەوسا
بۆ : کوردان باری وبەشی برد مووسا
کەتیرەو سەعلەب رۆنیاس وجەوی
پارە دەر دینن لە رەقی زەوی
کنگرو گێلاخە قارچکێ وریواس
بیهێنەو بیدە بە بەرگ‌و کراس
رەگی گیای ئەسپۆن سابونیخوا کرد
تەنیا خوا داویە ، بە ئێلاتی کورد
هەلزو ، و ، کەما ، وینجەو سیپەررد
بیکە بەگزرە بۆ مەرر بە فەررە
چوالە با شوانی چیای دیمەکار
بیزرنیوبیهینیبە هۆررو خەرار
کەنێرەو نیرگس سمڵو سیس عەنبەر
ریحانەی کیوی‌و لە گەل بەرکەمەر (١)

(١) بەرکەمەر ـگیایەکی بۆن خۆشە لە کویستانی کوردستان ئەرروی ۰

عەتری لێ بگرەو (با) بێنی ، بێنێ
هەزار لەوانتەی ئەوروپا دینی
میش هەنگی نەخشین لە کولۆری دار
ئەبوژیتەوە بو کوشش و کار
عەتری گوڵ ئەمژی ئەیکا بەشانە
پیشانمان ئەدا هەر بۆ نیشانە
کە بەری کوشش چەندە شیرینە
کامەرانی یە ، نەک هەر هەنگوینە
ئەمجا بام بکەین باسی ڕەوەو ڕان
کە سامانێکە نایەتە پایان
شیرو ماستو رۆن پەنیری پێستە
بۆ : گوزەرانت ئەمانە بەستە
بەرگن وخوری ئاوریشمی مەرەز
بیکە بە شاڵو بی‌فرۆشە بەگەز
چاکتر لە چۆغەی شاری مانجەستەر
بو : جەژنی نەوروز تو بیکەرە بەر
پارەکەت نارروا لە بۆ : بیگانە
ئەمێنێ تەوەو هەر بۆ خۆمانە
ئیتر بی‌ی‌ینە سەر گژو گیای دەرمان
کە خوا داویەتی هەر بە کوردستان
شیرین شاتەررە بۆ : دەردی سەودا
هیجگار بە سوودەو کەلکت بو ئەدا
بۆ گرانەتا گوڵی وەنەوشـــە

(٤٧)

بێکە بە شەربەت ئەتو بی نۆشـــە
چاتر لە [دەرزی]و دەوای بێگانە
بو خوش بونەوەت وەکوو لوقمانە
گوڵی [بەیبوون]ی مێرگ وقەراغ شـــار
لە بۆ ژانە زگ نایابەو بە کـار
دانەی بەلاڵووك قەدپاڵ وکانـی
سـەد ئینگلیز دووزی بێ بە قوربانی
خۆ « مام ڕێواس »ی [١]دەشتی رانیـە
دەرمانی کرمـە هیچ هاوتای نیـە
گوڵ هێرۆی دەشتان لە بۆدانێشـــە
بررۆ تێی هەڵسوو ئیتر مەیکێشــە
بیکە بە حەڵوا خونچەی گوولە زەرد
دەرمانی چاکە بۆ نەخۆشـیو دەرد
سـایەی شۆررەبی بۆ لەرزو تادار
رزگاری ئەکا لە دەردو ئازار
ئەمە بەرەچەو سـوودی بـەهارە
بۆیە بۆم نووسـین ئەمچەند ئەشـعارە
گەر بۆ جوانی بێ گوڵزارو بـەهـار
نەخشـێکی بەردەو ، خشـتێکی دیوار

---

[١] مامرێواس ـ گیایەکە وەکوو ترشۆکە وایە ، بە تایەبەتی لـە ناوچەی [رانیە] ئـەرروی بو کـرم دەرمانی چاکـــە وە تاقی کراوەتەوە ٠

## هیزی یەکیەتی

هەرجار شیری سلیمان
دەچو شاری مورستان
شیری نەحسی بەدئەندەم
شاری‌دەکرد جەهەندەم
چەن‌گورکی خوینی زور توند
دەی‌کرد ویران مال وگوند
هەرچی هەبو دەغل‌ودان
ئیبی دەستاندن بەتالان
شاری دەکرد بە کاول
دەی‌کوشت روله وبوك ، جاحل
وەگیان‌هاتن گەلی مور
له خوین چاویان بو سور
نە آغا ماو نە خو بەك
وتەی خویان کردە یەك
هەلیان بژارد یەکی ژیر
لە نیو خویان بو بە میر
دەگەل یکتر قەولیان بەست
بویان هینا تاج‌و تەخت
هەمو دەچون دەرکی‌وی
سویندیان بو سەری وی
دایان بەگەل لە چەپلان

(٤٩)

« بژی – بژی مورستان » ،
ئەو پیاوە وەك سکندەر
لەدیواخان هاتەدەر
ئەو پیاوە دڵ آوایە
پێی کوتن : « کارەوایە ؛
پێم لازمە زیوو زیر
بو چون شکایت لە شیر
زیوو زیرو دلو گیان
بردیو چو کن سلیمان
بە وردە لینگی خوی مون
گورجیك بری ریگای دور
چەندیك پیاوی آزاو ژیر
هاوری بون وەکو وەزیر
گا رویشتن گا فرین
هەتا گەیینە فەلەستین
خەلکی شاری ورد وزل
کاری خویان بردە مل
گەورەو پچوکو سەرباز
کردلە میری مەزن پیشواز
پیان دەکوت « سەرچاوان »
لە دیواخان بو میوان
هەردو میر بە روژ بە شەو

(٥٠)

دەدوان نەیاندەکرد خــەو
کوتی : « ئەی شـــای ســـەر بە زیر »
دەکـەم گلەیی لـــە شـــیر
پیـویســـتە دای مرکینـــی
تولـەی مـەی لی بســتینی »
ســـــلیمانی بلـەوەز
وەلامی داوە ناحـــەز
کوتی : « مویکی کلکـــی شـــیر
نادەم بە ســـەد هەزار مـیر »
میر هەلســـتا ســـەر چوکان
روی کردە لای ســـــلیمان
کوتی : « ئـەگەر دەمینـم
چها بـە ســـەر شـــیر بینم »
ســـلیمانی کـەلە شـــەق
نەیبیســـت قســـەی حەقو رەق
ئەوجار میر نوســـــی فـەرمـان
ناردی بـو شـــاری موران
کە هـەرکـە شـــیر بینن
هەردوك چـاوی دەرینن
شـــیری زەلام پر گرچو
لای ایوار لـە خـەو راچـو
میرو رایان کـرد وەك مـیـر
چونە نیو کـەپوو گـوی شـــیر

شــــیری ســــورو رەش بــەلاك
کوژرا وکــرا بــە کــەلاك
پەپو پرســـی لە ســــلیمان :
« کوانی شـیری دەرکەوان ؟ »
داودی کوری دای قـا ـ قـا
پەپو کوتی : « ئــەی آقـا ٠
ئــەو شـــیرە هنرمنــدە
ســی‌روژە گیانی بــەندە »
میرو هــەمو بونە یــەك
کوشـــتییان شـــیری چاو بــەلەك
هاوکاری ویکییتی
بو میرو بــو روســـــپیتی
هەتا کورد وکوردســـــتان
نەبن وەکو مورســـتان
نە خەلکی شـــار نە هی گونــد
هیچیان نابن ســــەر بلنــد
دەلین نەبــن میــرو زەر
ایمە چلــون بکەین شــــەر
پلینك‌و شــــیرو کــەمتیار
ایمە دەکــەن تارو مــار
بومــە نالیکــی یە شـــــوین
بویە بوینــە « جگەر خوین »

**وەرگیر :**
**ك٠ ك٠ کوردویف**
**ك٠ ر٠ أیــوبــی**

(٥٢)

# سەربەستی

م٠ رسول ( هاوار )
سالی ١٩٥٣

له گەڵ تۆمه ئەی سەربەستی
ئەی دوژمنی دیلو پەستی
ئەی چرای روناکی ژیان
ئەی ئامانجی هەزار گەلان
تو گورو تەوژمی خوینی
شادەماری لەش بزوینی
هیزو تواناو تینی گیانی
کلیلی میشکی انسانی
لەوساوه کەدنیابوه
مرۆف دلی پیاتا چوه
عەشقی تو لیی کاری‌بوه
خوی له ریتا بەخت کردوه
به سەد هەزاران سەرومالْ
کورو کچ ژنو منال
خوی بو تو فیدا کردوه
له ریی تودا لە ناو چوه
نه ترساون لەمردن
لە سیدارەو خنکاندن
برسیەتی دیلی لیدان
نینوك لە بیخ دەرهینان

(٥٣)

قورسایی کوتو زنجیر
ســـزای زیندانی وەك بیر
ئازاری لـەش‌و مەچەك
بـە باســـتونو بــە کوتەك •
شـــەپازلە وبو کســـو پــال
یا شیـــــەقی نوکی پوســـــتاڵ
یاگوللەی تیژی بــەدکــار
بــو ناو ئیسقانو دەمــار
یا ناســـــــوری ئاوی گــەرم
هــەڵبروکینەری چــەرم
تورەبون وزەبرو زەنگ
لیدان بە قوناغــی تفەنگ
بــە دونکی و گوچــانو دار
بــە قامچی رەشی وەك مــار
هینــانو بردنــی زور
ئازاردانی لــە ســـەد جــور
بــەلی بــەمانەو زیاتریش
گــەلیك لــەوانە خــراپ تریش
تا روژی جهـــان مابی
تامیشــك و ویژدان مابی
لە ســـــەربەستی واز ناهینری
ئــەنجام ئــەبی هــەر بســـتینری

(٥٤)

# بیرەوەری یەکەمساڵی شۆرشی

## ١٤ی تەموز

**حسیب قەرەداغی**

ئەمرۆ جەژنە جەژنی‌شادی جەژنی ئازادی ووڵات
جەژنی مایەی هەول‌و کوشش دەردو ئازارو خەبات
جەژنی میلەت کوردوعارەب جەژنی پیروزو بەهات
جەژنی خوشی‌و بەختیاری جەژنی سەربەستی‌و نەجات
جەژنە یادی شورشیکە وا لە ناکاو هەلگرا
هەر بە یەك نرکەی سوپامان جەرگی دوشمنمان بررا
چەن سزاتدی ئەی گەلی مەرد سالەهای سالانی دیر
نیشتمانی پر لە پیت‌بۆ نەوەی‌تۆ نەی‌بو خێر
کاربەدەستانی سەگ‌و گورگ جامی خوینیان دای بە وێر
بو شەرابی خوشی جونبۆڵ مامەسامی پیرو کوێر
ئەمرو چون جەژنیکە ئیتر تائەبەد رزگاری‌یە
فاك‌وفیکی دوژمنانت سەگ‌ودرو بەدکاریە
تاقمیك حوکمی‌ئەکردین بەدخوو دزبون هەموو
وورگ‌و گیرفانی تەمایان خو بە چل‌سال پرر نەبوو
بی‌رەزامەندی هەموگەل رەنجی گەلیان بو ئەچوو
ئەم ئەرویشت ئەو ئەگورا ، دوابەدوای یەك زوو بەزوو
پیم‌بلی چەن خوشە جەژنت واسوپات ئەمرو کە پار
گەیەگیانی داخی زوردار ، راپەریو هینایە خوار

ئەوکەسەی واناوی‌نان‌و دادو ئازادی ئەبرد
گورج ئەیان‌گرت‌و لە بەندا بی‌دەنگ‌و کپیان ئەکرد
باسی‌یاسای ناپەسەندیان ، جەردەیی‌و هاوردوبرد
هەرکەسی ئەیکرد بەتیلا چاك ئەکوترا تا ئەمرد
چونە ئەم جەژنەش کە ترسی بەندەیی‌و لیدان نەما
دەنگی مەردانی دلیرمان بەرزە وا گەیە سەما
باسی ئاشتی‌و ئاشتی‌خوازان چون گوناهیك‌بو مەزن
ئەو کەسەی یادی ئەکردن راو ئەنیرا کون بە کون
جوی نەئەکرا پیرو جوان‌و سەلت‌و مالدار پیاوو ژن
خو ئەگەر رەتیان ئەکەوتی قەست بو پیستت داکەنن
چونە ئەمرو نیشتمانت خوی قەلای ئاسایشە
کار بە دەستانیش وەکو گەل ئاشتیان لا خوایشە
نوسەران دەسیان کەلە پچە نەی ئەهیشت پی‌نوس گری
ری نەبو شاعر بە هەلبەست هەستی میلەت دەر بری
توندە فرمانبو کتیبی راستی تیابی شرر کری
سوزە هەلهینەر بە ئاواز خوئەبوو گورج وور کری
چونە ئەم جەژنەیش کە میلەت دەم بە ئاوازو سەدا
بەستە بو شادی ئەلیت وکوتری ئاشتی هەل ئەدا
خاوەنی بیر ، بیری ئازاد ژینی لی‌ئەکرا بەژان
ریی هیواو هەولی برابو بیتە دەستی توزی‌نان
یا ئەبو بروا بەپیی خوی رو بە روی مەرگ ونەمان
یا ئەبوشور کا سەری خوی بوکەسانی ناکەسان

ئیستە ئەم جەژنەش ئەوەی وابیری ئازادی نیـــە
بیگومانم شەرمەزارە وساتی واشادی نیە
لاوەکانمان راو ئەنیران دیبەدی بوشاربە شار
خو قوتابی ریی ژیانی تیائەبیننرا ژارو مار
زور بەیی میلەت بەجاری عومری لابوبوبەبار
چەن هەزارانت ئەدی تووپل ئەبون بوئیش‌وکار
ئەمرو والاوو قوتابی سەرفراز وبی خەمن
بوبەتالانیش ئومیدە زووببیسن زورکەمن
کارگەرانمان ، چینی‌پیشرەو هەلگرانی بیری روون
رەنجخوراو مایەپووچبون خاوەنی نانی‌نەبوون
مافی ژینیان وونکرابوو زوربەیان زارو زەبوون
رەهبەرانیان دیل‌و بەندبون یابەکوشتن تیائەچوون
ئیستە کارگەرمافی دیارە وبیری خوی بەرپا ئەکا
دوژمنانی کون وتازەی سەرکزو بەربا ئەکا
حالی جوتیار دەردو مەینەت ئیش‌و ئازاربو بە سال
روت‌و برسی‌و بی‌نەوابو خاوەنی مال‌و منال
بەندەبو بەندەی سزاکیش رەنجی بو وورچ‌و گەمال
میرو ئاغا بیگ‌و سەرکار شیخی خاوەن شیل‌و شال
ئەمرو ئامانج‌و هیوای ئەو نوبەیتی بیتە بەر ـ
ئەرزو ئاویش بەو رەوابی‌و دوژمنانی دەر بەدەر
ئەمرو جەژنەو شادمانین پرر هیواو ئاواتە دل
ئیسك‌و پوسی خائنانمان بو خرایە ژیری گل

(٥٧)

بولبولی ئامانجی میلەت کەوتە ناو باخانی گول
کونە خواهان تەپلی سەریان واگەنیوە پیس وبل
ئیستە جەژنە جەژنی راستی جەژنی ئاشتی چەژنی خوش
روژی رونی سەرفرازی ودلنەوایی وهەست وهوش
جەژنە ئاواتی هەزاران جوانەمەرگ بو تانەمان ـ
جەژنە یادی شورشیکە یادی وەك عومری زەمان ـ
جەژنی زوربەی میلەتیکە زوری چلسال نەیچەمان
جەژنی جوتیارو کریکار ، ئافرەتو پیر ، نەوەدەمان
جەژنی یادی شورشیکە مەشخەلی نوری گران
خەنجەری قینی وەشانو جەرگی زورداری دران
ناحەزانی گیرەشیوین ئیستە وا روویان رەشە
دین کروژ بن یارەگەزچی دیارە چونکە رووکەشە
کومەلو پارتیان لە ریزو حوبی میلەت بی بەشە
نازی ناپاکیان درەختی تووی کوشتارو لەشە
سوینی گەل ئەم جەژنە وایە ئەو کەسەی ریز تیك بدا!
تەپلی سەریان بی بە فوتبول بو شەقو لەشیانجودا
ئەی سوپای مەردو دلیرمان جەژنە پیروزەو سلاو
پیشکەشی توو پیشرەوی‌تو کاکی سەربازی بە ناو
تولەسینی چەن‌هەزاران جوانەمەرگی خوینرژاو
پیشەواعبدالکریمی رەهبەری جاویدو ماو
تیك‌دەری پایەو بناغەی دامو دەسگای کونی پیس
داخی جەرگی نوکەرانو بەندەکانی ئینگلیس

کاکی خوم عبدالکریمی قارەمانی کەس نەدار
تو لە ناو جەرگەی گەلا بورراپەریت ئەی شورە سوار
سا دە خیلە ری نەدەی قەت خائنانی شەرمەزار
بەینی ئیوەو گشت سوپاو گەل تیكبدەن بو پەندوعار
ئەی سەروکی میهرەبانو خوشەویستی ئەم گەلە
روو نەدا رووداوی هەرگیز دوژمنان بیژن هەلە
هەر وەکو ماری شل وپیس سەر لەکون بیننە دەری
دوای دعایەی هیچی خو خەن چەن نەفامی چەنکەری
سەر لەنوی وەك موسلی نازدار گیانی چەن پاکی بەری
با نەمینن ئەو بەدانە با زمانیان هەلوەری
تاکو تو رولەی گەلت بیت گەل لە پشتی تویە هەم
سائیتر بی نرخو سوکن دوژمنانت گشت بە جەم
جەژنە جەژنی پیشەوایە جەژنە جەژنی میلەتە
جەژنی روچونی قەلاکەی شاپەرستانی چەتە
جەژنی بیرچونی کەساسیو دەردەداری ومەینەتە
دوژمنی ئەمجەژنە شادە بافتی سیدارەو پەتە
شورشی چواردەی تەموزو یادی پاکی بابژی
ئەم عراقەش باکریم ومیلەتو خاکی بژی
میلەتیش ریی بەختیاریو سەربەخویی گرتوە
ریی بە فیلو لارو خواری دوژمنانی بردوە
بو ژیانی چاکترو خوش قولی لی هەلکرووە
کرمی ناکوکی لە ناویدا نەماوە مردوە
تاکو دونیا ماوە ئیتر بەستە بو ئاشتی ئەلیین
گیان لە پیناوی ژیانی شادمانیدا ئەنیین

# ژیــان

ژیان شیرینی ژینی
فێنکی دڵی خوێنینی
گوڵی سووری بەربەیانی
بریقەی ئاورنگی جوانی
ژیان • • • ژینی
هەستو هۆشی بە پەروشی
بیری تیژ زور بە هوشی
تەنها ریبازی ئاواتی
بۆ هاتی ژینو نەهاتی
ژیان • •• ژینی
دڵفرێنی ، دل بزوینی
بزەی لیوی
تیشکی خۆری رەنگاورەنگی
ئاوازو سازی پێشەنگی
ژیان • • • ژینی
ئاواتی دڵی دێرینی
خوراکی گیانو دەروونی
شوخو شەنگی
چەند بە سەنگی
ژیان • •• ژینی
روژی روونی

پەری سپی سەرشاخانی
چەندە جوانی
زۆر نیانی
ژیان . .. ژینی
هیزو تواناى راپەرینی
ئارامى جەستەی بێتینی
تریفەی ئەستیرەکانی
لە ئاسمانی
ژیان ... ژینی
شنەی شەماڵی بەیانی
جریوەجریوی مەلانی
پرژەی ئاوی تاڤگەکانی
هوی‌زانینی ، کامەرانی
ژیان ... ژینی
نمونەی سروشتی جوانی
تەلیسمو جادوی زەمانی
ئاسودەگی دڵو گیانی
نازەنینی داستانی
ژیان ... ژینی
وینەی شوخی کوردوستانی
ناسكو نازداری کوێستانی
لەژیریا بە سامانی
زۆر دلسۆزی نیشتمانی
بویە جوانی .. بویە جوانی — ن —

# دایــك

دانەری : نازم حیکمەت وەرگێرری : کەمال غەمبار

هەرچەندە لە هەرتەمەنیکا بین ، ئیمە هەرگیز رولەی دایکمانین
سی شتە لە دایك ئەچیت .
دایکمانە زەوی ، دایکمانە نیشتمان
دیسان زمانمان دایکمانە
هەرچەندە لە هەر تەمەنیکا بین ،
لەو کاتەی گیر وگرفتی ژین شپر زەمان ئەکات
لەو کاتەی هەست بە ترس وتوقین ئەکەین
لەو کاتەی توشی نەخوشی ئەبین
لە قوولایی دلمانەوە بانگی دایکمان ئەکەین !
کریکاران وجوتیاران وبیر روشنان
سیاسیەکان وسەر کردەکان وزاناکان
هەموویان رولەی ئیوەن ، ئەی دایکینە
لە گەلیان بدوین وەك دایکیك کە لە گەل کورپەکە یا ئەدویت
بی گومان گویتان لی ئەگرن !
دایکە تو لە توانانا هەیە کە پاریزگاری ئاشتی بکەیت
زیاتر لە هەموو کەسیکی تر
توئەی دایکی من کە دەستت ماچ ئەکەمو
ئەیخەمە سەر چاوم ،
بە پی‌ی نەریتی ولاتەکەم
هەرچەندە لە هەر تەمەنیکا بین ، ئیمە هەرگیز رولەی دایکمانین

(٦٢)

# « بەیانی »

خانەقین : قادر مەلا ئەحمەد

ئەم پارچە هونراوە بو ریکەوت لە روژی ١٣ - ٧ - ١٩٥٨ دا ووتراوەو ئەو کاتە نیررا بو هیوا • هەر ئەو بەیانیەی دوایی خەملینی شاعیر هاتەدیو شورشی گەلو سوپاتەختو تاراجی رژیمی پاشا یەتی لە ناو برد •

بەیانی ولات سوور هەلئەگەرری
بە پرشەپرشی تیشکی روژی نوی
بەرزەزای زەردەی شاخی رەنگاورەنگ
گولالەی هەردەی خال وەك شەوەزەنگ
هیروی تەرر بە تویی کراسی ئاونگ
وەنەوشەی پەروش بە تیشکی گزنگ
نیرگسی مەستی گوی چەمو نزار
گژوگیای جوانی ولاتی نازدار
بە ئاوازی مەل سروەی بای سەهەنگ
بە دەنگی لەرەی بالی پوورە هەنگ
دەس ئەکەن بە ریز دل پر لە ئاوات
چوپی ئەکیشن بەرەو روژهەلات
گورانی ئەلین بە رووی بەیانا
بە رووی وولاتی سەربەستی جوانا

# یادی
# شۆرشی پیرۆز

سلیمانی ـ جەمال نوری

لەگەڵ بەیان . . .
تیشکی ژیان .. لە دەم ئاسۆ !؟
لە گـەل هـەلات
ئازادی هاتـە ناو وڵات ،
پێش خۆر هـەڵات
***
بەیانی چواردەی گـەلاوێژ !!
شـۆرشی سـوپای قارەمـان
لاشــــەی دوژمنی دارزان .
ســـوپای دلیر بە هیرشــــی ؟
رژێمی شـــای کرد سـەرەو لیژ
بـە کۆشــشــی ،
ئازاری گـەلی کرد ســـارێژ ؟
بەیانـــی چواردەی گـەلاویژ
***
جیهان ماتو مەلوول .. بێدەنگ
هێرشـی ســـوپای پاڵەوان ؟
بۆ کۆشـکی شـــا ؟
وەك شـێر کشـا .

نرکەی تۆپو شـەقەی تفەنگ
بە جاری کۆشکی هەڵتەکان ؟
هی شـاو نۆکەری خوینمژان
رۆژیان لی‌بوو بـەشـــەوەزەنگ
***
لـەگـەڵ بـەیـان ...
دەنگێك ئـەهـات ،
تیشکی ئازادی گەل هـەڵات
بـە کۆشـشی ،
ئەمرۆ ئـەخوات ؟
لەبـەرهەمی بـەری خەبات
***
شـــێری مـەیان ـ
( گەلو ســـوپا ) ی پاڵەوان
پاڵەوانی بروا ئاســـن ،
بەرامبەر بـە هێزی دوژمن
لەگـەڵ ســوپای ئازاو دلێر
هـەروەکو شـــێر
شـــێرێکی دوژمن پێ نـەوێر
بۆ ئیســـتیعمارو فاشـــستان !!
وڵاتـی کـرد بـەگۆرســـتان
***
شـۆرشی چواردەی گـەلاوێژ ؟

(٦٥)

غونچەی هیوای گەشانەوە
ئازاری گەلی کرد سارێژ ،
ولاتیشی بووژانەوە
لەگەڵ پرشنگی خۆرهەڵات ،
ئازادی خستە ناو ، وڵات
ئەو ، وڵاتەی کەوا یەکسەر
بوو بوە پیلانی داگیرکەر
خۆ زینداتێکیش بوو .. یەکجار ،
پڕ لەجەوری مام ئیستیعمار
بەڵام شۆڕشی گەلاوێژ ؟
کە تەختی شای کرد سەرەولێژ
نەی هێشت لە وڵاتا خوین رێژ
***
لەگەڵ بەیان . . .
تیشکی ژیان .. لە دەم ئاسۆ ؟
لەگەل هەڵات
ئازادیش هاتە ناو ، ولات
جا سلاوی ئیمەی ئازاد ؟
پیشکەش بەگشت ئادەمیزاد
سلاوێکی سوور ئاگرین !
بۆ کوردی بروا ئاسنین
لە هەموو خاکی کوردستان
کە دیلن ئەمرو بیگومان
(٦٦)

# ئازادی

ج ٠ بابان

ئازادی ٠٠ ئەی ئازادی
ناوت چەند جوانــە
ســتەندنت چەند ئاســانە
بو گشـــت گــەلیکی یەکگرتو
لە پیناوی ژینا مردو
وەکو پولا رەق و پتەو
هەمیشــە بپاتەوە گرەو
بــە هیزی گــەنجەکانی
بــە خویندنی رولــەکانی
بــە خەباتی دلســوزەکانی
بە تەقەلای بی‌وچانی خوشك ودایکا
***
ئازادی ٠٠٠ ئەی ئازادی
ناوت چــەند پیروزە
دەنگت چــەند بــەســـوزە
شـــەوقت چەند بــە تینە
روناککەرەوەی گشـــت ســەرزەمینا
توقینەری خوین مژی پر رق و کینە
***

ئازادی ••• ئەی ئازادی
تکایە وەرە نزیك بـەرەوە
دلو دەرونم روشن کەرەوە
ژیانی چەند ســـالەم تازە کەرەوە
گیانم ســەرلەنوی بـە بەراکەرەوە
***
ئازادی ••• هەی ئازادی
ســـەندنت چەند گرانـە
لای ئەو کەسانەی کـە یـەك ناگرن
ناوو ناتورە لە یەك دەریەنن
هەمیشە شیرو تیر لە یەك ئەسوون
بی ئاگاو خەبەر هەمیشە نوستوون
بە خوینی سەری یەکتری تینون
***
ئازادی ••• هو ئازادی
ناوت چـەند جوانـە
ســـەنگت چەند گرانـە
لای ئەو گەلانەی قەدرت ئەزانن
گشت پرر بە دل بە دواتا ئەروانن
کون بە کون بە شـــوینتا ئەگەرین
وەکو گەلای دار لە ریتا هەل ئەوەرین
***

(٦٨)

دەسا فەرموو ئەی ئازادی
هەلکە شنەی بای شادی
شەمالی فینکی خوش
لەگەل ئاوازی بە جوش
پیشکەش بە میللەتانی کە
برینی دیلی‌یان ساریژ کە
دوژمنانیان دەر بە دەرکە •

***

دەسا توخوا ئەی ئازادی
مایەی بەزمو شادی
دەستە خوشك لەگەل سەربەستی
بگەرێ هەموو جیهان
ناوگشت میللەتان و گەلان
تێر تێر بە ئەکسیری ژیان
ژیانی نەمری هیجگاری
دوور لە ئەندیشەو دەردی‌سەری
گیان‌یان بخەرەوە جولان
جولانی بەتەوژمی بی‌وچان
تاکو هەمو پیاوی چەپەل
لە چلکاو خورو دەستەی سەگەل
لەگەل وەستایان ئیمپریالزمی نالەبار
رەگیان هەلکەنن لە دیهات و شار

(٦٩)

لە ئەفەریقاو ولە ئەمەریکادا
لە ئوسترالیاو لە ئاسـیادا
ئەوسا کە گیتی بی‌ئاشـوب‌ئەبی
ئالای ئاسایش هەر بلند ئەبی
برەو بو هیزی بە رزی گەل ئەبی

## ( یادی شورش )

**سولەیمانی (بی‌چاو )**

لەسـەر چـاوەی دەرونو دل    هەل‌ئـەقولی هـەسـتی بـە کول
هەسـتی بەرزی شـادمانـی    پرز لـە تاسـەی کامـەرانـی
تاسـەی گەرمی هەلمەت‌بـردن    بو سەر کوشکی دەستەی دوژمن
یادی گەشـی روژی چـوارده    کـە سوپاو گـەل لـەسەر جادە
دەسـیان لە دەسـی یەکتر نابوو    بە دیمەن چەشـنی کوبـا بـو
لە سـەر لاشـەی نوری‌و وەسی    هـەل‌ئەپەرین بـی مـەترسـی
چونکە سـوپای ئازاو دلـیر    بـە رابەرری میلـەتـی شـیر
پیش شەبەق‌و سـروەی بەیـان    تەخت‌و بەختی شای هەل‌تەکـان
هـەرچی دزو تاوان بـاربـوو    کونـە مشـکیان لا تـەلار بـوو
چونکە سـوپا لـەگەل میلـەت    بە چەشنی سەگ ئەیکردن پـەت
بـو زینـدانی تاریـک‌و تـەن    دەست بـەزنجیر لەگەل پـی‌وەن
رائـەکیشـران بـە سـەر دەمـا    بـو زیندانـی پـرر لـە خـەما
ئەوسـا دادگـا حوکمی‌ئـەدان    یا بـە حەپسـی یا بـە خنکـان
ئیتـر بژی شـبـورشـی پـار    کە ئاگر بـوو لە رووی زوردار

## چوأردەی تەموز

شەوبو ، تاریک شەوەزەنگ    دنیا لەلام تاریک و تەنگ
دڵ پەستومات وزویربو    هەر بەندیخانەی لە بیربو
چاو بو هەر لایەک ئەیڕوانی    نەی ئەدی ریی کامەرانی
دەست بەگیانەوە بەسترابو    بەزنجیری رەش پیچرابو
زمان ماتو دیلی دەم بو    بەستەی خوش گریەو خەم بو
لەش بو لە ژیان بیزار بو    چون خوراکم قامچیو دار بو
بەلام هیز باوەری روشن    هەر پی ئەکەنی بە دوژمن
ئەیوت چاوەڕوانی هەلم    ئازادیم ئەوی بو گەلم
بوکام گەل ؟ گەلی قارەمان    بو گەلی چەوساوەی زەمان
بو ئەو گەلەی هەتا مردن    خوی ملکەچ ناکا بو دوژمن
ئەو گەلەی زنجیر ئەپچرینی    یاسای یەکسانی پیک دینی
ئەوگەلەی چینی کریکار    سەری ئەخا بەرەو هەوار
کاتیکم زانی بەر بەیان    روی شەفەق سوربو لە ئاسمان
گەردون ئەیقیژان ئەی گەل    بنوارن بو ئاسوی سەرکەل
چون بە تیشکی روژ نەخشاوە    ئازادی لە سەر نوسراوە
هیشتا شەوە وا روژ هەلات    بەرهەمی تەقەلاو خەبات
بروا مژدەی ئەدا بە دل    کە دوژمنمان نایە ژیر گل
هەروا زور باشم لەیادە    گەل ئەیقیژان گەل ئازادە
روانیم دنیا بو بە جەژن    چەژنی هەلکەندنی دوژمن
جەژنی بو : گەلی تیکوشەر    مافی ئازادی خستە سەر
دوژمن بو : کەوتە باوکەرو    تەنانەت گور نەی گرتە خو

(٧١)

لاشەی گلاویان پەت کرا    بە هیزی دوگەل ، دوبرا
دوبرای دلسوزی مەزن    میژو شامیدە نەبەزن
گەلی نەبەز سپای دلیر    کوشکی رحابی گرت وەك شیر
کام کوشك؟ کوشکی گوناهباری    کوشکی پیسی شەرمەزاری
بە هیزی دزراوی کریکار    رازابوەوە سەرەو خوار
هیلانەی دوژمنی پیس بو    جیی بت شەیتانی نەگریس بو
قەلای بەفرینی استعمار    توایەوە سەر تا بە خوار

برهان قانع

## مزدەیەکی خۆش

## خۆیندەواری بە ریز • • !

نەقابەی مامۆستایان لقی سلیمانی هەنگاویکی گەورەی ناوە بۆ خزمەتی ئەدەبو خویندەواریو زمانی کوردی بە دەر هینانی گۆڤاریکی مانگی لە ژیر ناوی ( بلێسە )دا •

بوئەمەتکا لە هەمو خویندە واران ئەکات بو ناردنی بەرهەمەکانیان بوئەم ناونیشانە •

( سلێمانی ــ نەقابەی مامۆستایان ــ گۆڤاری بلێسە )

## « ئیتر بەسیەتی شەرر »

ماوەیەك لەمەو پیش ، گوڤاری تایم مەقالیکی نوسیبو لەسەر ۱۳ سالانەی بومبای ئەتوم کەدرا بە سەر شاری هیروشیمادا •لەمەقالەدا ئەلی :ــ ئەم سال مردن بە نەخوشی ئەتومی نزیکەی دوو ئەوەندەی سالی پیشوە کەسالی پیشوش دوو ئەوەندەی سالی پیش ئەوبوە •حەوت یەکیك لەوانەی تازەلە دایك ئەبن ،یان بە مردویی دینە دنیاوە ،یان بە شەل وکویری • ئەوانەی بە بومباکە نەمردن وە بە دیمەن تەواون ، وەك نیوە مردوو زەنەقیان چوە وخەلك وەك گـــــەرر لی‌یان دوور ئەکەونەوە • لەم دوایەدا لە پرسیاریك کە لە خەلکی ژاپون کرا (أستفتاء) ، لە ٤٠٪ ی خەلك لایەن گیری ژن هنیان وشوو کردن ناکەن بەمانە • ئەم هەموو کارەساتە بە هوی تەقاندنی بومبایەکەوە بو کـــە ۱٪ ی ئـــەم بومبا هیدروجینیە تازانە بوو • لی‌کولینـــەوەی علمی وای دەرخستوە کەوا خەتەری ئیشعاعاتی ئەتومی لەســـــەر ئادەمیزاد زورە وە روژ بە روژ بەرەو زورتر ئەروات • بـــــەم هویەوە دەوری ( ۱۰ ) دە هەزار عالم ( لە هەموو کونجیکی سەر زەمنیەوە ) نامەیەکیان دا بە دەولەتە گەورەکان ، وە هەیئەتی ئومەم بو پیشان دان وپی سەلماننی خەتـــەری تاقی‌کردنـــەوەی ئەتومی (التجاریب الذریة) لە سەر دانیشتوانی سەر زەمین • هەروەهــــا لەهەموو وولاتەکانی سەر زەمینەوە خەلك تی‌ئەکوشن بوئەوەی وا لە وولاتە گەورەکان بکەن کەتاقی کردنەوەی ئەتومی بوستینن • یەکیك لەو زانا بەرزانەی کەهەولیکی زوری داوە لەریی ئـــــەم ئامانجەدا ،وە یەکیکە لە پیاوە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا کە هەول ئەدات

(۷۳)

بو دەست کەوتنی سەربەستی سیاسی وە ئاشتی بو جهان ناوی ماموستا (لاینس پولنگ) ە [١] ٠

ماموستا پولنگ لەم دوایەدا کتیبکی دەرکردوە بە عینوانی (ئیتر) شەرر نابی NO MOREWAR • لەم کتیبەدا بە شیوەیەکی جوان وعیلمی بیر وباوەری هەموو ئەخسائیەکان (أخصائي) ئەکاتەوە لەگەل هەندی لیکولینەوەی خوی • ماموستا پولنگ ئەلی :ــ

تەقینی یەکیك لەبومبا ئەتومیە گەورەکان بو تاقی کردنەوە ئەبیت بەهوی کوشتنی (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار کەس لە هەموو رووی سەر زەمین لەمانە (١٠٠٠٠) دە هەزار کەسیان بە شیر پەنجەی خوین (لیوکیمیا) وشیر پەنجەی ئیسقان BONECANCER ئەمرن ، وە ئەوانی تریان بە نەخوشی تر کە بە هوی ئیشعاعاتەوە پەیدا ئەبی ، ئەمرن • ئەم ئیشعاعاتانە [٢] لەشی ئینسان ئەبرن وەك

---

(١) ماموستا پولنگ لە شاری پورتلاند ، لە وولایەتی ئوریگون لە دایك بوە لە سالی ١٩٠١ دا • لەدوای تەواو کردنی خویندن بو بە ئوستاز و سەروکی قیسمی کیمیاء لە ( معهدی کالیفورنیا بو تکنولوجیا ) • گەلی جائزەی فەخری وەرگرتوە بو ئە بحاسی عیلمی بە نرخ ، وەدوا جائزەی هی نوبل بو لە سالی ١٩٥٤ دا •

(٢) مەوادی ئیشعاعدار سی تەرح ئیشعاعی هەیە :ــ

١ ــ ئیشعاعی ئەلفا ــ کە لە ئەتومی هیلیوم پیك دیت •

٢ ــ ئیشعاعی بیتا ــ کە لە ئەلەکترونات پیك دیت •

٣ ــ ئیشعاعی گاما ــ کە تەرحە شەوقیکە وەك ئەشیعەی رونتکن وایە •

یەکەم و دوەم ناتوانن لەشی ئادەمیزاد ببرن وە تەنها بوماوەیەکی کەم ئەچنە ژورەوە • بەلام سییەم (گاما) لە ئەشیعەی رونتکن باشتر ئەیبریت • هەروەها تەرحە ئیشعاعیکی تر هەیە کە لە ئاسمانەوە دیت (ئیشعاعی فەلەکی) ، ئەمیش وەك ئیشعاعی گاما وایە •

گوللەیەکی بچوك وە ئەبنە هوی ئەوەی کە ( جزیئاتی مورەکەبات ) وە ( حوجەیراتی لەش ) بکەن بە ( ئایونات ) • جا ئەم ئیشعاتانە ئەگەر بەر ( جوزەیئاتی حامزی نەووەوی ـ D. N. A. ـ )[1] لـە ئەعزای تەناسولی دا بکەون ، ئەبنە هوی بوونی منالی شەل وکویر وەیان ناریك ( DEFECTIVEC HILD ) وە لە جیگای تری لەش ئەبن بە هوی شیرپەنجەی خوین وە ئیســـقان ، وە زەرەر گەیاندن بە موخی ئیسقان • هەموو تەرحە ئیشعاعاتی خراپە بو لەش وە مورەکەباتی لەش ئەفەوتینی وە تیکی ئەدات • هەروەها تەئسیری ئەم ئیشعاعاتانە لە لەشدا کوئـەبیتەوە سال لەپاش سال وە زەرەریان بە گویرەی کەم وزوریەتی لە ژیانی مروڤەکەدا • هەروەها ئەبنـە هوی عومری کورتی ، هەرچەندە هیچ جورە نیشانەیەك دەر نەخەن لە لەشدا •

ئەو ئیشعاعاتانەی کە ئیســـتا پەیدا ئەبیت بەهوی تەقاندنی بومبای ئەتومیەوە بو تاقی کردنەوە ، زەرەریکی زوری هەیە بو ســـەر ئادەمیزاد ، وە هەرچەندە کەمیش بن ، ئەبنە هوی نەخوشی شیر پەنجەی خوین و ئیسقان ومنالی مردوو وە ناتەواو • گەورەترین خەتەری تاقی کردنەوەی بومبای ئەتومی ئەوەیە کە هەندی مەوادی ئیشعاعدار پەیدا ئەکات • لەم مەوادانە ئەمانەی خوارەوە لە هەمویان خەتەر ترن :ـ

---

(١) زاناکان لەو باوەرەدان کە ئەم مورەکەبە ئەساسی جیناتـــی وەراسەتە ، وەیان زور تەئسیری هەیە لەسەر وەراسەت •

١ ـ عونسوری (عنصر) سترونشیوم ـ ٩٠ [١]که له سەوزەوات ، گوشت وشیردا کو ئەبیتەوە وئەگاتە لەشی ئادەمیزاد وە بە زوری لەشی منال ، له خواردندا •

٢ ـ عونسوری سیزیوم ـ ١٣٧ [٢]وە عونسوری کاربون ـ ١٤ کە ئەمانیش زور زەرەر ئەبەخشن بەلەش •

ئیستا زانایانی ئەتومی لەدنیادا ، وە بە زوری لە ئەمەریکـادا بوون بە دوو بەشەوە :ـ

بەشی زوریان بە سەرکردەی ماموستا پولنگ ، بیر وباوەریان وایە کە لە سەر رویشتنی تاقی کردنەوەی ئەتومی زور خەتەرە بو سەر ژیان ، وە بەزوری بو نەتەوەی دوا روژ • ئەمانە بە ئەدیللەی عیلمی ئەم بیر وباوەرە ئەسەلمینن بە دنیا وە زور بەهیزە وە هەول ئەدەن بو وەستاندنی ئەم تاقی‌کردنەوانە • ئەم بەشـــــە زورترین وبەناوبانگترین زانایانی دنیای تیدایە ، (٥٩ جائیزەی نوبل وەرگری تیدایە ) •

بەشی دوەم کە کەمن ، زوریان لە ئەمەریکان ، وە ئەلین تاقی کردنەوەی ئەتومی زەرەریکی ئەوتوی نیە ، بەلام ئەگەر لـــــە نوسینەکانیان وورد بینەوە ، بومان دەر ئەکەویت کە لە بنەرەتەوە راست نین •

---

(١) ستـــرونشـــیوم ـ ٩٠ یەکیکە لـــە ئایســوتوپە ISOTOPE ئیشعاعدارەکانی عونسوری سترونشیوم • ئەم عونسورە زور لە عونسوری کالسیوم ئەچی بە خەواسی کیمیاوی ، لەبەر ئەوە لەئیسقاندا کوئەبیتەوە لەگەل کالسیوم •

(٢) ئەمانەش ئایسوتوپی عونسوری سیزیوم وکاربونن • سیزیوم لەبەر ئەوەی لەسودیوم وپوتاسیوم ئەچیت لە مورەکەباتـــی ئەماندا کوئەبیتەوە •وەکاربون لەمەوادی عوزویدا کوئەبیتەوە•

لە مانگی ئابی رابوردووا (١٩٥٨) کومەلیکی تایبەتی لە لایەن دەولەتە یەك گرتوەکانەوە (هیئة الامم ) دانرا لە زانایانی دنیا ٠لـە نوینەری ١٥ لە دەولەتە گەورەکان بو بریاردان ودواندن لە بابەت تەئسیری ئیشعاعات لەسەر ئادەمیزاد ٠ لەپاش کوبونەوەیەکی زور ، راپورتیکیان نوسی ( ٢٢٨ پەرە ) کە بە کورتی ئەمانەی خوارەوەمان پی ئەبەخشیت :ـ

١ ـ ئەمرو ، هوی زیاد بونی ئیشعاعات لەسەر رووی زەمین تاقی کردنەوەی بومبای ئەتومیە ٠

٢ ـ هەموو جوزە زیاد بونی لەم ئیشعاعاتە ، ژیانی ئادەمیزادی ئەمرو ، وە دواروژ ئەخاتە تەنگو چەلەمەیەکەوە ، کـــە بە هیچ جوریك چارە ناکریت ٠

٣ ـ تیکوشان بو کەم کردنەوەی ئیشعاعاتی ئەتومی ، چاکەیەکی زور ئەبەخشیت بە ئادەمیزاد ٠

هەرچەندە هیشتا زور لی کولینەوە ماوە بو بریار دانی تەواوی لەسەر تەئسیری ئیشعاعات بەسەر ئادەمیزادا ، بـــــەلام بریاردانی زاناکان بە تەواوی خەتەری ئەم بەلایە پیشان ئەدات وئەیسەلمینیت ٠

لە بەهاری رابوردوودا ، یەکیتی سوڤیت بریاری وەستاندنی تاقی کردنەوەی ئەتومی دا ـ ئەگەر دەولەتەکانی تر شوینی بکەون ـ هەرچەندە ئیستا دەستیان پی کردوتەوە چونکە دەولەتەکانی تر ئەم پەیمانەیان نەهینایە دی ٠ ئەمەریکا و ئنگلتەرە هیشتا هەر خەریکی تاقی کردنەوەن ٠ لە دوادوایی مانگی تشرینی یەکەم دا دەولەتـــە گەورەکان کوئەبنەوە بو دواندن لەم رووەوە ٠ ٠ ٠ ٠

(٧٧)

ئینجا ئەی برای خویندەوار ، ئەم باسە بە کورتی بوت دەر ئەخات کە ئیشعاعی ئەتومی چەند زەرەریکی گەورەی هەیە بو سەر ئادەمیزاد •••بو سەر کورپەی سبەینیت وکورەزای دوا روژت•••• ئاشتی خوازانی دنیا بو بنەرەت دانانی دنیایەکی پرر لە ئاسایش ودوور لە خەتەری شەر وئیشعاعاتی ئەتومی •

ئەی هاوریی خویندەوار ، بە هەموو توانایەکتەوە هەول بدە ، کەس وکارت تی بگەیینە ، جوتیار وکریکار تیبگەیینە کە هەول بدەن بو لابردنی ئەم خەتەرە و دوور خستنەوەی خەتەری شەریکی ئەتومی کە سەر زەمین تەخت ئەکات •

**لە ئەمەریکاوە ــ حیکمەت توفیق فیکرەت ــ لە جامعەی کالیفورنیاوە •**

**عەبدولقادر ساحبقران ــ لە جامعەی پوناوە •**



# نامەیێك •• بۆ •• بەندیخانە

**چیروکی کورت بو بچوکان**

**نوسینی مەم**
**بو •• بێچوە شیرەکانی •• بارزان**
**هاڤالەکانی •• رەشـــکو •• موژدە ••**
**موژدەی گەرانەوەی باوکە نەبەزەکانیان •**

رەشکو•• لە ناو کولیتە شرەکەدا بەرانبەر دایکی لە ســـــەر گوی‌حەسـیرە دراوەکـەی روخ ئاگردان• •لە تەنیشـــت نازی‌ی خوشکولەکەی لە سەر زگ‌لی‌ی راکشابو ، سەری کردبوە ســەر پەرزەکاغەزیك •• قەلەمیکی لە ناو ئەنگوستەکانی دەستی‌راســـتی گرتبو •••وکرر دامابو جارجارە چاویکی لە دایکی هەلئەبری ••لە پاشا سەری ئەکردەوە سەر پەرەکە • ودەستی ئەبزواندنەوە بـــە نیازی نوسینی شتیك ••بەلام پەشوکاویەکەی دیاری ئەدا کە ئەوەی ئەیەویت بینوسی ریك بوی نایەت ••دایکەش بە پەروشەوە ئەیروانیە کورە نوبەرەکەی وە نیشانەی کامەرانییکی گەرداوی لە سەر روو دیاری ئەدا ••کامەرانی ••دیمەنی کورەکەی فیری خویندەواری بوە، وواخەریکە شت ئەنوسیت بە ئاستەم ئاهیکی هەلکیشا وبی دەنگ لە دەریاییکی بیرکردنەوە خوی نقوم کرد •

لە پرر رەشکو پی‌نوسەکەی دانایە سەر روخی حەسیرەکـــە وهەردو دەستی خستنە ژیر چەناگـــەی وکەوتە بیر کردنەوەی •• چەچورە نامەییك بو باوکی بنوسیت ؟ئەو باوکەی کە لە کاتی فام ــ ــ کردنیەوە تا ئیستا هەرگیز لە دەوری خوی نـەی دیوە ؟ بو ئەو

باوکـــەی کە بە دریژایی ژیانی چاوی پیی نەکـــەوتوە وتامـی هەنگوینی شرینو بونی گولاوی‌ی هەستی روله‌یی نەچیژتوە ••کەوتە گلەیی لەم گەردونە دونە وروژگارە بی بەختەی کە بی‌تاوان •• بە ساوایی ، لە کوشی گەرمی باوکیکی بی‌بەش کردوە ، وە بی کەس لەم دونیا پرر ستەمو جەورو زورداری وبی‌باکیەی لەناو ئەم بی‌بەزەییو دل‌رەقیەی هیناوەتە دی ، لە گەل دایکیکی دەستوپی سـپی‌ی کلولی دل گەرم وخوشکیکی وەکو خوی مندال وبی‌دەستەلات • ئـــــەم روژگارەپرر ستەمەی کە دوچاری ئەوەی کردن ، بەم بوونە نیوەچلو (فەریکە) بەم دەستوپی‌و لەشە ناسك‌و روت‌وبی‌تینە ••بە برسیەتی•• ریگای پرر کەندو کوسپی درکاوی ، تاریکی ژیان بو خویان بکەنەوە•

هەر کە وینەی ئەوبرادەرانەی قوتابخانەی هاتەوە پیش چاو کە هەموروژ،دەست لە ناو دەستی باوکەکانیان••بە جلی‌پاك وسەربەرز لە بازاری شار هاتوچویان ئە کرد ••وەیا کە لە قوتابخانە باســـی چونیەتی باوکەکانیان ئەگیرایەوە ، زور بەزەیی بە خوی هاتەوە وە شورشیکی بە تین کەوتە دەرونی ••شەپولی گریان هیرشی هینایـــە سەر بی دەســـــتی خوی ، نەختیك خوی جولانـدەوە ورووی بەرەوژوور بەرز کردەوە وچاوی برینە کاریتەکانی بانی کولیتەکە•• بو ئەوەی بەری شەپولی فرمیسکەکانی بگریت ، پاش کەمیك ، بــە دوچاوی تیك‌شکاو ، سەیریکی دایکو خوشکە کەی کردو قەلەمەکەی بە گورجی هەلگرتەوە •• سەری کردە ســەر پەراوەکەو دەستی کرد بە نوسین :ــ

« باوکی خوشەویستم ••روژباش ، سەلاوت لی بیت ، باوکە

گیان چونی ؟ کەنگی ئەگەریتەوە لامان ئیستا لە بەندیخانە چــون رائەبویری ؟ ئایا ئەزانی منو نازی لە گەل دایکمان ئیستا لە شـاری (....)ین دایکم ئەلی پاش گرتنی تو ..ئیمەش بە زوری زوردار لە گوندەکەی خومان گویزراینەوە ئەمشارە ..دایکم لیرە بە تەنیا هەمو روژی ئەم مالو ئەومال خەبات ئەکات هەتا نزیك ئیوارە ، بەم جورە نانو خوراکمان بو پەیدا ئەکات ، ئیوارەیەك ئەگەر زور ماندو نەبیت ئەچیتە چیاو پشتیە داریکیشمان بو دینیت کە بە سەرماو ســـوری بوخومانی بسوتینین ، منیش ئەمە دو سالە زور جار لە گەلی ئەچمە چیاو یارمەتی ئەدەم ، چونکی دایك بیهیز بوە وە پیویســتی بــە یارمەتیە ..وە بە تەنیا بەشی خومانی دار پی ناهیندرین ، وە پارەشمان نیە پیی بکرین ، نازیش لە مال یارمەتی ئەدات ، گەسك ئەداو ئاگر ئەکاتەوە ..کە لە قوتابخانە گەرامەوە گورج نانیکی هەبیت لە بەردەمم دائەنیت . . لە بەر ئەوە زور خوشمان ئەویت . . بابە گیـــان توش خوشت بویت ، چونکی ئەمو ئەلی من زور . .زور .. بابەم خوش ئەویت .

باوکی خوشەویست ، من لیرە لە قوتابخانە ئەخوینم ..لــە پولی پینجەمم ، دایکم ئەلیت پاش ئەوەی تو خرایە بەندیخانـــە بە سی۳ سال منی ناردوتە قوتابخانە .. سال بە سال سەرکەوتوم وهەرگیز نەکەوتوم ، نازی ش دوو ســـالە زور جار هە تا بـــەر دەرگای قوتابخانە لە گەلم دیت .. بەلام دایە ئەلیت چونکی بیکەسین تەوانای ئەوەی نیە ، لە بەر هەژاری نازی بنیریتە قوتابخانە ، من هەمو روژی دەرسی پی ئەلیم . چونکی زور خوشم ئەویت ..ئیســـتا

(٨١)

تەواناى ئەوەى پەیدا کردوە کە ناوى توو ناوى دایە وناوى کوردستان بنوسیت ••یەکەم شت فیرى نوسینى ، کوردستانو ناوى تو بو • • کە دایکم ئەبینیت پیکەوە ئەنوسین ، هەردوکمان ماچ ئەکاتو ئەلیت : خوزیا بابە لیرە بوایە هەتا نازى یش بهاتبایە مکتب •

باوکە گیان کەى ئەگەریتەوە لامان ؟ زوو بگەریوە زوو •• دایە زور توى خوش ئەویت بە قەدەر منو نازى • باوکى شیرین ، راستە ؟ دایکم ئەلیت توش ئیمەت زور خوش ئەویت ؟ •• وە جاران کە ئەهاتیتەوە مال ، یاریت لە گەل ئەکردم وە میوەو نوقلت بوئەهینام؟ هیشتا ئەو بەرگەم هەرماوە کە تو کاتى ئازادى لە شارى ( شنو ) بوت هینابوم ••بەلام دایە زور ناشرینى کردوە ئەوەندەى پینەى بکـــات باوکە گیان کە هاتیتەوە ئەبى لە گەل خوت دەســـتە جلکیکى زور جوانم بو بهینیت • وەکو هینەکەى ــ شیرکو ــ کە باوکى لە هەولیر بوى هیناوە هەروا ئەبیت جووتە پیلاویکیشم بوبهینى ، هەتا چیدى پى خواس نــەگەریم • • ماموســـــتا لــە ریزى ئەلیت ــ پیخواس بودەرەوە ــ لیم ئەدات ئەلیت پیت چلکنو قوراوین ، وە یا جلکت دڕراوو قورن ••خو ئەى باوکى بەریز • • ئەبیت بو نازیش جلك بهینى ، چە جلکى نیە ، هەمو روژى ئەلیت ــ بابە لە گەل خوى کراسیکى سورو کەوایکى سەوزو هەوریکى سپى وزەردو رەنگاورەنگم بــو دینیت ، لە گەل گەردانەیکى موروى پرشنگدار ، ئیستا قوتویەك پارچە بازنو شوشەى هەمەرەنگى شــکاوو موروى لـــە کولانان دوزیونەتەوە ،هەموکاتى یاریان لە گەلا ئەکاتو وریزیان ئەکـــاتو بەسەر سنگى خویانى ئەگریت ، باوکە گیان دایەش هەمو جلکــى

پیناویەو کونە جلی ئەم وئەوە بەلام ئەلیت :ــ باباوك بگەریتەوە مــن جلکم ناوین • نایەویت تو هیچی بو بدەی بە جلك چونکی ئەلیت :ــ پارەت نیە • لە بەر ئەوە باوکە گیان ئیمەش هیچمان ناویت تەنیا ــ پیلاویك نەبیت بومن چونکی زستانە وهەردوپیم قەلشیون وسرر ئەبن ، وە شەرم ئەکەم ــ بە پیخاوسی بگەریم •• تەنیا ئەمەندەو بگەریرەوە لامانو بەس• »

رەشکو کەمیك لە نوسین وەستا ئەوسەری قەلەمەکەی خستە سەر رووەمەتە زەردو رەش‌تالەکەی وکەوتە لیك‌دانەوە وبیرکردنەوە ••ئاوریکی لە نازیی خوشکی دایەوە کە خەریکی دورمان کردن بو ، •سەری سوراندەوە لای دایکی کە چاوی بە چاوی دایکی کەوتن هەستی بە هیمنایکی زور کرد •• سەری دانەواندەوە وکــــەوتەوە نوسین :ــ

« باوکە گیان نانوانم بنوسم چەند توم خوش ئەویت ••خوزیا روژیك ئەتوم ئەدی تاکو دەستم بکردبا یە ملتا •• سەرم خستبا باخەلتا ••خوزیا دەستیکم ئەگەیشت بە دەستە پیروزەکانت ،تا تیر ماچــــم بکردیان ••ئەو دەستانەی چوار روژە ری منیان بی وچان هەلگرتوە ئایا دیتەوە یادت باوکا پیروز ؟ • من لە یادم نیە بەلام دایە ئەیگیریتەوە کە لە ولات دەربەدەر کراین چون چوار روژ ریگا لــــە ناو بەفرو توفو سایەقە ••لە ناو شەختەو سرری لە ژیر هیرشی فروکەو وتوبو گوللەو بومبا منت بەو دەستانەت هەلگرتوە ولە باوەش خوتت گرتوم وە لە سرریو وشك‌بونو مردن رزگارت کردوم ••وە چون لە تاکە (جاجم)ە کەتان لوول دابووم ئەو جاجمەی کە هەمو سەرمایەی توو

(٨٣)

دایکم بوه ••لەو ریگا دوورو سەختو هاتو نەهاتە ، بو ئەوەی من سەرمام نەبیت ورزگار بکریم ،•• کە خوتان خســـتە بەر هالاوی کریوەو وزرینو بەفرو توفی ئەو زستانە ، کە خوراکتان لـــە خـــو حەرام کرد وخوتان خستە بەر ددانە تیژەکانی برسیەتی بو ئەوەی من بژیم ••دایکم بە ژگی پرر لە بەر زەبری ئەو کریوەو زریانە ئەو برسیەتیە ولە ژیر ئەوبارە ، پرر ئارام خەباتی ئەکرد •• وە توش لە جیاتی هەر ژەمیك ، جاریك شورتکەت گورجتر ئەکردەوە لـــە سەر زگتا • • •

هەر جارەی کە دایکم ئەم باسەم بو ئەگیریتەوە ••ئەوەند پی کزو دلخوش ئەبم کە بی ئارام هەمو کاتیك چاوە روانی گەرانەوەت بم ••بو ئەوەی شاد بیم بە دیدەنیت ، بو ئەوەی خوم بە گور بهاویژمە ئەو کوشەت کە پیش هەشت سال بو دوامین جار خوم تیدا گەوزاندوە بە گەرمی وپرر ئارەزوو ئەو دەستانەت ماچ بکەم وە دەمو چاومی تی هەلسوم ، کەپیش هەشت سال ••هەشت سالی دورو دریژ ••وە سەرمتا راهیناوە • • »

لەو کاتە رەشکو لە نوســـین وەستا • •چاوی پرربون لـــە گریان ••وردە وردەفرمیسك لە چاوەکانی هەلقولین ••بەریزو یەك لە دوای یەك خزینە سەر رووومەتەکانی ، لەملاو ولەولا هەندیـــك بەرەو لالغاوەکانی جوگەیان بەست ، ئەوانیتر لە سەر چەنەگەی لیکیان دایەوە ودەنك • •دەنك کەوتنە سەر پەراوە کەی بەردەمی ، بی ئەوەی چاوەکانی بسرریتەوە دەستی کردەوە بە نوسین :ـ

« باوکی خوشەویست ••گیانەکەم ••بە خوا شـــــەووروژ چاوەروانی توم •• چاوەروانی دیدەنتم بر جوشوئارەزو چاوەروانی

(٨٤)

ئەوروژەم‌کە بگەرێیتەوە ناومان ••وە لە ناو شار دەست لە ناو دەست پیکەوە بگەرێین ••تا کە برادەرەکانم پیم ئەگەن بزانن منیش وەکو ئەوان باوکم هەیە ••ماموستاش لە قوتابخانە پیم نەلیت هەتیوی لاتی دەر کراو تا دراوسیکانیشمان ئیتر وەك ئاوارەو بە چاوێکی ســـووك تەماشای دایکم وئیمە نەکەن • • تاکو نازیش بتوانیت بچیتە قوتابخانەو وەکو من فیری خویندەواری بیت ••••

بگەریوە لامان ••باوکامەزن ••زوو ، زوو ••بابو ••بابو ••
ئەی کە ووشەی بابو •• چە وشەییکی خوشە لە سەر زار •• لـە ناو •• دل ••هەر چەندە دەبیژم •• بابو ، بابو کـــەس وەلامم ناداتەوە ••هەرچەندی چاڤ دگیرم ••تە ••نابینم ••تو خودی •• زوو بزڤرەوە تك مە ، •• تاکو تیر بە دل ، پر بە زار (دەم) هاوار بکەم •• بابە ••بابە گیان •• هەتاکو من ونازی ••هەردوك بە جوتە خومان بە لیچکە چوخەلە کەت ••بە کەلانگوجکەکانت (فەقیانە) شور بکەینەوە (هەلواسین) ••وە جاریکی تر نەهیلین •• لە دەســـمان بچیت ••وە بە هەمو هیزمان دەستەکانت‌بگرین ••نەهیلین جاریکیتر لیمان دوور بکەویەوە ئەگەر زوریمان لی بکەیت بو دوور کەوتنەوە•• بە فرمیسك هەردو دەستەکانت بشوین بەو فرمیسکانە • •کە لـــە گـەل ئـــەم نامەیە هەندیکم بە دیاری بو ناردی ••بە دیاری ••بو یادیگاری ئەوەی کە زوو بگەرێیتەوە لامان ••تا •• کـــە بە هەمو هیزیکمەرە لە کانگای دەرۆنم گاز ( بانگ ) ئەکەم ••بابە گیان وەلام لە دەمە پیروزەکەت ••بە دەنگە پر سوزەکەت وەر بگرمەوە ••وە هەمو روژیك لە گەل ـ پیکەنینی ئاسو •• بە رووم پی بکەنی ••وبە هەستیکی پر هیوینی بانگم بکەیت •• کورە خوشـــەویســـتەکەم •••• رەشـــکو •

ПРОЛЕТАРИИ ВСЕХ СТРАН, СОЕДИНЯЙТЕСЬ!

Орган Центрального Комитета ВЛКСМ

КОМСОМОЛЬСКАЯ ПРАВДА

Год издания 34-й
№ 85 (10410)

Суббота, 11 апреля 1959 г.

Цена 20 коп.

# عەبدولوەهاب بەیاتی ئەگەڕێتەوە نیشتمانەکەی (١)

**نووسینی : شاعیری بەرزی مروڤایەتی**
**نازم حیکمەت**

کاتی چەند پارچە شـــیعریکی جوانت دیتەوە یاد ، بی گومان هونراوەکانی شاعیرە کلاسیکیەکانی گەلانت بە بیرا تی ئەپەڕری ، لە هەموو دەوریکدا • بە لام من ئیستا مەبەســـم ئەم هونراوانە نیە ، بەلکو مەبەسم هونراوەکانی شاعیرە هاودەمەکانمە •

گەلیك هوی شادمانیە کە دیوانی شاعیریکی تازەی لاوی هاودەم بکەیتەوەو شیعرەکانی بخوینیتەوە بە تایبەتی گەر هەردووکتان بـە یەك چاو بروانە ژیان •

---

(١) ئەم لیکولینەوەیە لە روژنامەی « کومسومولسکایابرافدا» کە زمانی یەکیەتی لاوانی لەنینە لە جمهوریەتەکانی یەکیەتی سوڤیەتدا لە ژمارەی « ١٠٤١٠ » ی روژی ١١ نیسانی ١٩٥٩ بلاوکراوەتەوە •

ئەمەوی لە هونەری رەنگینی یەکیك لە هاودەمەکانم بدویسم •
مەبەسم عەبدولوهاب بەیاتی شاعیری عیراقە • کە لە ریگەی زمانی رووسیەوە شیعرەکانیم دی [٢]وە زانینی رووسی لەم دەمەدا ئیشیکی گەورەیە •

زورجار ئەبیستم کە شاعیران گلەیی لەو شاعیرە رووسانە ئەکەن کە شیعریان ئەکەن بە رووسی • نازانم ، بەشکم ، چەند کەسیکی دەروون ناپاك خویان بخزینە ناو ئەو شاعیرانەوە کە شیعر ئەکەن بە رووسی ، بەلام بە ئینسافەوە ئەلیم کە تیکرا رادەی ئەدەبی جیهان وەرگیران بو رووسی رادەیەکی بەرزە • خویندەوارە سوڤیەتیەکانو خەلکی وولاتی بیگانەش قەرزداری ئەو کارە رەنگینە بەرزەن کە وەرگیرە رووسەکان ئەیکەنو جوانی کومەلیك کتیبمان بو ئەخەنە روو •

ئەوانەی دیوانەکەی « بەیاتی » یان خستە سەر رووسی ئەرکی خویان زور بە جوانی بەجیهیناو جیگەی سوپاسنو شایانی ئەوەن کە پیاو ناویان بەریت وە ئەوانە : ( ئا • غورودیتسکایا • و • ت • تروفیمنکو ، و م • کورغانتسیڤ ، ون • بافلوفیتش ) ن •

لەگەل ئەو دوستانەمدا دوام کە عەرەبیو رووسی باش ئەزانن ، هەموو دلنیایان کردم کە دیوانەکە گەورەترین شتی خوی تیداماوە کە ئەویش گیانی شیعرەکانی بەیاتیە •

بەیاتی لە سالی ١٩٢٦دا لە بەغدای پایتەختی عیراق لە دایك‌بوە •

---

(٢) « چەند هونراویکی مەنفا » هی عەبدولوەهاب بەیاتی، بلاو کردنەوە خانەی ئەدەبی بیگانە لە موسکو ١٩٥٨

وه له سالی ١٩٥٠دا لەم شارەدا له دەستگای ماموستایانی بەرز خویندنی تەواو کردوەو لەو کاتەوە بە ئەدەبیاتەوه خەریکه ، وه هەندی دیوانی دلداری چاپ کردوه •

وه له کوتایی سالی ١٩٥٣ لەگەل پیش‌رەوانی روشـــن‌بیرانی عیراقدا له دەرکردنی گوڤاری «خوینەواری نوی ــ الثقافة الجدیدة»دا بەشدار بوو ، وه لەویدا ئەو پارچه شیعرانەی بلاوئەکردەوه کـــه هەرەشەیان له ئیستعمارو چینه کاربەدەستەکەی نوکەری ئەکرد له عیراق •

بەلام دامر کاندنەوه پشووی نەدان ، گوڤارەکه له سەرەتای سالی ١٩٥٤دا داخرا ، به یاتیش له ســـەر ئیش دەرکرا وه له گـــەل روشن‌بیره ئازادیخوازەکاندا نیررا بو ســـــوپاگای به زور تەدریب پی‌کردنی ئەفسەرانی ئیحتیات • وه لەم کاتەوه ئەو ریگه سەخته دەســت پی‌ئــەکات که ئەم شاعیره تی کوشەره گرتویه بەر • ریگەی بەندیخانەو گرتن • ریگەی ژیانو به نهینی ئیش‌کردن ، ئینجا نەفی‌و دەربەدەری •بەلام ئەم شاعیره کاتیك ئاوا ئەژیا ، شیعری وای ئەووت که پرر بوون له رق‌و کینه بەرامبەر به ئیستعمارو نەریتی نوری سەعید •

وه له کوتایی سالی ١٩٥٥دا ئەم شـــــاعیره ناچار بوو عیراق بەجی‌بهیلی‌و هەردوو کوررەکەی لەوی بهیلیتەوه • وه لەم سالانەی دواییدا بەیاتی له لوبنانو میسرو سوریادا ژیانی بردەسەر • وه شیعره ئاگریەکانی له گوڤارو روژنامه پیش‌کەوتوەکانی روژهەلاتی عەرەبدا بلاو ئەکردەوه •

له سالی ١٩٥٦دا له قاهیره سی‌هه‌م دیوانی به‌یاتی « به‌رزی بو منداڵان‌و لقه زه‌یتون » وه له ١٩٥٧ دا هه‌ر له قاهیره چواره‌م دیوانی « چه‌ند شیعریك له مه‌نفا » ده‌رچوون •

وه له گلاویژی ١٩٥٨ دا به‌یاتی هاته دیده‌نی یه‌کیه‌تی سوڤیه‌ت ، وه له لیره هه‌واله خوشه‌که‌ی بیست ،هه‌والی دامه‌زراندنی جمهوریه‌تی عیراق •

سه‌رگوزه‌شته‌ی ئه‌م شاعیره زور دیاره ئه‌وه ئه‌گه‌یه‌نی که سه‌رمایه‌داری له‌م ده‌مه‌دا گه‌لیك له ده‌سته‌براکانی سه‌ده‌کانی ناوه‌راستی ، ئه‌وانه‌ی دادگاکانی پشکنین « محاكم التفتيش » توندتر شاعیران‌و روشن بیران ئازار ئه‌دات •

وه هه‌ر وه‌ك له‌و روژانه‌دا شاعیره‌کان‌و روشن‌بیران ده‌ردو ئازاریان ئه‌چه‌شت له پیناوی مروڤدا • ئه‌مرۆش هه‌لگرانی مه‌شخه‌لی هاوسانی « ئیشتراکیه‌ت »و جولانه‌وه‌ی نیشتمانی ئازادیخواز ده‌ردو ئازار ئه‌چیژن له پیناوی دادپه‌روه‌ریدا •

ئه‌م جوره که‌سانه له ناو ئه‌وانه‌دا دیارن که ناسیو من یا خوم ئه‌یانناسم •

ئه‌مانه سه‌باحه‌دین عه‌لی‌ی نووسه‌ری تورك که له دارستانه‌کانی ده‌وروپشتی ئه‌ده‌رنه‌دا کوژراو روشن بیری پاکستان ئه‌حمه‌د فایزوه بابلو نیرودای شاعیری شیلی‌و ، نیکولا گویلنی شاعیری کوباو محه‌مه‌د سالح به‌حرل‌علومی شاعیری عیراقن •

به‌لام چه‌ند قاره‌مانی تری وه‌ك ئه‌مانه هه‌یه •

ئایا روژیك دی جیهان یولیوس فوچیکی چیکی‌و بتساروفی

بولگاری‌و گارسیا لورکای ئیسپانی له بیر بچی • گەر هەموو ئـەو شـــــاعیرو روشن‌بیرانه بژمیرین کـه لەم دەمەدا بونه قوربانـــی کونەپەرستی ئەوه لیستەیەکی گەوره دروست ئەکات • وه لــــەم لیستەیەدا ناوی عەبدولوەهاب بەیاتی ئەنووسریت •

له شیعرەکانی بەیاتیدا زورتر به تینی‌و یەك‌گرتنی جورەهـا ماناو باسی دەروونی « ذاتی » له گەل باســی نیشـــتمان پەروەری‌و مروڤایەتیم به دلاچوو • وه به زوری لەم شاعیرەدا حەز له ساکاری‌و ئاسانی‌و راست‌گویی‌و توانا سەیرەکەی ئەکەم له کوکردنەوەی ماناو دارشتنیدا له پارچه شیعرەکانیدا •

وەرگیراوه روســــیەکەش شیوەیەکی راستەقینەی بەیاتی دەر ئەخات له تازه کردنەوەی شیعردا • وه بو ئەوەی نمونەیەکی جوانی به دەربخەین ئەبی ئەم پارچه شیعرانه بخەینه پیش چاو که ئەگەنه پەرەی دل وه کـــه زور جوان کراون بـــه رووسی ، وەك پارچه شیعرانی «ناپاکی» و « دیارنەبوون » و « سوارەی غەمناکی » «کـه « ت • تروفیمنکو » وەری‌گیراون • وه «شەوی عەمان»و «بمبەرەوه بو نیشتمان»و «ئەو پیاوەی‌گورانی ئەووت»(وەرگیرانی کورغانتسیڤ)و « شـــارەکەم و قەرەج » [ وەرگیرانی ــ أ • غوردوتســـــکایا ] •

عـــەبدولوەهاب بەیاتی دوستمەو وەك ئینسانیك خوشـــم ئەوی‌و ــ هەروەکو وەك شاعیریکیش خوشم ئەوی ــ لەبەر ئەوه رابوردنی به شارەکەمدا ، به ئەستەموولدا ــ وەگوڤتاری لەگەل محەمەدی کورمدا له پارچه شیعریکدا جوولانمی ( تەماشــای ١٥ پارچه شیعر له ڤیەنا بکه ــ وەرگیرر ــ)ـوه مــن ئەمــەوی له بـــەردەمی خوینەوارانی

سوڤیەتدا کە خوشەویستترین خوێندەوارمن سوپاسی بکەم ٠
وە لە دوایدا ئەمەوی چەند ووشـــەیەك دەربارەی ئەو شیعرانە بلیم کە لە بەیاتیمان ئەویت ٠ بابلونیرودا ئیستا لە شـــیلیە ، وە وا بزانم نیکولا گویلنیش گەراوەتەوە کوباو بـەیاتیش لە مەنفا نەماوەو ئیستا لە ناو کەس و کاریدا ئەژی لە عیراق ٠ ئەلین کە گوایە تەنیـا ئازار شیعری راستەقینە ئەهینیتە بەرهەم ٠ بەلام من وا نابینم ٠ چونکە من وا ئەزانم نووسینی شیعری دلروون کەرەوە زور لـە شـــیعری غەمناك گرانترە ٠ لەگەل ئەوەشدا شاعیری وا هەن کە ئەمەیان لـە بارداً بوو ٠ « مایاکوفسکی » یەکیك بوو لە هونەروەرانی « وینەی دل روون کەرەوە » بەیاتی تووشی ئازار بوو شیعری رەنگینی ووت ٠
وە وا بزانم ئیستاش کە بەختیارە شیعری رەنگین ئەلیت ٠

نازم حیکمەت

## مەولانا خالدی شارە زوری

## ١١٩٠ ــ ١٢٤٢ ی کوچی

**نوسینی : نەوشیروان نزار سلیمانی**

مولانا خالد کوری احمد کوری حسینی عثمانی‌یە [١] ، لـە باوکەوە ئەچیتەوە سەر میکایلە شەش ئەنگوست دەستیکی شـەش پەنجەی بوە ـوە لە دایکشەوە ئەچیتەوە سەر پیر خدری شاهو ٠

لە سالی ١١٩٠ی کوچی لە دیی (نەوتی) هاتوەتە دنیاوە ، تا چەند کتیبکیی بچوک تەواو ئەکا وەکو (قرآن)ی پیروزو (تصریفی زنجانی ) و ( محرر ) لە شەرعداو هەندی پیشەکی لە صرف و نحوداء لە قەرەداغ ئەمینیتەوە ٠وە بو تەواو کردنی زانین ســـەری لە زور

(٩١)

شوينانى كوردستان داوه وه‌كو ( حلوان )و (زه‌هاو)و (سنه)و (كويه)و (خه‌رپانى) و (هه‌رير)و (سليمانى) •
كه كتيبه ورده‌كانى ته‌واو كرد له قه‌ره‌داغ روى كرده سليمانى بو لاى زاناى گه‌وره مه‌لا عبدالكريمى به‌رزنجى •پاش چه‌ند مانگى ماموستا ئه‌گورى وه ئه‌چيته لاى مه‌لاصالح ناويك ،وه لاى ئه‌ويش ئه‌رواو ئه‌چيته بياره بو لاى مه‌لا ابراهيمى بياره‌يى • ديسنان ئه‌گه‌ريته‌وه بو سليمانى ، وه له سليمانيه‌وه يه‌كسه‌ر بو ده‌شتى هه‌رير بو لاى مه‌لا عبدالرحيمى زيادى ، وه كتيبى (شرح الجلال على تهذيب المنطق) ته‌واو ئه‌كا ، ئه‌نجا ئه‌گه‌ريته‌وه بو كويه بو لاى مه‌لا عبدالرحمانى جلى زاده • وا رى ئه‌كه‌وى مه‌لا عبدالرحمن نه‌خوش ئه‌كه‌وى و ئه‌مرى ، به جارى ئه‌گه‌ريته‌وه بو سليمانى • له سليمانيه‌وه بو به‌غدا وه كتيبى (المختصر المنتهى في الاصول ) ته‌واو ئه‌كا له گه‌ل چه‌ند كتيبيكى تر •ئينجا ديسان ديته‌وه بو سليمانى • له‌و كاته‌دا ابراهيم پاشاى بابان حوكمرانى سليمانى بوه ، زور له گه‌ل مولانا خه‌ريك ئه‌بى بو ئه‌وه‌ى ببى به ماموستاى كوره‌كانى ، به‌لام ئه‌و رازى نابى ، ئه‌لى هيشتا خويندنم ته‌واو نه‌كردوه ئينجا رى‌ى سنه ئه‌گريته به‌ر بو لاى زاناى به ناو بانگ شيخ محمد قسيم السنوى بو فير بونى هندسه‌و حساب (فلكيات)و اسطرلاب •پاش فيربونى ئه‌م علمانه ئيجازه له شيخ محمد وه‌ر ئه‌گرى‌و ئه‌گه‌ريته‌وه بو سليمانى له سالى ١٢١٣ داوه به ريكه‌وت نه‌خوشى‌ى تاعون بلاو ئه‌بيته‌وه ، وه مه‌لا عبدالكريمى ماموستاى تاعون ئه‌گرى وئه‌مرى وه له شوينه‌كه‌ى ئه‌وا مولانا خالد دائه‌نين له

مزگەوتی بابەعەلی‌ی ئیستادا ،وە تا ســــالی ١٢٢٠ بە دەرس‌وتن‌و ئیرشادەوە خەریک ئەبی •ئینجا شەوق‌و زەوقی حەج ئەکەویتـــە سەریەوە ، وە بە ریگای موصل‌و دیاربەکرو حەلەب‌و شاما ، بەرەو مکە ئەکەویتە ری • چەند روژیک لە شاما ئەمینیتەوە وە ئەبی بـــە هاوری‌ی مەلا محمدی کزبری مەلای مزگەوتی (دارالحدیث) ،وە لە شامیشەوە یەکسەر رو ئەکاتە (مدینە) وە لەوی گەلی هەلبەستی جوان هەل ئەدا بە پیغەمبەر (ص) وە بە (مدینەی منورە)دا • ئەم شـــیعرە سەرەتای هەلبەستیکیەتی کە لە نزیکی مەدینەدا وتویەتی :

سارْبانا رحم کن بر آروزو مندان زار !

وعده شد نزدیک ونبود بعد ازین جای قرار ••

ماوەی حەج کردنی مولانا سالیك ئەخایەنی • واتە لە ســــالی ١٢٢١ دا ئەگەریتەوە سلیمانی ، وە دیسانەوە دەست ئەکاتەوە بـــە دەرس وتنەوە تا سالی ١٢٢٤ میرزا رحیم ناویک کە بە دەرویش محمد ناسراوە دیت بولای مولانا وە داوای لی ئەکا کە بچی بو هیندوستان بو لای شیخ عبیداللەی دەهلەوی تەریقەتی نەقشبەندی‌ی لی وەرگری • مولانایش لە گەلیا ئەکەویتە ری بە ریگای سنە ، هەمەدان تاراندا ، وە لە تاراناگفت‌و گویەکی دورو دریژ روئەدا لە بەینی مولاناو شیخ ئیسماعیلی کاشی‌دا وە مەولانا سەر ئەکەوی بە سەر ئەوا ، وە ئەم دەمە قالەیە بە هەلبە ستیکی دریژ ئەگیریتەوە کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

کملت مسافة کعبة الآمال

حمدا لمن قد من بالاکمال

ئینجا رو ئەکاتە بسطام ،خرقان ،سمنان ،نەیسابور ، طوس •لە

(٩٣)

شاری طوس هەلبەستیك بە سەر ئیمامی رضادا هەل ئەدا • ئـــەو هەلبەستە جوانەی بەم شیعرە دەس پی ئەکا :

این بارگاه کیست که از عرش بر تراست
وز نور گنبدش همه عالم منوراست ؟

وە لە طوسەوە یەکسەر رو ئەکاتە مشهد ، هرات ، قندهار کابل ، غزنین لە غزنین یادی یشتمانەکەی ئەکاتەوە ، غەزەلیکی زور جوان دائەنی کە تا بلی‌ی خوش‌و بە تامە ، لە سەرەتاکەیەوە ئەلی :

موسم عیداست‌و ما نومید از دیدار یار
عالمی در عیش‌و نوش‌و ما دو چشم اشکبار
هر کسی بایار در گشت گلستان‌است ومن
زاشك سرخم شد کنار از داغ هجران لاله زار

وە دوایی‌یەکەی بەم شیعرە دینی :

خالدا گر نیستی دیوانەو سحرا نورد ،
توکجاو کابل‌و غزنین‌و خاك قندهار ؟!

ئینجا لە غزنینەوە رو ئەکاتە لاهور ، جهان آباد ، دهلی (دلهی)• وە لە شـــــاری دهلی‌دا ماوەی چەند مانگیك ئەمینیتەوە • روژیك خەریکی ئاو پرژینی ژوری مەلاکان ئەبی لە خانەقاکەی شـــــیخ عبیداللەدا ، گوی‌ی لی ئەبی مەلاکان لە ژورەوە دەمە قالە یانە لـە سەر پرسیاریك • ئەمیش ئەچیتە ژورەوە ، لی‌یان ئەپرسی ئـەوە چیە ؟ وەرامی نادەنەوە ، دیتە دەرەوە پارچە قاقەزیك ئەدوزیتەوە ، وەرامەکەی لی ئەنوسی‌و فری‌ی ئەداتە ژورەوە ، هەمویان سەریان سور ئەمینی لە زانینی ئەو کابرایە ـ مولانا ـ هەمو بەجاری ئەچنە

(٩٤)

سەر شیخ عبیدالله وە پی‌ی ئەلین ئەم زانایە بوچی لە خانەقادا ئیشی ئاورشین کردن‌و گسک‌دانە ، وە بوچی مەقسودی خوی نادەیتـە دەسی ؟ ئیتر لە وروژەوە تەریقەتی دائەدا وە ئەگەریتەوە بو سلیمانی ، هەر لە مزگەوتەکەی خوی‌دا دەس ئەکا بە ئیرشاد ، تا لە سالی ۱۲۲۷ ی‌کوچی‌دا محمود پاشای کوری عبدالرحمن پاشـــای بابان ئـــەو مزگەوتەی بو ئەکاتەوە کە ئیســـتا بە (خانەقای مولانا) ناوبانگـی دەرکردوە • (وەك لەباوکم بیستوە ، کە ئەویش لە نەنکی‌بیستوە ؛ جی‌ی خەنەقا وەختی خوی زەلکاوو گوم بوە بە مریدەکانی پری کردوە تەوە ، وە سی ژەمە نان‌و شوربای داونەتی ) •

ئیتر مولانا دەس ئەکا بە تەریقەت دادانی خەلك ، شان بەشانی مالی شیخ معروفی نودی کە ئەوانیش تەریقەتی قادری‌یان دائەدا • لەم بەینانەدا مولانا لە بەر هەندی هوی تایبەتی ناچار ئەبی بە یەگجاری سلیمانی بەجی بیلی وە بچی بو شام ، وە چوار سالیش لەوی ئەمینیتەوە تا وەفات ئەکا • مەرقەدی ئیستا لە شامە • اسعد صاحب بە حروفی ایجد میژوی وەفاتی بە وشەی (مغرب) داناوە کە ئەکاتە ۱۲٤۲ •

دیوانی هەلبەستی مولانا لە ۱۲٦۰ دابە فەرمان سولتان عبدالمجید خان لەچاپ دراوە لە ئەستەمول،وە تیکەلە لە شیعری فارسی‌و عەرەبی وکوردی • نو بەرەی دیوانەکەیم لایە کە بە خەتی شکستە لە لایەی مەلا عبداللەی گەلالەوە نوسراوەتەوە ، ئەم دو پارچە هەلبەســـتە کوردی‌یەی تیایە کە یەکیانی لە سەر شیوەی هەورامی وتوە :

قیلەم‌فیراقت ••قیلەم فیراقت • •
ئارامم سەندەن سەودای فیراقت • •

(۹۵)

دل قەقنەس ئاسان پەی ئیشتیاقت
تاقەت تاق بیەن پەی ئەبروی تاقت
دور جە قامەتت قیامەت خیزان
هیجرت شەرارەی جەهەنم بیزان
کاری پیم کەردەن مەحرومیی رازت
نەکەردەن وە دل نیم نیگای نازت
قەدر عافیەت وەصلت نەزانام
شوکرانەی شوکر رازت نەوانام
ساغەم کوی شادیم با وە باد شانو
تەمام انتقام وەصلت جیم سانو
خاس خاس جە شدت نایرەی دوری
کەرد وە کوی نورە سەرتا پای (نوری)

مولانا ، هەرچەند تخلصی شیعری هەر (خالد)ە ، بەلام لەم پارچە شیعرەدا تخلصی (نوری)ی بو خوی داناوە ، وە بە (ضیاءالدین) ناوبانگی دەر کردوە .

ئەمەش نمونەیەکی تری شیعری مولانایە :

دیسان دیارە دلبەری وەک مشعلستان دا دیار
نوربون لە سەر کیوی احد طومار بە طوماری شکار
بیوادە ئەمشەو روژ هەلات ، یا نوری جانان سات بە سات
روشن دەکاتن سات بەسات ، فاللیل قد یملی النهار
خوش خوش نەسیمی عەنبەرین بین خوش دەکاتن سەر زەمین
ئەمانە بونی عەنبەرین ، یا نافەیی مشکی تەتار ؟

# پەیامیك لە سكاڵای دەرون

نوسینی : ژوان

« پیشکەش بەو فریشتەیە بی کە هەرگیز لە سنوری بیرو هەستم نایەتە دەری ••• ئامانج »

« لە پەر ستگای دلداریا • • • نزیك پەیکەری نەمر
افرودیت[1] ••• دوو دلداری داماو بەرامبەر بە
یەك وەستان ••• شەپولی هەستو بیرکردنەوە
کەوتە لەرین •• بە سکالاوە کشایە قولایی گیان ••
بەهیمنی دل کەوتە پەلە فرکە •••پەنجەکانم بە
ووردی کەوتنە جولە لە سەر پەرەی سپیا ••••••• »
وورژمیك فینکایی بگەیینە بە دلی پەشوکاوتا • •
فرمیسکە گەرمەبە نرخەکانت قەتیس کە • •
ببریتەوە ، رابوردو بنیرەگور •••یادگار لە دلتا بکوژە•••
دلت بکە بە گورستانیکی ووشك ••
رابوردو بو لە تاقی گەنجی ولاویمانا خوشیو
بەختیری مژین ••• دوا بەدوای ئەو ژەهری ناخوشی
وپەستی جیهیشت •••بی ئەوەی هیچ جورە گوناهیك
بکەین ، تەنها ئەوە نەبیت دلدارین •••
با کوتایی بینین بە فرمیسکرشتن • • • دور بکەوینەوە
لە ئاژاوە •• توزیك ئازادی بدەین بە گیان •••
ئازلکی[1] رابوردو لە یادمانا هەلکەنین وجیی بهیلین
چونکە ژیاندنەوەی ئەمانتوینیتەوە •••

ئەمانتوینیتەوە لە خەمو ناخوشیا •••
« بەلام ئەو نەرمو شلە خنجیلانەیە گریانی کردوە بە
سیبەری خوی ••• پەیمانی لە گەلا بەستوە ••
ئەنجا یادی رابوردو ••• یادی گەنجی بابردوم هیرشی
بردە سەرمو بە هیز گوشیمی •••••••• »
ئاخ‌خخ •••••ئا •••• خ ••••
هەناسەیکی گەرم وورشەی کرد لە سەر لیوما •••
لیرە ••• لیرە بە یەك ئەگەیشتین •••
بەجاری رابوردو هەلقولا لافاوی بیری
لی خوریم • • •
ژیان چەند خوشە !! •• ئەمە چیە ؟؟
ئەم دوو ئەگریجەیە بوچی خویان داوە
بە دەستەوە ؟؟ •• بوچی لە سەر خو شور
بونەتەوە بە سەر شانیا ؟؟ •• چەند جوانە
ئەلی‌ی تاڤگەیکی زیرینە !! •• لە سەر
خو ئەلەرینەوە ولە خوای دلداری ئەپارینەوە •••
پیلوەکانی گەشەیان ئەسەند بە جوریك مروف
خوی بو را نەئەگیرا بەرامبەر بە جوانی ئەو دیمەنە ••
دیمەنی گەشانەوەی پیلوی خەوالو •••
یەزدان • • • ئەی یەزدانی گەورە • • بە پەروشەوە
لیت ئەپاریمەوە •• فریام کەوە ••
دلم ••• دلم خەریکە پەراسوەکانم ونجر ونجر ئەکات ••

به هەمو هێزێکیەوە ئەدا بە سەریانا ••
تو بلی ئەمە راستە ڤینە بیت ؟؟ • • • •
ئەو برژانگە جوانە !!••برژانگە رەشەکانی •• رەشییان
لە شەو دزیوە •• بە نازیکەوە وەك یاساول
ریزیان گرتوە •••
خەوالو پیلوی هەل ئەهینایەوە ••
ئەی خەو سویندت ئەدەم ••• بنیشە بە سەر چاویا !!••
جیی مەهیلە !! •• بە تووە در وشمی جوانیە ••
سەیری کوی بکەم ؟؟ • شلەژاوم !! ••
ئەو جوتە برویە کە جوانی چنیویەتی ؟؟
نیگاهی چاوە خومارەکانی دیلی کردوم •• وەك
تیر ئەچەقیتە دلەوە • • • خوشەویستی لی ئەمژی • •
بەراستی سوزم سنوری نیە بەرامبەر بەم قەشەنگە •••
لە ناکاو لیوی گرراویم بزوت وکەوتە لەرز ••خوی‌نوسان
بەلیوە باریکەکانی ئەو پەریە خنجیلانەیە ••
تیر تیر لیی مژی وگرری تینویتیی کوژاندمەوە ••
گرر بچیتە سەرگرر شالاو پترئەکا ••
بەلام نازانم بوچی کە لیوی گرراویم لیوە ناسکە باریکەکانی
مژی ساردی کردەوە ودای مرکاند ••
نازانم ئەم شارراوەیە چیە !! •• نازانم !! ••
لە پرر زایەلەیکی گەرم دای بە گویماو رایچلەکانم
ئاورم دایەوە لە دەورو پشتی خوما هیچم نەدی •

(١) أفرودیت = خوای اغریقیەکان بو
(٢) ئازلك = ضجیج = صخب •

## کورد نابریتەوە ! ...

**لە سالانی نەمردوی پیرەمێردی نەمر ، دوا بەدوای کارساتەکەی روژی رەشی شەشی ئەیلول وتویە**

وەفدی کوردستان ! میللەت فروشان !
هەرزە وەکیلی شاری خاموشان ! ...
چەپکی لەو گوڵەی باغەکەی سەرا ....
کە بە خویناوی « لاوان » ئاو درا . ...
بیبەنە بەردەم عەرشی عیراقی ! ...
بڵێن :ـ یارباقی ، هەم سوحبەت باقی ! ..
دەك خەجاڵەت بن لە رۆی مەحشەردا
ئێمە خاك و خوین ئەکەین بە سەردا ،
ئیوەش ئەو عەرشەی بە خوین گوڵرەنگە .
سوجدەی بو ئەبەن هیچ ناڵین : نەنگە ! ..
« کورد نابریتەوە خەیاڵی خاوە
بەراتی نەجات بە خوین نوسراوە »
من رەنگی سورم بۆیە خوش ئەوی ! ؟
موژدەی شەبەقی لێ دەر ئەکەوی

## « لە کومەلی خویندکارانی کوردەوە »
## بو هیوا

کومەلی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا پیروزبابیتان ئەکات لـە

(١٠٠)

یادی یەکەمی شـــورشی ئەمری چواردەی تەمووزو دامەزراندنی جمهوریەتی عیراقدا ، جمهوریەتی عەرەبو کورد بە سەرکردەیـی رولەی گەل عەبدولکەریم قاسم •بو پیشەوە بو پاراستنی جمهوریەتو بە هیزکردنی نەریتە دیموکراتیەکەیو بە هیزکردنی برایەتی عەرەبو کوردو داچەسپاندنی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانیو هینانەدی پەیرەوە نیشتمانیەکەیو خزمەتی سامانی نەتەوایەتی گەلی کورد •

**دلسوزتان**
**سەلاحەدین محەمەد سەعدولا**
**نووسەری گوڤاری « کوردوستان » و**
**هەلسورینەری کاروباری سەروکایەتی کومەلی**
**خویندکارانی کورد لە ئەوروپا**

**نوسراوخانەی هیوا**

شاعیری گەل ماموستا محەمەد سالح بەحرل علوم ، دیوانـــە تازەکەی بە دیاری بو ناردووین کە ناوی ( اقبــــاس الثورة ) یە ، ئەم دیوانە بەرهەمی سالیکە ، سالیکی ، ژیان بە ئازادی پاش ئە وەی شاعیری خەباتکەرو کولنەدەری گەل چەند ســـال لە گرتوخانەو بەندیخانەو دوورە شاریدا ژیانی تالی بردە سەر • بیگومان ئــــەم دیاریەی ماموستا سوپاسمەندی کردینو لەوەش زیاتر ئەوەی جیگەی سوپاسە کە ماموستای تی کوشەر لە شیعرەکانیدا کە بەرهەمی شورشە ئەوەی لە یاد نەکردوە کە شورشو جمهوریـــەت هی هـــەردوو گەلەکەی عیراقە : هی کوردو عەرەب کە هەرگیز بران • سوپاس بو شاعیری وەفاداری گەل ، لە گەل ئومیدی تەمەن دریژیدا بوی ، ئەو تەمەنەی کە هەمووی مولکی گەلە نەك مولکی شاعیری گەل خوی •

(١٠١)

## تێ بینی

لەم چەند ڕۆژانەدا بە بەردەم کتیبخانە خنجیلەکانی سلەیمانیدا ڕابوردم ، کتیبیکی ڕەنگاو ڕەنگم کەوتە بەر چاو بە خەتیکی گەورە لە سەری نوسرابو ( ئاموژگاری ) منیش بەم ووشە شـــیرینە دلم کرایەوە بەوەی کە کتیبیك لەسەری نوسرابی ( ئاموژگاری ) مانای ئەوەیە گەلی سوود و کەلکی لی وەر ئەگیریت ، بەم هویەوە دانەیەکم کری و دەستم کرد بە خویندنەوەی ئەو هونراوانەی کە لە لایەن دانەرەوە ( ئەحمەد شوکری ) نوسرابو ، بەراستی باسەکانی بو منالان سوودی زوری هەیە ، بەلام شاعیر چەند باسیکی بە شیوەی ( شیعر ) تیا نوسیوە وە کردویەتی بە چلی لە ئاموژگاریە کانی بەلام داخەکەم یان لە فارسیەوە ، یان لە عەرەبیەوە وەری گرتوە ، کەچی ناوی نە دانەر نە ئەو شوینەی لیوەی وەرگرتوە هیچیان باس نەکراوە بـو وینە باسە چیروکیەکەی لە ژیر ناوی ( خراپەی درو ) دا لە لاپەرە ( ٣ ) دا نوسراوە هی خوی نیە •• بەلکو لە یەك دوو جیگەدا دیومە ــ کە ئەلیم هی خوی نیە مەبەست لەوەیە کە « فیکرە » کەی هی خوی نیە ، بەلام ووشـــە ریزکردنەکانی هی خویەتی وە مەرجی شیعریش لە پال هونینەوەیا « فیکرە » یەکی راســـتە و خوی ئەو شاعیرەیە کە لە دەروونی خویەوە هەل قولاوە نەك وەرگیرابیت ئەگەر هاتو « فیکرە » کەی لە شوینیکی کەوە وەرگرت پیویستە مز و مافی خوی باتی ئەگەر وا نەبیت بە دزراو ئەژمیریت ــ وە ( خراپەی درو ) ش لە ژیر ناوی ( الکذب ) دا لە گوڤاری ( الجندی ) یا کە لە لایەن سوپای خوشەویستەوە دەر ئەچیت « ژمارە یەك مانگی تەموز لاپەرە (١٠٢)

٣١ و ٣٢ » دوای شورشی پیروز به پینوسی ( نجاة صالح ) نوسرابو ، وه له کتیبی ( درة الواعظين ) لاپەرە (٣٧٥) یشا نوسراوه به دوور و دریژی ، هەرچەند کاك ( نجاة ) باسی ئەوەی نەکردبو که له ( درة الواعظين ) ی وەرگرتوه ، بەلام ئەبوایە کاك ( ئەحمەد ) ناوی ئەو شوینەی بهینایە که لیی وەرگرتوه و کردویەتی به کوردی •

چەرمەگا ــ عومەر رەزا عەودالی

---

## اعـــــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ١٤٧٧٢ فی ١٩ ــ ٨ ــ ١٩٥٩

بناء على ماجاء برار مجلس ادارة اللواء ١٥٣٧ فی ٣٠ـ٨ـ١٩٥٩ نعلن بذا مجددا المناقصة السرية رقم ١٠/٩٥٩لانشاء مستوصف بيطری فی قرية ريدار ــ مركز ناحية شوان ــ ويمكن الحصول على مجموعة استمارات شروط المناقصة من مأمورية خزينة الادارة المحلية لقاء دفع ثمنها البالغ ــ/٢ نقدا •

تقدم العطاءات من قبل راغبی الاشتراك فی المناقصة بغلاف مختوم مؤشر عليه اسم التعهد المذكور الى المجلس المشار اليه فی تمام الساعة (١٠) زوالية من صباح يوم الاربعاء الموافق ١٦ ــ ٩ ــ ١٩٥٩ •

ترفق العطاءات بتأمينات اولية نقدية قدرها ــ/١١٥ دينارا التی يمكن دفعها الى مأمورية خزينة الادارة المحلية على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارات شروط المناقصة •

كل مناقصة لاتقدم فی الوقت المعين او تكون غير معززة بوصــل التأمينات أو شهادة الانتساب الى غرفة تجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة او شهادة التسجيل لدى سلطات ضريبة الدخل تهمـــل •

متصرف لواء كركوك

# بو دەستەنوسەرانی گووادی
## « هیوا »

٢٩ – ١ –١٩٥٩

برایانی خوشەویست ، بەبۆنەی یەکەمین سالی تیوەرسورانی شورشی پیروزی ١٤–ی تەموز و راگەیاندنی جمهوریەتی عراق – جمهوریتیعەرب وکورد پیروزبایی گەرم وگوری برایەتی وهاوقەلەمی خۆمان بەئیۆە ، بەنوسەرانی وبویژانی گۆواری « هیوا »و تەواوی هاونیشتمانی کورد پیش کەش ئەکەین • شورشی ١٤–ی تەموز کەلە سایەی ووریایی گەل ویەکیتی وبرایەتی دو نەتەوەی عەرەب وکورد ولە خۆ بوردن وخەباتی کورانی قارەمانی گەل بە سەرۆکایەتی کاک عبدالکریم قاسمی نەبەزدا سەرکەوتو بو وەژیانی عیراق واهەلیکی روناکی نویی ناواله کردەوە –حەلی بەرەوپیش چون بەریگای دیمکراسی ، گور کردنی کونەپەرستی ورابین کردنی ژیانیکی سەربەست وهیدی آوی •ئەو شورشە گەورەترین زەربەیەکی پشتشکین بو کە لەناوچەی روژهەلاتی نیزیك ونیوەراست ایستعماری گنخیوکرد • ئەو شورشە وهەروەها دەست–کەوتوەکانی هەتا ئیستای وی‌بو نەتەوەی کورد خاوەنی گرینگی یەکی تایبەتی یەو لەبەر ئەوە تەواوی نەتەوەی کورد پشتوانی لی‌دەکات ودەی پاریزیت بی‌شک سەرکەوتنی گەلەکەی عیراق دەو شورشەی بە پیحەوانەی ئیستعماردا رزگاری وسەربەخویی تەواوی نەتەوەی کوردی گەلیک نیزیک کردوتەوە •

نەتەوەی کورد لە کوردستانی داگیر کراوی ایران وتورکیە

وسوريه دا کەدە هەلیکی گەلیك عاستەم وچەوت ونالەبار وپر لـە تیروری فاشیستی‌دا بۆ وەدەست هینانی رزگاری نەتەوایەتی بـــەر بەرەکانی دەکات وەبونی جمهوری هیدی خوواز ورزگاری خووازی عیراق داپشتیوانی وهاوکاری خوی دەبینیت •

قایم کردن وبە هیز تر کردن وپاریز گاری کردن لـە جمهوری عیراق ـ جمهوری عەرەب وکورد وبرایەتی ویەکیتی کورد وعەرەب وەزیفەی کومەلایەتی ونیشتمانی هەر کوردیکی خاوەن شەرەف و بەدەمار ونیشتمان پەروەرە •

بی‌گومان گوواری « هیوا » وەك گوواریکی ئەدەبی وزانستی ونەتەوایەتی کوردی دەوکارە مەزن ونیشتمانی یەدا رولیکی گەورەی کایە کردووە ودەی‌کات •

بژی شورشی نەمری ١٤ـی تەموز !

بژی یەکیتی وبرایەتی دوگەلی کورد وعرب !

بژی جمهـــوری ســـەربە خوو هیـــدی خووازی عـیراق بەسەروکایەتی‌رولەی گەل کاك عبدالکریم قاسم !

بەسلاوی برایانە وئاوات خوازی سەرکەوتنی لەمە پترتان !

رەحیمی قازی

سولتانی وەنەمیشی

عبدوللای رەزم آوەر

عەلی گەلاویژ

محەمەدی مەولود

قادر مەحمود زادە

(١٠٥)

# چیروٚکی ژماره

## نەخوشی تاوانکار

له ئەدەبی فارسی‌یەوە وەرگیراوە

نوسەر : حبیب

وەرگیر : حسن قزلجی

رەنگە هیندی لە تورەو کەم چیکلدانەکانی ئەو شارە رەخنە بگرن و بینە هوی دەردی سەری ، تەنانەت لەوەش ئەترسم کە چەند کەسیکیان لە گەل ئەم چیروکەیان خویندەوە دەست لە ئیش و کاریان هەل بگرن ، مەینەتی سەفەریکی چەند روژی بەرخویان بخەن و لەو ریگە دورەوە بو کوشتنی من بینە تاران ، چونکە خەلکی ئەو شارە ئەوەندە ئازاو بەجەرگ و تورەن ٠ ئەم شارە یەکیکە لە شارە دورە تورك نشینەکان ٠ لە زوەوە ناوبانگی هەیە کە نوکی سمیلی پیاوەکانی خوینی لی ئەتکی و مور بونەوەی ژنانیشیان زاوری شیر ئەچوینی ! سەبارەت بەمە ناوی شـــارەکە بە نەگـــوتراوی ئەهیلمەوە ، وە ناچاریشم ناوی دوکتوریش نەبەم ، تەنیا «دوکتور» بەسە ٠ لیت رون بی توش ئەیناسیت ، لە ناوە ناسراوەکانە ٠ دو سی سال لەمەوپیش کە لە فەرەنگستانەوە هاتەوە ، تەمەنی نزیکەی سی سال بو ، روژنامەکان بەگەرم و گوری‌یەکی زورەوە نوسی‌یان کە چەند دیپلومی دوکتوری و پروفیسوری لە چەند رشتەی جیاجیای

(١٠٦)

پزیشکیدا وەر گرتوە • لە تارانیشا زور بوی هات • چونکە لە چینی خاوەن پارەو دەسەلات دار بو • بە چەند ســـەد هەزار تمەنیک دوکتور خانەیەکی ناوازەو ئەنتیکەو پر لە ئەسپابی پیکەوەنا ، هودەی چاوەروانی‌یەکەی زور زو بوە جیگای گلیر بونەوەی شـــوخ‌و شەنگ‌ترین ژنانی تاران ،وە خوشی جوان‌و ئیسک سوک بو •

پارەکە توزی لەم وەختانە زوتر ،لە لایەن وەزارەت‌خانەیەکەوە کە موچەیەکی زوری لی وەرئەگرت ،وە ئیشیکی بایەخداریشی بو نەئەکرد ، فەرمانیکی وەختی‌ی بەرزو پر لە قازانجی پی سپیرا ، دو ئوتوموبیلی فورتی نوی‌شی درایە دەست تا بە لیوا باکوری‌یـــەکانا بگەریت‌و ئەو فرمانە پیک بینی •

روژی چوارەمی سەفەرەکەی گەیشتە ئەو شارە ، ئەو شارەی کە لە ناو هینانی ئەترسم • وەختی ئوتوموبیلەکەی گەیشتە جـادە تازەکیشراوەکەی ئەو شارە ، لە خویەوە گوتی :

ـ شوینیکی چ ناسک‌و زەنویرە ! بە راستی ئەو شارە ناسک‌و زەنویرە ، دەوران دەوری فرسەق بە فرسەق زەوی‌و زاری پرپیت‌و ئاوایی گەورەو دەولەمەندو تا چاو هەتەر ئەکا شیناوەردو کشـــت‌و کالە •جگە لەمەش کەژو کیوی بەرز ، بنارو پی‌دەشتی جوان میرگ‌و میرغوزاری نازاو،چەوم روباری بەهاژە هاژ ،کانی‌و چاوگەو کاریزی پر لە ئاوی هەیە • وە لە هەمو بەخششانی تەبیعەت تا ئەوپەری حەیال بەشی وەرگرتوە • خەلکیکی رەنگ‌و روخوش‌و جوان‌و دل رفینیش بەرهەم دینی • ژن‌و کچی ئەوی ــ کە گیرودەی پەچەو عەبان ــ ئەگەرئەو چارشیوە رەشە فری دەن باسی جوانی‌یان لەهەمو ولات ،

به لکو له سەرانسەری دنیادا دەنگ ئەداتەوە • ئوتوموبیلچی یەکەی دوکتور که لەو ناوچەیەدا زور شارەزابو که تاریفی شارەکەی لی بیست به زمان لوسی گوتی :

ــ دوکتور بەگ ناسکو زەنویری‌یەکەی لەوی بوەســـتی ، کانگای ژنانو کچانی جوانو نازداره !

دوکتور بزەیەکی هاتی‌و وەلامی نەدایەوە ، بەلام تاوی گرتبو • له سەرەتای گەنجیدا کەم هەلکەوتبو چوار شەوو روژی بی ئافرت رای‌بواردبی • پەردەی لوتی ئفری • دەمی پربوبو له ئاو ، چاوی بەم بەرو ئەو بەری جادەکەدا ئەگیرا ، له ناکاو ئوتوموبیل پیچی کردەوە ، دوکتور وریا بوەوەو به تورەیی گوتی :

ــ بو کوی ئەچی ؟

ئوتوموبیلچی گوتی : بو خەسته خانه • خوت نەت فەرمو ؟

ــ ئاخ ! دەی ، زور باشه •

سەروکی خەستەخانه له هاوالانو هاو دەرزانی زوی بو • دوکتور ناچار بو بو دیدەنی برواته لای ، وە ئەشی‌زانی یەک دو روژ گلی ئەداتەوە •چوە کوشکی خەسته خانه ، پاش ساتیك دەس له ناو دەستی سەروکی خەسته خانه وە به پیکەنینو قسەکردن هاته دەری •

که گەیشتنه بەر ئوتوموبیلەکەی دوکتور کــوریکی ســـیسو سەروقژ ئالاو که مەینەتو شپرزەیی له چرو چاوی ئەباری ، بــه راکردن هاته پیشەوە ، که چاوی بەوان کەوت ویستاو به لالانەوەوە گوتی :

ـ گەورەم : جەنابی سەروك لوتفیك لە گەل ئەم چارە رەشە بفەرمو •

سەروك بە گرژی گوتی :

ـئیتر ئەتەوی چی بکەم ، لە بەر دریژ دادری تو لە رو چوم • ئەوەی بو ئەم نەخوشەم کرد بو باوکیشم نەکردوە • بە خوراییو بی پارە سەرنجم دا •

ـ خوا بتان هیلی جەنابی سەروك ، بەلام ئاخر •••

ـ هەودلو ئاخری هەر ئەوەیە کە گوتم : ئەبی نەشتەر کاری بکری ، زوریش بە گورجی ، ئەگینا ئەمری •

ـ ئاخر ئاغای سەروك ئەم برا چارە رەشـــەم پارەی نیە ، هەرچی بویو نەیبو لەم نەخوشی‌یەی بەخت کرد ، منیش لەو هەژار ترم ، هەر ئەمەندەیە شەرممان بەخومانەو شورەییشمان لی دی دەم لە خەلك خوار کەینەوە • لە گەل ئەمەشا دوای ئەو فەرمایشتەی کە فەرموت ، رویشتم گەلی هەولم دا ، روم لە چەند مەردو نامەرد نا ، بەلام هیچ کەلکی نەگرت •

ـ من ئیتر حەقم بەسەر ئەمانەوە نیە ، من ئەوەندەی بوم‌کرا کومەگم کرد ، خەرجی نەشتەر کارییو خەستە خانە بە لانی کەمەوە هەزارو پینج سەد تمەن ئەبی ، من هەشت‌سەد تمەنم شکاند ، بەلام حەوت‌سەد تمەنی ئەبی پیشەکی بدەن •

ـ ئاخر جەنابی سەروك ، بو خاتری خوا •••

سەروك ئیتر وەلامی نەدایەوە • بەمرو موچیکەوە روی لـــە کورە چارە رەشەکە وەرگیرا ، دەسی‌دوکتوری ـ کە تاقەتی چوبو ـ

گرتو گوتی : دوکتور گیان با بروین ••• ئوتوموبیلچی قاپی‌ی ئوتوموبیله‌که‌ی کردەوە ، سوار بونو ئوتوموبیل کەوتەری ، سەروک گوتی :

ــ خەلکیکی بی چاوو روی هەیە ئەم شارە ! بە خەیالی تو لەمە زیاتر کومەگ ئەکری ؟

دوکتور لە جیاتی وەلامی ئەم پرسیارە ، سەری بردە پەناگوی‌ی سەروکی خەستەخانەو گوتی :

ــ بیستومە ئەم شارەی ئیوە ژنو کچی زور جوانی هەیە •

سەروک قاقایەکی کیشاو چاویکی داگرتو گوتی :

ــنایاب ، هەر قسەی لی مەکە ، هەر وەختی یەکی لەو پەچـەو چارشیوانە لابدری ئینسان گیژو ویژ ئەبی • دوکتور نازانی ! بـە راستی روخساری وا لیرە هەیە چاو ئەخاتە تراویلکە !

هیچت دەست ئەکەویت ؟

ــ جاروبار • ئەویش زور کەم •••

ــ کەمیکی چون ؟ •••

ــ چی‌بی لە تو پەنهان بیت • من سەچوار سالە لیرەم ، تەنیا دو جار بوم ری کەوتوە • • •

ــ ئای ! چەند گران !

ــ بەلی ، ژنی ئیرە زور رەقن ، کچیان کە هەر هیچ • کچیکی بیست سالان ئەبینی ، کەلە گەت ، ریکو پیک ، زور قەدو بـالا شیرین ، چ ملو گەردنیک ، چ روو سنگیک ، چ بەژنو بالایەک • بەلام وەختی قسەی لە گەلا ئەکەی ، ئەلی‌ی هەرگیز ئینسانی نەدیوەو

تازه له کەژ هاتوەتە خوارەوە ، ئینسان وەختێ ئاوا ئەیان بینێ زور لە بەر چاوی ئەبیزرین ، بەڵام نازانێ پیاوەکانیان چەند چاوە دیریءی ژنو منالیان ئەکەن ، وە چەند ئازایی وتورەیی بەکار دینن ؟ بەڵام ئەگەر ژن توزێ قاچی خوار دانێ ، میردەکەی زگی وەک سفرە بەکالا ئەکات ، یان بە لانی کەمەوە لیدانیکی باشی لێ ئەدا ، یان هیچ نەبێ مانگیک لە ژوریکا زیندانی ئەکاتو قاپیءی لە سەر دائەخات •
وەی لەو رۆژە خەیانەتیکی لێ دەر کەوێ ، ئیتر کوشتنی ژن ، وەکو خویاز ئەلێن فاسق کردنی ، جیگای قسەنیە • جا بزانە من چەند زرنگ بوم کە توانیومە دوان لەم ژنانە بخەمە داو • •

ـ دوکتور گوتی : پیویستە چەند روژی لیرە بمینمەوەو بەختی خوم تاقی بکەمەوە •

ـ ئیشیکی گرانە ، بە تایبەتی بە سە چوار روژ •

ـ ئیتر بزانین چون ئەبێ • تو هەر ئەوەندەم بو بکە ریگەم ببێ سە چواریک لەم شوخو شەنگانە ببینم ، ئیتر لە سەر خوم • ئەو وەختە ئەزانێ کە تو خویریت، یان هیچ نەبێ من لە تو بە هەلپە ترم••

لە پاش تاویک گەیشتنە بەر قەیسەریءی تاریکە بازاری شارەکە• سەروکی خەستە خانە گوتی :

ـ کانگای شوخو شەنگان ئیرەیە • توزێ لیرە پیاسە بکەیت بە لانی کەمەوە سێ چل نازاری نمرە یەک ئەبینی •

ـ دەی جا با لیرە دابەزینو توزێ پیاسە بکەین •

ـ من ناتوانم ، لەم شارەدا وەک گای مارو وام بمبینن ئەسوریمەوەو سەرنجی ژنی خەلکی ئەدەم بروایان پیم نامینێ ،

شـــەســـتیشان بیدار ئەبیت ، یەکی لەو کەیفانەی من کردم قسەو باسیکی زوری لی پەیدابو ، میردی ژنەکە شتیکی هەست کردبو ، چاکی ئەمە بو ژنەکە منی خوش‌ویستبو ، هەر بەلایەکی بەسەریان هینابو ناوی منی نەدرکاندبو ، لە گەل ئەمەش دلیان پیس کردبـو هەستم ئەکرد پیاوان بە موزەوە تەماشایان ئەکردم ، لەو وەختەوە زور بە وردی بە ریگەدا ئەروم ، وە لەو بروایەدام کە ئیتر ناتوانم خوم بدوزینم ، دەستو قاچم هەلە بکەم !

ــ زور باشە • من دائەبەزم ، لەم شتانە ناترسم ، مەرجمان‌بی هەر ئەمرو تا نیوەرو یەکیکیان بخەمە داو •

ئوتوموبیل وەستا ، دوکتور قاچی داکیشا خوارەوەو دەســتی سەروکی خەستە خانەی گرت ، روژباشی لی بکات ، وە پیشی گوت :

ــ راستی ، ئەگەر شتیکم هەلسوراند ، بو کوی بچین ، خومالی ئیوە نابی ، سەروکی خەستەخانە بیریکی کردەوەو گوتی :

ــ بوچ ؟ قەی ناکات ، خوت ئەزانی خانمو منالەکان بو دیدەنی خزمان رویشتون بو تاران ، کەسمان لە مالەوە نیە کارەکەرەکـەر نەبی ، ئەویش لە گەل منا خومالیانەیە •

ــ یانی جی‌نشینی خانمە ؟

ــ ئیتر بلیین‌چی ! •• چی بکەین ؟

هەر جوریک بیت قەی ناکا ، بەلام ئەبی لە دەرگا بچکولەکەی لای کولانەوە بینەوە •

ــ من شارەزانیم •

ــ ئوتوموبیلچی‌یەکە دیت ، شارەزا ئەبیت •

دوکتور روی کردە ئوتوموبیلچی‌یەکەو پی‌ی گوت :

ـ کە ئیشی جەنابی سەروکت ئەنجامدا وەرەوە ئیرە ، لە بەر بازار توزی بەرە ژیرتر ، لە جیگەیەکی چولدا بوەستە تا دیمەوە •

دابەزی • تەماشایەکی دەورو بەری کردو بە پیاســـە کردن کەوتەری • خەلک دابەزینە کەیان لەو ئوتوموبیلە جوانو بریقە دارە بەلاوە سەیربو ، وە بە چاویکی عاجباتی لی‌ی مور ئەبونەوە • بالای دریژو جـلو بەرگـی ســـپورتو بوین‌باخو ملوانەی نایابو روی جوانکیلەو نازاوی‌ی ، سەرنجی خەلکی ئەکیشـــایە لای خوی • تەنانەت هیندی کەس کوتوپر ئەوەستانو بە واق ورماوی سەرنجیان ئەدا •

هـــەروا زو شـــــیوابو • تی‌گەیشـتبو کـە ناتوانی لە ناو ئەم خەلکەدا بگەری • ژنانی عابا بەسەر ئەهاتنو ئەرویشتن ، ئەوانیش کەمو زور رویەکیان ئەکرد بەلایەوە • چەند ژنیکی جوانو چەند کچیک کە رویان تەواو دانەپوشـــیبو کەوتنـە بەرچاوی‌و دلیـــان داچلەکاند • بەلام کە روی ئەکرد بەلای ژنیکەوە کومەلی لە پیاوانی هاتو چوکەر کە چاویان تی بری بو ، لی‌ی مور ئەبونەوەو بەقینەوە تی‌یان ئەروانی کە بزانن چاو لە چی ئەگیری ؟ بە لایەوە دور نەبو کوتوپر یەکی لەوانە شەقازلەیەک لە بناگوی‌ی بسرەوینی‌و سەری لە تەماشا کردنی ژنیک بە لایەکی ترا وەرگیری •

چوە بازارەوە • بازار شلوقو نەختی تاریک‌بو ، بەلام لیرەو لەوی روی روناکی ژنانو کچانی جوان وەک گولی سور لە چاوی‌ی ئەدا • وردە وردە هەرچەند هەنگاویکی هەل دە هیناو بـــە خوی

نه ئه بو ، له ژیر لچەوە ئەی گوت :

ـ راستی ، چەند جوانن ! بەه ، بەه ‥ چ شاریکی پر له نیعمەته !

بەلام نەی ئەتوانی بروا بکات ، که نزیک بونەوە له یەکی لەم ژنانەو قسه له گەل کردنی دەس ئەدا ٠

بازاری دوایی هیناو گەرایەوە ٠ به ناهومیدیو دل ساردی بـــه خوی گوت :

ـ وا نابی ! دەست هەل گرتنیش ناکری ! ئەم گشته شوخو شەنگه ببینمو بی‌بەش بروم ؟ ئەبی تەگبیریکی تر بکەم ٠ ٠

دو ژن به بەردەمیا رویشتن ، وە به چاوە گەورە رەشه هیجگار جوانه کانیان که له درزی عەباوە دیار بو ، نیگایەکیان کرد به لایەوەو بایاندایەوە بو کولان ٠ له ناودراستی کولانەکه ، که چاویان بـــەو کەوت له بەر دەرگایەکا وەستان ٠ دوکتور به خوی گوت :

ـ ئەوا ئەمانیش ئەچنەوە مالی خویان !

به دل سرنجیکی دانو رویشت ، پاش چەند هەنگاویك گوی‌ی له کرانەوەو داخستنی دەرگا بو ، ویستی بگەریتەوە بازار ٠ چاوی به ژنیك کەوت که به پەله له خوارەوە ئەهات ٠بەو تیژ رویشتنەشەوە لەختو لاریکی له بەر دلانی بو ، بی پەروا ئەهاتو کوی له کەس نەئەکرد ، ئەت گوت زور دەربایسی چارشیوەکەی نیه ٠ له دورەوە بەرزایی سینگی ریکوپیکو جوانی له ناو چارشیوەکەیا ئەبینرا ، روخسارو نیوەی پرچی به تەواوی دیار بو ، دوکتور وەستا ٠ ژنەکه نزیکتر بوەوە ٠ شوخو شەنگی‌ی ئەو دوکتوری وشکو مات کرد ٠ جوانی یەکی عەجایب بو ٠ دوکتور له هیچ جیگایەکی دنیا رویەکی وا

(١١٤)

جوانو بەژنو بالایەکیوا ریکو پیکو لەبەردلانی نەدیبو ، بـــە ناچاری سەری بو دانەواندو روژ باشی لی کرد ، لەو کاتەشا لـــە دەورو بەری خوی ورد بوەوە کەس لەو ناوە نەبو ، ژنە جوانە کە رویەکی کرد بەلایەوە ، تەماشایەکی کردو رویشت ، وەک روژباشی نەبیستبی وابو ٠ لە ناو پرشنگی بەتەوژمی روخساریا پەروشـــــیو پەژارە هەست ئەکرا ، هیچ گوی‌ی پی نەداو مەحەللی لی نەما ، دیاربو زور بە پەلە بو ٠دوکتور دلی لە دەستداو بی‌ئارام بەدوایا کەوتەری ٠ ژنەکە گەیشتە بازار وە لەو سەرەوە دەرچو کەوتە جادە ، پاش چەند هەنگاویک چوە مەغازەیەک ٠ دوکتور لە بەر مەغازەکە وەســـتا ، دوای پینج دەقیقە ژنەکە هاتە دەری‌و گەرایەوە ٠ دوکتور دە پازدە هەنگاو دور کەوتە شوینی ٠ کە گەیشتنە نیوەی کولان لە جیگایەکا کە لە دورو نزیک هاتو چوکەر دیار نەبو ، خوی گەیاندە ژنـــــە جوانەکەو بی‌وەستان بە دەنگیکی سافو شیوەیەکی شیرین گوتی :

ــ خانم من بو جوانی‌ی تو شیت بووم ، هەرگیز شـــــتی وام نەدیوە ! خەلکی ئیرە نیم غەریبم ، بەیانی ئەروم ، بەزەییت بە غەریبا بیتەوە ، دلم مەشکینە ، هەرچی بفەرموی ئەیدەم ، سەدتمەن ، دو سەدتمەن ٠ ٠ حەوت سەد تمەن ! ٠ خوی لەم سەخاوەتە واقی ور ما بو ، بە دەم قسە کردنەوە وەک کەسی خەو ببینی لە دلا لە خـوی پرســـــی :

ــبوچی کوتوپر ئەوەندە سەر کەوتم ،حەوت سەد تمەن بوچی؟
بە کورتی کەوتەوە یادی کە ئـەم وشەیەی لە خەستەخانە بیستوە ، سەروکی خەستەخانە حەوتسەد تمەنی لە کورە چارە رەشـــــەکە

(١١٥)

ئەیویست تا براکەی نەشتەر کاری بکاو لە دەست مەرگ رزگاری کا•

هەستی کرد کە ژنە جوانەکە لە رزیو لە ژیرەوە بە تیلایی چاو سەرنجیکی ئەویدا •

بی باکتر دو پاتەی کردەوە :

ـ بەلی حەوت سەد تمەن پیشکەش ئەکەم ، حەوت سەد تمەن پارەیەکی کەم نیە • جاریکی تریش یەکتری نابینینەوە ، چونکە لیرە ئەروم • ئەمرو یا ئەم شەو یا هەر وەختیکی تر کە دەرەفەتت ئەبی ، یەک دو سـاتی دلم خوش کە ، بە مەرگی تو ئارامم لی براوە • ژنەکە وەلامی نەداوەو تیژ تیپەری ، پاش دەقیقەیەک بە گورجی بو لای دەرگایەک پیچی کردەوە ، دەستی نا بە دەرگاکەوە دەرگا کرایەوەو رویشتە ژورەوە • دوکتور وەک پشیلەیەک چولەکەی لە دەم دەرپەری بیت ، بە واق ورماویو پەشیوی وەستا ، قاچی لە بەست چو بو • چاوی بریبوە قاپی یە داخراوە بچکولەو فەقیرانەکە • نەی ئەتوانی هەنگاو هەلبریو لەوی دور کەویتەوە •

شتیک لە دلیا قرتو فرتی ئەکرد کە لە دەرگاکە بدات• نزیک بونەوەی هاتو چو کەریک ناچاری کرد پی هەلگری ، چەند هەنگاوی دور کەوتەوە ، ئیتر نەیتوانی دورتر بروا ، گەرایەوە • ئەم رویشتنو گەرانەوەیە چەند جار لە بەر هاتو چوی خەلک چەند پاتە بوەوە • نزیکەی سەعاتیکی پی چو • دوکتور نەی ئەتوانی دل هەل کەنی • ئەیویست بو چاو پی کەوتنەوەی ژنە جوانەکە بیریک بکاتەوەو ریگایەک بدوزیتەوە • پیش تە گبیر کردن دەرگاکرایەوەو ژنە جوانەکە هاتە دەرەوە • هەر بەو چارشیوەو بەە جلو بە رگەوەو

بەو گوی پی نەدانو بی پەروایی یەوە بەلام کەمیک ماتترو خەفەتبارتر دیار بو • ئەمجار بە لایەکی ترا رویشت • دوکتور خیرا دوای کەوت ، کولان چول بو ، دوکتور هەنگاوی کرژ کردو پیی گەیشتو بی وچان گوتی :

ـ وەلامت کەرەم نەکرد ؟ ئەمزانی ئەگەریتەوە ، نەم ئەتوانی بروم ، شیتت کردوم •

ژنەکە روی کرد بە لایەوەو سەرنجیکی قولو خەفەتاوی ی داو بە دەنگیکی هیجگار نەرمو ناسکو شیرین کە دلی دوکتوری لە رزاند گوتی :

ـ گەورەم چیت ئەوی ؟

دوکتور گوتی : عەرزم کردی خەلکی ئەم شارەنیم ، غەریبم ، زور زو ئەروم ، شیتی تو بووم ، ناتوانم دلم هەلکەنم ، بە زەییت بیتەوە پیاما ، بو ئەم لطفو غەریب پەروەری یەش حەوت سەد تمەن پیشکەش ئەکەم ، وەکو عەرزم کردی •

وەلامی ژنە جوانەکە زور دور لە هیوا بو ، گوتی :

ـ درو ئەکەی ، نای دەیت !

دوکتور لە خوشی یا موچورکیک هات بە لەشیاو تینیک وەک گری ئاگر بە خوینیا گەراو داخی کرد • بە جوشو کولیکی زور و دەنگیکی لەرزوکەوە گوتی •

ـ چی ئەفەرموی ، ئەمە بو من قیمەتی نیە ، خانم من زور دەولەمەندم روژی وا هەیە دە پازدە هەزار تمەن فیرو بەخت ئەکەم یا لە قومارا ئەی دورینم ، وە ئەوەندەی نوکە دەرزی یەک لام قیمەتی

نیـه •

ژنه‌که به جوریکی سه‌یرو ناروشن که مانای لی نه‌ئه‌درایه‌وه گوتی :

ـ که‌واته درو ناکه‌یت ؟ بی گومان ئه‌یده‌یت ؟

ـ دلنیا به زور به شانازی‌یه‌وه ، ته‌نانه‌ت ئه‌گـــه‌ر بفه‌رمویت له‌وه‌ش زیاتر ، هه‌رچی ئه‌فه‌رمویت •

ژنه‌که ئیستیکی کرد • ئینجا ده‌نگی توزی گر بو • کورت‌و خیرا گوتی :

ـ جا بچینه کوی ؟

ـ هه‌ر کوی تو ئه‌فه‌رمویت •

ـ من جیگه‌ییک شاره‌زا نیم ، نازانم • • •

ـ ده‌ی سا فه‌رمو له خزمه‌تتا بم ، بو جیگه‌یه‌کی باش بروین •

ئیسته ورده ورده هه‌ستی کرد ژنه‌که به توندی ئه‌له‌رزی‌و له‌و حاله‌شا گه‌لی جوانترو دل رفینتر ئه‌نوینی •

ژنه‌که بی ده‌نگ بو • دوکتور دوای یه‌ك دو هه‌ناسه گوتی :

ـ ئیجازه‌ت فه‌رمو ؟ ده فه‌رمو با بروین • •

ژنه‌که به په‌له گوتی : ســـه‌عات یه‌کی پاش نیوه‌رو وه‌ره‌وه ئیره •• وه دوای ئیستیکی که‌م گوتی :

ـ مه‌رجمان ئه‌وه‌بی درو نه‌که‌ی فیلباز نه‌بی •

ئیتر له‌ری‌ی وه‌لام نه‌ویستاو خیرا گه‌رایه‌وه • کرژ که‌وتـه ری‌و دوای ده‌قیقه‌یه‌ك خوی کرده‌وه به مالا •

دوکتور سه‌ری سورما • له‌جوش‌و کول‌و خوشی‌یا ئه‌له‌رزی ،

وەکو کەسیک لە دەسکەوتی گەورە ترین بەختیاری یەک دلنیا بی ، لی‌داو رویشت ، ئەم بە سەر هاتەی بو سەروکی خەستە خانـــە گیراوەو • سەعات یەکی پاش نیوەرو گەرایەوە ژنە جوانەکەش هەر لەو کاتەدا گەیشـــتە جی ژوانەکە • دوکتور لە بەر کولو جوش ئارامی لی هەلگیرا بو ، ناو نیشانی ئوتوموبیلەکەی پیدا • ژنـە جوانەکە کەژو چالاک لە پیش دوکتورەوە رویشت ، وە لە نـاو ئوتوموبیلەکەدا دانیشت • دوکتوریش دوای تاویک سوار بو • وا دەرئەکەوت کەس ئاگای لی‌یان نـەبو ، پاش پینج شـــەش دەقیقە هەردوکیان لە دەرگا بچکولەکەی خانوی ســەروکەوە رویشـــتنە ژورەوە • هودەیەکی بچکولەو پاکو خاوین ئامادە کرابو •

چونە ژورەوە ، دوکتور ژنە جوانەکەی لە سەر قەرەویلـــە دانیشاند ، لە بەر پی‌یدا بە چوکا هات ، دەسی گرتبو ماچی ئەکرد ، لە پشت شوشەکانی هودەکەی تەنیشتەوە لە درزی پەردەوە سەروکی خەستە خانە تەماشای ئەکرد •

ژنەکە هەناسە برکەی پی‌کەوتبو ، رەنگی سور هەل گەرابو ، ئەت گوت وەختەبخنکی • بە تەواوی خوی دابو بە دەستەوە • هیچ دەستی نە ئەکردەوە • دوکتور لە تەنیشتیەوە دانیشتو دەستی کردە ملی • ئەوەندە هاتبوە جوش ئاگای لە حالی ژنە جوانەکە برابو • بە دەو بیست ماچی لە دەمی رفاند • ژنەکە لە ناو ماچەکانی ئـــەودا دەرفەتی هینا ، کەمی خوی کیشایە دواوەو بە دەنگیکی نوســـاوو لەرزوکەوە گوتی :

ـ ئەترسم دروت لە گەل کردبیتم • دوکتور گوتی : ئای ! لە

(١١٩)

بیرم چو ، دلنیا بە نازدارەکەم ، ئیستا پیشکەشی ئەکەم دەستی کرد بە گرفانیا ، هیندی ئەسکەناسی درشتی دەر هینا ، بە پەلەو بی ورد بونەوە بژاردی • بریکی کە بی گومان کە لە حەوت سەد تمەن زیاتر بو لی بژارد جزدانی ژنە پەشوکاوەکەی ـ کە لە بەر قەرەویلەکە دابو ـ کردەوەو پارەکەی تی‌ئاخنی‌و وەکو برسی‌یەکی هەلمەتـــی خواردەمەنی یەکی خوش بدات ، ژنە جوانەکەی گرتەوە باوەش •

لـــەم کاتـــەدا دەنگیک وەک دەنگی هاواریکی دور هاتـــە گویچکەی ، بەلام گوی‌ی پی نەدا ، قسەی دلداری‌یانەی ئەکرد ، سویندی ئەخوارد کە هەرگیز ئافرەتیکی وا جوان‌و هیمن‌و دل رفینی نەدیوە • بی ئەوەی توشی بەرهەلستیک ببی ئیشی لە بەر ئەچو ، وە سەرەتای گەیشتنە ئامانجی دەست پی کردبو • لە خوشـــی‌یـــا ترینگەی لیوە ئەهات •

لەم کاتەدا ژنەکە پر بە دەم قیژاندی‌و خوی لە دەســـــتی راپسکاند ، وە لە هودە کەی تەنیشتەوە دەنگی کەوتنی شتیکی قورس بە دەرگایەکی شوشەداردا بیسترا • دوکتور کە لەو کاتەدا لە پـــر جوش‌ترین حالی ژیانیا بو لە جیگەی خوی راپەری • ژنەکەلی‌ی دور کەوتەوەو چاوی بریبوە قاپی یەکە • دوکتوریش تەماشای کرد سەرتاپای لە رزی • قاپی کرابوەوە شتیک بە لاشیانی دەرگاکەوە وەستابو ، شتیکی بالا بلند ، زیاتر لە مردو ئەچو نەک لە زیندو • ئیسک‌و پیستیک ، داهولە ئیســـــقانیک چاو بە قولا چو ، رەش تالەیەکی زەرد هەلگەراو ، دەست‌و باسکیکی دریژو رەق‌و تەق ، قاچیکی وشک‌و لەرزوک ، لەش پوشی تەنیا کراسیکی ســـپی‌ی

دریژی ئاودامێن وەک کفن بو بە یەخەیەکی داچەقاوەوە •

دوکتور بە پەلە خوی کو کردەوە ، غیرەتی نا بەر خوی‌و بە تورەیی یەکی تیکەل بە ترس‌و لەرزەوە گوتی :

ـ کی‌ی ؟ چیت ئەوی ؟

داهولە ئیسـقان وەلامی نەداوە • بە موردەوە ئەی‌روانی • ئەلەرزی‌و دەنگی دانە کیرکەی ئەهات •

ژنەکە هەسـتابو ، رەنگی پەریبو ، دەسـتیکی بە لاوانەی قەرەویلەکەوە گرتبو تا نەکەویت • بە دەنگیکی نوساوو هەناسـە برکەوە گوتی :

ئەمە میردی منە ، با بە تو بلیم ، پی لە راستی بینم ، نازانم چ باسە !•• باوەرم نە ئەکرد توانای ببی لە جی‌ی خوی بجولی ، لام وابو ئەمری ، ئەیان گوت بەم زوانە ئەمری ، میردمە ، خوشم ئەوی ، ئەی پەرستم ، لەو زیاتر کەسم نیە ، نەم ئەویست بمری ، هیچمان نەبو ، نە ئەوبوی‌و نەئەمن ، گوتبویان ئەبی حەوت سـەد تمەن بدەین ، سەروکی خەستە خانە گوتبوی ئەگەر نەشتەر کاری بکری ئەژی ، بەختیار ئەبین •• بە کورتی ، حەوت سـەد تمەن بریاری مەرگی بو ، ئەبو دانیشین‌و گیان کەنشتی تەماشا کەین ، بەلام ئەمرو دیسان ناوی حەوت سەد تمەنم هاتە گوی ، تو گوتت گەورەم ••• تو ناناسم ، گوتت لە لاوە هاتوی‌و ئەش روی ، میردەکەم ئەمرد ، بو رزگار کردنی هیچم نەبو ، تو لە منت گەیاند کە تەنیا شتیکم هەیە ئەتوانم بیفروشم !•• ناوی حەوت سەد تمەن ئەمەی لە من گەیاند ، ئینجا ئەکرا بریاری مەرگەکەی ببیتە بریاری ژیانەوەشی،بە کومەگی‌ی

(١٢١)

من !• ئاخ ! بریارم دا ، له پال جیگەو بانی میردەکەم ، که وەختی بیرم کردەوە خەریکە ئەمری •••

جیرەی دەرگای هودەکەی تەنیشتەوە ، قسەکەی پی بری • • ، سەروکی خەستە خانە هاتە ژورەوە گوتی :

ــ ئەمانە هەموی لە ئەستوی من ، بی دەنگ بە ، من ئەو پیاوە نەشتەر کاری ئەکەم ، نەجاتی ئەدەم ، پارەشم ناوی ، حەوت سەد تمەنیش وا لە جزدانەکەتا ، ئەویش بو خوتان ئەمینیتەوە •

پیاوە ئیسقانینەکە ، مردوە جمەو جول کەرەکە ، دو هەنگاو هاتە پیشەوە ، وەك تارمایی مەرگ وابو ، بەلام ساتوری بە دەستەوە نەبو ، رەنگ بو پیشی بیت ، دەستی لە پشت سەریەوە گرتبو ، بەلکو لە ناو کفنەکەیا بو ، دەمە لە گو کەوتوەکەی کردەوەو بە دەنگیکی وشکەو گرو بە سامەوە ، لە کاتیکا چاوی بریبوە سەروکی خەستە خانە ، گوتی :

ــ ئاخ ! تو ! سەروکی خەستە خانە ! تو کە حەوت سەد تمەنت ئەویستەو ئەگینا ئەبو من بمردمایە !•• ئیستا لیرە ! لە مالی تودا ! ژنی من ، بە نرخی حەوت سەد تمەن !•• وە ئەم پارەیەش لە جزدانەکەی دایە ! وە ئەویش لیرە لە باخەلی ئەم پیاوەدا !•• ئیستە بـــە خورایی من تیمار ئەکەی ؟! وە حەوت سەد تمەنەش بو خومان ! •• وە ژنەکەم لای وابو ناتوانم لە جیو بانەکەم بیمە دەری ، ئیـــوە ئەوتان هینایە ئیرە ! لە گەل تومە هەی پیاو ، هەی نا پیاو ، هەی دز ، هەمو دزیك لای وایە ئەتوانی را کات • بەلام خوا شوین پیی نیشان ئەداو دل ئەبینیو ئەیدوزیتەوە •• توش ژنەکە ئەتزانی قولو قاچی

من مردوە ، بەلام نەت ئەزانی دلم زنیدوەو هیشتا بو تو دا ئەخورپی ، وە هیشتا بو تو ئەلەرزی‌و ئەتوانی لە دەر کەوتنی تو لە بی وەختیکی ئاوەهادا ، سەعات یەکی پاش نیوەرو شتیکی نالە بارو نامەکروف هەست بکات ، وە غیرەتە مەرگ بردوەکەم هەل گرینی ، وە قاچە مردوەکانم بخاتە گەر وە شارەزاییم بکا بو ئیرە • یەکی دیتبوی ژنیک لەئوتوموبیلیکا کە لەم شارەدا هی‌وا نیە هاتوە بو ئەم لایە•عارەبانەیەک منی گەیاندە ئیرە • ئوتوموبیلەکەم لە ســـەر کولان چاو پی‌کەوت ناسیمەوە • ژنیکی کارەکەر کە دەرگاکەی لی کردمەوە ، لە ترسانا لە هوش چوو کە وتە زەوی • ئیستا ئیوەش ئەبی بترسن لە من • نامەوی بژیم بەم تیمارە خورایی‌یەو بـــەم پارەیەی لـــە جزدانـــی ژنەکەمایە •

لە ناکاو دەستە وشک‌و رەق‌و تەقەکەی کە دیار نەبو هاتـە پیشەوەو تەقەی چەند گوللەی لە سەریەک هودەکەی لەراندەوە •

☆☆☆

ئەمەیە دریژەی ئەو دەنگ‌و باسە کورتەی کە ئەو وەختە لە روژنامەکاندا خویندتەوە ، لە ژیر ناوی : « نەخوشی تاوانکار » دا ، نەخوشیکی لە گیان کەنشتدا کە بە قسەی ئەو روژنامانە « لە سەر هیچ‌و خورایی ، بەلکو بە هوی شیت بونیکی کوتوپری‌یەوە سەروکی خەستە خانە ی شارەکەی خویان‌و دوکتوریکی بە ناو بانگی تارانی کوشتوە » •

# به درووی خۆش باوڕ مەکە

احمد خواجه

لە تاران لە کوگایەکدا مجری « قاصە »ی جوانم چاو پی کەوت چوومە ژوورەوە ٠

خاوەن کوگا : بـــــە دەمیکی زلو دانە شاشو واشو چـــاوە زەقو رەنگە زەردەکەیەوە هات بە پیرمەوە ٠

بە فارسی :ـ ئاغا ، خوش‌هاتی فەرموو ٠

زور لە سەر خو وتم : ئەم مجری‌یە پچوکە بە چەند ؟ هــەر لە گەل وتم بە چەند ، وە کو ماکینە بە قسە رای گرتم ٠

وتی ،ئەمە پچووك نیە ٠کاری انیگلیزستانە ، آگر کاری لی ناکات لە لوندەرە کەلەشیریکیان خستوتەناوی و٢٤سعات لە ناو گری آگرا داندراوە ، کە دەریان هینا کەلەشیرەکە هیچی لی نەهاتبوو ٠

لە پرر کورەکەی لەولاوە هەلی دایە : وتی جاریکی تریش دوو مریشکیان تی خستبوو وەسەشەو و سە روژ لە ناو گری آگرا دایان‌نا، لە پاشا کردیانەوە مریشکەکان لە ناو سەهولدا بەستبووی بـــەلام مردبوون وببوورە باوکم آگای لی نەبوو ٠

***

روژیکی بەهار چووین بورەواندز ، گەیشتینە گەلی ، بـــە ؛ لی‌خورەکەمان وت لــە بەر تافگەکـــەدا دائەبەزین ونان‌ئەخوین٠لە کاتی نان خواردنا دەنگی هورنیکی زور تیژ هات لە پاش توزیـــك چیاکان دەنگیان دایەوە ، وتمان ئەم دەنگ دانەوەیە لــە چیاکانـــدا

(١٢٤)

شتێکی‌سەیرە لەپڕ لە ناو دانیشـــتوەکانی ئەولامانەوە کابرایەکـی ریش‌سووری خڕپنە لیمان راپەڕی ولیمان هاتە سەر چوك •

بە فارسی : بەدەم نیرگەلە کیشانەوە وتی من مشهدیم ! بـە عباس لە تاران خانویەکم هەیە • هەموو شـەویك لە پیش نووســـتندا لە بەرخومەوە ئەلیم ، ( مشهدی هەستە بو نویژ ) لە پاش هەشـــــت سەعات‌ژوورەکەم دەنگ ئەداتەوە وە وریائەبمەوە بونویژ •

***

ری کەوت چووم بو لبنان لە ناو فروکەکەدا بووم بە هاوریی مشهدی لەپاش خوشی‌وبیشی •

وتم ، ها مشهدی اوغربی ؟

لە ژیر لیوەوە ! بو لبنان !

بوچی ؟

بە ( فارسی ) فرمانم هەیە •

زورزوم پی خوش‌بوو•بە یەکەوە چوینە اوتیل مادیرا لە حمدوون، پرسی ئەم کاروان‌سەرایە روژی بەچەندە؟

بە [ ••• ]لیرەیە •

وتی ایرە بوتو باشە من خانەخویم هەیە ، خاڵەکەی لوول‌دا وەرویشت •

لە پاش چەند روژیك چووم بوبیروت ، بی‌نیم مشهدی لە بەر دووکانیك لەسەر سەکویەك نووستوە وەبستیك دەمی داچەقانوە میش‌و مەگەز بە سەر لیووزمانیا راوو شکار ئەکەن •

بەزەییم پی‌یاهات ، خالە مشـــــهدی ؟ خالـەمشـــــهدی ! دەستیم گووشی ، راپەرری !

به موورویکه‌وه وه به په‌شوکاوی وتی چیه‌چیه ؟
وتم هه‌سته له‌م گه‌رمایه چی‌ئه‌که‌یت ؟
توزی تووره‌بوو ، وتی نووستنه‌که‌م باشتربوو !
وتم ، مشهدی ! گه‌رماته بابچین بو سه‌ر که‌ناری ده‌ریای‌سپی
ورده‌ورده رویشتن ، مشهدی مه‌له‌ئه‌زانی ؟
های .... های ، له گولی‌ورمیدا زور جار ئه‌م‌به‌رو وئه‌و به‌رم کردوه !
به‌راست ئه‌وگوله گه‌وره‌یه ؟
به دریژی بیست ودوو مناره ونیوه‌قوله !
کی پیوای ؟
سه‌ریکی‌بادا وتووره‌بوو .کی پیوای؟ ئه‌وانه‌پیوایان کـــــه دانیشتوانی جیهانیان ژماردو وتیان نیومیلیونه ! ئه‌لیت کی پیوای ؟
گه‌یشتینه که‌نار ده‌ریای‌سپی ، چووه ژووریکه‌وه ،خه‌ریکی خو رووت کردنه‌وه بووم ، له درزی ده‌رگاکـه‌وه بینیم مشـــــهدی ئه‌سووریته‌وه !
ها . . . مه‌شهدی چاوه‌ری‌ی چی ئه‌که‌یت ؟
من مه‌له ناکه‌م !
بوچی ؟
ده‌ریاکه پچوکه !

***

له گه‌ل آغای مه‌شهدی چوینه جی‌ی وینه ــ (تمثیل) یه‌کیک له وینه‌ره کان لاسای به‌رگ‌و ره‌وشتی عه‌ره‌ب ، عه‌جـــــه‌م ، کـورد وقه‌ومه‌کانی ــ ئه‌کردووه وجارجاریکیش وه‌کو مـه‌لیـــك ویادرنده

(١٢٦)

وەلاتیك بە دەنگیشی لاسای ئەکردەوە • لە پاش تەواوبوون لــــە ریگە لیم‌پرسی ، ها ! مشهدی چوون‌بوو بە دلت‌بوو ؟

پەلاماری‌دام •

آغا ! تو چی ئەفەرموویت ، لە شاری تاران میرزا کەچ ئــەلی خان‌هەیە •

بەعباس ، لە نیوەی شەدا وەکوو کەلەشیر ئەقووقینی دەس‌بەجی روژ ئەبیتەوە !

توچیت دیبووە !

***

مەشهدی هاتە ماڵەوە بو بی‌نینم • هەندیــــك لە وینەی نایابم هەلواسیبوو یەکە یەکە سەرنجی دانی !

ئەمانەچین ؟

وتم وینەن !

بەلی وینەن ، بەلام ئەمەوی تی‌یان‌بگەم وینەی‌چی وکوی‌ن ؟

وتم ئەم‌یەکەیان هی‌سویسرەیە !

کام سویسرە ؟

لە روژآوایە ، سەریکی بولەقاند !

ئەی ئەمەیان چی‌یە ؟

وتم ئەمەیشیان شوانیکە رانەکەی ئەلەوەری‌نی ! وادیاربوو بە دلی نەبوو •آغام ، ئەم نەقاشە وەستا نەبوە • لە تاران نەقاشی وا هەیە سەر لی‌ی سر ئەمینی •

نەقاشیك لە تاران وینەی کاســـەیەکی پر لە بەفری بو کردبووم لە هاوینا لە هەرچی ژووریکا دامان بنایە ئەبوایە کوورەی آگری تیدا بسووتینین •

# هیواو خویندەوارانی

**ماموستا محەمەد نوری توفیق ـ چەمچەماڵ:**

نوسینیکی بە نرخی بو ناردووین بە ناوو نیشانی « چواردەی تەمووز لە شورشە هەرە مەزنەکانی جیهان ئەژمیرریت » •

بێ گومان « هیوا » گەلیك شانازی بە ماموستا « محەمەد نوری توفیق » و بە نووسینەکانیەوە ئەکات • وە ماموستا بە یەکیك لـــە نووسەرەجیگیرەکان ، یا بە یەکیك لە دەستەی نووسەرانی « هیوا » ئەژمیریت ، بەلام ماموستا ریگەمان بدات کە لە ریگەی ئەوەوە بـــە هەموو خویندەوارانی رابگەیەنین « هیوا » شیوەیەکی خویندەواریو ئەدەبی هەیە ، وە نووسینی « سیاسەتی پەتی » بلاوناکاتەوە ، ئەوە نەبی کـــە شـــــــــیوەیەکی توماری « وثائقی » هەبیت • وەك باسی کارەساتەکەی ئەم دواییەی کەرکووك • ئیتر هیوا زور سوپاســـــی ماموستا ئەکاتو هیوای وایە کە نووسینە بە نرخەکانیمان لێ نەبرریت •

**خوشکە فەزیلە عەبدولا محەمەد سدیق لە سلیمانیەوە**

دوو پارچە شـــــیعری بو ناردووین یەکەمیان یە ناوی « جوانی کوردوستان » ە ، وە لەویدا ئەڵیت :

تەماشــــاکە خاکــی کوردوســـــتانی جــوان
پــرر لــە گــولالــەو گــولو ئــەرخــەوان
بنــوارە چیــــــای بــــەرزی بــــەفرینــی
جوانتریــن دیمــەن لــــەســـــــەر زەمینــی
شــــــــەی شـــــەمالی لــەگەل بونــی گــول

چـەند خوشـــــە لەگەل ئاوازی بـولبـول

وە پاش ئەوەی وەسفیکی جوانیو خوشـــی کوردوســـــتانی خوشەویست ئەکات ئەوسا هەستی خوی دەرئەبرری بەرامبەر بەم نیشتمانەو ئامادەیی نیشانئەدات بو خویەختکردن لە پینا ویدا •

وە پارچەی دووەمی خوشکە فەزیلە بە ناوونیشانی «پەیمانیك»ەوە نیرراوە لەویدا ئەلیت •

سـویندم بــە چواردەی گەلاویژی ســوور
بە خامەو داسو چـەکوشـی ئـەســـتوور
تا گـری شـــورش لـە خوینما بگـەرری
وەك مـوم بســـووتیم بـو دواروژی دوور

ئەوسا دیتە سەرباسی شورشەکەی چواردەی تەمووزو ئەو کاتە ناخوشە ئەهینیتەوە یاد ـ گوی‌ی دوژمن کەرر بیت !! ـ کە تیـلاو بەندیخانەو کونەپەرستو دەرەبەگ حوکمی وولاتیان ئەکرد لـــە پاشدا دیتە سەرباسی شورشەکەی گەلو سوپاو پەیمان ئەدات کە گیان بەختبکات لە پیناوی پاراستنی جمهوریەتە دیموکراتیەکەماندا •

« هیوا » زور سوپاسی هەستی نیشتمانی خوشکە فەزیلە ئەکاتو هیوامان وایە لە رووی شیعرەوە زوری پی‌نەچی ببیتە یەکیك لـەو کچە شاعیرانەمان کە ناویان ئەبریت • وە تکایە خوشـــکی ناوبراو ئاموژگاریەکمان لی‌وەرگریت ئەویش ئەوەیە کە زورتر شیعر بـــە کوردیو عەرەبی بخوینیتەوە ، بە تایبەتی هی شاعیرە کونەکانی کورد• وە نەختی فیری « عەروز » یش ببیت بو ئەوەی شیرازەی شیعرەکانی لە رووی وەزنو قافیەوە بە تین‌تر بیت • وە بی‌گومان ئیمە ئەو پەرری

سوپاس و هەستی بەرزمان بەرامبەر بەم خوشکە بەریزە دەرئەبرین •

**کاك عەلی حەویز ـ قوتابی دارل موعەلیمین لە کویە:**

سوپاسی ئەو گیانە بەرزەت ئەکەین کە لە نامەکەتدا دەرئەکەویت • بی گومان هەموو لاویکی بە گیان و بیروباوەرری پیش کەوتوو پەروەردەکراو ئەبیت ئەو گیانەی تیدابیت ، بە تایبەتی ئەوانەی لە چینی سەرکردە ، لە چینی زەحمەتکیشەوە هە لئەقوولین •

برا گیان : هیچ پی‌ویست ناکات خوت ماندوو بکەیت ، ئەوەی پەیدای ئەکەی بە ئیش‌کردن بو خوت و هیواشت لی نابرین و « **خوا** کەریمە !! » •

**کاك دارا کاکە حەمە : سلیمانی**

گەر باوەررم پی‌ئەکەیت و زەینم بە غەلەتا نەچوە ئەو چیروکەم خویندوتەوە کەلە تەنگ و چەلەمەی کومەلایەتی ئەمریکا ئەدویت ، وە ناوونیشانی « میسری ئەفەنی و کەرەکەی » یەتی • تکایە لەمەودوا کە شتت کرد بە کوردی ـ بە تایبەتی چیروك ـ چاویك بە گوفارە کوردیەکانی پیشوودا بخشینە تا رەنجەکەت بە زایە نەچیت • زورمان پی‌خوشە نووسینی ترت ببینین •

**کاکی قوتابی : ئەحمەد عینایەت ـ سلیمانی**

پارچەیەك شیعری بو ناردووین دەربارەی « یادی تیپەرر بوونی سالی بە سەر شورشدا » •

گیانەکەم زورمان لا خوش بوو شیعرەکانت سەراسەر بلاو

بکەنیەوە ، بەلام ئـــەبی بزانیت وەك چەنـد جاریك لە « هیوا »دا نووسیومانە زور لە هەراو ئاژاوەی « مام خەلیل »ی خاوەنی « عەروز » ئەترسین •لەبەر ئەوە تکایە ئەو ئاموزگاریە بهینیتە جی کە بو «خوشکە فەزیلە»مان نووسیوە لەم ژمارەیەداو گەر گرانیش نیە ، لە خزمەت جەنابی یاوکتـدا چەند دەرسـیکی بچووکی « عەروز » بخوینە ، تەنیا بو ئەوەی تیبگەیت عەروز چییـە ، نـەك خوت بهاویتـــە گیژی « خەبن‌وزوحافات »ەوە •

«هیوا»ش لیرە دانیشتوە چاوەریی شیعر یا نووسینی تری ئیوەیە تا بوتان بلاوبکاتەوە • ئیتر هەربژیت‌و دوا روژت روون بیت •

---

# اعـــــلان

ان وزارة الصناعة بحاجة الى خدمات عدد من الفنيين العراقيين لعمل فى المشـاريع الصناعيـــةالحكومية • فعلى الراغبين من ذوى الشهادات العالية وفى الفـــروع المذكورة ادناه تقديم طلباتهم الى الهيئة الثالثة فى هذه الوزارة علىان تكون طلباتهم مشفوعة بالوثائق والشهادات اللازمة •

١ ـ الهندسة الكيماوية
٢ ـ الهندسة الميكانيكية
٣ ـ الهندسة الكهربائية
٤ ـ هندسة المناجم
٥ ـ الجيولوجيـا

و • وزير الصناعة

(١٣١)

# بو هەمو خویندەورانی هیوا

دەستەی بەریوەبەری هیوا بریاری دا کە لە ژمارە (۱)ی سالی سەهەمەوە هیوا لە هەر بەشداریک ببری کە قەرزاری ئابونەی سالانی رابوردو بی ، چونکە هیوا بە بی ئەوەی ئابونەکانی دەسی یارمەتی‌ی بو دریژ بکەن ناتوانی بە خورایی ژمارە بو ئەوان بنیری • جگە لەوە کە زوریشیان ناوو نیشانیان چەند جار ئەگوری‌و هیوا ئاگادار ناکەن کە ئەبی بە هوی فەوتانی ژمارە لە پوستە خانەدا •

لە بەر ئەوە هەرکەس ئەیەوی هیوای لی نەبرین هەر لە ئیستاوە قەرزی کون‌و ئابونەی سالی تازەی بینری ئەگینا گلەیی لە سەر خویەتی کە ژمارەی بو نەیەت •

بەریوەبەرانی هیوا

---

# اعــــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ۲۲۰۳۹ والمؤرخ فی ۲۳ – ۸ – ۱۹۵۹ •

بالنظر لاحتمال حصول زيادة على البدل المسام البالغ ـ/٦٠ دينارا لايجار محل المرطبات فی مديرية الخدمات الريفية العامة لمدة سنـــة واحدة اعتبارا من تاريخ سحب الاحالة فقد تقرر تمديد مدة المزايدة خمسة أيام أخرى اعتبارا من تاريخه اعلاه فعلى الراغبين فی الايجار مراجعة مجلس ادارة اللواء أو مأمورية املاك اللواء للاطلاع عـلى الشروط مستصحبين التأمينات القانونية •

متصرف لواء بغداد

# اعـــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ١٤٧٦٩ فى ١٩ - ٨ - ١٩٥٩

بناء على ما جاء بقرار مجلس ادارة اللواء المرقم ١٥٦٦ فـــى ٣٠ - ٨ - ١٩٥٩ نعلن بهـذا مجددا المناقصة الســرية رقم ٢/٩٥٩ لانشاء مستوصف صحى فى قرية - مركز قضاء جمجمال ويمكـــن الحصول على مجموعة استمارات شروط المناقصة من مأمورية خزينـة الادارة المحلية لقاء دفع ثمن المجموعة الواحدة البالغ -/٣ دنانير غير قابل للرد •

تقدم العطاءات من قبل راغبى الاشتراك فى المناقصة بغلاف مختوم مؤشر عليه اسم التعهد المذكور الى المجلس المشار اليه فى تمام الساعة (١٠) زوالية من صباح يوم الاربعاء الموافق ١٦ - ٩ - ١٩٥٩ •

ترفق العطاءات بتأمينات اولية نقدية قدرها - ٦٠ - دينارا التى يمكن دفعهـا الى مأمورية خزينة الادارة المحلية على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارات شروط المناقصة •

كل مناقصة لاتقدم فى الوقت المعين او تكون غير معززة بوصـل التأمينات أو شهادة الانتساب الى غرفة تجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة او شهادة التسجيل لدى سلطات ضريبة الدخل تهمـــل •

متصرف لواء كركوك

(١٣٣)

# اعــــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ١٤٧٧٠ فى ١٩ - ٨ - ١٩٥٩ ٠

بناء على ما جاء بقرار مجلس ادارة اللواء المرقم ١٥٣٦ فــى ٣٠ - ٨ - ١٩٥٩ نعلن بهـذا مجددا المناقصة الســرية رقم ٤/٩٥٩ لانشاء مستوصف صحي في قرية كربجنة التابعة لناحية شنكلو قضاء جمجمال ويمكن الحصول على مجموعة استمارات شروط المناقصة من مأمورية خزينة الادارة المحلية لقاء دفع ثمن المجموعة الواحدة البالغ -/٣ دنانير غير قابل للرد ٠

تقدم العطاءات من قبل راغبى الاشتراك فى المناقصة بغلاف مختوم مؤشر عليه اسم التعهد المذكور الى المجلس المشار اليه فى تمام الساعة (١٠) زوالية من صباح يوم الاربعاء الموافق ١٦ - ٩ - ١٩٥٩ ٠

ترفق العطاءات بتأمينات اولية نقدية قدرها - ٦٠ - دينارا التى يمكن دفعهـا الى مأمورية خزينة الادارة المحلية على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارات شروط المناقصة ٠

كل مناقصة لاتقدم فى الوقت المعين او تكون غير معززة بوصــل التأمينات أو شهادة الانتساب الى غرفة تجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة او شهادة التسجيل لدى سلطات ضريبة الدخل تهمــل ٠

متصرف لواء كركوك

(١٣٤)

# اعـــــلان رقــم ١٩٥

وضع فى المزايدة العلنية بيع انقاض الاملاك المدرجة تفاصيلهـا ادناه فعلى الراغبين فى الشــــراء الحضور فى المحلات المذكورة فى الساعة التاسعة من صباح يـــــوم الثلاثاء الموافق ١٥ – ٩ – ١٩٥٩ مستصحبين التأمينات النظامية •

الزعيم عبد المجيد حسن
أمين العاصمة

| رقم الملك | التسلسل | المحلــة |
|---|---|---|
| ٢٣ج ٢١٠ | ٨٥٠ | سراج الدين |
| ٢٣ز ٢١٠ | ٨٤١/٣ | سراج الدين |
| ٤٧ ٢١٠ | ٨١٤ | سراج الدين |
| ٢٣ ٢٠٧ | ٧٨١ | سراج الدين |
| ١٩ز/٢١٠ | ٨٤٧/٥ | سراج الدين |
| ١٩أ/٢١٠ | ٨٤٧/٨ | سراج الدين |
| ٤أو٤ز/٢١٠ | ٨٣٢/٢ | سراج الدين |
| ٢و٢آ/٢١٠ | ٨٣٠ | سراج الدين |
| ٣٢/٢٠٩ | ٩٣٨/١ | سراج الدين |
| ٣٠و٣٠دو٣٠هـ | ٨٤٨ | سراج الدين |
| ٢٠٧ | | |
| ٨/٢٠٩ | ١٥٨ | رأس الساقيــة |
| ٦/٢٠٩ | ١٥٦ | رأس الساقيــة |
| ٩٠أو٩٠ | ٩٢٢ | سراج الدين |
| ٢٠٨ | | |

(١٣٥)

ئەم دو ژمارەدا ئەمانە ئەخوێنیتەوە :

هیواو شورش‌و سالی سی‌هەمی ژیانی دەستەی نوسەران •

خویندن بە زمانی کوردی ابراهیم بالداز •

کومونیزم‌و نەتەوایەتی‌و نیشتمان پەروەری محمدی مەلا کریم •

نامەی دایکیك لە ستالین گرادەوە گورینی نەسرین فەخری •

رودکی کی‌یە ؟ وەرگیر : عاصم حەیدەری •

دیوانی هیوا

ئیتر بەسیەتی شەرر حکمەت تەوفیق فکرەت وە عبدالقادر صاحبقران ، لەئەمریکاوە

نامەیەك بو بەندیخانە نوسینی مەم •

عبدالوهاب بەیاتی ئەگەریتەوە نیشتمانەکەی نازم حکمەت •

لە کومەلی خویندکارانی کوردەوە بو هیوا

بو دەستەی نوسەرانی گوڤاری هیوا

نەخوشی تاوانکار «چیروکی ژمارە» وەرگیر حەسەن قزلجی •

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٨/٧٥د | ٩٢٢/٢ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٧٥ر | ٩٢٢/٣ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٧١ | ٨٧٣ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٤آ٨١ | ٨٧٨/٤ | سراج الدين |
| ٢١٠/٣١ | ٨٠٧/٢ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٧٧ | ٨٧٦ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٨٠ | ٨٥٢/١ | سراج الدين |
| ٢٠٨/٥آ٨١ | ٨٧٨/٥ | سراج الدين |

# باوەر پیکراوانی هیوا

## لە :ــ

بەغداد :ــ ماموستا بەشیر موشیر ــ حیدرخانە
سولەیمانی :ــ ١ ــ رؤف معروف ــ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ
٢ ــ محمد عارف معروف ــ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر
٣ ــ محمد رسول ــ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی
٤ ــ احمد عباس کریم ــ نامەخانەی بیری نوی
کەرکوک :ــ عمر بی کەس ــ شەقامی سیروان
هەولیر :ــ قادر احمد خوشناو ــ خاوەنی نامەخانەی شورش
شەقلاوە :ــ ١ ــ نامە خانەی یەکیتی
٢ ــ نامە خانەی سەربەستی
کویــە :ــ نامە خانەی کوردستان
رانیــە :ــ عزیز صدیق ــ کوگای بیتوین
هەلەبجە :ــ سید حسین ئەمین
زاخــو :ــ محمود حاجی احمد ، مکتب التحریر
قەلادزی :ــ نورالدین مەلا صابر
رەواندز :ــ علی عبداللە : کتیبخانەی رەواندز
خانەقین :ــ حبیب نەوروز : کتیبخانەی سیروان
موصــل :ــ سید علی ــ مکتبة الامین ــ شارع النجفی
چەمچەمال :ــ رەحیم رەزا ــ کۆگای کاوە

« چاپخانەی شەفیق ــ بغداد »

# گۆڤاری هیوا

## ژماره 1 ساڵی 3 تشرینی دووەمی ١٩٥٩



# هیوا

گوڤارێکی ئەدەبیو زانستییە مانگانەیە

ژمارە (١) سال (٢) تەشرینی دوهەمی ١٩٥٩

## لەم ژمارەدا :ــ

- کوردو سەرۆکی دلسۆزو کۆماری دیموکراتی ــ هیوا ــ
- ئایائەشی ئەدیب لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبی ؟ : احمد حامـد
- شەهید — مامۆستا گۆران
- کێ مێژو دروست ئەکا — وەرگێر : فاتح عبدالکریم
- جولانەوەی تورانیەت — وەرگێر : محمدی مەلا کریم
- جوانیی شەقلاوە — محمد توفیق وردی
- شاعیری بە ناو بانگی کورد : لاهوتی — حسن قزلجی
- برایەتی بەهێزی رەنجکێشانی جیهان — هیوا
- زوربەی گەل — هوشەنگ
- فس‌فس پالەوان — ج ٠ بابان
- هەلبژاردە لە شیعری چینی
- کونگرەی چوارەمی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا
- پەیمان : ن
- چون لە بیرم بچێتەوە — مصطفی صالح کریم

دانەی بە (٨٠) فلسە

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عیراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | - |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : وزارة الاصلاح الزراعی

المفتش العام الاستاذ مکرم الطالبانی



با وشك‌بی ئه‌و ده‌سته تاوان باره كه ویستی دلی پڕ به‌زه‌یيت له لیدان بوه‌ستينی ، دابرزی ئه‌و په‌نجه‌ی كه پشت به دیوی ئـــه‌و دیوی سنور ، ویستی به تاقه گوله‌یه‌ك به‌رهه‌می ره‌نجی چل ســالو ئاواتی كوردوعه‌ره‌بی عراقی نه‌به‌ز سه‌ره‌وژیر بكات ·

ته‌مه‌نی دریژ بو تو ئه‌ی روله‌ی دلسوزی گه‌لی عراق !

سه‌ركه‌وتن‌و گه‌شه‌داری بو كوماری چوارده‌ی ته‌موزی نه‌مر ، كوماری كوردو عه‌ره‌ب‌و هه‌مو دانیشتوانی شه‌رافه‌تمه‌ندی نیشتمانی عراق، مه‌رگ‌و ســه‌رشوری بو دوژمنه‌كانی پشت‌سنورو میكروبه‌كانی زه‌لكاوی پاشماوه‌ی پاشایه‌تی‌و ئیمپریالیست‌و كونه‌په‌رست ·

# هیوا

ژماره (١) سالی (٣)
تەشرینی دوهەمی ١٩٥٩
خەزەلوەری ٢٥٧١ی
کوردی

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە
مانگی جاریک دەر ئەچی


## کوردو سەروکی دلسوزو وکوماری دیموکراتی

بی‌گومان شـــورشی چواردەی تەموز گەورەترین هەلقـەی زنجیرەی ئیمپریالیستی پساند لە روژەلاتی ناوەراستاو ، **گەورەترین** زەربەیدا لە قازانجی بازرگانەکانـی جـــەنگو قارونەکـــانـی ســـەرمایەداری • قازانجی شـــورشی چواردەی تەموزو کومـاری دیموکراتی عراق بو ولاتانی عەرەبو میللەتانی دراوسیی تیکوشەر ، پیویست بە دوبارە کردنەوە ناکات، چونکە نەك تەنها عراق لەوە دەرچو کە مەلبەندی پیلانگیریو دەس‌دریژی کردن‌بی بو ســـەر گەلە تیکوشەرەکانی دەورو پشت ، بەلکو بو بە مەلبەندی آزادیو جیگای هیوای پاراستنی مافی گەلان ، بو بە کولەکە یەکی بەهیز بو یارمەتیو هاوکاری گەلانی ژیردەستە لە تیکوشـــانیانا لە پیناوی هینـانەدی حوکمیکی سەربەستو پاشەروژیکی بەختیار • شـــورشی عراقو کوماری عراق روداویکی گەورەی میژوی بو کە **چوە پال روداوە** گرنگەکانی میژوی ئادەمیزاد ••

ئەمە بو شورش‌و کوماری دیموکراتی‌و سەرکردەی دلسوزی عراق ، بویە هەمو دەرون‌پاکیک لە هەمو لایەکی گیتی‌دا چ لە ولاتی سوشـــیالیستی ، چ ژیردەستەو دواکەوتوو ، بە هەمو هیزیانەوە ، لایەنگیری خویانیان پشان داین‌و گیانی ئومەمی هاوکاری‌یان هاتــە جونبوش کە لە یان‌دی ئیمپریالزم‌و نوکەرانی ئەیانەوی دەس‌دریژی بکەن‌و دوبارە بمان‌خەنەوە ژیر رکیفی خویان ، وە بویە لەو کاتەوە رولەی بەجەرگی گەل عبدالکریمی دلسوز شورشی تەقاند ، وە بە هاوکاری گەل‌و سوپا کومارە نەمرەکەی دامەزراند ، هەتا ئیســـتە سانی داودەزگای داگیرکەران لە پیلان‌نانەوە نەوەستان‌و هەر روژی لە ژیرپەردەیەکا دینە کایە وە ..

ئیمەی کورد لە کوردستانی عراقا کە بو یـــەکەم‌جار بون‌و بەرامەی ئازادی ئەبیەین‌و شان بە شانی نەتەوەی عەرەبی برادەرمان‌و وردە نەتەوایەتیەکانی تر ، ئەتوانین هەســــتی خومان دەربربرین‌و بیروباوەرەی خومـــان بخە ینـە ســـەرکاغەزو رازونیازی نەتەوایەتی راستەقینەمان بخەینە رو، هەر لە روژانی رابوردوی پرئازارو کورری تیکوشانی خویناوی‌یەوە ، لە ئەنجامی تاقی‌کردنەوەی خومان‌و تاقی کردنەوەی گەلانی رزگاربوی گیتی بومان دەر کەوتوەو باوەرمان هیناوە بەوەی کە مەسەلەی سەربەخویی‌و وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی‌و دانانی چارەنوس بە دەستی خومان‌و بوژانە وەی سامانمان ، هەمـــو ئەمانە هەرگیز جیا ناکریتەوە لە مەســـەلەی خەباتمان رو بە روی ئیستعمارو نوکەرانی ئیستعمار ..بومان دەرکەوتوە تەنها لە سایەی دیموکراتیەتی راستەقینــەو ئاراســـتەکراوا ئەتوانین بژیـن وەك

(٢)

نەتەوەیەکی ئازاد وە ئەو ئاواتانەی کە قوربانیەکانی نەتەوەی کورد هەتا سیدارەو هەتا گورریش ویردی سەر زمانیان بو ، بیهێنینە دی .

بی گومان لە بەرەبەیانی شورشی چواردەی تەموزەوە ، کە بەرهەمی رەنجی دولایی کوردوعەرەب بو ، ئاسویەکی روناکمان بو کرایەوە وە بو یەکەم جار لە دەستوری کاتی کومارا دانرا کە کوردو عەرەب هاوبەشن لەو کومارەدا ، نەك تەنها ئەوەش بەلکو گەلی هەنگاوی گرنگ نرا لەم بارەوە ، کە نوبەرەکەی ( بەریوەبەرایەتی زمانی کوردی‌یە ) ..

ئیمە شورش‌و کومار بە شتیکی بەخشراو نادەینە قەلەم‌و بە تی‌بی‌نینیکی دور لە تیکوشان لیی ورد نابینەوە ، واتە بە بەرهەمی رەنجی هەردو لایی کوردو عەرەبی دائەنین ، بویە هەقمانە کە هیوایەکی زوری پی ببەستین‌و بە تەمای هاتنە دی گەلی ئاواتە نەتەوایەتیەکانمان بین پشت بە برایەتی دلسوزەکانی نەتەوەی عەرەبی برادەرو پشتگیری گەلانی جهان‌و دەولەتانی ئوردوگای ئاشتی‌و ازادی بیجگە لە تیکوشانی سەرومری خومان .

جا ئەگەر بە وردی سەیریکی ئەو دەستە ناپاکانە بکەین کە ئەیانەوی کومارەکەمان قلپ بکەنەوەو ئەیانەوی رولەی دلسوزی گەل عبدالکریم قاسم لەناو بەرن ، ئەگەر ورد بینەوە لەوەی کە تەیاریکی شـوڤینی کویرانەی عەرەب لە کایەدایەو استعمار کردویەتی بە دەس کەلا ، ئەگەر ورد بینەوە لەوەی کە عبدالناسرو پیرەکەی ئەمرو ئەگرین بە سەر گوری هیتلەرو موسولینی‌داو بە هەمو جوری هەول ئەدەن فاشستیەت ببو زیننەوە بومان دەر ئەکەوی کە چ پاشەروزیکی

(٣)

تاریك‌و ناله‌بار له ریمانایه ئه‌گه‌ر ـ خوا نه‌خواسته ـ ئه‌م ره‌گه‌زه ناپاکانه سه‌ر بکه‌ون و بگه‌نه ئاماتجی به‌دیان ،

ئیمه هه‌رگیز وه‌زعی برا کورده ئازار دراوه‌کانی سوریامان له بیر ناچیت که ئیسته شان به‌شانی عه‌ره‌به دلسوزه‌کانی ئه‌وی لـــه به‌ندیخانه‌کانی عبدالناصرو تاقمه چه‌ته‌کانیا ئه‌چه‌وسینرینه‌وه ، ئه‌وه‌مان له به‌رچاوه که به ده‌یان نوسه‌رو شاعرو سیاسی کوردی سوریا ، یان ده‌ربه‌ده‌ری ولاتانن ، یا رازو نیازی ته‌نیاییان له گـــه‌ل دیواری زندانه‌کانی عبدالناصرا ئه‌به‌نه سه‌ر ، وه له ســـه‌ر ئاوازی زره‌ی زه‌نجیرو زرمه‌ی شه‌لاق به خوینی سوری له‌شیان سرودی ئازادی ئه‌نوسن ..

ئه‌گه‌ر یه‌کدو روژ بگه‌رینه دواوه‌و لاپه‌ره‌کانی میژوی کوردی به خوین سورکراو هه‌ل بده‌ینه‌وه‌و وه‌زعی نیوملیون کوردی له‌ناو براوی تورکیای ئه‌تاتورکیش بینینه‌وه بـه‌رچاومان ، چاکتر ئه‌زانین که نه‌ته‌وه‌ی ژیر ده‌ست له سایه‌ی حوکمی دکتاتوری‌یا چون ژیانیک ئه‌باته سه‌ر ؟ ....

ئیمه‌ی کورد ، هه‌میشه به دل‌وگیان کوماری دیموکراتی عراق ئه‌پاریزین کوردستان ئه‌که‌ین به گوریکی دیاری بو ته‌ماع‌کارو نوکه‌ره چه‌په‌له‌کانیان سه‌روسر هه‌ول ئه‌ده‌ین له پیناوی جیگیرکـردن‌و بتـه‌و کردنی باری دیموکراتی‌و ، ده‌ست خستنی مافه ته‌وایه‌تیه‌کانمان ، جارری هاوکاری‌یه‌کی دلسوزانه ئه‌ده‌ین له گه‌ل نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بی براده‌رو له گه‌ل هه‌مو گه‌لانی جهانا که هه‌تا دوا هه‌ناسه‌ی ژین له پیناوی ئازادی گه‌لان‌و وه‌رگرتنی چاره‌نوســـی‌یان‌و جیگیرکردنی

(٤)

ئاسایشا تی‌بکوشین ، وه لەم روەوه نەتەوەی کورد بە چاوپوشی لە بیرو باوەری سیاسی یەك ریز ئەوەستی‌و پاریزگاری ئەکا لە مافی خوی‌و مافی هەمو گەلان ..

ئیمە کە زورباش ئەزانین تیك‌دانی باری کومارەکەمان‌و لە ناو بردنی سەرەك عبدالكريم قاسم راستەو خو مانای ژیر پی خستنی مافی زوریەی گەلی‌عراق‌و قوت‌دانی مافە تایبەتیەکانی کوردە .. لە کاتیکا ئەوپەری بیزاریمان دەرئەبرین لە پیلانە خویناویەکانی هیتلەری بچوك ! وە داوای بە توند لیدانی خەتاباران ئەکەین ، سەر لە نوی پەیمان تازە ئەکەینەوە بو کومارو شورش‌و سەروکی دلسوز عبدالكريم قاسم ، کە هەر ئەو سەربازە دلسوزانە بین کە بوین‌و داگیرکەر ناسیوینی ، پەیمان تازە ئەکەینەوە ، کە خوینی خومان لا هەرزان‌و بگرە خورایی بی لە پیناوی پاراستنی کومارەکەمان « کوماری کوردو عەرەب » وئامادەین بو ئەوەی کە لە خاوەن پی‌نوسە زەهراویەکانی بگەیینین کە « کوردستان کەوتوەتە کوی‌وە ؟؟ »

سەربەرزی بو کومارە دیموکراتیەکەمان .

تەمەنی دریژ بو نوینەری خواستی کوردو عەرەب دلسوزی گەل عبدالكريم قاسم ، مردن بو ئەو تەماع‌کارە بە هیچ تیر نەخورانەی کە لە چەرخی بیستا خەو بە ئیمپەراتوریەتەوە ئەبینن ..

روژەردی بو ئەو داردەستانەی ، کە بەزمان‌و پینوس‌و گولەو رەشاش بونەتە گورگی هار لە گەلی عراق‌و ، کوماری عراق‌و، سەروکی بەجەرگی عراق .

« هیوا »

(٥)

# ئایا ئەشی ئەدیب ( بویژ )
# لایەنگری لایەکی تایبەتی نەبی ؟؟

**نوسینی : احمد حامد**

زور جـار ئەبینو ئـەخوینینەوە کە هەندی کەس ئەلین : نابی ئەدیب تەرەفداری لایەکی تایبەتی بیت لە نوسینەکانیا •• بەلکو ئەبی لایەنگیری هەق بیت !!

لە پیشی ئەوەدا لە جەوهەری باسەکەمان بکولینەوە ئەبی ئەوە بزانین کە ( هەق ) شتیك نیە بە هەوادا هەلواسرابیو پەیوەندی بە ئامیزادو ژیانی ئادەمیزادەوە نەبی ، کە وابو لە کومەلیکا کە پەیرەوی چینایەتی تیابی ئەبی (هەق) بە لای چینیك یان چەن چینیك لـــە چینەکانی ئەو کومەلەوە بیت • کە واتە هەقیش خوی تەرەفداری لایەکی تایبەتی‌یە •

بینەوە ســەر جەوهەری باســەکەمان ، یانی ( تەرەفداریو بی‌تەرەفی ئەدیب ) •

ئایا ئەشی ئەدیب لایەنگیری مروڤایەتی نەکات بو بەربەرەکانی کردنی کردەوەی درزندانە ؟ ئایا ئەگری ئەدیب لایەنگیری تیکوشانی گەلان نەکات روبەروی ئیستعمارو لە پیناوی سەربەخوییدا ؟! وە ئەگەر هاتو ئەدیب یا نوسەر تەرەفداری لایەکی تایبەتی بو ئـــەوە ریگەی لی ئەگری کە ببیتە ئەدیبو نوسەر ؟ وە ئاخو ئەدیب خوی ئەندامی یەکی لە چینەکانی کومەل نیە ؟ وە ئایا هەول نادات بـــو هینانەدیو پاراستنی قازانجی چینەکەی ؟ ئایا بە گویرەی بیروباوەرو

تی‌بینین (نظریة) ی چینه‌که‌ی ناچی به‌ریوه ؟ ..

ئه‌گه‌ر بیتو ئه‌دیب یا نوسه‌ر لایه‌نگری بیرو باوه‌ری نه‌کات ، وه تی‌بینیکی تایبه‌تی نه‌بی بو خوی به‌رامبه‌ر به ژیان‌و پیشـــــکه‌وتنی مروفایه‌تی چون ئه‌توانی ئالای ئه‌ده‌ب‌و نوسین‌و روشن‌بیری هه‌لبگری‌و ببیته رابه‌ری گه‌ل ؟

ئه‌گه‌ر هه‌ندی له بویژو نوسه‌ره‌کان لایه‌نگری خواســـــتی گه‌له‌کانیان نه‌که‌ن ، وه‌لایه‌نگری ئازاد بونی نیشتمانه‌که‌یان‌و مه‌سه‌له‌ی ئاشتی نه‌که‌ن . وه ئه‌گه‌ر به‌رامبه‌ر به‌وانیش تاقمیکی‌تر له بویژو نوسه‌ره‌کان لایه‌نگری استعمار نه‌که‌ن ، لایه‌نگری ئه‌و چینه نـــه‌که‌ن که گه‌ل ئه‌چه‌وسیننه‌وه . ئاخو ئـــه‌بی بو کی هه‌ول بده‌ن‌و لایه‌نگری کی بکه‌ن‌و بو کی بنوسن ؟؟؟

به شیوه‌یه‌کی گشتی بویژو نوسه‌ره‌کان سه‌باره‌ت به لایه‌نگری‌و نه‌ره‌فداری ئه‌کرین به چه‌ن به‌شیکه‌وه :ـ

١ ـ ئه‌وانه‌ی لایه‌نگری خواستی گه‌ل‌و نیشتمان‌و مه‌سه‌له‌ی مروفایه‌تی ئه‌که‌ن .

٢ ـ ئه‌وانه‌ی لایه‌نگری ئیستعمارو ئه‌و چینانه ئه‌که‌ن که‌زوربه‌ی گه‌ل ئه‌چه‌وسیننه‌وه .

٣ ـ ئه‌وانه‌ی که دوره په‌ریز وه‌ستاون‌و چونه‌ته سه‌ر قه‌لایه‌کی به‌رزی خوکردو خویان له گه‌له‌کانیان دور گرتوه هه‌رچه‌ن خویشیان نه‌ته‌وه‌ی ئه‌و گه‌له‌ن .

ده‌سته‌ی سی‌هه‌م یا مه‌سله‌حه‌تی تایبه‌تی وه‌ختی خویان پالی پیوه ناون‌و دوری خستونه‌ته‌وه ، یا له تیکوشانی چینایه‌تیا به‌زیون‌و رایان

کردوه وەك کەفی دەم تافگە سەر ئاو کەوتوونو کەوتونەتە گێژەوە ، بەلام ئاخری لافاو هەر رایان ئەفرینی ، یان لە دوایا ئەبی بچنەوە سەر دو بەشەکەی پێشو .

بەمەدا بومان دەرئەکەوی کە لە جهانا کەسێك نیە کە لایە نگیرو تەرەفداری لایەکی تایبەتی نەبێت ، وە ئەوانەش کە بە روالەت خویان بە بیتەرەف ئەدەنە قەلەم لە راستیا یا لە گەل ئەملان یا لە گەل ئەولا ....

## اعـــلان

نعلن بهذا وجود مناقصة سرية لتعهد انشاء بناية مخفر للشرطة فى ( پارەزان ) حسب الشروط والمواصفات الموضوعة له والتى يمكن الحصول عليها لدى شعبة هندسة ادارة المحلية مقابل ثمنها البالـــغ ( ــ/٢ ) ديناران لكل مجموعة .

تقدم العطاءات من قبل راغبى الاشتراك فى المناقصة الى مجلس ادارة لواء السليمانية فى أو قبل الساعة الحادية عشرة من صباح يوم الاثنين المصادف ٩٥٩/١١/٢٣ مرفقة بتأمينات اولية قدرها ( ــ/٣٠٠) ثلثمائة دينارا والتى يمكن دفعها الى خزينة اللواء على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارة شروط المناقصة .

كل عطاء يرد الى المجلس بعد الموعد او لم يرفق به وصـــل التأمينات وشهادة التسجيل لدى دوائر ضريبة الدخل وشهادة الانتساب الى غرفة التجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة يهمل .

حامد الالوسى

و. متصرف لواء السليمانية

(٨)

# شـــەهید

**ـ بە یادی شەشی ئەیلول ، شەری بەردەرکی سەراوە ـ**

**( گوران )**

هەزارو نوصەدو سی بو ، شەشی ئەیلول کە روز هەلهات :
غریوی ویستنی حەق کەوتە ناو شاری سلیمانی ؛
( هەلو بەگ ) ئەو جوانەی پر دلی بو بو وەطەن ئاوات ،
لە پیش جەمعیکەوە تا بەر سەرا روی هەلمەتی هانی .

لە گەل یارانی ئەی‌وت : « ئەی حوکومەت ! تا نەکەی تەثبیت
حوقوقی کوردەواری ، نایەوی کورد ئینتیخابات ،
ئەوانەی بانگ کرانو تو بە قووەت دەوریان ئەگریت :
دەنیو قازانج پەرستن ، هیچ نەبی بی‌یان موبالات !

ئەوانە کەی لە میللەت بون هەتا تەمثیلی رەئیی کەن ؟
حوکومەت ! ئیمە کوردین ، وا ئەلیین : نامانەوی نواب
کە داوینی غەرەز بگرن بە هەردو دەست وەطەن بەردەن !
نەکەی ، مەشروع نیە .. دەرکە لە سەر سەودایی ئینتیخاب ! .. »

ئەمە جوملەی قسەو ئامالی یارانی هەلو بەگ بو ،
نە نامەشروعی تیا بو ، نە تەجاوز بو بە ئەمنیەت ..
کەچی عەسکەر بە مەترالیوزەوە بو قەتلی عام دەرچو ؛
درایە بەر شەقەی شەستیر رجاو ئامالی میللیەت !

شەقەی شەستیرو قرچەی دەستڕیژو هەلمەتی سونگی
بە خوێنی کوردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەر جادە :
ئەما جوانی کە سونگی ئەیسمیبی صەد کەرەت سنگی ،
ئەما پیری لە ریزی گوللە بوبی قەلبی ئازادە ! •••

هەلو بەگێ گوللەیی ئەووەل لە رانی دا ، دووەم دەستی ••
کە خوێ‌و قەومەکەی وا دی ، بە چەشنی شێر نرکانی ،
پەلاماری کە دا بو ضابطی : یەکێ زللە خپ خستی ••
دەمانچەی سەند لە دەستی‌و ئاگری دا تاوەکو توانی ••

بەلام فیشەك نەما ، هەر ضابطو یەکێ دو نەفەر کەوتن ••
لە پاشا عەسکەریش دەست ریزی لێ کردو بە لادا هات ؟
لە سەر دەریایی خوێن بو کەشتی‌یی عومری بەرەو مردن
ئەچو ، ئەی‌وت : خوا حافیظ ، ئەوا ئەمرم وەطەن ! هەیهات ،

لە باوەشتا پشوی عومرم نەدی تاوی بە سەربەستی ،
هەتا مردن زرەی زنجیری دیلی بو لە گەردنما ،
ژیانم عارو زیللەت بو لە ژیر پیلاوی دوشمنما ،
بە خوێن بی‌و ، گل هەلی‌لوشی ، کەوابی ، هەیکەلی پەستی ! •••

خواکەی بولبولی باغی سەرا !•• هەرچەندە پاییزە ،
بە خوێنی خوم گولت بو ئاو ئەدەم ، سا بوم بلاوێنە !
لە گەل ئەو جوانە پاکانەی لە دەورم مەیتیان ریزە
لە خوێنا وێنە شیواوین ، بە دایکمان بناسێنە !•••

بلی بەو بوکی تازەی یەکشەوەم ، گەر هاتە سەر نەعشم ،
نەلی خوی بو وەطەن کوشتو لە ری‌ی عەشقی منا نەژیا ..
وەظیفەم بو لە پیناوی ولاتیکا سەرم بەخشم :
کە توی پەروەردە کرد بو من لە دواینی چیاو کەژیا ! ..

ئەگەر خوای گەورە بەخشی پیت هەتیوی ، پی‌ی بلی : رولە
لە من فرمیسکی ویست باوکت ، لە توش داوا ئەکا تولە !...

هەلەبجە . ئەیلولی ١٩٣٢

---

## اعـــلان

وضع فی المناقصة العلنیة تعهد تجهیز مواد التغذیـــة للمدارس الابتدائیة المشمولة بالتغذیة الکاملة البالغ عددها (٨٨) مدرسة الواقعة فی مختلف انحاء اللواء وفقا للشروط المعدة لهذه الغایة والتی یمکن الاطلاع علیها عند مراجعة خزینة الادارة المحلیة او کاتب المجلس الاداری فعلی الراغبین مراجعة مجلس ادارة اللواء خلال مدة المناقصة التی ستنتهی فی الساعة (١١) من صباح یوم الاحد ٨ – ١١ –١٩٥٩ مستصحبین التأمینات النظامیة .

باقر الدجیلی
متصرف لواء الحلة
رئیس مجلس اللواء العام

(١١)

# کی میژو دروست ئەکات؟

**نوسینی : دکتور فیصل السامر**
**وەرگیر : فاتح عبدالکریم**

ئەم پرسیارە پرسیاریکی کونەو لە دەمی وەختەوە هەیەو گەلی دەمە قالەو لیکولینەوەی لە سەرکراوە ، هەر لە چەرخی هەژدە هەمینەوە تا ئیستە بوە بە هوی جیایی ودوبەرەکی لە مابەینی ئەوانەدا کە خەریکی سیاسەت‌و لیکولینەوەی بین •

هەندی لەم خاوەن‌بیرانە رایان وایە کە هوی هەمو جولانەوەیەکی میژوی تەنها شەخسیکە ، وە لەم روەوە دان‌نانین بە هیچ هویەکی ترا ، هەندیکی تریش رایان وایە کە باری میژوی چەن هویەکی گشتی هەیەو ئیشی تەنها یەکیك نیە •

بەلام لەم روژەدا کە میژو لەوەدەرچوە کە چیروکیك‌بی بو رابواردن بیگیرینەوە ، بەلکو بوە بە علمیکی تایبەتی کە خاوەنی ری‌و شوینیکی تایبەتی‌یە وە هەمو کومەلیك بەشی خوی وەر گرتوە لە زانیاری‌و پیش‌کەوتن ، بەلی لەم روژەدا هەمو میژو نوسە زاناکان بیرو باوەریان هەر چون‌بی یەك‌قسەن لە سەر ئەوە کە دەوری « پیاوی‌گەورە » شتیك نیە ئینکار بکری ، واتە : پیاوی گەورەو هەلکەوتو دەسی هەیە لە روداوو ئاراستە کردنیا ، بەلام پیاوی گەورە لە نەبوتیەوە نایەتە دەر ، بەلکو لە زوروفیکی تایبەتی‌یا پەیدا ئەبی کە ریگا خوش ئەکا بو هەلکەوتن‌و پەیدابونی ئەم جورە پیاوە ناودارانە •• ئەمانەش بویە هەل ئەستن بە دەوری خویان لە گورانی وەزع‌و باش‌کردنیا ، جونکە هەست ئەکەن بە پیویستی سەرشانی خویان •

(١٢)

بە دریژایی ئەم ریگا سەختو دیشوارە کە بەرەی ئادەمیزاد بریویەتی لە قوناخیکەوە بو قوناخی ، لە چەرخیکەوە بو چەرخی بە دەها پیاوی هەلکەوتوو مەردی بلیمەتو زیرەك ویشەوای مەزن پەیدا بوە ، ئەمانەش هەمو رولەی ئەو کومەلەنو زروفی تایبەتی پیی گەیاندون ، وەك شەپولی سامدار کە ئەکەویتە سەر دەریای بی‌بن بەرز ئەبنەوەو تاو پەیدا ئەکەن ••

پیویستە لە سەر میژونوسە داوین پاکەکان کاتی کــە دەس ئەدەنە پینوسو میژو ئەنوسن شوینو پایەی ئەم جورە مەردە بلیمەتانە وون نەکەنو جیگای راســـتی خویانیان بو دابنین ، چونکە گەورە پیاوانو هەلکەوتوان لە هەر چەرخیکا نوینەری ئــەو چەر خەنو بە زمانی ئەوەوە ئەدوینو بە پیی چەن مەرجیکی کومەلایەتی هەول ئەدەن بو گورینی وەزعو چاك کردنی •

نەزەریەی ه پیاوی گەورە ه کون‌ترین نەزەریەیە لە میژوا ، یەکەم بیریکە کە کومەلی ئادەمیزاد لە قوناغی سەرەتاییدا دروسی کردوە بو دوزینەوەی ئەو هیزانە کە کاروباری جهان ئەبەن بــە ریوەو ، پاشە روژی ئادەمیزاد دیاری ئەکەن •• چونکە بەرەی ئادەمیزاد ، لە سەرەتادا ، لە بەر ئەوەی کە میشکی پەی بە حقیقتی شت نەبردوە تواناى ئەوەی نەبوە کە هوی روداوەکانی سرشـــت بدوزیتەوە ، وای‌داناوە کە جهان چەن گیانیکی تیایە ، ئەم گیانانــە بە ئارەزوی خویان هەمو شت هەل ئەسورینن ، وە لەم روەوە هیچ نرخیکیان دانەناوە بو کومەلو چونیەتی ژیانی کومەلو خوورەوشتی ئادەمیزاد لەو قوناغەدا •

لە ئاوەدانی‌یە کونەکانی دەوروپشتی دەجلەو فراتو نیل ، واتە : لە عراقو میسرا ، وایان داناوە کە گوایا پاشــــا دەســــت رویشتوەکان، دەستەلاتیان هەیە بە سەر سروشتاو ئەتوانن بە ئارەزوی خویان بیگورن ، لە بەر ئەمە پاشا لەو سەردەمەدا وا دراوەتە قەلەم کە بەر بوەبەری هەمو روداوەکانی میژوە ، نەك تەنها بەوەیان زانی‌بن کە یاسا دائەنین‌و ئەی‌پاریزن ، بەلکو وایان داناون کە تەنانەت پیت‌و بەرەکەتی کومەلیش هەر لەوانەوەیە !! •

ئەوەبو فرعەونەکانی‌میسر ، یا پاشاکانی سومەرو بابل وایان داناون کە جلەوی هەلاتنی خورو لافاوی رویارو زوری واریات‌و فراوانی راوی نیچیریان لە ژیردەستایە، چونکە ئەمانە نوینەری خوای گەورەن، لەسەر زەوی‌یا ، پیاوە ئاینی‌یەکانی ئەو روژەش لە تومارەکانی خویانا ، کە میژویان تیائەنوسی ، هەمو روداویکــی‌یان بە دەس‌کردی پیاوە هەلکەوتوەکان ، یان پاشاکان ، دا ئەنا ••

بەم چەشنە لە چەرخە کونەکانا پاشاو پیاوە دەسەلات‌دارەکان بوبون بە سەرچاوەی هەمو خیروبیرو سامانی کە ئەرژا بە ســــەر کومەلا ، وە هەمو زیان‌و ناهەمواریە کە روی تی ئەکردن ، تەنانەت لە یونانا هەندی پیاوی زاناو وریا هەلکەوتن‌و توانیان چەن یاسایەك دابنین کە نەختی بو بە هوی دامەزرانی وەزع لە شارە پچرپچرەکانی یونانا ، وەکو ( صولون ) یا ( لیکورغوس ) ، ئەم جورە پیاوانە بــە رادەیەك ریزیان لی ئەگیرا کە گەیشتبوە رادەی پەرستن ، واتە : وەك خوا ئەیان پەرستن :

لە میژوی تازەدا زانای ئینگلیزی « توماس کارلیل » پروپاگەندەی

زوری کردوه بو نەزەریەی « پیاوی گەورە » ، وە لای وایە کە میژوی ئادەمیزاد بریتیە لە میژوی چەن پیاویکی گەورەو ناودار ، کە هاتونەتە روی گیتی ...نەك تەنها ئەوەش ، بەلکو ئەلی : تەنها ئەم تاقانانە جولانەوەی میژو ئەبەن بە ریوە ، واتە « پیاوی گەورە » ، بە بیری کارپل ، بە بی ئەوەی کە کومەل دەستی لە دروس کردنیا بی ، دیتە کایەوە ، وە خواستی ئەم جورە پیاوە گەورانە وەك هیزی سرشت وایەو هیچ کوسپی ناتوانی دەس بینیتە بەر ریگای ، هەروەها کارلیل لە کتیبەکەیا ، ( کە باسی پیاوە هەلکەوتوەکان ئەکات ) ، ئەلی : پیاوی گەورە لەوانەیە لە شیوەی پاشادا ، یا فریشتە ، یا پیاوی ئاینا بی ،بەلام من رام وایە لەوانەیە کە پیاویکی گەورە هیزو تواناو بلیمەتی هەمو جەشنە پیاویکی تیابی ..

ئا بەمجورە فەیلەسوفەکانی چەرخی هەژدەهەمو نوزدەهەم ، ئەیانویست هەمو کردەوەو رووداویکی میژوی بکەن بە ئیشی چەن مروڤیکی زانا ، ئەوەتا پیاوە ئاینیە میژو نوسەکەی ئینگلیز : ( مابلی ) لای وایە ( مینوس ) ژیانی کومەلایەتی و سیاسی خولقاند بو دانشتوانی (کریت) ، وە ( لیکورغوس ) ژیانی کومەلایەتیو سیاسی پی گەیاند بو دانیشتوانی ( ئیسپارتە ) ، نەك تەنها ئەمانە ، بەلکو گەلی لـــــە میژونوسە میسالیەکانیش هەر لە سەر ئەم دوخە رویشتون ، ئەوەتا « هیگل »و « شبنجلەر » ، کە دوو فەیلەسوفی ئەلمانین رایان وایە کە پیاوی گەورەو هەلکەوتو لە هوی مادیو کومەلایەتیەوە پەیدا نابی ، وە ئەمانە کە هەلئەســـــتن بە دەوریکی گەورە لە کردەوەیەکی میژوی‌دا ، پشت بە زیرەکی و بلیمەتی خویانەوە پیی هەلئەستن ! وە

زال‌ئه‌بن به سه‌ر هه‌مو کوسپیکی کومه‌لایه‌تی‌و سرشتی‌یا •••

به‌رامبه‌ر بهم بیروباوه‌ره پیشـــوانه ، له چه‌رخی نوزده‌هه‌ما بیروباره‌ریکی تر هانه‌کایه‌وه ، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که ده‌وری پیـــاوی گه‌وره‌و هه‌لکه‌وتو له ئاراسته‌کردن‌و هه‌ٔسوزانی روداوه‌کانی جهانا ، جیی گومان نیه •• به‌لام ئه‌م جوره پیاوانه‌و کرده‌وه گه‌وره‌کانیان به پیی زوروفیکی تایبه‌تی په‌یدا ئه‌بن به‌پیی پیویستی ئه‌و روژه‌ی کـــه ئه‌و چه‌شنه پیاوانه‌ی تیا په‌یدا ئه‌بی •

« کارل لمبرخت » میژو نوسی ئه‌لمانی یه‌کیک‌بو له‌و میژو‌نوسه به ناو بانگانه‌ی که بره‌وی دا بهم بیروباوره ، وه له‌م‌بابه‌ته‌وه ئه‌لی : ئیمه له لیکولینه‌وه‌ی میژوا پیویسته سرنج بده‌ینه ئه‌و مه‌رج‌و زوروفه گشتی‌یه‌ی که زور گه‌وره‌تره له پیاوی هه‌لکه‌وتو ، واته : ئـــه‌و زروفه‌ی که به پیی پیویســتی خوی پیاوی گه‌وره‌و ســـــه‌رکرده ئه‌خولقینی •

گه‌لی له زاناکان چ مادی‌و چ مسالی له ده‌وری ئه‌م بیرو باوه‌ره تازه‌یه کو بونه‌وه‌و باوه‌ریان پی هینا ، وه هه‌ردولا ری‌که‌وتن له سه‌ر ئه‌وه‌ی که پیاوی گه‌وره ، سه‌رکرده‌ی هه‌لکه‌وتو ناتوانی کار له میژوا بکات ئه‌گه‌ر زروف ئاماده نه‌بی • وه ئه‌م جوره پیاوانه کوری ئه‌و روژه‌ن که تیایا په‌یدا ئه‌بن •

دوابه‌دوای ئه‌م هه‌مو بیروباوه‌ره تیـــکه‌ل‌و پیکه‌لانه ، زانـــا بلیمه‌ته‌کان که له سه‌ر بناغه‌ی زانست‌و راستی ئه‌رویشتن به‌ریوه هاتنه کایه‌وه ، وه بیروباوه‌ری خویان ده‌رباره‌ی « پیاوی گه‌وره » هینایه ناوه‌وه ، ئه‌مانه ئه‌لین : « وداوه‌کانی میژو له سه‌ره‌تاوه تائیستا

هەموی چەن زنجیرەیەکن کە بە یەکەوە بەستراون ، وە هەریەکە لەم روداوانە بەرهەمی گورانی پیشوتر ئامادە ئەکەن بو خەلك ، هەروەها هەمو روداوێك ، یا هەر پیاویکی هەلکەوتو نیشانەیەکن بو قوناغەکانی گورانی میژو ، ئەم نیشانانە وەك شەپول وایە کە ئەکەویتە سەر ئاو ، وانە : هەروەك شەپول بەشێکە لە دەریای گەورەی بی بن ، پیاوی گەورەو روداوی روز بەشیکە لە میژوی کومەل ولیی جیا نابینەوە ، ئەم پیاوە گەورانە ئەتوانن پیویستی کومەلەکەیان جی‌بەجی بکەن ، وە ئەو دامو دەزگا کونە رزیوە لابەن کە لە گەل پیویستیە تازەکانی کومەلا ناگونجی ، بەلام گەورەیی ئەم جورە سەرکردانە لەوەدایە کە گەل یارمەتی بداو پشتگیری لی بکات، وە لەم روەوە بو ئەوەی کە ئەم جورە سەرکردانە بتوانن کار بکەنە سەر میژو دو مەرج پیویستە ، یەکەم : ئەوەیە بەو رەوشتە تایبەتی‌یە کە هەیەتی بتوانی لە گەل پیویستیەکانی کومەلا بروا بە ریوە دوهەم ئەوەیە کە کومەل ریبی لی نەگری •• بەم چەشنە بومان دەر ئەکەوی کە سەروك ، یاپیاوی گەورە لە کاتیکا پەیدا ئەبی کە مەرجەکانی کومەلایەتی ئامادەبی بو هاتنی •• هەروەها بلیمەتی‌و بەهرەو زیرەکی ئەم جورە پیاوانە بەرهەمی پەیوەندی کومەلایەتی ئەو روژەیە ، وانە پیاوی گەورە ئەبی بە زمان‌حالی میژوو بە ناوی ئەوەوە ئەدوی •

تەزەریەی « کارلیل » دەربارەی پیاوی گەورە ، وەك لە پیشەوە باسمان کرد بە تەواوی چاو ئەپوشی لە وەزعی کومەلایەتی‌و لەو پەیوەندە ئابوری‌یەی کە پیاوی گەورەی تیا ئەخولقی •• بەلام

نەزەریـــەی زانیاری لە گەڵ ئەوەشـــــا کە ئینکاری گرنگی پیاوە هەڵکەوتووەکان ناکا ، راستیەکی‌تر دەر ئەخا ، ئەویش ئەوەیە کە پیاو بە ئارەزوی خوی میژو دروس ناکات ، بی‌گومان پیاوی گەورە لە نەبونەوە هەڵ ناقولی ! • بو نمونە : ئەسکەندەری مەقدونی ئاشکرایە کە پیاویکی هەڵکەوتوو بلیمەت‌بو ، وەزعی چەرخەکەی خوی زور باش ئەزانی‌و چاك ئەیزانی کە هەل لە کیس‌نەداو لە گەل رەورەوەی میژوا بروا بەرەو پیش••بەلام بوچی ؟••ئایا هەر لە خویەوەبو ؟••• بی گومان نا، • ••• بەلکو ئەو گورانەی کە بە ســـەر بازرگانی‌و ریگاوبانا هات بەرەو یەکیەتی یەکی سیاسی ئەرویشت لە وولاتەکانی دەریای سپی ناوەراست کە بەهوی پەیوەندی بازرگانی‌و زانیاریەوە پارچەکانی لەیەك نزیك ئەبونەوە ، هاونیشتمانیەکانیش ، کە بـــە زمانی یونانی ئەدوان لە (٦٠٠) سال پیشی میلادەوە دەستیکی گەورەیان هەبو لەم کردەوەیەدا ، چونکە زاناو پیشـــەســـازو بازرگان‌و کریکارەکانی ئیغریق بەم ناوانەدا بلاو بوبونەوە تا گەیشتنە ولاتـــی ئیران •• هەروەها هەندی وردە مەکینەو شـــتو مەکی تازەبابەت شوینی شت‌و مەکە کونەکانی گرتەوە ، ئەم هویانە لە گەل گورانی جەنگ‌و شیوەی‌جەنگ ، پالیان‌نا بە ئەسکەندەرەوەو پی‌یان گەیاند ، وە وای لی‌هات کە بتوانی ئەو دەورە گرنگە یاری بکا ، کە دەنگی دایەوە •

بە کورتی :ـ

ناتوانری ئینکاری بلیمەتی‌و دەوری پیاوی گەورە بکری ، وە ئەم گەورە پیاوانە کە لە سەر شانوی میژو دەرئەکەون، لە نەبونی‌یەوە

نەھاتون، وە لە خۆیانەوە نەبون بە پیاو ، بەڵکو زروفێکی کۆمەڵایەتیو ئابوری دروستیان ئەکاو « ئەیاندا لە قالب » ، وە گەورەیی سەرکردە لەوەدایە کە باش لە گۆڕانی مێژوو پێویستی ڕوژ بزانیو بەو پێیە بجولێتەوە •• کەواتو قارەمان یەکێکە لەکومەڵو چەن رەوشتێکی تایبەتی هەیە ، کە بەو رەوشتانە لە پێویستیەکانی کومەل حالی ئەبیو هەول ئەدا بو جی‌بەجی کردنی ، بویە رولەی کومەڵو نوێنەری خواستی کومەلە •••

---

# اعـــلان

رقم الدعوى ٢٤٤ـص ـ٩٥٤

بناء على الحكم الغيابى الصادر من محكمة صلح مندلى برقـــم ٢٤٤ـص ـ٩٥٤ والمؤرخ ١٤ـ١١ـ٩٥٦ المتضمن الزام المدعى عليهـم علي آغا وعزمت وناز داره وسعدية اولاد احمد بك بتأديتهم للمدعية الامانة العامة للاموال المجمدة مبلغا قدره خمسة عشر دينارا وتحميلهم مصاريف المحاكمة واجور المحاماة وعند تبلغ الحكم المـــذكور الى المدعى عليهم ظهر من شرح المختار والمباشر انهم مجهولين محـــــل الاقامة تقرر تبليغهم ؛ اعلانا فى احدى الصحف المحلية ولهم حــق الاعتراض على الحكم المذكور وتمييزه خلال المدة القانونية والا فأنه سيكتسب الدرجة القطعية

حاكم صلح مندلى
اسماعيل ابراهيم العلى

# جولانەوەی تورانیەت

## لەژێر تیشکی لێکولینەوەدا

نوسینی : ابراهیم علاوی
وەرگێر : محمدی مەلا کریم

لەم دوایی‌یەدا باسی تورانیەت زور بە سەر زوبانی ئەم‌و ئەوەوەیە • هەندی لە نوسەرەکان ئەیانویست وا لە خەلك بگەیەنن کە ئەم ناوە هەمو نەتەوەی تورك ئەگرێتەوە ، وە ئەیانویست تورانی‌و تورکمان بکەن بە یەك • هەندێکی تریش کە بیروباوەری خویانیان لە سەر لاپەرەی چەند روژنامەیەکا دەربری ئەیانوت : نە تورانی هەیەو نە هیچ ! وە وایان پیشان ئەدا کە هیچ شارەزای مەعنای ئەم وشەیە نین ، بەلکو ئەیانوت : تورانیەت شتێکی ساختەیە هەندی کەس لە خویانەوە دروستیان کردوە بو نیازی تایبەتی‌ی خویان تا هەر تورکمانێک بیروباوەری لە گەل ئەوان یەك نەکەوی ئەم ناتورەی پیوە بنین •

بەلام نیاز لەم قسانە هەرچی بی ئەوەندە هەیە فری بە سەر راستی‌یەوە نیە • کەوانە رەنگ بی هەندێک بەکەلك‌بی چەند شتێکی راست دەربارەی جولانەوەی تورانیەت پیشان بدەین :

**(١) تورانیەت چیە ؟**

تورانیەت جولانەوەیەکی تەسك‌و تروسکی نەتەوەیی‌یە ، لە ئاخرو ئوخری سەدەی پیشودا نیشانەی دەرکەوت ، وە وەك ریبازێکی دوژمنانە بلاو بودوە کە تا شورشی **١٩٠٨**ی تورکیا مەبەسی

ئەوەبو ئەو نەتەوانەی زیردەستی تورکیا کە تورك نەبون بیانکا بە تورك ، پاشانیش شیوەیەکی تازەی وەرگرت وە بانگی ئەکرد بو یەكخستنەوەی « توران » ی نیشتمان کە بە تەما بون بەشیکی زوری عیراقیش بگریتەوە ، وە لە مونغولیاو روژاوای زوروی چینەوە تا تورکیاو مەجەر لە روژاواوە ، وە لە قەوقاز ــ لە یەکیتیی سوڤیەت ــ و ئازربایجانی ئیرانەوە تا ئەفغانستان لە خواردوە ، بگریتەوە • گوایە ئەو گەلو نەتەوانەی کە لەم ولاتانەدا دائەنیشن ــ بە باوەری تورانییەکان ــ هەمویان یەك نەتەوەن ( وە تورکیشن ــ وەرگیر ) • لە سەرەتای دامەزرانی حوکومەتی عیراقیشا گیرو گرفتیــــکی زور کەوتە بەینی عیراقو تورکیا دەربارەی ویلایەتی موصل ( کە چــوار لیواکەی زوروی عیراقی ئەگرتەوە ) کە تورانییەکان بە بەشیکی دائەنین لە « تورانیا » ی نیشتمان ، وەك لەمەو پاش رونی ئەکەینەوە •

بەلام لە راستیدا پیویستە رونی بکەینەوە کە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە بەینی تورانیو نەتەوەی تورکمانا ، وەك جیاوازیی بەینی « نەتەوایەتی » ی عبدالناصرو قازانجی میللەتانی عەرەب !

چونکە لە هەمو جولانەوەیەکی نەتەوەییدا دو ریباز هەیە ، ریبازیك مەبەسی رزگار کردنی گەلو نەهیشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو بوژاندنەوەی زانستی میللییە ، بو ئەوەی ئەو نەتەوەیە جیگای شایانی خوی وەرگری لە ناو نەتەوەکانی جیهانا ، وەك هەمو ئەوان •

ئەم ریبازە کە نوینەری فراوانترین تاقمەکانی گەلە وە لــــە گەل هەمو میللەتانی جیهانا یەك ئەکەوی ، هیچ یەك نەکەوتنیکی

نیه له گەل مەسلەحەتی گەلان‌و نەتەوەکانی ترا •• بەلام شان بە شانی ئەم ریبازە لە بەشی زوری ولاتانا ریبازیکی تریش دەرکەوت ، ریبازیکی تەسکی شوڤینی‌و دوژمنانە ، مەبەسی بە کەم زانینی مافی نەتەوەکانی‌ترو خو بە گەورەتر زانین بو لەوان • زور جار ئەم ریبازە کراوە بە پەردە بو داگیر کردنی ولاتی خەلك‌و دەس‌کیشان بـــە سەریا وەك هیتلەرو موسولینی‌و دیغول کردیان ، وە وەك ئەوە کە ئیستا ئیحتیکاراتی میسر ئەیکا •

تورانیەت نوینەری ریبازە ئازادی خواهە میللی‌یەکەی یەکـەم نیە ، بەلکو میسالیکی ئاشکرای ریبازە تەسکە دوژمنانە دوهەمەکەیە • خەتایە نەتەوەی تورك‌و تورانی‌یەکان بە یەك دانیین ، وە هیچ راست نیە هەمو رولەکانی میللەتی تورك بە تورانی بژمیرین ، چونکـــە تورانیەت شتیکەو نەتەوەی تورك شتیکی ترە •

**(٢) دەرکەوتنی تورانیەت**

تورانیەت لە پیشانا وەك جولانەوەیەکی تەسکی وەها دیاری‌ی دا کە ریزی لە مافی نەتەوەکانی‌تر نـــەئەگرت ، هویەکی ئەمەش ئەوەبو کە لە ئەمپەراتوریەتیکا پەیدا بو کە بە هوی وریایی‌و خەباتی گەلە ژیردەست کراوەکانیەوە لە لایەکەوە ، وە بە هوی هیرشـــی ئەوروپاوە بو دابەش کردنی کەلاکی لە لایەکی ترەوە ، کەوتبـوە گیانەلا • لەبەر ئەوە کراسی دوژمنایەتی‌ی لە گەل نەتەوە ژیردەس کراوەکان لە بەر کردبو ، ئەو دوژمنایەتی‌یەی کە نیشانەی هەمـو چینە حوکمرانەکانی تورکیا بو بەر لەوەش کە تورانیەت پەیدا ببی • وە بەم چەشنە تورانیەت کە پەیدا بو لە رادە بە دەر دور بو لـــەوە

که له گه‌ل قازانجی جه‌ماهیری میلله‌تی تورکا یه‌ک‌گه‌وی ، وه به ئاشکرا بانگی ئه‌کرد بو چه‌وساندنه‌وه‌ی ئه‌و نه‌ته‌وانه‌ی که تورك نین ...

وه له ئاخرو ئوخری سه‌ده‌ی پیشودا جولانه‌وه‌ی تورانیه‌ت وه‌ك په‌یوه‌ندیکی نه‌ته‌وایه‌تی‌و سیاسی له تورکیادا دیاری دا که مه‌به‌سی ده‌س هه‌ل‌گرتن بو له بیروباوه‌ری « عوسمانیه‌ت » وه دانانی « تورانیه‌ت » له جیگه‌ی‌دا . به‌لام بوچی ئه‌بی ئه‌م باشتر بی له‌وو ؟ بو ئه‌وه‌ی بزانین بوچی ؟ ئه‌بی گوی بو ( یوسف ئاغا ئوغلو ) بگرین که یه‌کیکه له پیشینه‌کانی بلاو که‌ره‌وه‌کانی بیرو باوه‌ری تورانیه‌ت ، بزانین له سالی ۱۹۰۳دا چی نوسیبو له روژنامه‌ی ( الترك — تورك ) دا که له قاهیره ده‌رئه‌چو . ئاغا ئوغلو له ژیر ناوونیشانی « سه بیروباوه‌ر » دا وتاریکی نوسیبو ، وه له‌و وتاره‌یا نوسیبوی :

« عوسمانیه‌ت قسه‌ی بروبوچه . تورکیا ولاته یه‌ك‌گرتووه کانی ئه‌مه‌ریکا نیه که چه‌ند نه‌ته‌وه‌ی تیا تیکه‌ل بوه‌و نه‌ته‌وه‌ی ئه‌مه‌ریکایان لی پیکهاتوه .

« عوسمانیه‌ت پیچه‌وانه‌ی ئاره‌زوو ئامانجی تورکه‌کانه . چونکه بیروباوه‌ری چون یه‌کی‌ی هه‌مو نه‌ته‌وه‌کانی ئه‌مپه‌راتوریه‌تی عوسمانی له هه‌مان‌کاتا واته که‌م کردنه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی تورکه‌کانی ئه‌مپه‌راتوریه‌ت .

« هه‌روه‌ها عوسمانیه‌ت پیچه‌وانه‌ی ئاره‌زوی ئه‌و میلله‌تانه‌ی ئه‌مپه‌راتوریه‌تی عوسمانی‌یه که تورك نین ، چونکه ئه‌و میلله‌تانه حه‌زیان له سه‌ربه‌خویی‌یه وه نایانه‌وی له گه‌ل ئاغه‌کانیان بژین » .

پاشان ئەلی : « کەواتە لە ریگایەکی بەولاوە چاری‌تر نیە ، کە ئەویش •• بیری تورانیەتی سیاسی‌یە » • [ تورانیەت‌و سوڤیەت ، هی نوسەری ئەمەریکایی : چارلز ئەلن هولستەر • لاپەرە ١٤٥ ] •

ئەوەی کە ئەمە بخوینیتەوە لیرەدا بە ئاشکرا بە کەم دانانی بیروباوەری چون یەکی‌ی نەتەوەکان‌و ، لایەنگری‌یەکی بی پیچ‌وپەنای دەس‌گرتنی هەندی نەتەوەی بە سەر هەندی نەتەوەی تراو ، قوبولی بیری ئاغایەتی‌ی نەتەوەی تورک ـ یان بە واتەیەکی راستر : چینی حوکمرانی تورک ـ ی بە سەر نەتەوەکانی ترا تیا ئەبینی •

ئەمە لە سەرەتای جولانەوەی تورانیەتا بو کە هیشتا بلاو نەبوبوەوە ، وە بە کردەوە دیاری نەدابو لە سیاسەتی چینە حوکمرانەکانی ئەمپەراتوریەتا •

بەلام پاش شورشی ١٩٠٨ی تورکیا تورانیەت بلاو بوەوە ، وە لە جاران تەسک‌ترو دوژمن‌تری لی دەرچو بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر • میللەتە ژیردەستەکانی ئەمپەراتوریەتی عوسمانی شورشی ١٩٠٨یان بە شورشی خویشیان دانا وەک چون شورشی میللەتی تورکیش بو ، لە بەر ئەوە داوایان کرد کە بەشی خویان سەربەستی یان دەسگیر ببی ، پاش ئەوەی کە بەشداری‌یان کرد لە تیکدانی کوشکی حوکمی رەشی عبد الحمیددا •

بەلام زور زو دیاری دا کە حوکومەتی تازە هەندی هەنگاوی ستەمکارانەی وای نا کە هیچ باشتر نەبو لە کردەوەکانی عبدالحمیدی زوردار • حوکومەتی تازە سیاسەتی « کردن بە تورک » ی گرتە

بەر ، وە نەیهێشت میللەتانی عـــەرەب و کوردو نەتەوەکانی تـری ئەمبەراتوریەت بە زوبانی نەتەوەیی خۆیان بخوێنن •

وە لە ماوەی پاش شورشی ١٩٠٨ی تورکیاشا تورانیەت بـــە شێوەیەکی فراوان دیاری دا ، وە خەلکێکی زوری تێ گەیشـــتوو تێ نەگەیشتوی شوێن کەوت ، تا کونگرەی یەکەمی تورانی بەسرا لە سالی ١٩١٣دا لە ئەستەمول • یەکێک لە سەر بەدەردەوەبوترینی ئەوانەی ئەو کاتە پروپاگاندەیان بو تورانیەت ئەکرد شاعیری تـورك ( ضیاء غالب بەگ ) بو کە لە سالی ١٩١٩دا هەلبەستێکی بە ناوونیشانی « توران » هەل بەستبو ، وە تیای وتبو :

« ••• من لە لاپەرەی دزێوی زەردی مێژودا ناوی باوو باپیرم زیندو ناکەمەوە ، بەلکو لە خوێنی دەمارەکانم و لە دلما • ئەتیلاو جەنگیز کە مایەی شانازی و گەورەیی رەگەزەکەمن لە قەیسەرو ئەسکەندەر کەمتر نین • ئوغزخان کابرای لە مێژودا کەس سەر لی دەرنەچو ، لە هەمو کەس نزیکترە بە دلم •• ئەو ئێستاش لە دلماو لە دەماری لەشما بە هەمو سام و گەورەیی یەکیەوە ئەژی • ئوغز خوشی ئەخاتە دلمەوەو پالم پێوە ئەنی بە بەرزترین دەنگ هاوار بکەم :

« نیشتمانی تورکەکان نە تورکیایەو نە تورکستان •• خاکی بان و پوری هەمیشەیی یە •• خاکی تورانە •• » • [ مێژوی نەتەوایەتی لە روژهەلاتا • نوسینی : هانس کون • لاپەرە ٢٣٩ ] •

وە لە پارچە شیعرێکی تریا ( گوێزل دوستان ) کە لە ١٩١٤دا هەلی بەستوە ئەلی :

« نیشتمانی دوژمنان پارچە پارچە ئەکری •• تورکیایش گەورە

ئەبی‌و ئەبی بە توران •• « • [ تورانیەت‌و سوفیەت • لاپەرە ١٤٣ ] •

لەم دو نمونەی شیعری ضیا غالب بەگەوە خویندەوار ریبازی دوژمنانەو بانگ بو داگیرکردنی ولاتانی‌ترو گورانی وتنی بە ئیش‌و کاری جنگیزخانا کە ولاتانی گرتوەو گەلانی تری ژیردەست کردوە — بو دەر ئەکەوی •

ضیاء لە سەرکردەکانی حزبی یەك گرتن‌و پیشکەوتن بو کــە تورانیەتی کردبو بە سیاسەتی خوی ، وە دەسی کردبو بە کوشتنی زانستی نەتەوایەتی‌ی گەلانی‌تر ، وە بە کردنبــەتورکی عەرەب‌و نەتەوەکانی‌تر کە گیرودەی حوکمی عوسمانی بوبون ، وە میللەتانی عەرەب بە کردەوەکانی جمال پاشادا لە سوریا ، وە میللەتی کورد بە ژیر پی خستنی هەر مافیکی نەتەوایەتی‌ی کوردا ناسینی •

کە جەنگی یەکەمی جیهان هەلگیرسا ئەمپەراتوریەتی عوسمانیش بەشدار بو تیا ، وە میشکی حوکمرانە تورانی‌یەکانی پر بو لە خەیالی شیتانە • بە هیوا بون هاو پەیمانە ئەلمانەکانیان سەرکەون •

یەکیک لە حوکمرانە عوسمانی‌یەکان ئەم ئاواتــەی ئەوانــی دەربری ، کە وتی :

« بیری تورانیــەت کاتیک دیتەدی کــە تورکەکان ئامانجــە ئابوری‌یەکانی خویان بینەدی کە ئەوەتە ریگایەکمان دەس کەوی بو هیندوستان‌و چین • ریگای هیندوستان لە بەر دەسمانایە ، بەلام ریگای چین هیشنا داخراوە ، وە هەر کە توانیمان دەستی بە سەرا بگریــن وەک پیشان گرتمان ( لە زەمانی مغولە کانا ) ئەو کاتە میللەتی تورک ئەبی بە یەک ، وە پەیامە نەمردکەی لە جیهانا دیتەدی » • [ میژوی

نەتەوایەتی لە روژەلاتا • لاپەرە ٢٤١ ] • بەلام ئەو زیانە قورس‌و قوربانی دانە زورانەی کە میللەتانی موستەعمەرە توشی هاتن بە هوی جەنگەوە ، نەیهیشت هیچ کام لە خەیال پلاوی تورانی‌یەکان بیتەدی •

یەکیک لەوانەی کە ئەو خەیالە لە کەللەیانا خولی ئەخوارد انور پاشای وەزیری جەنگی ئەمپەراتوریەتی عوسمانی‌و حوکمداری راستەقینەی بو کە روی کردە یەکیتی‌ی سوڤیەت ، وە بو بە سەرکردەی یاخی بونیکی کونەپەرستانە روبەروی حوکومەتی شورشی ئوکتوبەر لە ١٩٢٢ دا ، وە لەوی مەرگانی هات • • هەندی لە لایەن‌گرەکانیشی بەر لەوە ویستیان لە روی ئەتاتورکا راست بنەوە • [ تورانیەت‌و سوڤیەت • لاپەرە ١٥٤ ] •

لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانیش تورانیەتی لە سیاسەتی حوکومەتی تورکیادا زور پاش دەرکەوت کە چەندی پی کرا هەول‌و تەقەلای دا بو زەوت کردنی ویلایەتی موصل ( کە هەر چوار لیواکەی شیمال ئەگریتەوە ) لە عیراق ، کە لە شوینیکی ترا باسی ئەوەش ئەکەین •

**تورانیەت‌و ئیستعمار**

روداوو قەوماو دەری بریوە کە پەیوەندیکی بەتین هەیە لە بەینی ئیستیعمارو تورانیەتا ، وە ئیستیعماری ئەلمان کەلکی لە تورانیەت وەرگرتوە بو قازانجی تایبەتی‌ی خوی •

نوسەری ئەمەریکایی چارلز ئەلن هولستەر لە لاپەرە ١٧١ی کتیبەکەیا : تورانیەت‌و سوڤیەت کە لە سالی ١٩٤١دا دایناوە ئەلی :

« تورانی‌یەکان لە بەرلین کوبونەوەیان هەبو ، وە هیتلەرو فون

بابن‌و نوری پاشا (ی برای انور پاشای باس کراو) له کوبونه‌وه کانیانا حازر ئه‌بون » •

له کاتی جه‌نگا هه‌ندی به‌لگه‌ی نازی‌یه‌کان که‌وته ده‌ستی سوڤیه‌ت ، که باسی په‌یوه‌ندی تورانی‌یه‌کانی تیا نوسرابو له گه‌ل نازیه‌ت•ئه‌و به‌لگانه بلاو کرانه‌وه‌و به‌شی زوری شاره‌زا تایبه‌تی‌یه‌کانی جیهان ــ به لایه‌نگرانی تورانیه‌تیشه‌وه ــ دانیان پیا نا که راسته • ئه‌و به‌لگانه پیلانیکی نازی‌یه‌کانی ده‌رخست که ئه‌یان‌ویست ده‌وله‌تیکی تورانی ( ی سه‌ربه‌خو ) دانین وه‌ک له یادداشته‌که‌ی بارون ئه‌رنست وایزاکر ( وه‌زیری ده‌وله‌تی ئه‌لمان بو کاروباری ده‌ره‌وه ) دا نوسراوه که ناردی بو ریبنتروب ( وه‌زیری کاروباری ده‌ره‌وه ) له ٥ی ئابی ١٩٤١دا • ئه‌و یادداشته به ئاشکرا ئه‌لی :

« ئه‌مرو بالیوزی تورکیا قونسولی تازه‌یانی هینایه لام •• ئه‌نجا قسه‌ی هینایه سه‌ر باسی ئه‌و گه‌لانه‌ی روسیای سوڤیه‌تی که له خوینی تورکن ، وه ئیشاره‌تی کرد به دامه‌زراندنی ده‌وله‌تیکی تورانی‌ی سه‌ربه‌خو له روژه‌لاتی ده‌لیای خه‌زه‌ردا » • [ تورانیه‌ت‌و سوڤیه‌ت • لاپه‌ره ١٧٦ ] •

وه دوا به دوای ئه‌وه چه‌ند تیپیکی تورانی پیکهات که له ریزی سوپای نازی‌دا ئیشیان ئه‌کرد ، وه له کاتی جه‌نگی دوهه‌می جیهانا له گه‌ل یه‌کیتی‌ی سوڤیه‌ت ئه‌جه‌نگان • به‌لگه‌ی تریش زوره ده‌رباره‌ی په‌یوه‌ندی به‌ینی تورانیه‌ت‌و ئیستیعماری نازی که ئه‌گه‌ر خوینده‌وار بیه‌وی ئه‌توانی شاره‌زای هه‌ندیکیان ببی له کتیبی ( تورانیه‌ت‌و سوڤیه‌ت ) دا که نوسه‌ری ئه‌مه‌ریکایی چارلز ئه‌لن

هولستەر داناوە ، وە یەکێکە لەوانەی کە بانگ ئەکەن بو هاوکاری لە بەینی تورانیەت‌و ئیستیعماری ئەمەریکادا ، وەک پیشان باســـمان کرد • ئەوە لە سەرەتای ئەو کتیبەدا نوسراوە :

« ئەم شتە راستانەی کە باسمان کرد ( دەربارەی هاوکاری‌ی تورانیەت‌و نازی لە کاتی جەنگی دوهەمی جیهانا ) کاریک ئەکا کە راست بی بینە سەر ئەو باوەرە کەوا لە کاتی روودانی جەنگێکـــی سەهەم ، یان توشی تەنگ‌و چەلەمە هاتنی جەنگی ساردا •••

« ••• نەتەوەی تورك ، وە بە تایبەتی ئەوانەیان کە وا تورانین ، کاریکی باش ئەکەنە سەر سیاسەتی جومهوریەتی تورك‌و میللەتە••• تورکەکانی یەکیتی‌ی سوفیەت » •

ئەمەش بە واتەیەکی تر وا ئەگەیەنی کە پەیمانیکی ئەمەریکی‌و تورانی هەیە دوژمنە بە یەکیتی‌ی سوفیەت، وە لە ژیر دەستی نەخشەی جەنگیکی سەهەمی جیهانی دایە کە ئیستیعماری‌یەکان ئامادەی ئەکەن بەرامبەر بە جیهانی ئیشتیراکی • وە لە ئاخری ئەو کتیبەوە بانگیکی ئاشـــکرا هەیە بو جەنگیکی ســـەهەمی جیهانی بو لە ناو بردنـی « بولشویکی » یەکیک لەوانە نوسیویانە کە پروپاگاندەیان بو تورانیەت ئەکرد ، وە لە پالی کتیبەکەدا لە چاپی داوە ، وە خویندەوار لـــە لاپەرەی ۲۰۷ تا لاپەرەی ۲۱۰ دا ئەیخوینیتەوە •

**(٤) تورانیەت‌و مەسەلەی ویلایەتی موصل •**

نامەوی خوم بکوتمە باسی میژوی ناکوکی‌یەوە سەبارەت بـــە ویلایەتی موصل ، وە باسی ئەوە بکەم کە حوکومەتی تورکیا بـــە قسەی خوی ئەیوت موصل بەشیکە لە تورکیا ، وە ئەم مەسەلەیە

چ پیچو پەنایەکی تیدا پەیدا بو ، چونکە ئەمە لە دەرەوەی ئــەم باسەوەیە کە ئیستا بە دەسمانەوەیە • خوینەوواریش پیی ئەکری کتیبی میزوو سەرچاوەکانی تری ئەم مەسەلەیە بخوینیتەوە •

بەلکو لیرەدا ئەوەم ئەوی باسی ئەو دەماری تورانیەتیو ولات داگیرکردنە بکەم کە لە پشتی ئەو داوای حوکومەتی تورکیاوە هەبو ، وە چون هەلگرەکانی بیروباوەری تورانیەت هەمویان خویان کرد بــە سەربازی تەقەلادان بو جوی کردنەوەی ویلایەتی موصل لە عیراق وە نوساندنی بە تورکیاوە •

پاش سەرکەوتنی جەنگی ســـەربەخویی کە کمال ئەتاتورک سەرکردەیی کرد حوکومەتی تورکیا چاوی بری‌یە ولات داگـــیر کردنو چەوساندنەوەی ئەو نەتەوانەی لە تورکیادا هەبون ، لــە جیاتی‌ی ئەوەی کە ئازادی بەهیز بکاو گیانی برایەتی پتەو بکا لــە نیوانی ئەونەتەوانەدا کە لە تورکیادا ئەژیان • حوکومەتی تورکیا ئەو کاتە هەندی هەنگاوی وای نا کە هیچ ری نە ئەکەوت لە گەل قازانجی میللەتی تورکیادا کە قوربانی‌ی زوری دا بو پاراســـتنی ئازادی‌و سەربەخویی خوی بەرامبەر بە ئیستیعماری‌یە داگیرکەرەکان • یەکەم شت کە لەم رووەوە کردی داوای نوساندنی ویلایەتی موصلی عیراقی بو ( کە لیوای موصلو هەولیرو کەرکوکو سلیمانی ئەگریتەوە ) بە تورکیاوە •

هەر لەو کاتەدا بە زور هەندی ئیشی ستەمکارانە کرا بەرامبەر بە میللەتی کوردی تورکیا ، وە تیکوشانی لــە خوینا نوقم کرا ، وە یاساغ کرا کە بە زوبانی خوی بخوینی ، بەلکو وشەی ( کورد )

هەلگیرا ، وە هەرکەس بەکاری بهینایە بە پێی قانون سزا ئەدرا •

ئەو بەلگانەی کە ئەو کاتە حوکومەتی تورکیا ئەیهێنایەوە تا ئیسباتی بکا کە موصل بەشێکە لە تورکیا ، وە هەرگیز لێی جوی نابێتەوە ، بە ئاشکرا نیازی ئەو حوکومەتەی ئیوە دیاری ئەدا کە ئەیویست ولاتی خەلك داگیر بکا • وا دیارە حوکومەتی تورکیا لە سەر روناکی‌ی شیعرەکانی ضیأ غالب بەڕێگەدا ئەچو کە ئەلی : « نیشمانی دوژمنان پارچە پارچە ئەکری تا ببی بە توران » •

بەلگەیەکی تریشی ئەوەبو کە گوایە زوربەی خەلکی بەشی ژوروی عیراق تورکن ، وە کەمایەتی‌یەکی عەرەبیشیان تیایە • کوردەکانیش تورکن بە پێی قسەی عصمت پاشا [ سەیری لاپەرەی ١٤٥ی کتیبەکەی لودفریگ بکە ] •

بەم چەشنە عصمت پاشا نەك دانی نەنا بە ماقە نەتەوەیی‌یەکانی میللەتی کوردا ، بەلکو دانی بە بونی خویشیانەنا ، وە چەند بەلگەی تریشی خستە پال ئەم بەلگەیەی کە لەم دروترو هیچ‌وپوچ‌ترن •

میللەتی عیراقیش بە هەمو نەتەوەکانیەوە بیزاری‌ی سەختی دەربری لەم قسە هیچ‌و پوچانەی حوکومەتی تورکیا ، وە دەری‌خست کە سورە لە سەر پاراستنی عیراق‌و یەکیتی‌ی جوغرافیای‌و پاراستنی ئەم یەکیتی‌یە بە هەر نرخیك بی •

* * *

بەلام ئەمە واناگەیەنی کە کەسی وا لە عیراقا نیە پارمەتیی‌ی تەماعی حوکومەتی تورکیا بداو لایەنی بگری • زیاتر لە یەك میژو نوس باسی هەلسورانی « لوجنەی تورك » یان کردوە کە لە سالانی

١٩٢٠ و بەملاوەدا دامەزرا وە هەولی ئەدا بو نوساندنی ویلایەتی موصل بە تورکیاوە •

میژو نوس « لونگریک » ئەلی : « بەم نیازە لوجنەی تورك پیکهات لە کەرکوك ، وە ئەوانەی کە دایان مەزراند لە بنەمالەی نەوتچی بون لە کەرکوك کە لەوانەن دەماری خوشەویستی ی تورکیایان زور قایمە » [ عیراق لە ١٩٠٠ەوە تا ١٩٥٠ ، لاپەرە ١٤٥ ]•

هەروەها نوسەری ئینگلیز « ئەدمونس » کە لەو سالانەدا حاکمی ئینگلیز بو لە بەشی سەرەوەی عیراقا وە کرا بە ئەندامی لوجنەی کومەلی نەتەوەکان کەهات بو لی‌کولینەوەی وەزعی ویلایەتی موصل ، نوسیویە : « ئەم بنەمالەیە سەرکردەی ئەوانە بون کە داوایان ئەکرد ویلایەتی موصل جوی بکریتەوە لە عیراق ، وە بخریتە سەر تورکیا • [ تورك‌و کوردو عەرەب • لاپەرە ٤١٥ ] •

شایانی باسە ناظم بەگی گەورەی ئەم بنە مالەیە ئەندامی وەفدی تورکیا بو کە لە گەل لوجنەی کومەلی نەتەوەکانا هات بو عیراق بو لی‌کولینەودی مەسەلەی ویلایەتی موصل •

ئەم کابرا خوی جنسیەتی عیراقی‌ی هەبو ، بەلام چو بو تورکیا ، وە چوە پال سوپای تورکیا کە لە سالانی ١٩٢٠و بەملاوەتردا هەندی ناوچەی لە بەشی سەروی عیراقا داگیر کرد •

ئەدمونس کە چونکە حاکمی ئینگلیز بو لە کەرکوك ، زور باش شارەزای سیاسەت‌و وەزعی ئینگلیزەکانە، لە کتیبە باس‌کراوەکەیا ئەلی : « ناظم نوینەری کەرکوك بو لە ئەنجومەنی نیرراوان ( مبعوثان مجلسی ) ی عوسمانیدا ، وە بە تەما بو پاش داگیر کرانی عیراق لە

لایەن ئینگلیزەکانەوە بکری بە متصرفی کەرکوک، بەلام ئینگلیزەکان لە بەر شتیک ئەمیان دانەناو یەکیکی تریان کرد بە متصرف » [ لاپەرە ۲۸۲ ] « ئەویش لە داخا وەرگەرایەوە لە ئینگلیز ، وە پاش ماوەیەک رای کرد بو تورکیا ، وە چوە پال سوپای تورکیا ، وە بو بە ئەفسەری سیاسی ، وە بەشداریی کرد لە هیرشی سوپای تورکیادا بو داگیر کردنی ویلایەتی موصل لە سالی ۱۹۲۳دا •

« کە کومەلی نەتەوەکانیش لە سالی ۱۹۲۵دا بریاری دا لوجنەیەک بنیری بو لی کولینەوەی مەسەلەی موصل ، بەگی ناوبراو ئەندامی وەفدی تورکیا بو کە لە گەل لوجنەی باس کراوا هات ، گوایە شارەزای کاروباری کەرکوکە » • [ لاپەرە ۳۹٦ی کتیبەکەی ئەدمونس ] •

« هاتنی ئەم کابرا بو عیراق لە گەل وەفدی تورکیادا بو بە هوی بیزاریی میللەتی عیراق ، وە تورەیی میللەت لەم کابرایە هەمو لایەکی گرتەوە ، تا حوکومەتی ئەو کاتەی عیراق ناچار بو پروتستو ( احتجاج ) بکا بدا لە سەر هاتنی بو عیراق لە گەل وەفدیکی بیگانەدا ، چونکە هاو ولاتیکی عیراقی بو ، وە لە دەستی داد رای کردبو ، وە خزمەتی ولاتیکی بیگانەی ئەکرد » [ لاپەرە ۳۹۹ی کتیبەکەی ئەدمونس و لاپەرە ۱۵۳ی کتیبەکەی لونگریک ] •

کاتیکیش کە لوجنەی کومەلی نەتەوەکان هات بو کەرکوک بو پرس کردن بە میللەت دەربارەی پاشەروژی ویلایەتی موصل ، « لوجنەی تورکیا » لەکەرکوک بە گەرمی خەلکی بانگ ئەکرد بو دەنگدان بو جوی کردنەوەی ویلایەتی موصل • ئەدموس کە

خوی ئاگای لەو دەنگ وەرگرتنەی کەرکوک بو نەگیریتەوە کە :

« ئەندامانی بنەمڵەی نەوتچی لە کەرکوک چییان پی کـــرا کردیان بو ئەوەی لوجنەکەی کومەڵی نەتـــەوەکان ـ کـــە هاتبوە کەرکوک بو زانینی باوەری خەڵك لەم روەوە ـ بینە سەر ئـــەوە کە ویلایەتی موصل بەشیکە لە تورکیا » [ کتیبەکەی ئەدمونس • لاپەرە ٤١٥ ] •

**(٥) دیمەنەکانی تورانیەت لە پاش شورشی ١٤ ی تەموز •**

رەنگ‌بی خوینەرەوەکان لە بیریان بی کە یەکەم کەس بەرەنگاری شورشی ١٤ی تەموز راوەستا تورانی‌یەك بو بە دەماری شوڤینی‌و دوژمنانەی ناوبانگی دەرکردبو ، وە ئەوەبو بو بە هوی باوەری حوکومەتەکانی دەوزی کون پی‌ی • لە بەر ئەوە پایەی گەورەو بـــە ئەهمیەتی دەولەتیان پی ئەسپارد • عمرعلی سەرکردەی تیپی یەکەم یەکەمین کەس بو کە لە روی شورشا هەڵسا ، ویستی هیرش بەریتە سەر بەغدا ، سەربازەکانی کو کردەوە ، وە خوتبەی بو خویندنەوە وە هانی دان کە لە روی حوکومەتی شورشا راپەرن • هەر لـــەو دەقیقەدا کە جاری حوکومەتی شـــورش درا لە بەرەبەیانی ١٤ی تەموزا ،بەڵام سەربازە قارەمانەکانمان‌و مەوقیفی ئەفسەرە ئازادەکانمان ( و رابەریی فەلاحە تیکوشەرەکانمان ـ وەرگیر ) نەی‌هیشت ئەوەی ئەی‌ویست بوی بچیتە سەر •

میللەت تاڵی‌و سویری‌ی زوری چەشتبو لە سەر دەســـی ئەو تورانی‌یەدا ، بە تایبەتی کاتیك کە کرا بە متصرفی لیوای سلیمانی ••

لە پاش شورشیش هەندی لە لایەنگرەکانی تورانیەت دەسیان

کرد بە جولانەوەی دوژمنانە لە رووی شورشا ، وە بەیاننامەیـــان دەرئەکرد بە ناوی « تورکمانە ئازادە کان » ەوە ، وە ویستیان ئیمزا کوبکەنەوە ( کویشیان کردەوە ــ وەرگیر ) بو داوای بەرەللا کردنی عمرعلی ، ئەو تاوانبارە بە ناوبانگە کە دادگای گەل حوکمی خنکاندنی دا ، چونکـــە خیانەتی لە نیشتمان کردبو وە پیلانی نابووە بو سەر سەلامەتیی جومهوریەت .

هەروەها ویستیان دوبەرەکیو ئاژاوە بخەنە بەینی کـــوردو تورکمانەوە وە وەزع ئامادەکەن بو بو تخاخ نانەوەو مانگرتن بو سەر شیواندن لە حوکومەتی جومهوریەتی ساوامان ( وەک ئەو ئاژاوەی کە پایزی رابوردو نایانەوە لە کاتی چونی مەلا مصطفیی بارزانیدا بو کەرکوک ، وە وەک دەس دریژییەکەیان بو ســـەر مدیرەو قوتابییـــە کچەکانی دارالمعلماتی کـــەرکوک ، وە وەک ئاژاوە گەورەکەی کە ئیوارەی ١٤ی تەموز نایانەوە ، وە وە بو بە هوی ئەو کارەساتە ناخوشەی کە رووی دا ، وە وەک هەول دانی کونو ئیستایان بو دوروست کردنی چەند دەسە بەشیکی کوتەپەرســـتانە لە نـــاو کریکارانی نەوتا بـــە ناوی « کریکـــارە ئازادەکـــان » ەوە ، وە بلاوکردنەوەیان چەند بەیان نامە بەم ئیمزایە ، وە وەک چەند ئیشی تریان کە لەم وتارەدا باسی لی ئەکری ــ وەرگیر ) .

* * *

مەحکەمە کردنی طبقچلیو تاقمە تاوانبارەکەی بە توهمەتـــی بەشدار بون لە پیلانەکەی شواف ( وە ئیسپات بونی ئەو توهمەتە لە سەر زوریان وە سزادانیان لە سەر ئەوە ــ وەرگیر ) ئیسپاتی کرد کە

چون دەسگا ئیستیعماری یەکان دەسیان هەیە لەم هیرشی ناکوکی خستنە بەینی نەتەوەکانو کردنیانا بە گژی یەکترا • ئەوەبو یەکی لە شایەتەکان دەنگو باسی هاتو چوو ئیشو کاری گومان لی کراوی قونسولی ئینگلیزو ئەمەریکای گیرایەوە لە کەرکوک کە حوکومەتی ناچار کرد ئەو قونسولخانانە داخا •

ئیستەش پیاو پی ی ناوی زور دور بروا تا چاوی بە دیمەنو روالەتی تورانیەتو دەمار هەستانی کویرانە بکەوی ، هەر لە سەر روی لاپەرەی روژنامە ناوخویی یەکان بە هەمو رو هەلالراوی و ئاشکرایی یەک ئەی بینی • داوای دانەنانی مدیریەتی مەعاریفی کوردستانو هاندان لە کوردو ئاژاوە خستنە بەینی کوردو برا عەرەبو تورکمانەکانیانو داوای هەل وەشاندنی بەندی سەهەمی دەستوری وەختی ، هەمو نیشانەی خو دەر خستنی بیروباوەری تورانی یە ••

لە ١٩٥٩/٨/٣دا یەکیک لە روژنامەکان یادداشتیکی بلاو کردبوەوە کە بە ناوی «هاو ولاتە تورکمانەکان» ەوە درابو بە سیادەتی پیشەوا عبدالکریم قاسم ، وە ئەم خواستەی تیا نوسرابو :

« هەندی ناقەو رەگەزی دوبەرەکی خەرەوەی کورد ئەوەیان کرد بە دارعەسای دەسیان کەوا لە بەندی سەهەمی دەستوری وەختیدا نوسراوە کوردو عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەدا •• دەسیان کرد بە مەعنا لی دانەوەی ئەم بەندە بە ئارەزوی خویان ، گوایە ئەم بەندە باسی مافەکانی هاوولاتە تورکمانەکانی نەکردوە ، بەلام لە راستیدا ئەو ئەنجامانەی کە لە بە پی ی دەستور جولانەوەوە دیمان تەواو جور

بو لە گـەل ئارەزوی هاوولاتە تورکمانەکان ، بەلام بو ئــەوە کە دلمان رەحەت بی ( ؟ ! ) هیوامان وایە لە جیاتیی ئەم بەندە بەندیکی تری وا داتری کە هەمو عیراقیەکان بگریتەوە بە بی ناو هینـــانو دیاری کردنی کەس » •

واتە : دلی ئەوانەی کە ئەو یادداشتەیان پیشکەش کربو بـــە هوی بونی بەندی سەهەمی دەستوری وەختییەوە رەحەت نیە • لە بەر ئەوە ئەیانەوی لابری، وە ئەوەیان کردوە بە بەلگە بو ئەم داوایە کە هەندی کەس ئەیانەوی بەندی سەهەمی دەستور بە شیوەیەکی چەوت مەعنا لیبدەنەوە • ئەگەر راست بی کەس بیی وا بە چەوتی مەعنای ئەم بەندە لی بداتەوە ،پیویست ئەکا لە سەر هەمو هاوولاتەکانو حوکومەتیش کە لە سەر دەستور بینە دەنگ ، وە بەندەکانی بـــە جوریک جیبەجی بکەن کە قازانجی میللەت بپاریزی ، وە هـــەر هەول دانیک بو ژیر پیخستنی مافی برا تورکمانەکانمان بە خستنە پشت گوییەکی ئاشکرای دەستور دائەنری، وە لە گەل گیانی شورشی ١٤ی تەموزو سیاسەتی حوکومەتی نیشتمان پەروەرمان ریک ناکەوی •

بەلام هیچ راست نیە تاوانی مەعنا لیدانەوەی چەوتی هەنـدی کەس بخەینە ئەستوی دەستوری وەختی کە خواستی میللەتو گیانی شورشـــــەکەی دەرئەبری • واتە مافی برا تورکمانەکانمان بەوە وەرناگیری کە کوردەکان بیبەش بکرین لە مافە نەتەوەیی یـــــە راستەکانیان •

وە ئەگەر لە ژیرەوە مەبەس لە داواکەی ئەوانە کە ئـــــەو یادداشتەیان ئیمزا کردوە ئەوەبی کە بەندی سەهەمی دەســـــتور

پیچەوانەی مافەکانی تورکمانەکانە وە کەمی ئەکاتەوە ، ئەوە ، ئەمە پیچەوانەی راستی‌یەو راستی بە درویا ئەخاتەوە • ئەوانە کە ئیمزای یاد داشتەکەیان کردوە خویان ئەلین : « ئەو ئەنجامە عەمەلی‌یانەی کە لە جی‌بەجی کردنی دەستور پەیدا بو لە گەل ئارەزوی هاوولاتە تورکمانەکانا یەک بو •• » شورشی عیراقو بەرهەمو دەسکەوتە کانی تابو نیە لە سەر هیچ نەتەوەو چینیکی کومەلایەتی ، وە دەسکەوتی نەتەوایەتی‌ی زوریشی بو برا تورکمانەکان پەیدا کرد کە گالتەی پی ناکری ، وە ئەگەر بە کەمی ئەزانن خو هیچ هاوولاتیکی بە ئینساف نیە کە رازی نەبی بە هینانەدی‌ی ئەو داخوازی‌یە نەتەوەیی‌یە راستانەی کە داوای ئەکەن •

دیارە یەکیک لەو دەسکەوتانەی کە شورشی عیراق دەسی برا تورکمانەکانی خست ئەوەبو توانی‌یان بو یەکەم جار لە میژوی عیراقا سە روژنامە بە تورکمانی دەرکەن ( مەبەس لە « بشیر » و « آفاق » و « کرکوک = گاورباغی » یە کە دوانی پیشویان لە بەر گیرانی خاوەنەکانیان بە هوی هاوکاری‌یانەوە لە پیلانەکەی شوافا داخران ـ وەرگیر ) وە دانانی پروگرامیکی تایبەتی‌ی روژانەیە بە تورکمانی لە ئیستگەی رادیوی عیراقا ( هەرچەند هەندیک لەوانەی قسەی لە سەر ئەکەن بە هەمو رەنگیک ئەیانەوی تا بتوانن خزمەتی تورانیەتی بکەن • بروانە بەشی « لە گەل خویندەواران » لە لاپەرەی دوهەمی ژمارەی ۲٥٠ی روژنامەی صوت الاحرار ـ وەرگیر ) • هەروەها لە بارەی خویندنیشەوە، وەختیک تەرخان کراوە بو وتنەوەی زوبانی تورکی لە قوتابخانەکانی تورکمانەکانا کە خویندن تیایانا بە زوبانی

تورکی بی ، وه پلەی دەرچون لە زوبانی عەرەبی‌یا بو تورکمانەکان ٤٠٪ بی وەک برا کوردەکانیان •

هەروەها ئەم سیاسەتەی کە جومهوریەت گرتویەتیە بەر کە سەربەستی‌یە دیموکراتی‌یەکانی گەلی بەرەللا کردودو ریگای دانانی نەقابەو کومەلانی پیشەوەرانی داوە ، وە مئوەی بەرەللا کردوە بو هەرنەتەوەیەک کە بە سەربەستی‌یەکی وا گیروگرفتەکانی خوی پیشان بداو لی‌ی بکولیتەوە کە جاران هەرگیز بوی نە ئەلوا • برا تورکمانەکانیش بەشیک بون لەو رولانەی میللەتی عیراق کە لە بەری ئەم سەربەستی‌یانەیان چەشت •

لە بەر ئەوە داوای هەلوەشاندنەوەی بەندی سەهەمی دەستورە وەختی‌یەکەی عیراق هەرگیز خزمەتی قازانجی تورکمانەکان ناکا ، بەلکو ئەبی بە هوی نانەوەی ئاژاوەی رەگەز پەرستی‌و کینە پەیدا کردن لە میانی رولەکانی نەتەوە براکانی عیراقا • ( ئیستیعمار ئەیەوی لە ریگای بەتین‌کردنی دەماری تورانیەتی یەوە ناکوکی‌یەکی سەخت لە بەینی کوردو تورکمانا پەیدا بکا ، وە بتوانی « قبرص » یکی تر لە ناوچەی کەرکوکا پەیدا بکا کە سەرچاوەیەکی گەورەی سامانی کومپانی‌یە تیر نەخورە کانیەتی ، تا ریگای دەمی ببی بە ناوی پاراستنی مەسلەحەتی خویەوە بیتە دەنگ ، وە بە ناوی پاراستنی کەمایەتی‌یە تورکمانەکانەوە بوکە شوشەکانی دەستی لە تورکیادا بخاتە جیقە جیق - وەرگیر ) •

داوای ژیربی‌خستنی ماقە نەتەوەیی‌یە راستەکانی میللەتی کورد یا هەر میللەتیکی‌تر خزمەتی مەسلەحەتی برا تورکمانەکان ناکا •

مروڤ ئەتوانی تێ بگا ئەگەر یەکێ داوای مافی نەتەوایەتیی خوی بکا ، بەلام سەری لەوە دەرناچی کە داوای بێبەش کردنی گەلێک بکەی لەو مافانەی خوی !

دەمار هەستانی کوێرانەی نەتەوایەتی ئەبێ بە هوی دووبەرەکی خستنەوەو بلاوکردنەوەی گیانی دودلیو بەدگومانی لە بەینی نەتەوە براکانا ، وە ئەمەش ئەبێ بە هوی زیان گەیاندن بە مەسلەحەتی ئەو نەتەوانەو مەسلەحەتی هەمو میللەتی عیراق •

قازانجی کومەل پێویستی بەوەیە هەمو نەتەوەکانی جومهوریەتی عیراق برای یەکتری بنو هاوکاری بکەن ، بو ئەوەی میللەت یەک ریز راوەستێ روبەروی ئیستیعمار ، وە شەقاوی گەورە بنێ بە ریگای دروست کردنی پاشەروژو هینانەدیی کامەرانیو پێشکەوتنی کومەلایەتیو زانستیو ئابوریا • هەلگرتنی بیروباوەری تەسکی شوفینی لە تێگەیشتنەوە بێ یا لە تێگەیشتنەوە نەبێ ، ئەکیشێتەوە بو بلاو کردنەوەی گیانی ناکوکیو کینە لە بەینی میللەتا ••

بێگومان برا تورکمانەکانیش وەک نەتەوەکانی تر مافی راستی نەتەوەیییان هەیە ، مافی ئەوەیان هەیە زانستی نەتەوەیییان گەشە بکا وە بە زوبانی خویان بخوێنن ، وە داوای پاراستنی مافە راستەکانیان بکەن ، وە ئەمە زیانی بو کەس نیە ، بەلکو بە پێچەوانەوە پاراستنی مافو سەربەستیی هەمو نەتەوەکان ئەکیشێتەوە بو برایەتیو هاوکاریی ئەو نەتەوانە ، وە بو نەمانی گیانی دودلی لە ناویانا ، چونکە مەسلەحەتی هەمو میللەتو نەتەوەیەک یەکە ، وە هەمویان بو ئازادیو کامەرانیو پێشکەوتنو ژیانی خوش هەول ئەدەن ، وە بو فریدانی

هەمو ناکوکی یەکی ساختەو کینەیەکی رەگەزپەرستی ، وە بو برایەتی لە بەینی هەمو رولەکانی گـەلدا بە عەرەبو کوردو تورکمـــانو ئەرمەنیو ئاسوری یەوە ،چونکە بەمە ئەو یەکیتی یەی نیشتمانپەروەران جی گیر ئەبی کە هەمو دلسوزان داوای ئەکەن، وە جومهوریەتەکەمان گەشە ئەکاو لە سەرکەوتنیکەوە ئەروا بو سەرکەوتنیکی تر ..

هەموشت کە کەمبو بە نرخ ئەبیت ، تنها زانستە کە هەتا زورتربی بە نرخ ترە .

**علی کوری ابو طالب**

ئەو مالو سامانە کە مروف دەستی ئەکەوی ، هوی ئازادی یەتی بەلام ئەگەر زور بە پەلەفاژەو هەلپە بگەرپین بە دوایا ئەبی بە هــوی دیلی .

**جان جاك روسو**

ئەوانە زور ئەترسن لە شورشگیرەکان !! وا ئەزانن لە پشتی هەمو کوسپیك عەرەبانەیەك هەیەو روبسپیری تیایە !!

**ســتندال**

# جوانی شەقلاوە

**شەقلاوە ــ هیران ــ ووردی**

شەقلاوە خاکی کوردان      مەلبەندی شیرو مەردان
دیمەنی باخی میوەت      هەر لە گول ئەچی شیوەت
لەنجەی چنارو لاولاو      شەنگەبیو سەروی دەم ئاو
رائەکیشی دلو گیان      کاتو دەمی ئیواران
خورەی ئاوی ساردی تو      دارو درکو بەردی تو
گەوهەرو شەوچراغن      هەزاران بوی بەداغن
بونی گولانی چیمەن      بەبیون هەلالەو وشەن
سەرخوشت ئەکا بی مەی      نەخوش ساغە بە نەشئەی
قولپەی کانی وەك بلور      خاکو بەردی سەوزو سور
سەد گەوهەری بەقوربان      مردوو دینیتە جوولان
شنەی شەمال کاتی دی      ئەدا لە سیوو بەهی
ئەلیی بوکەو لەنجەدار      ئەچی بو باوەش دلدار
زولفو نازی شورەبی      لە دل تیرە وگیر ئەبی
خەندەی گولی پشکوتو      بانگت ئەکا روو بە روو
هەنار وەك مەمکی دلبەر      هاتوتە خوار بو کەمەر
قوخیش وەکو کولمەی سوور      خوی ئەنوینی دوور بە دوور
گویزیش قەدی بلندی      ئەشەنگینی بە مەندی
خو شەوانی مانگەشەو      کە ئەدا لە کیو پرتەو
سەفینو دارو باری      ئەبتە گردی مرواری

مەزوو بەروو قەزوان    کەوەت گویژو ئەرغەوان
دەست تیك ئە گرن بو شایی    وەك کورو کچی ئاوایی
بزەی لیوی مانگی جوان    ئەپرزیتە ناو داران
ئەهینی بەختیاری    شاد ئەکا پەستو زاری
کوترە باریکەو وکەو    کاتی هەل ئەستن لە خەو
دەمو وەختی بەیانی    شەیدا ئەکەن گورانی
ئەخوینن لە ناو دولان    سویسکەوو کەوی جوان
هوش‌و بیرت ئەجوشی    ئەشیویی وەك سەرخوشی
پول پول مەلی ناوچیا    دەست دەستەو بە تەنیا
ئەفرن ئە خوینن شادان    ئەخەنە سەما انسان
گردی سەوزو سورو زەرد    ئەبەن ژەنگ‌و خەم‌و دەرد
شەقلاوە کوردستانی    بویە وا شەنگ‌و جوانی
ئەت پاریزم تاماوم    پیش کەشتە گیان‌و چاوم
وەك نیشتمانی گەلان    سەر بەرزی لە ریی ژیان
نەك من بەلکە هەزاران    هاتونە کورری مەیدان
شانازی بە تو ئەکەم    کەمە هیشتا وەسفت کەم
بویە ئەچمە کوتەوە    تاکو روژم بیتەوە
روژی دی ئەی نیشتمان    خاکی رەنگینی کوردان
نەتەوەی ئیمەی نەبەز    لە جهان ببی سەربەرز
وەکو گەلانی ئازاد    دوژمنان بکا بە رباد
بەرەنجی لاوی ووریا    دەنگی دەرخا لە دنیا
ئەو خاکە ئەو زەمینە    کە بەهەشتی رەنگینە

خەمی تیا نەمینی      کەس دەستی بۆ نەهێنی
بەڵی ئەو ڕۆژە ڕوونە      لە سەر گەل لە بینینە
مێژوو پێشی ناگیری      بە گوللەو شیرو تیری
قافڵەی گەلان وا ئەڕوا      کورد لێی نابێتن جیا
گەرچی ئیستی جی ماوە      چاوە نواری هەتاوە
خوری ئازادی کوردان      پرشنگی دا سەر کەژان

---

دوژمنی کوشندەی هەمو پێشکەوتنێکی زانست بریتیە لە بیری وشك ! ( الجمود الكري ) ، ئەویش ئەوەیە لە باتی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕاستەقینە ، پیاو چەن تیوری‌یەکی دانراوی وشك بەکاربێنی! وە ئیمە هیشتا نەگەیشتونیەتە ئەو ڕادەی کە ئەم کەمو کوری‌یە لە مەیدانی زانیاریا بە تەواوی لابەین !!

**سوبولیف**

نوسەرو هونەروە رە بورژوازیە بچوکەکان هێزێکی گرنگن لە بەرەی یەك گرتوی و یژەو هونەرا ، لە گەل ئەمەشدا گەلی لەررو لاوازی پیشان ئەدەن لە بیرکردنەوەو کردەوەیانا ، بەلام ئەمانە حەز لە شورش زیاتر ئەکەن هەتا تاقمەکانی‌تر •

**ماو تسی تونگ •**

# هەربژی یادی شورشی ئوکتوبەری نەمر
# بژیو بەهیزتربی دوستایەتی
# کوردو سوڤیت



شورشی سوشیالیستی ئوکتوبەری مەزن گەلانی ژیردەستەی روژەلاتی لە خەو هەلسانو ئاگری خەباتی تیژ کردن ، وەبو یەکەمجار لە شەشیەکی سەرزەمینیدا یاسای سەرمایەداریو پاشـــماوەی دەرەبەگی لە ناو برد ، بەشکیش لە نەتەوەی کورد لە نیشـــتمانی یەکیەتی شورەویدا گەیشـــتە ئاوات • بویە نەتەوەی کـــوردی تیکوشەریش لە عیراقا ، لە گەل نەتەوەی عەرەبی برادەرو هـاوریی خەباتی ، پیروزبایی لە گەلی سوڤیتو سەرکردە دلسوزەکانی ئەکات بە بونەی بیرەوەری چل ودو هەمی شورشی ئوکتوبەری پیروزەوە •


بژی یادی شورشی ئوکتوبەر !

بژی دوستایەتی عیراقو سوڤیت !

بژی دوستایەتی نەتەوەی کوردو گەلانی سوڤیت !

# لاهوتی
# شاعری بەناوبانگی کورد

حسن قزلجی



لاهوتی ناوی أبوالقاسمە ، سالی ١٨٥٥ لە شاری کرماشان لە دایک بوە ، باوکی ناوی ( الهامی ) یە ، لە باکوری کرماشان مولکیکی زوری بوە • سەردەمی قوتابخانەو سەرەتای خویندنی روشن نیە • لە هەوەلی گەنجیەوە دەستی کردوە بە شعروونن ، لە خەمو خەفەتی لەناوچونی دارایی‌و سامانی ، نازناوی شعری خوی بە لاهوتی داناوە زور ئارەزوی بوە شعرەکانی بخاتە بەر دەمو دەستی خەلك ، بو

هەوەلین جار شیعری خوی لە روژنامەی ( ئیرانی‌نەو ) دا چــاپ کردوە سالی ۱۹۰۹ و ۱۹۱۰ •

ماوەیەك « علومی دینی » خویندوە ، لە پاشان بە ری نیشاندانی کەس‌و کارو دوســــتو برادەرانی ، سالی ۱۹۰٤ چوەتە رشــتەی پولیسی ئەو وەختەوە کەپی‌یان وتوە ( ژاندار مری ) ، سەبارەت بە لیهاتنوو کارمەیی ســالی ۱۹۱۲ گەیشتوەتە پایەی ( رئیس )ی‌و بوەتە فەرماندەری ژاندارمری شاری ( قوم ) ، هەر لەو سالەدا بە بونەی هیندی گیرەو کیشەوە یەکی لە ژیر دەستەکانی خوی کوشتوە ، گرتویانەو بردویانەتە تاران ، ماوەیەك لە زیندانا ماوەتەوە ، دەرفەتی بو هەلکەوتوە ورای‌کردوە ، بە ریگای خانەقی‌یا هاتوەتە بەغدا • سالی ۱۹۱٤ لە بەغداوە چوەتە ئەستەمبول ، لەوی دوکانیکی کتیب فروشی بچوکی داناوە ، وردە وردە لە گەل روشن بیرەکانی ئەوی سەری ئاشنایەتی داخستوە ، تا کەس‌و کاری لە تارانەوە کاغەذیـــان بو نوسیوە ، چونکە تاوانەکەی لە سەر دەمی قاجارەکانا بوەو ئیستا حکومەت گوراوەو حکومەتی تازە بەخشیوەتی وئیتر بگەریتەوە ،لە پاش پرسی دوستو برادەرانی سالی ۱۹۲۱ گــەراوەتـــەوە تاران‌و سەرلەنوی چوەتەوە ریشتەی ژاندار مری ، هەر ئەو سالە بە پایەی ( رئیس‌أول )ی بوەتە فەرماندەری ژاندارمری ( تەوریز ) ، کە چوە تەوریز لە کومەلی ( سوسیال دیموکرات ) نزیک بوەوەو پەیوەندی لە گەل پەیدا کردن ، سالی ۱۹۲۲ لە شورشەکەی شیخ محمـــدی خیابانی‌دا هاوبەشی کردوە ، لە پاش کوژرانی خیابانی‌و شــــکانی شورشگیرەکان‌و هاتنی ئوردوی تاران بو تەوریز رای کرد بـــــو

( جولفا )و له ریگەی ( ئاراز )ەوە چوە ولاتی سوفییت ..

هەندی گوفارو روژنامەی ئیران نوسیویانە کە سالی ١٩٥٢ لە ولاتی سوفیتەوە رای کردوەو چوەتە پاکستان ، لەوی کتیبیکـــی نوسیوە بە ناوی ( ژیانی من )ەوە ، لە سوفییت خراپ دواوە ، ئەمە درووو بی بایەخو ساختەیە ، کتیبی ناوبراو آخرو ئوخری سالی ١٩٥٣ لە لایەن کونە پەرستەکانی ئیرانەوە ، بە ناوی لاهوتیەوە هەلبەسراوەو لە چەن روژنامەدا بلاو کراوەتەوە ، تا بە خەیالی خویان سوفیتی پی بەد ناو بکەن ، لاهوتی مانگی ژانویەی سالی ١٩٥٤ لە موسکووە ، بەم شیعرانە وەلامی داوەتەوە :ـ

پیاویکی بەناوبانگ ، لە ئیرانا
توشی ناپاکیك هات ، لە گەورەکان
ووتی : عەجایب ! ئەمەتوی ؟
یەکی ترە لە تو ئەچیت ، یا هەر خوتی ؟
بیستم بە وەبا مردوی ،
بە دەس مەرگەوە لە ناو چوی !
پیی گوت : نابینی ، زیندوم ؟
قسە ئەکەم ، ئـەبیەم ، ئەبزوم ؟
گوتی : دەمیکە پیاویکی راس گو ،
خەبەری مەرگی توی داوە !
گوتی : شایەتی زیندویەتی من
لە خوم راس تر کیت دەس ئەکەوی ؟
پەیتا پەیتا کابرای نەگریس ،

ئەیگوت : ئەوی خەبەری هینا ووریایە
درو ناکات پیاوی چاکە ،
قسەی وەك زیر بە نرخە !
کە ئەم پرو پوچانەی لی بیست ،
کابرای روسپی پیی گوت :ــ
ئەزانم تو قینت لیمە ،
دوژمنایەتی کونت هەیە
تو ئارەزوی مەرگم ئەکەی
بە دل ئەتەوی ئازارم دەی
بەلام بە دیقی تو ، ماوم
زور بە ریزم ، بەرزە ناوم

★ ★ ★

گیرەشیوینیی دەغەلەکانی ئیران
وەك چیروکی ئەو جورە گەورانەیە
من لە موسکودا ، شاریکی ئازاد
ئەژیم بەختیار ، دلشاد !
بەلام دوژمن ئەلی : من ، من نیم !
چونکە لە پیاویکی راستی بیستوە :
کە من بە دلشــکاوی
لە ولاتی سوفیت رام کردوە ،
لە پیشا چومەتە پاکســـتان ،
لەویوە چومەتە هیندوستان ،

گوایا لەوی کتیبیکم نوسیوە
لە ولاتی سوڤیت خراپ دواوم !! ..
ئەی ناکەس تو کە ئەمە ئەنوسی ،
پیم بلی ! لە دەس کی را ئەکەم ؟
لە دەس چوار منالە خوشەویستەکانم
یا لە دەس دایکە ئەمەگدارەکەیان ؟
بوچی لەم جورە وولاتە را ئەکەم
کە دوسەد ملیون برای دامی
کاتیکی رام کرد لە ئیران ،
لە دەس هی وەکو ئیوە نامەردان .
من‌و بوختان بە وولاتی خوش‌بەختی ؟
من وەك ئیوە خووم بە خیانەت نەگرتوە
راکەم لە دوست بولای دوژمن ؟
نا ، نا ، من وەکو تو نیم کە دوژمنی ئیرانی .
راکردن لە چاوگەی بەختی ئینسان ؟
دنیا ئەزانی ئەمە دروو بوختانە .
تو خوشت ئەزانی بەلام لە بەر نامەردی
ناویری راستەکەی دەر بری .
لە بیری توی ، خویری ، بیر تاریکا ،
زیرە ، زیر ، فەرمانی ئەمریکا !
تو ئەتەوی خەلکی وولاتی من ،
لە گەل خەلکی سوفییت بنە دوژمن .

برو ، بمره ، خه‌لکی ئه‌م دو ولاته

هه‌میشه دوست‌و بران ،

تیکرا تی ئه‌کوشین بو ئاشتی ،

بو ئینسان ، دوستی وبرایه‌تی •

ئه‌م پرو پوچانه‌ت ده‌ر ئه‌که‌وی ،

له‌م ئاژاوه نانه‌وه‌دا ریسوا ئه‌بی •

ـ ماویه‌تی ـ



# برایەتیی بەهێزی رەنجکێشانی جیهان

[ وتارێکە رۆژنامەی (ترود)ی سۆڤیەتی بڵاوی کردوەتەوە • لە عەرەبیـەوە وەرگێڕراوە • ] ـ هیوا ـ

لە رۆژە سامناکەکانی مارتی ۱۹۱۹دا ژمارەیەک لە باشـــترین خەباتکەرانی رێگای چینی کرێکار لە سێ وڵاتی ئەوروپاو ئەفەریقاو ئاسـیاوە گەیشتنە موسکۆ • ئەمانە گیانی خۆیان نابوە سەر دەستیان ، چەند دیوارو تەیمانی سەختی ئاسنینیان بڕیبو تا گەیشتبونە ئەوێ ، وە بە چەند ناوچەی شەڕا گوزەریان کردبو تا هاتنە پایتەختی لە هەمو لایەکەوە گەمارۆ دراوی جومهوریەتی ساوای سۆڤیەت • ئەمانە لە هۆڵی ( میترو فاینفسـکی ) لــە کۆشـــکی کرملین بیرو باوەڕی شۆڕشگێرانەی خۆیان بە کورتی نوسی ، وە لە سەر پێشنیاری لینین سەروکی پارتی بولشەویک ئومەمیەتی سەهەمیان دانا کە بریتییـە لە یەکێتیی خەباتی کومونیستەکانی هەمو نەتەوەکانی جیهان •

سورووشتی چینی کرێکارو جوڵانەوەی چینی کرێکار پێویستی ئەکا لە سەر هەمو خەباتکەرانی رێگای سوشیالیزم کە لە ناو خۆیانا یەکێتییەکی ئومەمییان بێ ، یەکەمین پێویستی سەرشانی پرولیتاریای شۆرشگێر ئەوەتە یارمەتیی یەکتر بدەن‌و پشتی یەک بگرن لــە خەباتا بەرامبەر بە دوژمنی هەمو لایەکیان : ئیمپریالیزم‌و نوکەرەکانی •

نزیکەی سەدەیەک لەمەوپێش ، واتە لە ۱۸٦٤دا کارل مارکس بنچینەی یەکێتی کۆمەڵێکی شـــۆرشگێری بو کرێکارانی هەمـــو

ئەنتەرناسیۆناڵێکیان دامەزراند کە بە ( ئوممەمیەتی یەکەم ) ناوبانگی دەرکرد . مارکس دەیان ساڵ بێ‌وچان هەوڵیدا بۆ ئەوە کە هەمو پرولیتاری‌یە پێشرەوەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا یەک بخا ، وە لە دەوری ئـــالای ( اشتراکیەتی علمی ) یان کۆ بکاتەوە . لە پاش مردنیشی لە ژێــر سەرکردەیی ئینگلزی هاوڕێی دڵسۆزیا بنچینەی یەکێتی‌ی هەمــو پارتە سوشیالیستەکانی دەوڵەتان دانرا کە بە ( ئوممەمیەتی دوهەم ) ناوبانگی دەرکرد . پارتەکانی کرێکاران کە کونگرەیان ئەگـــرت تەجروبەی خەباتی چینایەتی‌ی خۆیان بۆ یەکتری باس ئەکردو ری‌و شوێنی تیکەلی خۆیانیان دائەنا . تا لەو ڕۆژانەدا ئەو عادەتــە پـــر شانازی‌یە دانرا کە هەمو ساڵی لە ڕۆژی یەکی ئەیارا کرێکاران بە خۆ پیشان‌دان بێنە سەر جادەکان .

بەڵام پاش مردنی ئینگلز پارتەکانی ئوممەمیەتی دوهەم ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر توشی دەردی هەل پەرستی ( انتهازیة ) ئەهاتن ، چونکە پەنجەی بۆگەن‌کەری ئیمپریالیزمیان پێ‌گەیی ، لەبەرئــەوە ڕۆژ لە پاش ڕۆژ باشـــــتر ئەچەقینە زەلکاوی ری‌کەوتنـــەوە لە گـــەل بورجوازیەت . لەبەرئەوە پێویست بو لە سەر پرولیتاریا کە وا بو ئەوەی بە سەر ئیمپریالیزما زاڵ بێ چەند پارتی لە چەشنێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکا ، پارتی وا کە بتوانی میللەت ڕاپەرینی بـــو ڕامالینی ئیمپریالیزم . لە ژێر سەرکردەیی لینینا حزبێکی وا لـــــە ڕوسیا پێکهات ، وە لە وڵاتانی تری ئەوروپایشا باشترین خەباتکەرانی چینی کرێکار کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی چەند حزبێکی لەم چەشنە وەک ( کارل لیبنخت )و ( ڕوزا لوکسمبورگ ) . لینین هەمو هێزە

چەپ گیر ( یساری )و شورشگیرەکانی لە جولانەوەیەکی یەک گرتوی سوشیالیستیدا کوکردەوە •

کە ئاگری جەنگی یەکەمی جیهان هەلگیرسا سەروکەکانـــی پارتە سوشیالیستە دیموکراسیستەکان بە ئاشکرا لایەنی حوکومەتـــە ئیمپریالیستەکانی خویانیان گرت • بەم چەشنە ئومەمیەتی دوهەم بە تەواوی بوگەنی کرد ، وە بی ئەوەی کەس داخی لی بیو خەفەتی بو بخوا سەری نایەوە ! لە ماوەی سالەکانی جەنگا لینین ئالای خەباتی هەلکرد لە پیناوی دامەزراندنی ئومەمیەتـــی ســـەهەمی نویدا ، ئومەمیەتی مارکسو ئینگلز •

سەرکەوتنی شورشی مەزنی ئوکتوبەر پالی بە هەمو کریکارانی گیتی یەوە نا بو پیشەوە ، وە بو بە پشتیوانو چرای رون کەرەوەی ریگای خەبات لە پیناوی کومونیزما • دامەزرینەرانی هەمو پارتـــە کومونیستەکان رویان کردە ئەم چرا تازە هەل گیرساوە ، ئەوەبو لە موسکودا بنچینەی یەکیتیی خەباتی پرولیتارە شورشگیرەکانی هەمو ولاتان ــ دانرا •

ئومەمیەتی سەهەم دەربرینیکی راستی قازانجی چینایـــەتیی جولانەوەی کریکارانی هەمو جیهانو هینانە قەوارەی پشتی یـــەک گرتنی پرولیتاریای هەمو نەتەوەکان بو •رەنج کیشەکانی جومهوریەتی سوفیەت کە دوژمن لە هەمو لایەکەوە گەماروی دابون ، بەو چاوە سەیری ئومەمیەتی سەهەمیان ئەکرد کە نیشـــانەی ئەوەیـــــە دلی پرولیتاریای هەمو ولاتان لای ئەوانەو لایەنگریانن لە خەباتیانا بـــو سوشیالیزم •

کریکارە سوڤیەتی‌یەکان هەرگیز ئەوەیان لە بیر ناچینەوە کە چون کریکارانی هەمو ولاتان بە یەک دەنگ هاواریان ئەکرد : « دەستان بکیشنەوە لە روسیای سوڤیەت » • ئومەمیەتی سەهەم لە ماوەی چارەکە سەدەیەکا کە ئیشی کرد دەوریکی پر لە شانازی‌ی یاری کرد • لە بەهاری سالی ١٩١٩دا ، واتە لە روژە یەکەمەکانی بەسرانی کونگرەی ئومەمیەتی سەهەما پارتی کومونیست لە گەلی ولاتا دامەزرا ، کتیبەکانی لینین وەرگیررانە سەر چەند زوبان ، هەروا بریارەکانی کونگرەکانی ئومەمیەت بە کومەلانی کریکارانی جیهانا راگەیینرا • ئەو تاقمە کەمانە کە ئەوسا بانگی خەلکیان ئەکرد بو بیروباوەری کومونیزم بون بە چەند پارتی گەورەی‌وا کە کومەلانی خەلکیان لە دەور کوبوەوە • چەند پارتی کومونیست لە ولاتانی ئاسیاو ئەمریکای لاتینی‌یا دامەزرا ، کە هیشتا چینەکانی کریکار لەو ولاتانەدا تازە هەنگاویان هەل‌ئەهینایەوە لە سەر شانوی کومەل •

وە لە بەر ئەوە کە هەمیشە بورجوازی‌یەکان گیروگرفتیان ئەهینایە ریگای پارتە کومونیستەکان ، وە چونکە چینەکانی کریکار خویشیان لە ناو خویانا تەواو جور نەبون ، پارتە تازە دامەزراوەکانی پرولیتاریا زور جار بە راست‌و چەپا لایان ئەدا ، یا توشی هەل‌پەرستی ئەبون وەک بوگەنەکانی ئومەمیەتی دوهەم ، یا ئەکەوتنە هەلەشەیی‌و پالەوان‌بازی کە نیشانەی بورجوازی‌ی بچوکە • لە بەر ئەوە ماوەیەکی زوری ئیش کردنی ئومەمیەتی سەهەم بو ئەوە بو کە پارتە کومونیستەکان بکا بە کومەلە پارتیکی بولشەویکی راست • پارتە کومونیستەکان بە پشتوانی‌ی پرولیتاریاو بە یارمەتی‌ی ئومەمیەتی

سەهەم لە ئەنجاما توانی‌یان سەر بکەون بە سەر هەمو لادانیکا لە ریگای مارکسیزمی لینینیزم ، وە ئەوانە لە خویان دور بخەنەوە کە دەسەبەش دروست ئەکەن ، وە ریزەکانی خویان پتەوبکەن • وە لە سایەی ئەم خەباتەوە چینی کریکار لە هەمو ولاتیکا بو یەکەم جار کومەڵـــە سەرکردەیەکی راستەقینەی دەسگیر بو کە پارتە کومونیستەکانن کە ئەتوانن تەقەلاو جولانەوەی چینی کریکار بەریوەبەرن وە بە دلسوزی بیگەیەننە ئامانجی خوی •

کە سەرمایەدارەکان توزی هاتنەوە سەر خویان پاش ئەو تەنگ‌و چەلەمەی کە لە ئەنجامی جەنگی یەکەما توشیان هات‌و ، گیانـــی شورشگیری هەمو ولاتانی گرتەوە ، هیرشیکی نوی‌یان هینا بو سەر چینی کریکار ، وە ئەگەر پارتە کومونیستەکان نەبونایە کە لە سەر دەسکەوتە کومەلایەتی‌و سیاسی یەکانی رەنجکیشان هاتنە دەنگ‌و پاراستیان ، چینی کریکاری ولاتانی سەرمایەداری هیچیان پی نەئەکرا لە بەردەمی گوژمی کومپانی‌یە ئیحتیکاری یەکانا •

پارتە کومونیستەکان لە ژیر سەرکردەیی ئومەمیەتا توانی‌یـان کریکارەکان یەک‌خەن‌و سەرکردەیی‌یان بکەن لە جەنگیکی بە تینا لە پیناوی مافی ژیانی کریکارانا • لە ماوەی بەینی هەردو جەنگـــا ئەو ری‌و شوینانەی کە لینین دای نابون سەبارەت بە پتەو کردنـــی پەیوەندی بەینی پارتی کومونیست‌و سەندیکا (نقابە)کان ، هەروەها بریارەکانی ئومەمیەت سەبارەت بە ئیش کردنی کومونیستەکان لە ناو خەلکا ، ئەنجامیکی جوان‌و بەکەلکیان بەخشـــی • وە بـــە دەس پیشخەری‌ی کومونیستەکان لە زور ولاتی سەرمایەداری‌یا سەندیکای

چینی کریکار دامەزرینرا کە زور بە گەرمی لە سەر قازانجی کریکارەکان هەلیان ئەدایەو یەکیتی‌یە بەهیزەکانی سەندیکاکانی جیهان دامەزرا • •

هەروەها لە زیر سەرکردەیی ئومەمیەتا پارتە کومونیستەکان خەباتیکی سەرسەختانەیان کرد بو ئەوەی کریکاران بین بە یەک پارچە ، وە دوبەرەکی لە جولانەوەی کریکارانا نەمینی کە خیانەتی سەرکردە سوشیالیستە دیموکراسیستەکان پەیدای کردبو ، ئەو خیانەتەی کە ریگای بو فاشیستەکان خوش کرد لە زور ولاتا بینە سەر حوکم •

وە لە سەر هاواری کونگرەی حەوتەمی ئومەمیەتی سەهەم کە لە ١٩٣٥دا بەسرا هەمو پارتە کومونیستەکان خەباتیکی سەختیان کرد بو دانانی بەرەی یەک گرتوی گەل ، وە ئەم خەباتەیان لە فەرەنسەو مەکسیک‌و ئەسپانیاو چین‌و گەلی ولاتی‌ترا گەیشتە ئەنجام •

ئومەمیەتی سەهەم بە دریژایی چەند سال پەردەی لا ئەدا لە روی ئیمپریالیستەکان کە خویان بو جەنگ ئامادە ئەکرد ، وە هەمو هیزە ریکخراوەکانی چینی کریکاریان وریاو ئاگادار ئەکردەوە کە رابەرن بو خەبات لە روی شەرا • کە ئاگری جەنگیش هەلگیرسا کومونیستەکان لە ریزەکانی پیشەوەی خەباتکەرانی زدی فاشیزمدا وەستان • کومونیستەکان لە ولاتە هاوسوینەکانا هەل گری گیانی خەباتی نیشتمانی‌و گیانی بەربەرەکانی‌ی میللی بون ، ئەوان بون کومەلانی گەلیان رائەپەراند بو تیک‌شکاندنی دوژمن • لە ولاتانی دەستەی فاشیستی‌یا کومونیستەکان قوربانی‌ی زوریان دا ، وە گەلی ئیشی وایان

کرد که مەکینەی جەنگــــی هیتلـەری بی‌هیز کــرد ، قارەمانانــــە سەرکردەیی خەباتی نهینی‌یان ئەکرد روبەروی فاشیزم •

کومونیستەکان بە پی‌ی ئاموزگاری‌یەکانی مارکس‌و لینین ،وە بە پی‌ی پیویستە گورجەکانی جولانەوەی کریکارانو وەزعی هەمیشە گوراو شیوەی خەباتو خو ریک‌خستن دائەنین • بە میسال لە سالی ۱۹۱۹دا جونیەتی‌ی جولانەوەی کریکارانی جیهانو مەسلەحەتـــی خەبات بو سەرکەوتنی کومونیزم پیویستی کرد کە ئوممیەتی سەهەم دامەزری ، لە سالەکانی پاشەوەش‌دا پیویست بو ئوممیەت بە هیز بکری بو ئەوەی ئەم خەباتە سەرکەوی‌و بگاتە ئەنجام ، بەلام هەرچەند بزوتنەوەی کومونیزم لە ولاتانا پەرەی ئەسەند زەحمەت‌تر ئەبو لە یەک سەرچاوەوە سەرکردەیی بکری • پارتە کومونیستەکان خویان هیزیان پەیدا کردبو ، وە ئەیان توانی بە تەنها خویان چاری ئـــەو گیرو گرفتانە بکەن کە لە سەرکردەیی کردنی خەباتی پرولیتاریاوە پەیدا ئەبو •

دیارە لەم وەزعە تازەدا ، لە سەر شیوە کونەکانی خوریکخستن مانەوەو هیشتنەوەی هەمو پارتە کومونیستەکان لە یەک کومەلا بـــو هەمو دەولەتان ریگا لە بەرەولا بونی توانای پارتەکان ئەگـــری • لەبەرئەوە ئوممیەتی سەهەم بە یەک دەنگ لە سالی ۱۹٤۳دا بریاری قوبول کردنی پیشنیاری سەروکایەتی‌ی لوجنەی جی‌بەجی کردنـــی کاروباری ئوممیەتی دا کە داوای کردبـــو کومـــەلی ئوممیەت هەل‌وەشینریتەوە بەو ناوە کە سەرچاوەی سەرکردەیی کردنـــــی جولانەوەی کومونیزمی‌یە لە جیهانا •

بەلام یەکێتیو پشتگیری کردنی پارتەکانی چینی کریکار لــــە یەکتری دیارە هەر ئەمینیو روژ لە روژ بە هیزتر ئەبی ، ئەوەش کە ئەبی بە هوی زیاد بونی ئەوەتە کە بیروباوەری هەمویان یەکەو یەک ئامانجیان هەیەو بە یەک چاو سەیری هەمو کاروباریکی گیتی ئەکەن ، وە قازانجیان تیکەلەو لەخەباتی پیکــە وەیانایە بو مەسەلەی چینـــی کریکار • •

لە سالەکانی پاش جەنگی دوهەمیشا پارتە کومونیستەکان گەلیـــك سەرکەوتنی تازەیان دەسگیر بو • سوشیالیزم لە گەلی ولاتی ئەوروپاو ئاسیادا سەرکەوت وە بو بە پاسایەکی جیهانی ، روخانی پاســــــای ئیمپریالیزم ریگای ئەوەی بەرەللا کرد بو گەلیک لە گەلانی دیلو شوین خراو کە سەربەخویی نیشتمانی یان دەسگیر بی • لەم ولاتانەدا کومەلانی خەلك باوەریکی بەهیزیان هەیە بە کومونیستەکان ، چونکە خەباتیکی نیشتمانپەروەرانەو ئازایەتی یەکی باشیان پیشان داوە ، وە **لە سەر مەسەلەحەتی** رەنج کیشان تی کوشاون • لەو ولاتانەشا کــە هیشتا لە ژیر نیلەی سەرمایەی بیگانەدا ئەنالینن پارتە کومونیستەکان سەرکردەیی ملیونەها خەباتکەران ئەکەن • ئەمرو لە **٨٣** ولاتی جیهانا پارتی کومونیستو کریکاران هەیە ، وە ژمارەی ئەندامەکانیان لــە **٣٣** ملیون کەس پترە •

ئیش کردن شیوەی تازەی پەیدا کردوە بو پەیوەندی بەینـــی پارتەکان • هاتو چو کردنی نوینەرانی ئەم پارتو ئەو پارت بــــو لیکولینەوەی تەجروبەی جولانەوەی پارتیو بە یەک گەیشـــــتنی نوینەری دو پارتو هاتنی فوروستادەی پارتەکان بو کونگرەی هەر

کامیکیان ، وە بەیان پیکەوە دەرکردنو کوبونەوەی نوینەرانی چەند پارتیکی کومونیستو کریکارانی چەند ولاتیک یا هی هەمو گیتی ، ئەمە هەمو یارمەتی‌ی ئەوە ئەدا کە لە یەکتری‌یەوە فیر بن‌و ری‌و شوینی تیکەل داین‌و پیکەوە ئیش بکەن • بە میسال بەیان نامـــەی ئاشتی کە لە تەشرینی دوهەمی ١٩٥٧دا لە موسکو دەرچو ، وە وتاری نوینەرانی پارتەکان لە کونگردی ٢١هەمینی پارتی کومونیســـــتی یەکیتی‌ی سوفیەتا ، کە ئیسپاتی کرد ئوردوگای کومونیزم یـەک پارچەیەو یەکیتی‌یەکی ئیجگار پتەوی هەیە •

هەول‌دانی بورژواری‌یە ئیمپریالیستەکان بو کەم کردنـــەوەی دەسەلاتی پارتە کومونیستەکان‌و ناکوکی خستنە ناو جولانـــەوەی کومونیزمی جیهـان بە پشتیوانی‌ی سوشیالیستەکانی لای راســت ، شکستیکی سەختی توش هانوە • هەروا تەقەلای یوغوسلافیایی‌یەکان کە بیروباوەری کومونیزم هەل ئەگیرنەوەو ئەیانەوی لە ناوەوە کار بکەنە ســـــەر جولانەوەی کومونیزمی لە جیهانا ، وە لە ری‌رەوی لینینیزم‌و ئومەمیەتی پرولیتاریای لادەن ، ئەویش شکستیکی گەورەی توش بوە • پارتە کومونیستەکان ئالای هاوکاری‌و برایەتی‌و بەرگری کردنیان لە پەیرەوەکانی مارکسیزمی لینینیزم هەل‌گرتوە ، وە هەمو هەول‌و تەقەلایەکی ریگا گورەکان بە هیچ دەر ئەکەن •

برایەتی‌ی مەزنی بەینی خەباتکەرانی ریگای چینی کریکار ، ئەو برایەتی‌یەی کە ماموستاکانمان مارکس‌و لینین ، پەیدایان کردوە ، ماوەو بە ردەوامە ، وە بە کویرایی چاوی هەمو دوژمنان هەمیشـــە ئەژی‌و ئەمینی !

# ڕواەی دڵسۆزو بەجەرگی گەل

# عبدالکریم قاسم !

بە ناوی دەستەی بەڕیوەبەرو ئەندامەکانی یانەی سەرکەوتنی کوردان پیرۆزبایی لە ئیوەو گەلی عراقی مەزن ئەکەین بـــە کوردو عەرەبی‌یەوە بە بۆنەی سەرنەکەوتنی ئەو پیلانە پەســـتە ، بیزاری تونەدمان درئەبرین ، دەرونمان پرە لە ڕرقو قین لە دوژمنەکانی کۆمارو دوژمنەکانی سەرۆکی خۆشەویستمان• داواتان لی‌ئەکەین بە دەستیکی ئاسنین بدەن لە پیلان‌گیرو خەتا بارانو کونەپەرستانو تەماع‌کاران ، نوکەرانی ئیمپریالیستو پاشماوە رزیوەکانی چەرخی لە ناو براو •

دکتور هاشم دوگرامەچی

معتمدی یانەی سەرکەوتنی کوردان

## « زوربەی گەل »

١٩٥٧/٤/٢٠ — شەقلاوە ـ هوشەنگ

ئیمەی کریکارو هەژار … ئیمەی دەستەپاچەو بی‌کار ،
ئیمەی چینی گرنگی گەل، … ،کەوا عەودالین لە دوی هەل
گشت روتو برسی‌و نەخوشین … لە بەر کەمزانیش کەم هوشین
کوژراوی دەستی زوردارین … چاوەریی پشتەی رزگارین
شانمان ریشو کولی زامە ، … ژینمان بو خومان ناکامە ،

---

جیمان هەیە ، بو ئاغایە ، … بو میرو ، گەورە برایە !!
بو شیخەو بو بەگەو ، بو خان ، … ، ئەمانەن زورداری کوردان !!
کامیان شیفو وەردیان بری؟ … کامە زەوی‌و زاری‌یان کردی ؟
کام خاکەنازو پاچ وبیل … دەستی کردنە بلوق وزویل ؟
کام هەوجارو ،کام چەکوش‌و داس … بە دەس کاریانەوە بون کاس ؟
کام ساحەقوریان نایە سەر ؟ … کەی مانەوە لە دەشتو ددر ؟
کەی رەنجیان کیشاو ماندو بون ؟ … لە ریی کام ژینا زەبون بون ؟
ئەم کەرەسەو کارانە گشت ؛ … بەری رەنج‌و ژینشمان خشت :ـ
هی ئیمەو ، ئیمەش بو وانین ! … بەلی ! نەبوو وچاوەروانین !!
ئەوانیش شوینی‌یان تەلارە … ئیمەش جیمان زنجی نارە !..
چی‌چاکە هەر هی ئەوانە ، … گەلی هەژاریش ؟ بی‌نانە !

---

ئەنجا تا گەورەپەرست بین … ئەبی هەروا بی بە «رست» بین
ئەبی هەروا دەستەو خوارین ، … ئەبی هەر خوزگە بە پار بین !
سادەی ! سادەی ! جوشی، هەستی … تا گەل لە «براگەورە» هەستی !
لە سەر لاشەی پیسی ئەوان … داچەقینی ئالای ژیان
ئالای کامەرانی‌و شادی … ئالای سەربەستی‌و ئازادی

# « فس‌فس پاڵەوان »

**نوسینی : ج بابان**

هاوڕێ‌کەم هەر نەی‌ئەبڕیەوە تاکو دوایی ووتی :ـ

( کابرا بەهەمو ئەقلیکیەوە خوی بە هەل بژیرراو ئەزانی لە سەر ڕووی زەمین کە خوا ناردویە بو ڕون کردنەوەی بیروباوەڕی ئادەمیزادو دەست گرتنیان تا ئەیان خاتە سەر ڕیی ڕاست بگرە خوی بە پیغەمبەری دواروژ یا خود (مهدی) چاوەڕی کراو دائەنا دیتە تا دەست هەلبری شیشمانو کەلەگەتو زیاتریش بەخووە بو • بویە هەر چەند ئەیروانی بە بالای خویاو سەیری مەچەکو بازوو قەلافەتی خوی ئەکرد ئەوەندەی تر لە خوی بایی ئەبو • دوا بڕوای ئەوەبو کە بیتو نەبی ئەو ڕوژە هەر دیت کە گشت لایەك بڕوای پی بینن‌و کەلینیکی تەواو لە دلی هەموانا داگیر کات ، چونکە ڕاستی ، پیاوەتی ، لەخوبوردن ، خوبەخت کردن ، ئازایەتی ، قارەمانی ، ئەمانە هەمو ڕوژیك ئەبی هەر دەرئەکەونو لە ناو هەوری تاریکا سەر دەر دەهینن‌و دەشتو دەر بە جاریك ڕوناك ئەکەنەوە •

فس‌فس پالەوان یاخود کاك أحمد لە تەمەنا یەنجا سال بەرەو ژور بو ، کەچی هەر کە پرسیاری تەمەنیان لی بکردایە بت‌کوشتایەو بت‌بڕیایە هەر گیز لە سنوری ۳۰ سالی ڕوژیك چیە ؟ نەئەچو بەولاوە ، بو ئەوەی خەلکیش ئەم قسەیەی بسەلمینن‌و بڕوای پی‌بکەن، پەیتا پەیتا سەرو سمیلی بویە ئەکردو یەك لە سەر یەك ڕیشی ئەتاشی تاکو تو کە سپیەکان سەر دەرنەهینن ، خو لە گەل باجی هەمین یاخود ( هەمە )ی ژنیشیا گیریان خواردبو بە دەست یەکەوە ، ڕوژ نەبو نەبی

بە بەربەرەکانێو حەتەحەپەشێیان لە سەر (تەمەن) ، ئەم ئە یوت : تو لە تەمەنی دایکمایتو ئەو ئەیوت تو لە بیرتە من چ روژیك لـــە دایك بومو ئەگەیشتنە ئەوەی لە یەك بەر بن ، مام أحمد گورج لە دلا بە خوی ئەووت :ــ یاران شورەییە بو من دیبی نەفامی وا بەدەم ئەم چەنو چونەم لە گەلا بکات، من پیویستە لیبووردنو چاوپوشیم بی هیجگار بەرامبەر بەم جورە کەسانە• ئینجا هاوری‌یەکەم جیگەرەیەکی لی داگیرســـانو تاتوانی دوسی مژی باشی لیداو دوای ئـــەوەی دوکەلەکەی بە بادا تی هەلچووەوەو ووتی : « ئەگەر بلیی کاك احمد یا خود احمد کەچەلە پیاویکی زور ساویلکەو ساکاریش‌بو ، هـــەر چیەکی بوتایەو بکردایە بە بروایەکی پاكو خواستیکی بی گەردەوە بو ، بی ئەوەی ئەوەندەی نەختی بیری خراپەو چاو لەدوبی یا خود داوین پیسی‌و زیانی تیکەلاو بی ، بەلام ئەلیی چی ؟ توشی نەخوشی نەفسی بوبو ، وای دائەنا کە بیراز کردنی گیتی ئەبی بە تەنها لە سەر دەستی ئەوا بیتو بەس •

« کابرا خوی حالی تەواو باش‌بو ، واتە ئەوەی هەیبو لە سەری خوی‌و مالو منالی ئەهاتو لە پی‌یان دەر ئـــەچو ، بگرە زوریشی زیادبو ، خوایش هەلناگری دەستی جوامیری کرابودوەو وەك بارانی بەهار پیاوەتی لی ئەباری »

لە پرر منیش لە هاوری‌یەکەم پرسی : باشە ئەمانە هەموی وا • ئەی بوچی پی‌یان ئـــەووت : فس‌فس‌پالەوان • لە وەلاما ووتی : « بەراستی أحمد کەچەلە لە زوربەی هەلسانو دانیشتنو کردەو کوششـــــیا پالەوانیك‌بو بو خوی بگرە قارەمانیك بو لە ئازایی‌و

سوارچاکی‌و چەلەبازیا بەلام بە داخەوە ئەلیم چونکە پیاویکی ساکارو ساویلکەبو زور جار بە خورایی خوی ئەدا بە ترانەن‌و فەلاقە کردن ، چونکە لە خویەوە لە شـتی‌وا هەل ئەچو کە هیچ پەیوەندیە کی بەوەوە نەبیت .

دە لە گەل ئەوەشا زورجار بیری جوان‌جوان‌و ریکوپیکی وای دەرئەبری کە واقی زورر کـەسی ورر ئـەکرد ، هەندی جاریش قسەیەکی ئەوەندە قوری بە بەرا ئەهینا کە باغەی هەمو قسە جوانەکانی پیشوی ئەتلیساندەوە خەلکی لە خوی تەرە ئەکرد .

دوای ئەوەی چەند جاریك سەرم بو هاوری‌یەکەم لە قاتو ئەویش بەوە تابلیت زیاتر تاوی دایـە خوی بو قسەکردن‌و دەستی پی کردەوە . ووتی :ــ

« خو دانیشتوانی دی‌یەکەش زوربەیان مام أحمدیان بە وەلی دائەنا یا خود بە یەکیك لەوانەی بەرمالیان بە سەرئاوەوە ئەگـەری چونکە مرو یەکی ئەوەندە لی‌بوردو بو لە پیناوی موسولمانانا ، ئەمەیان زور جار لە کوبونەوەکانیانا لە سەر سەرە نویلکەکانی ناو ئاوایـی یا لە ژوری مزگەوت‌دا باس ئەکرد ، هەر کە ئەم باسانەش بەرگویی مام‌أحمد ئەکەوتەوە ئەوەندەی تر با ئەچوە پشکلانیەوەو بـەوە بایی‌هەوا ئەبو وفیزیکی پەیدا ئەکرد بەلام چەند کەسیکی وریاش هەبون لەناو ئاواییدا کە وا لە کاك أحمد باش گەیشتبون بە جوریك جوبونە موخەکەیەوە ئەوەندە شارەزای بوبون بویە ئەوانیش جار جار هەلیان ئەداو سابونیان لە بەری پیی ئەدا، بەوە کابرایان هەلئەخلیسکان جاری وا هەبو ئەوەندەی نەئەما ملی لە حەوت جی بشکینن بەلام خوا

ئەپاراست !! : با بو نمونەش یەکیك لە سەدەها بەســـەرهاتی کاك أحمدت بو بگیرمەوە بو ئەوەی بزانی ساویلکەییو دلپاکی ئـەم پیاوە گەیشتبوە چ رادەیەك •

« روژیك داروغایەك بە ئیشی میری هاتە گوندی هەزارکانی واتە گوندەکەی کە کاك احمدی تیا ئەژیا ، خواو راستان ئەســبی مام داروغا چونکە ئەوەندە جوی بەلاشی ئەمو ئەوی خواردبو ، غوبباب بوبو ، بە هەر چوار پەل سەمای ئەکرد ، رەشمەو زنجیری پچراندو کەوتە جوتە وەشاندنو تەراتین بە ناو ئاواییدا بە جوریک زەندەقدار زەندەقی لە شیرو هورو حیلکە حیلکی ئەچو ، دو سی یەک لــە چوختی‌یەکان بە هەلیان زانی چونە بن کلیشەی مام احمدەوە کە ئەو نەبی ئەم بەلایە پەل بەست کات کەس لە حەقی نایەت ، مام احمد بەمە لەو مەندەکەی تریش‌بو هەستا دوای پیرە ئەسپ کەوت هــە لیرە هە لەوی ئەم بە دوای ولاخاو سەگەلی ناو ئاوایی بــە دوای هەردوکیانا سەعاتیک پتر بەکتریان هیناو برد تا کابرا کەمەندیکی هاویشتە ملی پیرە ئەســپەوەو گرتیەوە ، بەلام دوای چی ؟ دوای ئەوەی چەند جوتەیەکی باشی خوارد جگە لە کارەساتی سەگەلی ناو ئاوایی کە پرزول بەرگیان بە بەرەوە نەهیشتبو جگە لەوەی لــە چەند لایەکیشەوە کەلبەیان لی دابو •

لیم پرسی باشە فس‌فس پالەوان بەم مەخســەرەیە هیچی لی نەهات ، لە وەلاما وتی :

« نەمرد ، بەلام دو سی مانگیک لە سەر جیگا بوی کەوت ، تا برینەکانی ساریژ بونەوە • ئینجا توزیک هاتەوە سەر خوی ، وە

لە گەل ئەوەشا هەر وازی نەهیناو لە جاران بە گوژم‌ترو سورتر تی هەل چوەوە چونکە ئـەو بروایەی لە میشکیا بنجی داکوتابو کە خوا ناردویە بو ری نیشان دانی مرو مەگەر مردن لە بیری بېردایەوە » •

کە برادەرەکەم ئەم سەرگوزشتەیەی تەواو کرد سەری هەلبری‌و لیی پرسیم ووتی : « رات چیە بەرامبەر بە فس‌فس پالەوان »

ووتم : کابرایەکی زور بەرزە لە لام چونکە هەرچیەك ئەکات بە دلیکی روون‌و بروایەکی خاوینەوەیە، دوای توزیك بیر کردنەوەی‌تر پیم‌ووت : کابرا زور بەرزترە لەو دو روە بی‌شەرمانەی لە پیش‌ملە بە کاکە کاکەو گیانە گیانە خویان بە برای بررەبرزەیی‌و دوســـتی گیانی بە گیانیت دائـــەنین‌و لە پاش‌ملەش هەزار ناوو ناتورەت لی دائەهینن وە گالتەت پی ئەکەن •

ئنجا هاوری‌یەکەم گورج ووتی : « دەسا بەسەرهات‌و داستانی فس‌فس پالەوانم زورلایە ئەگـــەر ئارەزو ئەکـــەیت وردە وردە ئەوانی‌تریشـــت بو بگیرمەوە » ووتم : هەلسان‌و دانیشتنی فس‌فس پالەوانی لە مەرخومان ، خو بە قەلبەدا دان‌و تی‌هەلچوەکانی ( دون کیشوت )م بیر ئەخاتەوە •

ووتی : « رووداوی ئەم لەو زورترو سەیرترن وەلامیم دایەوە : هەلیان گرە بو جاریکی تر ، ئەگەر واش نەبو لە هەلیکی ترا هەمویم بو بگیرەوە منیش گشتی ئەنوسمەوەو ئەیکەم بە داستانیك •

# هەڵبژاردە لە شیعری چینی

[ تو ــ فو ] یەکێکە لە شاعیرە کونەکانی چین ، وە لەوانەیانە کە چینی‌یەکان زوریان خوش ئەوێن · نزیکەی دوانزە سەدە لەمەو پێش ژیاوە · ئەو سەردەمەی کە ئەوی تیا ئەژیا پر بو لەجەنگ کە ئەمپەراتوری چین ئاگرەکەی هەڵ ئەگیرساند بو گەورە کردنی ماوەی دەسەلاتی · · ئەم شاعیرە بەرەنگاری ئەو جەنگانە راوەستا ، وە لە زور پارچە شیعریا باسی تاڵو سوێری‌ی جەنگی کردوە · ئەمەش یەکێکە لە پارچە شیعرەکانی :

### کاربەدەستەکەی ( شیهاو )

خوراوا بو هاتم بو دی‌ی (شیهاو)
زوری پی تەچـو
یەکێک لە کاربەدەستەکانی میری هات
بو گرتنی ئەوانەی ناویان هاتبوەوە بو سەربازی
لە حەوشەی ماڵە دیهاتی‌یەکەدا کە شەو لەوی بوم
پیاوێکی بی‌هیز هەڵ‌زنی بە دیوارا
دایە غار ، رای کرد !

★ ★ ★

پیرەژنەکەی ژنی بە هەڵەداوان هاتە بەر دەرگاکە
بەخیرهاتن بکا لە کابرای کاربەدەست
ئای ! ئەو کابرا چەند تفـو لەعنەتی لەو پیرەژنە کرد !
ئای ! ئەویش چەند بە سوز گریا :
« سە کورم بو گردنیان بە سەربازو بردنیان بو (پیشنگ)
پاشان نامەیەکم بو هات تیا نوسرابو :

• کورەکانت دوانیان کوژران ، ئەویشیان خوشی نازانی کەی ئەمری»
ئیستاش ئــەم زنجە
لە کورەزا ساواکەم بەولاوە کەسی تیا نیە
کە ئیستاش مەمکی دایکی ئەمژی
دایکی ناتوانی بیتە دەر بو لات
چونکە هیچ شک نابا خوی پی داپوشی
منیش هەر ئەوەندەم پی ئەکری
لە گەلت بیم بو ناوچەی جەنگ بو ( هوبانگ )
لەوی ئەتوانم چیشتتان بو لی‌نیم •
هەرچەند پیرەو بی هیز کەوتوم • • • »

★ ★ ★

شــــەو تاریک داهات
هەراو بوحاخی دەنگی خەلك دور کەوتەوە
ئیتر جگە لە هاواری ناو زنجەکە هیچم بەرگوی نەئەکەوت
کە شەبەقی دا هەلسامو دی‌یەکەم بەجی‌هیشت
کەس نەبو بەریم بکا
جگە لە پیرەی بەســـەزمان
ولاتەکەمان بە تەواوی ویران کراوە • • •
جگە لە روبارو شاخەکان هیچی وەک خوی نەماوە
درەختە بەبەرەکانی دەورو پشتی شار خەفەتبار دیارن •
گژو گیای بەهاریش کە لە دەورو پشتیا رواوە ، هەروا • •
گولیش دیمەنی لەوە ئەچی فرمیسک بریژی
لە داخی چارە رەشی‌ی ئەم چەرخەی ئیمە !

گوله‌کان بـه داخه‌وه‌ن
که خه‌لکی ئه‌بینن خوشه‌ویسته‌کانیان به جی دیلن !

* * *

سه مانگه ئاشی جه‌نگ که‌وتوه‌ته گه‌ر
ده‌نگ‌و باسی که‌س‌و کار براوه
نامه‌یه‌کیان له زیر به نرختره
کـه ده‌س به سـه‌رما دینم
ئه‌بینم به‌شی زوری موی سه‌ره‌بوزه‌که‌م روتاوه‌ته‌وه
به موکیشیش بوم ناگیری ..
پار پایز کاتیک که گه‌لای داره‌کان
ئه‌وه‌رینه گوی‌ی روباری (فو)
لاویکی ئه‌سپ سوار لیره‌وه تیپه‌ری کرد
رمه‌که‌ی به قیزیکه‌وه هه‌لبریبو
به‌لام ئیستا که‌س نازانی ئیسکی له کوی له ژیر خولایه
چونکه ئه‌وانه‌ی رویشتن
که‌ســـان لی نه‌گه‌رایه‌وه !

* * *

گیانی مردوه‌کان هاوار ئه‌کا
لـه ناو چه‌ی جه‌نگـا
له کاتیکا که ئوردوگای سـه‌ربازه‌کان
ناهومیدی ره‌شمالی خوی به سه‌را هه‌لداوه ..

**وه‌رگیر : محمدی مه‌لا کریم**
**ئه‌ندامی یه‌کیتی‌ی ئه‌دیبه‌کانی عیراق**

# کونگرەی چوارەمی کومەڵی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا ٢٣ ـ ٢٦ تەموز ٩٥٩ ـ ڤیەنا

زیاتر لە چل خویندکاری کورد ، لە هەمو پارچـــە دابـەش کراوەکانی کوردستان ، ئەوانەی بو تەواوکردنی خویندنیان هاتوون بو وولاتانی ئەوروپا ، ئەمسال لە شاری « ڤیەنا » کوبونەوە بو بەستنی کونگرەی چوارەمیان •

لە دانیشتنی یەکەمی گونگرەدا ، بیجگە لە خویندکارانی کورد ، گەلیك میوانی خوشەویســـت ئامادەبون ، لەوانە دکتور کامـەران بەدرخان ، سیادەتی قونسولی کوماری عیراق‌و نوینەری خویندکارانی عراق لە ڤینا ، وە دو روژنامەچی کە تا کوتایی گونگرە لەوی‌بون •

پاش خویندنەوەی ووتاری دەست‌پی کردن لە لاین ســەروکی کومەل کاك « عصمت شریف » ەوە ، کونگرە گویی لە ووتاری میوانە بەریزەکان گرت ، هەر یەکەیان سوپاس‌و هەستی جوانی خـــوی پیشان‌دا بەرامبەر بە کومەڵ‌و خەباتی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا •

ئەنجا کونگرە دەستی کرد بە باس کردنی کاروبارەکانی ، گویی لە راپوری نائبی سکرتیری گشتی کاك « سعدی ئەمین دزەیی » وە سکرتیری گوفاری کوردستان کاك « صلاح سعد الله » وە راپوری سکرتیری لقەکانی کومەل لە نەمسا ، ئینگلتەرە ، ئەلمانیای‌یەکگرتوو، ئەلمانیای دیموکراتی‌و سویسرە گرت • وە بە دورو دریژی لـــەم راپورانەیان کولیەوە ، ناوبەناویش ئەو نامەو تەلگرافانە ئەخوینرایەوە• کە لە کاتی کونگرەدا لە لاین گەلیك لە کوردە نـــــــاسراوەکان‌و

دوستەکانی کومەڵەوە ئەگەیشت بە کونگرە ، لەوانە نامەی سەروك بارزانیو پاریزەر ابراهیم احمدو پروفیسور قەنانی کوردویڤو تەلگرافی رەوشەن بدرخانو گەلیکی تر ، هەر وەها نامەی کومەڵی خویندکارانی عراق لە ئینگلتەرەو نامەو تەلگرافی گەلیك دوستو برایانی کومەڵ گەیشت بە کونگرە ، هەمویان ئومیدیان سەرکەوتنی کونگرەو پیش کەوتنی کومەڵبوو لە کاروبارەکانیا کە جیگای لایەنگیری هەمو کەسیکی بەشەرەفە• وەکو لە راپوری تائبی سکرتیری گشتیو سکرتیری گوڤاری کوردستانو سکرتیری لقەکان دەرکەوت ، سالیرابوردو سالیکی پرر لە کوششو گورجو گولی بوو لە پیناوی هینانەدی ئامانجەکانی کومەڵدا کە تیکوشان بو جیبەجی کردنی مەسەلەی کوردو ناسیتی کورد بە گەلانی ئەوروپا ، بەلام خویندکاران هەمو بریاریان وایە سالی ئایندە زیاتر یەکیەتی ریزو خەباتیان بە هیز بکەن وەهەمیشە بەرەو پیشکەوتنو سەرکەوتن برون ، سەرەرای هەمو کوسپو ناخوشیەك بیتە بەر دەمیان •

لە بەر ئەوەی لە راپوریکی وادا جیگای باس کردنی هەمو روداوەکانی کونگرە نابیتەوە ، لیرەدا تەنها گرنگترین ئەو نامانەی بە کونگرە گەیشت لە گەل وتاری نوینەرەکانی خویندکارانی کوردستانی تورکیاو ئیرانو عراقو سوریاو گرنگترین بریارە کوتاییەکانی کونگرە ئەخەینە بەرچاو :

**نامەکەی سەروك بارزانی :**

سەروك لە نامەکەیا ئەلی :

« داخەکەم لە بەر پیویستی مانەوەم لە ولاتا نەمتوانی ئامادەی

کونگرەکەتان بم من لە گەل هەمو هەنگاویکتانام لە ریگای گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بە گەلانی جهان ، وە دەرخستنی راستی مەسەلەی میللەتەکەمانو ئاشـــکرا کردنی هەلویستی گەلی کورد بەرامبـــەر جەمهوریەتە دیموکراتیەکەمان ، جەمهوریەتی کوردو عەرەب ، کە ئەمرو برادیموکراتیەکانتان لە کوردوستانی عراق بە هەمو هیزیانەوە تیئەکوشن لە پیناوی پاراستنو پیشخستنیا لە ژیر ســـەرکردەیی پیشەوای عەرەبو کورد عبدالکریم قاسم » •

« من دلنیام لەوەی خەباتیئیوە کە هەرگیز جیانابیتەوە لە خەباتی گەلی کوردستان لە پیناوی ئاشتیو رزگاریو دیموکراتیەتا ، هەمیشە بەردەوام ئەبیت لە سەر ئەو ریگ راستەی گرتوتانە ، لە بەر ئەوە ئیمەو هەمو نیشتمانپەروەریکی دلسوز ئامادەین بو پیشکەش کردنی هەمو یارمەتیەك لە تواناداببت بو ئەم کوششەتان •

ئومیدی سەرکەوتنی کونگرەی چوارەمتان ئەکەم ، وە داوای لیبوردنتان ئەکەم چونکە نەمتوانی لە کونگرەکەتانا ئامادە بم •

**ماموستا ئیبراهیم احمد لە نامەکەیا ئەلی :ـ**

بەداخەوە ئەلیم نەمتوانی لە کونگرەکەتانا ئامادە بم • بە گەرمی ئومیدی سەرکەوتنتان ئەکەم لە خەباتی پیروزتانا لە پیناوی چاکــەو مافی گەلی کوردا بەرەنگاری ئیمپریالزمو نوکەرەکانی ، هەروەهـــا لایەنگیری تیکوشـــانتانم لــە پیـناوی پاراســـتنی جــەمهوریــەتـــە دیموکراتیەکەمانا ، جەمهوریەتی کوردو عەرەب بە ســـەرکردەیی عبدالکریم قاسم •

بو پیشەوە لە پیناوی دیموکراتیەتو سەربەستیو ئاسایشدا • •

**پروفیسور قەناتی کوردوف لە موسکووە نوسیویەتی :ـ**

داخەکەم لە بەر نەخوشی نەمتوانی بیم بو ڤینا ، تا لـــــە کونگرەکەتانا ئامادە بم ، کوبونەوەی ئیوە لە شاری « ڤینا » زور باشە بو پیشکەوتن‌و بزوتنەوەی سەربەخویی کورد ،بو دوستایەتی‌و برایەتی ناو میللەتانی جیهان ، بو ئاشتی‌و ئازادی میللەتان •

« دانانی ئەلیف‌بایەکی لاتینی بو زبانی هەمو کوردەکان گەلێك پیویست‌و نرخ‌دارە ،بەلام دەبیت ئەوە بزانن ، تا کوردستان نەبنـــە یەك گرانە حەرفی لاتینی لە ناو هەمو کوردەکان بلاو بکەن ••ئیستا حەرفی لاتینی باشە بو کوردەکانی تورکیاو سوریاو بو کاری عیلمی »

لە پاشا نامەکەی بەم ووشانەی خوارەوە کوتایی پی‌ئەهینی :

« ئیتر بژی خەباتی گەلی‌کورد ، بژی یەکیەتی‌کوردســتان‌و یەك‌گرتنی هەمو گەنجانی میللەتی کورد لە پیناوی کوردو کوردستان• بژی جەمهوریەتی عراق ، هی کوردوعەرەب ، بروخی ئیمپریالزم‌و کونەپەرستی » •

**نوینەری خویندکارانی کوردوستانی داگیرکراوی بە زور بە تورکیاوە بەستراو لە ووتارەکەیا ووتی :ـ**

« پتر لە حەوت‌ملیون کورد لە ناوچە پرر پیت‌و سامانەکانــــی دیاربکرو ماردین‌و ئورفەو ئەرزوروم‌و ناوچەکانی‌ترا ، ئەمــــرو بەرنگاری ناخوش ترین ژیان‌و چەوسانەوەن لە سەردەستی کاربەدەستە زوردارەکانی حکومەتی تورکیای کونەپەرست ، کە ســەرەرای هەق خواردنی نەتەوا یەتیمان ئەمرو خاوەنی ســـــەروەت‌و ســــاماتی نیشتمانیمان !! •

« پێویستە هەمومان دەست لە ناودەستنا خەبات بکەین بۆ ئەوەی هەمو پارچە دابەش کراوەکانی کوردستانی خۆشەویستمان بکەین بە یەك ... باوکەو باپیرمان زۆر هــەلیان لە کیسی خۆیان دا لە ڕێگای یەکیەتی کوردستانا ... ئیمە نابێت ئەو هەلانەی ئەوان دوبــــارە بکەینەوە.. با لە سەر خاکی پیرۆزی کوردوستان کە بە خوێنی باوكو باپیرمان ئاو دراوە ، هەمو سوێند بخۆین : یا مردن یا سەربەستی »

نوێنەری کوردستانی تورکیا ئەوەندە بــەدلێکی پڕ لــە داخو دەنگێکی بــە ســــوزەوە وتارەکەی دا ، هەســــتی هەمو دانیشتوانی کۆنگرەی بە جۆرێکی وا جولان تا ماوەیەکی زۆر هەمو بە ســـــەر پێوە ، بە چەپلە ڕیزانێکی زۆر گەرم بە پیریەوە چون .

نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی بە زۆر بە ئیران بەستراو ووتی :ـ

« ... حکومەتی کۆنەپەرستی ئیران بە زۆر ئەیەوی گەلی کورد لە ناو بەریت بەلام هەرگیز ئەمەی بۆ ناچیتە سەر .. بـــا خوێندنخانەی کوردیو نوسراوو ڕۆژنامەو گوڤاری کوردی نەبی ، با قەفی زنجیرەکانیان لە پیمانا زیاتر ئەستور بی ، ئیمە هەر کوردینو بە کوردی ئەمینینەوە ، تا ئەو ڕۆژەی ئالای کوردستانی سەربەستو یەك گرتوی خۆمان بە دەستی خۆمان بە سەر خاکی کوردســــتان خۆشەویستمانا بەرز ئەکەینەوە ، ئەو ڕۆژەش دورنیە ئەگەربیتو ئیمە بەڕاستی بۆ گەلو نیشتمانەکەمان خەبـات بکـــەینو بەدروو دەلەسەی ئەمو ئەو هەل نەخەلەتین ، وەکوو جارەها هەلخەلەتاین .. ئیتر بەسە بەهەلە چوونو دلپاکی بەرامبەر بە دوشمنانی نەتـــەوەی

کورد • بژی کوردو کوردوستان •

نوێنەری خوێندکارانی کوردستانی داگیرکراوی بەزور بەسوریاوە بەستراو :ـ پاش‌ئەوەی باسی نەهێشتنی سەربەستی کرد لە سوریا لە ژێر حوکمی ژەندرمەکانی عبدالناسرا ووتی :ـ« من باسی ئەو بەشە کوردستانە ئەکەم کە ئەمرو لە ژێر باری گرانی کاربەدەستەکانی سوریاو میسرا ئەچەوسێنەوە • ئەو کاربەدەستانەی ئەمرو براکانیان لە بەندیخانە توند کردوین و هەمو هەقیکی نەتەوایەتی‌یان لێ زەوت کردوین ، ئەوانەی نەك تەمسیلی ئیمە بەلکو تەمسیلی گەلەکەی خوشیان ناکەن ، ئەوانە زوورباش ئەزانن ئیمە گەلیکی سەربەخو دروست‌ئەکەین کە هەرگیز لە پیناوی سەربەستیمانا دریغمان نەکردوە ، کەچی لە ئاستی هەقەکانمانا خویان گیل ئەکەن‌و بە عەرەبمان دائەنین •

«براکانم لە سوریا ئەیانەویت هەمومان بو مەسەلەی کورد خەبات بکەین ، وەزع لە « جزیرە » کە پارچەیەك خاکی پر پیت‌و بەرەکەتی کوردستانە زور خراپە ، نیوەی واریاتی سوریا لەم بەشەوە دەرئەچیت ، بەلام حکومەت هیچ ناکات بو چاك‌کردنی وەزعیان •

« بژی خەباتی گەلی کوردو هەمو گەلانی جهان لە پیناوی سەربەستی‌و رزگاریا • »

نوینەری کوردستانی عیراق ، لە ووتارەکەیا باسی وەزعی کوردەکانی کرد پیش شورشی ١٤ تەموز لە ژیرحوکمی ئیمپریالزم‌و رژیمی پاشایەتی دارزاودا ، کە چون ئەیان‌ویست زبان‌و ویژەی کوردی لە ناو بەرن‌و ئەو مافانەی کوردەکان بە خوینی خویان وەریان

گرتبوو بە چاکی جێبەجێ نەئەکرا •• هەتا ناوهێنانی کوردستان بە تاوان ئەژمێررا لە سایەی دەس بەسەری بێگانەو هەندێک لە کوردفرۆشەکان ، کە چاکەو مافی وولاتەکەیان فرۆشت بەرامبەر بە چەن کورسیەکی سوک ، کە ئەمڕۆش بەداخەوە ئەلێم وێنەی ئەو میللەتفرۆشانە هەرماوە ، ئەوانەی تا ئێستا خزمەتی بێگانە ئەکەن و کوردیان لە بیر چوەتەوە چونکە مەسلەحەتی ئەمڕۆیان ڕێگایان نادا بۆ کوردو کوردستان تێبکۆشن •• »

لە پاشدا باسی پێکهێنانی جەمهوریەتی عیراقی کرد، کە چۆن لە ئەنجامی تێکۆشانی چەن ساڵەی گەلی کوردو عەرەب پێک هات ، وە چۆن کوردەکان توانیان لە سەردەمی جەمهوریەتا چەن هەقێکیان وەربگرن • وە داوای کرد کە هەمیشە تێکۆشانی کوردایەتیان بەهێز بکەن لە پێناوی سەندنی هەمو هەقێکی نەتەوایەتیو دیموکراتیانا بەو جۆرەی کە گەلی کورد خۆی ئەیەوێت ، چونکە هیچ مافێک وەرناگیرێ بێ کۆشش کردن ، وە داوای کرد لە هەموان کە لایەنگریو پشتیوانی جەمهوریەتی عیراق بکەن بە سەرکردەیی عبدالکریم قاسمو هەوڵبدەن بۆ پاراستنی دیموکراتیەتو ئاشتی لە سەر بناغەی برایەتی کوردو عەرەبو هەمو میللەتان •

**بڕیارە گرنگەکانی کۆنگرە :**

١ ــ دەربارەی عیراق : کۆنگرە لایەنگرییەکی تەواوی کۆماری عیراقو پەیڕەوە دیموکراتیەکەی ئەکات بە سەرکردەیی عبدالکریم قاسم ، وە داوا لە حکومەتی عیراق ئەکات تا بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتەکەی بەرەنگاری ئیمپریالزمو کۆنەپەرستی کە دامەزرابێت

له سەر برایەتی کوردوعەرەب وریزگرتن لە مافی هەمو کەمایەتیەکانی تر •

« کونگرە خوشی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە دامەزرانی مدیریەتی زانیاری کوردستان وە داوای جیبەجیکردنی ئەم بریارە ئەکات بە خیرایی •

« کونگرە داوای پیکهینانی سەربەخویی ذاتی ئەکات بو کوردستانی عیراق وە وا بە پیویست ئەزانیت لە دەستوری تازەدا مادەیەکی ئاشکرا دابنریت دەربارەی ئەم هەقە » •

**٢ ـ دەربارەی ئیران :**

کونگرە لایەنی نامەی « لیژنەی بە ریوەبەری گشتی » ئەگری، کە درا بە شای ئیران ، کاتی چوونی بو لەندەن ، لەو نامەیەدا داوا لە حکومەتی ئیران کرابو پی لینان بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد ، وە پروتستو درا بەرەنگاری پەیمانی ئەمریکاو ئیران ، وە بەرەنگاری ئەو پیلانو مؤامەراتانەی لە ئیران ریك ئەخری بەرامبەر بە کوماری دیموکراتیو ئاشتیخوازی عیراق ، کونگرە وەلامی سەفارەتی ئیرانی بەرامبەر بەم نامەیە بە هیچ نازانی •

هەروەها کونگرە لایەنی قسەکانی وەفدی کومەل ئەگریت کە بە سەفیری ئیران ووترا لە لەندەن ، بو تاکید کردن لە سەر نامەکەی کومەلە ، وە بو جیبەجیکردنی داخوازیە نەتەوایەتیەکانی کورد لە ئیران ، وە بەربەست نەکردنی روژنامەو گوفاری کوردی ولابردنی ئیدارەی سوپایی لە کوردستانی ئیرانو گورینی بە ئیدارەیەکی مەدەنی، کونگرە نازەرایی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە نەگەیاندنی ئەم

داخوازیانە بە حکومەتی ئیران لە لایەن سەفیری ئیرانەوە ، وە ئەمە بە لادانێکی ئاشکرا دائەنێت لە کەمترین رەوشتی دیپلوماسیانەی باوەڕپێکراو ، هەروەها نارەزایی پیشان دا بەرامبەر قسەی وەزیری ئیران کە ووتی زبانی کوردی لە کوردستانی ئیرانانیە ، وە داوا لە لیژنەی بەڕێوەبەری گشتی « ئەکات تا هەوڵ بدات بۆ گەیاندنی پێشنیارەکانی کۆمەڵە بە حکومەتی ئیران بە ڕێگایەکی ترا .

« کونگرە داوا لە حکومەتی ئیران ئەکات سیاسەتی نالەباری ئێستای بگۆڕێ بەرامبەر بە گەلی کوردستان ، وە دان بنێت بە مافە دیموکراتیەکانی گەلی کوردا ، وەکو سەربەستی بلاوکردنەوەو کۆبونەوەو وەرگرتنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد وە خوێندن بە زبانی کوردی لە کوردستانی ئیرانا وە داوا لە حکومەتی ئیران ئەکات لە پەیمانی بەغدا بکشێتەوە ، چونکە ئەم پەیمانە بەرەنگاری چاکەی هەمو گەلانی رۆژهەلاتە .

« کونگرەی چوارەم هەوالی وەرگرت گوڤاریک بە کوردی لە تاران دەر ئەچیت بە ناوی « کوردستان » ، وە ئەم گوڤارە دان ئەنێت بە بونی یەك نەتەوەی کورداو ئەلیت ، لورستان‌و بەختیار بەشێکی خوشەویستن لە گەلی کورد ، هەروەها کونگرە بەوەی زانی کورسێك بۆ زبان‌و ئەدەبی کوردی لە دانشگای تاران تەرخان کراوە ، ئیمە لە کاتێکا ئەم هەوالانە وەرئەگرین ، بڕوامان وایە ئەمانە بەس نیە بۆ کورد چونکە وەزعی کومەلایەتی‌و ئابوری‌و زانیاری‌و نەتەوایەتی زور خرایە لە کوردستانی ئیرانا ، لە بەر ئەو ئیمە داوای هەستان ئەکەین بە هەنگاوی‌تر بۆ چاك‌کردنی هەمو

وەزعە نالەبارەکانی کوردستانی ئێران •

کونگرە داوا لە حکومەتی ئێران ئەکات ، دان بەو راستیە علمیەدا بنێت : کە زبانی کوردی بەشێک نیە لە زبانی فارسی ، بەلکو زبانێکی سەربەخویە لە زبانەکانی « هندو ـ ئەوروپی ـ بەشی ئێرانی » وە داوا ئەکات حکومەتی ئێران دان بنێت بەوەدا کوردستان لە روی جوگرافیو نەتەوایەتیەوە لەم بەشانەی خوارەوە پێک هاتوە :

ناوچەی بەختیاری ، لورستان ، کرماشاە ، وە ئەو ناوچەیەی لە ئیدارەی ئێستادا پێی ئەلێن : کوردستانو بەشەکانی روژاواو خواروی ئازربایجان ، واتە ناوچەی مەهابادو شکاکو جلالی » •

**٣ ـ دەبارەی تورکیا :**

کونگرە سلاوی گەرمی پێشکەش خوێندکارانی کوردستانی تورکیا ئەکات بەرنگاری ئیمپریالیزمی ئەمریکیو کونەپەرستی تورکی کە ئەمرو حکومەتی مەندەریس تەمسیلیان ئەکات ، وە لایەنگری تێکوشانیان ئەکات لە ریگای ئازادی نەتەوایەتیدا ، کونگرە داوا ئەکات دان بنری بە مافی خوێندکارانی کوردا لە تورکیا تا بتوانن لە خوێندنخانەکانی کوردستانی تورکیا بە زبانی نەتەوایەتی خویان بخوێنن ، کونگرە بێبەشیان لەم هەقە بە جیاوازییەکی نەتەوایەتی دائەنێت ، ئەمەش لادانە لە مافی مروڤایەتیو پەیمانی نەتەوە یەک گرتوەکان •

**٤ ـ دەربارەی سوریا :**

« کونگرە نارەزایی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کوردەکانی سوریا وە داوای وەستاندنی ئەکات

دەس‌بەجی ، وە داوای بەرەلا کردنی هەمو گیراوو بەندە سیاسیەکان ئەکات بە کوردەکانەوە ، وە گەراندنەوەی هەمو سەربازو ئەفسەرو ماموستاو موەزەفە دەرکراوەکان بو سەر ئیشەکانی پیشویان ، وە داوای بـــەرەلا کردنی ســـەربەستی دیموکراتی‌و سەربەستی دانان‌و بلاوکردنەوەو روژنامەچیەتی‌و وتاردان‌و سەربەستی ریکخســـتنی سیاسی‌و خویندکارو کریکار ئەکات وە پی‌لینان بە مافە نەتەوایەتیەکانی کوردا ، هەروەها کونگرە بە توندی ناڕەزایی پیشان ئەدا بەرامبەر پیلانی دوژمنانەی کوماری یەك گرتووی عەرەب بەرەنگاری ئاسایشی کوماری عیراقی دیموکراتی •

« کونگرە بە پیویست ئەزانی هیرشـــیکی بە هیز ببری بـــو بەرەلاکردنی بویژی کورد « قەدری جان ـ عبدالقادر عزیز » وە داوا لە یەکیەتی ویژە وانەکانی عیراق ئەکات تا بە تایبەتی داوای بەرەلاکردنی بکەن ، هەروەها کونگرە ناڕەزایی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە زەوت‌کردنی پاساپورتی « دکتور نور الدین زازا » وە داوای گەرانەوەی ئەکات •

**٥ ـ دەربارەی یەکیەتی سوفییت :**

کونگرەی چوارەم سوپاسی کونگرەی سی‌هەمی کومەل دوبارە ئەکانەوە بو یەکیەتی سوفیت‌و کومارەکانی ئەرمینیاو چورجیـــاو ئازربایجانی سوشیالیستی سوفیتی، بو اهتمام‌دانیان بە زانیاری نیشتمانی کوردەکانـــی یەکیەتی ســـوفیت ، وە ئومیدئەکات ، وەکو لەمەوپیش چەن کومەلیکی کوردی داوایان کردوە ، کاربەدەستانی ســـوفیت هەل‌بسن بە چاپ کردنی نوسراوی کوردی‌و روژنامەو گوڤارەکان

بە تیبی لاتینی تا ملیونەهای گەلی کورد لە دەرەوەی یەکیەتی سوفیت لیی تی بگات •

٦ ــ دەربارەی کورد :

کونگرە بروای وایە حەل کردنی تەواوی مەسەلەی کورد ئەوەدایە هەمو پارچەکانی کوردستان لە زیر چنگی ئیمپریالزمو کونەپەرستی بیگانەو ناوخوی ئازاد بکری ، بە دامەزراندنی حکوماتی دیموکراتی لەو دەولەتانەدا ئەمرو کوردستانیان ئەکەویتە ناو ، وە ئەمانەش دان بنین بە مافی گەلی کوردو هەقە نەتەوایەتیەکانی ، لە سەروی هەمو ئەم هەقانەوە هەقی دانانی دواروزی خوی بە دەستی خوی •

ئەندامانی کونگرە یەکگرتنی جولانەوەی شورشگیریان لە هەمو بەشەکانی کوردستانا لە پیناوی ئازادیو ئاسایشو دیموکراتیەتا زور بە لاوە پیوبستبوو ، هەروەها دانانی سیاسەتیکی یەک گرتوو بو هەمو گەلی کورد ، تا هەمو پیکەوە تیبکوشن لە پیناوی هینانەدی ئامانجە پیروزەکانی گەلی کوردا ، لە کوردستانیکی ئازادو بەختیارو یەک گرتوودا •

بیجگە لەمانەی باس کرا کونگرە گەلیک بریاریتری وەرگرت، ئومید ئەکەین لە کاتیکی نزیکدا لە ژمارەی پینجەمی گوفاری کوردستانا ــ ژمارەی تایبەتی کونگرەی چوارەم ــ بیخەینە پیش چاو •

کونگرە پاش تەواوبونی کاروبارەکانی وە هەل بژاردنی « لیژنەی بەریوبەری گشتی » نوی ، روژی ٢٦ی تەموز سەعات دوی بەیانی بە سرودی « ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان ••• »

دەس‌بەجی ، وە داوای بەرەلا کردنی هەمو گیراوو بەندە سیاسیەکان ئەکات بە کوردەکانەوە ، وە گەراندنەوەی هەمو سەربازو ئەفسەرو ماموستاو مودەفە دەرکراوەکان بو سەر ئیشەکانی پیشویان ، وە داوای بــــەرەلا کردنی ســـەربەستی دیموکراتی‌و سەربەستی دانان‌و بلاوکردنەوەو روژنامەچیەتی‌و وتاردان‌و سەربەستی ریك‌خســـتنـــی سیاسی‌و خویندکارو کریکار ئەکات وە پی‌لینان بە مافە نەتەوایەتیەکانی کوردا ، هەروەها کونگرە بە توندی نارەزایی پیشان ئەدا بەرامبەر پیلانی دوژمنانەی کوماری یەك‌گرتووی عەرەب بەرەنگاری ئاسایشی کوماری عیراقی دیموکراتی •

« کونگرە بە پیویست ئەزانی هیرشـــیکی بە هیز ببری بـــو بەرەلاکردنی بویژی کورد « قەدری جان ــ عبدالقادر عزیز » وە داوا لە یەکیەتی ویژە وانەکانی عیراق ئەکات تا بە تایبەتی داوای بەرەلاکردنی بکەن ، هەروەها کونگرە نارەزایی خوی دەرئەبری بەرامبەر بە زەوت‌کردنی پاساپورتی « دکتور نور الدین زازا » وە داوای گەرانەوەی ئەکات •

**٥ ــ دەربارەی یەکیەتی سوفییت :**

کونگرەی چواردەم سوپاسی کونگرەی سی‌هەمی کومەل دوبارە ئەکاتەوە بو یەکیەتی سوفیت‌و کومارەکانی ئەرمینیاو جورجیـــــاو ئازربایجانی سوشیالیستی سوفیتی، بو اهتمام‌دانیان بە زانیاری نیشتمانی کوردەکانـــی یەکیەتی ســـوفیت ، وە ئومیدئەکات ، وەکو لەمەوپیش چەن کومەلیکی کوردی داوایان کردوە ، کاربەدەستانی ســـــوفیت هەل‌بسن بە چاپ کردنی نوسراوی کوردی‌و روژنامەو گوڤارەکان

به تیپی لاتینی تا ملیونەهای گەلی کورد لە دەرەوەی یەکیەتی سوفیت لیی تی بگات •

**٦ ـ دەربارەی کورد :**

کونگرە بروای وایە حەل کردنی تەواوی مەســـــەلەی کورد ئەوەدایە هەمو پارچەکانی کوردســـــتان لە زیر چنگی ئیمپریالزمو کونەپەرستی بیگانەو ناوخوی ئازاد بکری ، بە دامەزراندنی حکوماتی دیموکراتی لەو دەولەتانەدا ئەمرو کوردســـــتانیان ئەکەویتە نـاو ، وە ئەمانەش دان بنین بە مافی گەلی کوردو هەقە نەتەوایە تیەکانی ، لە سەروی هەمو ئەم هەقانەوە هەقی دانانی دواروژی خوی بـــە دەستی خوی •

ئەندامانی کونگرە یەکگرتنی جولانەوەی شورشگیریان لـــە هەمو بەشە کانی کوردستانا لە پیناوی ئازادیو ئاسایشو دیموکراتیەتا زور بە لاوە پیویست بوو ، هەروەها دانانی سیاسەتیکی یەك گرتوو بو هەمو گەلی کورد ، تا هەمو پیکەوە تی بکوشن لە پیناوی هینانەدی ئامانجە پیروزە کانی گەلی کوردا ، لە کوردستانیکی ئازادو بەختیارو یەگ گرتوودا •

بیجگە لەمانەی باس کرا کونگرە گەلیك بریاری تری وەرگرت، ئومید ئەکەین لە کاتیکی نزیکدا لە ژمارەی پینجەـمی گوقـــاری کوردستانا ـ ژمارەی تایبەتی کونگرەی چوارەم ـ بیخەینە پیش چاو•

کونگرە پاش تەواوبونی کاروبارەکانی وە هەل بژاردنـــی « لیژنەی بەریوبەری گشتی » نوی ، روژی ٢٦ی تەموز سەعات دوی بەیانی بە سرودی « ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زیان ••• »

کوتایی پی هینرا •

ئیمه له کاتیکا هەمو بروامان وایه ، جولانەوەکەمان بەشیکه هەرگیز جیا نابینەوە له خەباتی گەلی کورد له هەموو بەشەکانی کوردستانا ، بەلین ئەدەین ببینه نمونەیەکی زیندو بو یەکیەتی جولانەوەی کوردایەتی له هەمو بەشەکانی کوردستانی خوشەویستمانا •

با هەمو بیکەوە ئالای خەباتی یەکگرتومان بەرز بکەینەوە ، بو رزگارکردنی نەتەوە چەوساوەکەمان له دەس بەسەری بیگانەو دوژمنانی ناوخو •

خەباتی یەکگرتوو چەکی سەرکەوتنمانه ، چونکه هیچ هیزیک نیه له ریگای مللەتیکی یەکگرتودا بوەستی ئەگەر بازوی خەباتی لیهەلکردو ئامادەبو بو پیشکەشکردنی هەمو قوربانیەك له پیناوی ئازادیو بەختیاریا •

بژی خەباتی یەكگرتوومان ، بژی کوردو کوردستان
بژی ئاشتیو دوستایەتی ناو هەموو گەلانی جیهان

**کمال فوآد**
**سکرتیری کومەل**

---

بەرژەوەندی ئابوری بیرو باوەری سیاسی ریزو چینەکان دیاری ئەکا ، وە هیچ هیزی ناتوانی ئەم بەرژەوەنده بخاته پشت گوی • لەوانەیه یەکه یەکەی خەلك بیریان بگوری ، لەوانەیه واز له قازانجی تایبەتی خویان بهینن ، ئەگەر چی ئەمەش به دەگمەن هەلئەکەوی ، بەلام چینەکانو ریزەکانی هەرگیز ئەمه ناکەن •

**جەواهیر لال نەهرو**

**(٨٣)**

# پەیمان

بەو جووتە چاوە کاڵانەت
بەو لێوە قوتە ئاڵانەت
بە تیشکی ڕووناکی گۆنات
بە ئاهی سارد ، بە ئاوات
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شێوەت پڕ مەستم
بیرەوەری ڕۆژانی زوو
وا لە یاداو لە بیر نەچوو
زەردەخەنەو سوزی دەنگت
نەخشەکێشەو وا لە سەر ڕوو
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شێوەت پڕمەستم
خەوو خوراکم بەزارە
چاو لە فرمێسکی بێزارە
قەتیس ماوە لە سەر برژانگ
یاخود تاك تاك سەرەوخوارە
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شێوەت پڕمەستم
سالان دێتو تێپەڕ ئەبێ
ئاواتی من نایەتە جێ
ئاسوری دل ، ئازاری نوی

توانی بیرو هوشم بەری
دووریی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شیوەت پرمەستم
ئەژیم ژیانم تەرخانە بوتو
ئەگەرچی ژیان بمکا رەنجەرو
بەلام ئەوری‌بەی گرتومە بو تو
واگرتومەبەر بی‌پرسی بو ؟ بو ؟
دووریی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بەشیوەت پرمەستم
خوشەو یستیت بی پرسی من
پەتی سیدارەی هاویشتە گەردن
ریشەی گیانەی دەرهینا لە بن
بردی لە گەل خوی بو دەریای بی‌بن
دووریی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بە شیوەت پرمەســـــتم
لە سایەی خوشەویستیا
بی هوش و گوش‌و ئاوارە
کەوتومو چارم ناچارە
پیشەم هەرنالەو هاوارە
دووریی نزیك ئەتپەرســتم
گیانە بەشیوەت پرمەستم
هەلەم چیەو کوا گوناهم

(٨٥)

سـزام بدەو ببرە ئاهم
یابە جاری جا چارم کە
ئەم ژیانە رزگارم کــە
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بەشیوەت پرمەستم
ناوی شیرینت وا لە سەر زارم
هەمیشە بوتە وانەو کردارم
بە هیوات ئەژیم تا دوا هەناسە
هەرچی ئەش پرسی لە حالی زارم
دووربی نزیك ئەتپەرستم
گیانە بەشیوەت پرمەستم

— ن —

---

نیشتمانپەروەری راســـــتەقینە ریز ئەگری لە چونیەکـی نەتەوەکانی‌تر ، وە لە هەمان کاتا هیوادارە بو هینانەدی بەرزتریــن ژینی مروڤایەتی لە یەك ولاتا وە یەکیەتی گەلانی هەمو گیتــی ئەپاریزی ••

نەتەوایەتی کونەپەرستانەی بورژوازی رقوکنیە بە رپا ئەکات لە ناو نەتەوەکانا •••• وە شیت‌گیری نەتەوایەتی ( العصبية القومية ) یاسای عەشایەری کونی دواکەوتو هاونیشتمانەکان ئەپچرینی لە هەمو جهان وە وایان لی ئەکا لە ســـنوری تەسك‌و تروسکی تی‌بی‌نینــە ووشکەکەی خویانا بخنکین •

**لیو شار**

# چیرۆکی ژمارە

## چۆن لە بیرم بچیتەوە ؟!

مصطفی صالح کریم
ـ ئەندام لە یەکیەتی ئەدیبانی عیراق ـ

بو لیم زیز بوویت ؟بو مالەکەت بەجی هیشتوە ورویشتویت ؟ تاوانی ئەم دوو کوریە ساوایە چیە بی ناز بمینەوە •••••وە بدرین بە بەر شەپولی ناخوشیو لیکجیابوونەوەی منو تودا !

هەرگیز چاوەروانم نەئەکرد کە نیوەرو بیمەوە مالەوە وتـــو نەبینم •••• چاوەروانی ئەو پارچە کاغەزە بچکولەم نەئەکرد کـــە لە سەر میزەکەمی دابنیو برویت ! ئەو پارچە کاغەزەی کە بە پرتاو پەلامارم دایە بزانم چیت تیدا نوسیوە • کە خویندمەوە تەنیا ئەمەندەبوو:

« تائیستا ئەمئەناسیت باش ،بەلام دوینی کە دەستە خوشکەکانم هاتن بەمیوانیم زور شت تی گەیشتم ، بە تایبەتی ( نەسرین ) تیی گەیاندم کە چەنـــــد کچ لە رابووردووتا هەیە ، کی ئەلی :هـــەر رابووردوو رەنگە هی ئیستاشت بن ، منیش بروام نەئەکرد لـــــە سەرەتا وە ، بەلام لە دواییدا بو دلنیابوون کتیبخانەکەت گـــەرام ــ دەستە نامە پیچراوەکانتم دوزیەوە کە بە شریتکی ئال پیچاوتەو لەسەری نووسراوە (نامەکانی پرشنگ) ئیتر لەوە بەولاوە چاوەروانی چی بکەم ؟ وا مالەکەم بو بەجی هیشتی »

چەن دل‌رەقی لە حوکمەکانتا چیت لی‌ئەهات ئەگەر چاوەروانیت بکردایە تا ئەهاتمەوەو هەموو شتیکم بو ئەگیرایتەوە بەلام پەلەت کردو بەهەلەش چوویت نەم ئەویست کە هەرگیز ئەم باسەت بو بگیرمەوە چونکە ئەزانم کە پی‌ی دل تەنگ ئەبیت وە دیسانەوە ئەوەندەی تر دلت ختورە ئەکات وە ئەت‌برژینی ••••بەلام چارم ناچارە کە ئەبی دلت بهیتمەوە جی‌ی خوی‌و ئەو یادگارەی ناشتبووم جاریکی‌تر زیندووی بکەمەوە ئەودی کە بوت ئەگیرمەوە ئەوەندی فرمیسك بە چاوما ئەهینیتە خواری ئەوەندەش تو پەست ئەکا بەلام بە دەست من نیە ئارەزووی تو وایە هەموومان خاوەن رابووردووین •••••• دوای مارەکردنت ویستم رابوردووی خومت بو بگیرمەوەو باسی ئەم نامە بیچراوانەت بو بکەم ،بەلام هەستم کرد کە بەختیاریت وە بەختیاری‌یەکەشت هی ئەوەیە کە ( میردەکەت ) رابووردووی نیە !! وە هەرگیز دلی بو دلداری دانەخورپاوە لە بەر ئەوە نەم ویست لە خەیالت بدەمو بەختیاریت لی بشیوینم گیانەکەم : ئەو نامانە ئیستا تەنیا ( یادگارن ) بەلام تو پرز بە پرری دلیت •••هەرچەند پیویستی بەوە نەئەکرد کە ئەمەش بلیم بەلام بلیم چی لە گەل سروشتی پرواهیمەت کە وام لی ئەکەی دەست بکەم بە هەلکولینی گوری یادگاری رابووردووم ، دەسا گوی بگرەو باش سەرنج بدە :

« سەرەتای سالی ٩٥١ بو قوتابی بووم لە بەغدا ئەم خویند روزیك روانیم ئاودلەکانم هەموو گرد بوونەتەوە لە [ لوحەی اعلانات ] منیش وەك ئەوان خوم کوتا بو پیشەوە بزانم چی نووسراوە ئەوەندەی پی نەچوو کە هەموومان زانیمان بانگیکە بو لاوان کی

ئەیەوی خوی پیشکەش بکات بو ئەوەی خوینی لی بگیری بو ئەوانەی کە تووشی نەخوشی کەمخوینیو هەندی نەخوشی تری وا ئەبن کە پیویستییان بە خوین ئەبی بو روژی دوایی کە دەست کرا بەخــو نووسین ری بەرنەئەکەوت لەبەر ئەو هەموو قوتابیە گەنجەی کــە خویان پیشکەش ئەکرد ، هەرچەندە من لاوازیش بووم بەلام دلـم بەرایی نەهات لە هاوریکانم دواکەوم منیش وەك ئەوان خوم ناونووس کردو ناوەکانمان نیررا بو یەکی لە نەخوشخانەکان وە ئیتر هـــەر شەوەی بە تەلەفون چەند کەسیکیانلی بانگ ئەکردین ....

شەویکیان زور سارد بوو نەچووین بو بەشی دەرس خویندن بو ( مطالعەی اجباری = پیاچوونەوەی دەرس ) بەلکو لە ژووری نووستنی قوتابخانە لە سەر قەرەویلەکەم راکشابووم وە بەتانیەکـم لە خومەوە پیچابوو خەریکی خویندنەوە بووم کە لە پرر چاودیری گشتی کە قوتابیەکی پولی سیهەم بوو هاتو ووتی : ــ خیرا هەستەجل لەبەرکەو خوت بگەیەنە خەستەخانەی (ن) ئیمشەو نورەی تویــەو داوایان کردویت ، منیش بە پەلە خوم گەیاندە ئەوی‌و یەکی لـــە دوکتورەکان رووی تی کردم :

کچیك نەخوشی [ ئەنیمیا ] یەتی خیراکە با بروین ، منیش بە شەرمیکەوە ووتم: دکتور کەسی‌تر نیە بیبەی لە گەل خوتا راستیەکەی زور سەرمامە ، خوین لەوانەیە لە لەشما مەبیبت ، ئەترسم خوم پی را نەگیریت . بە پی‌کەنینیکەوە ووتی .

ــ جاری لە پیش هەموو شتیکا نمونەی خوینی تو کە گیراوە لە گەل خوینی ئەم کچــەدا ئەگونجی وە جگـــە لەوەش تو بــە پی‌ی

ناونیشـــانەکەت رولەی کوردستانی ، فیری ساردو سەرمای ، گوی مەدەرە ئەوانە ، خیراکە ••••ها ئەوەشت پی بلیم کچە نەخوشەکەش خەلقی سلیمانی‌یە •

هەر کە ئەمەی ووت ئیتر نە لاوازی خومو نە سەرماو نـــە هیچ شتیکم بیر نەما خیرا سواری ئوتوموبیلەکە بووین‌و رویشتین تا لە بەر دەمی خانوویەکی قەشەنگا وەستاو دابەزین لە بەر درگـــا خزمەت کاریك هات بە پیرمانەوە و بردینی تا گەیاندینیە ژووریك کە قەرەویلەیەکی تیدا بوو کچیکی جوانی قەلەم ریکی لە سەر راکشا بوو ، بەلام رەنگی هەلبزرکاوو چاوی بە قوولا چوو بوو ، لیوەکانی تەرایی خوینی تیا بەدی نە ئەکرا ، سورایی لە رووومەتیا نەئەبینرا ، لە پشت سەریشیەوە دولابو میزیك دانرابوو ، پیاویکی بە سالا چوو لە گەل ئافرەتیکی چاو پرر لە فرمیسکا لەم دیوەو دیوی کچـــەوە دانیشتبون ، دوای بە خیر هاتن زانیمان کە ئەم کچە تاقانەی ئـــەم دایکو باوکەیە وە هەر ئەمە شك ئەبەن لە بەر ئەوە زور بە پەروشن بوی ، سی مانگ زیاترە لە سەر جیگایە تووشی ( انفلونزا ) بووە ، دوایی لەی پس کردوە ، ئیمجا کە هاتوتە ئەمەی چاك بیتەوە ئەمەندە بی‌هیزو لاواز بووە هیچ جورە توانایەکی وای نیە بەربەرەکانی‌ی هیچ نەخوشی یەك بکات بویە تایەت [ ئەنیمیا = کەم خوینی ] زیاتر تەنگی پی هەل‌ئەچنی زوری پی نەچوو کە دکتور جانتا کەی کردەوە و جووتی دەرزی گەورەو بوری یەکی لاســـتیکی دەرهینا ، خیرا دایکەو باوکە ژوورەکەیان بەجی‌هیشت‌و دکتور کەوتە گواستنەوەی خوین ، سەرم کەوتە سوورر خوارد نو دلم کـەوتە لیدان هـەرووەکو

گیانم دەربكیشـــــن ، عارەقیكی سارد بە ناوچەوانما ئەهاتە خواری هەروەكو كچەش هەستی بەوە كردبی كە لە چ ئیش‌و ئازاریكـــام دەستی هینا بە قولماو زەردەخەنەیەك كەوتە سەر لیوەكانی بوو بـــە سەبووری دلم لەو تەنگو چەلەمەیەدا •

خوین گواستنەوەكە تەواو بوو بەلام من هەستم كرد بە ماندوو بوونیكی زور وە دلیشم هەر لە دلەكوتی‌ی خوی نەئەكەوت كە سەرم هەلبری بینیم چاوەكانی تی‌بردبوم وە زور لە سەرخو ووتی :

ــ نازانم چون سوپاست بكەم •

پیش ئەوەی بتوانم قسەیەك ئامادە بكەم بو وەلام دایكو باوكی هاتنەوە ژووری وە هەریەكەیان بە جوریك سوپاسیان ئەكردم ، بە دەم كوكردنەوەی شتەكانەوە دكتور پی‌ی ووتن :

ئەم قوتابیە كوردەو خەلكی سلیمانی‌یە وە یەكیكە لەو گەنجانەی كە خوی تبرع كردوە بو ئەم جورە فرمانانە واش بزانم چاوەروانی سوپاس ناكەن بە پیویستی ســـــەرشانی خویانی ئەزانن ، ئیتر كاتی رویشتن‌مان هات بەلام پیش ئەوەی ژوورەكە بەجی بهیلین باوكی كچەكە ووتی :

ــ تكام وایە ئەم مالە بە مالی خوت بزانی وە هیچ شەرم نەكەی مادام خەلكی سلیمانیت ئەبی بە مالی باوكی خوتی بزانی •

گەرامەوە قوتابخانە و خوم كرد بە ژیر جیگاكەوە بەلام هەست ئەكەم خەو دوورە لیم وینەی كچە نەخوشەكە بەردەمی گرتووم وە بە هیچ جوری بەرەللام ناكات منیش جلەوم شـــل كرد بو خەیالی ساوام، وام ئەزانی ئیستا پیكەوە كەوتوینە تە گفتوگو لە بەر خوشمەوە

هەستم بە شادی‌یەك ئەكرد بەم وردە خەیالانەوە خەوم لی كەوت ، بەیانی رۆژ بووە چووین بۆ ژووری دەرس‌خانە كەوتمە ناو گێژاوی [ نەباتو سایكولوجیاو كان و اخواتها ] بە رادەیی هیچ پشووم نەبوو بیری تیا بكەمەوە تا كاتی پاش نیوەرو هات هاوڕێكانم هەموو روویان كردە گازینوی (نعمان)و (گازینوی رصافە ) بەلام من هەر لە خومەوە بە خەیالما هات سەرێكی كچە نەخوشەكەی دوینی شەو بدەم هەرچەند كە ئەشم زانی هیچ پیویست بەم چوونە ناكات بەلام كاتی بە خومم زانی لە بەر دەرگاكەیان راوەستاوم لە پرر موچركەیەكم پیا هـــاتو شەرم گرتمی‌و لە دلی خوما ووتم ئیستا چیم پی‌ئەلین كەوا هەلئەكوتمە سەریان ؟

بەلام پیش ئەوەی وەلامی خـــوم بدەمەوە یا بگەریمە دواوە یەكێك بە گەرمی هات بە پیرمەوە وە دەنگی بەخیر هاتنی بـــەرز بووەوە كە سەرم هەلبری روانیم باوكی كچەكەیە كە توند دەستی گوشیم وە پیش خوی دام بو ژووری نەخوشەكە وە كورسی‌یەكیـــان لای قەرەویلەكەیە وە بو دانام منیش هەوالی سیحەتیم لی پرسی ئەویش بە روویەكی خوشەوە وەلامی دامەوە :

ـ چاكم شكور •

ئیتر كەوتمە گفتوگو لە گەل دایكو باوكیا تا ماوەیـــەكـــی وا تی پەری كە هەستم كرد ئیتر پیویستە برروم جارجارەش چـــــاوم ئەبرریە چاوە گەشەكانی كچە نەخوشەكە كە تی گەیشـــتم ناوی ( برشنگە ) وە سەیری ئەو سنگە نازدارەیم ئەكرد كە ئـــەتووت ( ئاردی بومبایە ) ئەوەندە سپی بوو ، هەســـتامو مال ئاوایم كـــرد

(٩٢)

هەرچەندە لە کاتی دلەوە ئەمویست تا دنیا دنیایە هەر لەوی دانیشم لە ریگا نەختی سیو دووی دلی خوم کرد وە برریادم دا کە ئیتـــر نەچمەوە •

بەلام بو روژی دوایی هەر کە نانی نیوەروم خوارد ئیتر بـــە جاری عەزمم روخا وە بەرەو لانەی بەختیاریم جوولام •

خیزانی خوشەویستم :

هەرچەندە زور بە داخەوەم کە ئیستا دلتەنگ ئەبیت بەم راستی‌یە بەلام تاوانی من نیە تو بریشت کولاندمەوەو بە جاری شریتی عومری رابووردومت هنیایەوە پیش چاوم لە بەر ئەوە ناچاری کە گـــوی شل کەی بو رازەکەم تا دوایی روژی لە روزان کە پوستەی قوتابخانە دابەشرا نامەیەکم وەرگرت لە باوکی پرشنگەوە بو دەعوەتیـــان بو کردبووم بو نیوەروی پینج شەممە ، منیش لە کاتی خویا چووم روانیم ( پرشنگ ) روەو چاکی ئەروات کراسیکی ســـپی لە بەرایە ئەلی‌ی فریشتەی ( ئاشتی ) بە دیتو ئەچی و میزی خواردن ئامادە ئەکات لە دوای نان خواردن هەر چونی بوو خومم گەیاندی‌و تکام لی کرد کە سبەنی هەینی‌بەوەدەستم بەتاله بەیمانم بداتی لە باخچەی ( نعمان ) یەکتری

ببنین ئەوەشم لە بیر نەچوو کە پی‌ی بلیم :

– بو سیحەتت وا باشە کە ئیستا بگەریت‌و خوشی دنیا بچیژی •

★ ★ ★

نازانم ئەو شەوەم چون لی بە سەر چوو لە خوشی ئەوەی کە سبەینی لە گەل پرشنگا دوو بە دوو ئەبین یکەوە ، هەر چونی بوو لە

دووای نیوەڕو رووم کردە باخچەی ( نعمان ) ئەبینم بە تەنیا پرشنگ لە ژیر سیبەری دار ( زەیزەفونیکا) دانیشتوە لە سەر تاکە کورسییەك وە کیتبیکی پییە ئەم دیوو ئەو دیوی ئەکات ، هەر کە چاوی پیم کەوت هەستایە سەرپی و دەستە ناسکولەکەی بو دریژ کردم و تیر دەستم گوشی ئیمجا لە باخچەکە هاتینە دەرەوە و بە جووتە ئەو شەقامانەمان بری بە دەم قسەی خوشەوە تا گەیشتینە قەراغی رووباری ( دجلە ) لەوی لە شوینیکی هیمنا دانیشتین ، روژیکی زور خوش بوو ، سال بەرەو بەهار ئەرویشت ، تیشکی خور تەوژمی زەوی شکاند بوو لە سەر لمەکە هەر لە خومەوە بە پەنجە شتم درووست ئەکرد وەختیکم زانی نەخشەی دلیکی گەورەم کیشاو لە سوچکیەوە نووسیم «پرشنگ» ئەویش بە پەنجە شمشالییەکانیو بە دەم زەردەخەنەوە لە سووچەکەی تری بە خەتیکی ئاشکرا ناوی منی نووسی ، ئیتر خوم پی نەگیرا هەرچی لە دلما بوو هەلم رشت وە سکالای خومم بو کرد کە چون گورفتاری دلداری ئەوم ، چون بووە بە خوراکی گیانم ، بەلام هەر وەکوو ئەم قسانەم شتیکی سەیر نەبی لە لای ئەو وابوو چونکە سەری هەلبریو چاوە جوانەکانی تیبریم کاتیکم زانی بونی هەناسەمان بە سەر یەکا ئەچیو هەر وەك جاری پیشوو کە خوینمان تیکەل بوو ئەم جارەش هەناسەمان تیکەل بوو بە یەك گەیشتنی لیومان ! بەلام ئەم پیك گەیشـــــتنە بوو بە هوی بووژاندنەوەی هەموو ئاواتم پاش ماوەیەك بیدەنگی جاریکی تر ئەو چاوە رەشە چریسکە دارانـــەی تیبریسەوەو ووتی :

ـ ئامانج گیان ! پەیمانم ئەدەیتی کە لە بیرت نـــەچمەوە •

ـ پەیمان بی گیانەکەم هەرگیز لە بیرم نەچیت •

ئیتر دوای ئەوە هەستاین بە قەراغی دجلەدا بە گفتوگو هاتینە خواری بە لای باخە کاهوەکانا کە لەو ناوەدا بوون ووردە ووردەو لە سەر خو باسی ژیانی تایبەتی خویانی بو ئەگیرامەوە ، تی گەیشتم کە باوکی بازرگانە لە بەغدا وە حالەتی مالی‌یان باشە ، خوشی قوتابی بووە لە ( کلیەی تجارەو اقتصاد ) بەلام ئیمسال لە بەرنەخوشـــی ئەوەندەی دەوام نەکردوە کە نیازی ئەوەی بی بچیتە تاقی کردنەوەی سەری سالەوە بەلام بە دەستیەوەیە تی کە سالی دوایی زور بە باشی‌تی هەل‌بچیتەوە ، منیش پیم ووت :

ـ خوا ئەکا خوت خوش ئەبی ئەتوانی سالیکی تر دەست پی بکـەیتەوە وە دەریش بچیت ، بە پیکەنینیشەوە ووتم : «خوت نەت ووتایە وام ئەزانی هیشتا لە سانەویت » •

★ ★ ★

بەم رەنگەو بە ئەوپەری کامەرانی‌یەوە سالمان تەواو کردو هاوین هات و گەرامەوە بو سلیمانی ، هیچ هەفتەیەك نەبو نامەیەکی (پرشنگم) بو نەیەت کە هەمو یادگاری روژانی رابووردوومان بوو، هەمو ئاوازی دلداری‌یە بەسوزەکەمان بوو ، هەموو پەیمان بوو لە سەر دلسوزی ، هەمووی رازو خوازی دلداری‌یەکی بە هیزی بی وینـە بوو ، زور جار ئەی‌نووسی :

« گیانەکەم وا بزانم ، رومیو جولیت ، قیس‌و لیلی‌ش ، هەر بە قەد [ پرشنگو ئامانج ] ئەشکەنجەیان چیشتوە » •

★ ★ ★

قوتابخانەکان کرانەوەو گەراینەوە بەغدا و لە گەل پرشنگا پیك شاد بوونیەوە وە کەوتینەوە نوشینی شەرابی خوشەویستی ، بە تایبەتی ئیمسال ئیتر بە جاری خوی دارشتبوو ، سیحەتشی زور باش بوو بوو ، دەوامی قوتابخانەشی زور بە باشی دەست پی کردبوو ، پینج شەمموان وە روزانی هەینی هەمیشە پیکەوە بووین ، وەك جووتە بولبولی ئــەم باخەو ئەو باخمان ئەکرد ، یا ئەچووینەوە شــوینە پیروزەکەی کە یەکەم جار لە روخی دجلە خوشەویستی‌یەکەمـــان تیایا زمانی پژا ••••••

گەلی جاریش پیکەوە ئەچوونیە سینەما ، زەوقیکی باشی بوو لە هەلبژاردنی فلیمی خوشدا منیش هەرگیز بی‌دلیم نە ئەکرد •

★ ★ ★

شەویکیان شەوی بیستو حەوتی مانگی کانوونی دووەم بــوو سالی ۹٥۲ ، جووتی قوندەرەی تەنگم لە پیدا بوو ، پالتوی یەکی لە هاوریکانی ترم لە بەر کردبوو ، مل‌پیچیکی شینم لە ملمەوە ئالاندبوو، درەنگیك لە دەرگای مالی ( پرشنگم )دا کە دەرگایان لی کردمــــەوە حەپەسان ، چون بەم درەنگە هاتووم ؟ بەلام پیش ئەوەی بە تەواوی ماوە بدەم کە پرشنگ رەنگی زەرد هەل بگەری وە بکەویتە دلـــە کوتی ووتم :

ـ بە خوا دەوری قوتابخانەکەمان بە پولیس گیراوە لە چاخانە بووم درەنگ هاتمەوە دوکاندارەکان پی‌یان ووتم کەوا لە ژوورەوە تەفتیشی قوتابیەکان ئەکەن ئەلین : گوایا ( بەیان نامە ) بلاو کراوەتەوە بو یاد کردنـــەوەی راپەرینەکەی کانونی دوەمی سالی ۹٤۸ بو یادی

چوار ساڵەی شەهیدانی سەربڕد ، پۆلیسی تحقیقاتیش شکیان لە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە ••• ئیتر منیش نەمویرا بچمە ژوورەوە نەوەك بمگرن لە بەر ئەوە هاتم بۆ ئیرە ، ئیتر خێرا بردمیانە ژوورێك و جێگایان بۆ چاك کردم دوای ئەوەی کە خۆم گۆڕی و ویستم بچمە ناو جێگاوە بێدەنگ ( پرشنگ ) هاتە ژوورەوە پێش ئەوەی کە هیچ بم دوێنێ دەستی کرد بە گیرفانەکانیاو دەستی دەرهێنایەوە بە کۆمەڵێك بەیاننامەوە وە بە پێکەنینێکەوە ووتی :

ـ ئەم ملپێچ و پاڵتۆ خواستراوە و قوندەرە تەنگانە هەروا بە خۆرایی نەبوو ، هەستم بە شتێك کردبوو ،

منیش خۆم تێك نەدا و ووتم :

ـ ئا ••• ئەوانە لە ڕێگا دۆزیمنەوە ، بەڵام لە ترسی ئەوەی کە بم پشکنن وە بیدۆزنەوە نەمویرا بچمە ژوورەوە •

ـ گیانەکەم بۆ لیمئەشاریتەوە ؟ بۆ ئیمە مافی تێکۆشانمان نیە وەکو ئیوە ؟ بۆ هەمیشە سنگی ئیمە قەڵغانی ئیوە نەبووە لە خەباتی خویناویدا ••• ئاخ •••• خۆزگەشتێکم پێ ئەسپێرا جا بزانن چۆنم رائەپەڕاند ، منیش تینوی سەربەستیم وەك ئیوە ، منیش ئاواتە خوازم کە ئەم حکومەتە رزیوە بروخێنریت ، ئەم قەسابخانە یەی بۆ ئازادی خوازان دانراوە بە سەر خاوەنەکانیانا ویران بکەین ، ئەم بەندیخانە گەورەیە بروخێنن ، منیش بە عەزرەتەوەم کە سبەینێ بێترس هەموو بە چەپکە گوڵی رەنگاو رەنگەوە بچینە سەر گۆری شەهیدەکانمان وە پەیمان لە گەڵ گیانی پاکیانا تازە بکەینەوە و بلێین :

« دڵنیا بن کە خوێنی ئیوە هەر دڵۆپێکی نەمامێکی ساوای ئاو

داوه له باخی خه‌بانا » •

به راستی هه‌ر واقم وورما که گویم له مانه بوو هیچم پی‌نه‌کرا ئه‌وه نه‌بیت که هه‌ستم‌و ناوچه‌وانی ماچ بکه‌م •

به‌م پی‌یه پرشنگ بوو به هاوری‌ی ژیانم و دلداری راسته قینه‌م بوو بـه هیـوای باخـی ژیانم ، بـوو به قه‌لغانی کـورری جه‌نگم بو به یه‌ك پارچه ئاگرو بلیسه‌ی لی به رز ئه‌بووه ، تا وای لی هات له ( کلیه )دا به چاویکی زور به‌رز سه‌یری ئه‌کرا له لایه‌ن هه‌موو خوشکو برا قوتا بیه‌کانه‌وه •••• وه لـه ناو جـه‌رگه‌ی ئه‌م تیکوشانه شیرانه‌دا په‌یمانمان تازه کرده‌وه که مه‌گـه‌ر « گل » لیکمان جیا بکاته‌وه ، وه بریارمان دا هه‌ر دوای ده‌رچوونمان له قوتابخانـه خوازبینی بکه‌م وه دلنیاش بووین که باوکو دایکیشی پرر به دل ئه‌یان ویست پیك بگه‌ین •

★ ★ ★

ئه‌و هاوینه‌ش کـه بـه سـه‌را هات‌و لیك دوور کـه‌وتینه‌وه پوسته‌چی‌یه‌ك هه‌ر به‌ریگه‌ی نامه‌ی منو پرشنگه‌وه بوو که ئه‌ینووسی :

« که‌ی ئه‌گه‌ریته‌وه گیانه‌که‌م ؟ که‌ی بیت سه‌رت بکه‌مه سه‌ر رانم‌و باسی هه‌وا فینکه‌که‌و ئاوه ســارده‌که‌و دیمه‌نه دلگیره‌کانی کوردستانم بو بگیرریته‌وه ؟

که‌ی دیته‌وه خویناوی دله‌که‌م ؟ ! •

ئه‌ی دلی من به خوینی تو نه‌بوژایه‌وه ؟ ئه‌ی میشکی من بـه بیری نوی‌ی تو زاخاو نه‌درایه‌وه ؟ ئه‌ی ئیمانی من به عه‌زمی پولاینی تو بناغه‌ی به‌هیز نه‌بوو ؟ ئه‌ی باخی هیـوام تو نه‌بوویته باخه‌وانی ؟

دەوەرەوە گیانەکەم چونکە ( دجلە ) ماتو غەمگینە بو جووتە پەیمان پەروەرەکەی باخچەی « نعمان » و « شەقامی بیستەم » چاوەروانن کە جووتە کوترەکەی بە شەقەی باڵ پیا بینەوە !

بابەو دایە هەمیشە هەواڵی ئەو کاتە ئەپرسن کە تیا ئەگەریتەوە ، ئامانج گیان ! نەکەی خوینی خوت ببەخشــــی بــە هیچ کچیکی تر هەرچەندە ئەمە ( خوپەرستیشە ) بەڵام ئەبی لیم ببوری چونکە هەر من ئەزانم کە تیکەڵاو بوونی خوین چ کارەساتیك ئەنیتەوە ! »

هاوینەکەمان بەم نامانە بردە سەرو گەرامەوە بو بەغدا •••••
لە گەرمەی خوشی پیك گەیشتنەوە مانا نەمان ئەزانی ( قەدەر ) چ تیریکی بو ئامادە کردوین ؟

گەلی عیراق بە کوورد و عەرەبیەوە لە زاخووە تا فــاو هاتبوە کوڵاندن پلەی تەوژم لە تەقینا بوو ، گەلی تی‌کوشەر ئامادە بوو ، بو خو بەخت کردن لە پیناوی ئازادی نیشتمان‌و کامەرانیدا ، بە تایبەتی شاری بەغدا وەك خرابیتە سەر کیویکی ئاگرین وای لی هاتبوو •••• هەر کە مانگی تشرینی دووەم هات خو پیشاندان دەستی پی کـــرد ، قوتابیان لە هەموو کلیەکانا بریاری مان‌گرتن‌یان دا ، وە تیکرا قوتابیان لە هەموو قوتابخانەکانا بە خوپیشاندانەوە هاتنە دەری بومەیان بو قول کردن بە قولی جەماهیرا ، بو روخاندنی حوکمی پیسی شاهانە تا لە لایەك پولیس موزاهەرەیەکی ئەکوژاندەوە لە چوار لای ترەوە هەل ئەگیرسایەوە •••••

جەنگ گەرم بوو ، جەنگی ژیانو مردن ـ پولیس بە رەشاشەوە بە ئوتومبیلی چەکدارەوە ، بە سترلنگەوە ، بە تفەنگی سونگی دارەوە

به بۆمبای فرمێسك ڕێژەوە دەوری قوتابخانەکانیان ئەگرت بــەلام بێ‌سوود بوو هیچ هێزێك خۆی لە بەر هێزی پۆلاینی ڕۆلە نەبەزەکانی گەلو ( گوڵە بۆن‌خۆشەکانی بەخەی میللەتا ) ڕا نە ئەگرت هــەتــا ڕۆژێکیان ئەو ڕۆژەی کە هیچ کاتێك هەرگیزاو هەرگیز بیرم ناچێتەوە تا لە ژیانا بم •••• ئەو ڕۆژەی کە لە بەرە بەیانیەوە ( مظاهرات ) دەستی پێ‌کرد لە هەموو سووچێکی بەغداوە ، قوتابیان ، کرێکاران ، گەنجان ، پیاوو ژن ، گەورەو بچوك لە هەموو لایەکەوە بە شیعاراتەوە هاتبوون نە بەردەمی نامەخانەی گشتی‌دا لە ( باب المعظم ) هەمـــو ( مظاهرەکان ) یەکیان گرتو دقول کرا بە قولی یەکا وە بە ڕیز بە شیعاراتو بە (هتاف)کیشان: بۆ پێشەوە بۆ بەر بەرەکانی‌و نەگەڕانەوە! ئەوەندەم زانی یەکێك تووند قولی گرتم کە ئاوڕم دایەوە ( پرشنگ ) بوو ، بە زەردە خەنەیەکەوە ووتی :

– قوتابیانی ئێمە بڕیاریان داوە ئیمرو تا وەزارەت نــەڕوخی نەگەڕێنە دواوە ئێوەش قوتابیانی خوتان هان بدەن کەس نەگەڕێتەوە •

– ئێمەش هەموومان لە گەلتاناین گیانەکەم •

ئیتر قولی کرد بە قولماو بە هتاف سەندنەوە کەوتینە جولاندن لە پرر دوان لە قوتابیانی ( کلیەی تجارە ) کە پرشنگیان ئەناسی وە منیش ئەم‌ناســـین لە لیژنەی یەکێتی قوتابیانی نهێنی‌دا بوون • دەستیان دایە بالی پرشنگ وە سەریان خستە سەر پاسیکی ( ئەمانە )کەلەوی ڕاوەستا بوو هەر کە دەستێکی بەرز کردەوە بە جاری ئەو هەمووەی لەوی ڕاوەستا بوون بێ دەنگ بوون ، ئیتر کەوتە ووتار دان بـــە دەنگیکی پرر لە حەماسەت و بروایەکی بەهێزەوە داوای لە هەموان

کرد کە دان بگرن بە خویاناو بلاوەی لی نەکەن •••• یا کوشتن••• یا سەرکەوتن •••• هیشتا لە ووتارەکەی نەبو بوەوە کە تەقــەی پولیس لە هەر چوار لاوە دەستی پی کرد قیژانم : ــ پرشنگ وەرە خواری •••• پرشنگ ••• پرشنگ

قسەکەو بانگەوازەکە لە قورگما خنکا ، چو تکە چاوم لی‌بوو کە ریك گوللەیەك دای لەو سەر سنگە سپیەی کە جاران بــــە پی کەنینەوە پیم ئەووت ( ناردی بومبا ) خوینی گەشی ئالی هاژەی کرد بە سەر سنگو مەمکیاو کەوت خیرا رام کرد لە گەل چــەن هاوری‌یەکا هنیامانە خواری وە هەر چونی بوو بە ناو تەقو توقا دررمان بە خەلکەکە داو گەیاندمانە نەخوشخانەی ( مجیدیە ) لەوی یەکی لە هاوری‌کانم نارد بو مالی پرشنگ کە خەبەریان بدەنی‌و بین بــــو خەستەخانە چونکە لەو بروایەدا بووم کە بە تەلەفوون ئەم کـــارە ناگەیەنریت •

لە سەر قەرەویلەیەك پرشنگیان راکشیاو خوشم بە لایـــەوە دانیشتم فرمسیك وەك بارانی بەهار بە چاوما ئەهاتە خواری ئەویش خیرا خیرا عارەقی هەلئەرشت وە هەناسەی سوار بوبوو کەمیك سەری جوولانەوە و دەستی دریژ کرد بو دەستم وە بە بی‌دەنگیەکەوە ووتی

ــ گیانەکەم خەم مەخو ، هەر من نەبووم شەهیدی ریگـــای ئازادی ئەم خوینەی ئیمەیە کە موژدەی سەربەستی ئەدا بە میللەت • ئتیر هەموو هیزیکی دایە خوی‌و دەستی هیناو سەرمی لە خوی نزیك کردەوەو دەستی کردە ملم وە دەمی نایە ناو دەمم کە سەری کەوتەوە سەر پشتی‌یەکە لە بەر خویەوە ووتی :

ـ بەلام دلنیام کە خوینی ئیمە داری ئازادی بو میللەت ئاو ئەدا و لیم روونە کە [ ئەو گەلەی قوربانی بدات هەرگیز نامری ]

گە دەسە سرەکەم لە چاوم کردەوە بینیم وەك دوو ســال لە مەو بەر پرشنگم سیس بووبوو ، تەررایی لە ژیانیا نەمابوو ، تەنانــەت باوکیشو دایکیشی فریای نەکەوتن ، کاتی کە گەیشتنە ئەوی بە سەر لاشەی نەوجوانی بی گیانی پرشنگ وە بە سەر شیوەنی بە کولی منی رەتجەرودا هاتن •••• تائیستاش دلم بروایی نەهیناوە بچمەوە بەو شوینالەدا کە لە گەل پرشنگا پیکەوە هاتو چوومان تیا کردوە ••••• بەلام هەرگیز لە بیرم تەچوەتەوە •••• پیم بلی ، پیم بلی ، تو خوا « چون لە بیرم بچیتەوە ؟ ! • »

★ ★ ★

ئا ئەمەیە رابووردووەکەی من ئەی خیزانە خوشەویستەکــەم کەوا پی‌ی پەست بوویت وە وای لی کردویت مالەکەم بە سەرا بەجی بهیلی وە منالەکانم پەرەوازە بکەی ، ئەمەیە ئەو زامەی کە کراوەتە دلم وە ئیستا تو بە ئارەزوو کولاندتەوە ! ••••

وا ئەزانم ئەم باسەش باسیی وا نیە دلی لی پیس بکەیت ، وەرەوە بە لای مالو میردی خوتەوە ••••• تازە رابووردوو بە سەر چوو••• رابووردوو بە هەموو دەردو خەمو خەفەتو ئەشکەنجەو سزایەکیەوە بو من ••••• دوا روژیش بــە هــەموو رووناکیو خوشــــیو شادی‌یەکیەوە بو تو گیانەکەم •••••• چاوە روانت ئەکــەم زوو وەرەوە •

# اعــــلان

وضع في المناقصة السرية تعهد تشييد مستوصف ودار في كل من قرية الشـبكة والرحبة والتي يمكـــن الحصول عـــلى مجموعة الاستمارات والمواصفات من مأمورية خزينة الادارة المحلية بعد دفـع ثمن المجموعة الواحدة ديناريين تقدم العطاءات بغلاف مختوم موءشر عليه أسم المناقصة كاملا ( مجلس ادارة اللواء في كربلاء ) في الساعة العاشرة من يوم الاربعاء الموافق ١٨-١١-٩٥٩ • عـــلى أن ترفـــق العطاءات بتأمينات أولية قدرها -/١٧٠ دينارا والتي يمكن تسليمها الى مديرية خزينة كربلاء على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة الاستمارات وكتاب ضمان صادر من احد المصارف المعترف بها فـــي العراق وكل عطاء لا يقدم في الوقت المعين او قدم وكان خاليا مـــن شهادة الانتساب الى غرفة التجارة ان كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة او شهادة ضريبة الدخل يهمل •

عبود الشوك

متصرف لواء كربلاء

ورئيس مجلس اللواء العام

# اعــــلان

الحاقا بمنشورنا المرقم ٩٣٧٩٢ والموءرخ في ٢٦-١٠-١٩٥٩ •

لا يقبل في الدورات التربوية ذات السنة الواحدة خريجـــو الدراسة الثانوية المستخدمون في التعليم حيث ستفتح لهـــم دورات تربوية صيفية •

المدير العـــام

عبد الحميد عبد الكريم

(١٠٣)

# اعـــلان

م / طريق سرقلعة ـ كلار

نعلن بهذا وجود مناقصة سرية رقم ٩٥٩/١٩ لفرش الحصـو على طريق سرقلعة ـ كلار ضمن قضاء كفري ويمكن الحصول عـــلى مجموعـة شـــروط المناقصـــة من مأمورية خزينة الادارة المحليـــة لقاء دفع ثمنها البالغ ـ/٥ دنانير نقدا غير قابلة للرد ، تقدم العطاءات من قبل راغبي الاشتراك في المناقصة بغلاف مختوم موءشر عليه أسم المناقصة الى مجلس ادارة اللواء قبل او في الساعة ١١ زوالية من يوم الاربعاء الموافق ١١-١١-٩٥٩ • ترفق العطاءات بتأمينات أوليـــة قدرها ـ/٤٩٥ دينارا التي يمكن دفعها الى مأمورية خزينة ادارة محلية كركوك على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة شـــروط المناقصة كل مناقصة لا تقدم في الوقت المعين او تكون غير معززة بوصل التأمينات او شهادة الانتساب الى غرفة التجارة ( اذا كان المقـاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة ) او شهادة توءيد تسجيله لدى مديرية ضريبة الدخل العامة ومخمني مناطق ضريبة الدخل في الالوية تهمل •

محمود البكري
متصرف لواء كركوك
ورئيس مجلس اللواء العام

(١٠٤)

## اعــــلان

ستباع بالمزاد العلني مواد ملغية ( اواني نحاسية ومواد سروجية ومواد نسيجية وحديدية ) فعلى الراغبين للشراء الحضور في مستودعات العينة في ابي غريب وذلك في الساعة ـ/١١ من صباح يوم الثلاثاء الموافق ٣ـ١١ـ٩٥٩ وان الاجور والدلالية والتأمينات بنسـبة ١٥٪ تدفع جميعها نقدا من قبل المشتري عند البيع •

طارق سعيد فهمي
متصرف لواء بغـداد

## اعــــلان

نظرا لعدم وصول بدل ايجار الدار المرقمة ١٣٨/١٨ الواقعة في الاعظمية محلة السفينة البدل اللائق فقد تقرر تمديد الاعلان لغايـة يوم ٩ـ١١ـ٩٥٩ فعلى من له رغبة في الزيادة مراجعة هذه المديرية في الساعة العاشرة من اليوم المذكور مع العلم ان اجور نشر الاعلان والمناداة على المستأجر •

نوري القاضي
مدير اوقاف منطقة بغداد

## اعـــلان

ستباع بالمزاد العلني (٣٧٨٤) صفيحة خالية فعلى الراغبين للشراء الحضور في مخزن مديرية الخدمات الريفية العامة في المسبح وذلك في الساعة ـ/١١ من صباح يوم الاربعاء الموافق ٤ــ١١ــ٩٥٩ وان اجور أجور الدلالية والتأمينات بنسبة ١٥٪ تدفع جميعها نقدا من قبل المشترى عند البيع •

طارق سعيد فهمي
متصرف لواء بغداد

## اعـــلان

رقم الدعوى ٢٣٩ـض ـ٩٥٤

بناء على الحكم الغيابي الصادر من محكمة صلح مندلي برقـــم ٣٩ـص ـ٩٥٤ والموءرخ ١٤ــ١١ــ٩٥٦ المتضمن الزام المدعى عليهم امامي وعباس وابراهيم وكلي اولاد يار محمد بتأديتهم للمدعية الامانة العامة للاموال المجمدة مبلغا قدره اثنين وثلاثين دينارا وتحميلهـــم مصاريف المحاكمة واجور المحاماة وعند تبليغ الحكم المذكـــــــور الى المدعى عليهم ظهر من شرح المختار والمباشر انهم مجهولين محل الاقامة فقرر تبليغهم به اعلانا في احدى الصحف المحلية ولهم حق الاعتراض على الحكم المذكور وتمييزه خلال المدة القانونية. والا فأنه سيكتسب الدرجة القطعية

الحاكم
اسماعيل ابراهيم العلي

(١٠٦)

# اعـــلان

نعلن بهذا وجود مناقصة سرية لتعهد انشاء بناية مخفر للشرطة في ( بناوەسوته ) حسب الشروط والمواصفات الموضوعة له والتي يمكن الحصول عليها لدى شعبة هندسة ادارة المحلية مقابل ثمنها البالـــــغ ( -/٢ ) ديناران لكل مجموعة ٠

تقدم العطاءات من قبل راغبي الاشتراك في المناقصة الى مجلس ادارة لواء السليمانية في أو قبل الساعة الحادية عشرة من صباح يوم الاثنين المصادف ٩٥٩/١١/٢٣ مرفقة بتأمينات اولية قدرها ( -/٣٠٠) ثلثمائة دينارا والتي يمكن دفعها الى خزينة اللواء على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارة شروط المناقصة ٠

كل عطاء يرد الى المجلس بعد الموعد او لم يرفق به وصـــل التأمينات وشهادة التسجيل لدى دوائر ضريبة الدخل وشهادة الانتساب الى غرفة التجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة يهمل٠

حامد الالوسي

و٠ متصرف لواء السليمانية

(١٠٧)

# اعــــلان

نعلن بهذا وجود مناقصة سرية لتعهد انشاء بناية مخفر للشرطة في ( هيرو ) حسب الشروط والمواصفات الموضوعة له والتي يمكن الحصول عليها لدى شعبة هندسة ادارة المحلية مقابل ثمنها البالــــغ ( ـ/٢ ) ديناران لكل مجموعة •

تقدم العطاءات من قبل راغبي الاشتراك في المناقصة الى مجلس ادارة لواء السليمانية في أو قبل الساعة الحادية عشرة من صباح يوم الاثنين المصادف ٩٥٩/١١/٢٣ مرفقة بتأمينات اولية قدرها ( ـ/٣٠٠) ثلثمائة دينارا والتي يمكن دفعها الى خزينة اللواء على ان يرفق الوصل المعطى لقاء ذلك بمجموعة استمارة شروط المناقصة •

كل عطاء يرد الى المجلس بعد الموعد او لم يرفق به وصــــل التأمينات وشهادة التسجيل لدى دوائر ضريبة الدخل وشهادة الانتساب الى غرفة التجارة اذا كان المقاول من سكنة لواء فيه غرفة تجارة يهمل •

حامد الالوسي

و • متصرف لواء السليمانية

(١٠٨)

## خوینەواری کوردی دلسوز !

گوڤاری « هیوا » ئەوەتی هەیە هەتا ئەمرو لە هەلسان بە پیویستی سەرشانی خوی کوتایی نەکردوە ، لە روژانی نوری بی گوررو ئاقمە چەتەکانی ئیمپریالیستا ئەو روژانەی کە بیجگەلە روژنامە تیکوشەرە پەنهانەکان روژنامەو گوڤاری نەبو روسورانە بیتە مەیدانەوە !! • بەڵی لەو روژانەدا ، هیوا ریبازی راستی خوی بەرنەداوە •••••• ئەگەر باوەر ناکەی بررو لاپەرەی ژمارەکانی پیش شورشی بخوینەرەوە راستی قسەکەمت بو دەر ئەکەوی ••

بویە یارمەتیدانی گوڤاری « هیوا » یارمەتی نەتەوەو نەتەوایەتی‌یە ، یارمەتی دیموکراتیەتە ، هاوبەشی کردنە لە بوژانەوەی ویژەو سامانی باوباپیرمان •

دەستی یارمەتی دریژ بکەن بو گوڤاری « هیوا » ی نەبەز ،هانی خەلك بدەن بو پشتگیری « هیوا » ، پارەی ئابونەتان بنیرن بی‌گومان بەمە بەردیك دائەنین لە بناغەی دیواری نەتەوە پەرستی راستەقینە دەسا خوتانو غیرەتتان هیوا چاوەروانە !!!

بەغدا : چاپخانەی شەفیق

# گۆڤاری هیوا

ژمارە ( 2، 3 ) ساڵی 3

کانوونی یەکەمی ١٩٥٩

کانوونی دووەمی ١٩٦٠

# هیوا

ژماره (۲)و (۳)ی سالی (۲) • کانونی یەکەمی ۱۹۵۹و کانونی
دوهەمی ۱۹٦۰ • سەرما ووزو بەفرباران ۲۵۷۱ی کوردی

## لەم ژمارەدا :

- پیشەوا پەردە لە روی کونەپەرستی هەل‌ئەمالی : هیوا
- ری رویشتنە گەورەکەی گەل : هیوا
- هەوری پایز (هەلبەست) : گوران
- نەتەوایەتی : فاتح عبدالکریم
- لە ئەدەبی کوردی سوڤیەت : وردی
- خەبات بو پاراستنی ئاشتی : عاصم حەیدەری
- لیکولینەوەی ئەتوم : احمد عثمان
- جومهوریەت : بیتوقی
- کومیونە میلل‌یەکانی چینی میلل : شوقیەاحمد
- هیوا لە گەل ماموستا انور مائی : هیوا
- سورانە (هەلبەست) : هوشەنگ
- بە رەحمەت بی خەتای باوکی بوو : محمد نوری توفیق
- چوار بە گایی : قەلەندەر ئالانی
- قەلغانیکی پولایینە (هەلبەست) : حسین نیرگسەجاری
- زایەلەی روژگار : ژوان
- یانەی سەرکەوتنی کوردان ئاهەنگ ئەگیری
- چیروکی ژمارە : حسن قزلجی
- کونگرەی ماموستایانی کورد لە شەقلاوە

نرخی ئەم دوژمارەیە
(۱۰۰) فلسە

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ۲۸٤۰٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤۹

—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عیراق | ۲٥۰ | ۱ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ۰۰۰ | ۱ |
| بو قوتابی | ۷٥۰ | - |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : وزارة الأصلاح الزراعي

المفتش العام الاستاذ مكرم الطالباني

ژماره (٢)و (٣)ی سالی (٣) • کانونی یەکەمی ١٩٥٩و کانونی
دوهەمی ١٩٦٠ • سەرما ووزو بەفرباران ٢٥٧١ی کوردی

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە
مانگی جاریک دەر ئەچی

## پیشەوای مەزن
## پەردە لە روی کونە پەرستی هەل ئەمالی

**ئەمەوی مانای کونەپەرستی لەم ولاتەدا دیاری بکەم • کونەپەرستی لەم ولاتەدا هەموو کومەلیکە ، هەمو یەکیکە ، هەمو لایەکە کە پیلان بگیری لە سەر کوماری عیراق •**

**« عبدالکریم قاسم »**

شتیکی ئاشکرایە شورشی عیراقو کوماری دیموکراسی عراق ئەنجامو بەرهەمی تیکوشانی هەمو چینە نیشـــــتمان پەروەرەکانو رولەدلسوزەکانی عیراق بو ، بە کوردو عەرەبو بەشەکانی تریەوە ، بە کریکارو فەلاحو کاســـب کارو خوینەوارو ســــەرمایەداری نیشتمانپەروەریەوە ، شورشی عیراقو کوماری‌عیراق ئەنجامیکـــــی

سروشتی بوو بو ئەو ناکوکیە توندو تیژانەی کە سالەهای‌سال لە بەینی گەلی عیراقی کەرامەت ژیربی‌خراوو لە بەینی تاقمە جەردەکانی سەر بەئیمپریالیزمو قازانجی ئیمپریالیزم ، کە روژ بە روژ توندترو ئامادەتر ئەبوو بو تەقین ، بەم جورە ئەم ئەنجامە چاوەروان کراوە لە روژی چواردەی تەموزاو لە سەر دەستی پیشەوای بلیمەتی سوپای نەبەز رولەی گەل سەرەك عبدالکریم قاسم ، وە بە پشتیوانی گەلی ئامادەو لەسەربی ، هاتە دی‌ی •

ئەو کونەپەرستانەی کە دامو دەزگای عیراقی شایەتی‌یان ئەبرد بە ریوە ، لە بەر ئەوەی کە بە تەواوی پچرابون لە گەل‌و ئاوات‌و رازو نیازی ، لە بەر ئەوەی هەموو هیزیکیان خستبوە سەر بتەوکردنی پەیوەندیان لە گەل ئیمپریالیزم‌و زور کردنی جاسوس‌و دەزگای ئازاردان‌و ژماردنی جم‌وجولی نیشتمان پەروەران ، بەلی لە بەر ئەمانە ، لە سەرەتای تەقینی شورش‌و جیگیربونی کومار ، کە هەرگیز چاوەروانیان نەئەکرد ، بە رادەیەك تیك‌چون‌و هەستیان لانەماو سای‌مەل لی‌ی‌دان ، تەنانەت راست‌و چەپی خویان لە بیر چوەوە ، نەك تەنها ئەوەش ، بەلکو ئەوانەیان کە نەکەوتنە بەر شەپولی رقی گەل‌و تەنانەت دەسیکیان پیا نەهینان ، بە هەر چوارپەل کەوتنە سەماو سوورردان‌و رابوردویان لە بیری خویان بردەوە بە دیمەن هەلئەپەرین‌و لایەنگری خویان پیشان‌ئەدا بو کومارو سەروکی کومار ، زور چاك لە بیرمانە کە لە سەرەتای شورشەوە ئەم‌جورە رەگەزانە کەوتبونە ماستاوکردن نەك تەنها بو سەرکردەو پیاوانی شورش ، بەلکو ماستاوی خەستی وایان ئەکرد بو نیشتمان‌پەروەرە رروسورەکان کە خوردەی

(۲)

لیوه نەئەهات !!! بی گومان ناچیتە میشکەوه ئەمانە لە بەینی ئیوارەو بەیانیەکا بگوردرین و وەک فریشتەی ئاسمان بی گوناهو داوین پاکیان لی دەرچی !! نا، •• نوکەری ئیستیعمارو پاشخوانخوری داگیرکەر بەو ئاسانی یە ناگوردری ••• بەلام ئەیانویســـــت لە ژیرپــەردەی لایەنگری و دلسوزی یا بو کومار ، خویان حەشار بدەن تا روزی هەل ، کە فەسالی بەدیان بەتەواوی ئەکەویتە دەر •• کی هەیە نەزانی کە بە چەن روژی پاش شورش هەتا ئەمرو ، چەن پیلان گیراوو چەن تاوان کراو چەن ناوو چەن دروشمی بویەکراو هاتە مەیدان ؟؟
چەن ئاگر هەلگیرسینرا کە ، ئەگەر وریایی گەل و سەروکی کوم ار نەبوایە ، بە هەزاران تەرو وشکی تیا ئەسوتاو عیراقی خوشە ویست ئەبو بە گومی خویناو ! •••

گەلی عیراق ، کە بەسەرهاتیکی فراوان و گەنجینەیەکی بەنرخی هەیە ، پرر لە تاقی کردنەوە ، زور باش دوست و دوژمنی خوی جیا ئەکردەوەو ئەیزانی کی دلسوزی راستەقینەیەو کی یە لە ژیر پەردەی هەمەرەنگا پیلان ئەگیری ؟؟ وە لەم روەوە هەمیشە راستی دەرخستوەو پەردەی لە سەر فەسالی بەدی نوکەران و پیلانگیران لاداوە •• بــی گومان دەرخستنی دوژمنانی کومارو پیلانگیران بەشیکەو هەرگیــز جیانابیتەوە لە تیکوشانی گەلەکەمان لە پیناوی جیگیر کردنی ئازادی و پاراستنی سەربەستیمان ••• روژنامە نیشتمانپەروەرەکانیش لــــــە سەرەتای هەلگیرسانی ئاگری پیروزی شورشەوە تا ئەمرو نەبەزانە هەلساون بە دەوری خویان و گەلیان ئاگادار کردوەو رازی شاراوەی نوکەرانی ئیمپریالیزمیان خستە ررو ••

جیگای سەرسورمان نیە ئەگەر لە سەرەتای شورشەوە تا ئەمرو چەن شتیکی ناجور رروی دابی لەملاولای ولاتاءلە ئەنجامی دلسوزیو بە نیازی پاراستنی کومارو ریبازی دیموکراسیو بەردەوامکردنی سەروکایەتی سەروکی بەجەرگ عبدالکریم قاسم ، چونکە هەر شتی کە رویدابی لەم جورە شتانە هەموی لە نیازیکی پاکو پالپیوەنەر (دافع) یکی دلسوزیەوە بوە ، هەروەکو پیشەوای نەبەز عبدالکریم قاسم لە گەلی جارا ئەم راستیەی دەرخستوە•خو ئەگەر بیتو بەراوردی بکەین لە بەینی شورشەکەی چواردەی تەموزو شورشەکانی تری جهانا ، بومان دەرئەکەوی روداوەکانی ئەم شورشە پیروزە یەکی لەسەدانی روداوی شورشەکانی جهانە •• بیجگە لەوەش هەموو مروفیکی خاوەن ئینساف ئەبی نرخ دابنی بو زروفی تایبەتی گەلەکەمانو خووی شورشگیریی ، ئەبی نرخ دابنی بو کپکردنەوەی بیروباوەر لە ماوەی دورو دریژی چلساله ــ بگرە زورتری ــ ژیانی داگیرکراویو کویرەوەری ، کە ئەبنە هوی ئەوەی گەل بە دلیکی زور پرر سەیری ئەو کەسانە بکات کە ، تەنانەت بە ئاستەمیش ، بیانەوی شورشەکەمان زەدە بکەن •••

کەواتە لە باتی ئەوەی هەندی لای نیشتمانپەروەر خویان مانوو بکەن بە تاوانبارکردنی لایەکی تایبەتیو وون کردنی هوی بنەرەتی هەندی کارەسات ، پیویستە بە شیوەیەکی سەرەکی چاو ببرنە ئەو ئەو دەستە گلاوەی پشت سنوور ، لە داگیرکەرانی کونو تەماعکارانی تازە ، کە ئارامیان لی براوەو هەندی بیدلو دەرون ئەکەرنو ئەیانکەن بە دەستەچیلەی ئاژاوەو ناکوکی ••

سەرەك عبدالكریم لە كونگرە روزنامەیی‌یەكەی ١٢/٢دا بە تەواوی پەردەی لە سەر گەلی شتی ، تا رادەیەك شاراوە ، لاداو دەستی خستە سەر ئەو میشكە خوفر وشانە كە لە پشتی هەموو روداوەكانی ئەم ماوەیەدابون ••• بە راستی ، پرر بە پرر نیشانی پیكا ، كە ووتی : هەندی كەسی‌دین‌فروش بی دەروون بە ناوی ئاینەوە بە دیمەن ئەلین گوایا بەربەرەكانی‌ی گیرەشوینی ئەكەن، كە چی لە راستیا دوژمنایەتی لە گەل كومارا ئەكەن‌و ئەیانەوی بمان‌خەنەوە ژیر دەستی ئیمپریالزم، تەنانەت شەرم ناكەن لەوەی كە خویان ئایەتی قورئانی پیروز هەلواسن‌و هەر لە خویان چەن مروفیكی ناپاك‌و بەكری‌گیراو بچن بیدزن بو ئەوەی ناوی گەلی بەشەرەفی عیراق بەد بكەن‌و دوبەرەكی بخەنە ناو ریزەكانی گەلەوە •• یان تاقمیكی‌تر بە ئاموژگاری چەتە خوینریژەكانی پشت سنور بە ناوی بەرەی قوتابیانی یەك‌گرتوو ( الجبهة الطلابیة الموحدة ) بە روالەت ئەیانەوی بەرهەلستی گیرەشیوینی بكەن‌و بەلام لە ناوەرروكا ئەیانەوی ریزی قوتابیان تیك بدەن •

بەلی ، رەگەزی ناپاك‌و خوفروش ودوژمن بە خاكی پیروزی نیشتمان ، كە لە پشتی هەموو كردەوەیەكی ناجورەوەن ، ئەمانە بوون لە پشتی هەراكەی موسل‌و كەركوك ، ئەمانە بون تا ئیستە چەن جار پیلانیان گیرا زدی كومارەكەمان ، ئەمانە بون راستەو خوو بی شەرمانە دەسیان كیشایە گیانی سەروكی بلیمەت‌و دلسوزی گەل ••

لە گەل ئەمەشدا هەرگیز ئینكار ناكری كە چەن كەسیك ( افراد ) لەم لا ، یان لەو لای نیشتمان‌پەروەر ، جاروبار كەوتونەتە

هەڵەو لاری یان گرتو بون بە هوی قولتر کردنەوەی روداو ، بەلام هەرگیز ئینساف نیە کە ئەم جورە هەلانە لە گەل ئەو جورە پیلانانەدا ، کە باسمان کرد ، بخرینە دووتای ترازووو بە یەك چەشنیان بدەینە قەلەم•• نەك تەنها ئینساف نیە ، بەلکو بە داخەوە ئەلیم: ئیمپریالیزمی نامبارەکیش بە هەردوو دەس چەپلەو بەهەرچوار پەل سەما ئەکا بو ئەم جورە بیروباوەرەو ئەم جورە کیشانەیە !! بویە جیگای داخە کە لەم روژەدا ، با بلیم هەندی کەس !!، بە قسەو بە پی نوس ، بیانەوی یا نەیا نەوی یارمەتی ئەو بیروباوەرە رزیوە ئەدەن کـــە ئیمپریالـزم سالەهایە هەول ئەدا بو جیگیرکردنی لە ناو وولاتانی ژیردەستەدا ، کە سەرنەکەوتو هەرگیزیش سەر ناکەوی ! ••

ریگای راستەقینەی چارکردنی گیروگورفتی لا نیشــــــتمان پەروەرەکان ، لەم روژەدا بریتیە لە کوبونەوەیان لە سەر نوختەی بەیەك گەیشـــــتنو رەخنەگرتنی دامەزرینەر ( النقـــد البنـاء ) و ئاراستەکردنی هەمو رەنجیکی دلسوزانەیان بەرەو ئامانجی بەرهەلستی هەولو تەقەلای ئیمپریالیزمو تەماع کاران •

ەهیواە کە زمانی هەمو کوردیکی دلسوزە بە چاوپوشی لــــە بیروباوەری نیشتمانیان ، لە لایەکەوە کە بە تەنگەوەیە هەمو هــیزە دلسوزەکانی عیراق یەك بگرنو پاریزگاری کوماری دیموکراسیەکەیان بکەن ، لە لایەکی ترەوە ، لەو رووەوە کە گوڤاری کوردانە زور بــە تەنگەوەیە هیزە دلسوزەکانی کوردستانی شیرین یەكبگرنو واز لــە وردە ناکوکی بینو هیزیان بخەنە یەك ، ەهیواە چاوەروانە کـــە دلسوزەکانی کوردستان بە تیکرایی ، بە هاوکاری لە گەل نەتەوەی

عەرەبی برادەرو دلسوزا هەول بدەن بو جیگیر کردنی بـــاری دیموکراسی کومارەکەمانو وەرگرتنو جیگیر کردنی مافـــــــە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە عیراقا، کە بو یەکەم جار لە روژهەلاتی ناوەراستا نەتەوەی کورد لە سایەی ئەم کومارە دیموکراسیەدا تامــی دیموکراسیەتی چەشتووەو روی کردوەتە ئاسوی روناكو پاشەروژی بەختیار ..

بژی گەلی عیراقی نەبەز .

بژی یەکیەتی هیزە نیشتمانپەروەرەکان .

بژی کوماری دیموکراتی چواردەی تەموزی نەمر .

تەمەنی دریژ بو رابەری بەجەرگو دلسوز عبدالکریم قاسم .

سەرشوری بو ئیمپریالیزمو نوکەرانی .

« هیــوا »

---

## خوینەواری کوردی دلسوز !

**گوڤاری « هیوا » ئەوەتی هەیە هەتا ئەمرو لە هەلسان بـــە پیویستی ســـــەرشانی خوی کوتایی نەکردوە ، لە روژانی نوری بیگوررو تاقمە چەتەکانی ئیمپریالیستا ئەو روژانەی کە بیجگەلـــە روژنامە تیکوشەرە پەنهانەکان روژنامەو گوڤاری نەبو روسورانە بیتە مەیدانەوە !! . بەلی لەو روژانەدا ، هیوا ریبازی راســتی خـــوی بەرنەداوە ...... ئەگەر باوەر ناکەی بردو لاپەرەی ژمارەکانـــی پیش شورشی بخوینەرەوە راستی قسەکەمت بو دەر ئەکەوی ..**

**بویە یارمەتیدانی گوڤاری « هیـــوا » یارمەتـــی نەتـــەوەو نەتەوایەتییە ، یارمەتی دیموکراتیەتە ، هاوبەشی کردنە لە بوژانەوەی ویژەو سامانی باوباپیرمان .**

**دەستی یارمەتی دریژ بکەن بو گوڤاری « هیوا » ی نەبەز ،هانی خەلك بدەن بو پشتگیری « هیوا » ، پارەی ئابونەتان بنیرن بیگومان بەمە بەردیك دائەنین لە بناغەی دیواری نەتەوە پەرستی راستەقینە دەسا خوتانو غیرەتتان هیوا چاوەروانە !!!**

- **جەماهیری میللەت خوی ریک خست لە رریرویشتنە گـــەورە کەدا، ئالاو دروشمی دیموکراتی لە هەمو لایەکەوە ئەلەری یەوە•**
- **گەل بە جاری هاواری ئەکرد بە ژیانی سەروکی گەل عبدالکریم قاسم ، هەستی خوی دەربرری بو هەمیشە رویشتن بە رریگای دیموکراسی یا •**
- **گەلی شـــــادمان رقو بیزاری خوی دەر ئەبری لە پیلانەکانی ئیمپریالیزمو تەماع کارانو نوکەرە کونەپەرستەکان •**
- **گریکارو فەلاحو هەمو پاریزەرەکانی کومار لەم ری‌رویشتنـــە گەورەدا کوبونەوە •**

روژی هەینی چواری کانونی یەکەم روژیکی نایابو تاقانە بو لە عیراق ، بە تایبەتی لە بەغدادا ، لە بەرەبەیانی ئەم روژە پیروزەدا ئوتومبیلەکان لە هەمو لایەکەوە رولەکانی گەلیان ئەهینا ، بە خویانو دروشمەکانیانەوە ، هەتا شوینی خویان بگرن لە مەیدانی تەحریـــرو مەیدانی تەیەرانو شــــەقامەکانی نزیکی ، وردە وردە مەیدانەکانو شەقامەکان پرربونو جمەیان ئەهات لە پیاوو ئافرەت ، کورو کچ ، لاوو پیر جگە لە هەزاران ئالاو دروشـــــــمی رنگاورەنگو وینەی سەروکی دلسوز عبدالکریم‌قاسم ، لە گەل ئەوەشا کە سەعات دە وختی دەس‌پی‌کردنی ری‌رویشتنەکە بو ، گەل خوی پی‌رانەگیرا لە پیش سەعاتی ٩وە هەمو کوبونەوە هەتا سەعات (١٠) پردی جەمهوری وەك لافاوی بی‌پایان خەلکی کەرخو کازمیەی پیا ئەهاتو لە مەیـــــدانی (تحریر) کو ئەبونەوە ••

گەل لە دوای دروشمی نەقابەو یەکیەتی‌و کومەلەکانیانـــــەوە هونرانەوە ئارامی‌و ریك‌وپیکی‌و نیشانەی خوشی‌و شایی شتیکی زور ئاشکراو دیاری‌بوو ، لە گەل ئەوەشا کە مەیدانی تحریر بوبو بـــە

(٨)

یەك‌پارچە جموجول‌و جمەی ئەهات لە پیاوو ئافرەت‌و دروشم‌و ئالاو وینە ، شتیکی وەها روی نەدا کە ئارامی تیك بداو ئاسایش بشیوینی .

جەماهیری میللەت جاریکی‌تر دەری خست کە باوەری هەیە بە یاساو لە هەمو کردەوەیەکیا حەز بە ئاسایش‌و هیمنی ئەکات . ..

هەروەها دەری خست کە پاك‌بونەوەی گەل لە پیاوخراپ‌و تیك‌دەران‌و روخینەران گەلی یارمەتی ئەدا بو ئەوەی لە جوانترین دیمەنیا خوی پیشان بدا .

کاتی دیاری کراو نزیك بویەوە گەل لە ریزەکانیـــا خـــوی ریك‌خست ، لە مەیدانی «تەحریر»و شـــەقامەکانی «جەمهوری»و «سەعدون»و «نەحریر»و هەمو شەقامەکانی دەوروپشتی ، هەمو لە پشتی دروشمی نەقابەو یەکیەتی‌کانیان ریزیان بەســــــت‌و چاوەروانی ری‌رویشتنیان ئەکرد ..

لە سەعات (١٠)ی بەیانی ری‌رویشتن دەستی پی کرد لە پیشەنگی مەوکبەکانەوە ، مەوکبی دادگای گەل رویشت کە سیادەتی مەهداوی لە پیشی‌یەوە بو لە گەل داوا خوای گشـــتی کاك ماجـــد ئەمین‌و ئەندامەکانی دادگاە . لە هەمولایەکەوە خەلك بە چەپلە ریزان‌و هتاف پیشوازی‌یان لی‌کردن . دوابەدوای دادگای گەل لیژنەی پەیوەندی نەقابەو یەکیەتی‌و کومەلەکان رویشت ، ئەو لیژنەی کە سەرپەرشتی ئەم ری‌رویشتنەی کرد ، دوابەدوای لیژنەی پەیوەندی ، دەســـتەی پاریزگاری مافی ئافرەتان کەونە سەر شەقام کە ژمارەیەکی زور لـــە دایك‌و خوشکان لە چەن ریزیکی دورو دریژا هونرابونەوە لـــە لیژنەکانی دەستەی پاریزگاری‌یا . لە هەموی خوش‌تر هاوبەشی‌کردنی

ئافرەتەکانی سەرایف واتە : ئافرەتە زنجنشینەکانی دەروپشتی بەغدا بو بە خویانو بە عەبا خوری‌یەکانیانەوە کە هتافیان ئەکرد بە ژیانـــی ئاسایشو دیموکراسی • بە هەزاران لە ئافرەتانی دەستەی پاریزگاری هاوبەشیان کرد لەم مەوکبەدا لە دانیشتوانی هەمو سوچیکی بەغدا ••

ئەوەی سرنجی تەماشـــاکەرانی رائەکیشـــا موکبی پاریزەر (محامی)یەکان بو ، ئەو محامی‌یە دیموکراتیە مەردانەی کە گوی‌یان نەدایە قسەی عبدالرزاق شەبیبو تاقمەکەیو پیاوانە هاوبەشیان کرد لەم ری‌رویشتنە گەورەدا ، ئەم محامی‌یە دیموکراتیانە هتافیان ئەکیشا بە ژیانی سەروك عبدالکریم قاسمو لەعنەتیان ئەکرد لە پیلانگیرانو خەتابارو سیخور ، لەملاو لای شەقامەوە دەنگی چەپلەو هتافی خەلك بو پیشواری محامی‌یەکان ئەگەیشتە ئاسمان ، پاش ئەوەی کە مەوکبی خاوەنپیشــــــە پزیشکیەکان تی‌پەری لە گەل مەوکبی نەقابــەی نەخوشەوانەکان ، بارەگای نەقابەی روژنامەچی‌یەکان تی پــەری بــە خویانو دروشمی نەقابەکەیان ، هەر یەك ناوی روژنامەی خوی بــە سینگیا هەلواسی بو رای‌العام ، خەبات ، اخبار ، زەمان ، مبدأ ، تقدم ، استقلال ، بلاد، ١٤تموز ، صوت‌الاحرار ، اتحادالشعب، صوت‌الشعب، ئازادی ، ملحق‌اتحادالشعب ، الانسانیة ، الثقافة الجدیدة ، المثقف ، الحضارة ، الثبات ، وطننا • ئەگەرچی هەندی روژ نامەچی خویان نەدا لە قەرەی مەســیرەوە ، بەلام جماهیر لە هەمو لایەکەوە هتافیان ئەکیشا بە ژیانی روژنامەی ئازادو روژنامەچی‌یەکانیش پر بەدەم هتافیـــان ئەکیشا بە ژیانی سەرەك عبدالکریم قاسم • ئەنجا یەکیەتی ئەدیبەکانی عراق ، کە ماموستا بحرالعلوم شاعیری گەل لە ناوەراســـتیانا بو ،

تی‌پەری کرد • دوابەدوای ئەوان موکبی ئابوری‌یەکان‌و بازرگانەکانی بەغداو ، کاربەدەستانی دەولەت‌و نەقابەی ماموستایان‌و موکبی یەکیەتی قوتابیانی عیراق تی‌پەرین ، لە هەمو لایەکەوە گەل زور بە گەرمی پیشوازی‌یان لە یەکیەتی قوتابیان کرد بە تایبەتی لە لیژنەکانی سانەوی‌یەکانی بەغداو یانەی ماموستایانی سەرەتایی‌و کچە قوتابیەکانی ئەعزەمیەو ، حەریری‌و ثانەوی ئەعزەمیەو متوسیتەی نەعمان کە هیتافیان ئەکرد بە ژیانی سەروك‌و کوماری دیموکراتی وە بە شیوەیەکی راستەقینە روی پیروزی راستی ئەعزەمیەیان پیشان ئەدا ، لەم ری‌رویشتنە گەورەدا لاوەکان‌و کچە قوتابیەکانی کەرخ روی کەرخیان سپی کردو رولەکانی گەل لە هەمو لایەکەوە خەریك‌بو لە خوش‌یا قوتیان بدەن •

لە دورەوە مەچەکی گەنم‌رەنگ‌و برزاوی بەرهەتاو قالی ایشو کار ، مەچەکی فەلاحە نەبەزەکانی بەغداو دەورو پشتی بەغدا بەرز بویەوەو هتافیان بەرز بویەوەو لە ژیر ئالای یەکیەتی‌یە نەبەزەکەیان‌دا ریزیان بەستبو وە بە دەیان دروشمی جوان جوانیان بەرز کردبوەوە لی‌یان نوسرابو : « یەکیەتی گشتی کومەلانی فەلاح پیروزبایی لە گەل ئەکا بە بونەی رزگاربونی سەروك لە پیلانی ئیمپریالیزمی خەتابار» « ئەی دوژمنانی ئیمپریالیزم‌و دەرەبەگ یەك بگرن » ، وریایی زور •• بەرهەمی فراوان ••• دەغلو دانی زور •• ئەی فەلاحە نەبەزەکان!» « فەلاح برای فەلاحە ، دوژمنیان دەرەبەك‌و ئیمپریالیزمە » بەم جورە سوپای سەرەکی‌و بنەرەتی کومار ، چینی فەلاحی نەبەز ، پاسەوانی راستەقینەی کومارو دەس‌کەوتەکانی هاتنە مەیدان‌و رژانە سەر

جادەو هەستی خویان دەربری سەبارەت بە جیگیر کردنی کومارو باری دیموکراتی ••

خو باسی ئەوە ناکری کە مەوکبی چینی کریکار لە ژیر ئالای یەکیەتی‌یە سەربەرزەکەیان زیاتر لە دوسەعات‌ونیو ریگایان کردو لە تەواو بون نەئەهات ، دروشمی پیروزی : « دەس لە ناو دەس لە گەل حکومەتی نیشتمانی‌یا » بە دریژایی شەقامی رەشید ئەلەری‌یەوە ••

ئەنجا مەوکبی لاوانی دیموکراتی بە خویانو سروکایەتی یەکیەتی گشتی لاوانی دیموکراتی رژانە شەقام ، لە گەل مەوکبی تیپی شانوی تازەو یانە وەرزشی‌یەکانو یانەی وەزشـــی فەیلی‌یەکانو یانـــەی مەهداوی‌و گەلی یانەی کومەلایەتی‌و وەرزشی تر • •

بە راستی روژی هەینی ٤ی کانونی یەکەم روژیکی میژوی بو لە بەغدادا هە رمەوکبی کە تی‌ئەپەری دروشـــمیکت ئەدی کە لیی نوسرابو « بژی برایەتی کوردو عەرەب » ، یا « لە سەر بەردی بناغەی یەکیەتی کوردو عەرەب ئیمپریالیزم‌و پیلانەکانی وردو خاش ئەبی »••

جاریکی‌تر ئەو جەماهیرەی کە بوە بە چقلی چاوی ئیمپریالزم‌و نوکەرانی هاتنە مەیدان‌وهیزی بی‌پایانی خوی پشان‌دا ••••

جاریکی تر یەکیەتی کوردو عەرەب‌و پشتگیری هەمو کومەلـــە نیشتمان پەروەرەکان بو حکومەتی دیموکراتی‌و دوســـتایەتی بتەوی گەل‌و سەروکی دلسوز لە جوانترین دیمەنا دەر کەوت •

شایانی باسە سەروکی تاقانە لە ماوەی ئەم ری رویشتنە گەورەدا پینج جار لە بارەگای خوی هاتەدەرو چوە سەر مەحجەرەکـــەی

بەردەمی وەزارەتی بەرگری و سلاوی ئەکرد لە رولەکانی گــەل و هەردو دەسەکانی ئەخستە ناو یەک نیشانەی یەکیەتی هیزی گەل کە سەرچاوەی زال بونە بە سەر ئیمپریالیزم و بناغەی هەمو پیش کەوتن و گەشەداری یەکە ..

---

پیویستە لە سەرمان بە کردەوەی بنەو بوەستین رو بەروی هەرەشەو پیلان ، پیویستە هەمو هیزە نیشـــتمان پەروەرەکان لە یەك بەرەدا بوەستن بە جوریك بتوانن سەربەخویی نیشتمان بپاریزن و بیگانەی دوژمن و نوکەرەکانی ناوخو ، لەناو بەرن .

**سوکارنو**

---



# هـەوری پایز

گوران

دلوپی ساردو فینک با لە سەر دارو دەوەن برژی ،
بە سەر سنگی چیادا چوکی داداوە ، کش‌و بی دەنگ ...

بە سەر پاییزی زەردا با بە خور بگری ، بە کول بگری ،
لە سەر ئاخر گەلا ، ئاخر چلی تەنیایی گول بگری !

بە خور بگری ، بە کول بگری : بە سەر دەشت‌و دەری وشکا ،
بە سەر داری گەلا زەردا ، بە سەر پوشا ، بە سەر درکا ،

بە سەر سەرچاوەیی کزرا ، بە سەر زیخی جەمی دیما ،
بە سەر هەر وشکی‌یێکا وا لە هاوینی گەرم جی ما ..

بەلی بگری ، بە کول بگری ، هەتا ئاخر دلوپ بگری ،
بە گریەی هەوری پایز با نوقوم بی سینەیی کزری !

بەفر ئاسوی بلند بگریتە جوار چیوەی بلوریتی [1] ،
لە چەم هەلسی خورەو هاژەی شەپولی ئاوی خوینینی [2] !

دلوپی ساردو فینک با لە سەر دارو دەوەن برژی ،
پەپولەی زەردی ئالتونی لە سەر لق هەلوەری ، بپژی [3] ...

(١) ئاسو : افق . مەبەست بەرزی‌ی شاخەکانە لە ئاقاری ئاسو .
(٢) مەبەست لە ئاوی خوینین ئاوی لیلە .
(٣) پەپولە .. تاد .. مەبەست لە گەلاریزانی پایزە .

بەلی ! بگری هەور ، بارانی پایز ، بی وچان بگری ،
لە سەر باغچەی گولی وا سیس ئەبی ئاخر چلی عومری !

بگرمینی ، تەپو نم دا بکا ، بیکاتە شەست ، هەرگیز ،
نەوەستی قولپی گریانی ، نەوەستی هەورەکەی پایز (٤) ؛

طەبیعەت زەردو زاکاوە ، لە حالی گیان کەنشـــتایە ،
نیشـــانەی مانەمی پایز لە فرمیـسکی درشـتایە ! •••

(٤) قولپی گریان : واتا کولی گریان ، وەک قولپە قولپی مەنجەل •

**ئازادکردنی بیرو باوەر**

پیویستە لە سەرمان رولەکانی ئەم وولاتە رزگار بکەین بـــە تەواوی لە لایەنی بیرو باوەرەوە ، بە جوری بتوانن ئازادبن لـــە کردەوەیانا ، پیویســــــتە هەول بدەین بو بەرزکردنەوەی رادەی لەش ساغیو کومەلایەتیو زانیاری یان ، پیویستە هەریەك لە رولەکانی ئەم وولاتە وا لی بکەین کە بتوانن باوەریان بە خویان ببی وە هەست بکەن بەوەی کە پیویستە پاریزگاری خاکی نیشتمان بکەن •

**عبدالکریم قاسم**

ئاشکرایە نیشتمانپەروەری راستەقینەی گەل لە هیچ ولاتیکـا دز نیە لە گەل ئومەمیەتی پرولیتاریادا ، بەلکو پەیوەندی یەکی پتەوی لە گەلا هەیە •

**لیو شاو شی**

# نەتەوایەتی

## مەرجەکانی ٠ پەیدابونیو ، قوناغەکانی
## چارکردنی بە شیوەیەکی عیلمی

**وەرگیر : فاتح عبدالکریم**

**١ ــ نەتەوەچیِیە ؟٠٠**

لە پیش هەمو شتیکا نەتەوە کومەلیکی تایبەتییە لە ئادەمیزاد ، شەرت نیە ئەم کومەلە لە یەك رەگو یەك تیرەبن ، چونکە ، بو نمونە ، نەتەوەی ئیتالیای ئیستە بریتیە لە رومانو جەرمەنیو یونانیو عەرەب• یا خو نەتەوەی فەرەنســـــە پیك هاتوە لە غالیو رومانیو برتونیو جەرمەنی ، هەر وەها نەتەوەی ئینگلیزو ئەلمانیاو گەلی نەتەوەی تریش هەموی لە چەن تاقمیك پیك هاتوە کە هەر یەکی لە رەگو تیرەو رەگەزیکی تایبەتییە ••

رواتە : نەتەوە کومەلیکی روتنیە ، وە کومەلی نیە کە لە یەك هوزو تیرە پەیدابوبی ، بەلکو نەتەوە بریتیە لە کومەلیکی ئادەمیزاد کە لە ماوەیەکی دورو میژویکی دریژ پیکهاتوە ، بوون بە یەك پارچــە ••

لە سەریکی ترەوە ئەگەر کومەلیکی ئادەمیزاد لە ماوەیەکی زورا پیکهات ، بە تەنها ئەوە پیی ناووتری نەتەوە ، بەلکو پیویســـتە پەیوەندیەکی بە هیز بی لە ناو ئەو کومەلەدا ئەوەتا دەولەتی کسرای فارسو دەولەتی ئەسکەندەری روم ، کە دو دەولەتی گەورە بون ، سەرەرای ئەوەی کە هەریەك میژویەکی دورو دریژیان هەیەو لە چەن

تیرەو هوزی پێك هاتوون ، ناتوانین بە دەولەتی ئەسکەندەر ، یان بە دەولەتی کیسرا بلیین : نەتەوە ، چونکە پەیوەندی خەلك لەم دو دەولەتەدا پەیوەندیەکی کز بوو ، وە بە گویرەی سەرکەوتنی داگیرکەران ئەگوررا ، واتە : ماوەیەك لە ژیر دەستەلاتی پاشایەکا ئەبون و بەشیك ئەبون لە دەولەتەکەی ، ئەگەر پاشایەکی زال‌تر بجەنگایە لە گەلیاو سەرکەوتایە بە سەریا ولاتەکەی داگیر ئەکرد ، وە ئەی کرد بە بەشی لە قەلەمرەوی خوی • بویە ئەم جورە کومەلانە پی یان ناوتری نەتەوە، بەلکو، نەتەوە کومەلیکی تایبەتی یە لە ئادەمیزاد، بە بی ئەوەی یەك تیرەو یەك رەگەز بن ، کە میژویەکی دریژیان بی‌و پەیوەندیەکی بە هیزو بتەویان هەبی ••

★ ★ ★

یەکیکی تر لەو مەرجانە کە پیویستە لە نەتەوەدا هەبی بریتیە لە زمانی تیکەل ، واتە : کاتی بە کومەلیکی ئادەمیزادی تیکەل ئەلین نەتەوە کە بە یەك‌زمان قسە بکەن ، ئەوەتا نەمسای ئەوسا ، یا خو روسیای قەیسەری ، هەریەکی کومەلیکی دامەزراوو پەیوەندی‌یەکی دامەزراو لە ناو کومەلەکەدا هەبو ، بەلام ناوتری : نەتەوەی روسیای قەیسەری ، یا نەتەوەی نەمسا ، چونکە ئەگەرچی روسیاو نەمسا هەر یەکی دەولەتیکی تەنیابون بەلام خەلکی روسیا هەموی یەك زمانیان نەبو ، هەروەها میللەتی نەمساش ،

کە واتە زمانی مشترك یەکیکە لەو نیشانانە کە نەتەوەی پی جیا ئەکریتەوە •

★ ★ ★

ئەمەش مەعنای ئەوە نیە کە نەتەوە جیاجیاکان هەمویان زمانیان جیایەو هیچ کامیان بە زمانی ئەوی تریان قسە ناکەن •• نەخەیر ••• بەلی شتێکی ئاشکرایە نەتەوەیەك نیە لە دنیادا کە چەن زمانێکی جیای بێ •• واتە : نەتەوە یەك زمانی هەیە •• بەلام ئەشـــی کە دو نەتەوە بە یەك زمان قسە بکەن •• بو نمونە ئینگلیزو ئەمریکای ســــەروو ئەرویجو خەلکی دانیمارکو ئینگلیزە ئیرەندەییەکان یەك زمانیان هەیە، لە گەل ئەوەشا بە ئەمریکای سەروو ئینگلیز ناوتری یەك نەتەوە ، ئەگەرچی زمانیان یەکە ، بوچی ؟ •• چونکە لە پێشی هەمو شتێکـا خاکیان جیایە ، هەریەك لە نیشتمانێکا ئەژینو دورن لە یەکترەوە •••

نەتەوە لەوەوە پەیدا ئەبێ کە پەیوەندی‌یەکی بەهێزو دورودرێژو ژیانێکی تێکرایی پشتاوپشت بێ لەگەل زمانێکی تێکەلو یەك خاكو ئاو ، بەلی ئینگلیزو ئەمریکا وەختی خوی هەمویان لە یەك خاکا ئەژیانو یەك نەتەوە بون ، بەلام لە دوایی‌دا هەندێکیان کوچیان کردو خاکی ئینگلیزیان بەجی هێشتو خاکێکی تازەیان ئاوەدان کردەوەو بـــە درێژایی سال نەتەوەیەکی تازەیان پێکەوە نا ، کە نەتەوەی ئەمریکای سەرویە ••• بەم جورە جیایی ئاوو خاك ئەبێ بە هوی جیایی نەتەوە ، کەواتە : خاکی تێکەل یەکێکە لەو نیشانانە کە نەتەوەی پێ دیـاری ئـەکری •

* * *

یەکێکی‌تر لەو نیشانانە کە نەتەوەی پێ جیا ئەکرێتەوە بریتیە لە پەیوەندی ئابوری کە هەمو بەشەکانی ئەو نەتەوەیە ببەستێتەوە بە یەکەوە ، بو نمونە : ئینگلیزو ئەمریکای سەرو یـەك نەتەوە نـین

چونکە پەیوەندی ئابوری‌یان نیە •• هەر وەها ئەمریکای سەرویش خوی بە تەنها ، ئەگەر ریگاو بان پیش نەکەوتایەو سەرمایەداری پەرەی نەسەندایەو هەمو بەشیکی ئەم وولاتە بە هوی پیش کەوتنی ژیانەوە پەیوەندی‌یان نەبوایە بە یەکەوە پیی نەئەوترا : نەتەوە •

جورجیاییەکان لە روسیای قەیسەری‌یا لە پیش سالی (١٨٦٠)دا وە لە پیش چاك کردنی کشتوکال‌و لابردنی یاسای کویلەیی هەمویان بە یەك زمان ئەدوان ، لە یەك خاکا ئەژیان کەچی پی‌یان نەئەوترا نەتەوە ، چونکە دابەش کرابو بە چەن بەشیکەوە ، وە هەر بەشیکی لە ژیر دەسەلاتی وەجاغ زادەیەکا بو ، وە ژیانیان نەبەسرابو بە یەکەوە ، هەمیشە خەریکی شەرو تالان‌و رەو بون‌و ولاتی یەکتریان ویران ئەکرد ، تەنها لە نیوەی دوهەمی چەرخی نوزدهەما کە یاسای کویلەیی لابراو ئابوری ولات بوژایەوەو ریگای هاتوچو پیش کەوت‌و سەرمایەداری هاتە کایەوە ، بەلی لەم کاتەدا هەمو پارچە پارچەکان بون بە یەك‌پارچەو بون بە خاوەنی ژیانی ئابوری‌ی تیکەل ، وە نەتەوەی جورجیایان پیکەوەنا ، کەواتە : پەیوەندی ئابوری تیکەل یەکیکە لەو نیشانانە کە نەتەوە دیاری ئەکات •

★ ★ ★

بیجگە ئەمانە ، کە باسمان کرد ، پیویستە سەیری ئەو نفسیەتە بکەین کە لە ئەنجامی ژیانی دورو دریژی سالەهای سالەوە لە ناو ئەو نەتەوەدا پەیدا ئەبی‌و جیای ئەکاتەوە لە خەلکی تر ، بی گومان هەر نەتەوەیەك نفسیەتیکی تایبەتی نەتەوایەتی خوی هەیە ، وە ئەمەش وەنەبی لە رادەیەکا بوەستی بەلکو بە گویرەی پیش کەوتنی ژیان

ئەگوری ، ئەم نفسیەتەش لە گورانیو هەلبەستو چیروکی ئـەو نەتەوەدا دەرئەکەوی ، هەروەها لە هەلپەرکیو شاییو جلو بەرگو خوو رەوشتی تایبەتی خویان ••

بە کورتی :

نەتەوە : بریتیە لە کومەلیك ئادەمیزادی دامەزراو ، کە بـــە دریژایی میژوو پیکەوەبوبن، زیانیکی تایبەتی تیکەلیان ببی، لە خاکیکی تیکەلا بژین ، ژیانی ئابوری تیکەلیان ببی ، لە گەل نفســـیەتیکی تایبەتی‌یا کە لە خوینەواری ( اشقافة ) و خووو رەوشیتا دەر ئەکەوی•

ئەگەر کوسەلیك لە یەك خاکا ئەژیان بەلام زمانیان جیا بو ، یا خو زمانیان یەك بو ، بەلام لە دو خاکا ئەژیان ، یا پەیوەندی ئابوریان بە یەکەوە نەبو ، یا لە خووو رەوشتو نفسیەتا شەریك نەبون ، ئەو کومەلی پی‌ی ناوتری نەتەوە •

★ ★ ★

٢ ـ پەیدابونی نەتەوە •

أ ـ چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، شیوەکانی ئەم چەوسانەوەیە •

ب ـ چارکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە شیوەیەکی عیلمی •

سەبارەت بە نەتەوەو نەتەوایەتی ئـەتوانین سی قوناغ دابنیین :

١ ـ قوناغی لەناوبردنو روخاندنی رژیمی دەرەبەگی لە وولاتەکانی روژاوادا ، ئەو قوناغەی کە سەرمایە داری تیا سەرکەوت ، کە ئەلین: روژاوا مەبەسمان ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیایە • لەم قوناغەدا لەم سی ولاتەدا سی حکومەتی (مرکزی) پەیدابو ، بەم جورە نەتەوە شیوەی دەولەتی وەرگرت ، جا لە بەر ئەوەی لە ناو ئەم دەولەتانەدا لـــە

نەتەوەیەکی زیاتر نەتەوەی وەها نەبو کە شایانی باس بی چەوسانەوەی نەتەوایەتیش نەبو •• واتە : هەر نەتەوەیەك دەولەتیکی گـــەورەو سەربەخوی هەبو • بەلام ئەوروپای روژهەلات ، مەجەرو نەمســـاو روسیای قەیسەری پیچەوانەی روژاوا بو •• چونکە ، ئەگەر چی دەرەبەگی لەناوبرا ، وە بو پاراستنی وولات لە هیرشی مغولو تورکو روژهەلاتیەکان ناچار بون دەولەتیان دامەزراند ، بەلام وە نەبی هەر نەتەوەیەك دەولەتیکی بوبی ، بویە لەم وولاتانەدا چـــەن دەولەتیك پیك هات کە هەریەك تیکەل بو لە چەن نەتەوەیەك •

بە کورتی :

قوناغی یەکەم بریتیە لە دەرکەوتنی نەتەوە ، لە سەرەتای رژیمی سەرمایەداریدا ، لە گەل ئەوەدا کە لە روژاوای ئەوروپادا چـــەن دەولەتیك پیك هات کە هەریەك نەتەوە یەکی تایبەتی بون ، لـــە روژهەلاتی ئەوروپادا چەن دەولەتیکی وا پەیدا بون کە هەریەك لـــە چەن نەتەوەیەك پیك هاتبو ، بی گومان لەم دەولەتە روژهەلاتیانەشدا کام نەتەوەی پیش کەوتووتر بوایە ئەبو بە سەروکی دەولـەت ، ئیتر نەتەوەکانی تر ئەکەوتنە ژیر دەسەلاتی سیاسیو ئابوری ئەو نەتەوە پیش کەوتوانە ، وە لەم ریگایەوە ئەم وولاتانە بون بە مەلبەنـــدی چەوســـانەوەی نەتەوایەتی ، کە ئەمەش بو بە هوی بەرزبونەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیو بزوتنەوەو شورشی نەتەوایەتی •••

بو نمونە : روسیای قەیسەری یەك دەولەت بو بەلام نەتەوەی

★ ★ ★

روس کاربەدەس بو ، ئەو نەتەوەکانی تر ئەچەوسێنرانەوە !

٢ ـ قوناغی چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە گەل پەیدابونی ئیمپریالیزما ، کە دواقوناغی سەرمایەداری‌یە ، لەم قوناغەدا سەرمایەدار ئەگەرری بە دوای بازارا بو ساغ کردنەوەی بەرهەمی کارگاکانی‌و ئەگەرری بە دوای کەرەسەی خاوو سوتەمەنی : نەوت ، بەنزین... ، وە بە دوای دەسی کریکاری هەرزان‌بایی‌یاو هەول ئەدا بو ئەوەی دەس بگری بە سەر خەتی ئاسن‌و خەتی دەریاو هەمو ریگایەکی هاتوچودا ، جا لەم بارەوە دەس ئەداتە فراوان‌کردنی دەسەلاتی خوی‌و قەلەم رەوی خوی پەرەپی‌ئەدا لە سەر حسابی نەتەوە دراوسی‌کانی دورو نزیك . لەم قوناغەدا ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیا وەکو ئەوسا نەمانەوە کە تەنها دەولەتیك‌و نەتەوەیەك بن .. بەلکو هەریەك بون بە چەن دەولەتیك کە چەن نەتەوەیەکی تریان گرتە ژیر چنگی خویان ، هەر یەك لە ئاسیاو ئەفریقاو ئوسترالیاو ئەمریکا چەن ولات‌و چەن نەتەوەیەکیان داگیرکردو بەمجورە ئەم دەولەتانەش ، وەکو دەولەتەکانی ئەوروپای روژهەلات بون بە شانوی چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، واتە : ئەم داگیرکەرانە خیرو خوشی‌یان نەئەهینایە ناو ولاتە ژیردەسەکان ، بەلکو ئازارو چەوسانەوەو کویرەوەری‌و رەنج خوری‌یان بلاو ئەکردەوە هەمو مافیکی نەتەوایەتی‌یان لی زەوت ئەکردن ، ئەمەش بو بە هوی وریابونەوەی میللەتانی ژیردەستەو بەهیزبونیان بە رادەیەك کە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دەولەتە بورژوایەکان تیك‌چون‌و چەن دەولەتیك لەم نەتەوانە پەیدا بون ، بەلام هیشتا لە ژیر دەستەلاتی دەولەتە گەورەکانا بون ، واتە : لەم

قوناغەشدا مەسەلەی نەتەوایەتی چار نەکراو سەربەخویی تەنها شتیکی رووکەش بوو ! ••

★ ★ ★

٣ ـ قوناغی سیهەم بریتیە لە پەیدابونی اشتراکیەتو بەرپابونی حکومەتی یەکیەتی سوفیەت ، لەم قوناغەدا ، لە وولاتی گەورەی روسیادا ، رژیمی سەرمایەداری تیكدراو چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەناوبرا •• ئیتر لەم وولاتەدا ، مەسەلەی ژیردەستەیی نەتەوەو چەوسانەوەی نەتەوایەتی ، پیچرایەوەو خرایە عەنتیکە خانە ! • ئەبینین لە خاکی یەکیەتی شورەوی گەورەدا گەلی نەتەوە هەیەو هەمو چونیەك ئەژینو هەر نەتەوەیە مافی نەتەوایەتی خوی وەرگرتوەو هەمو توانایەکیان لە بەر دەستایە بو پیش کەوتنو بوژانەوەو بەرزبونەوەی رادەی خوینەواریو کومەلایەتی •• بەلام نابی ئەوەمان لە بیر بچیت کە تەنانەت لە وولاتی سوفیتا ، بە هوی دەستەلاتی رژیمی چار ( قیصر )ی کونو بە هوی زولمو زورداریو دوا کەوتنی سالەهای سال ، هەمو نەتەوەکان وەکو یەك نین ، بەلکو نەتەوەی وا هەیە کە زور پیش کەوتووترە لە نەتەوەکانی تر لە لاینی سیاسەتو پیشەسازیو خوینەواریوە ، ئەم دواکەوتنەش بە روژو دوو روژ چار ناکری بەلکو پیویستی بە یارمەتیو دەس گرویی هەیە بو ئەو نەتەوە دواکەوتوە ، مهم ئەوەیە کە ماوە فراوانە لە بەردەم هەمو نەتەوەیەکی دواکەوتوا کە بە هەموو سەربەستیە مافی نەتەوایەتی خوی بەکاربینی ، وە هەمو توانایەك بخولقینی بو پیشخستنی خویو بوژانەوەی سامانی نیشتمانو نەتەوایەتیو بەرزکردنەوەی زمانو

ویژەو میژوو خووو رەوشتی نەتەوایەتی ، هەموو سەربەستیەکی هەیە کە هەول بدات وبگاتە ریزی وولاتە پیش کەوتوەکان ، وە لەم روەوە هەمو یارمەتی‌یەکی پاکی بیگەردیان پیش کەش ئەکری ، جا ئەگەر بیتو بەراوردی رادەی هونەرو زانیاری‌و پیشەسازی حکومەتەکانی یەکیەتی سوفیت بکەین لە گەل رادەی ولاتە سەرمایەدارەکانا ، سەرەرای ئەو دواکەوتنە نارەزایە کە تیایا زیاون ، سەرەرای ئەوە کە چل‌سالە ئازادی‌یان وەر گرتوەو ، ئەمانیش سەدان سالە لە پیش کەوتنان •• ، بەلی ئەگەر بەراوردی بکەین ئەم راستیمانە بو دەرئەکەوی ••

* * *

ئەمەبو ، بە کورتی ، ئەوسی قوناغەی کە مەسەلەی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی پیا رویبەوە •• دیارە لە قوناغی یەکەم‌و دوهەما تەنها بە دیمەن نەبی مەسەلە نەگورراو چەوسانەوەی نەتەوایەتی بەردەوام‌بوو چارنەکرا •• بەلام جیایی ئەم دوو قوناغە لەوەدایە کە لە قوناغی یەکەما مەسەلەی نەتەوایەتی لە چوارچیوەی ئەو دەولەتانە دەر نەچوو کە هەریەکی چەن نەتەوەیەکی تیا ئەژیا •• بەلام لە قوناغی دوهەما مەسەلە بریتی بو لە جەنگ‌و هەرای چەن دەولەتیکی داگیرکەر ، کە هەریەك ئەیان ویست دەسەلاتی خویان لە وولاتە ژیردەستەکانا بهیلنەوە وهەولیان ئەدا ولاتانی تازە ژیر دەست بکەن لە دەرەوەی ئەوروپا، واتە مەسەلەی نەتەوایەتی بەسرا بە مەسەلەی ئیستعمارەوە•• هەروەها دەولەتە داگیرکەرەکان هەریەکی لە کاتی جەنگا ناچار ئەبون خەلکی وولاتە ژیردەستەکان بخەنە ژیر چەك‌و بیان بەنە مەیدان

روبەروی دوژمنەکانیان ، ئەمەش بو بە هوی وورپابونەوەی میللەتانی ژیردەستەو بەتین‌بونی خەباتیان لە پیناوی ئازادیا ، لە لایەکی تریشەوە، وولاتە ئیستعماری‌یەکان ویستیان تورکیا دابەش بکەن لە ناو خویاناو بە تەواوی لە ناوی بەرن ، دەولەتی تورکیاش لەو کاتەدا ، لە نـاو وولاتانی ئیسلاما ، لە هەمویان پیش‌کەوتووتر بو وە بە ئاسانی خـوی نەئەدا بە دەستەوە ، بویە میللەتانی روژەلاتی لە دەوری خوی کو کردەوە روبەروی ئیستعمار •

پەیدابونی یەکیەتی سوفیتیش ، کە زەربەیەکی کاریگەر بو لە رژیمی ئیستعمار ، بو بە هوی بەتین‌کردنی بلیسەی تیکوشانی میللەتانی روژەلات لە زدی ئیستعمارو وریا کردنەوەیان ، وە بو بە هوی ئەوەی میللەتان هەر لە ئیرلەندەوە هەتا هیند راپەرن رروبەرروی ئیستعمار •

بەم جورە بومان دەرکەوت کە سەرمایەداری مەسەلەی نەتەوایەتی چارنەکرد ، بەلکو زیاتر ئاگری تیکوشانی نیشتمانی خوش‌کرد ، هەتا بە جاری پەرەی سەندو هەمو گەلانی ژیردەستەو چەوســـــاوەی گرتەوە •• تاقە رژیمی کە توانی‌بیتی بە بی پیچ‌وپەنا مەســـەلەی نەتەوایەتی چاربکاو چەوسانەوەی نەتەوایەتی نەهیلی‌و ماوە فراوان بکا بو هەمو نەتەوەیەك کە مافی نەتەوایەتی خوی بەکاربینی ، بریتیە لە رژیمی هاوبەشی ( اشتراکیة ) • تەنها ئەم رژیمە توانی ژیانی پرر لە ئاسایش‌و جون یەکی‌و دراوسی‌یەتی‌یەکی یەکسانی دروس بکا لە ناو نەتەوەکاناو گیانی هاوکاری‌و یارمەتی بەهیز بکا لە ناویانا • چونکـە شتیکی ئاشکرایەو پیویست بە بەلگە ناکات ، یاسایەك ، وەکو یاسای سەرمایەداری ، کە لە سەر بناغەی رەنج‌خوری دامەزراوە ، هەرگیز

مافی نەتەوایەتیو ماوەی ژیانی یەکسانی نەتەوەکان نادا •

* * *

**چون مەسەلەی نیشتمانی چار ئەکری؟؟**

ئەمرو جیهان ئەکری بە دو بەشەوە : لە لایەکەوە تاقمیکی کەم لە نەتەوە پیش کەوتوەکان توند توند دەسیان گرتوە بە سەر سەرمایەی مالیاو رەنجی زوربەی دانیشتوانی وولاتەکەی خویانو ولاتـــــە ژیردەستەکان ئەخون ••• لە لایەکیترەوە ئوردوگای ئیشتراکیەتە بە سەروکایەتی یەکیەتی سوڤیت ، ئەو ئوردوگایە کە بو ئیجگـــــاری رەنجخوری لە ناو بردو نەتەوەکانی بە یەکسانی ئەژینو ماوە فراوان ئەکری بو هەمو نەتەوە یەکی ئەو وولاتانە کە سامانی نەتەوایەتی خویان بپوژیننەوەو پاشەروژو چارەنوســـی خویـــان وەرگرتوە •• هەروەها میللەتانی ژیردەستەو دواکەوتوو لە ولاتانی داگیرکــــراوو دەستەلات زەوتکراو هەمیشە هەول ئـــەدەن بو رزگاربونیان لـــــە دەستەلاتی ئیستعمارو نوکەرانی •• بەم جورە ئەمرو مەســــەلەی نەتەوایەتیو نیشتمانی جیا ئەبیتەوە لە مەسەلەی نیشتمانیو نەتەوایەتی لەمەوپیش •••

هەلپەرستەکان (الانتهازیون) ، مەسەلەی نەتەوایەتییان ، وەکو هەمو مەسەلەیەکی نیشتمانی گوررری ، وە بە گویرەی قازانجـــی سەرمایەدارەکان لیکیاندایەوەو چاریان ئەکرد، وە گەلی جار مەسەلەی نەتەوایەتییان وا پیشانئەدا کە گوایا میللەتانی ژیردەســـــتە هەقی سەربەخویی زانیارییان هەیە ، بەلام هەقیان نیە سەربەستی ئازادیو سیاسی وەرگرن ••

نەك تەنها ئەوەش بەلكو پروپاگەندەیان ئەكردو برەویان ئەدا بە جەنگە ئیستعماریەكان وە قازانجی نەتەوە ژیردەستەكانیان ئەخستە ژێرپێو خۆیان هەلە ئەكرد لە قازانجی چینی رەنجكێشی خۆیانو رازو نیازی گەلانی ژیردەستە ، وە بەم جوزە لە گەل حكومەتە سەرمایەداری یە ئیستعماری یەكانا رێك ئەكەوتنو لەوە دەرچون كە حزبێك بن نوینەری قازانجی چینی كریكارو فلاح وزوربەی میللەت بن ، وە بون بە داردەستی شەریكە ئیحتیكاری یەكان ، هەروەها مەسەلەی نیشتمانی وولاتە داگیركراوەكانیان لە مەسەلەی تیكوشانی چینی كریكاری وولاتە ئیستعماری یەكان جیا ئەكردەوەو ئەیانوت : گەل لە وولاتە ئیستیعماری یەكاندا ئەتوانی سەربكەوی بە بی ئەوەی میللەتانی ژیردەستە هاوكاری یان لە گەل بكەن لە تیكوشانا ، وە مەسەلەی چاركردنی وولاتە داگیركراوەكانیان جیا ئەكردەوە لە مەسەلەی تیكوشان روبەروی ئیستیعمار .

★ ★ ★

بەلام سەركردەكانی ئومەمی سی‌هەم پەردەیان لە سەر فەسالی ئەم سیاسەتە ناپاكە لاداو ئیسباتیان كرد كە بە بی یارمەتی چینی كریكار ، یارمەتی‌یەكی راستەوخو بو تیكوشانی گەلانی ژیردەستە ، مەسەلەی یەكسانی نەتەوەكان لە قسەی بوش بەولاوە هیچی تر نیە!.

هەروەها ئیسباتیان كرد كە پیویستە دوژمنی هەردولا ، دوژمنی زوربەی گەل لە وولاتە ئیستیعماری یەكانو دوژمنی گەلانی ژیردەستە كە ئیستیعمارو خاوەن كومپانیەكانە پیویستە لەناو ببرین ، وە لەم روەوە پیویستە گەلی میللەتو چینی كارگەرانی وولاتە داگیركەرەكان

یارمەتی‌یەکی راستەقینەی هەمو تیکو شانیکی گەلانی ژیردەستە بدەن کە ئاراستە ئەکری بو کز کردنی ئیستیعمارو دەسەلاتی ناپاکیان وە رری‌و شوینی ئەم مەسەلەیە روشن کردەوە بەم چەشنەی خوارەوە:ــ

أ ــ وولاتە ژیردەستە داگیرکراوەکان سەرچاوەیەکی بە کەلك‌و گرنگن بو قازانجی سەرمایەداری‌یە ئیمپریالی‌یەکان •

ب ــ گەلانی ژیردەستەو نەتەوە داگیرکراوەکان هەرگیــزاو هەرگیز ناتوانن رزگار بن‌و بگەنە ئامانج‌و چارەنوسی خویان دیاری بکەن بە تیکوشانی شورشیگیری نەبی روبەروی ئیمپریالزم •

ج ــ گەلانی ژیر دەستە دەسیان داوەتە جولانەوەو بزوتنەوە یەکی گەرم‌و گورر لە پیناوی ئازادی نیشتمانیانا کە ئەمەش ئەبی بــە هوی پەیدابونی تەنگ‌و چەلەمە لە جیهانی سەرمایەدارەکانا ••

د ــ قازانجی جولانەوەی چینی کارگەر لە وولاتە پیش کەوتوە ئیمپریالی‌یەکانا هەروەها قازانجی جولانەوەی نیشتمانی لە وولاتانــی داگیرکراوا لەوەدایە کە ئەم دو هیزە بەرەیەکی یەك گرتوو پیکەوە بنین‌و دو قولی ، ئەوان لە ناوو ئەمان لە دەر ، هیزی تیکوشانیـــان ئاراستەی دوژمنی هەردولایان بکەن کە ئیمپریالیزمی خوینمژە •••

هـ ــ چینی کارگەر لە وولاتە پیش کــەوتوەکاناو میللـــەتانی ژیردەستە هەرگیزاو هەرگیز رزگار نابن بە بی ئەوەی بەرەیەکـــی بەهیز بە یەکەوە بنین لە زدی ئیمپریالست‌و دەسەلاتی •

و ــ ئەم بەرە شورشگیری‌یە پیك‌نایە بەوەنەبی کـــە چینی کارگەر، لە وولاتی داگیرکەرا ، یارمەتی‌یەکی کاریگەری جولانەوەی سەربەخوی‌ی نیشتمانی گەلانی ژیردەستە بدات ••• چونکە ئــەو

گەلەی گەلیکی‌تر دیل بکاو ، یارمەتی چینی زورداری وولاتەکــەی خوی بدا بو ئەوەی ولاتانی تر زیردەس بکا ، ئەو گەلە ناتوانـــی سەربەست‌بی ، چونکە هەر ئەو چینە دەسەلات‌دارە کە رەنجی گەلانی ژیردەستە ئەخوات ، رەنجی کریکارانی وولانەکەی خویشـــــی ئەخوات!• وانە : لەناوبردنی دەســـــتە لاتی ئیمپریالیزم لە ولاتانی ژیردەستەدا سەرکەوتنە بو چینی کارگەری وولاتی داگیرکەر •

ژ ـ پیویستە ئەم یارمەتی‌یە بە شیوەی پاراستنی مافی جیابونەوەی وولاتانی ژیردەستە بی لە وولاتە ئیستیعماری‌یەکان ، بو ئەوەی چەن دەولەتیکی سەربەخو بو خویان دروس بکەن ••

★ ★ ★

**لە مەسەلەی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی‌یا ، بە دریژایی میژووی سەرمایەداری دوو ریگا دەرئەکەوی :ـ**

١ ـ ئەو ریگا راستەیە کە گەلان‌و پارتە نیشتمان‌پەروەرەکان‌و پیشەنگی چینی‌کارگەران گرتویانەتەبەر کە بریتیە لـــە رزگاربونی ئیجگاری سیاسی‌و ئابوری‌و زانیاری‌و سوپایی لە دەستەلاتی داگـیرکەران‌و پیکهوەنانی چەن دەولەتیکی سەربەخو کە پەیوەندی خوی لە سەر بناغەی برادەری‌و یەکسانی‌و قازانجی تیکراوو دوقولی دامەزرینن لـــە گـــەل هـــەمو وولاتانی جیهـانا ، بـە بـی ئەوەی ئـــەم پەیوەندی‌یە ببی بە هوی ئەوەی دەس بکیشریتە کاروباری ناخویان‌و سەربەستی‌یان پیشیل بکری ••

٢ ـ ئەو ریگا چەوتەیە کە داگیرکەران‌و فەیلەســـوفەکانیان برەوەی پی ئەدەن ئەویش بریتیە لە پەیوەندی‌یەکی ئابوری لە ناو هەمو

سوچیکی جیهانا بە بێ پاراستنی سەربەخۆیی‌و ئازادی وولاتانی ژێردەستەو دواکەوتوو ، کە ئەمەش ناوەرۆکەکەی بریتیە لەوەی وولاتانی دواکەوتوو بە زۆر بەسرێن بە وولاتە ئیستیعماریە پێشکەوتووەکانەوە ، بە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە سەربەخۆیی‌یان !!!

گومانی تیا نیە کە ئەم رێگای دووهەمە رێگایەکی ئیستیعماری‌یەو لە کوسموپولیتی بەولاوە هیچی‌تر نیە ، چونکە هەموو نەتەوەیەک هەقی هەیە مافی سەربەخۆیی وەربگری‌و چارەنوسی خۆی دیاری بکات ..

بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەش پێویستە بە گەرم لە روی ئەو بیرو باوەڕە چەوتە راوەستین کە (بە ناو ئیشتیراکی‌یەکان !)ی دەوڵەتە ئیمپریالی‌یەکان برەوی پێ ئەدەن .. ئەوانەی کە نایانەوی بچن بە گژی حکومەتە ئیمپریالی‌یەکانی خۆیاناو یارمەتی وولاتە داگیرکراوەکان نادەن کە تێبکۆشن لە پێناوی ئازادبون‌و جیابونەوەی ئیجگاری‌یان لە ئیستعمار ...

بە بێ ئەم تێکۆشانە چینی کارگەری وولاتانی داگیرکەر گیانی ئومەمی‌یان تیا بەرز نابێتەوەو نزیک نابنەوە لە چینی رەنجکێشی وولاتە ژێردەستەکان‌و هاوکاری ناکەن لە رزگاربونی بەرەی ئادەمیزاد لە جەوری یاسای خوێنمژی ئیستیعمار ..

بۆ نمونە : لە روسیای قەیسەری‌یا ئەگەر پەیوەندی‌یەکی بە تین‌و هاوکاری‌یەکی بەهێز نەبوایە لە بەینی چینی کارگەری روس‌و گەلانی ژێردەستەی قەیسەر ، شۆرشی پیرۆزی ئۆکتۆبەر سەرنەئەکەوت‌و خەتابارەکانی ناوخۆ کە پاش شۆرش سەریان هەڵداو دەسیان لە

گیانی خویان شوردەوەو روبەروی شورش وەستان ، سەریان پـان نەئەکرایەوە ، ئەوە بوو یەکەم جار کە شورش سەرکەوت دەولەتی سوفیەت یەکەم هەنگاوی بریتی‌بو لە پساندنی ئەو کوتو زنجیرەی کە وولاتە زیردەستەکانی قەیسەری پی شەتەك درابوو !! ، وە بـو ئیجگاری رزگار بون لە زولم‌و زورو پەیوەندیەکی بە ئارەزوو بـە دل‌و گیانیان لە گەل یەکا بەست •

بویە پیویستە هەمیشە روبەروی ئەو ئیشتراکیە دروزنـــــــە هەلپەرستانە بوەستین کە بە چاویکی تەسك تەنها تەماشای نیشتمانەکەی خویان ئەکەن‌و نایا نەوی مەسەلەی جولانەوەی ئازادی خوازانـەی گەلانی ژیردەستە بەستن بە مەسەلەی خەباتی چینی رەنجکیشـــی وولاتە ئیمبریالی‌یەکانەوە • چونکە ئەوانە ، لە راستی‌یا لە وولاتەکەی خویشیانا بوون بە پاسەوانی قازانجی چینیکی کەم کە بریتین لە چەن سەرمایەداریکی خاوەن کومپانی کە شەوو روژ رەنجی چینی کارگەر ئەخون !!

---

ئەو تاقمەی پیلانیان گیرا لە زدمان چەن کەسیکی کەمن ، لــە دەرەوەی سنوری ولاتەوە پالیان پیوە نراوە ، ئەم تاقمە بە تەمای مالی دنیا هەل‌خەلەتاوون !!

**عبدالکریم قاسم**

**لە ئەدەبی کوردیٖ سوڤیەت**
**( ئامادە کردنی : وردی )**

# چینســـــتان

**قەجاغی مراد**

من نەدیتیە چینســـتان
بی ســـەر ـ بنی ، قەســـری رەنگین
چیـــای بلنـــد
رەوشـــا لیرنـد
شـــختی دریژە قـەنەنگ
ئـەز نـەچومـە
ســـەری ( تیان شـــان )
ســـــەری ( نان شـــان )
و ( تیبەت )ی
لی گـوولی وان
تـو لیی مـــە ،
ئەز باوارم ، بین خوەش لینـی
من نەدیتیە ئـەو چەمی حوور
ئـەو چەمی گوورز
چەمی ( خوان خی )
لی تو لی مــە ، ئەز باوارم ،
چین لیچەما بوونـە مـال خوی

من ئەدیتیە سـوراجینا
سـورا دریژ
ئەو سـورا بـەر ،
ودتـەن حزی ژوی سـوری
قـەوین تـرە !
شـك ئەچەسـەر .
ئەز قەت نـەچوومە ( پیكین )ی
نـە پایزی ، نـەهاڤینی ،
لی حووباوی دلی مـن دا
چیترە حووبـا ئەڤینی
ئەز نەچومە ( چینسـتان )ی
ئـەوی كانا گول ـ رحانی ،
مەشـا وی را ئەز شادبم
و د بیژم : ە جانی .. جانی ،

## راكیتا عەدلایی

**ئوسڤی بەكو**

هیڤا زەری ، گولو ڤـەری
ئەتیمو كالناڤ هـەوی
ئاڤـا قورنـا كـەرولالی
بنهیر كیتی لـوی دەری !

هی تور بەندە ، « عەقلێ خودێ »
نەدیتبون پەردا هیڤی !!
هەر راکێتا مە سوفیتی‌ی
راموسانا خوە گەرم داوی

با بو بەلیسك ، هەوا ئەروا
تامە نەبن بەر راکێتی
ستێرکا سورە سەر نەتکاوی
ئەو بەر بهیڤی دفرەتی

بفرە هەرە راکێتا سور
خەبەر برا عەدلایا زور
عەلامەت بی بەە دورگەر
کود چی تو سەر هیڤا زەر

با ، بو بەلیسك ، هەوا ئەورا
ری ڤەکن راکێتا مەرا
لەزە ، دچە لسەر هیڤی
بو شەر خزانە نونچە

بعەدلین ستێر کوردو
هون قەت نەدیتن ئیرو
رەکێتا مەگیر بلسەر
دفرە ، دچە یال هیڤا زەر

جا بنهێرن ، دنیـا ـ عالــەم
ژپـا شـلادا یکا مـە سـوفیت یی
راکێتـا سـور گـە هشـتـە بێتی
دە گـازی کن ـ سـەلام ، سـەلام !

راکێتـە مـەپـەر فـدایـە
لسـەر سینگی هیڤـا کوفـی
چەڤی وی سـەر دور گـەری یـە
ری بـەر رویـی کری یەنی ڤی

## چینی مەزن

**« ئوسفی بەکو »**

بە بونەی تێپەربونی دە سالەوە لە سەر ئازادی چین وتویەتی ، لە ژمارە **(٧٩)**ی ری ی تازەدا بلاو کراوەتەوە

**عەیدا تـەیە ، چینسـتانابرا**
نافی تـە ددن بحەموو زارا
سریا تەیـە تومینا وەتەنی مـن
دەرباز دکی عەیـدا ئازایـە مەزن

سەر حەت یی یا ئیراتە زەلولی یـە
بـە لەنگازی و بـن دەسـتی یـە ،
دقوررنادا ، کە ددا تەیـە حـەلال

خوە رادبن : تالانچی ، نەیار
نەژوی زولمی دگرە هەوار

( ئوکتیا بەرا ) مەزن دی نیشانی تە دا
بونا بەخت ـ مراز ، کلامو ئازاپی
ژ کانا ئوکتیابەری تە تیر ئاف فەخار
گوندو باژاری تە گشک خەملین
گول فەدان ( شانهایو پیکین )

دەولەمەندی چینستانا ئازا
خابی کارخانا ، زافودا ، زەفیا
کولتورا تە پرو ، یاگەلە قوورنا
کانی بی کە ددا تەیە دە سالا
دخو لخولن بدە نگەکی زیز
دیم ، قرستان کرنە ئەزیز
عومر ددنە مەدانا جولا
و شەوق ئاڤیتنە لسەر
عەنیا تەیە بە دەوو کەڤەر

ئاڤی دە سالید تەریقا خوەدا
بیز مام نی‌یا سوڤیتا برا
تە ئاری‌یا قورنا هلداو ئاڤیت
خەوتی تە : وی هی بقنە راستەنە
تو سەر بی‌یا راستی ، یا یاشقەتونە

عەیدەڤان ! تووژ بری مە چینستان
توو سە کنی‌یە بعەدلای ، کوبار
تەڤی دنیایی ، جماعەتا کوردا
حوبا عەدلایی دشینە تەرا
سحەت‌و قەوەت وی عەمری وەرا ....

## کانی !

**خلیل مرادوف**

کانی ئاڤا تە زەلالە
کاوی مینا کار خەزالە
کوو دخازم پی بگهیژم
دچریبنە ، تساخ ئەزدکم

بەر چاڤی من وا تی کفشی
چاڤی رەشین بەژنا توریـن
سمیلید رەش دمی قەمەر

چیا بلندن ری بەردا
گول ڤەبوونە ئاڤ سەردا
ناح ئەبینم تو دلا
سەر دلی تەوو خوارا

چیا بلندن ری لبەررا

گول ســـور بوونه ، ســـور گول سەرا
ئـــەز تووو دلا نابینـــم
ســـەر دلی خوەو تـــەرا

## ئامانجەکانی ئیسلاحی زەراعی

ئامانجەکانی ئیسلاحی زەراعی لە سرشتی شـــــورشەکەمانەوە هاتوەتەدەر ، ئەو شورشەی کە مەرازی ، لە لایەکەوە ، لە ناو بردنی ئیستیعمار ، وە لە لایەکی ترەوە لەناوبردنی یاسای دەرەبەگی‌یە ، بویە ئامانجەکانی چاك کردنی کشتوکال ئەمانەن :

١ ـ لە ناوبردنی یاسای دەرەبەگی‌یە ، بەو چاوەی کە یاسایەکی کومەلایەتی‌و ئابوری‌یەو پەیوەندی‌یەکی تایبەتی هەیە لە مەیدانـــی کشت‌وکالا ••

٢ ـ پاراستنی چینی‌ناونجی‌یە لە مزارعەکان

٣ ـ گورینی یاسای دەرەبەگی‌یە بە یاسایەکی هەرەوەزی کە لە سەر بناغەی مولکایەتی بچوك دامەزری بو فەلاحەکان •

لەمەوە دەرئەکەوی بە شیوەیەکی ئاشکرا کە ئیسلاحی زەراعی لە راستیا ئەیەوی قازانجی دو چینی گەورەی کومەل بپاریزی لـــە لادی‌دا ئەوانەش چینی فەلاح‌و چینی خاوەن مولکی ناونجی‌یە •

« **ئیبراهیم گبە** »

# خەبات بو پاراستنی ئاشتی
# خەباتە بو ئازادی نیشـــتمان

**وەرگیر : عاصم حیدری**

قوشمە بو چەکدروست کردن جهانی گەیاندە بومبای ئەتـومو هایدروژینو وساروخو هەمو جەشنە چەکی روخینەرو لە ناو بەر ، کە دەولەتە گەورەکان توانیان دروسی بکەن • ئەگەر بهانایە ئـــەم قوشمەیە ریگایەکی راستی بگرتایە ، ئەگەر ئەم قوشمەیە لە ریگای پیکەوە بە ئاشتیژیان بروبشتایە ئـەم سەرکەوتنە علمیانە کە جنگـث کەوت ، ئەم هیزە مادییە زورە کە سەرف کرا ئیمەی نەئەگەیاندە ئەم رادەیە کە بەرەی ئادەمیزاد دوزەخ بو خوی دروس بکا ، کـــە ژیانو هەمو ئادەمیزاد لە ناو ببا • ئەگەر ئەم قوشمەیە لەم ریگایـــە بروبشتایە کە گەلان ئارەزوی ئەکەن لە مەیدانی بەکارهینانی ئەتوم بو خزمەتی ئاشتی ، ئەگەیشتینە جهانیکی تازە کە لە بەهەشت بچی ، کە ئامەنجی مروڤە لە دواروژاو هەمو جورە خوشیو حەسانەوەی تیا جنگث ئەکەوی •

دەولەتە ئیمپریالیستەکان بە سەروکایەتی ئەمریکا هەتا ئیستـــا ئەیانویست میللەتانی جهان بە ئارەزوی خویان بەرن بە ریگای شەرو شورا ، پیلان ئەنینەوە لە سەر گەلی ئیران بو لیدانی جولانـــەوەی نیشتمانیو بو دەس گرتن بە سەر بەرو بومی ولاتەکەیاناو دامەزرانی بنکەی سوپایی تا ببیتە ناوچەی هیرش بردن • ئەوەی لە ئیران قەومـــا وینەیەکیتر لە ئەمریکـــای لاتینیو دەولەتانی ئەورو پای روژئاواو

بەریتانیا ، کوریای خوارو وفەرموزا وژاپونو پاکستانو تورکیاو یونانو لە گەلی دەولەتانی روژهەلاتی ناوەراست ئەقەومی •

ئەم بنکە سوپاییانە کە ئەمریکا بە سەدان ملیون دولاری بو تەرخان ئەکا بو دروس کردنو چەك پیدانی هیچ جورە پەیوەندیەکی نیە بە پاراستنی سەربەخویی نیشتمانی ئەمریکاوە ، هیچ پەیوەندی نیە بە پاراستنی مەسلەحەتو قازانجی گەلی ئەمریکاوە ، هەروەها پەیوەندی نیە بە پاراستنی سەربەخویی نیشتمانی ئەم دەولەتانەی کە لە سەری دروس کراوە !! وە پەیوەندی نیە بە قازانجو دوارۆژی سەربەستی گەلانی ئەم ولاتانەی کە بنگەسوپاییەکانی لە سەر دروس کراوە ، ئەم بنکە سوپاییانە ئەمریکا دروسی کردوە بو ئەوەی روژی بەکاری بهینی کە شەریکی گشتی ، بەرامبەر بە یەك گرتوی سوڤیەتو چینی گەلیو هەمو ئەوولاتانەی کە لە ژیرچەپوکی ئیمپریالزم بونو ئیستا رزگاریان بوە ، هەلگیرسینی ، بو ئەوەی ئەم مەبەستە جیبەجی بکا ئەبی:

••• سەربەخویی نیشتمان لە ناو بباه ••

بەربەرکانیی هەمو هیزەکانی دوژمنانی ئیمپریالزم ئەکات هەرچی جورە رەنگیکی سیاسییان هەبیت ••

بەربەرەکانیی ئارەزوی پاراستنی ئابوری نیشتمانو زاتیاری نیشتمانو هیزی سوپایی نیشتمان ئەکات • •

حکومەتی خاینو دوژمنی گەل دائەمەزرینی کە لە سەر کوشتنو لیدانو دەربەدەر کردنی میللەت ئەژینو دوژمنایەتی ئارەزوی گەل ئەکەنو بە میرەکانی سەرمایەداری واشنتون ئەبەسرینەوە ! ••••

پیلانی ئەمریکا ئەم مەبەستانەی لە ئوردن جی بەجی کرد ، وە ئیستاکەش تی ئەکوشی و هەول ئەدا لە ریگای پروژی ئایزنهاوەر لە هەمو دەولەتەکانی عەرەب ، کە سەر بو سیاسەتی ئەمریکا داناهینن ، جی بەجی ی بکات •

هەروەها ئەبینین چون خەبات بو پاراستنی ئاشتی بەسراوە بە خەبات بەرامبەر پیلانەکانی ئیمپریالزم بو پاراستنی سەربەخویی نیشتمان ، هەروەها ئەبینین چون خەبات و تی کوشانی سەدها ملیون خەلك لە ولاتانی گیتی بو لە ناو بردنی بومبای ئەتوم ، بو ئەوەی ببی بە هەنگاویك بو قەدەغەکردنی شەروشور ، بەسراوە بە خەبات و تی کوشانان لە پیناوی سەربەخویی نیشتمانان • ئەو لایەنگیری و یاریدەری یە کە ئاشتی خوازان لە هەمو سوچیکی گیتی دایان بە ئیمە ئەبیتە نیشانەیەکی زور بە هیز کە شەری ئازادی نیشتمان ئەبی بەسریتەوە بە هیزی ئاشتی و بەو شەرەی کە مللەتان بو پاراستنی ئەجنگن •

گەلان ریگای پیکەوە بە ئاشتی ژیانی یان گرتووە ، گەلی مللەت لە دەولەتە ئیمپریالزمەکانیش لایەنگری هیزی خەباتکەرانی زدی شەر هەلگیرسینەرن • ئەگەر هاتو مللەتان لە هەرای قەدەغەکردنی تاقی کردنەوەی بومبای ئەتومی یا سەرکەوتن و توانیان پاشان بە جاریك دروس کردنی قەدەغە بکەن ، ئەگەر هاتو گەلان توانی یان دەولەتە گەورەکان ناچار بکەن بو ئەوەی بکەنە پیك هاتن بو کەم کردنەوەی چەك و پاشان بە جاریك چەك دامالین ، ئەگەر گەلان لە هەمو ئەم هەول و تەقەلاو خەباتەدا سەرکەوتن ، ئەنجا ئیمە ئەگەینە

# لیکولینەوەی ئەتوم

**لە ئنگلیزی‌یەوە وەرگیراوە**
**وەرگیر : أحمد عوسمان**

پی گەیاندن‌و بەرپابونی فیزیا لە نیوەی یەکەمی ئەم چەرخەدا بو بە هوی دوزینەوەیەکی بی هاوتا ، ئەو دوزینەوەیە کە بو بە هوی لەت کردنی ئەتومی یورانیوم لە سالی ١٩٣٩ • وە ئەمەش بو بــە

---

پەروبـال‌روتاندنەوەی چەتە شەر هەل‌گیرسینەرەکان ، پاشـان ئالای پیکەوە بە ئاشتی ژیان لە سەر هەمو گیتی‌دا ئەلەریتەوە •••••

بو ئەوەی بگەینە ئەم ئامانجانەو پاریزگاری ســــــەربەخویی نیشتمانمان بکەین ، ئەبی بە هەمو هیزو توانامان هاوبەشی بکەین لە گەل مللەتانا بو قەدەغەکردنی بەکارهینانی بومبای ئەتوم ، چونکــــە پاراستنی ئاشتی دەوریکی میژوی‌ی میللەتەکەمانە، وازی لی ناهینی هەر چەندە توشی ردنجە رویی‌و چەرمەسەری ببی ••

ریگای ئاشتی •• ریگای باغ‌و ••• باغچەو •• کوشك‌و •••• تەلارو ••• فابریقەو ••• دانشگاو ••• گورینـــەوەی زانیاری‌و برایەتی‌و بەختیاری‌و کامەرانی ژیانە •••

ریگای ئاشتی •• ریگای ئازادی جەزایـەرو •• ئوردن‌و •• عومان‌و هەمو گەلانی ژیرچەپوکی ئیمپریالزم‌و بە زور بە دەولەتیکی تر دەوە بەسراوە •• بوبە پیویستە لە ســــەر هەمو ریکخراوەکانــی دیموکراتی‌و نیشتمان پەروەر لە وولاتەکانی عەرەب‌و روژهەلاتـــی ناوەراست هەول‌و کوشش بدەن بو راگرتنی تاقی‌کردنەوەی ئەتوم ، تا ببیتە هەنگاوی بو قەدەغەکردنی بە ئیجگاری ••••

هوی ڕیبازیکی تازە بو لیکولینەوە ، کە ئیستا بە شیوەیەکی زور بەکار ئەهینری لە مەیانی تەکنیکدا •

دوزینەوەی لەت بونی ئەتوم بو بە هوی بەرپابونی لقیکی نوی لە پیشەسازی جەنگ واتە : دروس کردنی بومبای ئەتوم کە بــــە هیزترین چەکیکە تا ئیستا دوزرابیتەوە بو کوشتنی بەکومەلو گشتی • بەلام هەر ئەمیشە کە هانی ئەدا بو پی‌گەیشتنی لقیکی نوی لــــە پیشەسازی شارستانی ئەویش دروس‌کردنی تاقە Power ئەتومی‌یە•

وا ئیستا راستەوخو دەزگای تاقەی ئەتومی‌و کەشـتی دروس کراو ئەبینین ، کە بە هیزی ئەتوم ئەروا ، وە ئیستا بی‌وەستان تیشکی ئەتومی رەنگــاك Radio Active Isotopes, هینی یورانیوم‌و پلوتونیوم بی ووچان بەکار ئەهیزیٰ لە گەلیك لە میانەکانی زانیاری‌و پیشەسازی‌و کشتوکالدا ، ئەوەی گومانی تیا نیە ئیمرو تەکنیکی ئەتوم پیویستیەکی هەواوە لە گەلیك لە لقەکانی لیکولینەوە وەکو بەربەست‌کردنـــی تــەکنیکــی (Technical Control) وە تاقی کردنەوەو چاك‌کردنەوەی تەندرســـتی •

بی ئەوەی بە هەلە بچین ئەتوانین بلیین کە ئەنجامەکانی لیکولینەوە ئیمرو تەنها بە دەست تەکنیکیەکان (Technicians) و فیزیاییەکانو کشتو کال زانە کانەوەیەو دوا بەدوا بە دەست سیاسیەکانەوەیە •

نزیکەی بیست سال لەمەوپیش ، بە شیوەیەکی گشتی وا زانرابو کە سی۳ جەشن ئەلەکترون هەیە لە دەورو پشتی ناوك (Nucleus) ئەسوریتەوە ، هەروەها وا زانرابو کە ناوك خویشی بریتیە لــە پروتونو نیوترون ، وە پیش چەن ســــالیك ئەمانە پی‌یان ئەوتــرا

دەنکوکـەی (Particle) سەرەتایی ، بەلام ئیستا ناویکی نوی ا ـی نراوە ، ئەویش دنکوکەی ناوکی (Nucleur) یا خود دنکوکـەی کـاکلـی Fundamentalیە

وە هوی ئەم گورینەش ئەوەیە ئیمە زیاتر لە بیست چەشـنە دەنکوکەی ناوکیمان دوزیوەتەوەو تا ئیستا چەشنو چونیان تاقی نە کراوەتەوە ، وە لیکولینەوە لەم مەیدانەدا زور گرانەو هیجگار ئالوزە

وە تەنها ریگای تاقی کەرەوەکان [Reseracher] بو زانینـی ناوەروکی دەنکوکە لیدانی دنکوکەیەکە لە دنکوکەیەکـــی تر ، وە کوسپیکی زور هەیە لە سەر ئەمریگەیە چونکە هیزی زور گـــەورە هەیە ئەبی بەربەست بکری ، وە ئەمەش تەنها بەوە ئەبی توانا یەکی زور High Energy بدری بە دەنکوکە بوردومان کەرەکە ..

**« دو چەشـــنە ریگا »**

بو پیک هینانی ئەمە دو ریگا هەیە ، وە بە کورتی ئەمانەن :

( دەنکوکـەی بەتوانای زور کە ئـەگەن بـە عـەرد لـە گەردونـی دور بە راکردنیکی زور خیرا . ئەم تیشك دانـەی گـەردون بـــە شیوەیەکی زور بەکار ئەهینری لە تاقی کردنەوەی زانیاریا .

دەوم ریگا بریتیە لە تاودانی دەنکوکە بو راکردن بە خیراییو دوایی خولیدانو بوردمانکردنی دەنکوکەیەکیتر ، وە ئەمە لە ریگای بەکارهینانی مەکینەی تەکان پیدەرەوە ئەبیت

ئیستە با بزانین چی پەیدا ئەبی لەم بوردمانکردنە ؟ :

لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو دەنکوکە زور شت پەیدا ئەبی ، و گەلیك لەمانە تا ئیستە نەزانراون وە چەشنو چونیان هەمیسان بزرە .

## زور شتی نەسراو

نەزانینی ئەم پارچە نەناسراوانە بە راستی گیروگورفتە وە لە پیش هەموشتیکەوە نەبونی تیبینینیکی گشتی‌یە [Theory] کە بیتە شوین رون کەرەوە بو پیش کەوتن لەم ریبازە تەسك‌و تاریکە ، بەلام هەر ئەم شتە نەناسراوانەن کە ئەبی بدوزرینەوە وبناسرین ، پیویستی سەرشانی لیکولینەوەی زانیاریە کە چەشن‌و چونی‌یان بە روناکی دیار بکات ، ئەم ئەرکە گرنگەتا رادەیەکی ئەوتو کە تەنها یەك ولات ناتوانی پیی هەلسی ، بەلکو پیویستی بە یارمەتی‌و هاوکاری تیك‌رایی گەلیك ولاتانی جهان هەیە •

بو ئەم مەبەستە یەکەم کونگرە بەسترا سالی **١٩٥١** لە شاری روکیستر لە ئەمریکادا ،وە دوابەدوای ئەمە کونگرەی سالانە ئەبەسترا وە حەوت کونگرە لە روکیستر بەسترا ، هەشتەمین کونگرە سالی **١٩٥٨** لە « جنیف » بەسرا ، وە لە گەلاویژی سالی ناوبراوا لە شاری (کییف) نوهەمین کونگرە بەسترا ، وە لەم کونگرەیەدا **٣٠٠** نوینەر لە **٣٢** وولاتەوە بەشدار بون •

بەراستی گەلیك لیکولینەوەی بەنرخ خوینرایەوەو پیش کەش کرا لەم کونگرەیەدا • بەنرخترین لیکولینەوە لە لایەن زاناکانی ئەمریکاو روسیاو چینەوە پیش کەش کرا ، لە ئەنجامی ئەم چەشنە کوبونەوانە لە میانی زاناکانی جهانا زور بیروباوەری زانیاری کون سەرەو ژیربوو گەلی بیرو باوەری تازە لە جیگایان بەرپاو جیگیر بون ، ئافەرینیکی زور سە بارەت بەم بیرو باوەرە نوی‌یانە ئەگەریتەوە بو زانایەکانی چین‌و روسیا ، بە تایبەتی ئەمانەی دوایی •

## ڤوشمه ( سباق ) بو ماکینەی تەکانپیدەر

زانیاری فیزیا لەسە رانسەری جهانا ئەگەری بو دوزینەوەی ریگای تازە لە پیناوی دەرخستنی گەنجە نهینیەکانی مادەو سرشت ، وە هەندیکیان هەول ئەدەن بو لیکولینەوە لە دەنکولە پر هیزەکانی کە دەر ئەپەرن لە تیشکی گەردون ، هەندیکی تریان لیکولینەوە ئەبەنــە سەر کاربی کردنی ماکینەی دەسکرد واتە ماکینەی تەکانپیدەر •

بەلام هەر مەکینەی تەکانپیدەر تەنها بەکار ناهینریت لەم جورە لیکولینەوەیە ، بەلکو زور مەکینەی تریش هەن کە ئالوزن بە جوریك ماوەی دیاری کردنییان نیە لەم چەن دیرە کورتو ناتەواوەدا [1] •

ئەم چەشنە ماکینانە هیجگار بە نرخن وە دروس کردنی هــەر یەکیکیان سەدەها ملیون دیناری تی ئــەچیت

تیبینی گشتی ئەبی فریا کەوی !

کونگرەکەی (کیف) وای نیشاندا کە وا زانا لیکولەرەوەکان ئالەتی گەلی زوریان هەیە بو بەکارهینان ، وە هەمیسان نیشان درا کە زور هەنگاو هاویژراوە لە ماوەی ئەم دوانزە مانگەی دواییدا • وە هەروەها تیبینی گشتی هەمیسان زور تر بەرەو پیشەوە چوە •

بەلام ئەبیت دان بەم راستیەشا بنین کە هیچ جورە دەربرینــی بیرو رایەك دیاری نەکرا کە ببیتە هوی پیکهینانی، گورینیکی شورشگیری فراوان لە مەیدانی تیبینیە گشتیەکانی ئیستا • وە تاقی کردنەوەی زانیاری چ بنەوانی تیبینە گشتیەکانی ئیستامانی بە درووە خستو چ تەرحیکی نویشی بومان هیناوەتە بەرهەم •

---

(١) ئەم وەتەیەی دوایی هینی وەرگیرە •

لێکۆڵینەوە لە مەیانی تێبینیی گشتی بەردەوام دور ئەخشێت لە پشت تاقی کردنەوەی زانیاری • وە لە سالی رابوردوا پێش کەوتن لەم مەیانە هیجگار لاواز بو • وە گەلێك لە شێوەی لێکۆڵینەوەی کون دیار کەوت بێ کەلکە بەرامبەر روداوەکانی زانیاری نوی •

زانیاری ئێستا کەوتوەتە مەیانی نوی لە جهانی دیمەنی فیزیاوە ، وە ئەم یاسایانەی کە هەتا ئەمرو بەکەلکمان ئەهات پیشاندرا کە کونو بێ کەلکن ، وە دیار کەوت کە زور بێ هێزن بو رونکردنەوەی چەشنو چونیە ئالوزەکەی ئەم کاردساناتەی کە رو ئەدات لە نیو دەنکوکە پرر هێزەکانا •

زانا فیزیاییەکان ئەمرو لە سەر چەقی ریگا وەستاون ، چونکە شیوەو رەوشتی کون بێهێزن بو لێکدانەوەو هونینەوەی روداوەکانی تازە ••••••••

بێ گومانە کە دەردەس کردنی نهینیەکانی سرشت هەولێکی زور گرانو بەنرخە • وە هەر چەندە زاناکان قول لێ ئەدەن لە مەیدانی مادە ، ئەوەندە زورتر گیروگورفت پەیدا ئەبیت وە چارەکردنیان هەمیشە پیویست ئەبیت • بویە زاناکان ئەوەندە بە پەروشەوە هەست بە پیویستی هاوکاری ئەکەن ، چونکە هەولو تەقەلا بە تەنها بێهێزە ، وە هەر زیبازی هەولدانی کومەلی ئەتوانی چارەی ئەم گیرو گرفتانە بکات کە ئەبن بە کوسپە لە ریگای پێش کەوتنا • وە لەو کاتەوە کە ئەمانە چارەیان بو ئەدوزریتەوەو مروڤ وینەیەکی روشن وەر ئەگریت لە چونیەتی پیکهاتنی مادە ، ئەوسا ددرگا لە سەر پشت ئەکریتەوە بو سەر چاوەی تاقەی نەوەوی بەردەوام •

نەوەك هەر «تاقە» بە تەنها !

# جومهوریـــەت

**هەڵبەستی شاعیری هنگاریا : بیتوفی**

ئـــەی جومهوریـــەت !
ئەی کچولەی ئازادی ، ئەی دایکی ئازادی !
ئەی بەوەفا بو هەمو جیهان !
دور بە دور ، بەر لەوەی بگەیتە بەردەوە ،
بە خێر هاتنت لێ ئـــەکـــەم !
ئـــەمەوێ قەدرت بگرم ،
کە هێشتا بیریکی لە دەرونی نهێنیدا تیشک ئەدەیت ••
لە کاتێکا کە هێشتا ئەوانەی ئەیانەوێ هەڵتواسن ،
لە بەرگی شەرەف و پیروزیدا ئەمدیو ئەودیو ئەکـــەن ••
من ئەمەوێ ئێستا دڵسوزیی خومت پێشـــکەش بکـــەم ••
ســـبەینێ ئەوانەی خوشـــیان لێت دێ ، زور ئەبن ،
کاتێک کە تاجی سەرکەوتن سەرت ئەرازێنیتەوە •
وە تومارێ دوژمنەکانت ئـــەپیچریتەوە ،
لـــە خوێنی خویانـــا ئـــەگـــەوزێن ••
ئەوانەی ســـەر بو ســـیحری چاوت دانەنەوێنن ،
ئەبێ دەستی بەهێزت کە شیریکی برندە پرشنگی تیا ئەداتەوە ،
قـــەلاچویـــان تێ بخـــا ••
ســـەرکەوتن بـــو تـــو ئـــەبێ

تاقیکلی گەورەی سەرکەوتنت بو دروست ئەکری ••
رەنگ بی لە ناو میرگ‌و گولزارا بوت دروست کەن ••
رەنگیش بی لە ناو شەپولی دەلیای خوینا ••
من زور حەز ئەکەم لەوانە بم کە ئەو جەژنە ئەبینن بە چاو !
بەلام ئاخو ئەم ئاواتەم بو دیتە دی ؟
یان ئەو کاتە مەرگ پیچاومیەتەوە ••
بردومی بو گوریکی قول ••
سامناک وەک بەندیخانە ؟
بەلام ئەگەر نەمتوانی ئەم جەژنە گەورەیە بینم ••
یادم بکەنەوە ئەی دوستەکانم ••
من جومهوری خواهم •• هەر وەهایش ئەبم ••
ئەنانەت لە ژیر گلیشا ••
دینە سەر گنکوم ، لەوی هاوار ئەکەن :
بژی جومهوریەت !
ئەو کاتە دەنگتان بە ئاسمانەوە دەنگ ئەداتەوە ••
وە ئەبی بە ئاشتی‌و فینکی ،
دیتە خوارەوە بە سەر لاشەی لە پەل‌و پو کەوتوی منا !

**وەرگیر : محمدی مەلا کریم**
**لە یەکیتی‌ی ئەدیبەکانی عیراق**

# كومیونه میللی یه‌كانی چینی میللی چون یارمه‌تیی ئافره‌تان ئه‌ده‌ن ؟

گورین‌و ریكخستنی :
شوقیه احمد ـ سلیمانی

له هه‌ر ناوچه‌یه‌كی چینی میللی‌دا چه‌ند هه‌زار خیزانی فه‌لاح یه‌كیان گرتوه‌و ژیانیان پیكه‌وه‌یه‌و زوربه‌ی ئه‌و شتانه‌ی كه پیویستیانه له ژیانا خویان ئه‌یهینته به‌رهه‌م • به‌مانه ئه‌ووتری : ( كومیونه میللی یه‌كیان ) • دانانی ئه‌م كومیونانه هه‌نگاویكی گه‌وره بو بو پیشكه‌وتنی گه‌لی چین به‌ره‌و ژیانیكی باشتر •

پاش دامه‌زراندنی جمهوریه‌تی چینی میللی به سه‌ركرده‌یی پارتی كومونیستی چین ، وه به سه‌روكایه‌تیی روله‌ی مه‌ردو نه‌به‌ز ( ماو تسی تونغ ) گه‌لی چین به هه‌مو چین‌و نه‌ته‌وه‌و ئاینه‌كانیه‌وه سه‌ركه‌وتنیكی بی هاوتای ده‌سگیر بو له كوری چاندن‌و كشت‌و كال‌و پیشه‌سازی‌و هه‌مو سه‌ریكی تری ژیاندا ، هه‌مو لادی‌یی‌یه‌كانیش ژیانیكی نمونه‌یی‌یان بو خویان پیك هینا ، وه ئافره‌ت‌و پیاو بون به پشتی یه‌كتری یارمه‌تی یه‌ك ئه‌ده‌ن ، وه كاروباری ماله‌وه‌و ده‌ره‌وه‌یان به یه‌كه‌وه ئه‌به‌ن به ریوه ، ئه‌مه‌ش بوه به هوی پیشكه‌وتن‌و ئازاد بونی ئافره‌ت‌و شكاندنی ئه‌و كوت‌و زنجیرانه‌ی كه پی‌ی به‌سرابونه‌وه له سه‌رده‌می حوكمی دوابراوی كونه‌په‌رستی‌و ده‌ره‌به‌گی‌و ئیستیعماردا ، وه له هه‌مو لایه‌كی چینا كومیونه دامه‌زرا كه ئه‌مه‌ش جوره ژیانیكی ریك‌و پیك‌و به سوده گه‌ل خوی داناوه •

کومیونە کاروباری زورە وەک بەرەسەندن بە بەرهەمی سالانەو بەخیو کردنی مەرو مالاتو پەرندەو راوەماسیو ناشتنی درەخت •• بیجگە لە فرمانی پیشەسازیو ئالوگورو زانیاری لە ناو کومەلدا •

دامەزراندنی ئەم کومیونە میللیانە مەعنای لە ناو بردنی هیزی دەرەبەگی خوین‌مژە کە ماوەیەکی زور بە هەوەسی خوی جوتیارو خیزانی جوتیاری چەوساندەوە بو قازانجی خوی بە پشتیوانیی ئیمپریالیزم• ئەم کومیونانە یارمەتی یەکی گرنگی ئافرەتی چینیان داوە بە دامەزراندنی باخچەی منالانو ژوری درومان فیربونو خانوی پەروەردە کردنی منالو جیی نان خواردنی بە کومەل • ئیستا ئافرەتی چینی ئەتوانی بە هەمو سەربەستی‌یەک بچیت بو کار بی ئەوەی دلی لای مالو منال بیت ، وە هەرچەند کاروبارو فرمان کردنی زور بیت حالی کومیونە باشتر ئەبیو پروگرامی بو دائەنری • هەمو زەوی‌یەکان دابەش کراوە بە سەر ئەندامەکانداو فرمان کردن تیایا بە گویرەی تواناو هیزو لی‌هاتنە •

کومیونەی ( لیو سیا ) کە یەکیکە لەم کومیونانە ، لە ٤١ کیلگە پیک هاتوە ، وە ئەندامەکانی دابەش کراون بە چەند تیپ ، وە هەر یەکیک لەم تیپانە کاریک ئەکا وەک چاندنی برنجو چاو سەوزەواتو بەخیو کردنی کرمی ئاوریشمو راوە ماسیو گەلی کاروباری تر •

کومیونەکان هەرچەند ئەندامیان زورتر بی بەرهەمیان زورتر ئەبیتو زیاتر پیش ئەکەون ، وە ئیستا وای لی هاتوە هیزی کارەبا لە زور فرماندا بە کار ئەهینن وەکو ئاو هەل گوستنو کیلانو چاندنو دروینەو مەکینەی جیشت لی‌نانو شتی تر هەموی بەو هیزە ئەروا

به ریوه ، وه چه‌ند ئیستگه دانراوه بو ســـــود وەرگرتن له هیزی تافگه‌کان •

ئافره‌تان له چینی میللی‌دا شان به شانی پیاو ئیش ئه‌که‌ن به بی هیچ جیاوازی یه‌ک به تایبه‌تی ئیستە که کاروباری کشت‌و کال ئاسان بوه به سایه‌ی کومیونه کانه‌وه •

له هه‌مو کومیونه‌کانا بیجگه له جی‌ی منال په‌روه‌رده کردن‌و باخچه‌ی ساوایان‌و ژوری درومان فیربون ، ته‌مه‌ل خانه‌و ئاشی ئارد هارین‌و چه‌لتوک کوتان هه‌یه •

له کومیونه‌کانی ناوچه‌ی ( شانتونج ) دو هه‌زار چیشت‌خانه‌و ۱۸۹ هه‌زار جیگای په‌روه‌رده کردنی ساوایان‌و حه‌فتا هه‌زار ئاش هه‌یه •

ئه‌م جوره یارمه‌تی‌یانه ری‌یان بو ئافره‌تان پاک کردوه‌ته‌وه بو ئه‌وه‌ی زیاتر خه‌بات بکه‌ن ، وه به رابواردنی پروپوچ‌و قسه‌ی بی‌سود سه‌ری خویان قال نه‌که‌ن •

له باره‌ی فیربون‌و رابواردنیشـــــه‌وه ئه‌بینین هه‌مو ئافره‌تیک خوینده‌واره‌و پاش ته‌واو بونی فرمان ئه‌چی بو قوتابخانه ، وه جیگای یاری‌شیان جیاوازه ، وه ئافره‌تان به‌شــــدار ئه‌بن له یاری‌ی توپی سه‌به‌ته‌و یاری‌ی تردا •

ماوه‌یه‌ک له‌مه‌وبه‌ر کاربه‌ده‌ستیک ئه‌چی بو کومیونه یه‌ک ، وه هه‌ندی پرسیار له ئافره‌ته‌کان ئه‌کات له باره‌ی ژیانیانه‌وه• ئافره‌تیک ئه‌لی : « ئیمه له رژیمی کونی روخاوا هه‌میشه دلمان ئه‌ترساو ئه‌مانوت روژیک له برسانا وه له روتی‌و قوتی‌یا ئه‌مرین چونکه هه‌ر پیاو بو

هەل ئەسورا وە پارەیەکی کەمی وەر ئەگرت وە بەشی خێزانی نەئەکرد ، بەلام ئیمەی ئافرەت هەرچەند هەل سورایناینە پارەیان نەئەداینی وە بە هیچیان دانەئەناین • ئیستا ئیمەو پیاوەکان بە گویرەی فرمانمان مافی خومان وەرئەگرین بە بی‌جیاوازی ، وە توانیومانە پاشماوەی دەرەبەگی لە بنجو بناوان هەلکیشین ، هەروەها پارسوی ئافرەت قورس بو ، وە لە گەل گورینی یاسای زەوی‌وزارو پشت بەستنی ئافرەت بە توانای خوی بیرو باوەریشی رون بوەوەو پەیوەندی بەینی ئافرەت‌و پیاو بەهیزتر بو

وە بە هوی زور بونی بەرهەم‌و بەرز بونەوەی ژیانی ئابوری یەوە ئافرەت رزگاری بو لە کویلایەتی‌ی پیاوو هەمو توانایەکی تەرخان بو بو پیشکەوتنیکی زیاتر بەرەو ژیانیکی باشتر ، ژیانیکی بەختیارو کامەران • ئیستا ئافرەتانی چین بیر لەوە ئەکەنەوە کە ببنە نمونەی ئافرەتی تیکوشەرو خو بەخت کەر لە پیناو ی گەل‌و نیشتمانندا ، وە بو ئیش کردن بە کومەل‌و یارمەتی دانی یەکتر بو لە ناو بردنی ئەو قازانجە زورانەی کە دەسی یەک کەس ئەکەوی ، وە بویان دەرکەوت کە بە هیز بون‌و پتەو بونی پەیوەند لە بەینی کومیونەکانا ئەبی بە هوی دامەزراندنی ئیشتیراکیەت •

وە لە بەر ئەوەی چین ولاتیکی دواکەوتو بو لە بارەی کشت‌و کالەوە لە رژیمی کونا ئیستا هەر کەس ئیشی لی بیت هەمیشە ئیش ئەکات ، وە زەوی‌یەکان بەش ئەکەن‌و جوگەلە هەل ئەکەن‌و ئاوی پیا را ئەکیشن ، وە تا ئیستا کە ماوەی دە سالە هەول ئەدەن ، بیری دامەزراندنی ئەم کومیونانە هەلقولاوە لە پیویستی‌یەکانی گەل بە

# هیوا لە گەڵ ماموستا أنور مائی ئەندامی وەفدی دوستایەتیی عیراق بو ئاهەنگەکانی یادی دەهەمی دامەزراندنی جەمهوریەتی چینی میللی

ماموستا أنور مائی یەکیک بو لە ئەندامەکانی وەفدی دوستایەتی کە لە عیراقەوە چون بو جمهوریەتی چینی میللی بو بەشدار بـــون لە ئاهەنگەکانی یادی دەهەمی دامەزراندنی ئەو جمهوریەتە دوستەدا • کە گەڕایەوە نوینەری (هیوا) چوە لای وە چەن پرسیاریکی لی کرد، ئەویش وەرامی پرسیارەکانی دایەوە وا ئەو پرســیارو وەرامانـــە پیشکەش بە خوینەرەوە بەریزەکانی (هیوا) ئەکەین •

---

یارمەتی یەکتری بو پساندنی دەربەگەکانو بەر گرتنی روبارەکانو پاراستنی خویانو زەویو زاریان لە لافاو • کە کومیونەکان سەریان گرت بە جاری صەد هەزار کەس دەسیان ئەکرد بە هەڵکەندنی حەوزیک یان جوگەلەیەک ، وە بە مانگیک ئیشی چوار سالیان تەواو ئـــەکرد •

ئەندامانی کومیونەکان ژیانی تەندروستییان زور زور پیشـــ کەوتوە ، بە جوریک کە میشو میشولەو نەخوشیی لەرزوتـــاو گرانەتاو نەخوشیی تر کە لەوەو پیش زور بوە هیچ نەماوە ، وە منالو گەورەیان لەشیان پرخوینو ئیسقانیان بە هیز بوە بە بونەی خواردنی باشو پاکو تەمیزیو نەخوشو دەرمانی زورەوە •

پرسیاری یەکەم : ماموستا چون بو رویشتن بو چین ؟

وەرام : من یەکیك بوم لە ئەندامەکانی کومەلی دوستایەتیی چین‌و عراق ، وە لەو کاتەدا کە وەفدی چین هاتن بو عراق وسەریان دا لە لیواکانی شیمال لە گەل کوردەکانا ناسراوی‌یان پەیدا کردو زور حەزیان کرد کوردەکانیش وەرامی ئەم سەردانەیان بدەنەوە ، جا لە بەر ئەوە کە من ئەندام بوم لە کومەلی دوستایەتی چین‌و عیراق وە لە سەر پیشنیاری ماموستا فاضل عباس مهداوی سەروکی دادگای گەل لە گەل وەفدی عیراقا بەرەو وولاتی چینی مەزن کەوتینە ری • بو هاوبەشی کردن لە یادی دەهەمی دامەزراندنی چینی میللی‌یا ••

پرسیاری دوهەم : گەلی چین چون سەیری دوستایەتی میللەتی عیراق ئەکەن ؟ ••

وەرام : گەلی چین بە چاوی ریزو دلسوزی سەیری تیکوشانی گەلان ئەکەن بە تایبەتی هی گەلانی روژهەلات‌و روژهەلاتی ناوەراست، بی گومان هەمو ئەزانین کە لە کاتی خویا چون گەلی چین دەنگی خوی خستە پال دەنگی هەمو گەلان بو یارمەتی دانی ئوردن‌و لوبنان وە چون لە سەرەتای شورشی تەموزەوە لایەنگری گەرمی گەلی عیراقیان کردو گەلی خویشاندانی لایەنگری‌یان کرد ، وە ئیستەش زور بە تەنگەوەن عیراق پیش بکەوی وە هەمو ئامانجەکانی شورشی تەموز جی‌بەجی بکات ••

پرسیاری سی‌هەم : گەلی چین چی لە کوردی عیراق‌و نەتەوەی کورد ئەزانن بە شیوەیەکی گشتی ؟

وەرام : ئەوی راستی بی کەم ئەزانن دەربارەی کوردو میژوی

نەتەوەی کورد • سەبارەت بە عیراق ئەوەندە ئەزانن کە نەتەوەیەکی کورد هەیە لە گــــەل نەتەوەی عەرەبا بــەلام ئیســـــتە ، پاش شورشە سەرکەوتوەکەی چواردەی تەموز هەول ئەدەن بو ئەوەی نەتەوەی کورد بناسن ، منیش بەش بە حالی خوم لە سەر داواکردنی کاربەدەستانی تایبەتی لە ریگای کومەلی دوستایەتی چین‌و عیراقــەوە موحازەرەیەکەم پیش‌کەش کرد لە یانەی نەتەوەکان ( نادی القومیات)



ماموستا أنور مائی لە بەینی کورو کچیکا لە نەتەوەی (کاوە)

دەربارەی مێژوو سامانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی گشتی ، وە دەربارەی جولانەوەی ئازادی خوازانەو تێکوشانی سیاسی وحزبو رێکخراوەکانی نەتەوەی کورد .

پرسیاری چوارەم : چەن نەتەوە هەیە لە چینا ؟ وە ئاخو کورد لەوی هەیە ؟

وەرام : (٥٢) نەتەوە لە چینی میللی‌یا هەیە ، هەمویان وەکو خێزانێکی بەختیار ئەژین کە پیاوێکی زاناو خوێنەوارو ورد بەخێویان بکاو سەرپەرشتی‌یان بکات ، وە بوم دەرکەوت کە هەمو بەختیارو شادمانن ، زوری لەم نەتەوانە دەسەلاتی خویی ( الحکم الذاتی ) یان هەیە لە ناوچەکەی خویانا ، وە هەند یکیان حوکمی لامەرکەزی‌یان هەیە بەلام هەمویان بەستراون بە مەرکەزی سەرەکیەوە لە پەکین لە رێگای کومەلو حزبەکانیا نەوە ..

لەوی نەتەوەیە هەیە پی‌ی ئەلێن ( نەتەوەی کاوە ) گومانم کرد کە پەیوەندەیان بە نەتەوەی کوردەوە هەیە ، لە پیشانگای نەتەوەکان لە پەکین کوریك‌و کچیکم دی لەم نەتەوەیەو هەندی پرسیارم لی‌کردن : پیم ووتن لە جیاتی ووشەی (برو) چی ئەلێن ؟ وتیان : (رو) ، وە لە باتی ووشەی ( دانیشە ) ( نش ) وە لە ژمارەدا ئەلێن: یەك ، دوو ، سی ، چوار ، پێنج ، شەش ، حەفت ، هەشت ، نهو ، دهو ، کە پرسیارم لی‌کردن هیچیان لە بارەی کوردەوە نەئەزانی وە ووتیان : ئیمە هەتا دوای شورش ، واتە دوای دامەزرانی چینی میللی کوچەری بوین ، بەلام ئیستە لە دیهاتەکانا نیشتەجی بوین وە خەریکی بەخێوکردنی مەررو مالاتین ، وە ژمارەمان ئەگاتە (٣٥٠)

هەزارو لە سەرووی چینەوە دائەنیشین ••

وە کە باسی کورد هاتە ناوناوان ماموستا أنور مائی ووتی :ــ شریتیکم پیشکەش کرد بە ئیستگەی رادیوی پەکین ، وە بیستم چەن جار لەم ئیستگەیەوە بلاو کرابەوە ، شریتەکە ئەم گورانیانەی تیا بو:

١ ـ شیخی جانی : محمد عارف جەزراوی

٢ ـ هەری لەیلی : شەمال صائب

٣ ـ غەزال ، غەزال : حسن جەزراوی

٤ ـ ئازیز بەهارە : شەمالو گەلاویژ

لە پاشا ئـەم بیستەوە کە منال لە شەقامەکانا ئەم گورانیانەیان ئەووتەوە ، بە تایبەتی گورانی « هەری لەیلی » ، گەلی جار زوریان لی ئەکردم کە ئەم گورانیە خوشە بلیم بو دانیشتووەکان ، منیش لە گەل ئەوەدا کە دەنگی گورانیم نیەو گورانیبیژ نیم ، ناچار ئەبوم بە گوییان بکەمو ئارەزووەکەیان بهینمە دی !

پرسیاری پینجەم : چی زور سرنجی راکیشان لە چینی میللییا ؟

وەرام : ئەوەی سرنجی راکیشام پیشیکەوتنی گەلی چینو ئەو هەنگاوە گەورانەیە کە لەم ماوە کەمەدا ناویەتی گەلی چینم دی بــە پیاوو ئافرەتیانەوە سەرومر خەریکـــی ئیشو کارن وە لەمەیدانــــی پیشەسازیو کشتوکالدا بە رادەیەکی سەرسامکەر پیش کەوتوون ، لە پەکینا دە کوشکی گەوردم دی لەوانە یەکیکیان شوینی ئەنجومەنی نیشتمانیی چین بو کە دوانزە هەزار نائبی تیایە ، وە یەکیکیان کوشکی ئیستگەی شەمەنەفەری جهانییە ، هەروەها پیشانگای پیشەســـــازیو کوشکی نەتەوەکانو گەلی کوشکی تری نایابو گەورەم دی کە لــە



سەرەك ماو لە ناوەراستی ئەندامانی وەفدی عیراقدا• مەدالیەیەكی زیرین بە سنگی سەرەك ماوەوەیە لی ی نوسراوە : « یەكیەتی ی كوردو عەرەب » • ئەم مەدالیەیە لە لایەن ئەندامانی وەفدەوە كرا بە سنگی سەرەك ماودا •

(٥٩)

ماوەی دە مانگا بە هەمو شتیکیانەوە تەواو کراون ، وە لە ( شینان ) پیشانگای پیشەسازیو کشتوکالم دی ، کە چواردە بەشە ، هەر بەشیکی زیاتر لە بیست هودەی تیایە ئەم کوشکە گەورە لە ماوەی سیانزە روژا تەواو کراوە ، هەروەها سەرم دا لە خەزانیکی ئاو دریژی‌یەکەی ۳۷ کیلومەترو پانیەکەی ۱۷ کیلومەترو قولایی دوهەزار پی بو ، لە ماوەی سالو نیویکا تەواو کراوە !!

سەرمدا لە گەلی لە کومیونە گەلی‌یەکانو چومە مالی فەلاحو کریکار ، رادەی ژیانیانم بەرز هاتە پیش چاو ، وە روژ بە روژ لە پیش کەوتنایە ، وە بە پی‌ی چاکبونو بەرزبونەوەی کومیونەکان ژیان بەرز ئەبیتەوە ، لەو کومیونانەدا قوتابخانەو خەستەخانەو بکارەیا وخانوی ریزگرتن لە پیران ( دار احترام العجائز )و خانوی منال بەخیوکردن ، هەبو ، لە گەل ئەوەدا کە ئەم کومیونانە دوسالە دامەزراون ، لەوەو پیش کومەلەکانی فەلاح ئەم ئیشانەیان جی بەجی ئەکرد ، شایانی باسە کە ئیمە نەمان‌ئەبیست یەکی لە چینی‌یەکان خوی هەل بکیشایەو تەعریفی خویان بکردایە... بەلکو سەروکی کارخانە ، یا سەروکی کومیون قارەمانە کانیان پیشان ئەداین ، وە ئەوان ناوی قارەمانی ئەدەن بەو فەلاحو کریکارەی کە بەرهەمی زور پەیدا بکەن یان لە مەیدانی پیشەسازی‌یا کردەوەیەکی جوان بیننە روی کار .

پرسیاری شەشەم : ئایا بیروباوەرری ئایینی لە چینا ئازادە ؟

وەرام : بیرو باوەری ئایین لەوی بە هەمو جوریك ئازادە وە بە پی‌ی بەندی هەشتاو چوارەم لە قانونی چین هەمو دەست تی خستنی لە کاروباری ئاینا بە تاوان ئەژمیرری‌و سزای لە سەر ئەدری وە من

# ســـورانه !

شەقلاوە : هوشەنگ
٣٠ – ٩ – ٩٥٩

له كوردوستان جاریك بولای كوردیك چون ،
بـه موژدەوە ، لـــه بو موژدانەی كچ بـون ! ..
جوان هاتـەوەو ، ئـــەو كوردە ، زوو لـــەوانه

---

سەرم دا له هەندی شوینی پەرستگاه ( معبد ) یەكیك لەوانـــــه مزگەوتیكی موسولمانان بو ، روژی هەینی رویشتم زیاتر له دو هەزار نویژ كەری تیابو ، لەویدا چاوم كەوت بە یەكی لە ئیمامەكانی كـــه ناوی ماموستا صالح بو پی‌ی ووتم : حكومەت له ریگای كومـــەلی ئیسلامەوە مانگانه (١١٠) یەنی ئەداتی ، وە وەكو بوی گیرامەوە ئەم مانگانەیە جیگای (١٠٠) دیناری عیراق ئەگریتەوە ، بە پی‌ی ژیانـــی ئەوی ، ئەگەرچی دیناری عراق بەرامبەری (٦) یەنە .. هەر وەها سەرم دا له كەنشتەیەكی گاورەكان ، ژمارەی نویژكەرەكان خوی ئـــەدا لـــه (٧٠٠) كورو كچو پیاوو پیاوی‌پیر ، عبادەت‌خانەیەكـــی بوذی‌یەكانیشم دی پرر بو له نویژكەر ! .

روژی تەنها خوم بانگ كرام بو معهدی نەتەوەكان پاش ئەوەی كه هەمو بەشەكانیم دی ، چاوم كەوت بە كەنشتەیەكو مزگەوتیك لە گەل عبادەت خانەیەكا بو بوزاو لامیەكان ! كه پرسیم ئاخو قوتابی مسیحی له معهدا هەیە ؟ وەرامیان دامەوەو وتیان سی قوتابی مسیحیمان هـــەیـــه !!

ووتی : موژدەی کچبون لە سەر میرانە ! ••
چونکە میر کچ ئەدا بە شوو هەر خوشی
سورانەکەی ئەسپیو ئەیکا نوشی !••
بوچ گورد بە هی خوم ئەزانم ، چ جایە ••
دیلەشر ، کە گوناودروی لە دوایە ؟؟
ئەمجا ئایا ردوایە بو منی هەژار ؟
منی خومو خیزانەکەم واین لە کار ؟
پشتاوشتمان لەوساوە بیشو هەین
لە دەرگانەی میرەکانسا کوبلەین ،
هەر چەوساوەین ، بە چروساویو ملکەچی
لە گەل ئەوەش چیمان نەکردوە بە چی ! •
ئیستەش موژدانەی کچ بدەین ؟؟ سا خوایە !
وەری گیری ئەم دوکانو دەزگایە •••
برون •• برون •• بە میر بلین زوو بە زوو
ئەمرو شاسوار کچیکی زور جوانی بوو •••
با کیسەی لی هەلدوریتو موژدەی بی •••
چونکە نوبەی هەر ئەبی لە سەر دەی بی !
بەلام کاسە پرر بوە بەردەن یەخەم !
لاچن !! با گشت سویی دل دەرنەخەم !
با دوو دوشاو تیکەل نەکەم بە یەکتر
با من ، تەنیا ، ئەبمە سوری بەرلەشکر ••
چونکە چەپلە بە دەستی لی نادری

کورتە چیروك

# بەرەحمەت‌بی خەتای باوکی بوو !

**چەمچەماڵ : محمد نوری توفیق**

•••• برا بی‌قەزابی جا تو چیت لی‌دیوە ؟•• بە سەری تو هەموی سالیك نابی ••• ئەوا شەویکی هەتا بلی‌ی سارد ، کزەبایەکی توندی ئەهات ، تفت هەلدایە ئەی‌بەست ، منیش لە دەرەوە ئە گەرامەوە بو مال لە کولانەکەی سەرەوە ئەهاتم ، گەیشتمە ناو بازار گویم لـــە دەنگی تەقەتەق‌بوو ، بازاریش چول‌و هول ، تەنانەت ئیشك گـرە کانیشی تیا نەمابوون لە بەر سەرما • منیش بە دەم تەقەوە رویشتم ، وا ئەبینم « عەلە » بەردیکی بە دەسەوە یە خیرا ، ئەیدات بە قفـــلی دوکانیکا ، لی‌ی نزیك بومەوە پیم وت: ئەوە توی عەلە؟ ئەوە خەریکی چیت ؟ ، فلانی گە منی دی تفی لە دەما ووشك بوو لە توانایا نەبوو وەلامم بداتەوە • پاش کەمیك هاتە قسەو ووتی : مامە گیان ! بەخوا ئـەمرو لە بەیانی‌یەوە ناکوو ئیستە تەنیا پەنجا فلسم پەیدا کردوە ، ووتم بیدەمە نان بو براو خوشکەکانم،کە چی لە کونی ئەم دەرابەیەوە کەوتە ناو ئەم دوکانەوە ، وا خەریکم دوکانەکـــە ئەکەمـــەوە

---

شـــارەزام کـەس پشـتی هـــەزار ناگـری
وا مـن مردوو ، ئـیوەش زیندوو ، بیزانن •
تـا میرەکـــان براگـــەورەی کوردانـن
« وەکـو خومـان •• کە لـە رریزەی نەبوانین ،
ئەبی خوشمان بـە خاوەنشـــت نـەزانین !!

پەنجابی‌یەکەمی تیا دەر ئەکەم !! •••عەلە ئەمانەی ئەوت‌و بە چەشنی کابرایەکی لەرزوك وەك بێی‌ئاو ئەلەرزی • منیش زانیم کە قسەکانی هیچی بە سەر هیچەوە نیە بویە پیم ووت هەتیو ئیستە حەرەسەکانت لی بانگ ئەکەم کە حەپست‌کەن ! هەر کە وام ووت عەلە دەسی‌کرد بە گریان‌و ووتی : بەخوا ئیتر شتی وا ناکەم ! منیش پاش ســـوین دانی پەنجافلسم دایەو پیم‌ووت: دە ها برو ئەو پەنجابی‌یە بدەرە نان لای فەقی‌کانی ئەو مزگەوتەی سەر کولانەکەو بیبەرەوە بو بـــراو خوشکەکانت • بەلام بروێتەوە ها ! بەن تەبی !

برا سەرت نەیەشینم منیش شارەزای عەلە هەم کە دەپولی دەس کەوی یەك‌سەر جیگای چایخانەکەی عەولە بو بســـــتویـــەك‌و پوکەر !! ••

ـ بوچی قومارێش ئەکات ؟

ـ ئەری وەللا لاج لاجیکە ئەلی‌ی سەت سالە پیشەیەتی !! بەلی منیش ووردە ووردە کەوتمە دوای عەلە ، بەلام نەم‌هیشت شکی ئەوە بکا من کەوتومەتە دوای ، نەخیر ، عەلە خوی کرد بە پیرەچاخانەدا • راستی کە ئەمەم لی دی یەك جار لە خوم توورە بوم ، ووتم : ئەمە خەتای من بو ئەگەر بم‌دایەتە دەس حەرەسەکان‌و پەنجابی‌یەکـــەم نەدایەتی ئیستا نەی ئەتوانی بچیتە ئیرەوە • لە سەر ئەو توورەیی‌یەوە خوم کرد بە پیرە چاخانەدا ، ئەبینم کومەلیك ، لە بنەوە ، لە شوینیکی دوکەلاوی‌یا بە کش‌ومانی‌و بی‌دەنگ دیارن دانیشتوون ، یەکیکیش راوەستاوە ، کە لی‌یان نزیك بومەوە ، زانیم ئەوەی بە پیوەیە عەلەی نامبارەکە !! •• هەر بەبی سەلام‌و کەلام ووتم ، دەك خوا رروت

رەش بکا عەنەی تاجەن ! ئەمە ئاوەها تانت بو خوشكو براكانت ئەكری ؟؟ •• نە گەل دەنگی منا عەلە ئاورری دایەوەو نەخیر بوی دەرچوو ، رزای کرد لە دەسم ، دانیشتوانی سەر میزە شررەیش لەم دیمەنە سەریان سورر ما ، بویە یارول ( ووچان ) یکیان بە یاری‌یەکە دا هەموو لە من کەوتنە چاو بزکردنەو وەك ئەم جیگایە بو ئەوان بەلاوە نابی کەسی‌تر روی تی بکات !! منیش پاش پشوو دانیکی کەم ، بە بی ئەوەی کەسیان بناسم ، ووتم : ـ ئەری برا ! تو خوا ئیوە کەستان بە سەردەوە نیە بە خیویان بکەن ؟؟ ژن ، منال ، دایك ، باوك ، کەس‌وکار ؟؟ ئەری ئیوە شەرم ناکەن لەم دەوردەدا قومار ئەکەن ؟؟ ناشوکری نەبی ئەبی گەلی کورد هەر ئەمە بەشی بی !! وا میللەتان مانگیان تاقی کردەوە ، بە فروکە لە دی‌یەکەوە ئەچن بو دی‌یەکی‌تر ، میللەتان وا هەموو گەیشتنە ئامانجی خویان کە چی ئیوە شەوتان روژەو روژیشتان بەم جورە ئەبەنە سەر !!! بو ئەوەی مال‌و منالتان رەش‌و روت ، خویشتان پەریشان‌و قەرزار بن ، دەك قورر بە سەر میللەتی کورد کە ئیوەو عەلە بشی بخەن ، ئیوە لاوو پیری بن ، خوا هەلناگری کە من لەم قسانە بومەوە بە بی ئەوەی یەکیکیان قسەیەکی ناخوش بکەن ، کابرایەکی سمیل‌قشی قەلەویان تیا بو هەلساو ووتی بە شەرەف ئەبی دابنیشی ، بە زور دای‌نام‌و بانگی چایەکی بو کردم ، عەولی چایچیش چایەکی یەك‌رەنگی خوی‌ئاسایی بوهینام یەکیکی کەیشیان کابرایەکی سەرو ریش هاتوو جگەرەیەکی قامیشی دایمی ، هەر ئەوەنەم زانی کابرای قەلەو هاتەقسەو ووتی : شەرت‌بی ئتر ئەمە ئاخر شەو بی

من دەس ئەم کاغەزەوە بەم بە ئەزمی قومار ، برا بەخوا راست ئەکەی هوی دواکەوتنی ئەم گەلەی ئیمە زورە ، لەمانە یەکیکیان ئەم قومارەی ئیمەیە ، بەخوا تا قومار لە ناو ئیمەدا باوبی ئەم میللەتی کوردەیش هەروا لە دوا کەوتایە • برا هەر لە گەل کابرای سمیل‌فش ئەم قسەیەی لە دەم هانە دەر ئیتر ئەوانی تریش یەکە یەکە ( ولای‌اخلاص )ی خویان پیش‌کەش کرد کە ئیتر قومار نەکەن‌و بکەونە کارو فرمانی باشەوە •

ئینجا سەرت نەیەشینم ئەم کارەی عەلە خیری پیوە بوو بو ئەو کلولانە • پاش ئەوەی لە گەل تاقمی توبەکارا کەوتینە قسەو باسی عەلەوە کە چون ئەم منالە ، کە تەمەنی لە پانزەو شانزە زیادنیە، فیری ئەم قومارکردنەو ئەم کارە نارەوایانە بووە ؟ کابرایەکی رروتەیان تیابوو وتی : برا بە خوا عەلە خەتای خوی نیە « خەتای رەحمەتی باوکی بوو » کە سەرو مالی لە قومارا دانا ، تەنانەت کە مردیش هاوسیو دراوسی کفنەکەیان بو کرد لە سەر ئەو هەمو مالەی کە لە دایکی رەحمەتیەوە بوی جی‌مابوو !! بە رەحمەت‌بی عادەتیشی وا بوو ئەبوایە کە لە مالەوە دەر چوایەو بهاتایە بو ئیرە عەلەی هەر لە گەلا بووایە ، خو ئەگەر لە مالەوە نەهاتایە ، کە دائەنیشت بانگی شاگرد چایچیەکەی ئەکرد کە بروات عەلەی بوبینی !! • لە تەنشتی خویەوە لە سەر کورسیەك جیی بو ئەکردەوە ، جاری وا هەبوو کە هەلسایە عەلەی بە باوەش ئەبردەوە نەوەکو خەبەری بیتەوە !! تا بەو جورە تا ئەم عەلەیەی لی دەرچوو کە ئەی‌بینی !!••••

ـ بەخوا شتیکی سەیربوو ••• بەلام وا دیارە « عەلە » هیشتا

رەش بکا عەلەی ناجسن ! ئەمە ئاوەها ئانت بو خوشك‌و براکانت ئەکری ؟؟ .. لە گەل دەنگی منا عەلە ئاورری دایەوەو نەخیر بوی دەرچوو ، ررای کرد لە دەسم ، دانیشتوانی سەر میزە شررەیش لەم دیمەنە سەریان سورر ما ، بویە پارول ( ووچان ) یکیان بە یاری‌یەکە دا هەموو لە مـن کەوتنە چاو بزکردنەو وەك ئـەم جیگایە بو ئـەوان بەلاوە نابـی کەسی‌تر روی تی بکات !! منیش پاش پشوو دانیکی کەم ، بە بی ئەوەی کەسیان بناسم ، ووتم : ــ ئەری برا ! تو خوا ئیوە کەستان بە سەرەوە نیە بە خیویان بکەن ؟؟ ژن ، منال ، دایك ، باوك ، کەس‌و کار ؟؟ ئەری ئیوە شەرم ناکەن لـەم دەورەدا قومار ئەکەن ؟؟ ناشوکری نەبی ئەبی گەلی کورد هەر ئەمە بەشی بی !! وا میللەتان مانگیـان تاقی کردەوە ، بـە فروکـە لـە دی‌یەکەوە ئەچن بو دی‌یەکی‌تر ، میللەتان وا هەموو گەیشتنە ئامانجی خویان کە چی ئیوە شەوتان روژەو روژیشتان بەم جورە ئەبەنە سەر !!! بو ئەوەی مال‌و منالتان رەش‌و روت ، خویشـتان پەریشان‌و قەرزار بن ، دەك قورر بە سەر میللەتی کورد کە ئیوەو عەلە پیشی بخەن ، ئیوە لاوو پیری بن ، خوا هەلناگری کە من لەم قسانە بومەوە بە بی ئەوەی یەکیکیان قسـەیەکی ناخوش بکەن ، کابرایەکی سمیل‌فشی قەلەویان تیا بو هەلساو ووتی بە شەرەف ئەبی دابنیشی ، بە زور دای‌نام‌و بانگی چایەکی بو کردم ، عەولی چایچیش چایەکی یەك‌رەنگی خوی‌ئاسایی بوهینام یەکیکی کەیشیان کابرایەکی سەرو ریش هاتوو جگەرەیەکی قامیشی داپیم ، هەر ئەوەندەم زانی کابرای قەلەو هاتەقسەو ووتی : شەرت‌بی ئیتر ئەمە ئاخر شەو بی

من دەس ئەم کاغەزەوە بدەم بە ئەزمی قومار ، برا بەخوا راست ئەکەی هوی دواکەوتنی ئەم گەلەی ئیمە زورە ، لەمانە یەکیکیان ئەم قومارەی ئیمەیە ، بەخوا " قومار لە ناو ئیمەدا باوبی ئەم میللەتی کوردەیش هەروا لە دوا کەوتایە • برا هەر لە گەل کابرای سمیل‌فش ئەم قسەیەی لە دەم هاتە دەر ئیتر ئەوانی تریش یەکە یەکە ( ولای‌اخلاص )ی خویان پیش کەش کرد کە ئیتر قومار نەکەن و بکەونە کارو فرمانی باشەوە •

ئینجا سەرت نەیەشینم ئەم کارەی عەلە خیری پیوە بوو بو ئەو کلولانە • پاش ئەوەی لە گەل ناقمی توبەکارا کەوتینە قسەو باسی عەلەوە کە چون ئەم منالە ، کە تەمەنی لە پانزەو شانزە زیادنیە، فیری ئەم قومارکردنەو ئەم کارە نارەوایانە بووە ؟ کابرایەکی دروتەیان تیابوو ووتی : برا بە خوا عەلە خەتای خوی نیە « خەتای رەحمەتی باوکی بوو » کە سەرو مالی لە قومارا دانا ، تەنانەت کە مردیش هاوسی‌و دراوسی کفنەکەیان بو کرد لە سەر ئەو هەمو مالەی کە لە دایکی رەحمەتی‌یەوە بوی جی‌مابوو !! بە رەحمەت‌بی عادەتیشی وا بوو ئەبوایە کە لە مالەوە دەر چوایەو بهاتایە بو ئیرە عەلەی هەر لە گەلا بووایە ، خو ئەگەر لە مالەوە نەهاتایە ، کە دائەنیشت بانگی شاگرد چایچیەکەی ئەکرد کە بروات عەلەی بوبینی !! • لە تەنیشتی خویەوە لە سەر کورسیەك جیی بو ئەکردەوە ، جاری وا هەبوو کە هەلسایە عەلەی بە باوەش ئەبردەوە نەوەکو خەبەری بتەوە !! تا بەو جورە تا ئەم عەلەیەی لی دەرچوو کە ئەی‌بینی !!••••

ـ بەخوا شتیکی سەیربوو ••• بەلام وا دیارە « عەلە » هیشتا

# چوار بە گایی

**قەلەندەر ئالانــی**

« بەراستی ئیشیکی باشمان کرد ئەم سەروبیچکانەشمان لــە یەکدی شەتەک دان !! . . . »

وردە وردە ریگە ئەهەنجنم ، کەوتومەتە ژیر خەیالــەوە •• ئیستە نائیستە دلم ئاواشتەو چاوم گەش ئەبیئەوە بە بینینی کەس‌و یاران لە دیی ( خ ـ ل ) ••

کاتی هەستم بە خوم کرد وام لە ناو کورریکا لە بن شوررەبی‌یەکا !! هەناسەی باغ ، ئاوازەی چل‌وپوپ ، قرمەی پلوسك ، جریوەی بالندە، کومەلی دوست‌و ئاشنا بوژاندیانمەوە!!•••چ بوژاندنەوەیەك ؟ یەکو لەم خوشی‌یە •• لەم شادی‌یە ؟!

ـ مجە گیان ! فوکە بە پیرەبلویرا •• وا بزانە لە کەلی خانین •• دەی ! خالەی ریبوار •• ئوف چەندە لە جوشە !! ، دەی خلــــە ! باس‌و خواستی هوزم بو هەلریژن •• با کەللەم باشتر گەرم بیت !

---

( ولای اخلاص )ی پیش‌کەش بە کابرای سمیل‌فش نەکردوە بویە فیری ئەم نەوعە شتانە بووە ؟

ـ نەخەیر عەلە ئیستایش کولی نەداوە •••

جا ئەوەم لە بیرنەبوو ، کاتی کە چایخانەکەی عەولمان بە جــی هیشت ، گویم لی‌بوو عەول بولەبولیکی لیوە هات !! وا دیار بـــوو سەکتەم دا لە مەسلەحەتی !! بەو توبەیەی کە بــە موشتەری‌یەکانیم کـــرد !!!

براکەی خلە : ـ ئاموزاکیان ! دنیا بە ئارەزوی دوستانــــەو دوزەخی دوژمن‌و نەویستانە •• بە راستی کارە گرنگەکەمان باش چەســــپاند !!

لە پرر داچلەکیم سرنجم دایە : زرتەبوزیکی ئیســکءقورس خاکەنازیکی بە دەستەوە •• دەمی ئەلی‌ی جی‌سمی ورچــە !! قاقـا ئەتریقینەوە !! •

براکەی بانە :ـ بە خوەو کاوکەوە نوکەریتان ئەکەم‌و گوی‌ی شیرتان بو هەلئەکیشم ، بە مەری ( شیخ‌و ماموستا ) !!

پەنا بەخوا •• ئەم شای‌لوغانە کەتنیکی لە ژیرەوە نەبی ؟ بــە واق‌وورماییکەوە تیلی چاوم دایــە : بورە مل‌هورریکـــی ســەرو تەپلە قنی تەمەن ٣٥ سال، بزە ئەی‌گریت‌و جارجاریش بە گوی‌ی ماموستادا ئەچیپنی !!!

ـ خزمینە ! ئەم مقومقوو چپەچپەی ئیوە وەك تاسی « گەرماو = حمام » گویم ئەزرنگینیتەوە !! ••

خلە (لەتەنیشتمەوە) : بەخوا باش‌بو ، ئەم هەتیو چەتیوەمان(١) قەمتەر کردن ••• ئینجا « تالە » و « ســـمە » باش مل بو کـــاران رائەکیشن ••

ماموستای سەرچوپی‌گیر : بە راستی ئیشیکی ئاینیمان جی‌بەجی کرد ، چونکە ( خاوەر )ی کچم لە ســـــنوری خوی تیپەری‌بو ، کەوتبوە ١٣ ســـــالی‌یەوە ، مافی خوی (٩) بو •• زور مەترسیم بو

---

(١) چەتیو : کچە هەتیو •

لە گوناهباری !! باش‌بو ئیتر رزگاربوم‌و ( عبدالسمیع )ی کوردیشم بەستەوە کە ئیستە لە ٨ وەرز تی‌نەپەریوە !!! ••

بلە : کوررە ! ماموستاگیان ! بیجگە لە خەساندنی نالەو پوزەو سمە ، ئەی سەرو پیچکە ووردیلەکان بو نالیت؟ کە ناوی دەسگیرانیان لا بەری خیرا گرزو ئەگرن‌و وائەزانن ئاخو چ جورە نو قلیکە لـــە شار !! « بە راستی ئیشیکی باشمان‌کرد ئەم سەرو پیچکانە شمان لە یەکدی شەتەك دان !! »

کە ئەم ( حەو دەرویشە )مە بیست ، تاسەیەك هات بە سەرما !! زور سکم سوتاو پیشم خواردەوە ، بەم کەین‌و بەینە بەرابەر بـــەو پینج بی گوناهانە کە بە گوریسی جەور لە یەکدی‌یان شەتەك داون‌و گوبەنیان بو ناونەتەوە ، لە باشەروژا ، لە پیناوی ئیستەی نالەو ، پوزەو ، سمەدا !! •••

ئینجا بە شپرزەیی ، بەرەو مال نیشـــتمە ری ، وە لە دلی خومـــا ئەم ووت: تو بلی‌ی ئەمە خەون نەبیت ! جارجاریش لە خومـــەوە ئەژنی ئاخو بە، خەبەرم ؟ ئەوەندم زانی لە ناکاو ناوچاوانم تەقی بە لاشیپانی دەرگاکەوە !!

بەلی دانیشتم •• نە بام دیوەو نە باران !! کاتی قنچکە جگەرەکە بە لیوما چزا ••راچلەکام ! هەمان دەستور دەنگی ئەو تاس‌و حەمامەیە لە گویما ئەزرنگیتەوە ، هیچ خوم پی رانەگیراو ووتم : سەوداکەتان پررسودو پیروز بیت !•.لە پرر چپەیەك دای لە گویم : ووس •• ووس‌و •••• ئیتر بە جاری پورە هەنگ ورروژا •• پەنا بەخوا !! لایەك بەروك دادررین ، لایەك ئاهوفوغان ، لایەك نوقلانە بە شەرر ،

لایەك: دەك مەلا بە میزەرەکەی خوت بخنکییت!! کە ئەم تەمبورەزەنەم دی ، بە جاری جیهانم لی تال‌بوو ولیم بو بە چەرمی چولەکە !!!

بە ناچاری، وەك گلاشی وەستادوم، ئەژنوم نا بە ناو چاوانمەوە، نفەم لە خوم بری‌و گویم بو شل‌کردن

ژنی مەلا : کچم مالەو ئەخوینی ، نایدەم بەو خوگە ملە نەزانە بیچووە دیوە •• کوررەکەیشم هەشت سالانەیە تازە چوەتە قوتابخانە•

ژنەکەی خلەو ، ژنەکەی بلە : جاری منالمان لە بیشـــــکە دانەبەزیون ، ئەوانەیە لە بەر ئاهو نالەی کچی ماموستا ئاگـــــری گەردونیان تی هەلگرری ••• دەك نالەو بوزەو سمە سەرتان بـــــە ناشین چی •• جوش‌و خروشی ئیوە نەبوایە ، توشی ئەم کوبەنـــە نەئەبوین •• ئوە قورعانە رەشەکە ! ••• ئوە پیری شەوکیل ! دەسا سەر نـــەگرێت !!

خاوەر : خالەگیان ! هاوار ••

هاوار •• چیم لی ئەکەی •• خالە ••• ؟

سەری نایەوەو بیدەنگ‌بو !!••

خاوەر ! خاوەر ! دە سەر هەلبرە ئای لە منت نەکەوی !! ئەوە بووا وردت بەرداوە ؟!

بە شەرمیکەوە چاوەکانی ترو کاند ، بە جاریك بونە گومـــــی خوین ، سەری بە هەنسکەوە هەلئەکەنی •• قوررگی پر بووە لـــە کولی گریان •• هەل‌بزرکاوە وەك پەلپینە سیس هەلگەراوە !!

وام بە باش زانی نە ختی بیلاویتمەوەو سەرزەنشتی بکەم ••• لە ناکاو ئەم چارەرەشە زریکاندی‌و چاوەکانی چونەوە بـــە قـولا ،

لەرزی •• لەرزی •• کەوت بە روی زەویدا !!!

دایکی ووتی : ئەمە دومانگە ئیسە بەم دەردەوە ئەتلینەوە •• روژ بە روژ هەر لە باریکو بنیسی ئەدات ، جارجاریش باوکی ئەیداتە بەر چەپوکو پیی ئەلیت : دیقیش کەیت تازە کار ترازاوە ؟ ••

زور مەترسیمان هەیە کە خوی بە قەنیەیەکا بدات، وە زەوادیش کەمتر ئەخوات ، جارجاریش لە شەوا کەشکە ئەی گریت ، وە بـە دەم نالین و کروزانەوە لە خەوا ئەلیت : شو بەم درنجە ناکەم نا •••

پاش ئەم کەین و بەینـــــە پرزوخاوە ، لە بەرەتەوە بویـــان گەراندمەوە کە چون بووە ••؟

ئاوا « خلە » خوشکی قەیرەی داوە بە برا لوزەندەرەکەی «بلە» ئەویش کچی ساویلکەی داوە بە کوررە کوریەکەی «خلە» ، هەمیسان خلە کچی قنگەنشینەی داوە بە کوری ماموستا ئەویش دوبارە کچە چارە رەشەکەی خوی داوە بە برا درنجەکەی خلە ••

ئەم «حەو دەرویشە » بو ؟ •• بو ؟ •• بو بو سی ، پینجیان لە چال تـــا ؟

---

سرنج : ئەم جورە ووشانە کە باوون لە کوردەواریدا ، وەك ووشەی « چواربەگایی » ، یان « ســـــیبەگایی » بــەس لە بارەی ئافرەتەکانەوەیە ، ئەگینا لیرەدا هەشتیان لە یەکدی شەتەك داوە !!!

# قەلغانێکی پولاییینە

**دەربەندیخان : حسین عثمان نیرگسەجاری**
**١٩ ــ ١٠ ــ ١٩٥٩**

لە ژێر پــەردەی تــەمو دوکەل
دەســتی تاوان ، دەســتی چــەپەل
دەســــتێکی ســور بە خوێنی گەل
شــالاو ئەبا بــە پەلــە پـــەل

★ ★ ★

داوای چی‌یە ؟ گیانێک شــــیرین ،
گیانێک هیــوای بــەختیار ژیــن
چەکی دەســــتی ئەچەرخێنی
چاو لــە میللەت ئەقوچێنی
گیانێک ئــەکا بــە نیشــــانە
کــە هوی گیانی هــــەزارانــە
لــە گشــــت لایە گوللە بــە تاو
گوللەی دەســتی بــە کری گیراو
بو ســــەر لاشــەی هیرش ئــــەبەن
هــەندی گیــانی زامار ئــــەکەن
بــەلام کی‌یە خاوەن هیزتر ؟
خاوەن هوش‌و نەترســـاوتر ؟
ئــــەوە گــــەلە •• پرر لــەقینە

« قەلغانێکی پۆلاینە »
پاسەوانەو ئەی پارێزی
هەتا هەتا لێی نابێزی

★ ★ ★

پیلان گێری بە کری گیراو
دروس کەری کۆمی خوێناو
ماوەیەکە هیوای رونە
درووستکەی لە بەرزبونە !!
ریزی کارگەر جیاجیا ئەکا
بروای جوتیار بێهیز ئەکا
ساویلکەکان ئەخەلەتێنێ
برواو بیریان ئەنەوێنێ
گەلی عراق ، ئازاو سەربەست ،
چەکی خەبات بەردا لە دەست !
چینی کارگەر ، هەمو میللەت
جیابن لە یەك لابەن لە خەت !!
نابێ باس کا قەڵەمی دەست
لە پیلان گێر لە بیری پەست !!

★ ★ ★

ئەنجا •• ها ! پاچ !! دەی •• روخاندن
« زعیم » بدەن بە دەس مرن !
سا کام رۆلەی زور دلسوزە

یا کام شتێک هیوای هوزە
یاکام کارگەر بە ئاشکرا
بلێ : خەڵکە مافم خورا !! ،
گومی خوێناو بێ خنکێنی
چەن هیوای جوان بەرز کێنی
سا دەردەبەگ ! ، سا دەی سەرکار !
دەی .. تالان کەن کێلگەی جوتیار !!!

* * *

بەلام دوژمن ! ئەی جانەوەر !
ئەی پەیکەری مردن و شەڕ
با بیزانی گەلی عیراق ،
خاوەن چەکە پڕ لە نفاق
با ئەوانەی بە گوێت ئەکەن ،
قەوانی کون ئیش پێ ئەکەن ،
باش بزانن گەل هوشیارە
لە ناو دڵیان خەبەر دارە
یان چاک ئەبن ، یان بەئاسان
ئەبرێن بو لای دنیای نەمان
لە یەکێتی نەتەوەکان
لەدڵ ، لە چاو ، لە سەر ، لە گیان
شورا ئەکەن بو کوماری
ئەپارێزن لادێ و شاری

# « زایەڵەی ڕۆژگار »

**سەرچنار «ژوان»**

مروڤ لە ژیانا ئەگاتە پلەیێك هەست بە زور چەشنە شت ئەکا••• ئەم نوسراوەش پارچەیەکە لە زایەلەی ئەو پلەیە ••• روژیك وورووژمی خەیال پالی پیوە نام بو نوسین لە کاتیکا وینەی کچیکی جوان بەرنگارم بو •

هاژەهاژی با بە توندی ئەنەرینی •• حەسانەوە لە پنچینەی گیان هەل ئەکەنی ••• نزیکە لەوە کە گوی کەرر کا •• چەن زایەلەیەك یەك ئەگرن و خویان بە هیز هەل ئەدەنە باوەشی گیتی •• ئەویش وەك وردە مرواری بە بیابان و کیوا بلاوی ئەکانەوە •• هەستم کرد بە گولیکی موری گەشاوە لە ناو دەستما •• هەر ساتە ناسانیك بونم ئەکرد ••• ئەوەندەم زانی ئەو گولە جوانە •• ئەو دروشمە ناسکە لە ناو چنگما توایەوە•••چونکە پەنجەکانم پەیامیان لە خواوەندی

---

بـو فاشـسـتی ، بو دکتـاتور
خاکـی عیراق ئـەکەین بـە گـورر
سـا بە هەر جور باس کراوین ؟؟
ئاشتی خوازین هـەتا ماویـن
بـا رەشـەبای سـەختی ئاسـو
هـەلکاو بینی ساختەو درۆو
بـەلام : « گولی یـەخەی مللەت »
بـەم رەشـەبا ناوەری قـەت

شەرز وەرگرابو ••• هیچی جی‌نەما تەنها دو شت نەبی : لاشەی جوانی‌و مەرگی بون « ئەویش لە سەرخو بە گیانسا هەل گەرایەوە بەردو دوا شاراوەی دلم ••• بو ئەوەی تیکەل بی بە تافگەی خوینم •• بو ئەوەی لە گورستانی جوانی بە نەمری بمینیتەوە ••• دوای ئەوەی کە گوشیمو ژیانی بە ئاسانی پی‌بەخشیم ••• چنگم لە ( میزەکە )م نزیك کردەوە ، وە پاشماوەی تیك‌شکاوەکەم هەلدایە سەری ••• تی‌ناگەم تاوانی ئەو گولە جوانە چی‌بو !!؟ سورماوم بوچی زوو مللی بو داس کەچ کرد •• بوچی بە زوورداری سەرپشک (١) بردی بە سەریا (٢)•• لە ناکاو چاوم هەلبری •• مومیکی سپی بەرنگـاری بینایم هات •• پرشنگی زیرینی لی ئەبوەوەدو بەلەنجە هەلیان ئەکوتایە سەر روم •• روناکی پەخش ئەکردو گردکەی گلینەی دیدەمی ئەتواندەوە ••• زور شادبوم بە دیمەنی سوتانو توانەوەی مومەکە •• بەلام داخەکەم ئەو شادبونەم تەمەنی کورت‌بو زوو بە سەرچو ••• چونکە لە ناکاو جلەوم بو بیرکردنەوە شل کردو جیاوازیم لە نیوانی ژیانی ئادەمیزادو ژیانی مومەکە ئەبیوا •• موم بە تازەوە ئەسوتی‌و بی‌باك ژیانی خوی بەخت ئەکا بو ئەوەی کامەرانی ببەخشی بە مروف ••• بەلام نازانم مروف کە ژیانی خوی شنە ئەکا بو کـی‌ی ئەکا ؟؟ ••• نازانم !!• • بو بەردە تراویلکەیکی (٣) هەل‌خەلەتینەر کە ناوی بەختیاریمان لی هەلکەندوە » •• یان بو شتیکی‌تر ؟؟ لـەم تیبینی‌و سەرسورمانەدا ئەتلامەوە کە پەپولەیەکی سپی سنوری پچری‌و

---

(١) سەرپشك : حکم «خاوەن‌وتار»

(٣) بەردە تراویلکە : سراب «خاوەن‌وتار»

نزیك بوەوە ••• چ پەپولەیەك!! ••• هەمو گوشەیێکی بە جوانـــی ئەلەریتەوە بە دەروێشتنی پرستگاکەیا فڕی تا گەیشتە دواگەرانگەی و کورنوشی بو برد •• بو گرو روناکی •• گیانی خوی نایە ســـەر لەپی دەستی و بەخشی •• کردی بە سوتەمەنی مومەکە •••دیمەنەکە زوری ئازار دام ••• وای لی کردم ئەسرینی بی‌دەنگی برژێنمە سەر کولم و بسوتێنی ••

سوبای خەوالوی هیرشی هینایە سەرم و پیچامیەوە ••• دەرگاکە تونە کرابو ••• هەستم کرد بە دەستیکی نەرم و شل لە سەرخو فرمی ئەسری ••• ئاوردم نە چاوگەی جولانەکە دایـــــەوە •• چاومان بـــەرنگـــاری یـــەکتر بـــو ••• ووتـــەی چـــاو پەردەی‌سەند لە کاتیکا وتەی زبان بی هیز بو •• بە چاو یەکترمان ئەلیـــــتەوە ••• خویەتی !! ئەوە •• ئەوەی دوینی لە ناو چەپکی شوخ و شەنگا بەدیم کرد •• تا لیم ئاوابون ئاواتە خواز بوم کە تەنها دەسی بگوشم •• گیانم پر کەم لە هەناسەی گەرمی ••• تـەنها ئاواتیـــك‌بو •• زور جاریش روزگار بەرگی پەســــتی و زورداری ئەخاتە لاو بە خوشی و کامەرانی خوی ئەرازینیتەوە •• نازانم لە کوی‌وە خوی کرد بـــــە زورا !! •ئەوەی ئەیزانم تەنها ئەوەیە کـــــە دەرگاکە داخرابو •• جولەجولی کەوتە پەرسەندن و بە ئاوازیکی جوان دەسی لە ســـــەر ســـــنگما ئەلەراندەوە •• نامـــەی ئەوەی ئـــەگەیاند کە سینگی بـــە فراوانی بوبکەمەوە تیایا بحەســــیتەوە ••• ویستم باوەشی پیاکەم ••• وە بی‌ئەوەی هیچ بەرهەلستیەك بنوینی لیم نزیك بوەوە ••• بەلام لە ناکاو وەك ئەژدەهای رەش کەسیك بەرامبەرمان وەستا •• تـــــەم

# یانەی سەرکەوتنی کوردان ئاهەنگ ئەگێڕی

یانەی سەرکەوتنی کوردان ئاهەنگێکی جوانی گێڕا لە دانشگای پزیشکی‌یا ، (كلیة الطب) ، بە بونەی دەرچونی سەروکی بە وەفاو دلسوزی ولات لە خەستەخانە ، وە گەڕانەوەی بو سەرکردەیی خەباتی گەل لە پیناوی پاراستنی دەس‌کەوتەکانی شورش‌و پاریزگاری کومارە نەمرەکەمان‌و بو هینانەدی ئاواتی گەل کە دیموکراسیەت‌و ئاسایش‌و بوژانەوەیە •

شـــــوینی ئاهەنگەکە ڕازابوبەوە بە ئالای کوماری عیراق‌و دروشمی جوان کە بە زمانی کوردی‌و عەرەبی نوسرابون لە سەروی هەمویانەوە دروشمیکی جوان‌بو لیی نوسرابو : « بژی رولەی

---

ئەناسی •• چاوەڕوانی هەلی ئەکرد کە هیرش بینیتە سەرم ••بەلام زوو خوم کوتایە سەری وەك بروسکە ••• زوزم ئازاردا •• ویستم شتیك بە یادگار لای جی‌بیلم •• دانم لی تیژ کردو گازیکم لی گرت ••

تا ئیرە هەمو شتیك ئاشـــــکرایە •• خومم لە ناو جیگادی‌و سەرینەکەم بە دەستەوە بو •• خوشکە بچوکەکەم « نەرمین » نزیك بە جیگاکەم وەستابو •• دایە پرمەی پیکەنین‌و بی دەنگ چـــــوە دەری •••

ئەنجا زانیم کە ئەوەی باوەشم پیاکرد سەرینەکەم بو وە ئەوەی گازم لی گرت دەستی خوم‌بو وە ئەوەی کە دیم لە خەویکی خوش پتر نەبو •• ئەوسا ••• تەنها ئەو سا زانیم کە ژیانی ئادەمیزاد لـــە ژیانی پەپولەییکی دلدار ، یان گولیکی گەشاوە ، یان مومیکی داگیرساو پتر نیە •


بەوەفای گەل ، سەرۆکی کوردو عەرەبو پێشـــــەوای ئاسایشو دیموکراسی عبدالکریم قاسم » • هەروەها چەن دروشمێکی جوانی تر لەوانە : « لەسەر بەردی بناغەی یەکیەتی کوردو عـەرەب ئیمپریالیزمو پیلانو نوکەرەکانیان وورد و خاش ئەبن » ، ڕوژەردیی ئیستیعمارو تەماع کاران ، ، عەرەبو کوردو کەمە نەتەوایەتی یەکان کە هەموبران لە عیراق ، هێزێکی یەکگرتوون بو پاراستنی کوماره لاوەکەمان» ، « بژی کومارەکەمان بە ئازادیو دیموکراتیو سـەربەخوبی » ••• « گەلی کورد لە گەل نەتەوەی عەرەبی برایاو لە گەل میللەتانی ترا تیئەکوشن لە پیناوی ئاســایشو دیموکراسی یا •••• « بژی برایەتی کوردو عەرەب»••••«کوردستان ئەکەین بە گورستانی دوژمنەکانمان » •• « ئاسایشو دوستایەتی » •••

ئاهەنگەکە بە موسیقای کوڕی گەل (ابن الشـعب ) کرایەوە ،




لاوان لە هەلپەرکییەکی بادینانیدا

ئەنجا عەریفی ئاهەنگ کاك عزالدین مصطفی رسول ، پاش بەخیرهاتنی دانیشتوان ، ماموستا ئیبراهیم احمەدی پیش کەش کرد ، کە لە بانی دەستەی بەریوە بەری یانە ووتاریکی بەم بونەوە پیش کەش کرد ••
ئەنجا کاك عوسمان سابونچی بە هاوکاری تیپی موســــیقاو کورس سرودیکی کوردی‌یان پیش کەش کرد : «قارەمانم کاکە کەریم» دوا بە دوای ئەوە سرودیکی تری پیش کەش کرد بە زمانی کــــوردی سەرەتاکەی : «ئەی سەروك ، ئەی سەروك »» ، لە سەر وەزنـی «یاکریم ئلامام» لە پاش سرودەکان کومەلیك لە قوتابیانی دانشگاکان دو جەشن هەلپەرکی‌ی کوردی‌ی ئابابیان پیش کەش کرد ئەنجا «نەسرین شیروان » گورانی : « بژی بومان کەریم گیان »ی پیش کەش کرد هەروەها سرودو گورانی دەسی پی کرد ، گورانی‌بیژی خوشەویست «حسن جزراوی» مەقامی موحەبەری پیش کەش کرد ، ئەنجا کاك



لاوان لە هەلپەرکی‌یەکی سورانی‌دا

ئەنوەر طاهر گورانیەکی کوردی پێش کەش کرد : «کوردو عەرەب
بران» • دوا بەدوای ئەو کاك ســـەردار قطب گورانی «موژدەی
پێش کەش کرد کە لە هەمو لایەکەوە ئافەرین کرا •• ماموستا علی
مەردان گورانی‌بێژی بە ناوبانگ ئەویش هاوبەشی‌یەکی باشی کرد
لەم ئاهەنگەدا وە دو گورانی پێش کەش کرد ، یەکی لە گورانیەکانی
ئەلی : « شورش بەرهەمی خەباتی گەلە » ، ئەنجا کاك صالح گورانی
«بەختمان ئەی نازەنینم» ی پێش کەش کرد • کاك رەسول گەردی ،
گورانی‌بێژی خوشەویستیش گورانیەکی جوانی پێش کەش کرد لـە
هەلبەستی شاعیری هەلکەوتوی لاو کاك کامەران ، لە دوای ئــەم
گورانی‌و سروده جوانانە ئەمســـــیلەی « ناصرو عەفلەق‌و خیالی
یەنگ کیش»یان پێش کەش کرد ، کە لە هەمو رویەکەوە سەرکەوتوو
بو بیجگە چەن کەمو کورتی‌یــەکی بچــوك ، لە دوای ئـــەوە



دیمەنیکی بانگ کراوەکـان

# ووتارەکەی ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد
# لە ئاهەنگەکەی یانەی سەرکەوتندا

برا بەریزەکان !

یانەکەمان زور شادمانە کە پیشدەستی ئەکات بو پیك هینانی ئەم ئاهەنگە خوشـــە بو دەربرینی بەشیك لەو بەختیاریەی ، وە لـەو



ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد ووتارەکەی ئەخوینیتەوە

---

هەلبەرکیەکی کوردی نایاب لە گەل موســـیقای میللی تایبەتـی پیشکەش کرا بەم جورە ئاهەنگەکە بە دابەش کردنی شیرینی دوایی پی هینرا کە ئەمەش هەستیکی جوانبوو بەرامبەر بە دەرچونـــی سەروکی بە وەفای گەل لە خەستەخانەو رزگار بونی لە دەس دریژی ناوان باری پیلانگیر •

دلشادی‌یەی کە هەمو کوردیکی شەرافەت مەند هەستی پی‌ئەکا •

رزگاربونی سەروکی مەزنمان کاکە کەریم قاسم لە کولـەی خیانەت‌و تاوان‌باری کە کونەپەرست‌و نوکەرانی ئاراستەی ژیانـی بەنرخیان کردا ، وە دەرچونی لە خەستەخانەو گرتنەدەسی کاروباری کومارەکەمان ، ئەمانە هەموو مایەی شادمانی‌و شانازی‌یە بو هەمـو کوردیکی بە شەرەف‌و بو هەمو عراقی‌یەکی دلسوز ، بگرە بو هەمو مروڤیکی ئاسایش‌و وئازادی‌خوا لە جیهانا •

بی‌گومان سەرەک عبدالکریم قاسم ، لە بەر چاوی گەلی کورد، تەنها رزگارکەری گەلی عراق نیە بە عەرەب‌و کوردو کەمـە نەتەوایەتی‌یە برادەرەکانی ، بەلکو رزگارکەری نەتەوەی کوردیشە لە زولم‌و زوری چەوسانەوەی نەتەوایەتی •

بە تیکشکانی رژیمی دەرەبەگی سەربەئیمپریالیزم‌و دامەزرانی کومارە دیموکراسی‌یە ئازادەکەمان‌و دانانی دەستوریکی پیش‌کەوتووو دان‌نان بەمافی نەتەوایەتی گەلی کوردا لە کوردستانی عراقا ، تونرا برایەتی کوردو عەرەب ، بو یەکەم‌جار ، لە سەر بناغەی یەکسانی بتەو بکری ، ئەو بناغەی کە هەرگیز وە لە هیچ شوینیکا بە بی ئەوە ناتوانری برایەتی گەلان دابمەزری‌و بەردەوام‌بی ••

لە سایەی کومارەکەی عیراقمانەوە ، حکومەتی عیراق سیاسەتی بە هیزکردنی برایەتی کوردو عەرەبی گرتەبەر ، بەوەی کە دانی‌نا بە مافی نەتەوایەتی گەلی کوردا ، وە هوی بیزاری‌و ناخوشـی‌و نارەزایی لە ناو برد ، بەلی ئەم سیاسەتە جوانەی گرتە بەر نە وەک سیاسەتی کوشتن‌و ئازاردان‌و بەندکردن • چونکە برایەتی راستەقینە

بەوە ئەبی کە گەلی کورد بەشی خوی وەر بگری لە خیرو بیری ئەم نیشتمانە • بەوە ئەبی کە گەلی کورد لە گەل گەلی عەرەب‌و کەمە نەتەوایەتی‌یەکانی پیش بکەوی بەرەو سەرکەوتن‌و گەشەداری •

بە هوی سیاسەتی سەرەك عبدالكريم قاسم گەلی کورد بو یەکەم جار ئەم جورە رەفتارە جوانەی لە گەل ئەکری ، وە بە هاوبەش‌و یەکسان دانرا لە ماف‌و پیویستی‌یا ، وەکو هەمو برا عیراقی‌یەکانی‌تر ••

پیویستە بووتری کە ئەم سیاسەتە پیش‌کەوتوانەیە ، کە سەرەك عبدالكريم بەکاری ئەهینی لە گەل نەتەوەی کوردا ، یەکیکە لە هویـە کانی دوژمنایەتی کاربەدەستە کونەپەرستەکانی ئەو ولاتانە کە گەلی کورد ئەچەوسینەوەو بی‌بەشی ئەکەن لە هەموو مافیکی نەتەوایەتی‌و مروڤایەتی‌یان • بی‌گومان بوونی گەلی کورد لە عیراقا بە ئازادی لـە هەمو پیوەندیکی ئیمپریالیزم تیریکی ئاراستەکراوە بو چاوی ئەو کونە پەرستانە، وە ئەو گرری ئازادی یە هەلگیرساوە ریگا روشن ئەکاتەوە بو نەتەوەی کورد لە دەرەوەی عیراقا ، ئەمەش بەســـــە بو ئەوەی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی داخ‌لەدل بن لە سەروك عبدالكريم قاسم •

بیجگە لەمەش سەرەك عبد الكريم قاسم ، ئەم قارەمانەی کە عیراقی رزگار کردو ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی تیك‌شکاندو کومارە دیموکراسی‌یەکەمانی دامەزراند لە سەر کەلاوەی عیراقی کونەپەرست، کە مەلبەندی پەیمانی بەغدای دوژمنایەتی بو ، بەلی •• ئەم سەروکە بناغەی کونەپەرستی‌و ئیمپریالیزمی ، لە هەموو روژەلاتی ناوەراستا ، هینایە لەرزین‌و گرری ئازادی لە تاریکە شەوی دەستەلاتی زورداروکاربەدەستە کونەپەرستەکانا هەلگیرساند •

له بەر ئەمەیە کوردیك کە ئەلی : گیانفدای کومارو سەروکم ، شاراوەی دەرونی دەرئەبری ، وە کە ئیستا ئیمە شادی پیشان ئەدەین، پیویستی‌یەکی نیشتمانیسان جی‌بەجی‌ئەکەین ، چونکە وەکو یەکی لە شاعیرەکان ئەلیت :ـ

(کەریم) گوشتو ئیسقان نیە
هەر تاقە یەک ئینسـان نیـە
(کەریم) خوی بیرو باوەرە
خەوی کارگـەرو رەنجبـەرە
رەمزی گەلی خەباتکـەرە
ئالای نیشـتمان‌پەروەرە
بو (کەریم) هـەر نـەمان نیـە

★ ★ ★

(کەریم) لای گەل ئازادی‌یە
ئاشتی ، ئاسایش ، شادی‌یە ،
مانای سەربەرزی ژیانە
بو گەل ، بو ئەم نیشـتمانە
بویە هەرچی کە هەمانە
گەرمال‌و حال ، گەر گیانە ،
ئەی‌کەینە قوربانی (کەریم)
ئەگینا کـەریمی تەنیـا
وەك ئـەو کەریمانەی دنیا
کەس نازانیت مرد ، یا ژیا

**لە روژنامەی خەباتی تیکوشەرەوە**

# سڵاوی ئەوانەی ئاهەنگیان گێڕا

## لە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا

## بو پیشـــەوای مەزنی ولات

سیادەنی پیشەوای ئاقاەو روڵەی دلسوزی گەل عبـــدالكريم قاسمی بە ریز

بە ناوی ئەوانەی کـــە لە یانەی ســـەرکەوتنی کوردان ئاهەنگیان گیرا بە بونەی جەژنی چاکَ بوەوەی گەریسی کوردو عەرەبەوە ، دلسوزانە ترین پیروزبایی گەرم پیشکەش ئەکەین بو گەلی عیراق بە هەر دو نەتەوەکەی ــ کوردو عەرەب ــ و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یە براکانیەوە ، بە بونەی ئەم روداوە دلخوش کەرەوە •

وە خوشیی خومان دەر ئەبرین لە گەرانەوەی سەرکردەی جومهوریەتە دیموکراتی‌یە نەمرەکەمان بو بارەگای جارانی بو خەریک بونی سەرکردەیی کردنی کەشتیی ولات بو گوی ئاوی ئاشتیو دیموکراتیەتو بەختیاریو ئاسایش ، وە بو سەرکردەیی کردنـــی خەباتی هیزە یەکَ گرتوەکانی گەلەکەمان بەرامبەر بە ئیســـتیعمارو ئەماعکارو پیلان گیرو گلکە خائینەکانیان •

عومری دریژ بو پیشەوای مەزنمان کاکە کەریم تەقینەرەوەی شورشی پیروزی ١٤ی تەموز !

بژی جومهوریەتە دیموکراتی‌یەکەمان ، جومهوریەتی کـــوردو عەرەب بە ئازادیو رازاوەییو سەربەخویی هەتا هەتایە •

**دەستەی بەریوەبەری**
**یانەی سەرکەوتنی کوردان**

# چیرۆکی ژمارە

## چارە رەشەکان

نوسینی : ویکتور هوگو
وەرگیر : حسن قزلجی

ئەو شەوە شەویکی بە باو بوران بو • زنجە ئابوتەکە تاك و تەنیا لە قەراخ دەلیا مابوەوە ، لەو تاریکایی یەدا ژورەوەی زنجەکە روشن و روناك بو ، لە لایەکەوە تۆری ماسی گرتن بە دیواردوە هەلاوەسرابو ، لە لایەکی تریشەوە قەرەویلەیەك ئەبینرا لە تەنیشتیەوە پینج منالی بچکولە لە سەر جیگەو بانیك کە لە سەری قەرەویلەکە راخرابو نوستبون ، بلیسەی سوری ئاگردانەکە روناکی ی دابوە بن میچەکە •• دایکی منالەکان کە ژنی ماسی گریك بو ، سەری نابوە سەر سەرین ، وە لە سەر خو دوعای ئەخویند •

وت و ویرەی خەفەتاوی و خەیالی بە ترس و سام ئارامی لی هەل گرتبو ، ژنەکە تاك و تەنیا ، هەر بە تەواوی تەنیا بو وە زور بە وردی و شپرزەیی گویچکەی لە هەراو هوریای دەرەوە گرتبو ترس و پەشیوی تەنگەتاوی کردبو ، خەمو خەفەت دلەتەپەی پی خستبو •

لە دەرەوە، لە پشت دەلاقەی زنجەکە دەریای شلەژاو ئەی لرفاند، هەمو جیگەیەکی لە چنگی خویا ئەگلوفی ، دەریا هاژەی ئەهات و ، بە شەپولە سپی یە کەفاوی یەکانیەوە خوی بە قەراخ دا ئەدا ، لە هاژەی

دەلیا ترس‌و پەشیوی‌و ، لە نالەی باو بوران خەم‌و خەفەت هەست ئەکرا ، خاوەنی زنجەکە کابرایەکی ماسی‌گر بو کە ئەو روژە دەمی خوراوا چوبوە دەلیاوە وە هیشتا نەگەرابوەوە ، چەند سانی دورو دریژ بو لە گەل باو بوراندا دەستەو یەخە بو ، لە تەک شەپولەکاندا ئەجەنگا •

لە سالانی هەرە زوی منالی‌یەوە ناچار بو مل بو فەرمانی ژیان راکیشیت‌و خەریکی کاری پر لە مەترسی‌ی ماسی‌گری بیت • لـــە میژ بو خوی بەم ژیانەوە گرتبو ، بە باران ، بە باو بوران ، بە گریوەو گەردەلول‌و سەهول بەندان ، تەنانەت لە سەخت ترین‌و ئالوز ترین کاتی دەلیادا ئەچوە دەلیاوە ، وەک مەرگ بە لایەوە شتیکی بـاوو بەردەم‌و دەستان بیت ، گوی‌ی بە هیچ شتیک نەئەداو هەمیشە بـــا خوی ئـــەگـــوت :

مناڵەکان نانیان ئەویت ، نابی لە باو بوران بترسم ، ئـــەبی بروم ، بەربەرەکانی لە گەل ژیان‌و لە تەک شەپولە وروژاوەکاندا بکەم ، هەمیشە بەم بیرو رایەوە تاک‌و تەنیا ســــــواری گەمیـــەکەی ئەبو ، ئـــەروشتە ناو گیژاوەوە ، ناو شەپولی دوابراوەوە ••

چەند ئازایی ئەویت ؟ چەند کارامەیی ئەویت کە ئینسان بتوانی خوی بە شەپولەکانی دەلیا بسپیریت‌و لە گەل ئەوەشــــــدا بە گـــژ شەپولەکاندا بچیت ، چەند گرانە ئینـــــــــان بتوانی بەربەرەکانی‌ی گیژاوو دەلیای شلەژاو بکات !؟ ئەم کارە شان‌و باهویەکی بەهیـــــزو پتەوی ئەویت ، کاتی گەردەلول شەپولەکان وەک ماری شـــــەرانی بـــە لیواری گەمیەکەدا هـــــــەل ئەگەرین‌و رەنگ بی لە ترســـــــی

با بیت کە شەپولەکان ئەنالینن‌و بە کەفی سپی ئەرشینەوە •

( ژانی )ی ژنی ماسی‌گر هیشتا نەخەوتبو ، بە خەبەر بو ، حەزیشی بکردایە نەی ئەتوانی بخەوی ، شپرزەیی‌و پەشیوی بواری نە ئەدا ئارام بگری ، گرمەگرم‌و نالەو نرکەی ئەم شەوە پر لە گەردو لوەی ئەهانە گوی‌و ناچاری ئەکرد لە کەمترین‌و بچوکترینی ئەوانە گوی بگریت •

جاروبار دەنگی گرو بی‌قەری مەلە دەلیایی‌یەکان ئەهات‌و ئەم قاوو قیژە میردەکەی ئەهینایە بەر چاوی کە لە گەمیەکەیدا دانیشتوەو لە ناو شەپولانی سامناکدا بەرزو نزم ئەبیتەوە ، ژانی سەری خوی نابو بە ســــــەرینی منالەکانیەوەو کەوتبوە پەروش‌و پەژاردیەکــی قولەوە ••

لە دلی خویا ئەیگوت : نای ژیان بە هەژاری‌و دەس‌تەنگی چەند سەختە ، دەستەو یەخە بون لە گەل بی‌پارەیی‌و نەبونی‌یا چەند گرانە؟ ئیمە بەم هەمو رەنج‌دان‌و مەینەت کیشانەوە ، تەنیا نانی جومان دەس ئەکەویت خیزانەکەمان هەمو بی خاوسن ، بە دریژایی عومریان ئەبی سەبر بگرن ، رەنج بدەن ، مل لە ملی هەژاری بنین ، بوچی ؟ ئاخر بوچی ؟ لە بەر چی ؟

بوران توندتر ئەبو ، دەلیا ئەی لرفاند ، شەپولەکان وەک کیو ئەدران بە قەراخا، پرش‌و بلاو ئەبونەوە، لە ناو هەورو مژی دەریادا، جاروبار ئەستیرەیەک کوتوپر ئەدرەوشایەوە ، وەک پزیسکیک لە کورەی ئاسنگەردا لە ناو دوکەلدا بریقە بدائەوەو لە ناو بچی ، ئەم ئەستیرەش خیرا گوم ئەبو •

شەوگار شەق بوبو ، بی گومان لەو کاتەدا بەختەوەران ، دەولەمەندە پارەدارەکان ، بە خوشیو شادی خەریکی رابواردنو خواردنەوەو سەماو هەلپەرکی بون ، بەلام لەم ساتەدا ماسیگر لە چ حالیکا بو ؟

ئەو بەدبەختە ، بیچارە ، رەنگ هەلبزرکاوە ، پالتاوە چەرمینەکەی بە شانیا دابو ، لە تاریکایی تەمو مژاوی دوا بەراوی شەودا لە گەمیەکەیدا دانیشتبو چاوەروانی چارەنوسی ئەکرد ••

پەیتا پەیتا بەرەو پیش ئەرویشت ، بەلام نیشانەیەک لە قەراخ نەبو ، ژانی ، ژنە چارەرەشو چاوەروانەکەی تارمایی سامناکەو دزیوو بەترسی یەک بە دوای یەک ئەهاتە بەرچاو ، دلی بە پەروشو پەژارە تەنگ و گیرا بو ، چاوی فرمیسکی هەل ئەوەراندو بە ناچاریو بە لیوە لەرزە پەیتا پەیتا ئەی گوت : خوایە ! چەندە ماسیگر لە بنکی دەلیادا خەوتون ، ئەوانە هەمویان لە شەویکی وەک ئەم شەوەدا رویشتونو نەگەراونەتەوە •

★ ★ ★

ژانی فانوسی هەل گرت : بە بیریا هات وەختی ئەوە هاتوە بچی بە پیشوازیی میردەکەیەوە • لە دلی خویا ئەی گوت : ئەبی دەلیا هیشتا ئارام نەبوبیتەوە ؟ بەتکم هەوا رون بوەو باران لە توندو تیژی کەوتوە ، با بروم بزانم بورجی چاوەدیری روناك بوە؟ لە زنجەکە هاتە دەر ، بو بەیانی زوری مابو •• مژیکی توند سەرانسەری ئوقیانوسی داپوشیبو ، دەلیا هەر وەک پیشو بەلکو توندتر ئەیلرفاندو بارانیش دای کردبو ••

ژانی بە زەحمەت وەک کویر بە پەلەکوتە ئەرویشتە پیشەوە ، کونوپر تونی زنجیکی تاریک هات ، ئەم زنجە تەواو لە تاریکایی‌دا نوقم بوبو ، نە چرایەکی تیا ئەسوتاو نە روشنایی‌یەکی لیوە ئەبینرا ، یا بە توندی لە بانە پر لە کونو کازیرەکەی ئەداو گفەگفی ئەهاتو نزیک بو بە جاری زنجەکە لە بن هەل‌کەنیت •

ژانی پشوێەک وەستاو بیری کردەوە : ئەمە زنجی دراوسی نەخوشەکەمانە ، ژنە چارەرەشەکەی لە شەویکی واداو لەم تەنگانەیەدا تەنیایە • با بچم بزانم پیویستی‌یەکیان نیە ؟ بە راستی خەمو دەردی ژیانو بەدبەختی بە جاریک ئەوی لە بیر بردومەتەوە•دوینی میردەکەم ئەی‌گوت زور تەنگانەیەتی ئەبی هەر ببینم •• ژانی توند لە دەرگای دا ، دەنگ نەبو ، لە دلی خویا ئەی‌گوت : زگم پی‌ی ئەســـوتی ! هەژارە •• ئەو لە ئیمە هەژارترە ، مالەکانی باوکیان نیەو بی‌کەسن ، دیارە ئەوانیش وەک خومان هیچیان نیە بی‌خون ! هەر هەژارانن دلیان بو حالی یەکتر ئەسوتی ، ژانی لە دەرگای ئەداو بانگی ئەکرد ، بەلکو کەســک گوی‌ی لە دەنگی بیت‌و دەرگاکەی لی بکاتەوە ، بەلام دەنگی لە ناو گرمەو گفەی باو بوراندا گــوم ئــەبو ، وەلامیک نەئەگەیشت ، ناکاو لە بەر توند کوتانی ئەو دەرگاکە کرایەوە ، ژانی چوە ژورەوە ، زنجە تاریکەکەی بە روشنایی فانوسە کزەکەی خوی روناک کرد ، بەلام هەوەل هەنگاو لە ترسا لە جی‌ی خوی وشک بو ، لە قوژبنیکا ژنە دراوسی‌کە بی چرکە کەوتبو ، قاچی نوشتابوەوەو دەمی داچەقابو ، گیانە بەدبەخت‌و رەنجاوەکەی ، ئەوی بـــەجی هیشتبو ، لە هەمو ژیان پاش عەمریک بەربەرەکانی‌ی هـــەژاری‌و

دەس تەنگی تەنیا ئەم لەشە ساردو سرەی لی بە جی مابو ، لە تەنیشت ئەم لەشە ساردو سرەوە ، دو منالەکەی خەویکی خوش‌و شیرینیان لی کەوتبو ، دایکەکە وەختی خەوتن سەرپوشە شرەکەی خوی پیـــا دابون ، تا سەرمایان نەبی ••

لە پاش تاویک ژانی لەوی هاتە دەرەوە ، دەستی ئەلەرزی‌و بەتانیەیەکی پیچابودوەو بە زەحمەت هەلی گرتبو ••

بوچی وا دلەتەپەی پی کەوتبو؟ بوچی لنگی ئەلەرزی ؟ بوچی لە ترسانا ئەی روانی‌یە دەورو بەری خوی ؟ کە گەیشتە مالەوە تـــەم وردە وردە لە قەراخ دەلیا ئەرەوی‌یەوە ••• ژانی بە پەشوکاوی‌و رەنگ بزرکاوی لە سەر کورسی‌یەک لە تەنیشت جیگەوبانەکـــەوە دانیشتبو ، هیشتا چاوەری‌ی میردەکەی بو ، دیسان پەروشـــــی‌و پەژارەیی هوروژمی هینابووە سەری ئەوەندەی نەمابو لە خەفەتا دلی بتەقی ، لە ژیر لیوەوە ورتەورتی بو ، بەخوی ئەگوت :

ئەم کارە چی بو من کردم ! مەگەر میردەکەم دەردو خەمی کەم بو ؟ ئەو بو بەخیو کردنی خوم‌و پینج منالەکەم لە مەینەتایە ، ئیســتا ئەمانەشی لی زیاد بو ، ئای خوایە •• ئەلی‌ی میردەکەم هاتەوە ، نـــە، خاترجەم دالغە لی ئەدەم ، وا دیارە هیچ کەس نیە ، روژگاریکـــی رەشە ، ئیمە خومان هیچمان نیە بی‌خوین ، کاریکی باشم نەکرد ، بەلام ئەی چیم بکردایە ؟ بی گومان میردەکەم لیم ئەدا ، خوم ئەزانم شایانی لیدانم ، ئەلی‌ی هاتەوە ! نە، دەنگی بایە ! خوایە من چـــەتد گەوجم ، بە دریژایی شەو چاوەری‌ی بوم کەچی ئیستا لە هاتنەوەی ئەترسم ! ژانی ، دل‌تەنگ‌و ماندو ، سەری کردبوە سەر دەستی‌و

خەویکی ئالوزی لی کەوتبو •

* * *

ئیتر لرفەی دەلیاو نالەی با نەئەبیسرا ، لە پریکا دەستیکی قورس ؤ قایم دەرگای زنجەکەی کردەوە ، روناکیی کەمرەنگی بەیانی لە لابەلای دەرگاکەوە دایە ناو زنجەکەو لە گەل ئەم روناکیی‌یە کابرای ماسی‌گریش هاتە ژورەوەو بانگی کرد : هاتمەوە !••

ژانی راپەری‌و بە دلخوشی هەستاو دەمی نا بە پالتاوە زبرو خوساوەکەیەوەو ماچی کرد • میردەکەشی ئەوی گرتە باوەش‌و ئەی‌روانی‌یە چاوەکانی • ژانی بە هەناسە برکەوە گوتی : خوشەویستەکەم ئاخرەکەی هاتیتەوە! خو بی‌وەی‌و ساغی ؟ نەچیریکت دەس کەوتوە ؟

ماسی گر گوتی : نەچیر نەبو ! سەولەکەم لە دەست دەرچو ! تورەکە درا ! زوری نەمابو تیا بچم ، چارە چیە ؟ ئیستە پیم بلی بزانم منالەکان ساغن ! هەوایەکی چەند ناخوشە ! وەخت بو نوقم بم ! چەند جار کەوتمە گەروی مەرگەوە ! ئەی تو پاش من خەریکی چی بوی ؟

ژانی گوتی : چاوەری‌ی تو بوم ، توزی درومانم کرد ، وەخت بو لە ترسا بمرم ، زور پەروشی توم بو ، بە دریژایی شەو دەلیا ئەی لرفاند ، منالەکان چاکن ، تو ئەزانی شتیکی زور خراپ روی داوە ؟ من دەمەو بەیان چومە لای دراوسی‌کەمان ، چارەرەشە دوی شەو مردوە ! منالەکانی تەنیاو بی‌سەرپەرشت ماون • ژانی ی‌هەژار کە ئەم قسانەی ئەکرد لە بەر شپرزەیی‌و پەشیوی رەنگی بزرکابو • نەی‌ئەتوانی قسەکانی بە ریک‌وپیکی بکات ، لە لیدان ئەترسا ، وەک

کاریکی خراپی کردبیت • دیسان گوتی :

منالەکان زور وردن ، کچە گەورەکەی تازە پێی هـــەل گرتـوە !

ماسیگر تاوێک بیری کردەوەو لە پاشان گوتی : قور بە سەرانە چەند خراپیان لی قەوماوە ! بێ گومان ئەفەوتێن ! کێ بەخێویـــان ئەکات ؟ خەلکی ئەم دێیە هەموویان هەژارن ! پتریان هیچیان نیـــە خویان بیخون • من زور حەز ئەکەم رایان بگرم ، بەلام خومان پێنج منالمان هەیە ••• چی بکەین ؟! ••

ماسیگر بە خەمێ خەفەتەوە کلاوە خوســـــاوەکەی فڕیدا قوژبنێکەو لە ژێر لیودوە گوتی :

نەء ! بیر کردنەوەی ناوێ ! ئیمە پێنج منالمان هەیە ! ئەوانیش دوانن•• پاشە ئەبنە حەوت ، ناتوانین وازیان لی بێنین ئەم منالانە وەک تونکە سەگ بمرن خو ئیمە ئینسانین ! ئەمجار دەنگی هەلبڕی و گوتی :

ژانی ! راکە بچو بیانهێنە ! بێ گومان زور ئەترسن ! دایکیان لە سەرە مەرگا لای وابوە ئیمە نایەلین تەنیا بن • من رایان ئەگرم ! بەلکو خوا سەبارەت بەوان نەچیری باشمان بداتێ ! گەورە ئەبن‌و یارمەتیمان ئەدەن ، ژانی کە لای جێگەو بانەکەوە هەلتروشکابو ، وە فرمێسکی شادی لە چاوی هەلئەوەری ، بەتانییەکەی لە سەر لادان‌و گوتی : منالەکان دەمێکە لیرەن ! ••

# کونگرەی ماموستایانی کورد لە شەقلاوە

لە ١١ەوە تا ١٣ی ئەیلولی ئەمساڵ کونگرەی ناوخویی ماموستایانی کورد لە شەقلاوە بەسرا • شەقامو کولانەکانی شەقلاوە بە ئالای جوان بو پشت گرتنی کونگرەو بە خیر هاتنی میوانەکان رازابووەوە • لە چەند لادا پارچەی جوان هەلواسرابو باسی عەزمی میللەتی کوردی لی نوسرابو لە سەر پاراستنی ریبازی دیموکراتیی جومهوریەتو برایەتیی کوردو عەرەبو پشتگیریی سەرکردەیی پیشەوا عبدالکریم قاسم •

لە لایەن هاوینە هەواری نەقابەی ماموستایانی عیراقەوە جیگایەکی خوشو باش ئامادە کرابو بو بەسرانی کونگرەکە ، وەلای سەروی شوینی کوبونەوەوە وینەیەکی پیشەوای مەزن هەلواسرابو ، وە چەند دروشمی نیشتمانییش ، وە لە پیشەوەی هەمویانەوە دروشمی : « با گەشە بکا زانستیی نەتەوایەی میللەتی کورد » • کونگرەکە لە ژیر ئەم دروشمەدا بەسرا •

کوبونەوەی یەکەمی کونگرە لە تاقی بەیانیی روژی جومعە ٩/١١دا کرایەوە بە سەلامی جومهوری ، پاشان تیپی قوتابییانی شەقلاوە سرودی « عبدالکریم » یان بە کوردی خویندەوە ، ئەنجا پروگرامەکانی کونگرە دەسی پی کرد بە خیر هاتنیک لە لایەن سیادەتی متصرفی لیوای هەولیر ماموستا علاءالدین محمودەوە ، ئەنجا ماموستا نجیب محی الدین نەقیبی ماموستایان وتاری ، نەقابەی خویندەوە ، دوای ئەویش ماموستا حیدر عثمان وتاری نەقابە ــ لقی

هەولێری خوێندەوە ، ئەنجا کاک جلیل خوشناو سلاوێکی گەرمی لە کونگرە کرد بە ناوی ماموستایانو ڕێکخراوە دیموکراتییەکانــــی هەولێرەوە ، دوا بە دوای ئەویش کاک مهیب الحیدری ســـــــلاوی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی هەولێری خوێندەوە ، جا نورە هاتە سەر کاک دارا توفیق بە ناوی مەکتەبی تەنفیـــــــذیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی عێراقو لوجنەی کاروباری کوردستانەوە سلاوێکی گەرمی لە کونگرە کرد وە پاش ئەوەی کە کاک کریم شــارەزا هەنــــدی تەلگرافو نامەی خوێندەوە کە بو کونگرە هاتبو ، ماموستا صدیق ئەتروشی جێنشینی دوهەمی نەقیبی ماموستایان بلاوی کردەوە کە کونگرە ئەوەستێ تا ناقی ئێوارە ••

بو ئێوارەش دیسانەوە کونگرە گیرایەوە ، وەفدەکان وتــاری خویانیان خوێندەوە • کاک محمد صالح سعید سکرتێری لقی نەقابە لە سلیمانی بە ناوی ماموستایانی سلیمانییەوە قسەی کرد ، وە باســـی ئەوەی کرد کە ئەو کونگرەیە بەرێکی تری شورشی چواردەی تەموزە بە سەرکردەیی ڕولەی گەل عبدالکریم قاسم ، وە ئەمە یەکەم جارە کە ئەوەندە ڕوشن بیری کورد کو ئەبنەوە بو باس کردنی گیرو گرفتی زانستیی میللەتەکەیان ، کەچی دەوری کون ڕێی ئەوەشی نەئەدان کە بلێن هیچ گیرو گرفتێکیان لە ڕێدایە • پاش ئەویش ماموستا احمد محمد قەرەداغی بە ناوی ماموستایانی کەرکوکەوە قسەی کرد ، وە گیرو گرفتەکانی ماموستایانی کەرکوکی باس کرد کە هێشتا خوێندن لەو لیوایەدا بە زوبانی نەتەوەیی نیە • ئەنجا سەرە هاتە سەر ماموستا ابراهیم رمضان نوێنەری ماموستا کوردەکانی لیوای موصل ، وە بــە

شیوەی بادینانی قسەی کرد وە باسی گیروگرفتی خویندنی کوردیی کرد لەو ناوچەیەدا ، وە لەو ئاسو فراوانە دوا کە شورش بو گەلی کوردی کردوەتەوە • لە پاش ئەویش ماموستا رشید جلال کە لـــە خانەقی‌یەوە هاتبو وتاری ماموستا کوردەکانی لیوای دیالەی بە لوری خویندەوە ، باسی گیروگرفتەکانی خویندنی کوردیی کرد لـــە ناوچەی خویانا ، ئەنجا ماموستا عبدالستار کاظم کە لە بەدرەوە هاتبو وتاری ماموستا کوردەکانی لیوای کوتی خویندەوە بە عەرەبی ، وە باسی وەزعی کوردەکانی خوارەوەی عیراقی کرد لە دەوری کونا کە چون ئازار ئەدران وە جنسیەیان لی ئەسەنرایەوە ، بەینە نە بەینی ژمارەیەکی زوریان لی رابیچ ئەکرا بو ئیران ، وە لەوەوە کوردەکانی جونوب هیچ مافیکیان نەبو ، وە هیوای خوی دەربری کە لە زیـر سایەی جومهوریەتا مافەکانی خویان وەرگرن • ئەنجا ماموستا کریم شارەزا بەشیکی تر لە تەلگرافو نامەی بو کونگرە هاتوی خویندەوە ، ئەنجا ماموستای ئەتروشی قسەی کرد کە ئاخرین قسەکەر بو ، وە بلاوی کردەوە کە چەند لوجنەی لق پیکهاتوە تا هەر لوجنەیەک باسی گیرو گرفتیکی تایبەتی بکات • پاشان هەموان دەنگیان لە سەر بدەن ، وە داوای لە ئەندامانی کونگرە کرد کە هەر یەکە ناوی خوی بو لوجنەیەک بنوسی • ئەنجا بلاوەیان لی کرد تا سبەی بەیانی کە ئەم لوجنانەی خوارەوە پیکهاتن وە دەسیان کرد بە کوبونەوە :

١ ــ لوجنەی زوبانی کوردی
٢ ــ لوجنەی میژوی کورد
٣ ــ لوجنەی وەرگیرانو داتانو بلاو کردنەوە

٤ – لوجنەی پروگرام

٥ – لوجنەی چارە کردنی نەخویندەواری

٦ – لوجنەی بەریوە بردن •

کونگرە لە ناقی بەیانیی ٩/١٣ دا بو دواجار کوبوەوە ، وە دوکتور نەتروشی بە کوردی لە ئیش‌و کاری کونگرە دوا ، وە بە دەسکەوتیکی دانا لە دەسکەوتەکانی شورشی گەل‌و سوپا بە سەرکردەیی پیشەوا عبدالکریم ، پاشان سوپاسی سیادەتی وەزیری معارفی کرد کە چاودیریی کارو بازی زانیاریی میللەتی کورد ئەکا، هەر وەها سوپاسی نەقابەی ماموستایان‌و نەقیبی پیشوو ئیستای کرد ، وە سوپاسی هاتوەکانی کرد بە تایبەتی شاعیرو ئەدیب‌و نوسەرەکان ، ئەنجا ماموستا شاکر فتاحی پیشکەش کرد ، ماموستایش بە نـــاوی میوانەکانەوە وتاریکی دا وە سوپاسی ئەندامانی کونگرەی کرد لە سەر هەول‌و تەقەلایان بو بەرز کردنەوەی زانستی کورد ، وە هیوای خوی دەربری کە ئەم کونگرەیە کاریکی جوان بکا لە هەمو لایەکـــــی کوردستانا ، پاش ئەویش ماموستا خلیل خوشناو هەلبەستیکی جوانی خویندەوە ، پاش ئەویش ماموستا محمدصالح سعید سپاردەکانـــی لوجنەکانی خویندەوە ، وە دەنگیان لە سەر دا ، وە بەشی زوری هەمو لایەک پی‌یان خوش بو ، ئەنجا سپاردەکان درانە دەسی دەستـــەی بەریوەبەری نەقابەی ماموستایان تا ئەو پیشکەشی جیگای تایبەتی‌ی خوی بکا • پاشان چەند نامەو تەلگرافیکی تریش خوینرایـــەوە ، وە ماموستا أحمد حداد بلاوی کردەوە کەوا ماموستا عزیزالشیخ جی‌نشینی یەکەمی نەقیبی ماموستایان وتاری دوایی هاتنی کونگرەی خویندەوە •

ئەنجا ماموستای ئەتروشی مال ئاوایی لە هاتوەکان کرد وە هیوای خوی دەربری کە زو بە زو لە کونگرەی دوهەما یەکێ بگرنەوە •

شایانی باسە ئەندامانی کونگرە ۱۲۰ کەس بون لە لیـــــوای کەرکوکو سلیمانیو دیالەو موصلو هەولیرو بەغداو کوتەوە هاتبون، وە ۲۰ کەسی چاودیری کەریش لە چەند لەو لیوایانەوە •

## لوجنەی زوبانو ئەدەبی کورد

**زوبان :**

**(۱)** أ ــ شیوەی سورانی بگری بە بنچینەی زوبانی کوردی لە عیراقا ، وە وشەی شیوەکانی تری زوبانی کوردیی تی بخری ، وە قاعیدەکانی ئەوانی بە سەرا ببری •

ب ــ بو ئەم نیازە لە نزیکترین وەختیکا کە بگونجی لوجنەیەک لە پسپورەکانی هەمو شیوەکانی زوبانی کوردی پیک بهینری •

**(۲)** کومەلیکی زوبان زانان پیک بهینری بو ئەوەی ئەم ئەرکانە جیبەجی بکا :

أ ــ خویندنو نوسین جاری بە تیپی عەرەبی بی ، بەلام بە پیی ئەو دەنگانەی کە زوبانی کوردییان لی پیک دی دەسی بە ســـەرا بهینری •

ب ــ دانانی قاعیدەی تایبەتی بو نوسینی کوردی •

ج ــ دانانی ئیستیلاحاتی عیلمی •

د ــ بریار دانی دانانی فەرهەنگیکی گشتی بو زوبانی کوردی ، وە بو ئەم نیازە کەلک لە فەرهەنگە دەس نوسو لە چاپ دراوە کان وەرگیری •

هـ ـ پیکهینانی لوجنەیەکێ بو باس کردنی قاعیدەکانی زوبانی کوردی •

و ـ بریاردانی دەرکردنی گوڤاریکی ئەدەبیو زانیاریو کومەلایەتی •

ئەدەب :

(١) پیکهینانی لوجنەیەکێ بو دانانی میژوی ئەدەبی کورد لە سەر بنچینەیەکی عیلمیی راست •

(٢) أ ـ ناردنی قوتابییانی کورد بە بەعثە بو بون بە پسپوری ئەدەب •

ب ـ یارمەتی دانی ئەدیبو نوسەرە کوردەکان بە پارە •

ج ـ ریکخستنی تەراتین ( مسابقة ) لە بەینیاناو خەلات دان پی یان •

د ـ کەلک وەرگرتن لە کتیبخانە گشتییەکانو تەرخان کردنی بەشیک بو کتیبی کوردیو کتیبی وا کە باسی کوردبکا •

هـ ـ دامەزراندنی چاپخانەیەکی تایبەتی بو بلاو کردنەوەی چاپەمەنیی کوردی •

و ـ هان دانی روژنامەگەری بە کوردی •

ز ـ کوکردنەوەی ئەدەبی میللیی کورد ( فولکلور ) •

(٣) کونگرە پیشنیار ئەکا کە ئەدەبی کورد لە قوتابخانەکانی عیراقا بووتریتەوە •

(٤) کونگرە پیشنیار ئەکا کە کومەلی زانایان ( المجمع العلمی ) لقیکی تیا تەرخان بکری بو نوسین سەبارەت بە کورد •

# لوجنەی میژو

ئەو راسپیری‌و پیشنیارانەی کە لوجنەی میژو پیشکەشی کردون:

**ئامانـــج :**

نوسینەوەی میژوی کورد ئەبی بە شیوەیەکی فراوان‌و عیلمی‌و واقیعی بی ، وە میژوی میللەت بی ، وە بە گیانی مروڤایەتی‌و نیشتمان پەروەری‌و پیشکەوتن نوسرابیتەوە ، وە باسی خەباتی گەلی کـوردو خەباتی پیکەوەی بکا لە گەل گەلی عەرەب‌و گەلانی تر ، تا میللەتی کورد شارەزای رابوردوی خوی بی ، وە گەلانی تریش شارەزای رابوردوی بین ، وە تا ئەو میژووە ببی بە هوی بە هیزتر بونی گیانی برایەتی لە بەینی گەلی کوردو گەلی عەرەب‌و گەلانی دراوسی‌و هەمو گەلانی جیهانا •

**چونیەتی‌ی نوسینەوەی میژوی کورد :**

**(١)** لوجنەیەک بەم شیوەی خوارەوەیە پیک بیت بو نوسـینی میژو :

أ ــ لە ریگای ئیسگەو روژنامەکانەوە جار بدا بو ئەوەی هەر کەس هەر جورە دانراوو نوسراویکی لا بی پیشکەشی لوجنەی بکات•

ب ــ لوجنە لە گەل مدیریەتی ئاثاری کونا بکەویتە گفت‌وگو دەربارەی میژوی کورد لەو ئاثارانەدا کە پەیوەندی بە نـــەتەوەی کوردەوە هەیە •

ج ــ ئەسپیرین کە ئەگەر بکری عەنتیکەخانەیەک لە یەکی لە شارەکانی کوردستانا دانری ، وە ئەگەر لە توانادا نەبو لقیک لـــە عەنتیکەخانەی بەغدادا تەرخان بکری بو ئاثاری کورد •

د ـ کو کردنەوەی هەمو ئەو کتیبانەی کە باسی میژوی کورد ئەکەنەوە باوەریان پی ئەکری ، تا ببن بە سەرچاوە بو نوسینی میژوی کــورد •

هـ ـ هاندانو یارمەتیدانی ئەو کەسانەو ئەو ریکخراوانەی کە ئیش ئەکەن بو زیندو کردنەوەی میژوی کورد ، ئەمەش لە ریگای خەلاتو بەخشش داتەوە پی‌یان وە یارمەتی دانیانو بلاو کردنەوەی بەرهەمی باشیان •

و ـ خویندنی میژوی کورد لە قوتابخانەکانا بە پی‌ی قوناغو بەپی‌ی توانا •

ز ـ لە بەر ئەوەی کە میژوو ئەدەبی کورد پیویستیان بە ناساندنی خاکو نیشتمانی ئەم گەلەوە هەیە ، ئەم کونگرەیە ئەسپیری کــــە جوغرافیای ئەو خاکو ناوچانە بخوینری کە پەیوەندیان بە نەتەوەی کوردەوە هەیە •

## لوجنەی وەرگیرانو بلاو کردنەوەو دانان

کونگرە لە کوبونەوەی ۱۲ـ۹یدا رای لە ســــەر ئەم سپاردانەی خوارەوە دا :

دانانی لقیکی تایبەتی لە مدیریەتی زانیاری‌ی گشتی‌ی خویندنی کوردی‌دا بو بەریوەبردنی کاروباری وەرگیرانو بلاوکردنەوەو دانان، کە وەرگیرانو بلاو کردنەوەو دانانی کتیبی پیویستی ئەم مدیریەتە بگریتە ئەستو ، بەو شەرتە کە ئەو لقە لە سە لوجنە پیك بیت (لوجنەی وەرگیران ، لوجنەی بلاو کردنەوە ، لوجنەی دانان ) وە نوسەرانی هەمو شیوەکانی زوبانی کوردی لەم لوجنانەدا بەشدار بن •

**لوجنەی وەرگیران :ــ**

١ ــ ئەبی لوجنەی وەرگیران لە نوینەرانی هەمو شـــیوەکانی زوبانی کوردی پیك بیت •

٢ ــ پیکهینانی کومەلیکی زوبانزان بو دانانی ئیستیلاحاتـــی تازەی عیلمیو زوبانی ، وە دانانی قاموسیکی زوبانی کوردی ، وە وەرگیرانی بو سەر زوبانەکانی تر •

٣ ــ پیشکەش کردنی هەرچەند یارمەتی کە لە توانادا بیت لە لایەن مدیریەتەوە بو وەرگیرانی سامانی ئەدەبی نەتەوایەتی‌ی کورد بو سەر زوبانەکانی تر ، وە بە پیچەوانەش •

٤ ــ یارمەتی‌دانی کتیب‌دانەرو وەرگیرەکان بە پارە لە لایـــەن مدیریەتەوە تا بتوانن بەرهەمی خویان بلاو بکەنەوە •

٥ ــ شیوەی وەرگیرانی کتیبی دەرس خویندن ســـادە بی بە پی‌ی قوتاغەکانی خویندەواری •

٦ ــ لوجنە دەسەلانی تایبەتی‌ی هەبی لە سوری وەرگیرانـــی کتیبی ئەدەبو میژودا وە لە کاتی وەرگیرانی کتیبی عیلمی‌دا داوای یارمەتی لە لوجنەی کتیب وەرگیرانی وەزارەتی مەعاریف بکا •

**لوجنەی بلاو کردنەوە :ــ**

١ ــ چاپخانەیەکی تایبەتی بو مدیریەت دامەزریتری ، تا کتیبی کوردی‌ی پی لە چاپ بدا •

٢ ــ کە پەرتخانەی چاپەمەنی‌ی کوردی دامەزرا مدیریەت دەس‌و برد بکا بو یارمەتی‌دانو هاندانی •

٣ ــ مدیریەت گوفاریکی تایبەتی دەر کا وەك گوفاری ماموستای

نوی ( المعلم الجديد ) كه باسی كارو باری پەروەردە كردن‌و فیر ..ردن بدا به نیسبەت كوردەكانەوە •

٤ ــ كتیبی به كوردی دانراو كه له پروگرامی خویندنا نەبی دابەش بكری به سەر كتیبخانەكانی قوتابخانەكانا •

٥ ــ نامەخانەی گشتی بگریتەوه له فەزاو ناحیەكانا •

٦ ــ سامانی نەتەوایەتی‌ی كورد بلاو بكریتەوە له ریگای له چاپ دان‌و بلاو كردنەوەی كتیبی تایبەتی‌ی ئەم باسەوە •

٧ ــ بەشیك تەرخان بكری بو كوردی له مەركەزی هوی رون كردنەوە ( مركز وسائل الايضاح ) دا تا هوی رون كردنەوە بدا به قوتابخانەكانی كورد ، وەك تەختەی لافوتین ، رادیوو سینەماو شتی‌تر •

**لوجنەی دانان :ــ**

١ ــ له كاتی دانانی كتیبی خویندنەوە (مطالعة)ی كوردیدا بو شەش پولی سەرەتایی ، وا ئەسپیرین كه ئەهمیەت به ناحیـــــەی كومەلایەتی‌و نیشتمانی بدری كه له گەل گیانی شـــورشـــــگیرو دیموكراتی‌ی جومهوریەتەكەمانا بگونجی •

٢ ــ ئەهمیەت‌دان به میژوی نەتەوەی كورد به شیوەیەكی تایبەتی•

٣ ــ پروگرامی زوبانی عەرەبی له قوتابخانە كوردی‌یەكانا به شیوەیەك بی كه له گەل واقیعی ژیانی قوتابی‌یە كوردەكانا ریك بكەوی

٤ ــ چاودیری‌ی سادەیی بكری له شیوەی كتیب دانانا به پی‌ی قوناغەكانی خویندن •

٥ ــ بەشدار كردنی ماموستایانی قوتابخانە سەرەتایی‌یەكان له دانانی كتیبی خویندنا بو ئەو قوتابخانانە •

٦ ـ دانانی کتیبیك دەربارەی بنچینەی دەرس وتنەوەی زوبانی کوردی •

٧ ـ دانانی کتیبیك بو قەواعیدی زوبانی کوردی •

٨ ـ دانانی کتیبیکی تایبەتی بو چار کردنی نەخویندەواری •

٩ ـ کوکردنەوەی کومەلیك لە سرودی بە کەلك لە نامیلکەیەکی تایبەتیدا بو قوتابییانی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان •

١٠ ـ گوی بە ناوچەو واقیعی ژیانی میللەتی کورد بدری لە دانانی موفرەداتا بو دەرسە عیلمی‌یەکانی پروگرام •

١١ ـ دانانی کتیبی عیلمی‌و کومەلایەتی‌و ئەدەبی لە دەرەوەی پروگرام ، بو قوتابییانی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان بو بەرز کردنەوەی پلەی زانیاری‌یان •

**هەندی پیشنیاری گشتی**

١ ـ را ئەسپیرین کە هەمو سالی کونگرەی ماموستا کوردەکان بگیری

٢ ـ دەورەی تایبەتی بکریتەوە بو ئەو ماموستا کوردانەی کە نازانن بە کوردی بخوینن‌و بنوسن •

٣ ـ هەمو ماموستا کوردەکان لە لیواکانی ناوەراست‌و خوارەوەی عیراقەوە بگیررینەوە بو کوردستان •

٤ ـ کلیەیەکی تایبەتی بکریتەوە بو کوردەکان لە زانستگای بەغدا ، ئەمەش بو ئامادە کردنی کادری پیویســـت بو کاروباری بەریوەبەران‌و فیر کردن •

٥ ـ باڵکردنەوەی جیهازی فێر کردن لـــە ناوچەکانـی کوردەواری‌دا لە رەگەزە خراپەیان •

## لوجنەی پروگرام

**قوناغی سەرەتایی :**

**(١)** زوبانی عەرەبی لە پولی چوارەمی سەرەتایی‌یەوە بووتریتەوە، بەو شەرتە کە هەر پولی سەهەمەوە مێشـکی قوتابی‌یەکانی بــو ئامادە بکری ، وە هەر هەفتەی دو بەشی بدریتی بە شیوەی گفت‌وگو •

**(٢)** أ ــ لە پولی یەکەم‌و دوهەم‌و سەهەمدا بەشـەکانی زوبانی عەرەبی بدرین بە زوبانی کوردی ، بەو مەرجە لە بەشی دەرسی زوبانی کوردی لە پولی سەهەمدا دو بەش بە زوبانی عەرەبی بدری وەک لە مادەی یەکەمدا وتمان •

ب ــ بەلام لە پولی چوارەم‌و پێنجەم‌و شەشەمدا دەرسـەکانـی عەرەبی بە نیوەیی بەش کرین لە بەینی عەرەبی‌و کوردی‌دا •

**ســرنج :**

ئەگەر هاتو بەشەکانی پولی چوارەم‌و پێنجەم‌و شەشەم بەشیان نەکرد ، لە دەرسەکانی تر بەشی پیویستیان بو وەر ئەگیری وە بـە نیوەیی دابەش ئەکری لە بەینی عەرەبی‌و کوردی‌دا •

**(٣)** أ ــ دارالمعلمینێک‌و دارالمعلماتیکی تایبەتی ئەکریتەوە لـــە یەکی لە ناوچەکانی کوردەواری‌دا کە دەرسیان تەنها بە کوردی تیا ئەوتریتەوە • مەبەسیش لەمە ئامادە کردنی معلم‌و معلمەی پیویستە بو دەرس وتنەوە لە قوتابخانەکانی کوردەواری‌دا •

ب ـ دارالمعلمين‌و دارالمعلماته‌کانی ئیستاش ئەمیننەوە ، وە ئەبی زوبانی کوردی‌یان تیدا بووتریتەوە •

ج ـ دەورەی پەروەردە کردنی هاوینە ئەکریتەوە بو معلم‌و معلمە کوردەکان بو وتنەوەی ئوسولی دەرس وتنەوەی زوبانی کوردی •

د ـ دەورەی پەروەردە کردن ئەکریتەوە بو کورو کچـــە دەرچووەکانی ئیعدادی وە دەرسی تیا بە کوردی ئەوتریتەوە •

(٤) دەس‌وبرد کردن بو کردنەوەی کولیەی پەروەردە کردن لە یەکی لە ناوچەکانی کوردەواری‌دا ، تا پاشـــــان ببی بە بنەرەتی زانستگای کوردستان •

(٥) تەرخان کردنی کورسی‌یەک لە زانستگای بەغدادا بـــو وتنەوەی زوبانی کوردی‌و ئەدەبی کورد •

(٦) لە کاتی دابەش کردنی بەشی لقەکانی هەردو زوبانەکەدا لە پولی یەکەم‌و دوهەم‌و سەهەما ئەهمیەت بە خویندنەوەو نوســـین ئەدری ، وە لە پولی چوارەم‌و پینجەم‌و شەشەمدا بە ئینشاو ئەدەب ئـــەدری •

(٧) پیکهینانی لوجنەیەک لە شارەزایانی شیـــوەکان بو دانانی فەرهەنگیکی قوتابخانە تا ببی بە سەرچاوە بو خویندنی کوردی •

**قوناغی پاش سەرەتایی :**

(١) بەشەکانی زوبانی کوردی‌و ئەدەبی کورد لە قوتابخانـــە متوسطەو سانەوی‌یەکان‌و دارالمعلمین‌و دارالمعلماتەکان‌و قوتابخانەکانی وەک ئەمانەدا بەم جورە ئەبی : لە هەر پولیکی قوتابخانە متوسطەکان‌و قوتابخانەکانی لەو پلەیەدا سە بەش ، وە لە قوتابخانە سانەوی‌یەکان‌و

دار المعلمین و دار المعلمات ەکان و قوتابخانەکانی لەم پلەیەدا دو بەش •

**قوناغی دایەنخانەو باخچەی ساوایان :**

(١) زوبانی کوردی زوبانی دایەن خانەو باخچەکانی ساوایانە لە ناوچەکانی کوردەواریدا •

**هەندی پیشنیاری گشتی :**

(١) کونگرە را ئەسپیری کە چەند بەشیک تەرخان بکری بو وتنەوەی زوبانی کوردی لە قوتابخانەکانی نەتەوەکانی ترا لە قوناغی متوسطەو بەرەو ژورا ، ئەمەش بە نیازی بە هیز کردنی برایەتیی بەینی هەردو نەتەوەی برا عەرەب و کـــــوردو کەمایەتی یـــــە نەتەوەییەکانی تر •

## لوجنەی چار کردنی نەخویندەواری

لوجنەی چار کردنی نەخویندەواری کولیەوە لە پروژەی چار کردنی نەخویندەواری لە ناوچەکانی کوردەواریدا ، وە لــــەو نیرو برفانەی کە توشیان دی ، وە سرنجی دا کە پاشماوەی دەوری کون لە بە نەخویندەوار هیشتنەوەی ئەم ناوچانەدا زور قوڵە ، وە نیسبەتی نەخویندەواری زور بەرزە ، وە پیویست بە هەولیکی زور هەیە بو چار کردنی نەخویندەواری و نەزانی و پروپوچ کە لــــەم ناوچانەی عیراقی خوشەویستمانا بلاو بوەتەوە ، وە لوجنە وای بە باش زانی کە ئەم پیشنیارو راسپیرییانەی خوارەوە پیشکەش بکا بـــو چار کردنی نەخویندەواری لە ناوچەکانی کوردەواریدا ، وە بـــو زەلیل کردنی ئەو کوسپانەی کە لە ریگای ئەم پروژە نیشـــتمانی یـــە بەهیزەداهەیە •

## دەستەی بەرزی چار کردنی نەخویندەواری

أ ـ کونگرە وا ئەسپیری کە لقیکی دەستەی بەرزی چار کردنی نەخویندەواری بکریتەوە لە مەرکەزی لیواکانا وە ٤ نوینەری نەقابەی ماموستایانو ٣ نوینەری یەکیتیی گشتیی لاوانی دیموکراتی عیراقو یەکیتیی گشتیی نەقابەکانی عیراقو ٢ نوینەری یەکیتیی گشتیی کومەلانی فەلاحو کومەلی پاراستنی مافی ئافرەتانو نوینەریکی مدیریەتی مەعاریفی لیواو ئیدارەی مەحەللیی تیا بی •

هەروەها وا ئەسپیری کە لقی ئەم دەستەیە لە مەرکەزی قەزاو ناحیەو لە دیهاتەکانیشا بکریتەوە ، وە بە پیی نیسبەتی باس کراو نوینەری ئەو ریکخراوانەی تیابی •

ب ـ ئەم دەستانە پروژەی چار کردنی نەخویندەواری ئەبەن بەریوە هەرکام لە ناوچەی ئیداریی خویانا وەچاودیریی مەرکەزەکانی لە ناو بردنی نەخویندەواری ئەکەن •

ج ـ ئەم دەستانە کەسی وا ئامادە ئەکەن کە نەخویندەواری لە ناو بەرن ، وە مەرکەزی چار کردنی نەخویندەواری ئەکەنەوەو پروپاگاندەی بو ئەکەن •

د ـ کتیبو پیویستییەکانی تر پەیدا ئەکەن ، وە هو ئەدوزنەوە بو مەسرەف کردن بو ئەم پروژەیە •

## سەر ژمیر

کونگرە ئەسپیری کە ئەم شتانەی خوارەوە بکری :

أ ـ دەستەکانی لە ناو بردنی نەخویندەواری بە یارمەتی کاربەدەستانەوە سەر ژمیریکی گشتیی نەخویندەوارانی پیاوو ئافرەت ئەکەن

تا بنچینەی ئەم پروژەی لە سەر دامەزری،تا قازانجی خوی بگەیەنیت •

ب ـ ناوی ئەو نەخوێندەوارانە ئەنوسن کە ئەیانەی بخوینن ، وە ئەیان ناسن تا بتوانن چی پیویستبی بیکەن بو دەس کردن بەم پروژەیە •

**پارەبو پروژەی لە ناو بردنی نەخوێندەواری**

پارەی ئەم پروژەیە پیك دی لە :ـ

أ ـ پارمەتیو پارەی تەرخان کراوی حوکومـــەتو ئیدارەی مەحەللی •

ب ـ بەخشینی خەلكو لایەنگیرانی ئەم پروژەیە •

ج ـ پارەی تەرخان کراوی نەقابەی ماموستایانو لقەکانی

د ـ قازانجی ئاهەنگو مەهرەجانو ئەو کتیبو نەشرانەی کە دەستەکانی لە ناوبردنی نەخوێندەواری بلاوی ئەکەنەوە

ە ـ هەر دەسکەوتیکی تر

**کتیبو پروگرام**

سەبارەت بە ئامادە کردنو دانانی کتیبی پیویستیش کونگــرە رائەسپیری کە :

أ ـ لوجنەیەکی یەك گرتو دانری کە نوینەری هەر سە شیوەکەی زوبانی کوردیی تیابی ، سورانیو بادینانیو فەیلی تا کتیبی سادەی وا دابنین کە وشەی وای تیابی لە هەرسە شیوەکەدا بە کاربیت ، وە مەعنا لیدانەوەی ئەو وشانەی تیابی کە تەنها یەکیك لە سە شیوەکە بە کاری دینی وە پیویســـتی بە مەعنا لیدانەوەیە وە لەو کتیبانەشـــا بە کار

هێنراوە ، ئەمەش بو ئەوانەی کە نەخویندەواری لە ناو ئەبەن ، وە کونگرە را ئەسپیری کە ئەندامانی ئەم لوجنەیە بە پی‌ی توانا لـــەو ماموستایانە بن کە تایبەتین بو دەرز وتنەوەی کوردی لە پولـــــــە سەرەتایی‌یەکانا •

ب ــ کونگرە را ئەسپیری کە لوجنەیەك لە ماموستا کوردەکان پیك بیت ئەرکی ئامادە کردنو پیش خستنی هویەکانی رون کردنەوە بگریتە ئەستوی خوی بە جوریك کە لە گەل سروشتی هەمو لایەکی کوردەواری‌دا بگونجی •

ج ــ کونگرە را ئەسپیری کە پروگرامەکانی لە ناو بردنـــی نەخویندەواری ئەم دەرسانەی خوارەوە بگریتەوە :

١ ــ بەش بو ئایینو رەوشت
٢ ــ بەش بو زانستی گشتی
٣ ــ بەش بو ئوسولی ژمارە
٤ ــ بەش بو خویندنەوەو نوسین

**مەرکەزەکانی لە ناو بردنی نەخویندەواری**

کونگرە رائەسپیری کە بو لە ناو بردنی نەخویندەواری کەلك وەربگیری لە :

أ ــ قوتابخانە حوکومەتی‌یەکان لە هەر لایەك هەبی
ب ــ مزگەوتی لادی ئەگەر شتیك نەبو کە ری لەمە بگری
ج ــ تەکەنەکانی سوپاو پولیس
د ــ نیشتگەی ریکخراوە نیشتمانی‌یەکانو نەقابەو یـــەکیتی‌ی قوتابی‌یانو کومەلانی فەلاح

هـ ـ ئەو خانووبەرانەی کە ئەهالی ئەی بەخشن بو ئەم نیازە

## وەرزو دەورەی لە ناو بردنی نەخویندەواری

پاش لیکولینەوەی وەزعی ناو خوی پیاوان‌و ئافرەتانی نەخویندەوار لە مەرکەزی لیواو قەزاو ناحیەو لە دیهاتەکانا کونگرە بوی دەرکەوت کەکاتی دەس بەتالی کە بو ئەوە دەس ئەداکەکەلکی‌لی وەرگیری‌بو لە ناو بردنی نەخویندەواری لە شارەکانا جیاوازە لە لادی‌کان ، لە بەر ئەوە کونگرە ئەم راسپیری‌یانەی خوارەوە پیشکەش ئەکا :

أ ـ کردنەوەی دەورەی هاوینە و زستانە لە مەرکەزەکانی لیواو قەزاکان •

ب ـ کردنەوەی تەنها دەورەی زستانە لە زوربەی مەرکەزی ناحیەکان‌و هەمو لادی‌کانا چونکە بەهاوین سەریان قالە بە ئیش‌و کاری کشت‌و کالەوە ، وە ئەمە ئەبی بە کوسپ لە ری‌ی رویشتنی لە ناو بردنی نەخویندەواری‌دا لەم وەرزەدا ، وە کونگرە رائەسپیری کە دەورە لە ئاخری تەشرینی دوهەمەوە دەس پی بکا تا ئاخری مارت •

ج ـ کونگرە رائەسپیری لە وەزارەتی مەعاریف کە پروژەی پەروەردە کردنی بنچینەیی (التربية الاساسية) لادی‌کانیش بگریتەوە ، ئەمەش بە تەرخان کردنی ماموستای وا کە ئەرکی لە ناو بردنی نەخویندەواری بگرنە ئەستو لەو شوینانەدا کە بو ئەم پروژەیە دەس بـــدا •

جگە لەمەش کونگرە را ئەسپیری :ـ

أ ـ کە دەستەکانی لە ناو بردنی نەخویندەواری میهرەجان‌و کوبونەوەو پروپاگاندەی زور بکەن لە سەریکەوە بو هان دانی ئەوانەی

(١١٢)

کە خەریکی لەناوبردنی نەخویندەوارین ، وە لە سەریکی ترەوە بو هاندانی نەخویندەوارەکان تا بچنە قوتابخانەکانی لـــــە ناوبردنـــی نەخویندەواری • وە خەلات تەرخان بکری بو ئەو نەخویندەواری لە ناو بەزانەی کە بە گەرمی ئیش ئەکەن ، وە بو نەخویندەوارە پشکەوتوەکان •

ب ـ دەستەکانی لە ناوبردنی نەخویندەواری دەورەی مـاوە کورت بکەنەوە کە خویندەواری لە ناو بەرەکانی تیا مەشق دا بدری، ئەوانەیان کە ماموستاتین‌و مەرجی پیویستیان تیا هاتوەتەدی بو لە ناو بردنی نەخویندەواری •

ج ـ کونگرە را ئەسپیری کە ژمارەیەکی باش لەوانەی کــە خویندەواری لە ناو ئەبەن بنیرین بو دەرەوەی عیراق بو قازانـــج وەرگرتن لە تەجروبەی ئەو میللەتانەی کە بە وەزعی وەك هی ئیمەدا تیەربون ، وە لەم روەوە لە ئیمە پشکەوتوترن •

## لوجنەی بەریوە بردن :

پاش گفت‌و گو لوجنە بریاری پشکەش کردنی ئەم راسپیری‌یانەی خوارەوەی دا :

١ ـ دانانی سە یارمەتی‌دەر بو بەریوەبەری گشتی‌ی خویندنی کوردی لە بریتی‌ی دوان •

٢ ـ دامەزراندنی مدیریەتیکی تایبەتی بو مەعاریفی ناوچەی بادینان کە نیشتگەی لە دهوك بی •

٣ ـ دامەزراندنی مدیریەتی مەعاریفیکی تایبەتی بو خویندنی کوردی لە لیوای کەرکوك کە تەنها چاودیری‌ی قوتابخانـــــــە

کوردی‌یەکان بکات •

٤ – دانانی چەند یارمەتی‌دەرێك بو مەعاریفی لیوای دیالەو کوت‌و عەمارەو بەغدا کە ئاگاداری‌ی قوتابخانە کوردی‌یەکانی ئەم لیوایانە بکا وە پەیوەندی بە مدیریەتی گشتی‌ی خویندنی کوردی‌یەوە بی لە ریگای مدیر مەعاریفەکانی ئەم لیوایانەوە •

٥ – دانانی دائیرەیەکی تەفتیش بو مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنی کوردی کە سەر بە مفتشی گشتی‌ی مەعاریف بی •

٦ – دانانی کار بە دەستیکی تایبەتی بو کارو باری هـونەرە جوانەکان بو مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنی کوردی •

٧ – دانانی لقیکی تایبەتی بو کاروباری وەرگیران‌و کتیب دانان‌و بلاو کردنەوە کە سەر بە مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنـــی کوردی بی •

٨ – مدیریەتی گشتی‌ی خویندنی کوردی راستەو خو پەیوەندی بە وەزیری مەعاریفەوە بی لە جیانی‌ی ئەوەی کە سەر بە وەکیلی وەزارەت بی •

٩ – ئەو ماموستا کوردانەی کە خویان حەزیان لی بی لە لیوای کوت‌و عەمارەوە بگویزرینەوە بو ئەو ناوچانەی کە دەرسیان بە زوبانی کوردی تیا ئەوتریتەوە ، بو ئەوەی باش فیری کوردی ببن ، چونکە ئەم ئامانجە بە تەنها دەورە کردنەوە نایەتە دی •

١٠ – ماموستا کوردەکان لە لیواکانی تری عیراقەوە بگویزرینەوە بو ناوچە کوردەکان تا کەلکیان لی وەربگیری •

١١ – لە ناوچە شاخاوی‌یەکانا خویندنگای گەورە گەورەو بەشی

ناوخو بکرینەوە بو ئاسان کردنی بلاو کردنەوەی خویندەواری لەو ناوچانەدا •

١٢ – ناردنی بەعثە بو دەرەوە ، وە وەرگرتن لە زانستگادا بە پی‌ی نیسبەتی ژمارەی کوردەکان بی لە هەمو خەلکی عیراق •

١٣ – لوجنە بنیرری بو لیوای کەرکوك‌و دیالە بو دیاری کردنی ئەو قوتابخانە سەرەتایی‌و سانەوی‌یانەی کە پەیوەندیان بـە مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنی کوردی‌یەوە ئەبی •

١٤ – وتنەوەی زوبان‌و ئەدەبی کورد لە پولەکانی مەکتەبـە ثانەوی‌یەکانی ناوچەی مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنـــی کوردی‌دا بە پی‌ی پروگرامیك کە وەزارەتی مەعاریف دای ئەنی •

١٥ – دەرس بە کوردی بووتریتەوە لە سەری ئەمسالەوە لە سە پولی یەکەم‌و دوهەم‌و سەهەمی ئەو قوتابخانە سەرەتایی‌یـــە کوردی‌یانەدا کە تا ئیستا بە عەرەبی دەرسیان تیا وتراوەتەوە • ئەنجا لە پولەکانی دواوەدا وردە وردە بکری بە کوردی ، بەلام لـــەو قوتابخانە کوردی‌یانەدا کە بە کوردی دەرس ئەوتریتەوە ، هەر لە سەر ئەوە برون بەو شەرتە بو تەنها سالی یەکەمی متوســـطەو دارالمعلمین‌و دارالمعلماتەکانیش بکری بە کوردی •

١٦ – زوبانی کوردی لە پولی چوارو پینج‌و شەشی ئەو قوتابخانە سەرەتایی یانەدا بووتریتەوە کە ئیستا بە عەرەبی دەرســـــی تیا ئەوتریتەوە •

١٧ – چەند دارالمعلمین‌و دارالمعلمات لە کەرکوك‌و دهـــوك بکریتەوە ، هەر وەها یەکیکیش بکریتەوە لە خانەقی بو کوردەکانی

دیالەو کوت‌و بەغداو عەمارە •

۱۸ ـ بە بونەی ئەوەوە کە لەمەو پاش وردە وردە خویندنــی ئانەوی بە کوردی ئەبی پیویستە بە وردی بیر لەوە بکریتەوە کە ئەبی ماموستا بو ئەو قوتابخانانە پەیدا بکری ، ئەمەش بەوە ئەبی کـــە کلیەیەکی تەربیەی تایبەتی بو کوردەکان بکریتەوە • کە بە کوردی دەرسی تیا بووتریتەوە ، ئەمەش پیویستی بە ماموستای کورد هەیە بو ئەم کلیەیە ، لە بەر ئەوە کونگرە کەمان وەزارەتی مـەعاریف رائەسپیری کە هەر لە ئیستاوە بەعثەی خویندەواری بنیری بو دەرەوە بو ئەوەی چەند ماموستا پیویست بی بو ئەم کلیەیە ئامادە بکری •

۱۹ ـ لە بەر ئەوەی کە مدیریەتی گشتی‌ی خویندنی کوردی هەر لە ئیستاوە لیکولینەوەی تایبەتی ئەکا بو جی‌بەجی کردنی دەرس وتنەوە بە کوردی ، کونگرە رائەسپیری کە هەمو قوتابخانـــــە کوردی‌یەکانی لیوای سلیمانی‌و هەولیرو قەزای عەقرەو شــــیخان‌و دهوک‌و زاخوو ئامیدی‌و ئەو قوتابخانانەی کە ئەو لوجنەی لەمەو پاش ئەنیرری بە قوتابخانەی کوردی‌یان دائەنی لە لیوای کەرکوک‌و دیالەو قەزای تەلەعفەرو سنجارا ـ بەسترین بە مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنی کوردی‌یەوە •

۲۰ ـ کونگرە مدیریەتی مەعاریفی خویندنی کوردی رائەسپیری کە چەند دەورەی کورت‌و دریژ بکانەوە بو ماموستا کوردەکان بو بەرز کردنەوەی توانایان لە دەرس وتنەوەدا بە کوردی •

۲۱ ـ کونگرە رائەسپیری کە هەمو کاغەز نوسینی لە بەینی مدیریەتی گشتی‌ی مەعاریفی خویندنی کوردی‌و ئەو ناوچانەدا کە ئەم کونگریە ئەیگریتەوە بە زوبانی کوردی بی •

# اعـــلان

ستباع بالمزاد العلني بصورة قطعية كمية كبيرة من المواد المستهلكة ( انقاض وجلود ومواد قطنية وحديد ومطاط وخشب وظروف عتاد ونحاس أحمر قديم ونحاس اصفر قديم ونيكل وانقاض عتاد محروقة ومواد اخرى ) فعلى الراغبين بالشراء الحضور في مستودعات العينة في ابي غريب وذلك في الساعة ـ/١١ من صباح يوم الثلاثاء الموافق ١٢ ـ ١ ـ ١٩٦٠ وان الثمن والاجور والدلالية تدفع جميعها نقدا من قبل المشترى عند البيع ٠

فوزي جميل صائب

ع ٠ متصرف لواء بغداد

---

# اعـــلان رقم (٨٠)


## مناقصة سرية لتجهيز احذيـــة

ان مديرية مصلحة نقل الركاب العامة بحاجة الى (٨٥٠٠) زوج حذاء اسود حسب الشروط والمواصفات المدرجة في الاستمارة التي يمكن الحصول عليها من سكرتير لجنة المناقصات والمزايدات في مركز المديرية ( في باب المعظم ) فيرجى ممن يرغب في تجهيزها بالاحذية املاء الاستمارة و[illegible] في غلاف مختوم مؤشر عليه عبارة ( مناقصة سرية لتجهيز احذية ) على ان يرفق العطاء بتأمينات قدرها ٧٪ ويقدم الى سكرتير اللجنة لنهاية الدوام من يوم السبت الموافق ١٦ـ١ـ١٩٦٠

و ٠ مدير مصلحة نقل الركاب العام

فاضل عوني

# شركة الطائي للمواد الانشائية



ئەگەر ئەتەوی خانوە تازەکەت لە هەمو رویەکەوە بە ئارەزوی خوت بیت ، هیچ لی ی رامەوەستە کەرەسەی پاکو تەمیزی یەکەی ناو مالت وەک بەلوعەو دەس‌شورو سیفونو شتی‌وا لە شەریکەی طائی بکرە لە بەغدا ـ باب الآغا •

دروستکراوی گەورەترینو باشترین فابر[illegible] ئینگلتەرە وە بە رخیکی هەرزان •

تەلەفون ٦١٨٨و ٦١٩٤


بەغدا : چاپخانەی شەفیق

# گۆڤاری هیوا

## ژماره 4 ساڵی 3 ئازاری ١٩٦٠

# هیوا

ژمارە (٤) سالی (٣) ئازاری ١٩٦٠
رەشەمەی ٢٥٧١ کوردی

## لەم ژمارەدا :

- دیسان یەک گرتنی ریز : هیوا
- ئاشتیو هویەکانی جەنگ : فاتح عبدالکریم
- دوا سرنج : گوران
- محتوم قولی : احمد عثمان
- هوشی منە : علی بەرزنجی
- وینەیەک لە ژیانی رابوردووی قادرکەرەم : پشکو
- زەردەشت : کاکە مەم فەخری
- لیلو هیرمان : محمدی مەلا کریم
- ئەمرو یەک شەممەیە : ناظم حکمت
- بنیادەمی تیر نەخور : عبدالخالق علاءالدین
- راکردوو : محمد فدا
- خەباتو ژیان : عبدالخالق حمد بیمار
- دەروزەکەر : چیکوف

وە هەندی وردە باسو هەلبەستی تر ئەخوینیتەوە ..

نرخی ئەم ژمارەیە
( ١٠٠ ) فلسە

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عیراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | - |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : وزارة الاصلاح الزراعی

المفتش العام الاستاذ مکرم الطالبانی

ژماره (٤) سالی (٣) ئازاری ١٩٦٠
رەشەمەی ٢٥٧١ کوردی

# هیوا

گوڤاریکی ئەدەبیو زانستییە
مانگی جاریک دەر ئەچی

## دیسان یەکگرتنی ریز !

« هیوا »

ئیمپریالیزم هیشتا زیندوەو بگرە بە گوریشە ، تەماع کارەکانی دەوروپشت ، کە زوربەی گەلەکانیان خستوەتە ئەشکەنجەو ، سەر بەستی‌یان پی‌شیل کردوەو ، دەستی گوناهباری‌یان بە هەموو بـــی شەرمی‌یەکەوە دریژکردوە بو ئیمپریالیســـت ، وە بگرە بە تەواوی خویان خستوەتە باوەشی ، بە هەموو هیزیکیانەوە هەول ئەدەن بـــو تیکدانی کومارەکەمانو ریبازی دیموکراتی‌ی ، دەرەبەگی گەورەو قازانجو کورسی لە کیس چوەکانی ناوخو داخ لە دلن لە یاســـای کوماری عیراق، خەو بەوەوە ئەبینن جاریکی تر بگەرینەوە سەرمیزی رازاوەیان ! •• داردەستەکانی ناوخو ، کە بوون بە کتکە نەوتینەو

ئەیانەوی عیراقی کوردو عەرەبو عیراقی خاوەن میژوو ، عیراقی سەربەخو ببەستن بە وولاتیکی ترەوەو بیکەن بە پارچەیەك ، هیشتا لە پی نەکەتونو هەر هەول ئەدەن بو ئاواتی ناپاکیان ! ، دوژمنەکانی گەلو کوماری دیموکراتی ، بە هەموو هیزیکیانەوە ، لە مەلاسانو ئەیانەوی ناکوکی لە ناو هیزە دلسوزەکانی گەلدا دروست بکەن ، ئەیانەوی هیزە نیشتمان پەروەرەکانو حکومەتی نیشـــتمان پەروەر لە یەك بکەن !

هیزە نیشتمان پەروەرەکانی عیراق ، بە چاوپوشی لە بیرو باوەری سیاسی‌یان ، ئەمرو پیویستی‌یەکی گەورەی میژویی کەوتوەتە سەر شانیان ، ئەویش یەك‌گرتنو چارکردنی ناکوکی‌ی ناوخویە بە شیوەی گفتوگویەکی برایانەو رەخنەگرتنیکی دامەزرینەرانە ...

بی گومان جیایی بیرو باوەری سیاسی هەرگیز نابیتە هـــوی دوو بەرەکی‌و دوژمنایەتی ، ئەگەر بە دەرونیکی سافو نیازیکی پاك رو بە روی وەزع بوەستین ، بە تایبەتی لەم روژەدا کە هیشتا گەلی نوختەی ریکەوتن لە مەیدانایەو بگرە هەتا ماوەیەکی دورو دریژیش ئەمینیتو لەوانەیە ببیتە جیگای ریکەوتنی هەموو لایەك ..

قوول کردنەوەی ناکوکی بەینی هیزە سیاسی‌یەکانی کوردوستان بە تایبەتی ، خو هەلەکردن لە دوژمنی گەورەی گەلەکەمان ، کـــە ییمپریالیزمە ، بە کەمتەرخەمی سەیرکردنی جوولانەوەی نوکەرانو تەماع کاران ، تەنها زیانی بو لایەکی نیشتمانی تایبەتی نابی ، تەنهـا مروڤی سادەو دور لە قوولی سیاسەت بیری وەها ئەکاتەوە ! شتیکی ئاشکرایە کە ئیمپریالیستو نوکەرانی جی‌ی دەستیان بی‌و دەســـت

بوەشینن بەزەیی‌یان نایەتەوە بە لایەکی تایبەتی‌دا ! ••

ئەگەر کەمیك بیر بکەینەوە لە پیشی چواردەی تەمووزی ئەمر ، شانوی کارەساتی پر ئازاری عیراقو سزاو راونانی دلسوزانی کوردوستانمان بە جوانی دیتەوە پیش چاو ••• کە واتە بوچی خومان هەلە بکەین ؟! •

ئەوەی کە هەموو لایەك ئەیزانی ئەوەتە کە لە کوردوستانی خوشەویستا بە دریژایی دەستەلاتی کونەپەرست چەن ریکخراویکی نیشتمانی شان‌بەشانی یەك تی‌ئەکوشانو هەولیان ئەدا بو رزگار کردنی عیراق بە شیوەیەکی گشتی‌و ، رزگار کردنی کورد بە شیوەیەکی تایبەتی لە چنگی دەستەلاتی ئیمپریالیستو داردەستەکانی ••• ئەمروش لە سیبەری کوماره دیموکراتیەکەمانا ، پیویستە لە سەر هەمو ئەو ریکخراوانە کە میژویەکی پر شانازی‌و خویناوی‌یان هەیە، بە گەرم پاریزگاری لە مافی یەکتری بکەن ، چونکە کزبوونی لایەك نابیتە قازانجو بەهیزبوون بو ئەو لای‌تر، بەلکو بە پیچەوانە، کزبوونی هەر لایەك لەم لا نیشتمان پەروەرانە ، بمانەوی‌و نەمانەوی سوودی پیش‌کەوتنی کوماری تیا نابی‌و ئاواتی رەنجکیشانی کوردوستان ناهینیتەدی‌و ئەبیتە هوی ئەوەی بەبی ئەوەی بە خومان بزانین ئیمپریالیستو نوکەرانی دەستی ئاگر خوشکەری ئاژاوەیان بکیشنە ناو ریزە نیشتمان پەروەرەکانی گەلو لە یەکیان جیا بکەنەوە ، وە هەمویان بە تیکرایی لە حکومەتی نیشتمانی‌و ئامانجی جیگیر کردنی کومار دور بخەنەوە ••

ئاوازی نالەباری زورناکانی ئیستیعمارو نوکەرانی لەم روژانەداو

(٣)

جم‌و جولی نوکه‌رانی ناوخو ، به‌سه بو داچله‌کان‌و ووریابونه‌وه‌ی هه‌موو مروڤیکی دلسوز له کوردستان‌و له هه‌مووی عیراقا ...

له‌م روژه‌دا جاریکی تر یه‌ك گرتنی‌ریز به‌دیار ئه‌که‌وی کـــه پیویستی‌یه کی میژویی نیشتمانی‌یه‌و ئه‌بی به گرنگی له هه‌موو لایه‌که‌وه سه‌یر بکری ، پیویستی سه‌رشانی هه‌موو لایه‌کی راست‌و دلسوزه که سه‌ر له نوی په‌یوه‌ندی‌یان ببه‌ستنه‌وه‌و په‌یمانیان تازه بکه‌نه‌وه‌و ریگا له دوژمن بگرن‌و قازانجی زوربه‌ی گه‌ل بخه‌نه‌وه پیش چاویـــان . گه‌له‌که‌مان ، گه‌لی قوربانی‌و خه‌بات ، گه‌لی کول‌نه‌دان‌و خوگرتن ، گه‌لی راپه‌رین‌و نه‌به‌زین ، ئه‌مرو له هه‌موو روژیکی تر ووریاتره‌و زورباش ئاماده‌یه بو تیك‌دانی هه‌موو پیلانیك که بیه‌وی گه‌ل لـــه حکومه‌تی نیشتمانی بکاو ، ده‌ستکه‌وته‌کانی کوماره دیموکراتیه‌که‌مان بفه‌وتینیته‌وه .

لەســـەر بەردی بناغەی یەکیەتی گەل‌و حکومەت ســــەری ئیمپریالیست‌و نوکەرانی پان ئەکریتەوە .

هەموو لا نیشتمان پەروەرەکان لە پاشەروژا ئەکەونە بـــەر لی‌پرسینەوەی میژوو ..

بەختیارە ئەو لایەی کە تاوان‌باری بەردەمی میژوو نەبی .

(٤)

# ئاشتی •

# هویەکانی جەنگ

# چون ئاشتی ئەپاریزین ؟

**فاتح عبدالکریم**

بی‌گومان مەسەلەی ئاشتی ، ئەمرو ، مەسەلەی هەموو بەرەی ئادەمیزادە ، بە بی جیاوازی رەنگ‌و زمان‌و ئاین‌و بیرو باوەری سیاسی • مانەوەی شارستانی‌و ئاوەدانی ، پیش‌کەوتنی گەلان ، چارکردنی گیرو گورفت ، نەهیشتنی کەموکووری ، مسوگەر کردنی ژیانی کامەرانی ، رزگار بونی گەلانی ژیردەستە لە چنگی خویناوی داگیرکەران ، پیش‌کەوتنی وولاتانی دواکەوتوو گەیشتنیان بە قافلەی وولاتانی پیش‌کەوتوو ، ئەمانەو هەزارەها شتی‌تر بەستراوە بە مەسەلەی جیگیر بونی ئاشتی‌و بررینی ئەو دەستە تاوان‌بارانەی کە ئەیانەوی جەنگی جیهانی سی‌بارە بکەنەوە ، ئەوانەی کە بو خاتری چەن بنەمالەیەکی خاوەن کومپانی دەستەلات‌دار ، ئەیانەوی بە ملیونەها لە بەرەی ئادەمیزاد بکەن بە قەرەبروت‌و ئاگری ئەتوم‌و هایدروژینی‌یان تی بەردەن !!

ئیمە ئەمرو بە میللەت‌و حکومەتەوە ئاشتی‌خوازین ، نامانەوی وولاتەکەمان ببی بە ژیر پی‌ی فیلەوە، نامانەوی ئوردووی داگیرکەران وولاتمان بکات بە مولگاو میللەتەکەمان بکات بە سوتەمەنی جەنگ ، ئیمە زدی هیچ میللەتیك ناجەنگین ، لە گەل هەموو میللەتانی جیهانا هاوکاری ئەکەین بو پاراستنی جیهان ، بو دروس کردنی جیهانیکی

تازه که ئاسایش شاباڵی زێرینی بەفەرو بەرەکەتی بە سەرا بکێشی، دەنگمان ئەخەینە پاڵ دەنگی ئەو حکومەتە ئاشتی خوازانە کە هەمیشە پارێزگاری لە ژیانی میللەتانو مافی سەربەستیو ئازادی‌یان ئەکەن ، بەڵام هەر دەولەتێکی داگیر کەر نیازی خراپ بی لە گەڵمانا بە هەموو هێزێکمانەوە رو بە روی ئەوەستینو ئەدەین لە لووتی ، چونکـــە پارێزگاریمان لە ســـەربەســـتیو ئازادیو دیموکراســـیەتی جەمهوری‌یەتەکەمان پارێزگاری‌یە لە ئاسایشی خومانو لە ئاشتی‌جیهان بە شێوەیەکی گشتی ••

جا لە بەر ئەوەی لەم چەرخەدا ، کە چەرخی لەناوبردنـــی ئیجگاری یاسای ئیستیعماری‌یە ، دەولەتە داگیرکەرەکان ، چونکـــە گوری ئامادەکراویان بە چاوی خویان ئەبینن وە لە بەر ئەوەی هێزی ئازادی‌خوازانەی میللەتان لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی ، وە لە هەموو سوچێکی جیهانەوە روژ بە روژ زیاتر پەرە ئەســـینیو ئەتەقیتەوە بە رووی داگیرکەرانو نوکەرانیانا ••• وە لە هەمـــو لایەکەوە هەر هێزی نەبراوەی میللەتەو هێزی ئیستعمار راو ئەنی ، بەڵی •• لە بەر ئەم راستی‌یانە داو دەزگا ئیستعماری‌یەکان هەمـــو پیلانو فرو فێڵی‌کیـــان ئەخەنە کار ، چ بە ناوی بە گژا چونـــی شیوعی‌یەت ، چ بە ناوی پاراستنی دینو ئایین ، وەـ خویان بەرمالیان بە سەر ئاوو بگەری ، چ بە ناوی نەتەوایەتی ساختەوە ، ئارامی‌یان لی هەڵگیراوە بە دەمو دەس هەوڵ ئەدەن بو بتەو کردنی جێگای لەکیس‌چویان ، خەریکی پەیمانو سوێن خواری شەڕاوین بە تایبەتی پاش شورشەکەی چواردەی تەموز کە ســـەخت‌ترین قـــەڵای

(٦)

ئیمپریالیستی رمان روژهلاتی ناوەراست بو بە شانوی جمو جوولی داودەزگای ئیستیعماریەکان ، وە هەر روژی لە ژیر پەردەیەکی رزیوی بویەکراوا پروژەیەك ئەهینریتە کایەوە ... وە لە گـــەل حکومەتە کونەپەرستەکانی ئەم ناوچەیەدا جورە ریکەوتنی ئەدری لە قالب .. بەرامبەر بەم هەمو جمو جولو پرو پیلانە پیویستە باشتر خومان کو بکەینەوە ، دوستو دوژمنمان بناسینو هاوکاری بکەین لە پاراستنی ئاسایشی جهانا کە پیروزترین ئامانجی مروڤایەتی یە ..

لە مایس ١٩٤٥دا جەنگی جیهانی دوهەم دوایی هات ، بەلام پاش چی ؟ ... پاش ئەوەی کە (٣٢) ملیون سەربازو (٢٥) ملیون شارستانی کوژران ، (٢٦) ملیون برینداروعەیبدار بون (١٧) ملیون منالی ساوا بە هیرشی هەواییو خانوو رمان لە ناو چون (٣٠) ملیون خانو ، (٢٢) ملیون ژووری دانیشتن ، بە هەموو شتیکییەوە کاول کرا ..بیجگە ئەو ئازارە نارەوایە کە لە ماوەی جەنگا تووشی میللەتان هات .. بیجگە برسییەتیو نەخوشیو بلاوبونە وەی خوو رەووشتی خراپو گرانیو چەوسانەوە .

میللەتان دوا بەدوای جەنگ ، بو ئەوەی نەیەلن ئەم کارەساتە سیبارە بیتەوە ، بریاریاندا کە بە هەر نرخی بی ئاشتی بپاریزن ئەوەبو بە زوری میللەتان «کومەلی نەتەوە یەك گرتوەکان» پیك هینرا بو ئەوەی ئەم کومەلە ئاسایش بپاریزی ، وە نەیەلی جـەنگ روو بداتەوە ... بەلام دو سالی نەخایان کە دیسان هەوری رەشـــی نیازپیسەکان رووی جیهانی گرتەوە ، سەر لە نوی مەترسی جەنگ هاتە کایەوە ، پەیمانی ئاشتی پچرا ، کومەلی نەتەوە یەك گرتوەکان

نەی توانی ئاسایش بپاریزی‌و ری لە شەرهەلگیرسان بگری •• واتە:
دووبارە ئاشتی کەوتە مەترسی‌یەوە !!

بویە ترکەی ئاسایش لە کونگرەکەی شاری (فراکلو) لە پولونیا بەرز بویەوە ، ئەو شارەی کە بومباباران‌ی جەنگ بە تەواوی خاپوری کردبو ، ئەم کونگرەیە بە هاوکاری لە گەل مەکتەبی یەکیەتی ئافرەتانی جیهان بانگیکیان دەرکرد بو کومەلی زاناو خاوەن بیر لە هەموو نەتەوەیەك ، وە یەکەم لیژنەی ئامادە کردن پیك هات بو بەستنی کونگرەی ئاشتی بە سەروکایەتی زانای ئەتوم کوچ‌کردووی شەرافەتمەند (جولیو کوری) ،وە ئەم لیژنەیە دەستی کرد بە تیکوشان لە پیناوی پاراستنی ئاسایشا ، وە داوای کرد کە کونگرەیەك ببەستری لە شاری پاریس نیسانی (٩٤٩) •

بەلام لە بەر ئەوەی کە ئەم بانگە هەرشەیەکی گەورە بو لەوانەی کە خەریکی بنیاد دانانی جەنگیکی تازەبون ری‌یان لە وەفدەکانی روژەلات گرت‌و نەیان هیشت بینە پاریس ، بەلام نوینەرەکان پاش‌گەز نەبونەوەو کولیان نەداو بریار درا لە شاری (پراگ)دا ، کە پیتەختی چیکوسلوفاکیای دیموکراتی‌ی میللی‌یە ، کو ببنەوە ، بەم جورە ئەم کونگەرەیە لە دو شوین بەسترا لە پیناوی ریکەوتن‌و هاوکاری بو پاراستنی ئاسایش ، ئەنجا لیژنە داوای‌کرد کە کونگرەی دوهەم لە شاری ( شفیلد ) ببەستری لە بریتانیا ••بەلام حکومەتی ئینگلیز تەگەرەی هینایە ری‌ی ئەم کوبونەوە وە نەی هیشت کونگرەکە لەوی ببەسری ، بویە نوینەرەکان ناچاربون لە شاری (وارشو) پیتەختی پولونیای میللی کوبنەوە لە مانگی تشرینی

(٨)

دووی ٩٥٠ ، لەم کونگرەیەدا (ئەنجومەنی ئاسایشی جیهانی) پیك هات ، ئەم ئەنجومەنە لە شوباتی ١٩٥١دا لە بەرلین کوبویەوە وە لە تشرینی دووی ٩٥١ لە «فیەنا» کوبویەوە ، پاش ئەمە کە وەزعی ناکوکی دەولەتان توندو تیژ بوو بە هوی بـــەردەوامبونی جەنگی کوریا ، وە بە هوی ریکەوتنە یەکلاییەکان لە گـــەل ژاپونو ئەلمانیادا ، ئەنجومەنی ئاسایش لە تەموزی ١٩٥٢دا کوبونەوەیەکـی تایبەتی کرد لە بەرلینا ، وە لەم کوبونەوەیەدا بانگیکی دەرکرد بو بەستنی کونگرەی میللەتانی جیهان لە پیناوی پاراستنی ئاسایشا لـــە کانونی یەکەمی (٩٥٢)دا لە شاری (ڤیەنا) .. ئەنجا کە گفتوگوی شەرر وەستاندن لە کوریادا رووی کردە سەرکەوتنو لە ئاســوی جیهانەوە نیشانەی ئارامی دەرکەوت ، لە گەل ئەو هەموو هەولەدا کە داودەزگا ئیســـــتیعماری‌یەکان ئەیاندا بو پەرەپی‌دانی جەنگو ناکوکی ، دیسان «ئەنجومەنی ئاســـایش » داوای کوبونەوەیەکی عادەتی کرد لە (٢٣) تشرینی یەکەمی (٩٥٣) لە شاری «ڤیەنا» ، وە لەم ماوەدا بانگەکەی «ئوستوکهولم» دەربارەی یاساخ‌کردنی چەکی ئەتوم ئامادە کرا ، هەروەها بانگیك دەرکرا بو بەستنی پەیمانی ئاشتی لە بەینی پینج دەولەتە گەورەکانا ، بانگیکیش بو چارکردنی کیرو گوروفتی دەولەتەکان لە ریگای گفتوگوکردنو بە دەرونیکی ئاشـــتیو ئازادی خوازانە ، بیجگە لەمانەش چەن کونگرەیـــەکی ناوچەیی بەسترا بو پاریزگاری‌ی ئاسایش لـــە روژەلاتی دوورو نزیكو ناوەراست ، وە لە ئەمریکای لاتینی ، وە گەلی هەنگـــاوی گەورە نرا بو خزمەتی ئاسایشی جیهان .

ئەنجومەنی ئاشتی جهان واتە : مەجلسی سەلامی عالەمی ، بو بە هەیئەتیکی میللی دەستەلاتدارو بە حورمەت چ لای میللەتـــان ، چ لای دەولەتەکانی جیهان •••

بەم جورە جولانەوەی ئاسایش دەستی پیکرد ، لە کاتیکا کە کومەلی نەتەوە یەك گرتوەکان نەی توانی پیویستیەکەی خوی بە جی بهینیو میللەتان بە تیکرایی هەستیان بەوەکرد کە پیویستە خـویان ئاشتی بپاریزن ، وە روو بە رووی مەترسی جەنگ بوەستن •

بی‌گومان جولانەوەی ئاشتی ئەمرو لە هەموو روژی زیاتر بە هیزترە ، چونکە بەشی زوری میللەتانی جیهان باوەریان بە پیویستی ئاشتی هیناوە ، بە تایبەتی وولاتانـــی ژیردەســـتە کـــە هـــەول ئەدەن بو رزگار بونیان لە ژیر دەســـتەیی‌و دیلایـــەتی زور باش ئەزانن کە شەرر تا چ رادەیەك ســـەر بەخوییو کامەرانی‌یان دوا ئەخات •• بیجگە لەوە کە ئوردوگای ئیشتراکیو حکومەتەکانـــی ئاسیاو ئەفریقای ئازاد ، کە باوەریان بە بەندەکانی کونگرەی باندونگ هیناوە ، بە هەموو جور هەول ئەدەن بو پاراستنی ئاسایش ••بی‌گومان سەرکەوتن بو ئاشتی‌یە ••

بەلام ئەبی ئەو راستی‌یە نەخەینە پشت‌گوی کە داو دەزگای ئیستیعماریش ئەمرو لە هەمو رووژی زیاتر هەول ئەدا بو توندکردنی ناکوکی دەولەتان ، وەبو دروست‌کردنی بنکەی سوپایی‌و ئەتومی لە وولاتە ژیردەستەکاندا ، وە بو بەستنی پەیمانی شەراوی لە گەل دەولەتە کونەپەرستەکانا •••

جا ئەگەرچی ئەم دەولەتە کونەپەرستانە کە بە هەمو جوری

خویان فری داوەتە باوەشی ئیستیعمارو گوی نادەنە ئەوەی کە سبەی روژ ئەگەر ئاگری جەنگ هەلبگیرسی راستەو خو توشی دەردیسەریو کاول بون ئەبن ، بەلام میللەتان ئەنجامی ئەم جەنگەیان لە بەرچاوە وە بە هەمو جوری هەول ئەدەن بو لە ناو بردنی ئەوحکومەتە داردەستانە وە هینانەدیی دەزگایەکی ئازادو ئاشتی خواز ، وە کو نایی ناکەن لە پیناوی پاراستنی ئەمنو ئاسایش ولاتیان ..

ئاشتی پیروزترین ئامانجی ئادەمیزادە ، جولانەوەی ئاسایش جولانەوەی حزبیکی تایبەتی نیە، جولانەوەی هەموو مروڤیکی دەرون پاکە کە نەیەوی ملبونەها گەنجو پیرو ئافرەتو ساوا ببن بە سووتەمەنی ئەتومو هایدروژین ، جولانەوەی ئەو کەسانەیە کە نایانەوی شارستانیو ئاوەدانی لە ناو بچی ، وە رەنجی سالەهای میللەتان ، بەرهەمی میشکی زانایان بدری بە با .

بەلام ئەگەر ئیستیعماری یەکان بوختان بکەن بو جولانەوەی ئاشتی ، وە بی شەرمانە بلین : جولانەوەیەکی شیوعی یانەیە ، ئەوە شتیکی سەیر نیە ، چونکە ئەوان شەرم ناکەن لە ناوو ناتورەنان لە هەمو جولانەوەیە کە زدی نیازی ناپاکیان بی ، میللەتان لە بەسەرهاتی خویانا لە گەل ئیستیعمارا ، لە پروپاگەندەکانی ئیستیعمار حالی بوون، وە بە دروو دەلەسەیان هەل ناخەلەتین ..

جولانەوەی ئاسایش باوەش ئەگریتەوە بو هەمو دەولەتیك، چ دەولەتی ئیشتراکیو چ دەولەتی سەرمایەداری ، جولانەوەی ئاشتی زوری پی خوشە کە تەنانەت جی نشینەکانی دالسو هاوچەشنەکانیان

بین‌و هاوکاری بکەن لە پیناوی پاراستنی ئاشتی‌یا !!•• بەلام ئەگەر یاسای ئیستیعمار ریگایان نەدا بینە مەیدانەوە، ئەوا خەتا لە جولانەوەی ئاسایشەوە نیە •••

میللەتان زور باش ئەزانن کە جەنگ‌و ئیستیعمار جوتەن وە پیکەوە لە دایك بوون ، بویە ئاشتی خوازان کە هەول ئەدەن بو ئاشتی بە توندی بیزاری‌ی خویان دەرئەبرن لە ژیر دەست‌کردنی وولاتانی بی هیزو لە پیلان‌گیران بو ژیردەست‌کردنەوەی وولاتانی ئازاد •• چونکە ئەم کردەوە ناپەسەندانە لە گەل ئاشتی‌یا ناگونجین••

★ ★ ★

## هویەکانی جەنگ

هەندی لە زانا بورژوازی‌یەکان ئەلین :ــ جەنگ‌جویی‌و شەرفروشتن خوویەکە لە ئادەمیزادا جیگیرەو هەر گیز لی‌ی جیا نابیتەوە ، واتە پیاو سرشتی لە سەر دەس‌دریژی‌کردن‌و دوژمنایەتی‌ی خولقاوە،هەروەها ئەم جورە زانایانە ئەلین کە جەنگ لە کونەوە هەیەو تا هەتاش ئەمینی ، وە هەرگیز ریگای لی ناگیری !!

بەلام بە سەر هاتی میژوو بوی دەرخستوین کە ئەم قسەیە راست نیە وە شەرخواهی بەشیک نیە لە سروشتی مروڤ ، وە جەنگ لە هەموو کومەلیکی ئادەمیزادا روو نادا ، هەروەها ناتوانین بلیین مادام لەمەوپیش جەنگ روی داوە ، ئیتر لەمەوبەدوایش هەر ئەمینی ! •• نەخەیرا ! جەنگ لە زروفیکی تایبەتی‌یا روو ئەدا ، وە چەن هویەکی دیاری هەیە •••

جەنگ لەو کومەلانەدا پەیدا ئەبی کە چەن چینیکی جیاجیای

تیا بی • له سه‌ره‌تای ژیانی ئاده‌میزادا که مولکایه‌تی تایبه‌تی نه‌بوه‌و که‌س ره‌نجی که‌ستی نه‌خواردوه ، سوپاو جه‌نگ ، به‌م‌جوره کـــه ئیسته ئه‌ی‌بینین ، نه‌بوه ، جه‌نگ له‌و کومه‌لانه‌وه په‌یدا ئه‌بی کـــه مولکایه‌تی تایبه‌تی‌و ره‌نج‌خوری‌ی تیابی ، شه‌ر له‌وه‌وه په‌یدا ئه‌بی که چینی کاربه‌ده‌ست ده‌س دریژی‌ی ئه‌که‌نه سه‌ر خاکی ولاتانی ترو میلله‌تان به هیزی چه‌ك ژیرده‌ست ئه‌که‌ن •

له کومه‌لی « کویله‌یی »دا که به‌شیکی ئاغاو به‌شـــیکی به‌نده‌و کویله بون ، وه له کومه‌لی ده‌ره‌به‌گی‌یا که به‌شیکی خاوه‌ن زه‌وی‌و به‌شیکی جوتیار بون ، وه له کومه‌لی سه‌رمایه‌داری‌یا که به‌شـــیك خاوه‌ن‌سه‌رمایه‌و کارگاو هه‌ندیکیان کریکارو ره‌نجکیشن ، به‌لی له‌م کومه‌لانه‌دا تاقمیکی که‌م خاوه‌نی سه‌روه‌تو سامان‌و شوینو پایه‌یـان هه‌یه ، له کاتیکا که زوربه‌ی گه‌ل ره‌نج ئه‌کیشی‌و هه‌ول ئه‌دا بـــو ئه‌وان ! •• واته ئه‌م چینه کاربه‌ده‌سته بو هیشتنه‌وه‌ی جیگاو ریگای خویان وه به گویره‌ی پاراستنی قازانجی خویان ســیاسه‌تیان دیاری ئه‌که‌ن وه یاساو په‌یره‌و دائه‌نین ، دیاره هه‌ر کومه‌لی که له ســـه‌ر بناغه‌ی ره‌نج خوری دامه‌زری ، چینی کاربه‌ده‌ســـــته‌که‌ی هه‌مو ئه‌سبابیکی هه‌یه بو جی‌به‌جی‌کردنی ئامانجی خوی، له سوپاو پولیس‌و دادگاه، له روژنامه‌و قوتابخانه‌و شتی‌تر••وه به هوی ئه‌م ده‌سته‌لاته‌وه زوربه‌ی میلله‌ته‌که‌ی ئه‌خاته ئیش بو قازانجی خوی ، وه له ســه‌ر حیسابی هه‌ژاری‌و خوینمژینی ئه‌م زوربه‌یـــه ده‌وله‌مه‌نـــد ئه‌بی‌و سه‌روه‌ت‌و سامان ئه‌نی به یه‌که‌وه •• واته : سیاسه‌تی ناوخوی وولات له سه‌ر بناغه‌ی چه‌وسانه‌وه‌ی خه‌لك‌و حه‌سانه‌وه‌ی خوی دائه‌نی ،

(١٣)

هەر لە سەر ئەم بناغەیەش سیاسەتی دەرەوەی وولات دیاری ئەکات ، واتە سیاسەتی ناوخووو سیاسەتی دەرەوەی ئەم چینەکاربەدەستـــە بەسراوون بە یەکەوە وە بو یەك ئامانج دانراوون •• کە وابوو جەنگ هویەکە بو بەریوەبردنی سیاسەتی چینی رەنجخور ، چ لە چەرخی کویلەیی ودەرەبەگیو چ لە چەرخی سەرمایەداری‌یا ••

لە گەل پیش‌کەوتنی گەلی لە وولاتە سەرمایەدارەکان بە دەیان جەنگ رووی داوە بو داگیرکردنی ولاتانو دوزینەوەی بازار بـــو فروشتنی بەرهەمو بو دەست‌خستنی کەرەسەی خاو بو کارگاکانیـــان وە بو دەستی کریکاری هەرزان بەها •• پیش‌کەوتنی وولاتـــــە ســــــەرمایەدارەکان چون‌یەك نیە ، واتە : هەندی لە وولاتــــــانی سەرمایەداری زووتر پیش ئەکەوی لە هەندی وولاتی تر لە بەر ئەوە ئەو وولاتانەی کە پیش ئەکەوون هەول ئەدەن بو مل‌کەچ‌کردنـــی وولاتانی‌تر ، وە بو ئەوەی ئەو ناوچانەی کە لە ژیر دەسەلاتیانایـــە داگیری کەن ، وە خویان سودی لی وەربگرن ••

یاسای سەرمایەداری لە دوادوای چەرخی نوردەهەما پی‌ی نایە دوا قوناغی کە ئیمپریالزمە ، لە قوناغی ئیمپریالیزمدا چەن خاوەن کومپانی‌یەکی گەورە دەست ئەگری بە ســــــەر ژیانی دەولەتـــــە سەرمایەدارەکانا ، وە یاسای سەرمایەداری ئەبەن بە ریوە ئەمانەش لەبەر ئەوەی کە کارگاو دەزگای فراوانیان لە بەردەسایەو بەرهەمیان زورە هەمیشـــــە هەول ئەدەنو ئەگەرین بە دوای بازاری تازەداو بو داگیرکردنی وولاتانو دوزینەوەی سەرچاوەی کەرەسەی خاو ، وەك نەوت ، ئاسن ، لوکە ، خوری ، خەلوزی‌بەرد ، هەتەد •••

له بەرەبەیانی چەرخی بیستەما جیهان دابەش کرا بە سەر چەن دەولەتیکی سەرمایەداری گەورەدا •• تاقە ریگایەك بو بەریوە بردنی کومپانی یە ئیحتیکاری یەکان ئەوەبوو سەرلەنوی جیهان بەش کریتەوە، ئەمەش بە بی جەنگ نەئەهاتەدی ی ، ئەوە بوو ، وەك یەکی لە زانا گەورەکانی جیهان پیش بینی ی کردبوو جەنگی جیهانی یەکـــەم هەلگیرسا •• لە سالی ١٩١٤ – ١٩١٨ • دوو تاقمی گەورە لــە دەولەتە ئیستیعماری یەکان خویان ئامادە کردو هاتنە مەیدانی جەنگەوە، ئەلمانیاو نەمساو مەجەر ، لەلایەکەوە ، وە بریتانیاو فەرەنساو روسیای قەیسەری لە لایەکی ترەوە ••

ئەلمانیا کە لە سەرەتای چەرخی بیستەمەوە لە مەیدانی پیشـــە سازی دا گەلی هەنگاوی گەورەی نا مەبەستی لەم جەنگەدا ئەوە بوو کە بریتانیا و فەرەنسا بی بەش بکا لەو وولاتانەی کە لە ژیر دەسیانایە، ئەیویست دەسەلاتی بریتانیا لە روژەلاتی ناوەراستا نەیەلی •• هەروەها ئەیویست روسیای قەیسەری بی بەش بکا لە ئوکرانیاو پولونیاو ناوچەی دەریای بەلتیك ! ، بریتانیایش ئامانجی ئەوە بو کە ئەلمانیا لەناو بەری و ریگا لە پیش کەوتنی ئابوری بگری •• روسیای قەیسەریش ئەیویست گالیسیا داگیر بکاو تورکیا دابەش بکاو دەست بگری بەسەر ئەستەمبول و گەرووەکانی دەریای رەشدا ! •••• بیجگە لەمەش روسیای قەیسەری ئەی ویست بە هوی ئەم جەنگەوە بزوتنەوەی شورشگیری ناوخـوی روسیا بوەستینی ! • جا لەبەر ئەوەی کە هەریەك لەم دو دەستەیە ئامانجی تایبەتی خوی هەبوو ، وە لەبەر ئەوەی کە ئەم جەنگە تیکرا بو قازانجی ئیمپریالی یەکان بوو ، بوو بە جەنگیکی جیهانی !

★ ★ ★

هەر ئەم هویانە کە بونە هوی هەلگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم ، ئاگری جەنگی جیهانی دوهەمیشی خوش کرد ..

سەرمایەدارە ئەلمانەکان لە جەنگی یەکەما شکانو نەگەیشتن بە مەرازو ناچاربون کە پەیمانی ئاشتبونەوە ئیمزابکەنو مل کەچ کەن بو دوژمنەکانیان ، بەلام نەیانویست بو ئیجگاری سەر شور بکەن ، بویە هەمیشە خەویان بەوەوە ئەبینی کە وولات داگیر بکەنو بازار بدوزنەوە ، وە بو ئەم مەبەستە ریگای جەنگیان گرتە بەر وە بە بیانوی مەترسی سوفیتەوە ، لە لاین ئیمپریالی یەکانی انگلو ـ ئەمریکاوە یارمەتی ئەدران بەلام کە خویان گرتو زیاتر بەهیز بون ، لە پیشا هیرشیان بردە سەر وولاتەکانی روژاوا، ئەنجا هاتنە مەیدانی جەنگەوە لەگەل یەکیەتی سوفیتا ... لەم جارەشا ئەلمانە داگیرکەرەکان لوتیان دای لە بەردی خەباتی میللەتانی ئازادیخواو ، لە نیازی پیسی داگیرکەرانەیانا سەر نەکەوتن ! .. وە بگرە بە جوری شکان کە بون بە عیبرەت بو هەموو نیازپیسیك ..

لە جەنگی جیهانیی دوهەما کارگا چەكسازەکانی ئەمریکا قازانجیکی فراوانیان چنگ کەوت ، کومپانیە ئیحتیکاری یەکانی ئەمریکا (٥٥٫٢٠٠) ملیون دولار قازانجی سافیان دەس کەوت !!

ئەمروش کە داودەزگا ئیمپریالی یەکان خەریکی خو ئامادە کردنن بو جەنگ ، دوبارە لەم خو ئامادە کردنە کومپانیی یە ئیحتیکاری یەکان گەلی قازانجیان دەس ئەکەوێ ، راپوری سالانەی کومپانیە ئیحتیکاری یەکانی ئەمریکا دەری ئەخا کە زورترین قازانج ئەچیتە گیرفانی ئەو شەریکانەی کە چەکو جیەخانەو کەرسەی جەنگ

ئامادە ئەکەن. لە سالی ١٩٥٥ دا قازانجی کومپانییە ئیحتیکارییەکانی ئەمەریکا لە (٤٣) ملیون دولار تیپەری ، قازانجی کومپانیی (جەنرال موتورز ) کە لە سالی ١٩٥٤ (٨٠٦) ملیون دولار بوو ، لە سـالی ١٩٥٥دا گەیشــتە (١١٨٩) ملیون دولار .. هەروەها کومپانیی پولای ئەمریکا لە ٩٥٤ (١٩٥) ملیون دولار ، وە لە (٩٥٥)دا (٣٧٠) ملیون دولاری قازانج کرد .

لەوانەیە بپرسن‌و بلین : کە ئەم هەمو شەرو شورە بو قازانجی چینە کار بەدەستەکانە ئەی بوچی چینی رەنج‌کیش شەری بو ئەکا ؟ ئایا سودو زیانی خویان لە یەك ناکەنەوە ؟!

بی‌گومان گەلی میللەت ئەوانەی کە ئەچنە ژیر باری گرانـی جەنگەوە ئەگەر چەك هەل‌نەگرن‌و لە کارگاکانا چەك دروسـت نەکەن ، یا خو یارمەتی سەرباز نەدەن بە بەرهەمی کشت‌و کالیان‌و بەخیویان نەکەن ، جەنگ ناکری .. چونکە چینی رەنج‌خور خوی ناچیتە مەیدانی جەنگەوە .. بەلام بو ئەمە پیویستە کە چینی رەنج کیش تی‌گەیشتنیکی تەواوی ببی ، وە پیویسـتە یەك گرتوو ریك‌و پیك بن ، وە پیویستە نەك تەنها هەر ئەوەندە بزانن کە جەنگ بوچی ئەکری ، بەلکو پیویستە توانایشیان ببی بو وەستاندنی جەنگ .

شتیکی ئاشکرایە کە لە قوناغی عەبدایەتی‌دا ، یا لە قوناغی دەرە بەگی‌دا چینی رەنج‌کیش نەی‌ئەتوانی شەربوەستینی وە نەیەلی هەل بگیرسی ، چونکە لەو کاتانەدا ئەم شەرتانە کە باسـمان کـرد نەهاتبونەدی ، بویە نەیان ئەتوانی دەستی خەتاباران بگرن‌و نەیەلن خوینی هەزاران بی‌تاوان لە پیناوی قازانجی رەنـج خورەکانـا

★ ★ ★

له یاسای کویلەیی‌دا کویلەکان وەکو حەیوان خراپتر هەمیشە لە ژیر باری گرانی ئیشکردنا بوون ، وە هەریەکیکیان کەوتبوە لایەك‌و تی‌گەیشتنی چینایەتی‌یان کەم بوو ، هەروەها لە یاسای دەرەبەگیدا فەلاح وەکو کویلە بەسرابو بە زەوی ئاغاوە ، وە هیچ مافیکیـــان نەئەدرایە ، وە بە هوی جوری ئیشەکەیانەوە ، پچرپچرو دور لە یەك بون ••

تەنها لە یاسای سەرمایەداری‌یا بە هوی پیشکەوتنی پیشەسازی وە کوبونەوەی کریکاران لە کارگادا ، وە بە هوی پیش‌کـــەوتنی خوینەواری ، چینی کریکار فامی سیاسی پی ئەگات ، بەلام لیرەش‌دا ماوەیەکی ئەوی هەتا کریکاران بە تەواوی قازانجی چینایەتی خویان بزانن ، وە روبە روی یاسای رەنج‌خوری‌و سیاسەتی سەرمایەداری شەرهەلگیرسینەر بوەســـتن •• هەروەها وردە وردە کومـــەل‌و ریکخراوەکان پەیدا ئەبیت وەك نەقابە، حیزب ، بی‌گومان ئەم کومەل‌و ریك‌خراوانە یارمەتی کریکاران ئەداو ریگایان بو روشن ئەکاتەوە کە داوای مافی خویان بکەن ، بەلام وەنەبی هەرچی خەلکە بچنە ئەم کومەل‌و ریك‌خراوانەوە ، هەتا هەمویان تی‌بگەن‌و چاویان بکریتەوە، بویە چینی کاربەدەست هەول ئەدا ریگا لەم ریکخراوانە بگری وە سەرکوبی‌یان‌ئەکات‌و تەگـــەرە ئەهینیتە ریگایان ، چونکە خـــوی داودەزگای حکومەتی بەدەســــــتەوەیە وە بە پی‌ی قازانجی خوی کاروباری وولات هەل‌ئەسورینی ، وە خەلك ئەخاتە کوری جەنگەوە

بو دوزینەوەی بازارو داگیرکـــردنی ولاتان بـــە پێی ئارەزوی ئیمپریالی‌یانەی خوی ! •• وە لە هەمان کات‌دا ئەم چینە کاربەدەستە کە هەم میللەتەکەی خوی ، وە هەم میللەتانی تریش ئەچەوسینیتەوە ، شان بەشانی ئەم لەشکر ئارایی‌و خو ئامادە کردنە ، دەســت ئەکات بە بلاو کردنەوەی پروپاگەندە بو لایەنگری‌ی جەنگ ، وە هــەول ئەدات بیباتە مێشکی خەلکەوە کە رەنج‌خوری‌و جەنگ هەلگیرسان‌و وولات داگیرکردن شتێکی پیویست‌و بەکەلکە ! ، هــەروەها لــــە قوتابخانەکانیشا ، قوتابی‌یەکان بە گیانی عەسکەری‌و حەز کردن لە پایەو نیشانی عەسکەری پەروەردە ئەکەن ، وە روژ نامەکانیشیان لەولاوە، هەمو لاپەرەکانیان بە چاکی‌و قازانجی جەنگ پر ئەکەنەوە!•

تەنانەت هەندی لە سەرکردەی نەقابەو پارتە ئیشتیراکی‌یەکانیش مل‌کەچ ئەکەن بو سەرمایەدارەکان ، وە راستەوخو ئەچنە ریزەی ئەوانەوە بو تیك‌دانی جولانەوەی چینی کریکـــارو یارمـــەتی‌دانی سیاسەتی ئیمپریالی‌یانەیان •

ئەوەبو لە سالی **١٩١٤** کە جەنگی گەورەی یەکەم هەلگیرسا ، کە شتێکی ئاشکرابو جەنگیکی ئیســـــتعماری‌یە ، دارەدەســـــتی سەرمایەدارەکان لە ناوخوی چینی کریکارا ، لایەنگری ئەو جەنگەیان کرد ، وە کریکارانی ئەلمانیان هان ئەدا لە زدی کریکارانی روس‌و فەرەنسا ، وە بە پیچەوانەش ، هەروەها ئەم « هەل پەرستانە » چەن دوروشـــــمیکی روکەش‌و ســـــاختەیان هەل‌گرتبو دەربـــارەی نیشتمان‌پەروەری ، کە چی لە راستی‌یا کروکی ئەم سیاسەتە بریتی‌بو لە پرکردنی گیرفانی ئیســـتیعماری‌یەکان لەسەر حیســـابی خوینی

هەزارەها کریکارو فەلاحو سەربازو پیرو گەنجو ساواو ئافرەت ..

لەمەوە بومان دەرئەکەوی : کە لە زروفی سەرمایەداری‌یـــــا ئەگـــەر چی کومەلیش پیش‌کەوتوو بی ، گـــەلی میللەت بە زور رائەکیشری بو جەنگ‌و بو دەست دریژی کردن کە راستەوخـــو زیانی هەیە بو قازانجی خویشیان ، بەلام لە گەل گورانی وەزعا ، وە لە گەل پیش‌کەوتنی پیشە سازی‌و زیانی سیاسی‌یا جەماهیری میللەت زیاتر وریا ئەبیتەوە وە چاکتر خوی ریك‌و پیك ئەکا بو بەگژاچونی سیاسەتی سەرمایەداری‌و ئیستعمار ..

ژمارەیەکی زور لە خەلك بە تایبەتی لە چینی کریکار هەستیان کرد بە زولم‌و زورداری یاسای ئیمپریالیزم‌و ئەنجامی جەنگـــــی دەست‌دریژی ، وە زوریشیان ژیانی خویان‌و سەربەستی‌یان دانا لـــە پیناوی لابردنی ئەم یاساو دام‌و دەزگایە ، لاپەرەی میژوو ناوی زور قارەمانی تیدایە کە بوون بە قوچی قوربانی لە پیناوی ئەم ئامانجـــە پیروزەدا ، بەلام لە بەر کەمی‌یان ، وە لە بەر لاوازی ریکوپیکیـــان سەرنەکەوتن ..

لە سالی **١٩١٧** لە گەرمەی جەنگی ئیســــــتیعماری یەکەم‌دا کارەساتیکی گەورە روی‌دا کە هەموو جیهانی هینایە لەرزە ، وە دام‌و دەزگای ئیستیعماری‌یەکانی بە تەواوی پەشوکان .. وە لە هەمـــان کاتا میللەتانی ژیردەستەو چینی کریکارانی بوژانەوە ، ئەم کارەساتە ئەوە بو کە کریکارو فەلاحو سەربازی روس لولەی تفەنگەکانیان وەرگیرایەوە بو سەر سینگی کاربەدەستە ئیستیعماریەکانی خویان ، لە باتی ئەوەی کە کریکارو فەلاحو سەربازی وولاتانی تری پی‌بکوژن ،

چینی کاربەدەستی خەتاباری قەیسەرو دامو دەزگایان هینایە خوارو ، خویان حوکمیان گرتە دەست ..

ئەم رووداوە میژوییە گەورەیە دەری خست کە مروڤایەتی پیی نایە قوناغیکی تازەوە ، قوناغی تەنگو چەلەمەی گشتی یاسای سەرمایەداری ، چونکە یاسای سەرمایەداری وەك ئەوسا نەمایەوە کە خوی تاقە یاسایەك بی لە جیهانا ، بەلکو یاسایەکی بەهیزتر هاتــــە مەیدانەوە کە یاسای سوشیالیزمە ، « ئیشتراکیەت » ..

پیش ئەوەی کە جەنگی جیهانی دوهەم هەلبگیرسی ، وەزع زور گورا بە هوی پەیدابونو جیگیربونی یەکیەتی سوفیەت ، چونکە سەرەرای بەهیزبونی یەکیەتی سوفیت ، وولاتە ئیمپریالیستەکان بــە هوی ناکوکیی ناوخویانەوە کرمی بوون ، جگە لەوەی چەن پارتیکی سیاسی میللی لەم وولاتانەدا پەیدابوو پەرەی سەند ، لە بەر ئەوە هەلگیرساندنی ئاگری جەنگ لە سەر شانی وولاتە ئیمپریالیستەکان گرانتر بو لە جەنگی جیهانی یەکەم ، بەلام لە گەل ئەمەشدا هیشتا هیزی ئەم دەولەتە جەنگخوازانە لە هیزی ئاشتی خوازان زورتر بوو ، بویە توانییان ئەم تاوانە دوبارە بکەنەوەو ، سەر لە نوی جیهان بخەنەوە ناو تەنوری ئاگری شەر ..

دوابەدوای جەنگی جهانی دوهەم گورانیکی بنەرەتی هات بــە سەر جیهانا ، هیزی ئاشتی خواز گەلی پەرەی سەند ، دوابەدوای شکانی نازیو فاشییەکان زیاتر لە دە وولات لە ئەوروپاو ئاســـیادا ریگای سوشیالیزمیان گرتە بەر .. هەروەها گەلی میللەت لە وولاتە ئیمپریالییەکان ووریا بونەوەو خویان ریکو پیك کرد...جولانەوەی

(٢١)

ئازادی خوازانەو نیشتمان پەروەری روبەرووی ئیمپریالیزمو جەنگ ، گەلی پەرەی سەند •• تی‌کوشان لە پیناوی ئاشتی‌یا هەموو جیهانی گرتەوە •• وەزعیکی باش هاتە پیش بو پاراستنی ئاسایش‌و نەهیشتنی جەنگ •

ئەمرو وەزعی‌جیهان بەوە جیا ئەکریتەوە لە وەزعی پیشتر ، کە جەنگ نەك تەنها پیویســـت نیە ، بەلکو ئەتوانری کە ریگای لی بگیری ، ئەگــەرچی هیشـــتا مەترسی ماوە ، بی‌گومان ئەوەمان نە بیر ناچی کە هەوری رەشی نیازی پیسی جەنگ خواهەکان هیشتا بە سەر سەرمانەوەیە بەلام راستی یەکی‌تر هەیە ئەوەش ئەوەیەکە لەم چەرخەدا بە تایبەتی بەرەی ئادەمیزاد هیزیکی بنەرەتی‌یەو ئەتوانی دەوریکی باش بگیری ••

ئەمرو چەن هیزیکی سیاسی‌و کومەلایەتی هەیە کە بتوانی دەستی شەرفروشەکان بگری ••• خو ئەگەر نیازی خراپیان ببی‌و بیانەوی سی‌بارە تی‌هەلچنەوە،بی‌گومان میللەتان ئەتوانن زەربەیەکی کاریگەر بدەن لە ئیستیعمارو هەموو پیلان‌و دەسیسەکانیان سەرەو ژیر بکەن•

نوسەرە کونەپەرستەکان‌هەموو توانایەکیان ئەخەنە کار بـــو قازانجی سەرمایەدارو ئیستیعمارو ، تەنانەت لە باسی شەرو ئاشتیشیا هەر لایەن‌گری ئیمپریالیستەکان ئەکەن‌و دین بە شان‌و باهوی جەنگا ، وە ئەیانەوی وای پیشان بدەن کە جەنگ لە سرشتی مروڤە ! ، لـــە بەر ئەوە بوەو هەر ئەبی ، بەم جورە هـــەول ئەدەن کە خەلك گومرابکەن ، وە رویان وەرچەرخینن لەو شـــتانەی کە ئەبنە هوی روودانی جەنگ •

ئەلمانە فاشیستەکان لە کاتی جەنگا ، ئەوانیش ، هەر ئەم بیرو باوەڕەیان بلاوئەکردەوە، ئەمروش ئیمپریالیستی یەکانی ئەمریکا زور بە پەروشن بو ئەوەی ئەم بیرو باوەرە زەهراوی‌یە لە میشکی خەلکا بچەسپینن •

بەلام ئیمە دلنیاین ، ئەگەرچی دامو دەزگای ئیمپریالیست لـە هەرەشەو پەیمانی دوژمنایەتی‌و پیلانی خویان واز ناهینن ، وە بـە هەمو جوری هەول ئەدەن بو گەرم کردنی ناکوکی ناو دەولەتان‌و بەرپا کردنی ئاگری جەنگی سەهەم ، دلنیاین ، کە هیزی ئاشتی خوا ئەمرو لە هەموو روژی بەهیزترە ، وە لە توانایا هەیە دەستی تاوان‌بار بگری •••

★ ★ ★

## یانەی سەرکەوتنی کوردان

**روژی ٢٦/ ٢/ ١٩٦٠ روژی هەلبژاردنی دەستەی بەریوەبەری تازەی یانەی سەرکەوتنی کوردان بوو دو لیستە هەبوو بو دەنگ لە سەردان : لیستەی خەبات‌و لیستەی دیموکراتی‌ی یەک گرتوو ، بەلام لە بەر زوری دەنگ دەرەکان تا ئیوارە هیشتا دەنگدان نەگەیشتە نیوە • لە بەر ئەوە سیادەتی حاکمی چاودیری‌کەر بە رەزامەندی‌ی نوینەرانی هەردوو لیسـتەکە بریاری دواخسـتنی هەلبژاردن‌و هەلوەشاندنەوەی ئەو دەنگدانەی دا •**

**پاشان دەستەی بەریوەبەری ئیسـتا بریاری دوا خسـتنی هەلبژاردنی دا بو پاش جەژن ، وە ئەو کاتە روژی هەلبژاردن دیاری ئەکری •**

# دوا سرنج ...

« بو قژ زەردی بەر دەرگا ، لە سەرە ریی
بەندیخانەما لە مووصلەوە بو هەولیر »

**گوران**

ئەی قژ زەرد ! ئەی بەژنو بالای کەلەگەت !
بو کز راوەستاوی بەرامبەری من ؟
بو دەستت ناوەتە ژیر چەنەی خەفەت .
لە عاستی دیمەنی دەربەدەری من ؟

ئەو چاوە کالانەت ، نیگای دەربەست بوون
لە بەر چی ئەگرنە گرفتاریی من ؟
سرنجت ، رووی دەمی پرس کردنی روون
ئەکاتە کەلەپچەی دەستی دیاریی من ؟

ئەبینم : پەپوولەی نیازی گفتو گو .
دوو دل راوەستاوە لە سەر گولی لیو ؟
ئاخ ، خوزگە هەل ئەفری ، ئەمزانی ئاخو
راسپیریی چی پییە بو گیانی پەشیو ؟

ئەی قژ زەرد بە بەژنی ناو دەرگا گرتووت ،
هەر وەکو پەیکەری شوخی خەمخواری !
مەلی بووم لە باخچەی هونەرا بی جووت ،
بو جوانیم ریک ئەخست شیعری دلداری !

پرشنگیک ئەگرنە نیگای گرفتار ،
نەم دیوە لە گومی بەر تریفەی مانگ !

پرشنگی نیگایەک کە لە رووی رووناک
هەل ئەستی‌و تیژ ئەکشی تا ناخی دەروون ،
کلپەی نوی ئەخاتە کوورەی عەشقی پاک
دەفری گیان لیپ ئەکا لە خوزگەی بەر بوون !

بەلام ئاخ ، دوو گاردی چاو لیم داپچراو
چەپ‌و راست وەستاون بوم دوشمنانە ،
کەلەپچەی لە دەسما تون گری دراو
نیشانەی ریگامە کە بو زیندانە !

هەر ئەوەم لە دەست دی ، هەتا ئەتوانم ،
ئا لەم هەلویستەدا هەل بە کار بینم ؛
وەک تینووی چاو لە ئاو بە کول بروانم ؛
ئەو چاوەی تیم بریت نەی تروو کینم ،

بو ئەوەی بتوانم لە پەردەی بیرم
نیگاری هەل کەنم شیوەی لیت بچی ؛
تا هەر چەن گازی گرت لە لەش زنجیرم
ئازارم سووکتر کا خەیالی کچی :

که شوخەو قژ زەردەو ، بالا ریکو بەرز
خەمخواری نەناسە وەک فریشتەی عەرز ! ..

---

### سەرەک عبدالکریم ئەلی

ئیمە بریارمان داوەو سورین لە سەر جی‌بەجی‌کردنی قانـون بەجوریك کە دادپەروەری بینیتەدی بو هەمووگەل ، قازانجی گەل‌و شورشمان لە بەردەمی خومانا داناوەو بە توندی روبەروی ئەو کەسە ئەوەستین کە بیەوی گالتە بە ئەمن‌و ئاسایش بکات‌و ببیتە کوسپ لە ریگای جی‌بەجی کردنی قانونا ... ئیمە هەموو هاونیشتمانیك بانگ ئەکەین فەلاح‌و خاوەن زەوی کە بە هـــەمو جوری لە توانایانا ببی یارمەتی لیژنەکانی زەوی داگیرکردن بدەن‌و هاوکاریان لە گەل بکەن بو ئاسان کردنی کاروباریان کە بەرهەمیکە لە بەرهەمەکانی شورشی گەل‌و سوپا ..

داوا لە هەمو فەلاحەکان ئەکەین کە بەردەوام بن لە ئیش‌و کاری کشت‌و کالیانا وەکو لەمەوپیش هەتا کاروباری دابەش‌کردن تەواو ئەبی ، چونکە دابەش‌کردن پیویستی بە ماوەیەك‌و پیویستی بە رەنج‌دان هەیە بو دیاری کردنی زەوی‌وزارو لیکولینەوەی پروژەی ئاودان‌و نیشتەجی‌کردنی لادی ..

ئیوە ئەی فەلاحەکان دلنیابن : حکومەتی جەمهوریەت کـــە لە خواستی ئیوەو خواستی هەمو گەلەوە پەیدابوە سورە لە سەر پاراستنی قازانجی ئیوەو جی‌بەجی‌کردنی ئاواتە کانتان .

(٢٧)

# ویژەو چینەکانی کومەل !

بویژ پیویستی بە دەرخستنی هونەرو پیشـــاندانی وینـــەی کاریکاتور هەیە ، لە نوسینو وەسفا ، پیویستی بە خەیالو داهینان هەیـە •

وینەگری کە وینەی سەوزەفروشی ، یا موچەخوری ، یـــا کریکاری ئەگری ، وەکو ئەوەیە کە نوسەری وەسفی یەکی لەوانە بکات • لەوانەیە وینەگر وینەی سەوزە فروش بگری بە هەمـــو جوانیەك ، بەلام ئەم وینەگرە بوە بە وینەگر بە بی ئەوەی سەیری زروفی کومەلایەتیو ژیانو خوورەوشتی ئەم سەوزە فروشە بکات ، واتە : ئەم وینانە هیچ ناوەروکیکیان نیە ، چونکە شیوەیەکی روشن دەربارەی چەشنی ژیانو راستی ناخاتە پیشچاو •

بەلام ئەگەر نوسەر توانی لە ناو سەدان ســـــەوزەفــروشو کاربەدەسو کریکاران چەن کەسی هەلبژیری، کە زیاتر لە خەلکیتر لە چینەکەی خویان خوورەوشتی چینایەتیو هەلسانو دانیشــــتنی کومەلایەتیو بیروباوەرو ئایینو چەشنی گفتوگوکردنیانی تیا دیاری بو، وە ئەگەر نوسەر توانی ئەم شتانە ببەستیتەوە بە یەکەوە ، ئەو کاتە ئەتوانین ناوی بنیین داهینەر (مبدع) ، وە بە کردەکەی ئەلیین : کردەیەکی هونەری •

واتە وردەکاریو لیکولینەوەی قولو ، قالبون لە بەسەرهاتو تاقیکردنەوەدا ، هیزیکی نەبراوە ئەدات بە نوسەرو ئەیکات بـــــە مروفیکی وەها کە میتافیزیکی (مثالیة) زال نە بی بە سەریا •

ویژەوانی راست پیویستە زور نزیك بی لە چینەکەیو لە گەل ئەو چەرخەدابی کە تیا ئەژی •

**« مەکسیم گورکی »**

# محتوم قولی

## شاعیری گەورەی تورکمانستان

له ژماره ۱۰ی سالی ۱۹۵۹ی گوڤاری
( سوڤیت لیتریچەر : الادب السوفییتی) یەوه
**وەرگیر : احمد عثمان ابو بکر**

بو ماوەیەکی زور دریژ ناوی ( محتوم قولی فراجی ) بزر بوو بوو له نیو ناوی شاعیره گەورەکانا وەکو ( فردوسی ) و ( سعدی ) و ( حافظ ) و ( نظامی ) و ( علیشیر نوائی ) ، ئەگەرچی ئەم شاعیره بەرزه یەکیکه له شاعیره گەورەکانی جیهان به وینەی راستیو تەواوی‌و رەگەزی شیعری • ئافەرین له دووزینەوەی ئەم شاعیره گەورەدا ئەگەریتەوه بو زاناکانی سوڤیەت •

سەدەی هەژده هەم ، که محتوم قولی‌ی تیا ژیاوه ، کاتیکی نایەسەندو پر ئاژاوه بوه بو گەلی تورکمانستان ، ۳۰ سال لەم چەرخه تی‌نەپەریبوو که نادر شای عەجەم هەلمەتی برده سەر گەلانی ئاسیا • ئەوسا خیله‌کانی تورکمان ئەمولانەوه له سەر چەقی ریبازی نادر شا که دای به سەر ( خوارەزم ) و ( بوخارا ) دا ، وه بیابانی ( قەره قووم ) به خوینی گەش ئاو درا ، وه دیهاتەکان سووتانو تالان کران • لەم کارەساتەدا دلسوزو پیشکەوتوەکانی تورکمان زوو هەستیان بەوه کرد که تەنها یەکیتی‌ی نیشتمانی ئەبیتە هوی رزگار کردنی گەل له مەترسی‌ی ویرانی‌و کاول بوون به دەست دەولەته دراوسی‌کانیانەوه •

دەس نووسی تومار کراوی زور کەم هەیه دەربارەی ژیانی

محتوم قولی • بگره زوریان تەفرو توونا کراون له کاتی سووتاندنی گوندەکانا • وه بو زانین‌و دیار کردنی ژیانی محتوم قولی تەنها دوو چرای ری روون کەرەوه هەیه ، ئەوانەیش شیعرەکانی محتوم قولی خوی ، وه هەلبەست‌و داستانی میللین •

محتوم قولی له نیوەی یەکەمی چەرخی هەژدەهەم ، له سالی ۱۷۳۳ دا له دایک بوه، له ناوچەیەکی پر دیمەنی جوان له خوارووی تورکمانستاناه خوی تازه ناسیبوو کاتیک که نادر شا ئاسیای به خوینی سوور پر ئەکردو ئاهەنگی سەرکەوتنەکانی ئەگیرا • خیلەکانی تورکمان که یەک ریز وەستابوون بو بەرگری‌و بەربەرەکانی‌ی دوژمن ، دووباره گەرانەوه سەر دووبەرەکی‌و بەرینگاری یەکتر بوون له سەر ئاوو پاوان • بویه محتوم قولی زوو به زوو هەستی به چاره رەشی‌ی گەله داماوەکەی کرد •

له هەلبەست‌و داستانی میللی دەر ئەکەویت که محتوم قولی هەر له منالی‌یەوه هونراوەی جوان جوانی دائەنا ، وه هونراوەکانی تەنها شیوەی گورانی‌و داستانی میللی‌ی نەگرتبوو ، بەلکو گەلیکی له سەر شیوەی شعر نووسرابوو •

باوکی محتوم قولی که ناوی ( دولت محمد ئازادی ) بوو وه شاعیریکی لەم کەم ناوبانگ‌دارتر نەبوو ، وه خاوەنی هونراوەی ئایینی ( ڤاگیز ئازادی ) بوو ، هەر له منالی‌یەوه کورەکەی فیری ری‌و رەوشتی زمان‌و ریز گرتنی شیعری کرد ، وه وەکوو له داستانه میللی‌یەکانەوه دەر ئەکەوی محتوم قولی خویندنی بەرزی ئایینی له قوتابخانەی ( شیر غازی خان ) له ( خیوه ) تەواو کردوه ، راستی‌ی

ئەمەش لەو هەلبەستەیەوە دیاری ئەدا کە مال ئاوایی تیا ئەکا لـــەو قوتابخانەیە • محتوم قولی خان لە خیوە فیری هونراوە دانان بوو ، وە شارەزای کتیبو نووسراوەکانی ماموستایانی گەورە ( ابو علی ابن سینا ) و ( بیرونی ) و ( خوارزمی ) بوو ، وە گەلیك لە شیعرە بەرزە فەلسەفی یەکانی هیندو عەجەمی خویندەوە کە بە ناوی ( بهیدیـل ) بوو ، وە فیری پیشەی پینەدوزیو ئاسنگەری بوو ، وە بە هوی ئەم پیشانەیەوە توانی هەستیکی باش بە ژیانی تالی زەحمەت کیشەکانی پایتەختی خوارەزم بکا •

کە گەرایەوە بو شارەکەی خوی ، خوی خەریك کرد بـــە کشـــتو کالو دەرس وتنەوە لـــە قوتابخانەو گەلی پیشەی تر ، وە لە پیش هەموویانا خەریکی شیعر دانان بوو ، ناو بانگی هەلکەوتویو بلیمەتی ی وەك ئاگرو پووش بلاو بوەوە بە گشت تورکمانستانا ، وە شیعر دوستەکان لە هەر چوار گوشەی ولاتەوە بە کومەل روویان کردە محتوم قولی وە گوی یان لە هونراوەی جوانی ئەگرت •

وا دیارە کە محتوم قولی زور حەزی لە گەرانو گەشتو دنیا دیتن بوە ، وە سەری لە ئەنەدولو گەلیك لە ولاتانی روژەلاتی ناوەراست داوە • هەروەها چوە بو ئستراخان وە شارەزای ژیانو زانستی رووسەکان بوە •

هەموو دەس نووسەکانی محتوم قولی ون بوون • محتوم خوی ئەم راستی یەی دەر خستوە لە پارچە شیعریکیا بە ناوی ( رەنجی بەر بادم ) ، بەلام چەند پارچەیەك لە هەلبەستەکانی ماونەتەوە ، وە چەند پارچەیەکیشی دوزراوەتەوە • پیش چەند سالیك زانایەکـی

تورکمان که ناوی ( قلیج مەولاییف ) ە نزیکەی دە هەزار دیر لە هونراوەی محتوم قولی‌ی پیشکەشی یەکیتی‌ی نووسەرانی تورکمانیا کرد کە هەندیکیان تا ئەو کاتە نەناسرابوون • باوکی قلیج ئەمانەی دوزیوەتەوە سواغ درا بوون لە دیواری بالەخانەیەکی کونا لە بوخارا کە خەریکی چاکث کردنەوەی بوون • دووزینەوەی ئـەو پارچـە هەلبەستانە تیشکیکی تازەی دا بە سەر ژیانی محتوم قولی دا ، چونکە میژووی ژیانی‌یان تیایە ، وە لی‌یانەوە دەرکەوت کە محتوم قولی تەنها پەنجا سالی نەژیاوە ــ وەکث ئەوسا ئەوترا ــ بەلکو زیاتر ، چونکە محتوم لە پارچە هەلبەستیکیا لەو هەلبەستانەی بە ناوی ( پیری ) باسی یادی شەصت سالەی لە دایکث بونی خوی ئەکا •

پاش ئەوەی کە بە پوختی لەم هونراوانە کولرایەوە، گەلی شتی نوی‌یان لی دەر کەوت • لە هەلبەستو داستانی میللی دەر ئەکەوی کە محتوم قولی بە دەردی دل مردوە ، ئەم نەخوشی‌یەشی لە خەفەتی ئەوەوە تووش هات کە ناکوکی رایەلـــەی ئەکرد لە ناو خیلـــە تورکمانەکانا • ئەمەش بە تەواوی دەری ئەخا کە تا چ رادەیەکث میللەتی تورکمان بە چاوی حورمەتەوە سەیری محتوم قولی‌ی ئەکردە محتوم قولی بە نیسبەت میللەتی تورکمانەوە تەنها شاعیر نەبوو ، بەلکو پیش هەمو شتیکث دەم راستی دلو دەروونو ئامانجیان بوو • ئەم ئامانجەش پاش مەرگی محتوم قولی بە سەد سال هاتە دی • محتوم لە گەلی پارچە هەلبەستیا بیزاری‌ی خوی دەرئەبری دەربارەی دوو بەرەکی لە ناو تورکمانەکانا ، بویە گەلەکەی بە قارەمانی یەکیتی‌ی نیشتمانی‌یان دا ئەنا • محتوم لە پارچە شـــیعریکیا بە ناوی ( مەلی

بەختیاری ) داوا لە تورکمانەکان ئەکا کەوا یەک بگرن‌و ببن بە یەک هوز •

هونراوەکانی محتوم قولی دل ساردی‌و تالی‌و هەستی نیشتمان پەروەری‌یان لی ئەتکی ، هەستی کەسێک بە تەواوی سەرچاوەی نەخوشی‌ی تورکمانستان تی‌گەیشتبی ، وە گەیشتبیتە ئەوە کە بو ئەوەی یەکیتی لە سەر بناغەیەکی پتەو دابمەزریت ، پیویستە پەیوەندی ژیانی خیلەکی لە بنچینە هەل کەنریت • ئەم شاعیرە بە باشی هەستی بە دەروونی دەولەمەندو هەناسە ساردی‌ی هەژارو خوارو خیچی‌و کونەپەرستی‌ی هەندی لە مەلایان‌و دل رەقی‌و تەماعکاری‌ی شیخەکان کردبوو ، وە بە تەواوی تی گەیشتبوو ئەگەر بیتو ئەم ستەمکاری‌یە کە ژیانی لە تورکمانستان تال کردبوو لە ناو نەبری ، هەر جورە تەقەلایەک بو بووژاندنەوەی سیاسی بی ئەنجام‌و فیرویە • بەلام ئەم نەی ئەزانی گیتی بە چ تەرحیک پیش ئەکەوی وە ئامانجی تاقانەی ئەوە بو گەل بزانی چاکە لە خراپە بکاتەوە ، وە چاکە لە خراپە چاکترە • وە باشترین هونراوەی بو ئەم ئامانجە تەرخان کردوە کە باری چاکەو خراپە روشن بکاتەوە • ئەگەرچی خوی خەیالی بوە بەلام میشکە کراوەو فراوانەکەی هەستی بەوە کردبوو کە لە ریگای پارانەوەو کرووزانەوەی بە کولەوە کەس بە ئامانج ناگات • بویە هونراوەی ئەمەندە پرە لە فغان‌و رو رو ، وە بی ئەندازە پر قین‌و ئازارە • بەلام ئەمە وا ناگەیەنی کە شاعیر بەر چاو تاریک بوە وە لە پیویستی پر نرخی ژیان ئاگادار نەبوە • ئەمە دوور بوو لە دەروونی ، بەلکو شاعیر بە کول ژیانی خوش ئەویست وە ژیانیکی ریک‌و پتەو

ئەژیا ، وە لای وا بو کە تەماشا کردنی گیتی بە چاویکی ســـووک داوایەکی پرو پووچە • هەناسە ساردیی ئەم نیشانەی سەنگینیی ژیانە ، وە نیشانەی ئەوەیە کە پیش مەرگە بوە بەرامبەر قورسیی ژیانی خیزانی کە تورکمانستان لە ژیر باریا ئەی نالاند • لەم روەوە محتوم قولی بە شانازییەوە ئەوەستی لە ریزی شاعیرانی ئازەربایجان وەک ( هجانی ) و ( فضولی ) کە دل ساردییان وینەی تەقەلایان بو بو خو پاراستن لە ناهەمواریی وەزعی ئایینی ئیسلام لە سەدەکانی ناوەراســتا •

محتوم قولی بەردەوام بە شاعیرو فەیلەسووف ناسراوە ، بەلام عەودالیی ئەم شاعیرە بو ورد بوونەوە هەلەی پی نەبرد بو عاسمانی حەوتەم ، بەلکو تواناو هیزی دەر ئەکەوی لە ورد بوونەوەدا لـــە گیروگرفتی ئەم جیهانە • هەستی بەرزی ئاشکرایە لە هونراوەیدا ، وەک هونراوەی تیبینیو گورانیو گالتەو گەپ •

وە لە بابەت ناوەروکەوە هونراوەکانی محتوم قولی گەلی چەشنی هەیە•فراوان ترینیان هونراوەی تیبینییە سەبارەت بە کویرەوەریو چارە رەشیی تورکمانییەکان ، وە دەربارەی رووداوە گرنگەکانی میژوو • هونراوە نیشتمانییەکانی زوریان بە شیوەی گورانی بوون تەنانەت هونراوەکانی دلدارییشی ئەگەریتەوە سەر نیشتمان پەروەری یـــەکیک لە نموونە بەرزەکانـــی هونراوەی نیشتمانیی ئـــەم شاعیرە پارچە هەلبەستی ( لە ولاتی بیگانەدا ) یە ، کە بە روروو فرمیسک ریژان ئەو راستییەی تیا دەر ئەبری کە مروڤ ئەگەر دەر بە دەر بوو نەک تەنها ولاتەکەی لە دەست ئەچی بەلکو لە هەمان کاتا هیزە

کوشندەکەشی پی ون ئەبیت ، ئەو هیزەی کە مروف ئەکات بـــە جەرگ‌و دەروونی گەلەکەی •

جگە لە چەشنی ناوەروک لە هەلبەستەکانی محتوم قولی دا ، هیزو تواناو هونەرمەندیشی بەردەوام بەرزو بالایــە • وە لــە پیش هەموویانا هونراوەی میژوویی‌و گورانی‌و سرووودەکانی ئیجگار بەرزن• سەبارەت بە گورانی‌و هونراوە دلداری‌یە بەرزەکانیشی محتوم قولی لە ریزی شاعیرە گەورەکانە وەک عمر خیام و فضولی‌و علی شـیر نوائی •

گەلی جار لە هونراوەی ئەم شاعیرانەدا وەصفی روژهەلاتی‌یانەی جوان ئەبینین وەک ( قەد باریکی وەک خەراتی ) و ( پەرچـــەم رەشی وەک ماهووتی ) و ( برژانگی وەک تیری نیو کەوانی ) بەلام محتوم قولی جار جار لەم ریبازە دەر ئەچی بو هەلبەستی وەصفی تایبەتی‌ی خوی کە لە ناو جەرگەی ژیان دەری ئەهینا •

هونراوەی گورانی‌ی محتوم قولی پرە لە هەناسەی هەستی مال ویرانی • مروف سەری سور ئەمینی لەو دەروونە ، لەو دەروونە بە کولە ، کە لە بنەرەتیەوە چنراوە بە داوی جگەر سووتان‌و بەزەیی بو ئەوجامی شورشی ئادەمیزاد • بویە گورانی یەکانی بی ئـەندازە بلاون لە تورکمانستان‌دا •

هونراوەی محتوم قولی کاریکی گرنگ ئەکاتە سەر شاعیرە کانی ئیستای تورکمانستان • شاعیری گەورەی سەدەی نوزدەهەم ( قمین ) جاریکیان بە ( مەلا نفیس ) ی هاوری‌ی وت : « گەل توویکی زوری گورانی‌ی چاند ، دوایی محتوم قولی هات‌و بەرهەمە گەیشتوەکەی

دوری‌یەوە ، جا چی بو ئیمە ماوەتەوە جگە لە ریچکە کردن لە پاوان‌و کیشە کردن‌و هەل گرتنەوەی چەند گولە گەنمیک ؟ »

تورکمانی‌یەکان هەرگیز یادی محتوم قولی‌یان لە یاد دەر ناچی، وە هەمیشە بە چاوی خوشەویستی‌و نمەك زادەیی سەیری ئەکەن وە سالەو سال ئەم خوشەویستی‌یە بەرزترو قوول تر ئەبیت •

---

**لە ئەدەبی چینی**

# ئیمە میللەتی چین

**وەرگیر لە ئینگلیزی‌یەوە :**
**ووردی**

– ١ –

ئیمە میللەتی چین
گەورەترین میللەتی زەوین
گەر فوو لە عەرد بکەین
یەکەمین گیژەلوکە لە میژوو پەیدا ئەبی
گەر قاچ لە زەوی بدەین
گەورەترین بومەلەرزەی لی پەیدا ئەبی
خو ئەگەر هاواریك بکەین
یەکەمین هەورە تریشقە ئەهینیتە دی
بەلام لە سەر ئەوەشەوە
نە هاوار ئەکەین
وە نە فوو لە عەرد ئەکەین
نە قاچ لە عەرد ئەدەین

چونکه ئاشتی‌و برایەتی هیوامانـــە

- ٢ -

## هەلسن ... هەلسن

هەلســن ...
ئەی ئەوانەی کە ناتانەوی کویلە بن
ئیمە ... بە ئیسقان‌و خوینمان
دیواریکی گەورەی تر دورســت ئەکەین
میللەتی چین لەم روژەدا
روو بەرووی گرنگترین کاتی ژیانی ویستاوە
هەموو کەسی لە ئیمە هەست بەوە ئەکا
کە پیویستی بە نرخی دواروژی گەل چیە
هەلسن .. هەلسن ... هەلسن
بو پیشەوە بە ملیونەها
بەرەو یەک ئامانج
نەبەزانە بەربەرەکانی لە گەل گوللەی دوژمن بکەن
بو پیشـــــەوە ...
بو بەربەست‌کردنی گوللەی دوژمن
بو پیشـــەوە ... بوپیشـــەوە ... بوپیشـــەوە

- ٣ -

## سوورە روژهەلات

ســـورە روژهــەلات
ئا ئــەوا روژ هــەلدیت

له چین ماوتسی تونگ دەرکەوت
ریگای خوشی‌و کامەرانی پیشانی میللەتمان ئەدا
رزگارکەری مەزنی گەلەکەمانـــە
ســـەروك ماو ...
ئەو سەروکەیە کە پیشانمان ئەدا
ریگەی دامەزراندن‌و دوروستکردنی چینی نوی
رەهبەرو پیشـەنگمانە ....
پارتی کومیونســـــت
وەکوو روژە
هەموو جیگایەك رووناك ئەکا کـە هەلبی
ئیمە لە دوا بەدوای پارتی کومیونست ئەروین
تا دوایی رزگار ئەبین
پارتی کومیونســـت وەکوو روژە

— ٤ —

## شینە ئاسمان

شینە ئاسمان لەو جیگایانەی کە هەور بەجی ئەهیلی
لە بن هەورە سپیەکان ئەسپەکەم تەراتین ئەکا
ئەو دەشت‌و میرغوزارە دەنگ ئەداتەوە
لە گەل چرقەی قەمچیەکەم
بە هەزاران مەل بە ئاسمان دیخی
گەر یەکی لی‌ی پرسیم ئیرە کوی‌یە ؟
بە شانازیەکەوە وەلامی ئەدەمەوە :

« ئیره نیشــــتمانی ئیمه‌یه »
« لیره گه‌ل ئاشـــتی ئه‌وی »
« نیشتمانی ئه‌وی تا دوا هه‌ناسه‌ی ژیان »
لیره گورانی ژیانی نوی‌یان ئه‌لین
لیره سرودی پارتی کومیونست ئه‌خوینن
ئه‌ی سه‌روک ماو !
ئه‌ی پارتی کومیونســـت
ئیوه‌ن به خیوکه‌ری پیش‌که‌وتنمان
له ده‌شــــتی
له ناو پاوان
هـــه‌لدی
ئه‌و روژه‌ی
که هه‌رگیز ئاوا نابی

---

## ســـوپاس

کاک رحیم رضا خاوه‌نی کوگای ( کاوه ) له چه‌مچه‌مال ، نموونه‌ی فروشیاری دلسوزی ( هیوا ) یه • هه‌رچه‌نی بو ئه‌نیرین له هه‌ر ژماره‌یه‌ک که ده‌رئه‌چی زوو به زوو ساغی ئه‌کاته‌وه‌و بـــی ئه‌وه‌ی له باتی‌ی فروشتن هیچ له پاره‌که‌ی گل بداته‌وه ده‌س به‌جی بومان ئه‌نیریته‌وه •

پر به دل سوپاسی ئه‌که‌ین ، وه هیوامان وایه نموونه‌ی زور بی•

## مروڤه به ناوبانگه‌کان

# هوشی منه

وه‌رگیر له عه‌ره‌بی‌یه‌وه
عه‌لی به‌رزنجی : که‌رکووك

هوشی‌منه له ۱۹ی ئه‌یاری ۱۸۹۰ له دایك بووه له دی‌ی (کیم‌لین) له ناوه‌راستی « فیتنام »

هوشی‌منه دانه‌ری پارتی کومونیسته له هیندی چینی وه یه‌که‌م سه‌رکوماری فیتنامی دیموکراتی‌یه .

له سالی ۱۹۱۳ وه تا سالی ۱۹۱٦ کریکاری پاپوره بازرگانی‌یه کانی فه‌ره‌نسه‌و بریتانیا بوه .

له سالی ۱۹۱٦وه هه‌تا ســـالی ۱۹۱۹ هاتوچوی ئه‌کرد بـــو ئینگلته‌ره‌و ئه‌مریکاو فه‌ره‌نسه .

له کاتی به‌ستنی کونگره‌ی ئاشتی له فه‌رسای ســـالی ۱۹۱۹ هوشی‌منه یادداشـــتیکی نارد بو ئه‌و کونگره‌یـــه تیایـا داوای جی‌به‌جی‌کردنی سه‌ر به‌خویی گه‌لانی هیندی چینی ئه‌کرد ، له‌و کاته‌وه ناوی بلاو بویه‌وه له هه‌موو ناوچه‌کانی فیتنام .

هوشی‌منه روژنامه‌یه‌کی له پاریس ده‌رکرد ئابروی ئیمپریالیزمی فه‌ره‌نسه‌ی تیا ئه‌برد .

له ماوه‌ی ۱۹۲٤ وه ۱۹۲٥ یه‌که‌م ریکخراوی شورشگیری له فیتنام دامه‌زراند له ژیر ناوی ( پارتی لاوانی شورشگیری فیتنام ) .

له ۱۹۲۷ ـ۱۹۲۹ له ئه‌وروپاو ئاسیا ئه‌ژیا له گه‌ل ئه‌وه‌شـــا

پەیوەندی هەر مابوو لە گەل ریکخراوەکەیا لە هیندیچین •

لە سالی ١٩٢٩ دادگا ئیمپریالیزمییەکانی فەرەنســە حوکمی خنکاندنی هوشیمنەیان دا ، بی ئەوەی خوی لەوی بی : (غیابیا) •

لە کانونی دوهەمی ١٩٣٠ هەر سی ریکخراوە کومونیستەکان یەکیان گرتو (پارتی کومونیستی هیندیچینی) یان پیك هینا •

لە سالی ١٩٣١ لە هونگونگ بەند کرا لە لایەن پولیســـــی بریتانیاوە دوو سال لە بەندیخانە مایەوە •

لە سالی ١٩٣٩ گەرایەوە بو فیتنام وە پارتی کومونیست هیزەکانی یەکی گرتو تیکوشانی یەکی گرت لە گەل ئەو پارتانەدا کـە تـی ئەکوشـــان بو سەربەخویی فیتنام ، وە بەرەی ئـەم پارتانـە ناونرا (فیتمین) ، هوشیمنە هەل بژیررا بە سەروکی ئەو بەرەیە •

بە تیکوشـــانی بەردەوام روبەروی داگیرکەرە ژاپونییەکانو فەرەنسییەکان ، هیزی سوپای چەکداری ئازادکەر ( قوات جیش التحریر المسلحة ) بەشیکی زوری لە فیتنام ئازاد کرد ، بە تایبەتی ناوچە شاخاوییەکانی فیتنامی ژووروو •

لە ٢٥ی ئاب ، دوای سەرکەوتنی شورشی ئاب حکومەتیکـی ناوچەیی دامەزرا بە سەروکایەتی هوشیمنە •

لە مارتی ١٩٤٦ ئەنجومەنی نیشتمانی هوشیمنەی هەلبژارد بە سەرکومارو سەرەك وەزیران •

لە مارتی ١٩٤٦ ئەنجومەنی نیشتمانی هوشـیمنەی هەلبژارد بو گفتوگوکردن لە گەل فەرەنسەدا ، وە دوو ریکەوتن (اتفاقیە) ئیمزا کرا لە لایەن هەردوو لاوە لەم ریکەوتنانەدا فەرەنسە دانی نا بە مافی

سەربەخویی فیتنامی دیموکراتی‌دا •

بەلام لە سالی ١٩٤٩ ئیمپریالیستە فەرەنسی‌یەکان دەستیان کرد بە شەرفروشتن ، وە گەلی‌فیتنامی قارەمان هەر لە ژووروووی وولاتەوە تا خوارووی وولات بە سەروکایەتی‌ی حکومەتی فیتنامی دیموکراتی ، کە هوشی‌منە سەروکی‌بو ، بەربەرەکانی‌ی داگیرکەران‌و شەرفروشانیان ئەکرد •

لە سالی ١٩٥١ ( پارتی لاولادونگ)ی فیتنامی پیك هات بو تەواو کردنی ئەو ئیشانەی کەوتبوە سەر ئەستوی پارتی کومونیست ، وە هوشی‌منە هەلبژیررا بە سەروکی ئەوپارتە • بە سەروکایەتی‌ی ئەو پارتە تازەیە بەرەی نیشتمانی‌ی فیتنامی یەك‌گرتوو پیك‌هات لە ژیر ناوی (لین‌فیت)، وە هوشی‌منە هەلبژیررا بە سەروکی ئەو بەرەیە•

لە سالی ١٩٥٤ جەنگی نیشتمانی کوتایی پی‌هات بە سەرکەوتنی گەلی فیتنامی قارەمان دوای ٩ سال جەنگی مەرگ‌و ژیان •

لە هاوینی ١٩٥٥ هوشی‌منە بە سەروکایەتی‌ی نوینەرانی حکومەتی فیتنام چوو بو سەردانی چینی میللی‌و یەکیەتی‌ی سوفیەت‌و مەنغولیای میللی •

هوشی‌منە لە سالی ١٩٥٧ سەری‌دا لە کوریای دیموکراتی‌و چیکوسلوفاکیاو پولونیاو ئەلمانیای دیموکراتی‌و یوگوسلاوی‌یاو ئەلبانیای میللی‌و بولگاری‌یاو رومانیاو هەنگاریا •

لە بەهاری ١٩٥٨دا سەری دا لە هیندو بورما •

ئەمەبوو یەکی لە مروڤە بەناوبانگەکانی جهان «هوشی‌منە»

# وینەیەك لە ژیانی رابوردوی قادرکەرەم

**« پشکو »**

ئەی قادرکەرەم لانەی منالیم !
توماری ژینی گشت خوشیو تالیم
جیی یارو هاوریو کەسو موحەبەت
ژیانی سادەو بی ئـەرکو خەفەت
یادی مەلوەندی منالیو لاوی
یادی خوین گەرمیو خەیالی خاوی
یادی سەیرانی سەرپالو لیوچەم
بەهارو هاوین دور لە خەمو تەم
چەمی « باسەرە »و تا فگەو ناوروانی
لە «گومە گەورە » بو مەلەوانی
وینەی پەلکی یار خەم خەمو پیچ پیچ
یاوەك تیرەمار بکشی پیچاو پیچ !!
سالی دوبەهار لەم چەمە جوانـە
بەهاری دوهەم کە هاوینانـــە
ئەم بەرو ئەو بەر سەوزیو بیســتانە
کالەکو شـــوتیو گولو رەیحانە ..
کە پرکەی بیستان سەرتەرز پیکاچوو
بەر لە سایەدا لە مەمك ئەچوو
وینەی دلداران لە باوەش یەکدا
سینەو مەمك چەسپ قول چوو بە یەکدا

گەلا کەوای سەوز گول‌گولی زەردی
ئاو لیوی تەڕەو سەدەفیش بەردی

★ ★ ★

بەهار سەیرانی «بیلان»و « کورە »
« بانەژریژە »و « زیخال » بە نورە
لە « گاوگرو »وە سەرەتای بەهار
تا باران‌بران هەوارەو هــەوار
لە هەوارەکان « زەنگنە»ی بەرچاوتیر
لە « ئیمام عەباس » یا لە « بەر تاویر »
راوە « سویسک » و « ستک » پیکەوە
تەلانەو تەلان جووتە جوی کەوە
« بایە فەسبەرە » نمونەی جاران
بە سەدان داری پر بەری «قەزوان »
نمونەی ئەوەی ئەم کوردستانە
تا قادرکەرەم هەر دارســــتانە
کاتی کە دەستی بیگانەی تی‌هات
وکو کوللە زەرد کردی بە نەهات
هیشتاش تاکو جوت کەوی لی مابو
قاسپەی ئاوازی ئازادی تیا بو
راوە وەلەگ‌و ئاسکە لەم هەردا
کورگەل وەك بەهرام لە دەستو بردا
هەوا پربونی گول‌و « گولەکە »

میگەل تیرو پر بەلەك بەلەکە
لە ناکاو تاوی بارانی بە تاو
شیوو چەمو چول پر ئەبوو لە ئاو
ئیمەش لە راوا لە پاریز داماو
ئاگا لە هەورو لە باران نەماو
تا لە پریکا ئەی‌کردە نالە
ها بکەونە خو دەی بە چوارنالە
هەردەو سورکی خلیسكو خزی
چستو چالاکی ئەخستە کزی
سا بە هەلسو کەوت تا رەش مالەکان
هەندی پی‌خستو لە دواوە ئەمان
کەیبانو دەستەو سینە بە هاوار :ــ
رولە خیراکەن بو سایەی دەوار
زوو زوو دەی ئاگر «بایەف» بە باوەش
سەرکوانووئەخرا بلیسەو حەو جوش
تەر دائەکەنراو وشك لە بەرئەکرا
جار جار کراسی کچمان پی ئەبرا
وینەی کەرنیقال دیمەنەگورە
یەکی بەرگی کورت ئەوی کە شورە
شەوانی هاوین بە مانگە شەوان
مەجلسی گەرمی ئاشناو میوان
لە سەر ئاویری دەوری حەوزەکە

بەریز رەعناو گیا لە گیا سەوزەکە
ســــیررەی سەماوەر قوری هەشتەرخان
قەتارو خاوکەر بەستەی «خەرامان»
بەین بەین « الا الله »ی شیخو دەرویشان
سوزی دیوانەو ســەلەوات لیدان
یاخود دەفزەنی دەنگ‌خوش‌و دل‌تەر
شیعری «خادم»و «صافی» گشـــت لە بەر
«خادم» ئەو شیخە شــــوخە روو خوشـــە
خاوەنی سایەو پایەو پرر هوشـــە
لە ســــایەی ئەوا هەمو شــــادمان
زبانی شــــیرین ، لوتفی بی پایان
خادم بی تاپوو بی خەزنەو مالات
ئەو کاتە خەرج بو ئەوەی بوی ئەهات
بی‌کینەو دلپاك خیر خوای خەلك بوو
پاك‌و بی‌ریا ئازاو بە کەلك بوو
دایم ژیانی بە خوشی ئەویست
روو خوش‌و تەرر پوش ترشی نەئەویست
سادەو بی هەوا لە ناو کومــەلا
بژیو نەك تەمەل بە هەموو هــەلا
ئەو وینەی خور بوو ئیمەش سایە بووین
بو کوی بچوایە پیکەوە ئەچووین
بو «قەلا میکاییل » بو «قەرە چیوار »

بو راوه ماسیو سەیرانی ناو دار
له ناو باخەکان جوگاو حەوزی ئاو
شنەی بای فینک سـیبەری تەواو
کورو کورەزاو خالوزاو پورزا
له هاوسیو هاوری لاوانی ئازا
دەنگ خوشو دەفزەن هەمو نیکتەباز
گورانیو یاریو یەکبازو سیباز
تازه هەل ئەچووین هەر یەك خەیالی
هەر یەك گیرودەی داوی چاوکالی
بەو سوزه پاکەی شاراوەی دەروون
سەربەستو بیباك له بوونو نەبوون
فریشتەی ئاشتی ئاگادارمان بوو
هەموو شـت هەرزان ژیان ئاسان بوو
گەزی ده فلس شـالی کوودەری
شـالسـتون فەلاح ئەیکرده بەری
هەرزانو تالان ئـالو والای جوان
مالی لادییی کارخانەی چاپان
کیبوو که نەیبی دەستی له مالا
بەرگی پاكو جوان بو شاییو هەللا
تا له ناکاوا گوورگانی فاشـیست
پەلاماریانداو فریشـتەیان خسـت
گیانی نازداران هەرزانو تالان

نانی جوو زەرات گران وەك دەرمان
جەنگی دووهەم بوو زور ناکەم باسی
گونیەو خیوەت بوو ، گەلیك ، کراسی
* * *
ئەی فریشتەکەی ئاشتی پاكو جوان !
ئەی دلسوزەکەی گەلانی جیهان !
ئاگادارمان بە ، نابی جاری کە
گورگ هەل دەس بخاو لە یەکمان بکا
ئیمە سەربازو پاسەوانی توین
لە گەل دووژمنتا هەموو خوینە خویین
ملیاریك سپیو رەشو زەرد وەك یەك
هەموو ئامادەو ووریاو پرر لە چەك
چەکی سوفیتی کە کەوتە ژور خور
بو کەلکی مروف نەك بو شەرو شـــور
ئاشتی ، ئازادیو ، شادی ژیانە
لە کیلگاو کارگاو لە قوتابخانـــە
قاقای پیکەنین ساوای تیرو پرر
بەرگی شوخو شەنگ خوشیی کچو کور
سازو ئاوازە نازو نیازە
بەختیارییەو جیهانی تازە
بیکاری نەمان ، نەخوشی بران
بەرەو ئاسمان ! بە هەرزان گەران

(٤٨)

# زەردەشـــت

« ژیانی گەورە پیاوان ، بە یادمانا دینی کە لە
تواناماناهەیە ژیانمان بەرز کەینەوە ، وە لە کاتیکا
ژیان بەجی ئەهیلین ، شوین پی‌ی ( چاکی‌و خراپی )
مان لە سەر خولی زەمان بەجی ئەهیلین •• »

**ـ لونگفیلو ـ**

پیاویکی وا دانا ، کە بتوانی لە چەند سەد سالیک پیشی لـــە دایك بون ، میللەتی نەفام ، کە لە دەوری « رق‌و شیوعی بدائی » دا ژیابن •• بەرەو روی چاکەیان بەریت •• جی‌ی شانازی‌یە •• ئەو پیاوە ریك خەرە ، دلسوزە ، دانایە ، زەردەشت بوە •• لە لـــە دەوری ٦٦٠ی پیش لە دایك بون هاتوەتە سەر روی زەمین •• لە روژاوای ئیستای ئیرانی شا ، لە ئازەربایجان ••

هەر کە چاوی بە ژیان کەوتوە ، رویەکی لە خو بە دەری هەبوە ، لە گەل لە دایك بونیا ، بە دەنگیکی بەرزی بەرز پی‌کەنیوە ، لە باتی‌ی ئەوەی وەك منالانی تر بگری •• وە بەم پیکەنینە شـــەرو ناخوشی لە مالیان دەر کردوە •• وە زەردەخەنەی خوای ئاشتی بە مالیانا پژاوە •• کە شا بەمەی زانی ، ئەترسا کە لە دواروژا تەختە شلوقەکەی بخاتە چالی گور بە گوری‌یەوە • هەر لە بەر ئەوە داوای کرد بە خەنجەر سەری برن ، بەلام ، خەنجەرەکە لە دەستی سەر بر نەنیشتە سەر ملی •• کە دەستی وشك بو ، تورەیی شـــا زیاتر کلپەی کرد •• داوای خستنە ناو ئاگریکی زور بە گری کرد •• بەلام لە گەل تیا فری دانی ئاگرەکە دامرکایەوە •• شا نەی ئەزانی

خوای « ئەهرمزدا » ئەی پاریزی ••

لە بەر زیرەکی ، باوکی ، لە تەمەنی حەوت سالی‌یا ماموستایەکی بو گرت •• فیری زانیاری‌ی بکا ، بەلام ئەوەندەی پی نەچو ، هەرچی ماموستاکە ئەی‌زانی پی‌ی وت ، وە نیشانەی پیغەمبەری‌ی لیوە دەر ئەکەوت•• زانایی‌و دانایی‌یەکەی•• لە ناوچەکەیا دەنگی دا بوەوە•• لە ۱۵ سالی‌یا روی پیاوەتی‌ی لی نیشت ، وە لە بەر چاو تیژی‌و پیاو چاکی‌ی خوی ، باوکی هەندی لە زەوی‌یەکـــەی خوی دایـــە سەرپەرشتی‌ی بکا •• وە لە ژیانیا ۳ ژنی هینا ، کە هەتا ، پاش خوی هەر سیکیان مابون •

کە گەیشتە ۳۰ سالە ، بریاری دا کە پیویستە بیر کاتەوەو میللەتە دوا کەوتوە نەفامەکەی پیش خات ، وە لە بەر ئەوە پیویستی بە بیر کردنەوە هـــەبو بو فیر بون •• روی کردە کیوەکانو بە تەنیا بیری لە ژیانی ولاتەکەی ئەکردەوە •• چاوی بە ئاوو بالدارو گیان لـــە بەرانو روژو مانگ‌و ئەستیرەکان ئەخشاندو ئەی کردنە بەلگە لـــە بیر کردنەوەیدا •

ئەوەندەی پی نەچو ، شورشیکی بە هیزی بەرپا کرد لە نـــاو کومەلەکەیا بەرامبەر خوو رەوشتی ئەوساکە •• وە نەک هەر بوە ریکخەریکی گیانی •• بەلکو بووە ماموستایەکی کومەلایەتی‌یش •• وە ئەوەی بە بیریا ئەهات لە بارەی « باسی گیانی » گەلیکیان بونـــە بنچینەی ئاینەکانی ئاسمانی •• بروای بە بەهەشت‌و زیندو بونەوەو قیامەت هەبو •• شەیتانی بە خوای شەر دانا بو •• وە ئەی خستە

روی. گەلەکەی کە هەر « حەفو خیر » بە سەر ئەکەون •

وە ئەوەی لای پیویست بو ، بپەرستری ، چوار شت بو ••
خولو ئاگرو ئاوو روژ •• وە پەرستنی هەر یەکیک لەوانە ، لە بەر
هویەکی بنچینەیی ئـەوساکە بو •• ئاگری بویە ئەپەرست •• چونکە
ئەی زانی « ئامانی نیە » وە ئەو باوەڕەدا بو کە ئەگەر هاتو پەرستی
ئەتوانی کە لە شەری خوی لا دا ••

وە بو بلاو کردنەوەی ئەم ئایینە تازەیەی کەوتە گەران بـــە
شارانا •• وە ئەچوە هەر لایەک خەلکیکی زوری دوای خـــوی
ئەخست •• وە لە ماوەیەکی کەمدا توانی روی کومەلە بەسراوەکەی
بکاتەوەو خوای شەرو ئاشتی‌یان پیشان بدا •• وە بەم چەشنە خەباتە
**٧٧** ســـــالی بردە ســـــــەر •• لە ســـــالی **٥٨٣** ی پیش لە دایک
بونی عیسی دنیای بە جی هیشت •• بەلام تاکو ئیستاش هەندی لـــە
هیندی‌یەکانو بەشیکی کەمی ئیرانی ، بروایان بە ئایینەکەی هـــەر
ماوە ، « ئایینی زەردەشتی » وە هەتا ئایینە ئاسمانی‌یەکانیش نەیـــان
توانیوە کاریان تی بکەن •

ئەوەی لەم باسەو باسی ژیانی پیغەمبەرەکان بومان دەرئەکەویت،
پیش هەمو شتیک ریکخەریکی کومەلایەتی بوون ، وە گەلیکیـــــان
سودیان لە بیروباوەری ئەوەی پیشیان وەرگرتوە ، کە ئەتوانین بلیین
بونەتە زنجیرەیەکی بەیەکەوە بەسراو ••

**کاکە مەم فەخری**

## نامەیەك

بەغدا : ئاسو

ئـەو نامەیەی درانت
ســـــوزی دل بو
زور بەکول بـــو
هەســتی دەرونی پرجوشم
منالی بــو
جگەر گوشـــــم
بو تاســـــانت

* * *

نامەیە بو ملوانکەیــە
بە ووشەی کوردی هونراوە
لە هەر باخی گولیکی جوان
کردمە چەپکیکی رازاوە
بو یاقوتی ملوانکەیە
بو ئەو سینگە نەرمو خاوە

* * *

دەنکی مورووی دەرەوشەدار
لە فرمیســـکی ئەستیرەکان ••
ســەر چیمەنی بەرخورەتاو
بو ماچیکی گەردنی جوان

تامەزرویە ، پڕ تاسەو تاو

* * *

بە تالی تیشـــکی زێرینی
خوری دەمکــەلی ئێوارە
جوانتر لە ئاســوی رەنگینی
ئاسمان کە کاتی بەهارە
ملوانکەیەك هونیمەوە
نەءء نامەیەك ، نوسـیمەوە
بـو بچرانت ؟
بـو درانت ؟

* * *

بە پیروزی خوشـەویستی
شەونخونی دلبیماران
تاسـەی دلداری لیك براو
دلە لەرزیی کاتی ژوان[1]
بە مووچرکەی کامەرانی
ناخی دەروونی دلداران
سوزی ناسکی پڕجوشی
ئەو نەمامانەی تیك ئالان
ســــویندم دایت تا دلەکەت
بتەقی کاتیی بەزەیی

---

(١) ژوان : موعد ، بەلین

بیخوێنیتەوە نامــەکەم
ووشە ، ووشە ، بە شینەیی
نامەکەم بوو ، وا درانت
دلــەکــەم بوو ، بو ژاکانت ؟!

* * *

ئەو نامەیەی کـــە درانت
رەوانم بــوو ،
ژیانم بــوو ،
هەوێنی ژینو مانــم بوو ،
لــە گورت نــا ،
بو فــەوتانت



لەو ئافرەتانەی کە نامرن :

# لیلو هیرمان

## ئەودایکە بیدەنگەی کە خوی گرت لە بەر دەمی ئازارو سزای هیتلەری‌یەکانا

ئەلمانی‌یەکان چ لە بەشی روژەلاتی ئەلمانیاو چ لە بەشی روژاوایەھەرگیز ئافرەتی خەباتکەری سەرسەخت ( لیلو هیرمان ) یان لە یاد نەچوەتەوە کە لە پیناوی سوودی میللەتی ئەلمانو رزگار بوونیا لـــە حوکمی فاشستی‌یانەی هیتلەری‌یەکان تی‌ئەکوشا٠٠لە هەموو لایەک باسی ( دی ئەرستە رایە ) و یادی روژەکانی حوکمی نازی‌یەکان ئەکەنەوە ٠٠ وە ناوی ( دایکو ئافرەتی بیدەنگی خو گرتوو ) یان ناوە لەو ژنە کە ئافرەتیک بوو هەرچەند پولیسەکانی هیتلەر سزایان ئەدا ئەو ورتەی لە دەمەوە نەئەهات ، یەکی بوو لەو ئافرەتانەی کە چەتەکانی هیتلەر گرتبوونیان ، چونکە سەریان بو بیری شــــــەرو ئیمپریالیستە ئەلمانەکان شور نەئەکرد ٠

هیرمان لە شاری ( بەرلین ) لە دایك بووە ، باوکی ئەندازیاریک بوو زوری خوش ئەویست ٠

لیلو حەزی لەوە بوو کە عیلمی کیمیاو گیان لە بەران بخوینی ، لە بەر ئەوە چووە بەرزترین خویندنگاکانی ( فرانکفورت ئم ماین ) و ( شتوتغارت ) و ( بەرلین ) ٠ لە فەرانکفورت ناسیاوی‌ی لە گەل قوتابی‌یە سوسیالیستو کومونیستەکان پەیدا کرد ، وە چووە پالیانو

دەسی کرد بە ئیش کردن لە گەلیان ، لەو ماوەدا بوی لوا کە کتیبە زانستی‌یەکان ، وە بە تایبەتی کتیبە مارکسی‌یەکان بخوینیتەوە • زور بە گەرمی‌و ئەهمیەت پی‌دانەوە خەریکی خویندنەوە ئەبوو ، وە لە یەک کاتا دەرزەکانی خوی‌و علمی سیاسەت فیر ئەبوو ••

لیلو هیرمان هەرچەند لە خیزانیکی بورژوازی‌ی خاوەن ری‌و شوین بوو ، بەلام ئەمە نەبوو بە کوسپ لە ریگای ئەوەدا کە خەباتیکی سەرسەرختانە بکا بەرامبەر بە خو ئامادە کردن بو شەر ، وە لە گەل خەلکی ترا تی بکوشی بو دوور خستنەوەی تاپوی بەسامی جەنگ • دەسیکی باشی هەبوو لە وینە گرتنا ، کەلکی لی وەرگرت‌و وینەی وای ئەکیشا خەلکی بانگ ئەکرد بو خەبات بەرامبەر حوکومەتی جەنگ‌و ویرانی •

لە سالی ١٩٣٣ دا لیلو یەکیک بوو لە قوتابی‌یەکانی زانستگای بەرلین • ئەو کاتە لە گەل هاوری‌کانیا بە ئاشکراو گەرم‌و گور تی‌ئەکوشا ، نە لە قوتابی‌یە فاشستی‌یەکان ئەترسا وە نە لە کار بە دەستان •• فاشستەکان وەک چەتەو سەرسەری‌ی ناو کولانان بە زور رایان ئەکیشایە سەردابەکانی زانستگاوە ، ئەوەندەیان لە قە لی ئەداو ئەیان کوتا تا خوین لە لەشی بازرەقەی ئەبەست •

بەلام ئەم کردەوە توقینەرانە هیچ لیلوی شل نەئەکرد ، بەلکو باوەری بەتین‌تر ئەکرد بەو ئامانجەی کە هەولی بو ئەدا ؛ وە بەوە کە پیویستە هەمیشە ئیش بکری‌و خەلکی نیاز پاک کو بکرینەوە بو تی‌گەیاندن‌و رزگار کردنی میللەتی ئەلمانیا •

« ئەم حوکمە فاشستی‌یەی ئیستا مانای چی‌یە ؟ »

بەم ناوو نیشانە ، لیلو هیرمانو هاوری‌کانی بانگیکیان نوسی ، قوتابی‌یانی زانستگاکەیان تیا هان دا بو هاوکـــاری‌و ئیش کـــردنو وریایی لە یاسای رەشی توقاندن کە لە پشتی کومپانی‌یە قورغ‌کەر (احتکاری) ە کانەوە خوی داگرتبوو •

بو سبەینی ئەم بانگە بە تەختەی ( بو زانین ) ی زانستگـــای بەرلینا داکوترا •• بەریوەبەرایەتی‌ی زانستگا بە جاریک رقو کینەی بزووت •• بریاریکی نالەباری دەرکرد ، وە فەرمانی دا کە لیلو لە زانستگا دەربکری هەرچەند لە قوتابی‌یە پلە بەرزەکانیش بوو ! لیلو ئەمەی زور لا گران بوو وە دەروونی بریندار کرد ، لە بەر ئەوە ناچار بوو خوی بشاریتەوەو بە نهینی دەس کا بە ئیش ، ناویکـــی خواستەمەنی‌ی بو خوی دانا ، وە لە گەل نیازپاکانا کەوتە کار ، بەیان نامەی لە چاپ ئەداو بە مالو گـــــەرەکو کارگانـــا بلاوی ئەکردەوە ، هەتاوەکو هەندیکیشی ئەبردە زانستگاکەی جارانـــی خوی •

پولیسی « ئیس ئیس » ی هیتلەری لە هەموو کونو قوژبنیکی بەرلینا بە دوایا ئەگەران ••

ئا لەم وەزعە ئالوزە بەســــــامەدا ، لیلو « ڤالتەر » ی کوری لی کەوتەوە ••

لیلو کە سەیری ڤالتەری ئەکرد وای ئەزانی هەموو ساوایانی گیتی لە دەوری خر بوونەتەوە ، سەیر کردنی پر خوشەویستی‌ی خوی دابەش ئەکرد بە سەر هەموو یاناو ئەگەرایەوە سەر ئیشـــە سیاسی‌یەکەی •

لیلو هیرمان ناچار بوو که ئەم کزەی جەرگەی خوی بداتــە دەس باوکو دایکی لە شاری شتوتغارت ، چونکە سیخورەکانی ئیس ئیس لە هەموو لایەکەوە خویان بو ملاس دابوو ، ئەمیش ئیشەکانی ئیجگار زور بوو •

لیلو سەری لە چەند شاری ئەلمان ئەدا ، جاریک لە خوارووی ئەلمانیاوە کو بوونەوەی گشتیی پیک ئەهینا ، جاریکی تر لە « فرتن بریج » یا لە « بودن زی » هـــاوواری ئەکردە کریکارەکـــانو کوبوەوەکانی ترو بانگی ئەکردن بو ئیش کـــردنی یەک خراوی ریکو پیک ، بو دوور خستنەوەی تاپوی جەنگو تیک شکاندنی چەکی ویران کەر ، وە بو دروست کردنی پاشە روژیکی باشتر کە ئاشتیی تیا حوکمران بی •

لە کانوونی یەکەمی ۱۹۳۵دا پولیسی هیتلەر « لیلو هیرمان » یان گرت • کە بردیانە بەردەم « لیکورەوە » کان ویستیان بە زور وای لی بکەن کە « پی لی بنی ! » بەلام ئەو وەک شاخی سەخت لە روویانا وەستاو ورتەی لە دەم نەهاتو وەرامی نەئەدایــەوە ! ئیس ئیسو لیکورەوەکان هەموو هویەکی سزا دانیان بە کار هینا بو ئەوەی پی لی بنی •• پولیس هەموو روژی لە سەردابەکانی سزادانا « سەریان لی ئەدا » •• هیچیان لی نەئەویست ئەوە نەبی کە پی لی بنیو تەلیسمی شفرەکانیان بو بکاتەوە •• بەلام ئەو بی دەنگ ئەوەســـتاو خوی ئەگرت ••

کە پولیسەکانی هیتلـــەر بەزین لە روویا دایان بە « دادگا » دادگایش لە هاوینی ۱۹۳٦ دا حوکمی خنکاندنی دا ••

(٥٨)

بەلام لەو کاتەدا ئەو حوکمە جێبەجێ نەکرا ، لیلو هیرمان دیسانەوە بە تەنیا خرایەوە ژووریکی بەندیخانە ..

دیسانەوە لیلو هیرمانی بە باوەڕ بە گەل ، لە رووی هەموو جورە شیوەکانی ئازادانی گستاپوو ئیس ئیس دا خووی گرت ، بە سەری بەرز وەک پولا مایەوەو پی‌ی لە هیچ نەنا ..

پولیسی هیتلەر ، پاش « بیر کردنەوە » پیلانیکـــی دوزەخی‌و شەیتانانەیان هات بە بیرا : ویستیان کەلک لە « کور » ەکەی لیلو وەربگرن ، بو ئەوەی کار بکەنە سەر هەستی دایکانەی ئەو ئافرەتە تیکوشەرە !

لیلو لە زیندانە تەنهایی‌یەکەی‌دا بیری لە جیهانی رووناکی‌و لە هاوڕی‌کانی‌و لە خەلکی نیاز پاک‌و لە ڤالتەری کوری خوشەویستی ئەکردەوە ، کوتوپڕ گوی‌ی لەم هاوارە بوو :

« دایە .. دایە .. بی بمە بو لای خوت » ! ئەم دەنگە وەك کارەبا بە هەموو گیانی لیلوی دایکا کشا ...

کی بی هەست بە هەستی ئەو کاتەی لیلو نەکا ؟ . ( کورەکەی ) بانگی ئەکا .. کزەی جەرگەکەی لیرەیە !

بەلام هەر بی دەنگ مایەوە ، خوی گرت ، هـــەرچەنـــد مووچرکەی مەرگی لی‌نیشتبووو ، وە کەوتبوە لیواری ئەو جیهان !

لە سالی ١٩٣٨ دا ئەم تیکوشەرە قارەمانە گیانی سپارد !

میژوو ناوی ئەم جورە دایکانە بە زیندوو ئەهیلیتەوە کـــە تیکوشاون لە پیناوی مروڤایەتیدا ..

له ئەدەبی تورکی‌یەوە :

## ئەمرو .. یەکشەممەیە

دانەر : نازم حیکمەت

وەرگیر : کەمال غەمبار

ئەمرو یەك شەممەیە ...

ئەمرو لە یەکەم جارا هینامیانە بەر هەتاو

وە بو یەکەم جار لە ژیانما

---

لیلو مرد ، بەلام هیشتا ئەژی .. چونکە لاپەرەیەکی پرشنگداری نووسی لە میژووی خەباتی ئافرەتانا ، نەك تەنها لە ئەلمانیا ، بەلکوو لە هەموو جیهانا .

ئەمرو باوك‌و دایکی لیلو بە دلنیایی‌یەوە ئەلین ئەو منالە کە هاواری لە « دایکی » ئەکرد ، ڤالتەری کوری لیلو هیرمان نەبوو ، بەلکوو گستابوکان ئەم منالە بیگانەیان لە یەکی لە نازی‌یەکان وەرگرتبوو ، وە هینابوویان پیلانەکەیانی پی سەر بگرن‌و کاری پی بکەنە سەر هەستی لیلو ، تا بەم شیوە ناپەسەندە ناچاری بکەن کە پی لی بنی .

منالەکانی لیلو هیرمان ئەمرو پاش ئەوەی کە لە ئەلمانیای دیموکراتیدا هەموو توانایەك ، وە هەرچی‌یان پیویست بی بویان ئامادە کراوە ، بە خویندنەوە خەریکن لە جیهانیکا کە خوشەویستی‌و ئاشتی بالی خوی بە سەرا کیشاوە ..

**وەرگیر لە عەرەبی‌یەوە :**
**محمدی مەلا کریم**

(٦٠)

ڕەق وەســـتام ••
واقم وور ما کە ئاسمان تا ئەم ڕادەیە لیم دورە ••
تا ئەم ڕادەیە بەرینە ••
لە پاشان بە ملکەچی لە سەر زەوی دانیشتم ••
وە پالم بە دیوار دا
لەم ساتەدا شەپولی نامگریتەوە ••
وە نە سەربەستی خەریکم ئەکاتو ••• نە ژنەکەم
خاكو ••••منو ••• خور
من بەختیارم
١٤ سالم لە بەندیخانەدا بەری کردوە
و ١٧ سالی تریشم لە پیشـــە ••
لە میشکما ئالایەك ئەشەکیتەوە
سورە وەك خوین
شەیدای ئافرەتی بووم
ســـپی‌یە وەك شـــیر
گورانیەك ئـــەلیم ••
لە هەموو گورانیەك پرر هیواترە
لە گورانیەکـــەما :
سەرکەوتنی خەلكو خوشیو ناخوشی‌یانە •
وە لە ناو دەســـتما
دەستی ژنەکەمە کە دەستی بە دەستم ناکەویت •
* * *

(٦١)

# بنیادەمی تیر نەخور

**کویە : عبدالخالق علاءالدین**

ئەمرو کە سەدەی بیستەمینە ، ئەبینین گورانیکی یەکجار زور بە سەر رژیمی سەرمایەداریدا هاتوە ، ئەویش پەیدا بونی ئیمپەراتووریەتی « بلیونیران » ە • هەمووشمان ئەزانین ئەمەریکا ئەمرو دەولەمەندتدین‌و گەورەترین دەولەتیکی سەرمایەداری‌یە لە سەر رووی زەمین ، وە بی رقابەریش بەهیز ترین‌و دەولەمەندترین بنەمالەی سەر زەوی خیزانی « روکفەلەر » ە کە لە ئەمریکادا دەژی • سەرمایەو دەس مایەی ئەم خیزانە دەگاتە شەست بلیون دولار ، یانی شەست هەزار ملیون دولار • جا ئەگەر بینین ئەو دولارانە ریز بکەین‌و لە تەنیشت یەکتریان دانیین دەبینین نزیکەی ١٨٢ جار بە سەر زەمیندا دەسووریتەوە •

هەموو جیهان بگەرییت نابینی هیچ‌خیزانیک بە دەسەلات‌و دەس رویشتوو بی بە سەر کار بەدەستانی حوکومەتا بە قەد خیزانی روکفەلەر • ئەتوانین بلیین هەموو سیاسەتی ئەمریکا بریتی‌یە لە دەربرینی بەرژەوەندی‌ی ئەم خیزانە • گەورەی ئەم بنە مالەیە ( جون روکفەلەری یەکەم ) ، لە سالی ١٨٩٠ دا بە ناوی ( ستاندارد ئویل ) شەریکەیەکی دامەزراند کە سەرمایەکەی ١٠ ملیون دولار بوو • ( فریدریک جینس ) پرس پی کراوی تایبەتی‌ی ئابووری پی‌ی گوت ئەو پارەو دەس مایەت زوو کو دەبتەوەو دەکەوتە سەریک ، جا ئەگەر بیتو بلاوی نەکەیتەوەو نەی‌خەیتە کار ئەوا

ئەبیتە بەلای سەر شانت ، وەک تاویرە بەردیک چون لە سەر شاخی بیتە خوار خوتو بنەمالەکەشت لە ژیریا دەهاری • لە سەر قسەی ئەو یازدە سالی نەبرد لە سالی ۱۹۰۱ دا سامانی گەیشتە دوو سەد ملیون دولار • وە نەگەیشتە سالی ۱۹۱۳ بوو بە ۹۰۰ ملیون دولار بەم جورە ماوەی ٤٠ سال پارەکەی هەر لە زور بوون بوو •

لە سالی ۱۹۱۷دا شارەزای ئابووری جیمس کین گوتی : کی بی بتوانی رقابەری‌و بەرهەلستی خاوەن شەریکەی ستاندارد ئویل بکاو زال بی سەریا کە قازانجی سالیکیان شەست ملیون دولار بی، وە دەستیان بەسەر هەموو کارخانەکانا داگرتوەو وا خەریکن شەمەندەفەرو تراموایش بگرنە دەس خویان ، زوری پی ناچی هەموو ولات داگیر دەکەن‌و دەبتە مولکیان •

ئەم خیزانە لە پیش شەری گەورەی یەکەما بوون بە خاوەنی گەورە ترین شەریکەکانی نەوت • سەرەرای ئەوەش چوونە ریزی خاوەن بانقە گەورەکان • بە تەواوی دەستیان گرت بە سەر شەریکەتی شەمەندەفەر ، مس ، برنجەدا ، بەشداریش بوون لە چەند شەریکەی دارشتن ، نیکل ، رەژوو ، دا • هەروەها بەشـــیان لە ژورترین کارخانەکانی ترا هەبوو •

ئیتر کە جەنگی گەورەی یەکەم هەلگیرسا ملیونە دراوەکانیان کەوتە زور بوون • تەنیا خیزانی روکفلەر لە ماوەی شەرا یانی لە سالی ۱۹۱٤ وە تا ۱۹۱۸ پینج سەد ملیون دولار قازانجیـــان دەس کەوت • جا کە جەنگ کوتایی هات زانی‌یان چارەی ساغ کردنەوەو فروشتنی کەل‌و پەلیان ناردنە بو دەرەوەی ئەمریکا • لە بەر ئەوە لە

لایەک خەریکی پەرە پێ دانی چنینەوەی سامانیان بوون لە ناو خۆیانا لە لایەکی تریشەوە تەقەلای دوزینەوەی بازاریان لە دەرەوە ئەدا • توانی‌یان ئیمتیازی دەرهینانی نەوت لە زور جیگای عالەم وەر بگرن بە تایبەتی لە ئەمریکای لاتینی‌و روژ هەلاتی ناوەراست ، وە بـــە سەدان ملیون دولاریان خەرج ئەکردو ئەدا بە بەرتیلی پیاوانی سیاسی‌و حوکوومەتەکان بو ریک خستنی پیلان‌و موئامەراتی سیاسی ، سەبر سەبرە پی بە پی ئەم خیزانە توانی بەشیکی یەکجار زور بو خوی لە بن دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەر بینی وە لە سەر حیسابی وان هەزاران ملیون دولاریان خستە گیرفان •

دوای جەنگی گەورەی یەکەم لە چوار بەش سە بەشی نەوتی هەموو گیتی لە دەس ئینگلیزەکان بو لە کاتیکا خیزانی روکفلەر یەک بیر نەوتی لە دەرەوەی ئەمریکادا شک نە ئەبەرد ، بەلام کە جەنگی دوەم هەل‌گیرسا ئەم خیزانە لە گەل هاو بەشەکانی توانی‌یان دەس بە سەر چوار یەکی هەموو نەوتی دەولەتە سەرمایەدارەکانا بگەن •

ئیتر بە رژەوەندو دەس روینی ئەم خیزانە وەنەبی تەنیا بوویتە هوی ناکوکی‌و چەوساندنەوەی چینی کریکار لە ئەمریکادا بەلکـو بوویتە هوی رقابەری‌و مل ملانی‌ی تەواو لـــــە گەل ئیمپریالیزمی ئینگلیزیش • ئەوە لە لایەک ، لە لایەکی تریشەوە بەرژەوەندی‌یان لە گەل ئارەزووی گەلانی عەرەبی‌و ئەمریکای لاتینی‌و کوردەکان‌و هەموو گەلیکی تینوو بە خوینی ئازادی ریک ناکەوی • جا هەر لە بەر ئەوەشە خیزانی روکفلەر جلەوی هەلسووراندنی کارو بـــاری سیاسەتی ئەمریکای بە تەواوی گرتوەتە دەست •

ئیستا با بزانین له بەر چی ئەم خیزانە حەز بە داگیرسانی شەر ئەکاو چی دەس ئەکەوی ؟

بی گومان له شەری دوهەمی گیتیدا هیزی چەکدار نەوتی زور بە کار ئەهینا ، وە بەشی زوریش ئەیان کردە مەوادی کیمیاوی بو زەخیرە • وە له کاتیکا وەکوو گەلا ریزانی پایز گەنجو لاو له مەیدانی شەرا هەل ئەوەرین ، ئەم خیزانە له جیوە پالیان لی دابوەوەو دوو هەزار ملیون دیناریشیان قازانج خستە گیرفان •

بەم بنەمالەیە دەلین خیزانی ( نەوت ) چونکە لەمەو پیش‌و ئیستاش نەوت کولەکەی ئەم بنەمالەیە • بویە لە سالی ١٩٥٦ دا لە گەل هاوبەشەکانی تریان دەسیان بە سەر پینج یەکی هەموو نەوتی دەولەتە سەرمایەدارەکانا داگرت ، بەشیان لە نەوتی فەنزەویلا گەیشتە ٥ ر ٦٧ ٪ وە لە هی روژ هەلاتی ناوەراست بوە ٨ ٥٥ ٪ •

بە راستی ئەم خیزانە ئەمرو بوەتە کولەکەو راگری ئیمپریالیزمی ئەمریکی • ئەمو کەل‌و پەلەی دەولەتە سەرمایە دارەکان کە بو دەرەوەی دەنیرن لە پینج بەشی سە بەشی هی ئەمریکایەو بنەمالەی روکفلەر لە چوار بەشی سە بەشی هەموو قازانجیان لە دەرەوەی ئەمریکادا دەس ئەکەویت •

شەریکەی ئارامکو نەوتی عەربی‌ی سعودی دەردەهینی کە بو بنەمالەی روکفلەر ئەگەریتەوە • تەنیا لە یەک سالدا ٥٨٠٥ ملیون دولاریان قازانج پی برا ، وە ئەمو پارەیەش گەلی زورترە لەوەی کە بە دریژایی شەری یەکەم دەسیان کەوت کار بە دەستی کارخانەکانی ئەمریکا لە هەموو کەسیک باشتریان ئەزانی کە دوای شەری دووهەم

جاچ زوو چ درەنگ توشی تەنگ‌و چەلەمەی فروشتنی بەرهەمەکانیان ئەبن ، جا بو ئەوەی پیشەکی لەم گیرو گرفتە خویان بپاریزن هەستان رووپان لە دەرهینان‌و درووست کردنی ئەو چەشنە شت‌و مەکە کرد کە حوکوومەت خوی کریاری بیت ، ئەوەش درووست کردنـــی کەرەسەی بەرباد کردنی بنیادەم بوو • جا ئەبینی لە سالی ١٩٤٦ دا لەو کاتەدا کە خیزانی روکفلەرو ئەوانی تر دەسیان بە ســـیاسەتی درووست کردنی چەکی ویران کەر کرد ، شەری ساردیش لـــە مابەینی دەولەتەکانا پەیدا بوو ، وە واش بە تەما بوون کە لەم بابەتەوە زور پیش کەون وە دەسیکی دریژتر پەیدا بکەن •

جگە لە نەوت کە دەسی بە سەرا گرتبو زوو ، هیشتا شـــەر هەر لە گوری مابوو، ئەو خیزانە جانەوەرە جەرەوی دروست کردنی چەکی نهینی‌و نوی « چەکی ئەتوم » ی گرتە دەست ، وە دەولەمەندە قورسەکانی تریش بەشداری‌یان ئەکرد وەک « مورگان » و « دی بونت » •

گەلی لە شارەزا بەرزەکانی کاروباری ئوتوم زور جار بە ناوی حوکوومەتی ئەمریکاوە ئەدوین ، بەلام لە راستیدا هەموو مووچـــە خوری خیزانی روکفلەرن • بو وینە « جیمس کونانت » سەروکی لیژنەی لیکولینەوەی پاراستنی نیشتمانی بوو ، پاشان لە سالی ١٩٤١ دا کرا بە ئەندامی لیژ نەی ئوتوم ، کە ئەوسا لە شەش کەس پیک هاتبوو ، وە سەروك « روزفلت » خوی سەروکی ئەم لیژنە بوو • ئەم کابرایە سەرەرای ئەم فەرمانە گرنگەی ، کار بـــە ریوە بەری

مەعهەدی روکفلەر بوو • یان « لویس شتراوس » سەروکی پیشوی لیژنەی هیزی ئوتوم پیش ئەوەی خوی بکیشیتەوەو واز بینی زور بە توندی رەخنەی لە وەستاندنی تاقی کردنەوەی ئوتوم ئەگرت لـەو کاتەشا پرس پی کراوی ئابووریی خیزانی روکفلەر بوو • یـان « ماریون بویر » کە پیشا کار بە ریوە بەری گشتیی لیژنەی هیزی ئوتوم بوو ، وە ئیستاش بگیری شەریکەی « ستاندارد ئویل » • •

لەم بابەتە زوری تر هەیە کە ناتوانین ناوی هـەموان بینین •

گوڤاری « کولیر » ی ئەمریکی لەم بابەتەوە بـــە کورتی جوانی نووسیبوو : » ئەگەر یارمەتیی بنەمالەی روکفلەر نەبوایە ئەمریکا نەی ئەتوانی لە کاتی جەنگا ، وە بگرە ئیستاش خاوەنی یەک بومبای ئوتوم بیت » •

بە راستی ئەگەر بمانەویت بە تەواوی شارەزایی لە بابەت ئەم خیزانە ئەژدەهاکە پەیدا بکەین پیویست بە کتیبیکی گەورە ئەکا کە لە سەری بنووسری • بە کورتی هیچ کارو بارو کارخانەو سازمانیک نیە لە ئەمریکادا دەستی ئەم خیزانەی تیدا نەبی •

بیرو رای ئەم خیزانە چیە ؟ هەر کەسی نەختی شارەزایی هەبی ئەزانی ئەنجامی ئەو پەرە ساندنو دەس رویشتنەی خیزانی روکفلەر بو چی بە کار دی •• بی گومان بلیونە دراوەکانیان بو درووست کردنی مردن بە کار دی • وە لە بابەت کارو بازی جیهانەوە بیرو رایان لەم چەند بەندەی خوارەوەدا کو بوەتەوە •

١ ـ ئەیانەوی بازارەکانی دەرەوەیان بپاریزنو هەر کراوە بیت

بو چەكو كەرستەی جەنگ •

٢ ـ تەواو كردنی داگیر كردنی روژ هەلاتی ناوەراست وە دامركاندنەوەی جوولانەوەی ئازادی خوای عەرەب ، ئەوەش لـــە پروژەی ئایزەنهاوەر دەر ئەكەوی •

٣ ـ بە گژا چوونی بیرو رای سوشیالیزم چونكە مەترسی یەكی زوری بو سەر پیلانەكانیان هەیە ، وەك لە هیرشەكەی ماكارتی دیار كەوت •

ئەو سە بەندەی سەرەوە یەك ئەگرنو ســـیاسەتی « لیواری شەر » یان لی پەیدا ئەبی كە ئەمرو ئیمپریالیزمی ئەمەریكا پیوەی هەل دەستی • ئەمەش بیرو رایەكی چەسپاوی خیزانی روكفلەرە ، چونكە هیچ ریگایەكی تر شك نابەن بو پەرە پیدانو زور كردنی بلیونـــە دراوەكانیان • تەنیا رویشتن لە سەر سیاسەتی پر چەكیو فراوان كردنی ئیمپراتوریەتەكەیان نەبی ، وە بو گەیشتنیان بەم نیازەیان ئەبینین بە تەواوی دەسیان بە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكـادا گرتوە •

پالەوانەكانی سیاسەتی لیواری شەر :

كە ئەم باسەمان گوی لی ئەبی وامان لی ئەكا كە بـــە دوای پالەوانە كانیانا بگەریین لە كوشكی سپیدا كە زوریان لە خیزانـــی روكفلەرن یان مووچە خوریانن ، وە لە سەر دەستەی هەموان كـە بە توندی سیاسەتی لیواری شـــــەری گرتبوو وەزیری دەرەوەی پیشووی ئەمەریكا ( جون فوستەر دالس ) ی گور بە گور بوو كە سەروكی خیزانی روكفلەر بوو ••

له دوای وی ( ئەلن دالس ) کە ســــــەروکی موخابەراتی ئەمریکایە ، وەپیشا پرس پی کراوی خیزانی روکفلەر بوو • وە ئەمیرال ( رادفورد ) کە پیشا سەر کردەی گشتیی سوپای ئەمریکا بوو ، وە پەیوەندیکی زور بەتینی لە گەل خیزانی روکفلەر هەیە • وە ( نیلســــــون روکفلەر ) کە تا ئەم نزیکانەش یارمەتی دەری تایبەتیی سەرەک ئایزەنهاوەر بوو ، وە ( جون روکفلەر ) ی سیهەم کە گەورەی ئەم بنە مالەیە ، وە دانەری سیاسەتی ئەمەریکایە لە بارەی روژەلاتی ناوەراستەوە بە شیوەیەکی تیکرایی • لە هەمووی جوانتر کە وترا بی لە بابەت ئەم خیزانەی کە کاروباری هەموو ئەمەریکا هەل ئەسوورینی ، ئەوە بوو روژنامەی « دیلی کومباس » ی ئەمەریکی پیش چەند سالیک نووسیبووی :

« سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە هودەکانی شەریکەی (ستاندارد ئویل ) دا دەنری لەویوە ئەچیتە وەزارەتی بەرگری لە ناو سوپــاو هیزی دەریایی ، شەر پەرستەکان بریاری لە سەر ئەدەن ، جا دەگاتە وەزارەتی دەرەوە ، ئەوسا وای دەر دەخەن کە گوایە سیاســـەتی دەولەتە » •

یاسای جوولانەوەی ملیونە دراوەکانی خیزانی روکفلەر ئەوەیە ( لە قازانجی نەوتو ئوتوم بو خو پیدا دان بە جەنگ ) بەلام ئەمرو یاسای جوولانەوەیەکی تر هەیە کە سیاسەتی خیزانی روکفلەر خوی لە بەر را ناگریو بی هیزە بەرامبەری • ئەویش هیزو توانای گەلانی سەر زەمینە بو پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا •

# بەریم کردی

ن ـ سولەیمانی

بەریم کردی‌و گەرامەوە
بە تەنهایی ، بە تەنهایی
ئەوەی دواکات برایەوە
ووتت ، لە یادا مایـــەوە
بـــە تیشـــکیکی ســـپی جوان
لە سەر پەردەی دلی بریان
ئەنوســـم باســـی چاوی جوان !
بـــە بی‌لەنگی ریک‌و رەوان
هـــەل بقولی لە ناخـــی گیان
شـــیرینتر لـــە شـــنەی بەیـــان

★ ★ ★

چون بـــوو هاتیتە ســـەر ریگەم ؟
ئاوەدانیت خســـتە جیگـــەم ؟
دلم پیش‌تو ئـــاوارە بـــوو
درەختی ژینم بـــی بـــەر بـــوو
گیرو گورفتم ئـــەوەیە !
رادەی بیرم کـــە بی پەیـــە
روژانی پیشـــووم لـــە بیر چوو
میژووی ژیانم لـــە دەســـت چوو

# راکردوو

**وەرگیر ـ قەلادەزە : محمد فدا**

ـ خو من لەم ژیانە پر تەنگ‌و چەلەمەو کەم مووچەیی‌یەو بی حەسانەوەیە هەراسان بووم ، چەن سالە لای خوی مووچە خورم هیشتا فلسیکم پاشە کەوت نەکردوەو نەم توانیوە مالیک‌و خیزانیک پیکەوە بنیم • بە تایبەتی ئەمسال کە بوومە خەزینە داری میری لە دائیرەکەما • فرمانەکەم هەرچەندە خاوەن شەرەفە ، بەلام ئەرکم زور گرانە بەر پرسیارم لە بەر دەمی سەروکی دائیرەدا لە سەر تاقە فلسیک • روژ تا ئیوارەو شەو تا نیوە شەو خەریکی ژماردن‌و ونوسینم • لە موچەکەی خوشم زیاتر خو ناتوانم دولاریک لەم هەموو پارەیەی کە لە بەر دەستمایە هەل بگرم • ئای کورە من زور بی بیرو هوشم بوچی ناتوانم پارە هەل بگرم ؟! زور چاک هەل‌ئەگرم هەر ئەم شەو سەر لە ئیوارە کە سەروکی دائیرە روشتەوە من

---

هەر وەکو تو •••
بە بی درو •••
نە ریچکەی بیرم ، نە هوشم
نەما گشتی ، بە پەروشم
خوشەویستیم ئاگرینە
زور بەتینە
سپی‌ی‌و بی گەرد
ئاشتی‌ی ژینە

نارومەوە خوم خەریک ئەکەم بە کاروباری سندووقەوە ، لە پاشانا کە کەس لە دەورو پشتم نەما شان ئەکەم بە پارەی سندووقاو ملیونیک دینار ئەخەمە جانتاکەمەوەو سواری ئوتوموبیلی دائیرە ئەبم‌و تا روژ ئەبیتەوە خوم ئەگەیەنمە سنووری یەکی لە دەولەتە دراوسی‌کان وە لە شوینیکی قەرە بالغا بە شیوەیەکی نەناسراو ژیانیکی خوش دەس پی ئەکەم ، کی شوین پیم هەل ئەگری ؟ کی هەیە ئەم سامانەم لی بستینیتەوە ؟ بی گومان هەر بو خوم ئەبی‌و بەس •

ئەم وت‌و ویژە رازی دەروونی کار بە دەستیکی میری بـوو کە کلیلی سندووقی لە گیرفانا بوو وە زور جیگەی دلنیایی سەروکی دائیرەکە بوو • لەم کاتەدا سەروکی دائیرە خوی کرد بە ژوورەکەیاو وتی : برا گیان لام وایە شەوو روژ حەسانەوەت لە خوت حەرام کردوە لە ریگەی کارو باری میری‌دا ، ئای چەن فرمان بەریکـی دلسوزو خزمەت گوزاری ! خوزگە چەن کەسیکی وینەی تومان لەم دائیرەدا ببوایە تا کارو باری میری بە جوانترین شیوەو ریک‌و پیکی بە ریوە بچوایە • برای خوم هەلسە بچو بحەسـیرەوەو ئارەقی ماندوویەتیت بریژە ، ئیتر ئەوا ئیوارە داهاتوە شەوە •• بەلام ئەم لە دلی خویا گالتەی بە قسەکانی سەروک ئەهات‌و ئەی وت : « ئاش هار لە خەیالی‌و ئاشەوان لە خەیالی ! » سەری هەلبری‌و لە وەرامی سەروکا وتی : « گەورەم ! دەسی ماندوو لە سەر سکی تیرە • مـن خوم بە بەختیار ئەزانم کـە لە پیناوی فرمانی میری دا خوم بەخت بکەم ، پیم خوشە خوم ماندوو بکەم بو روو سـوورەی خوم‌و شادمانی‌ی تو •• ئەم شەو تا لای نیوە شەو ئەم شوینە جیگەمە بو

ئەوەی بتوانم ئەو ئەرکانەی کە بە سەرما ئەکەویتەوە لە پیشەوە رایان پەرینم • تو ئەگەر ئەروی خوات لە گەل ، پەروشیی ماندوو بوونی منت نەبی ، گەورەم ! »

ـ ئوخەی ! سەروکیش رویشت ، دائیرە چول بوو ، هەر تەنیا فەراشە پیرەکە لە بەر دەرگای سەرادا ماوەتەوە لە گەل چەند پولیسی، قەی ناکا ئەوان چوزانن من خەریکی چیم ، کی بیر ئەکاتەوە کە من ، بەلی من ، کە شوینی شانازیو دلنیایی سەروكو کار بە دەستانی ترم ئەم شەو لە قاسەی میری ئەدەمو بو هەمیشە خوم بەختیار ئەکەم ؟ ئەمەیە باشترین بیرو کردار ••

بەلی ، کار بە دەستی خەزینە دار دەرگای ژوورەکەی لە خوی پیوە داو لە سەر بەلینی خوی ملیونیك دولاری لە سندووق دەرهیناو بەستەی کردو نایە ناو جانتاکەیەوەو دەورو بەری سەعات نو لـــە ژوورەکەی هاتە دەرەوەو لە بەر پەلە پەل بیری چوو کە دەرگای سندووقو ژوورەکە داخات ، هاتە پەنا ئوتوموبیلی دائیرەو بە کلیلی تایبەتی خستە کارو بی پەروا لە دەرگای دائیرە هاتە دەرەوەو بو قەراغ شار کەوتە ری تا قەراغ شار لە سەر خو رویشت ، بـــەلام لەویوە قاچی نا بە بەنزیناو بوی دەرچوو بە بی ئەوەی بزانی ئەنجامی ئەم راکردنە چون ئەبی ، نزیکەی سە سەعاتیك بە تیژی رویشت ، لە پاشا هەستی کرد کە ئوتوموبیلەکە بەرە بەرە لە رویشتنا سست ئەبی تا وای لی هات پەکی کەوت ، وەستا • کار بە دەست کاتی کە بە خوی زانی کە بەنزین تەواو بوە ، وە بوەتە هوی پەك کەوتنی ئوتوموبیلەکە ناچار دابەزیو بە پی کەوتە ریو پیرە جانتای بـــە

دەستەوە گرت • تاریکە شەوە ساردە ، نم نم باران ئەباری ، بایەکی توند ڕووە بەرووی کار بە دەست دی ، تا هەنگاویک هەل ئەگری بو پیشەوە هەنگاویک دیتەوە دواوە ، هەستی بە ماندوو بوونیکی زور کرد لە کاتیکا نیو سەعات ریگە نەرویشتبوو • لە دوورەوە بلیسەیەکی بە هیزی ئاگری بە دی کرد ، ئاهیکی هاتە بەر ، دانیشت ، نەختی حەسایەوە ئەمجا وردە وردە بەرەو ڕووناکی‌یەکە رویشت هەتـــا گەیشتە دی‌یەک بە ناو مالەکانیا رویشت خوی کوتا بو ئەو بلیسەی کە لە دوورەوە دیبووی کە گەیشتە ئەوی روانی ژووریکی بچووکە وە ژنیکی بالا بەرزی جوان دانیشتوە روژنامە ئەخوینیتەوە، بە پەلە خوی کرد بە ژوورا •

ـ شەو باش خانمەکە ! چەن شادمانم کە بەم ماندوویەتیەو لە نیوە شەویکی وەها تاریک‌و ساردا دیمە ئەم ژوورە جوانە بچکولەتانەوە لە ریگایەکی دوورەوە دیم تا بلی‌ی ماندووم ، وە زوریش برسیمە • جانتایەکەی داناو لە نزیک ئاگرەکەوە دانیشت • ژنەش شەو باشی لی کردو بە ڕوویەکی خوشەوە بە خیر هاتنی لی کردو وتی مالی خوتە ئەتوانی تیا بحەسییتەوەو هەر ئیستاش خواردەمەنیت بو ئامادە ئەکەم وە بزانە کە ئیرە مالی یەکیکە لەو ماسی گرانەی بە شەو لە روخی زەریاکان خەریکی راوە ماسین ، ( ئەنتون ) ی دەزگیرانم ئیستا لە روخەکانا راوە ماسی ئەکات •

ژنە هەستاو دەس‌و برد خواردنی ئامادە کردو هینایە بەر دەم راکردوو ئەویش قولی لی هەلمالی‌و دەستی کرد بە خواردن تا تیر بوو • لەم کاتەدا ژنەکە وتی ئیستا کاتی موسیقای ( جاز ) ە لە بەرنامەی

رادیودا تا تی‌نەپەریوە بام گویمان لی بی •• رادیوکـــەی کردەوە سەرەتای ئەو موسیقایە بوو هیشتا چەن دەقیقە لەو بەرنامەیـــــە تی‌نەپەریبوو کە دەنگی یەکی لە بلاو کەرەوەکانی ئیستگە بەرنامەی موسیقاکەی پچری‌و وتی : « گوی گرە خوشەویستەکان گوی لەم باسە گرنگە بگرن ! ئەم شەو بە هوی سەردانیکی تایبەتی‌ی سەروکی دایەرەیەک بو دایەرە تایبەتی‌یەکەی خوی، وە تەماشا کردنی ژووری خەزینە ، زانرا کە کار بە دەستی سندووق دار ( جیمس ) رای کردوە وە یەک ملیون دولاری بردوە • ناو براو چاو کال ، بالا بەرز قژ زەردە ، لە کاتی را کردنا چاکەت‌و پانتولیکی شینی لە بەرا بوە • هەر کەس بیدوزیتەوە ١٠ هەزار دولار بەخشش وەر ئەگری •• گوی بگرن ئەم باسە دووبارە ئەکەمەوە •• » • بـــە خوا جیمس نەیهیشت باسە بلیتەوە رادیوکەی کوژاندەوە • ژنەکە وتی باسیکی ناخوش نەبوو بو کوژاندتەوە ؟ وتی ئەمانە شتی وەها بلاو ئەکەنەوە کە بە ئەقلا نایەت • کی هەیە بزانی ئەو سندووقدارە ئیستا لە کوی‌یە؟ تازە تی پەری ، ژنەکە سەیری جیمسی کردو پی کەنی زور پـــی کەنی • جیمس وتی : ئەوە شیت بووی بە چی پی ئەکەنی ؟ ژنە وتی : بە راستی ئەو خاسیەتانەی رادیوکە باسی کرد هەموو لە تو دا هەیە منیش لە خوشی‌یانا پی ئەکەنم ئەلیم !!

جیمس توورە بوو وتی : ئەلی‌ی چی ناکا تەماعی دە هەزار دولارەکە توی گرتبی ، ئەگەر بیتو ئەم نهینی‌یە ئاشکرا بکەی مـــن ناچارم بت کوژم ، بەلام ئەگەر واز لەو بیرو باوەرە بهینی‌و لە گەلما رام ببی‌و واز لە ( ئەنتون ) ی دەزگیرانت بینی پیکەوە ئەروین بـــو

شوینێکی نهێنیی‌و ئەو پارە موڵە پێکــەوە ئەخوێنین‌و بە شـــادمانی ڕائەبویرین •

ژنەکە کە زانی بەو جورە نەبی تواناى بە سەر جیمس‌دا نیـە زور بە جوانی قسەکانی لی وەرگرت‌و رازی بوو وتی : جیمس ! کەوابو من زور پیم خوشە واز لەم دی‌یە ناخوشە بهینم‌و لە گەل تودا بیم ، بەلام کە میکی تر ( ئەنتون ) ی دەزگیرانم دیتەوە بام ئەو نەت بینی هەلسە بچورە ئەو ژوورەوە تا ئیوارە لەوی رابویرە مـن خواردنت بو ئەهینم کاتی ئیوارەش کە ئەنتون رویشت بو ماســی گرتن ئەو کاتە من بەلەمیکی بچووک ئامادە ئەکەم‌و هەر دووکمان ئەچینە ناوی‌و بوی دەرباز ئەبین بە بی ئەوەی کەس بزانی •

جیمس ئەم بیرەی پەسەند کردو هەلسا چوە ژوورەوە لەی نوست ئەو روژە رای بوارد • لای ئیوارە کە دنیا تەواو تاریک بوو ، ژنەکە بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوە وتی جیمس ئامادەی ؟ بام بروین • جیمس هەلساو دەستی دایە جانتاکەی‌و لە گەل ژنەدا ئاوایی‌یە کەیان بە جی هیشت‌و روویان کردە سەر زەریا • کە گەیشتنە ئەوی لە قەراغی زەریاکەدا بەلەمیکی بچووک وەستا بوو سوار بوون‌و ژنە دەستی کرد بە سەول لیدان • کاتی بە تەواوی لە دی‌یەکە دوور کەوتنەوەو چوونە ناوەراستی زەریاکەوە ، جیمس لە خوشی‌یانـــا چەپلەی لی‌داو باوەشی کرد بە ژنەکەدا کە بو سوپاس گوزاری ماچی بکات ، بەلام !! بەلام ژنە قیژاندی‌و وتی ئەنتون ! بگەرە فریام •• لەم کاتەداو لەو شەوە تاریکەو ناوە راستی زەریایەدا جیمس ئاوری دایەوە دی لە پشت سەریەوە زەلامیک کە بی گومان ئەنتون بوو وە

# رزگاربونی سـەروك

## عەبدولکەریم

**گویە : کریمشارەزا**

ئوخەی سـەد شـوکر رزگـاری
لـە گوللـەی غـەدرو زورداری
لـە شـەسـتیری تاوانکـاران ،

ئەوە پیش خوی لە بەلەمەکەدا شاردبوەوە ، بە چەقویەکی دریژەوە راوەستاوە •

جیمس دەسـتی کرد بە پارانەوەو زانی کە ژنەکە بە فیـل هیناویەتە ئیرە ، بەلام پارانەوە سوودی نەبەخشی •• ئەنتون هەلی کوتایە سەری‌و سەری بری‌و لاشەکەی فری دایە ناوەراستی زەریاوە بو خوراکی گیان لە بەرانی زەریا ، ئەمجا هاتە پەنا ژنەکەو دەستیان کردە ملی یەکترو وتیان ئوخەی لە هەژاری رزگارمان بوو ، ئیتر بە ئاسایش‌و بەختیاری ئەتوانین شاییەکەمان بکەین‌و بگەینە ئاوات • ئیتر بەلەمەکەیان گیرایەوە بەرەو مال بە جانتا پارەکەوە • لەم کاتەدا زەریا تیک چوو ، بایەکی ناسازو بە هیز زەریای خستە جوولان‌و شەپول • بەلەمەکە کەوتە باوەشی شەپولەکانەوە ، کە روژ بوەوە خەلکی دی‌یەکە لە خەو هەلسان روانی‌یان بەلەمیک لە سەر ئاوی زەریا هات‌و چو ئەکا بە بی ئەوەی هیچ کەس‌و هیچ شتیکی تیا بی ، ئیستاش نەیان زانی ئەنجامی ئەنتون‌و دەزگیرانەکەی چونەو چون بوە ! ••

له ئاگرو بومبا باران !!
ئەوانەی کە تو دەکوژن
خائن‌و خوارو خوینمژن ؟
بەکری گیراوی فاشستن
نوکەری ئیمپریالستن •
دوژمنە گەورەی میللەتن
پەروەردەی جەورو زیللەتن !
بو شەررو هەرا لە گژن
بویە ویستیان تو بکوژن !
چونکە تو پیشەوای گەلی
خزمەتگوزاری کومەلی !
سەروکی عارەبو کوردي
فەرماندەریکی نەبەردي
سەرداریکی جاویدانی
پیشرەوی ریی تیکوشانی •
ئازادي‌و ئاشتی پەروەري
لە ریی حەقدا جەنگاوەري
میللەت هەمیشە لە دواتە
پشمەرگەیە ، جانفیداتە !!
بژي ! بژي ! عەبدولکەریم
توی پیشەوا ، هەر توی زەعیم !




# خــه‌بات‌و ژیان

( کومه‌له هونراوه‌ییکی أحمد دلزاره نه بلاوکراوه‌کانی داربغـــــداد ٠ «٧٢» لاپه‌ره‌یه ٠)

**عبدالرزاق محمد**
**زانســتگای ویژه ـ بغداد**

نوسه‌ری پیشه‌کی ماموستا عزالدین مصطفی نوسیویه‌تی ئه‌لی «ئه‌بی شاعیره‌کانمان به‌و ریگه‌یه‌ی دلزاردا په‌لی خوینده‌واران بگرن روه‌و به‌رز کردنه‌وه‌ی راده‌ی له هونه‌ر گه‌یشتنیان ، تا به ته‌واوی به‌رزی ناوه‌روك‌و روخسار یه‌ك بگریت‌و به ته‌واوی به‌رهه‌میان بو گه‌ل‌بیت٠٠ هه‌ر به‌م جوره خوشیان ببن به شاعیری گه‌ل ٠ »

ئه‌م داواکردنه‌ی ماموستا ٠٠ داوایه‌کی گرنگ‌و گه‌وره‌یــه ، پیویسته له عاستیا که‌میك بسله‌مینه‌وه‌و پاش بیرکردنه‌وه‌یه‌کی زور ئه‌نجابلیین (آ) یا (نا)٠ بو ئه‌مه گه‌ره‌کمانه بزانین ئه‌م ریگه‌یه چیه دلزار له شعرا گرتویه‌تی‌و نوسه‌ری پیشه‌کی پیویستی پیا رویشتنی به سه‌ر شاعیره‌کان ئه‌کات ؟ بو زانینی ریگه‌ی تایبه‌تی شاعر پیویستیمان بــه لیکولینه‌وه‌یه‌کی دورو دریژ هه‌یه له سه‌ر شعره‌کانی دلزار ، نه‌ك ئه‌م کومه‌له شعره چاپکراوه‌ی به‌لکو هه‌مو شعره‌کانی ئه‌م شاعیره ، به‌لام به داخه‌وه ئه‌لیم که ته‌نگو چه‌له‌مه‌ی چاپگه‌ری ماوه‌ی ئه‌وه‌ی نه‌داوینی

که به تەواوی شعرەکانی دلزارمان لە یەك دیوانا بو کو بکریتەوەو تاکو پرر بە چوارگوشەی شعرەکان، میژوی ئەدەبی لی بخەینە کار•• وە لە مەیدانی رەخنەدا شوینیکی تایبەتی تری بو دیاری بکەین •

بە راستی دیوان ریك‌خستن هونەریکە پیویستە شاعرو رەخنەگرەکانمان چاوی لی نەپوشن ، وە بە رای من چاکترین دیوان ئەو کومەلە هەستو بیرو باوەرو کوششەی شاعرە کە دوور لە هەرەمەیی ، بە زنجیرە بە پی‌ی میژوی ئەدەبو کەسایەتی « شخصية » شاعرو پی‌گەیشتنی ریك بخری • بە داخەوە ئەلیم کە شعرەکانی دلزار لەم کومەلەدا « خەباتو ژیان » وە لە نامیلکەکەی پیشوتریا « آوازی آشتي » خەرمانی شیعرەکان هەرەمەیی لە سەر یەکدا کەلەکە کراوون •• کە تا رادەیەك پەلی رەخنەگر ناگریت بو شوین کەوتنی مەبەسی میژویی وئەدەبی خوی لە شیعرەکانو ژیانی شاعیردا •• لە گەل ئەمەشدا ، لیرەدا ئەوەی گرنگو پیویست بی چەن دیرریکە ئەینووسین •• کە هەر چونیك بیت لە مەیدانی رەخنەو ئەدەبا رەنگە لە مفتی نەروات (۱)

★ ★ ★

شیعرەکان ئەکرین بە دو بەشەوە ؛ ئەوانەی کە لە بەندیخانەو لە یادکردنەوەو هەل سەنگاندنی هەندی قەوماوی میژوییو سیاسی‌دا وتویە • وە ئەوانی تری کە لە بابەتی جوانیو نیگارو چەن روویکی کومەلەوە وتویە • بەشی یەکەمی ئەگاتە پلەییکی باش لە بەهیزیو گەشەکردنا لە سالی ۱۹٤۹ بەولاوە ، بە تایبەتی لە بەندیخانەی

(۱) لە مفتی نەروات : بە بەلاش نەچیت •

کوتەوە •• وە ئەم میژویە لە ژیانی شاعرو لە میژوی شیعرەکانیـــا دەوریکی زور مهم ئەگیری ! • ئەگەر سەیری بەرهەمی شاعر بکەیت لە ٩٤٨ بەرەو خوارەوە ، ئەبینیت، شعرەکانی ، با لە سەر هەمان باس‌و مانا وترابن کە شعرەکانی پاش ئەم سەردەمەی پی‌وتراوە ، بـــەلام هەموی بریتی‌یە لە کورتە شعرو هەستیکی سنوورکراوو لەشیکی بی روناکی • وەکو بلی‌ی هەر گولەی لە جورە خاکو هەوایەکا شـــین بوە•• ئەم گیانە آگراویەیان نەگەیشتویەتی کە لەمەودوا لە شعرەکانی دلزارا ئەیبینین • وە زورتر دودلی شاعرو دامانی لە (دووـ رریانی) ئەدەبا نیشان ئەدەن ؟ کە ئەبی کام ری بگریت ؟ یا چون هەستی دەرونی بە کول‌و جوانی‌پەرستی‌و شیوەی ناسکی کردگار بە ژیانی کومەل‌و بابەتی موضوعیەکانی‌تر ببەستیتەوە ؟ وە کام ریچکە بگری : ریچکەی شعری تازە ؟ یا هەر بەندیتی شعری کون‌و یاری کردن بە کیش (وەزن) وپاش‌بەند (قافیە) دا ؟

ئەمەش بوچی ؟ چونکە لە بەینی هەستی شـــاعرو کردەوەی ئەدەبی‌و بەینی کردەوەی سیاسی دابرریك (فاصل) هەبو •• بەلام کە لە ٤٩ .وە پاش گرتن‌و بەند بوون وتیکەل بونی گیانی لە گـــەل کردەوە سیاسیەکەیدا تا رادەیەکی زور هەمو ئەو گومان‌و دودلیەی کە لە ماوەی پیشوی‌دا هەیبو •• وەکو بەفری آذار بە تیشکی گیانی شورشگیرانەی لە کار راهاتوی توایەوە • وە ئەگەر شاعر بە چاویکی دووربین‌و هونەر خوازیەوە ئەم ئەنجامە گرنگەی ژیانی سەیر بکردایە، ئیمرو دلزار ، ناظم حیکمەتیك بوو •• وە یەکیك بوو لە شـــاعرە واقعیەکانی نەك روژهـــەلات‌و بەس بەلکو هەموجهان •• چونکـــە

شاعریکی وەکو ناظم حیکمەت « نیوان ناکات لە بەینی کـــردەوەی شیعرەکانیو کردەوەی سیاسی وە لە بەینی جوانی پەرســــــتیو تیکوشانی •• وە شیعرەکانی ڕوویەکن لە ڕووەکانی خەباتی • » (۲)

ئەنجا ، شاعیر لە دەوری یەکەما (سولافو بولبولو مانگـــی گولانو ژنو هەندی کەس)ی نوسیوە ئەمانەو زوربەی هونراوەکانی تری ئەم دەورە هەمو لەیەك آوازە ئەدەن ، کە وەکو وتمان بریتییە لە هەناسەی کورتو بیری تەنکاوو وەصفیکی کونینەو باسی جوانیو کردگار :

(مانگی گولانە ، گوررەی بەهارە زەمین سەراپا باخو گولزارە)

لە گەل چەند دەربرینیکی وەستایانەو وردەکاری وشەو تەعبیری تازەتر وەکو : بولبول : ئەتو بو گول  من بو نازدار

بگرین بە زار  بگرین بە کول

تو بە بالو من بە خەیال  ئەفرین بە سەر گولزارو یال

ئەفرین ، ئەگرین  ئەسرین ناسرین

وە هەر لە سەر ئەم باسانە ئەروا ( فرمیسکی دلداری لە شیوەی مەرجان وەکو هەوری بەهاران ) ئەریژی ، یان تویژالیکی تەنك لە سەر وینەی طبیعت هەلئەگریو بە دوادەنگی پاشبەندەوە هەلبەست ئەنووسی •• ناو ناو پەندو ئاموژگاری بە شیوەییکی تقریری ئەکا بە شعر وەکو ( لاوی کورد بخوینە • هیزی یەکیەتیو چرای زانستیو کەلکی زانینو گەلیکیتر لەم بیرەئاساییيانە کە سوچیکی گەورە لە

---

(۲) بروانە سەرەتای دیوانی ناظم حکمت بە پینووسی ( علی سعد ) بیروت /۱۹٥۲

شعرەکانیا داگیر ئەکەن .[3] وە ناو ناویش بەرامبەر کردگار بیریکی قوولی سەر سوورماوانە دەرئەبری وەکو :

بی‌کەمی آگا لە تاری‌و نەبوون   ئینسانت هینا بو روناکی‌و بوون
بی‌کەمی آگا ، بە روتو قوتی   ئەیخەیە چالی توونا بوون‌و چوون
ئەری کردگار سا ئەم دنیایـــە   کەی پەیدا کرا ؟ بو هاتە کایە ؟

* * *

انجا کە سالی **١٩٤٩** هات ، کە سالیك بوو وەکو خوی ئەلی :

ئەوا بالی رەشی شومی شەوی ئیرهابی استعمار
بە سەر خاکی عیراقا راکشا دای پوشی شارەو شار ..

شاعر بە ژیانی دەربەدەری‌و دوور لە آرام‌و بەندی زیندان‌و نەبوونی .. رو بە رووی ئەم شەوە جەنگا .. بە تیشـــکی آگری شورش‌و بیرو باوەری مارکسی لینینی حزبەکەی ، گیانی خوی گەرم کردەوە ، هەر ئەوە بو کە کانی شیعری بە شعری شورشگیرانەی گەرموگورر تەقاندەوە . کە لە مەیدانی ( شیعری شورشگیری )و (گەل هاندان‌و) (حزب پەروەری)دا خوی تاکەو تا ئیستا چە شاعریکی تری کورد ئاوای بو-ریك نەکەوتوەو ئەم بەرهەمەی نەبوە .

بە راستی شیعرە شورشگیریەکانی ئەم کومەلە .. هەر یەکەیان لە کوری خەباتی گەلدا چەکیك بوەو تینیکی تازەی داوەتەوە بە گیانی نەبەزیتی گەل وە جیگەی شانازی‌و مایەداریە بو شاعیر .

بەلام من لیرەدا بە هوی پیشەی رەخنەگریمەوە ، سەر بـــو

---

(٣) هەندیك لەم شعرانە لە (هیوا) لە ژمارەکانی زووتری بلاو کراوەتەوە .

دلزاری ماموستام نائەقینم‌و وەکو خوی پێی وتوم‌و حەز ئەکا بـــە چاویکی نرخدان‌و پشکنینەوە کەمیك خوم بە خەلەی پیت‌و بەرەکەت تی‌کەوتووی ئەم شعرانەوە خەریك بکەم •

* * *

ئەم هەلبەستانەی کە لە واقعی ژیانی میللـــەت‌و حزبـــەوەی وەرگرتون ، یەکسەر ئەم بیروباوەرە آسایی‌یانەی لە ســـەر زاری خوێندەوارەکان‌و لە لاپەرەی روژنامە کانداپە خســـتویەتیە نـــاو چوارچیوەی شیعرەوە‌وە گەلی‌جار ناو ئاخنی کردوە بـــە نـــاوی کاربەدەستان‌و شاران‌و پیلان‌و مصطلحاتی سیاسی •• ئەمە جگە لەوە کە زور لە موضوعەکان بو ئەوە ئەشین بن بە وتاریکی گـــەرم‌و چیترنا •• کە بی گومان •• شاعری چاك هەر ئەوە نیە بیری چاك‌و باسی واقعی وەرگریت‌و بیکا بە شعر چونکە هەر وەکو (پول ایلوار ) شاعری نەمری واقعی فرنسە لە سەر زاری (گوتە) شاعری بەرزی ئەلمانی ئەگیرێتەوە ئەلی « واقع تامداری هونراوەیی تیانیە ، شاعری چاك ئەوەیە بە هوی زیرەکیەوە بتوانی لە باسیکی وادا ( لای ) بـــە تام‌و خوشی لی بدوزیتەوە • واقع هەر ناوکەکەمان ئەداتی کە شعر ئەبی شتیکی تەواوی زندوی لی دروست بکات » [٤] بەلی دلزار لە زور لەم شعرانەدا تەنها لە لانی موضوعیەوە بوی ئەچیت‌و بە أسلوبیکی کلاسیکی بە هیز دای ئەرژینی •• بەلام ئەوەی گرنگ بیت‌و ئیمە گەرەکمان‌بیت کوا شتیك دەربارەی دەرونی شـــاعیرەوە ، دەربارەی (ذات)ە وە ؟ جاری ئەگەر شتیك کاری لە دەرون نەکردبیت‌و تیایا

---

(٤) گوڤاری (الثقافة الجديدة ) زانستی تازە ژمارە ٢ /سالی٥٤

هەل نەقولابێت ، بێ‌گومان ڕەنگو بویەکی هەستداری نابێت • وەکو لە هەستو سوزیش بێ بەش بوو ••

هەرچەند ماناو بیر پیروز بیت تەئسیریکی شعری نابیت ••تەنانەت لە مانای ڕاستەقینەی شیعر دور ئەکەویتەوە •

ئەگەر بو وینە هونەروەرە بەرزەکانی جهـــــان وەربگرین ، ئەوانەی کە مروڤایەتی شانازی بە بەروبومەکەیان ئەکاتو بە هــوی ئەمەوە خزمەتی مروڤایەتیان کردوەو پیشرەوی واقعیەتن وەکو •• تولستویو گورکیو آراگونو ناظم‌حکمتو نیرودا وپول ایلوار •• ئەمانە هەر کامیکیان بگریت نابینیت کە واقعەیی‌یەتیان لە دیمەنیکـی موضوعی ووشکا وینە کیشابیتو وازیان لە ذاتیەتی خویان هینابیت • نا • بەلکو وتراوە « شاعر کەرەســــــتەی کردەوەی لە کومەلەوە وەرئەگریت وە شتیکی لە دەرونیەوە ئەخاتە سەر ، پاش تیکەلاوبونی ئەمانە لەگەل دەرونی » (٥) یانی زور لەم نوسەرە واقعیانە بــــەلای خەیالو سوزی دەروونو هەســـتی دلو کەرەســــــتەکانی تری رومانتیکیەتەوە چوون•• کە نوسینەکانیان لە (ڕاستی) کە واقعەکەیەو عاطفە کە هەستی دلو دەروونە ، دەرپەریوە •• هەر بویە مەکسیم گورکی ئەلی کە هونەروەرە بەرزەکان ئــەوانەن کە رومانتیکیەتو واقیعیەتیان بەیەکەوە لا کوبووتەوە • (٦)

ئەنجا ئەگەر کەمیك بەراووردی بکەین لە بەینی ئەم شعرانەی کە (ناظم حکمت ) لە هەمان بابەتا وەکو ئەو لە بەندیخانەدا وتویەتی،

---

(٥) گوڤاری (زانستی تازە) ژمارە ٩ سالی ٩٥٩ لاپەرە

(٦) فن‌الشعر • احسان عباس • لاپەرە ٤٣

راستی قسەکەمان بو دەرئەکەویت ••• لە کاتیکا دلزار بیرڕای‌بیرڕ باسی هەستی دل وسوزی دەرونو ئەو خوشەویستیە ناکات کە بـە گیانیەوە نوســـاوە ، ئەبینین ناظم حکمت بە هەمو دەنگیەوە هاواری خوشەویستی ئەکات •• خوشەویستی ژنەکەیو منالانو بەرەللاییو ژیانی دوا شورەی بەندیخانە •• بو زیادی کەلکی بەراووردی ئەتوانین (یادی ئوکتوبەری) دلزار بە (پرتسبورگی ۹۱۷)ی ناظم حکمەت بە یەك بگرینو •••• (هتد) •

یاخو بیین شعرەکەی دلزار (سوپای سور) بەراوورد بکەین لە گەل شعریکی بابلو نیرودا کە لە کاتی شەری ستالینگرادا وتویەتی ، نیرودا لە آسوییکی پانو فراوانەوە پر لە هەستو سوزو دلداریو هیواو آزارو جوانی پەرستیەوە وە لە هەست بە فەرمانی مروڤانەی خویەوە وینەی کو کردوتەوە وە تەنانەت وینەی رەمزیەتو نیگارپەرســـتی (تصویریة) لی جیا نابیتەوە •• لە سەر ئەوەشەوە شعرەکەی هەمو نە دەوری مەردمی ستالینگرادو شـــانازی بە ژیانو هیـــواداریـــەوە ئەسوریتەوە••• وابزانم جیی خویەتی ئەگەر پارچەییکی پچووك لەم شعرە لیرەدا بنووسین ، بابلو نیرودا ئەلی •

« دوینی بوو گورانی ئاوو زەمانم ئەووت •• ئازارو کانگــە بنەوشەیی‌یەکەیم وەصف ئەکرد •• گورانیم بە آسمانو ســـیوەوە ئەووت ؟• بەلام ئیستا بە تووە گورانی هەل ئەلیم •• »

« دەستگیرانەکەم پرشنگیک لە خوشەویستی کولدارمی لە ناو دەستەسرەکەیا هەلگرتوە ••• بەلام ئیستا دلم لە خاکی ستالینگرادایە لە روناکی تیشکئاویژو دوکەلدا » •

له دوایيدا ئەلی :

«شەرەفە بو تو•• شەرەفە بو دایکەکانو روله‌کانو نەوەکانت•

شەرەفە بو هەمو ئەوانەی روبەرووی (تەما) تیکوشـــان ••

شانازیە بو سەربازو قومیسیر •• شانازیە بو آسمانی دوامانگ ••

شانازیە بو روژەکەت •• ئەی ستالینگراد • » (٧)

بەلام دلزار له شعرەکەیا ئەگەرچی به بیریکی جی‌گیرەوە زور شتی گرنگی وتوە له بابەت پاسەوانی ئەم شارەو (سوپا) سورەکەی ئیشتراکیەت به تایبەتی که ئەلی :

« هیزی سوری سوڤیات واتا : هەمو دانیشـــتوان
یانی گشتی تی‌گەیشتوو پی‌گەیشتوو ئیشکەران••
هیزی سوز کیویکی سەختو بەرزە هەرگیز نالەقـی
بویە هەوری شەر تریشقەی دیتو ئەمما ناتەقی •••
هەربژی هیزی نەبەزەشا لەشکری سەر روی زەمین
ئەی سوپای پاریزگەری شاری ســـتالینو لەنین »

ئەگەرچی ئەمە وابیت بەلام ئەمەش ئەلیین که ئەم شعرەش وەکو کومەلی شعرەکان تووشی دەردی بی‌خواردەمەنی هاتوون •• که بی بەش بوون له (تجربەی شیعری) •• وە ئەبی ئەوەش بزانین کـە ئەم باسەو هەمو باسیك وە « هەمو شتیك دەس ئەدا بو ئەوەی ببی به مادەیەك وە هونەری ئەدەبی لیوە دروست بکریت به مەرجیك نوسەر به شیوەی تەجروبەیەکەوە وەری بگریت که ذاتی خوی هەستی پی

(٧) منتخبات من شعر بابلونیرودا ــ احمد سوید •

بکات » (٨) نەك بە تەنیا بە اسلوبیکی خطابیو دارژانیکی کلاسیکی بەرز بیەوی هەستمانی پی بجولینیتەوە •• چونکە ممکنە ئەگەر ئیمە لە کاتی حماسەتا •• یا لە تەنگو چەلەمەو زەبرو زەنگا ئەم جورە شعرانە کارمان تیبکات ، لەوانە نیە کە لە کاتیکی آرامو بیدەنگیا یا خو ئەگەر حماسەتیكو پەسند کردنمان نەبوو لە بارەی موضوعەوە بایی توزقالیك کارمان تیبکات •

* * *

ایتر دلزار – بروام وایە – لەمەولا بە هیزە بو وەدەس گرتنی جلەوی شعریکی تازە کە دەردو آزاری روژانەی گەل هیواو آمانجی دواروژو هەستی دلو سوزی دەرونی شاعر تیکەل بکات وە (تانی) واقعیەت لە (پوی) رومانتیکیەتەوە هەلکیشیت ••• بەمەوە دەوریکی بەرزتر لە ئەدەبی کوردی دا ببینی •• وتمان کە دلزار لە مەیدانی شعری شورشگیریدا تاکە سواریکە •• بەلام لەمەودوا پیویستیمان بە دلزارە بە شیوەیکیتر کە بیگومان ئەمەش لەو بە دوور نابینری ، چونکە خوی لە بەینی هەستی هونراوەییو کردەوەی سیاسیدا چ دابریکی ئەوتو نیە کە ئەمە لەو نەدیو بکات •

---

(٨) قواعد النقد الادبی – محمد عوض •

# نانو ئاشتیو سەربەستی

« لەو پارچە شیعرانەیە کە دەوری گورکراو بلاو کردنەوەی لی قەدەغە کردبو »

لە ژیر بالی رەشی شەوا
نووستبوو جیهان کشومات
بەلام منی شیتو شەیدا
نالەی ئـەهات
تا روژ هەلات
بانگی ئەکردە گشت جیهان
« ئاشتی
سەربەستی
لە گەل نان
ژیان
ژیان
بو گشت گەلان »
ژینیکی رەش
پرر لـە ئازار
منـال
رووتو

(٨٩)

برسی‌و

هەژار

چاو پرر پرسیاری بی وەلام
نە سرەوت هەیە نە ئارام

★ ★ ★

لە گەل پرسیاری کت‌وپرر
جەرگی باوك گر ئەسینن
چەشنی ئاگر
لە گەل نووزەو دەنگی « ئای‌ئای »
سکالا ئەبرری بە بالای
ئازار شەپول ئەباو دینی
رقی پیروز
ئال‌و بەکول
چەشنی نەوروز
مژدە ئەبا بەرەو وولات
کە روژ هەلات
کە روژ هەلات

• • •

نەسرین فخري

# چیرۆکی ژماره

## دەروزەکـەر[1]

**نوسینی ئەنتون تشیکوف**
**وەرگێری لە عەرەبییەوە :**
**ئەحمەد قەرەداغی ، سولەیمانی**

ـ ئەی خێرومەندا ! بەزەییت پیاما بێتەوە ، من پیاوێکی برسیم ، سێ رۆژ ئەبێ چەشەی خواردنم نەکردوە ، هیچ دراوێك شك نابەم بیدەمە کرێی جێ خەوتنما ، وا شەویش هات ، گەورەم ! سوێندت بۆ ئەخۆم کە تا ئیستا دەروازەم لە کەس نەکردوە ، چونکە من پێنج ســـال لەمەوپیش ماموســـتایەك بوم لە دێیەکا ، لە هـــەنگامی جوولانەوەکەی ( زفتوف )دا ، بە چەن تاوانێکی نارەوا لە ســەر هیچ گوناهبار کرامو فرمانەکەم لە دەس چوو •

سکورتزوف کە پارێزەر بوو لە(پەترس بورگ)روانییە کابراکە، جلە شینە شیتالەکەی ، چاوە مەستە گولیەکانی ، رووە لەکاوی‌یـە سورەکانی سەرنجی راکیشاو کەوتە بیر کردنەوەیەکی کەمێ قولەوە، وەکو ئەو پیاوەی لە پیشەوە دیبیت •

کابرا هاتەوە گوو ، ووتی :ـ

ئەمرو توانیم لە دەورو بەری کالوجادا کارێك بۆ خۆم بدۆزمەوە، بەلام پارەم نیە تا پێی بچمە ئەوێ ! ئەی گەورەم ! یارمەتیم بدەو

---

(١) دەروەزەکەر : سوالکەر

بەرامبەرم دل فراوان بە ، من زور شەرمەزارم بەمە ، بەلام ئەلی چی وا گەردوون بەرەو کویلەییمان ئەبات !

سکورتزوف بو جاری دوهەم نواری یە کابراو پی ی ووت :ـ

کابرا ! گوی بگرە •• من دوینی توم لە شەقامی (سارونوی) دا دی، هیچ پیت نەووتم کە گونە ماموستایت،بەلکو ووتت قوتابی یەکی دەرکراووم ، ئایا دیتەوە بیرت ؟

دەروزەکەر بە پەشوکاوی یەکی زورەوە وەلامی دایەوە :ـ

ئەمە راست نیە ، من ماموستای لادی بوم وەختی خوی ، وە ئەش توانم بەلگەت بو بینمەوە •

ـ بەس درو بکە ، تو وتت خوینـــدکاریکـــی دەرکـــراوم وە پیشت وتم کە بوچی دەر کراویت ! ئایا ئەمەت لەبیرە ؟

سکورتزوف لە بەر توورەیی دەنگی دەر هات ، وە هــەر بــە چاویکی پرر لە رقو کینەوە ئەی روانیە کابرا ، لــــە دوایدا پی ی ووت:ـ

ئەمە هەمووی ساختەو فرو فیلە تو ئەی کەی ، ئەبی بتدەم بە گرتن بە پولیسەکان ، تو •• بەلی هەژارو برسیت بەلام مافی درو کردنت نیە •

دەروزەکەرە کە دەسکی دەرگاکەی گرت و بە ناهەمواری یەکەوە سەیری ئەکردو ووتەی ، پچر پچر ، لە دەم هاتە دەرەوە :

ـ من•• من• •گەورەم درو ناکەم ، بەلگەم لایە بـــو دروو راستی ی قسەکەم •

ـ کی باورت پی ئەکا ؟ کەس بە دروو دەلەسەت میهرەبانیت

بەرامبەر نانوینی •

سکورتزوف ، کە بە پیاویکی دڵنەرمو هەژارو داماو پەروەر ناسرابوو جڵەوی دەماخی خوی لە دەس دەرچوو ، چی جنیــوو قسەی نارەوا هەبوو دای بە کابرای دەروزەکەر ، ئەو کابرایەی کە هەر لە سەر قسەی دروی خوی هەتەر ( حریص ) بو ، وە بــەو هویەوە دڵنەوازیی سکورتزوفی لە کیسی خوی دا •

کابرا لە پیشەوە باش لە سەر خوی ئەکردەوە هەر سوینی بو راستگویی خوی ئەخوارد ، لــە پاشا کەوتە بیدەنگییەوە کــەئەمە بە تەواوی پیلینانی دەرئەخست ، دوایی ووتی :

ــ گەورەم ! دروم کرد ، قوتابی نەبووم ، ماموستایش نەبــووم ، ئەمە هەمووی درو بو ! بەلام بە راستی مووچە خور (موظف)ی بوم ، لە سەر مەی خواردنەوە دەرکرام کەواتە چیبکەم؟ بروام پیبکــە گەورەم ! کە من بی درو ناتوانم بژیم ، کاتی راست گویانە قســـە بکەم ،کەس ئاوورم لی ناداتەوە ، کەس دەستی یارمەتیم بو دریژ ناکا ، هەر روژی راست بلیم لە برسا ئەمرم ، وە یا لە چەقی ریگەدا گیان ئەدەم بە دەسەوە ، گەورەم ! هەر چیت پیووتم هەقت بوو ، پرر بە پیستم بوو ، بەلام چی ئەتوانم بکەم ؟!

سکورتزوف دەستی لی راوەشاندو قیراندی :

ــ ئەلی چیبکەم ؟ پیویستە ئیش بکەی •• ئیش ••

ــ ئیش ؟ ئەوە زور باش ئەزانم ، بەلام لە کوی ئیشیکم دەس کەوی ؟

ــ ئەوە قسەیەکی هیچە ، تو لاویکی بە هیزو لەشساغی گەر

ویستت ئەتوانی هەر کاریکت بووی دەستت کەوی ، بەلام تو لــە هەموو کەس زیاتر تەمەلو کەیلی ! ئەتەوی بە کاریکی سوكو ئاسان پارەیەکی وات دەس بکەوی (فورکا) مانانی بتوانی پی‌بینی ، لە بـەر ئەوە تو هەر بو دروو دەلەسە خیرای ، رەنگە تو داوای فرمانیك بکەی پارەی تیا وەرگریو هیچ ئیش نەکەی ، بەلام ئەی بیرو رات چونە بەرامبەر ئیشی دەستەکانت؟ وا دیارە دەستە نەرمو نولە کانتو ئەمەیان نەووتوە ! ناتەوی ببیتە قاپی‌یەوان یا کریکاری کارگەیەك چونکە تو زور ناسكو نازاری !! ••

دەروزەکەرەکە ، بە تالی‌یەکەوە ، زەردەخەنەیەکی لە خـوی هیناو ووتی :

ـ گەورەم ! فەرمایشەکانت هەموو راستن بەلام چون ئـــەو کارەم چنگ کەوی ؟ ئەو کاتە رویی کە من بتوانم وەك کریکاری ئیش بکەم لە دوکانەکانا، چونکە خەلك ئەیانەوی وەکوو منالیك بویان هەلسوریم ، ناشتوانم ببمە قاپی‌یەوان ، چونکە من لەو چینە نـییم ، دیسان ناتوانم ببمە کریکار چونکە پیویســـتە کریکار فەرمانی باش بزانی بەلام من هیچ نازانم !

ـ ئەمەراست نیە، توو هەمیشـــە لە خوت هەلدیت ، بو دار نابریتەوە ؟

ـ بی گومان پال بەم کارەوە نانیم •• بەلام گەورەم ! بزانـــە داربرەکان ئەمرو هەموو لە حەوانەوەدان :

ـ ئەمە ووتەی تەمەلەکانە، تەنها کاریکیشت بدەنی دەست بەجی ناقابلی‌ی نیشان ئەدەی ، ئەتوانی دارم بو ببری ؟ •••

ـ بەلی ، بە هەموو دلیکمەوە •

ـ باشە ، ئەبینین •• ئەبینین ••

سکورتزوف لە خوشیءیا دەستی پروانو چاوەکانی لە شادیءیا ئەدرەوشایەوە ، لە پەلە پەلیو دل‌لیدانا بانگی کردە ژنە چیشتکەرەکەی مالیان :ـ

ـ ئولجا ! هو ئولجا ! •• ئەم پیاوە بەرە دارستانەکەو داری پی ببرەوە •

کابرا لە سەر سامیءیا ملی ڕاوەشاندو بە سارديءيەکەوە دوای (ئولجا) کەوت ••• وا دیاربوو بە داربرینەوەکە قایل بوبو ، نەك تەنها لەبەر ئەوەی بە فرمانەکە بژی ، بەلکوو لە بەر ئەوەی سکورتزوف بەستیءیەوە ئیتر نەی توانی بلی : نەء•• ؟!

سکورتزوف خیرا چوە ژووری نان‌خواردنەکەیو چاوی برریءیە دارستانەکە ، بینی جیشتکەرەکە ئەرواو ئەویش بە نابەدل بە دوایەوەیەو بەری بەفرەکەدا مل ئەنین •••

«ئولجا»ی چیشتکەر هەر لیی توورە ئەبوو ، لە دواییدا داوای لی کرد کە دەرگای گەنجینەکە بکاتەوە ، لەم کاتەدا سکورتزوف لە بەر خویەوە ووتی :

چاك ئەم ژنەم بەمەوە خەریك‌کردو نەم هیشت چایەکەشی لی‌نیت • دوایی سەیری کابرای کرد بینی سەری لە بەینی دوو لەپی دەسیا داناوەو چوە بە بیرکردنەوەیەکی قولدا • ئافرەتەکەش بە دەم بولەو قسە پیءوتنەوە تەورەکەی لە نزیکیءیەوە داناو لە داخا تفیکی کردەوەو داوای لی کرد دەس بکا بە ئیش •

کابرا ملیکی نارەزایی باداو چوو کوتکە داریکی هیناو خستی‌یە ژیر پی‌یەوەو دەستی کرد بە تەورلیدانی •• بەلام دارەکە لە ژیر قاچی‌یا دەرپەرری، لە پاشا هینایەوەو بە ناقابلی‌و کینەوە دەسی کردەوە بە تەورکاری‌ی دارەکە ، ئەم جارە بە جوری گرتی تا ئاگاداری خویشی بی نەوەك تەورەکە شوینیکی زەدەداربکا ، بەلام دیســـان دارەکە لە ژیریا دەرچووەوە ••

سکورتزوف بەرامبەر کابرای هەژارە سوزی بزوت ، شـــەرم گرتی کە چون ئەو کابرا بی هیزەی بە زور خستوەتە ئیشەوەو کاریکی وا گرانی داوە بەسەرا ، بەلام زوو بەخوی ووت ، قەی ناکا با ئیش بکاو فیربی •• !

دوای ماوەیەك «اولجا» هاتو ووتی : کە دارەکان تەواو بوەو براونە تەوە ••

سکورتزوفیش ووتی :

نیو روبلی بدەری ، وە پی‌ی بلی هەموو سەری مانگی بیتەوە بو داربرین‌و ئیش هەمیشە لیرە هەیە •

کابراکە سەری مانگەکەی‌تر هاتـــەوە نیو روبلی تر کری‌ی وەرگرت ، ئیتر لەو کاتەوە ژیانی روژ بە روژ ئەگـــورراو بەرەو باشی ئەرویی ، تا وای لی هات هیچ لە ســـەر شانی گران نەبوو لە سەر کارو فرمانیك بمینیتەوە ، ماوەیەك بە سەهول شـــــــکاندن‌و کەلەك‌کردنی وە دەمیکیش بە ریگە پاك‌کردنەوەو پوختە کردنـــی مالانەوە خەریك بوو ، بە جوریك کە ئەیتوانی هەمو روژیك ٣٠ـ ٤٠ کوبیك پەیدا بکا •

روژی به پاك‌كردنه‌وه‌ی شتو مه‌كی مالی سكورتزوفه‌وه خه‌ریك بوو ، زور به خاوو بی‌ده‌نگ‌و دل‌ته‌نگی‌یه‌وه كاره‌كه‌ی ئه‌برده سه‌ر، بویه هه‌مو خزمه‌تكاره‌كانی سكورتزوف پی‌ی پی‌كه‌نین ، ته‌نانه‌ت سكورتزوفیش پی‌ی ووت: وا ئه‌زانم قسه‌كانم باش كاری تی‌كردوی، ها ئه‌و روبله بگره كری‌ی ئه‌مروته ، به‌لام ئه‌ت بینم زور سستی له ئیشه‌كه‌تا ، ئه‌مجا پی‌ی ووت :

ـ ناوت‌چی‌یه ؟

ـ **لوشكوف**

ـ ئه‌توانم كاریكی ئاسانترت بده‌مه ده‌س ، كه ئیتر ئه‌وه‌نده ماندوت نه‌كا ، له دوایی‌دا پی‌ی ووت :

ـ ئه‌توانی بنوسی ؟

ـ به‌لی گه‌وره‌م

ـ كه‌واته ئه‌م نامه‌یه‌م به‌ره بو یه‌كی له كاره‌كه‌ره‌كانم تا فه‌رمانیكت ـ وه‌كو ئه‌وه‌ی پیم ووتی ـ بداتی ، به‌لام ها ••• به راستی ئیش بكه‌ی ، ده‌ست نه‌كه‌یته‌وه به خواردنه‌وه ، وه ئه‌وانه‌ی پیم ووتی له بیرت نه‌چی ئیتر خوات له‌گه‌ل ••

ده‌ستی یه‌كتریان گوشی‌و لوشكوف به هه‌موو خوشیه‌كه‌وه لی‌ی‌دا رویی‌و نامه‌كه‌ی گه‌یاند ••

دوو سال تی‌په‌ری لوشكوف به‌و فرمانه‌وه خه‌ریك بوو ، ئیتر هه‌ولی بو هی تر نه‌ئه‌دا •

شه‌وی له شه‌وان سكورتزوف له به‌رده‌می په‌نجه‌ره‌ی شانویه‌كا

وەستابوو بلیتی ئەکری ، پیاویکی بالا بەرزی دی ، بە هەموو لـــە سەرخوییو نیانیکەوە ئەیویست گەلەری‌یەک بگری !

سکورتزوف کابرای ناسیەوەو بانگی‌کرد :ـ

ـ لوشکوف !٠ تو ئەوی ؟ چونی ؟ ٠٠

ـ زور باشم ، سوپاست ئەکەم ٠ ئیستە مانگی ٣٥ روبل وەر ئەگرم ، لە جی‌نوسینی پارەتومارکردنا ئیش ئەکەم ٠

ـ کە واتە سوپاسی خوابکە ، ئەمە سامانە بو تو ، من بەختیارم بەمە ئەی لوشکوف ! ، چونکە من تو بە کورری خوم دائەنیم ، وە من بووم بە هوی ئەم سەرکەوتنەت ، ئایا لە بیرتە ؟ وە لە بیرتە ئەو جنیوانەی دامیتی ، کە لە داخا وەخت بوو لەت ببی ؟ بەلام سوپاس بو تو کە قسەکانمت گرتە گوی ٠

ـ من لە کانگای دلەوە سوپاست ئەکەم ئەی سکورتزوف ، چونکە ئەگەر تو نەبویتایە ئیستەش مالەو مال ئەگەررامو هەر لەمو لەو دەستم پان ئەکردەوەو ئەم ووت کونە ماموستا یا خوینکاریکی دەرکراووم ٠

ـ من بەمە زور بەختیارم

ـ سوپاس بو ووتە بەنرخەکانت ، ئەو ووتانەی کە منیان رزگار کرد ، سوپاس بو توو بو چیشت‌کەرە خوشەویستەکەت (ئولجا)ی بە نرخ، کە بە راستی ئەویش دەستیکی بالای هەبوو لە سەرکەوتنما٠

ـ ئەوە چون ؟

ـ هەرجاری ئەهاتم بو داربرین پی‌ی ئەووتم : سەر خوشەکە

هاتی ؟ ، خوا به ملی شکاو بتهینی ؟ ئەوه بو نەمردی تا زوو بو ؟

له دوایيدا بەرامبەرم دائەنیشتو ئەیدا به چاوما :ــ

ــ هەی بی‌بەخت ، ژیان تال ، تو دوزەخ چیگەتە ، ئەی هەمیشە سەرخوشی بی‌بەش •

هەموو کاتی بەم شیوەیە لەگەلما ئەدوا ، خوی له گەل ماندوو ئەکردمو فرمیسکی بەزەیی بو ئەرشتم ، ئەمەش هەموو له بەر من !! وه ئەوەی به زوری کاری تی‌ئەکردم ئەوه بو ئەمهات له گەلما داری نەبری‌و یاریدەی ئەدام ئەوەش بزانه ئەی سکورتزوف ! که مهن هەتا لاتان ئیشم ئەکرد داریکم نەبریوەتەوه!! هەمووی هەر ئەو بووە•• هەر ئەویش‌بو به هوی واز هینانم له مەی خواردنەوه ، له بەر ئەوه زور منەت‌بارو قەرزاریمی ، به کورتی ئەو بوو منی له هەموو پیسی‌و ناریکیەك پاك‌کردەوه ، رەووشتی پوختە کردم بەو ریگە جوانەی که خــوی ئەیزانی ، ئەو ریگەی که هەرگیز له بیرم ناچیتەوه •

ئیتر گەورەم با له یەك جیابینەوه ، خوات له گەل ، کاتـــی زیلك بونەوەی لیدانی زەنگەکەیە •


**مەمو زینی خانی**

مەمو زین ، داستانەکەی ئەحمەدی خانی‌یە شاعیری ناوداری کوردستان ( هەژار ) کردویه به موکریانی ، ماموستا ( حسن‌قزلجی) یش پیشەکی بو نوسیوه • ئەم داستانه به نرخه ۱۱۸ لاپەرەیه وه له چاپخانەی نەجاح له بەغدا چاپ کراوه • نرخی ۳۰۰ فلسه •

# خوینەواری کوردی دلسوز !

گوڤاری « هیوا » ئەوەتی هەیە هەتا ئەمرو لە هەلسان بـــە پیویستی ســـەرشانی خوی کوتایی نەکردوە ، لە روژانی نوری بیگوررو تاقمە چەتەکانی ئیمپریالیستا ئەو روژانەی کە بیجگەلـــە روژنامە تیکوشەرە پەنهانەکان روژنامەو گوڤاری نەبو روسورانە بیتە مەیدانەوە !! • بەلی لەو روژانەدا ، هیوا ریبازی راســتی خـــوی بەرنەداوە •••••• ئەگەر باوەر ناکەی بررو لاپەرەی ژمارەکانـــی پیش شورشی بخوینەرەوە راستی قسەکەمت بو دەر ئەکەوی • •

بویە یارمەتیدانی گوڤاری « هیـــوا » یارمەتـــی نەتـــەوەو نەتەوایەتییە ، یارمەتی دیموکراتیەتە ، هاوبەشیکردنە لە بوژانەوەی ویژەو سامانی باوباپیرمان •

دەستی یارمەتی دریژ بکەن بو گَوڤاری « هیوا » ی نەبەز ،هانی خەلك بدەن بو پشتگیری « هیوا » ، پارەی ئابونەتان بنیرن بیگومان بەمە بەردیك دائەنین لە بناغەی دیواری نەتەوە پەرستی راستەقینە دەسا خوتانو غیرەتتان هیوا چاوەروانە !!!

# باوەر پێکراوانی هیوا

## لە :ـ

بەغداد :ـ ماموستا بەشیر موشیر ـ حیدرخانە

سولەیمانی :ـ ١ ـ رؤف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی گەلاویژ

٢ ـ محمد عارف معروف ـ خاوەنی کتیبخانەی زیوەر

٣ ـ محمد رسول ـ خاوەنی کتیبخانەی ئازادی

٤ ـ احمد عباس کریم ـ نامەخانەی بیری نوی

کەرکوک :ـ عمر بی کەس ـ شەقامی سیروان

هەولیر :ـ قادر احمد خوشناو ـ خاوەنی نامەخانەی شورش

٢ ـ نامە خانەی سەربەستی

کویـە :ـ نامە خانەی کوردستان

رانیـە :ـ عزیز صدیق ـ کوگای بیتوین

هەلەبجە :ـ سید حسین ئەمین

زاخـو :ـ محمود حاجی احمد ، مکتب التحریر

قەلادزی :ـ نورالدین مەلا صابر


رەواندز :ـ علی عبداللە : کتیبخانەی رەواندز

خانەقین :ـ حبیب نەوروز : کتیبخانەی سیروان

موە ـ ـ سید علی ـ مکتبة الامین ـ شارع النجفی

چەمچ ن :ـ رەحیم رەزا کۆگای کاوە

# شركة الطائى للمواد الانشائية


ئەگەر ئەتەوی خانوە تازەکەت لە هەمو رویەکەوە بە ئارەزوی خوت بیت ، هیچ ئی ی رامەوەستە کەرەسەی پاکو تەمیزی یەکەی ناو مالت وەک بەلوعەو دەس‌شورو سیفونو شتی‌وا لە شەریکەی طائی بکرە-لە بەغدا ــ باب الآغا •

دروستکراوی گەورەترینو باشترین فابریقەی ئینگلتەرە وە بە نرخیکی هەرزان •

تەلەفون ٦١٨٨و ٦١٩٤



« چاپخانەی شەفیق ــ بغداد »

# گۆڤاری هیوا

ژمارە 5 ساڵی 3 مایسی 1960

# هیوا

ژمارە (٥) سالی (٣) مایسی ١٩٦٠
جوزەردانی ٢٥٧٢ ی کوردی

لەم ژمارەدا :


- لە پیناوی بووژاندنەوەی یانەی سەرکەوتنی کوردانا : هیوا
- چیروک لە چینا لە ١٩١٩وە : وانگ یاو . وەرگیر : محمدی مەلا کریم
- وتم بە بەختی خەوالو ( هەلبەست ) : حاجی قادری کویی
- نەوروز ( چیروک بو شانو ) : جمال عبدالقادر بابان
- بەهاری پاش باران ( هەلبەست ) : گوران
- وتاری دوکتور هاشم دوغرمەچی لە ئاهەنگی نەوروزی یانەدا
- نەوروز ( هەلبەست ) : حسیب قەرەداغی
- ئەنجامی شەر ( چیر.ک ) : وەرگیر : محمد نوری توفیق
- لە ئەدەبی کوردی سوفیت ( هەلبەست ) : ئامادە کردنی : وردی
- فەرهەنگی خال ( لیکولینەوە ) : طاهر صادق
- بەستنی کونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان
- نەوروزی ئەمسالمان


نرخی ( ١٠٠ ) فلسـه

# ناوو نیشانی هیوا

بەغداد : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتن

تەلەفون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئول : دوکتور هاشم دوغرمەچی

لەپوستەخانەدا تومار کراوە بەژمارەی ٤٩

—( ئابونە )—

| | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابونە بو دەرەوەی عیراق | ٢٥٠ | ١ |
| ئابونەی سالیکی لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | - |

پارەی ئابونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناونیشانە ئەنیرریت

بغداد : وزارة الاصلاح الزراعی

المفتش العام الاستاذ مكرم الطالبانی

هیوا

گوفاریکی ئەدەبیو زانستیە
مانگی جاریک دەرئەچی

# لە پیناوی بووژاندنەوەی یانەی سەرکەوتنی کورداندا

شتیکی ئاشکرایە یانەی سەرکەوتنی کوردان، کە دەمیکە هەیە، یانەیەکە بنیـاد نراوە بو بەرز کردنەوەی ناوی کوردو پیش خستنی ئەدەبی کورد، بو ئەوەی ببی بە شوینی بەیەک گەیشتنی لاوە کوردەکانی بەغداو بەهیز بوونی گیانی برایەتیو هاوکاریو ئالوگوری بیروراو هەول دان بو پیش خستنی سامانی نەتەوایەتیمـان . .

بیگومان یانەش، وەکوو دامەزراوو کومەلەکانی تر؛ خوشیو ناخوشیی وەزعی سیاسیو کومەلایەتی کاری تی ئەکا. جا ئەگەرچی لە چەرخی رووخاودا یانە نەیتوانیبی بە تەواوی هەلسی بە پیویستیەکانی سەرشانی لە بەر چەن هویەک، لە گەل ئەوەشدا کەمو زور هـــەر خەزیك بووەو لە مەیدانی خزمەت کردنی ئەدەبی نەتەوایەتیماندا دەوری هەبوە . .

بەلام ئەمرو ، لە چەرخی جەمهووریەتدا ، ئەوەی دەکە هەموو کوردیکی دلسوز ئەیەوی ، سەبارەت بە یانە ، ئەوەیە کە هەموو دلسوزە کوردەکان ، لە گەل جیایی بیرو باوەری سیاسیانا ، دەستی یارمەتی بە تیکرایی دریژ بکەن ، بو بووژانەوەی یانەو ، بو ئەوەی بتوانی بە جوری بیرازینەوە کە لاوە کوردەکانی بەغدا رووی تی بکەنو ، بی بە هەوینی یەکیەتی ی کوردە نیشتمان پەروەرەکانو ، بی بە شوینی لیکولینەوەی گیرو گرفتی هونەرو ئەدەبی کورد ، وە هەموو لایەك هەول بدەن بو ئەوەی گوفارەکەی یانە بە ریكو پیکیو بی تەنگو چەلەمەی چاپو ، بە بی ئەوەی هەست بە بی کەسی بکا ، دەربچیتەو ، ئەمیش بەردیك دابنی لە بناغەی سامانی ویژەی نەتەوایەتیمانا کە لەم روژەدا گەلی پیویستمانە .

ماوەیەك لەمەوپیش دوو لیستە خویان هەلپالاوت بو دەستەی بەریوەبەرایەتی ی « یانە » : لیستەی خەباتو ، لیستەی دیموکراتی ی یەك گرتوو ، بی گومان بودنی ئەم دوو لیستەیە مانای ئەوە نەبوو کە دوو تاقمە لایەنگرەکانیان دوژمن بە یەك بن ، یا خو یەکیکیان حەز نەکەن بە پیش کەوتنو بووژانەوەی ئەدەبی کوردو ئەوی تریان حەزی پی بکات ! نەخەیر هەردوولا ئامانجیان یەکە لە پیش خستنی سامانی نەتەوایەتیدا ، تەنها ئەوەندە بوو ، کە هەر یەك لەم دوولایە بیرو رایەکەو ، ریبازیکی تایبەتیان هەبوو ، بو گەیشتن بەم ئامانجە پیروزە . بەلام لە گەل ئەمەشدا هەردوولا ، کە دی یان حەزی زوربەی ئەندامەکانی یانەو ، حەزی خەلکی کوردی دلپاك ئەوەیە کە ئەم دوو لیستەیە یەك بگرن ، وە لە ریگای یەك گرتنەوە هەول بدەن بو بووژاندنەوەی یانە ، وە پاش ئەوەی کە هەردوولا هەستیان بە پیویستی ی یەك گرتن کرد ، لەم دواییەدا هەردوولا لە سەر یەك لیستەی یەك گرتوو ریك کەوتنو لە وەزعیکی هیمنو پر لە خوشیدا دەس کرا بە دەنگدانو ، بە بی ئەوەی لیستەیەکی تر بتوانی خوی بینیتە ناو

ناوان ، ئەندامەکانی دەستەی بەڕیوەبەری تازەی « یانە » هەلبژیران ...

بێ گومان ئەم هەنگاوە مایەی دلخوشی ی هەمو ڕەگەزێکی کوردی دەروون پاک بوو ، وە لە هەمان کاتدا قوردانبوو بە دەمی ئەو دووژمنانەدا کە هەمیشە لەوە ئەگەڕین « شەری بێو خێری ئەوانی تیابێ ! »

« هیوا » کە گوواری یانەی سەرکەوتنو ، گوواری هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەرە ، پیروزبایی لە دەستەی بەڕیوەبەری تازە ئەکاو ، چاوەروانە ئەمجارە ئەم ئەندامە تازانە ، کە ئیکرا دلسوزی کوردن ، زیاتر هەول بدەن بو بووژانەوەی « هیوا» و پیشخستنی یانەو ، چاوەڕوانە کە ئەم یەکگرتنە نوبەرە بێو گەلی یەکگرتنی تری لە دوا بێ ، لە پیناوی خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتیماندا .

« هیوا » ، بە تایبەتی ، ئەمجارە چاوەڕوانە کە ئیتر لە ژووری « یانە » دا گەلەك نەبێو ڕەنجو مانووبوون بو نووسەرانی نەمینێتەوەو ! بگاتە دەسی هەموو کوردیكو ئەوانیش بە ڕەخنەگرتنو ڕانموونی کردنو شتبونووسین یارمەتی ی بدەن !

« هیــــوا »

---

## نوکتەی حەج

برادەرێک لە کوردەکانی خومان لە سالی ۱۹۲۸ دا ئەچوو بو حەج . لەو کاتەدا خوا لی خوش بوو ( محمود جودت ) پێی وتم : کاک بشـــیر توش نەچی بو حەج ، نەوەک لە کیسمان بچیو واز لە کوردایەتی بهینی ! منیش پیم وت : گوێت لێ بێ کاک محمود :

خوا ! کەعبە بە من چی کە چوار دیوارە ؟
کەعبەی بشیری دیدەنی ئالای کوردەوارە !!

بشیر مشیر

# تکای لێبووردن

گەلێك وتارو هەڵبەست و چیرۆك و نووسراوی بە کەڵکمان بۆ هاتووە ، بەڵام بە هۆی دواکەوتنی گۆڤارەکەمان ، لە ئەنجامی گیرو گرفتی چاپەوە ، نەمان توانی ئەم جارە بیانخەینە بەر چاوی خوێنەرە خۆشەویستەکانی « هیوا » .

ئەمانەوێ بە خوێنەرانی هیواو دۆستەکانی ئەم گۆڤارە رابگەیێنین ، ئەوانەی کە نووسراومان بۆ ئەنێرن ، کە دڵنیا بن لەوەی هەرگیز نووسراویان ناخرێتە پشت گوێ ، هەر بەو مەرجەی کەڵکی هونەری یا کۆمەڵایەتیی پێوە بێ ، بڵاوی ئەکەینەوە .

ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە تکا لەو برادەرانە ئەکەین نووسراو ئەنێرن بۆ « هیوا » بە خەتێکی جوان و ئاشکراو تەنها لە روویەکی کاغەزەکە بینووسن ، بەم جۆرە هاوکارییەکی باش ئەکەن لە ئاسانکردنی ئیش و کاری چاپکردندا .

# چیروك لە چینا لە ١٩١٩ وە

نووسینی : وانگ یاو
پروفسوری زانستگای پەکین
وەرگیر لە عەرەبییەوە : محمدی مەلا کریم

کورتە چیروكو چیروکی دریژ لە چینا رابوردوویەکی دریژیان هەیە . لە سەدەی چواردەهەم بە دواوە زنجیرەیەك کتیب دەرچووە وەك ( گوی ئاو ) و ( پیاوان هەموو برانــ ) و ( زیارەتی روژاوا ) و (خەوی زووری سوور ) و ( قوتابییان ) . ئەم هەموو چیروکە دریژانە نرخی راستە قینەیان نەدراوەتیو ئەوەندەی شایانیان بی بە ئەهمیەتەوە سەیر نەکراون تا سالی ١٩١٩ کە بزووتنەوەی ( چواری مایس ) پەیدا بوو ، کە بزووتنەوەیەکی زانستیو تازە بوو ، پاش ئەوەی کە پیشان ئەم چیروکانەیان بە ناحەق بە کتیبی ( دەمی دەس بەتالی ) ئەدایە قەلەم .

کورتە چیروكو چیروکی دریژ لە پاش بزووتنەوەی چواری مایسەوە زور پیش کەوتوون ، وە لە سەر بنچینەی رابوردووی چیروکی چینی دامەزراون پاش هینانە قەوامی . دیارە نووسەرەکانیش بەشیکیان لە باشترین سەرچاوەکانی ئەدەبی بیگانە دیوە .

## نووسەریکی شورشگیری مەزن

لە ئەنجامی بزووتنەوەی زانستیی چواری مایسا کورتە چیروكو چیروکی دریژ لیشاویان کرد . ئەدیبی گەورەی شورشگیر ( لو هسون ) [ ١٨٨١ ـ ١٩٣٦ ] بە چیروکە کورتەکانی میژوویەکی ئەدەبیی کو کردەوە . کومەلە چیروکی ( بانگ بو چەك هەل گرتنو کوچ کردن ) وەسفیکی وردی

باری کومەلایەتی بوو بە پیی سەرنجو باوەری چەوسێنراوەکان لە ١٩١١ وە کە شورشی بورجوازی بەرپا بوو تا سالی ١٩٢٤ کە جەنگی یەکەمی ناوخو دەسی پی کرد . ئەو کومەلە چیروکە کومەلیک لە گیرو گرفتە گەورەکانی کومەلی ئەو چەرخەی بە شیوەیەکی دیار دەرخست . زور لە چیروکەکانی لو هسون باسی ژیانی تالو سەختی لادیو ناخوشیی گوزەرانی فەلاحەکان ئەکا لە ژیر نیلەی چەوساندنەوەی دوو قولی دەرەبەگیو ئیمپریالیزمدا . باشترین شتی کە لەم بابەتەوە نووسرابی چیروکی واقیعیی ( ئاه کیو ) یە . لو هسون لەو باوەرەدا بوو کە لە توانای هیچ شورشیکا نی یە سەرکەوی ئەگەر فەلاحەکان کە زوربەی هەرە گەورەی خەلکی چینن راست نەبنەوەو بەشداریی تیا نەکەن . ئەم باوەرە بوو بنچینەی گەورەی ئەو رەخنــــە توندەی کە گیرا لە شورشە بورجوازییە ژیر کەوتووەکەی سالی ١٩١١ . لە هەمان کاتا لایشی وا بوو کە باری ژیانی ئەو فەلاحانە کە کەمترین بەشیکیان نەبوو لە ژیانی بو ئادەمیزاد شیاو ، مەجالیکی باشە بو شورش . ئەم باوەرەیشی بوو ، بوو بە هوی دەرکەوتنی دواکەوتوویی لە ئام دەرچووی فەلاحەکان لە چیروکی ئاه کیو دا . هەروەها لایشی وا بوو کە ئەبی هەندی هیز بی بو ری پیشان دانو هاندانی فەلاحەکان تا دەوری خویان حالی بنو کەلکیکی تەواو لە توانای شاراوەی خویان وەربگرن ، وە هیوای وا بو روشن بیرەکان بن ئەم هیزە ، بەلام بیری تیژی کوتووپر بوی دەرخست کە روشن بیرەکان خەریکی نواندنی رولی خویان بوون پاش ئەوەی کە خویان بە دلیکی پر لە داخەوە قومیان لە پیالەی سزاو چەوسانەوە ئەدا . ئەمانە بو بوو ژاندنەوەی ئامانجە بەرزەکانیان بە گەرمی تی ئەکوشان بو ئازادیو رزگار کردنی گەلو ولات ، بەلام لە ئەنجاما هیزی خراپە بەزاندنیو نووشی سزایەکی زورتر بوون ، وە ئامانجو هیوایان درا بە با .

ئەم کارەساتی چەرخە وەک نووسراوەکانی لو هسون بە شیوەیەکی ورد

پیشانی ئەدەن ، هەموو تاقمە بێ دروستەکانی گەلی خستە جوولە . بەلام لو هسون کاتێک کە ئەو چیروکانەی نووسیبوو هیشتا ئەو هێزەی نەدوزیبووەوە کە بە سوزەوە بە دوایا ئەگەرا ، ئەو هێزەی کە بتوانی واقیعی ئەو کاتە بگوری . لەو چیروکانەی وا دەرئەکەوت کە وا لە گەل ئەوەشا کە پر بوون لە حەزێکی مەردانە لە راپەراندنی ئەوانەی کە وا لە ناو جەرگەی تاریکی‌دا نووستبوون بەلام ، هیشتا تەنها هەستی دووره پەریزانەی تایبەتی‌ی خوی‌یان دەر ئەبری . ئەم حەزەی ئاخری وای لی کرد کە پاش تیک شکانی شەری یەکەمی ناوخو لە ســـالی ۱۹۲۷ دا وریا بیتەوە بو دەوری پرولیتاریا . لەو کاتەوە دەستی کرد بە تەرخان کردنی هەموو هیزو توانای خوی بو مەسەلەی شورشی پرولیتاریا . لە دوا سالەکانی ژیانیا چەند باس‌و کورتە چیروکی نووسی دەربارەی میژووی چین ، چەند داستان‌و حیکایەتی کو کردەوە لە کتیبیکا بە ناوی ( چەند چیروکیکی کورتی وتراوە ) . گەرایشەوە بو سەر میژوو بو وەرام دانەوەی گیرو گرفتەکانی ئەو سەردەمە ، وە بو بەت‌پەتی کردن بەوانەی کە لە ریگـای پیشکەوتنا ئەوەستن . کورتە چیروکەکانی لو هسون شیوەیەکی تایبەتی‌یان هەیە . هەرچەند هەندی لە نیشانەکانی چیروکی دریژی چینی یان تیایە ، بەلام خاوین‌و راستن ، وە شیوەی ساختەکاری‌و عولەیەتی‌یان تیا نیە [1] . هەروا کە خراپەی یەکیکیش بلی قسەکانی زور تال‌و ســــویرن . نووسینەکانی هەندی لە سیفەتەکانی شیعری کلاسیکی‌ی چینیان تیایە ، وەک ئیلهـام وەرگرتن لە جوانی‌ی سروشت‌و دروست کردنی وەزع‌و سرنجی دەروونی . لو هسون یەکیکە لەو

(۱) عـولە : وشەیەکە لە وشەی ( علماء ) ی عەرەبی وەرگیراوە . لە ناو مەلاو فەقیکانا زور بە کار ئەهینری بو کەسیک خـوی بە زورزان* دابنی‌و وەک ئەوان پیشان بداو کە چی وایش نەبی . لیرەدا لە باتی ( حذلقة ) بە کارم هیناوە کە لە وەرگیرراوە عەرەبی‌یەکەدا هیناوەتەوە .

پیشینانەی کە ئەدەبی یەکانەیان هینایە ناو گەلی چین . نووسەرە هەلبژاردەکانی بریتی بوون لە ( گوگول ) و ( بیتوفی ) و ( میکیفیکس ) کە تا رادەیەك کاریان کردوەتە سەری .

## هاو چەرخەکانی لو هسون

لە ناو هاو چەرخەکانی لو هسونی نووسەرا ئەتوانین ناوی ( یە شاو شون ) و ( یو تا فو ) بینین کە ئەویان لە ١٨٩٢ دا لە دایك بووە ، وە ئەمیان لە ١٨٩٦ دا لە دایك بووەو لە ١٩٤٥ دا مردوە . یو شاو شون ئەندامی ( پەیوەندی ئاسە ئەدەبی یەکان ) بوو کە جاری دابوو ئەبی ئەدەب خزمەتی ژیان بکاو دروست بوونی نوی کاتەوە . ئەم نووسەرە بە شیوەیەکی سادەی ناوخویی باسی ژیانی روو گرژی زوشن بیرەکان و بورجوازی بە بچووکەکانی شارە بچووکەکان ئەکا ، وەك خوی بە شیوەیەکی باش تی یان گەیشتبوو ، هەروەها وینەی ئافرەتان و منالانی ئەگرت و بە شیوەیەکی سەختی کەلەکە بر رەخنەی لە کومەلی کون ئەگرت ، لە بەر ئەوەی کە ئەوزمی ئەخستە سەر ئافرەتان و دلرەق بوو لەگەل منالان .

یو تا فو کە چەند سال ژیاوەو خویندوویەتی لە ژاپون ، لە بەرەی کومەلیکی دروست کەرو لی هاتووە ، گورانیی بو شانازی کردن بە بەربەرەکانیوە ! وە بو ئیشی جوان و دەربرینی هەستی دەروون وتووە ، وە لە بەر ئەوە کە نووسەریکی لاو بووەو تالی ی هەژاری و چەوسانەوەی چەشتووە ، بە باوەرو راستی یەوە ئیش و ئازاری سەختی روشن بیرەکانی باس کردوە ، نووسراوەکانی پر بوون لە کینە لە رەوشتی دەرەبەگی و لە خوش هاتن لە لاوان و لە خوشەویستی ی وا کە دوور بی لە کوت و زنجیری کون ، وە لە ژیانی وا کە ئامانجیکی دیاری ی هەبی .

ئەم دوو نووسەرە وەك لو هسون ی هاوری یان ، وە بە تایبەتی ( یە ) هەندی بیرو باوەری تازەیان فراوانتر کرد لە ماوەی شەری ناوخوی یەکەمدا ،

وه بیرو باوەری تری وایان هینایه کایەوە . یه شاو شی له چیروکه دریژەکەیا که ناوی لی ناوه ( نی هوان شیه ) وه له ١٩٢٩ دا تەواوی کرد ، دلسوزانه وەصفی شیوەی عەقل‌و ئازار چەشتووی ناکامل هەندی له روشن بیرەکانی کردوه که له دەرویشی‌و ئیسلاحی‌یەتەوە وایان لی هات دیفاعیان له شورشی ئیشتیراکی ئەکرد . هەروەها لەو نووسەرانەن که له ماوەی بزووتنەوەی چواری مایەوە تا شەری یەکەمی ناوخو کاریان کردوەته سەر باری ئەدەبی : ( ینغ هسن ) که له ١٩٠٣ دا له دایک بووه ، وه ( وانغ تنغ شاو ) و ( وانغ لو یین ) که له ١٩٠١ دا له دایک بووەو له ١٩٤٤ دا مردوه .

پاش ١٩٢٧ شورشی چین کەوته قوناغیکی تازه که زوران بازی یەکی هیمن‌و قوول‌و تالی تیا بوو . کمه شورش له بارەی سوپابی‌یەوە شکستی خوارد ژمارەیەکی زور له نووسەرەکان ئەرکی خەباتیان گرته ئەستوو ئالای ئەدەبی شورشگیری پرولیتاری‌یان بەرز کردەوە لەو شارانەدا که توقاندنی سپی بالی بەسەرا کیشا بوو . نووسەرەکان زوریان قوربانی‌ی گەورەیان دا . ئەوانەی که حوکومەتی کونەپەرستی کو مین تانگ کوشتنی چەند چیروک نووسیکی گەورەیان تیا بوو وەک ( هو یو بینغ ) و ( تو شیک ) که له ١٩٠١ دا له دایک بوو وه له ١٩٣٠ دا کوژرا . وه وەک ( هینغ لینغ ف ) . له گەل ئەوەشا ئەدەبی دروست کەر هیشتا ریگای گەورەی خوی ئەبری . له سایەی ، وه بە سەرکردەیی ، یەکیتی‌ی نووسەرانی لای چەپ که له ١٩٣٠ دا له لایەن لو هسون‌و ماو تون [ له ١٨٩٦ دا له دایک بووه ] و هەندیکی ترەوە دروست کراو ریک خرا ، نووسەرەکان باشتر کەوتنه ئیش . وه جلەوی کاروباریان بە شیوەیەکی باش‌و فراوانتر گرته دەس ، وه چوونه بنی ژیان ، وه چەند نموونەی شیوه فرەیان هینایه بەرهەم له نووسینی چیروکی پر له سروشت‌و دیمەنی ناوخویی‌دا .

# ماو تون‌و نووسراوه‌کانی

( ماو تون ) یه‌کێکه له سه‌ر به ده‌ره‌وه بوه‌کانی ئه‌ده‌بی واقیعی . له ژێر ئه‌وژم‌و تینی گه‌رده لوولی شۆرشا قال بوو بوو . له سالی ۱۹۲۹ دا دانانی چیروکه درێژه یه‌کمه‌که‌یی ته‌واو کرد که ناوی لێ نا بوو ( کرمی بوون ) . ئه‌م چیروکه شێوه‌یه‌کی جوانی تووره کردن‌و فرو فێل‌و رارایی هه‌ندی له روشن بیره لاوه‌کانی بورجوازی‌ی بچووکه له به‌ر ده‌م شۆرشا که دا بوونی به با . وێنه‌ی رووداوه‌کانی پێش‌و پاش شۆرش ئه‌کێشی به جوری که ده‌ری ئه‌خا چون قاره‌مانێکی شاکاری هونه‌ری واقیعی‌یه . چیروکه درێژه‌که‌ی که ناوی لێ نا بوو ( نیوه شه‌و ) تاجی سه‌ری گرده هونه‌ری‌و بیری‌یه‌کانیه‌تی ، وه سروشتی نموونه‌یی بورجوازیه‌تی نیشتمان په‌روه‌ری چین‌و بورجوازیه‌تی شوێن که‌وتووی ده‌وری سه‌ره‌تای گری‌ی سه‌ده‌می تیا باس کراوه ، باسی وه‌زعیان‌و په‌یوه‌ندی به‌ینیان ئه‌کا . له‌و چیروکه‌دا سه‌رمایه‌داره‌کان‌و په‌یوه‌ندیان به جوولانه‌وه‌ی چینی کرێکاره‌وه‌و به جوولانه‌وه‌ی فه‌لاحه‌کانه‌وه‌و چینی ده‌لاله‌کان ( کومبرادور ) و په‌نجه خستنیان ئه ناو هه‌موو مه‌سه‌له‌یه‌کی‌و کاری وه‌زعی سه‌نعات کاره‌کان‌و په‌یوه‌ندی به یه‌کا چوویان له گه‌ل سه‌رمایه داره نیشتمان په‌روه‌ره‌کان ئه‌بینری که دیمه‌نی ره‌نگاو ره‌نگی هه‌موو روژی پیشان دراوی ( شانغه‌ها ) یه . له ئاخری ئه‌م به یه‌کا دانه‌دا ( وو سن فو ) ی قاره‌مانی چیروکه‌که ئه‌بینین که سه‌رمایه دارێکی نیشتمان په‌روه‌ره . وو ، هێزو لێ هاتن‌و گیانی پروژه پێکه‌وه نانی هه‌بوو ، به‌لام له گه‌ل ئه‌وه‌شا دوراندی له به‌رامبه‌ری ( شاو بو تاو ) ا که ده‌لال بوو ، وه له سه‌ر سکی ئیمپریالی یه‌کان ئه‌ژیا . له راستی‌یشا وا بوو ، چونکه کاروبار وا ئه‌رویشت به رێوه . به‌زینی وو سن فو شتێکی واقیعی بوو ، چونکه چین له گری‌ی سه‌ده‌ما له باره‌ی سه‌رمایه داری‌یه‌وه پێش نه‌که‌وتبوو ، به‌لکو روژ له روژ زیاتر ئه‌بوو به موسته‌عمه‌ره .

لەم چیروکەدا زیرەکی‌ی ماو تون دیاری ئـەدا لە وەصف کردنی ژیانا لە هـەموو رووە پر لە گری کویرەکانی ئاســـوی فراوانیەوە . لە کورتە چیروکەکانیشـا ئەبینین زور زیرەکە لە تیشک خستنا بە سەر هەموو گوشەیەکی ژیانا لە چەند لایەکی تایبەتی‌یەوە ، وەک کورتە چیروکێکە بە ناو بانگەکەی ( کرمی ئاوریشم لە بەهارا ) کـە بەیکەریکی دیاری رووخانی ئابووری کشت‌و کالی چینە بە شیوەیەکی کوتوپر لە گری‌ی سەمەما ، وە ئەو گورانە قوولەی کەکە کاری کردە سەر سرنجی فەلاحەکان . چیروکی دووەمیشی ( دوکانەکەی خیزانی لین ) وینەی دواکەوتن‌و تیک چوونی سەنعات کاری‌و بازرگـانی‌یە لە شاریککی بچووکا . بەرهەمی بە پیتی ماو تون لە چیروکی دریژو کورتە چیروک زوربەی رووداوو تەیارەکانی سەردەمی بەپێی جوولانەوەی چواری مایس‌و سەرکەوتنی جەنگی بەربەرەکانی‌ی تیایە . نیشانەی نووسراوەکانی ئەوەیە کەکە باش لە ژیان‌و واقیعیەتی نوی گەیشتووە تیایانا . وە شیوەیەکی فراوانیـان هـەیە ، وە سرنجیکی دەروونی‌و دارشتنیکی پتەویان هەیە .

یەکیتی‌ی نووسەرەکانی لای چەپ ، تاقمـە نووسەریکی لاوی پی گەیاند لە کاتیکا کە لە ناو جەرگەی خەباتی راستە قینەدا بوون . لە سـەر بە دەرەوە بوو تریفی ئەمانە ( شانغ تینغ بی ) یە کە لە ١٩٠٦ دا لە دایک بووە ، وە ( یـە تسو ) کە لە ١٩١٢ دا لە دایک بووەو لە ١٩٣٩ دا مردوە . یە تسو لە سەردەمی وروژانی شورشی فەلاحەکانی هونانا پی گەیشتوە . لە کومەلە چیروکەکەیا کـە ناوی لی ناوە ( دروینەیەکی فرە ) بە گیانیککی شـورشگیری قـوول باسی چەوساندنەوەی چینایەتی‌ی ناوچە گەورەکان ئەکا ، وە بە شیوەیەکی واقیعی هیزی سامناکی شاراوەی ناو فەلاحەکان دەر ئەبری کە دەمیکی دوور چەوسینراونەتەوەو دەنگیان کپ کراوە ، وە باسی ئەوە ئەکا کـە چون گیانی بەربەرەکانی ئەتەقیتەوە لە ناویانا . ئەم چیروکانەی زور توندو هوزندەن‌و سەرەرمیان تیژە لە ژیانا . شانگ

تین یه ناسراوه بەوە کە بە شیوەیەکی کەلەکە گر عەیبی دوژمن دەر ئەبری چەند چیروکی نووسیوە وە بە گالتە کردنەکانی پشق خاوەن مولکە گەورەکان و بورجوازی‌یەکانی شارو روشن بیرە مامەحەمەیی کەرەکان سوور ئەکاتەوە .

## لاو شیە ، و ، باشین

زور لە نووسەرەکان هەرچەند ئەندامی یەکیتی‌ی نووسەرەکانی لای چەپیش نەبوون . لەوانە بوون بە کول بیری گوریتی وەزع و بەربەرەکانی کردنیان بلاو ئەکردەوە . وە بە کینەیەکی قوولەوە خراپەی کومەلیان دەر ئەخست . ( با شین [ لە ١٩٠٤ دا لە دایک بووە ] ) و ( لاو شیە [ لە ١٨٩٧ دا لە دایک بووە ] ) لەمانە بوون . باشین ژمارەیەکی زور چیروکی دریژی نووسیوە . وینەی سوودە لە یەک داوەکانی لاوانی گرتووە . وەک لە یەک دانی عەقل و عاطفـــە . خوشەویستی و باوەر . وە بە گەرمی شانازی‌ی بە لاوانی شورشگیرەوە ئەکرد کە گیانی خویانیان تەرخان کردبوو بو راستی و ئازادی . نووسینەکانی ئەم نووسەرە پرە لە کینە لە رژیمی دەرەبەگی . وە هەولیکی مەردانەیە بو بزواندنی گەل بو خەبات لە پیناوی پاشە روژیکی باشترا . چیروکە دریژە بە ناو بانگەکەی کە ناوی ( خیزان ) ە هەمووی باسی دەوری مالی‌ی خوی ئەکا . وە تیا پیشانمان ئەدا کە رووخانی خیزانیکی دەرەبەگی نیشانەی بی گومانی‌ی رووخانی یاســـای دەرەبەگی‌یە . کەسەکانی کە باسیان ئەکا لە چیروکەکەیا پی ئەگەن و لە بەردەمی بنچینەی ژیانی پر هەللای کومەلی دەورو پشتیانا ئەگورین . قارەمانی چیروکەکە کە لاویکی گەرم و گورو بە هەستە و ناوی ( کاو شو هوی ) ە . ئەوەی خیزانیکی لە لیواری لە ناو چوونایە . ئەم کورە کوت و زنجیری دەرەبەگی‌ی لە ملی خوی دارنیبوو وە خوی تەرخان کردبوو بو مەسەلەی چاک کردنی وەزعی کومەلایەتی . نووسەر بومان باس ئاکا کە ئەم کورە چ ریگایەکی گرتە بەر . بەلام ئەنها تیک

شكانى سنوورى خيزانيكى دەرەبەگى بە ھەنگـاوى يەكەمى بەختيارىو بەرچەلو روون بوونەوە دا ئەنرا . نووسەر كاريك ئەكا كە خوينەوارانى كەسـەكانى چيروكەكەيان خوش بوى ، بە هوى سرنجى خويەوە دەربارەى ھەستيان ، وە بە هوى ئەو ئاشكرايىيەوە كە ناكوكىيەكانى پى دەر ئەخاو تيك ئەشكيى ئەمە يەكيكە لە نيشانەكانى ھەموو چيروكەكانى پا شين . بەلام ( لا شيە ) لە ١٩٣٤ەوە دەستى كردوە بە نووسينى چيروكى دريژ . لا شيە ئەوەى خيزانيكى ھەژارە ، لە بەر ئەوە زور باش شارەزاى ژيانى خەلكە سووكەو بى ئەھميەتەكانى شـارو لادىكانە ، وە بە پيى عادەت قارەمانەكانى خەلكى بە سووك سـەير كراون . چيروكە كورتەكانى ھەموو ديمەنيكى ژيانى كومەل پيشان ئەدا . چيروكى ( مناله عەرەبانە راكيشەكە[1] ) بلاو ترين چيروكە دريژەكانيەتى . ئەو چيروكـە بلەى ناخوشى مناليكى بە هيزە رەنجيكى زورى ئەكيشا بە عەرەبانە راكيشانەوە ، وە ژيانى زور خـوش ئەويست ، بەلام كومەلى كون فليقاندبوويەوە ، ئەويش ئامانجەكانى خوى لە كيس ئەداو باوەرى بە مرووايەتى ناميىو ئاخرى لە پەستىو سووكىدا ئەچەقى . قەلەمى لاو شيە موتەھەمە بلاكينەو رق لە تالى وەزع ، وە ھەموو ھەستى لە گەل ئەوانەدايە كـە بوو بوون بە قوربانىى كومەلى كون ، دەسەلاتيشى بە سـەر زوبانا زورتر لەوانە نەبوو كەس بەربەرە كانىى بكا ، وە زور وريا بوو لە ھەلبژاردنى وشەى گونجاوترو بەجى تردا بو دەربرينى مەبەس ، وە لە قسەى روژانەى سەر زوبانى خەلكى وەر ئەگرت .

## ماوەى پاش سـالى ١٩٣١

ژاپونىيەكان لە ئەيلولى ١٩٣١ دا روژەلاتى سەرووى چينيان داگير

---

(١) لە چينى دەورى كونا ، وەك ئيستا لە سيلانو سياما عەرەبانەى تايبەتى ھەبوو ، لە جيانىى ئەسپو ئيستر منال رايان ئەكيشا . وەرگير .

کرد . سزاو بیدار بوونەوەی گەل لەوی بوو بە هوی زیندوو بوونەوەی یەکەم بەرهەمی چیروکی دریژو کورتە چیروک کە لە سەر بیری بەربەرەکانیی داگیر کەران بنیات نرا بوون . چیروکی ( ژیان و مەرگ ) کە ( هسیو هینغ [ ١٩١١ - ١٩٤٢ ] ) نووسیویە نموونەیەکی ئەم چیروکانەیە .

ئەم چەشنە چیروکانە بە کینەوە بیزاری لەو کردەوە نامەردانە دەر ئەبرن - کە داگیرکەران کردیان ، وە چون میللەت وەرامی دایەوە . ئەو نیشتمان پەروەریی و راستییە توندەی کە ئەم چیروکانە دەری ئەبرن کاریکی باشیان کردە سەر خوینەوەران . لە تەمووزی ١٩٣٧ دا شەری بەربەرەکانیی ژاپونییەکان هەلگیرسا . حوکمرانەکانی کو مین تانگ ئیسپاتیان کرد کە توانای لەگەل وەزع رویشتنیان نی یە ، ئەو هەموو ناوچە فراوانانەیان لە کیس دا کە داگیر کەرەکان وەریان گرتبوو ، وە توقاندنیکی فاشستییانەیان نایەوە . زور لە چیروکی دریژو کورتە چیروک نووسەکانی ئەم دەورە ، بە تایبەتی ( شا تنغ [ کە لە ١٩٠٥ دا لە دایک بووە ] ) و ( ئی وو [ کە لە ١٩٠٤ دا لە دایک بووە ] ) لە چیار کردنی گشتیی شەری بەربەرەکانییەوە دەسیان دایە تف و لەعنەت کردنی تال و سەخت لە ستەم و تاوانەکانی حوکمرانەکانی کو مین تانگ .

سە چیروکە دریژەکەی ( شا تنغ ) و هەندی کورتە چیروکی تری زیاتر روو داوەکانیان لە دیهاتی ( سی شوان ) روو ئەدا ، نووسەر رەخنەی خوی ئەخاتە کارو بە شیوەیەکی سوزندە لە زووی تابووریی و هونەرییەوە رووی ئەکاتە هیزەکانی کونە پەرستی وە لایش لە کەلکی هونەری ئەکاتەوە چونکە باش شارەزای ژیانی لادییەی چین بووە ، وە توانا یەکی باشی بووە لە سەر دەربرینی هونەری . زوربەی رەخنە گرە ئەدەبییەکان لەو باوەرەدان کە شا تینغ لە زوربەی چیروکەکانیا بە شیوەیەکی سادە وینەی راستی جیهانی گیان ئەگری بی ئەدەی سرنجیکی روشن بدا لە پاشە روژیکی باشتر . بەلام ئیمە لە چیروکە دریژەکەیا کە ناوی لی ناوە (گەرانەوە

بو خال ) وه له ١٩٤٧ دا تهواوی کردوه شتیکی تر ئهبینین : فهلاحهکان ئهبینین یهکیان گرتووهو به ریزیکی پتهو وهستاون بو خهبات بهرامبهر جهورو ستهم ، وه هیوایهکی تازهی به سوزی تیایهو به تهما بوونیکی تازهی چینیکی نوی .

( ئی وو ) یش ههر خوی به ژیانی لادیوه خهریک ئهکا ، وه چیروکهکانی وه ئهبی تهنها وینهی لا تاریکهکهی ژیان بگریو بهس ، بهلکو له درزی چاوی گهلهوه راستیش ئهبینی . ئهوگهلهی که هیزو هیوای پاشه روزی تیا به دی ئهکا .. چیروکه دریژهکهی که ناوی لی ناوه ( ناو تهپولکهکان ) وینهی شهره بهرامبهر داگیر کهره ژاپونی یهکان ، وه پیشانمان ئهدا که کریکارو فهلاحهکان که ههژاری له وزهی بردبوون ، ههر ئهوان ئهتوانن ئهو میللهته بن که بهربهرهکانیی راسته قینه ئهکا .. وشهی راستهو خوو ئاسانو شیوهی بی تهکلیفو دارشتنی ریکو پیکی پر له گیانی باوهرو دیمهنی تازهو تهوارهی تهری ناو خوبی .. ئهوه ههندیککه له نیشانهکانی چیروکهکانی ئی وو . کاتیک که حوکومهتی کومین تانگ دهسی کرد به بوگهن بوونو روژ له روژ ویرانتر ئهبوو ، حزبی شیوعیی چین سهرکردهیی گهلی ئهکردو بنکهی مهحکهمی دا ئهنا بو بهریوهبردنی بهربهرهکانیی گهل بهرامبهر داگیر کهره ژاپونییهکان . ژمارهیهکی زور له نووسهره ئازادیو سهربهستی خواکان ئهم ریگایان گرتبوه بهر له سالی ١٩٤٢ یشدا هاوری ماو تسی تونگ باسه به ناو بانگهکهی دهرکرد ( گیرو گرفتهکانی ئهدهبو هونهر ) وه پاش ئهوه تیتر له ناوچه ئازاد کراوهکانا نووسینیکی دروست کهرانهی بی هاوتا بووژایهوه ، وه ئهدهبی نوی که له بزووتنهوهکهی چواری ئهیارهوه دهسی پی کرد بوو کهوته قوناغیکی تازهی بهرزیو شانازی .

## شاو شو لی

نووسینهکانی شاو شو لی که له ١٩٠٥ دا له دایک بووه ، وه به ناو بانگترین چیروک نووسهکانی ئیستایه ، نیشانهی سهرهتای دهوری نوییه . شاو

باش شارەزای ژیانی لادێیە ، وە خۆی لە یەکێ لە خێزانە فەلاحە هەژارەکانە . ئاگایەکی زۆر باشیشی هەیە لە زۆران بازیی سەختی پڕ گڕی کوێرەی بەینی فەلاحەکانو خاوەن زەویو زارەکانی پێموە بەرامبەر ژاپۆنی یەکان . فەلاحە ریکو پیکەکان هێزو توانای توندی خۆیان لە جاران بەهێزتر کردبوو ، وە دیمەنی ناوچە دێهاتی یەکان وەک فەلاحەکان خۆیان گۆرانێکی ریشەیی بە سەرا هاتبوو . ئەو گۆرانە مەزنەی کە لو هەسون تا مرد بە تەما بوو بیبینێ ، بەلام نەی بینی ، بە شێوەیەکی هونەری لە چیروکەکانی شاو شو لی دا دەربڕراوە .

کەسەکانی شاو شو لی بە پێی عادەت فەلاحەکانن ، وە هیچ نیشانەیەکی تایبەتی یان نی یە جگە لەوە کە پایەی خۆیان ئەزانن و تێ ئەگەن کە سەرەنجامیان بە دەسی خۆیانە . شاو شو لی عادەتێکی تایبەتیی هەیە کە تەنها ئەو بە پێی ئەو عادەتە دەس لە کەسەکانی چیروکەکانی ئەدا . هەرگیز رازی نابێ وا باسی خەڵک بکا کە وەزعی دەورو پشتە کاری تێ نەکردبێ . قارەمانەکانی لە هەڵلای زۆران بازیدا دەر ئەخا ، وە زیرەکی بە خەرج نادا بۆ پیشان دانی چۆنیەتیی بیر کردنەوەیانو کردەوەیان لەو دەورەدا ، وە زۆر کەم روو ئەدا زۆر خۆی نوقم کا لە نووسینی جوانا دەربارەی قارەمانەکانی ، بەڵکو گوێیان ناداتێ بۆ ئەوەی خۆیان لە قسەو کرداری تایبەتییاندا رەوشتی خۆیان دەربڕن . بە بێ هەڵەیش مەعنای وشەی راست لە قسەی رواژانەی فەلاحەکانا ئەدۆزێتەوە ، نەک تەنها لە گفت و گۆیانا بەڵکو لە داستان گێرانەوەشیانا .

چیروکەکانی شاو دارشتنێکی پتەویان هەیە ، وە وەک بلور روشنن ، زوبانی پوختەو بێ زیادە وتە ، دەربڕینی بێ گەردە ، کەم وا ئەبێ بە درێژی وەصفی دیمەن و گرێی دەروون بکا وەک چیروکنووسە کلاسیکی یەکانی چین ئەیان کرد . لە نموونەی هەڵبەستەکانی ئەم پارچانەیە : ( لی یوتی ) و ( ژن هێنانی هسیاو ئەرە های ) و ( گورانی دیی لی ) کە لە ناو میللەتا زۆر بلاون .

پاش سالی ۱۹٤۲ یش چەند نووسەریکی درەخشان پیش کەوتن لە ناوچە ئازاد کراوەکانا بە سەرکردەیی حزبی شیوعیی چین ، وە چەند نووسراوی جوان بلاو کرایەوە ، بە میسال وەکو داستان و چیروکەکانی ( شاو لی یو ) کە لە ۱۹۱٥ دا لە دایک بووە دەربارەی خەباتی قارەمانانەی سـوپای ئازاد کەری میللی چین ، وە کورتە چیروکەکانی ( کینغ شاو ) کە لە ۱۹۲۰ دا لە دایک بووە دەربارەی گورانی ریشەیی ژیانی روژانەی فەلاحەکان . ئەمانـە هەموو بەشداری یەکی شایانی سرنج لی دان لە ئەدەبی چینا .

کومەلی چین لەم سی سـالی بەینی بزووتنەوەی چواری مایسی ۱۹۱۹ و دامەزراندنی جومهووریەتی چینی میللی لە ۱۹٤۹ دا گورانیکی ریشەیی تەواوی بە سەرا هاتوە ، زوربەی دیمەنەکانی ئەم گورانانە لە چیروکە دریژو کورتە چیروکەکانماتا دیاری داوە . . لە بەر ئەوەش کە خەباتمان خەباتیکی سەخت بی ئامان بووە بە هوی بنچینەی کومەلایەتیی زوربەی نووسەرەکانمانەوە کە خویان پیشان لە رەنج خوراو چەوساوەکان بوون ، وە ئەو بنچینە واقیعی یەیان بە دەستەوە بوو کە لو هسون دای نا بوو بینای لە سەر بکری ، لە ماوەی سی سالی رابوردوودا هیچ هـەل خەلەتاندنیکی چیروکی دریژو کورتە چیروکی چینی رووی نەداوە بو ئەوەی خوی بکەوزینی لە پەیرەوی سووکی تەبیعی یا هـەر شیوەیەکی تری نووسینی بی بایەخا . . شا دەماری نووسینمان واقیعیەتی ئیشتیراکی بووە ، وە نووسەری بەرزمان لی کەوتووەتەوە وەکو لو هسون و ماو تون و شاو شو لی . گەشانەوەیەکی تازەی تریش رووی دا لە چیروک نووسینا لە کاتی دامەزرانی چینی نوی‌وە . ئیمە لەو باوەرەداین کە ریبازی گەورەی نووسەرەکانمان هەر بەر دەوام ئەبی بە دەس گرتنیان بە واقیعیەتی ئیشتیراکی یەوە ، وە هەمیشە بو پیشەوەیان ئەباو بە هیز تریان ئەکا .

لەو گولانەی هەرگیز سیس نابن :

# وتم بە بەختی خەوالوو . . .

## حاجی قادری کویی

وتم بە بەختی خەوالوو : وەرە ئەتو بی خووا
لە خەو هەلستە زەمانی بچینەوە ئەولا
گورەی بەهاریە ئیستیکە شاخ و داخی ولات
پرە لە لالەوو نەسرین و نەرگسی شەهلا
لە گرمە گرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
چیایە پر لە هەراوو نەواله پر لە صەدا
پرە لە سەیل و لە گولاوو کانی رویی زەمین
پرە لە بەرق و بریقەی پروسکە جەوزی سەما
شکوفە درهەمی شاباشی بایی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەملیوە دارو بەردی چیا
پیالەیی زەری نێرگس لە سەر کەفی سیمین
پرە لە شەونمی وەک دورری لۆلوئی لالا
گولیش بە پەنجەیی پیروزی جامی یاقوتی
لە بو نیشاری موهەییایە پر لە زەرری تەلا
لە شادی وەک صەفی شادی لە کیوو کەژ ئیظهار
هوزار بە خەلعەتی گول گوون دەکەونە رەقص و سەما
چەمەن لە لالە میسالی خەتی روخی دولبەر
سیاە چادری لی بوتە خالی سەر گونا

لە کن بەنەوشەوو خاوو هەلالو بەیبوونی
هەلالی پیستەیی خـاوە عەبیرو میشکی خەتا
چیـا لە تەوقە سەری دارژاوە تا کەمەری
چو زولفی سونبولی دەرهەم چو پەرچەمی بەرمزا
بە جوشو ئاگری گولناری کانی هەل دەقولی
میسالی دیدەیی وامیق لە حەسرەتی عەذرا
قەلانی زیوی روخاوە هەرەس بە رویی نەسیم
سوپاهی لالەوو گول چادری لە جی هەلدا
لە گولە شینی کە قازو مراوی دینو دەچن
نەظیری مانگو ستارەن لە قەلزومی مینـا
شنەی نەسیمە صەدای ئاوی صافی سەر قەلبەز
بە ورشە ورشە گیـا شەنگە بی بووە شەیدا
خرنگو هووری قولونگو قەناری سی لە سەران
دەپیتو کەو دەفریتو شەهین چریکە دەکا
لە پیرە پیرو لە سەر کولی پیرە گـا کیوی
دەلەرزی گـاوی زەمینو دەترسی گـاوی سەما
لە پیستو دووکەلی شینە تفەنگی نیچیروان
میسالی سونبولی زولفی کە تیکت بچی بە صەبا
چیابە شیخو کەوای سەوزە میزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ریواسە تەیلەسانی گەلا
چەمەن لە لالەوو رەیحانو نەسترین ئیمرو
شەبیهی صوبحو شەوە ئافتابی وەختی صوحا
چنارو عەرعەرە دەفـزەن هوزارە نەغمە سەرای

گیاش ذاکرو تەزبیحی شەونمی لە ملا
لە ژووری میگەلی هەورە لە ژیری میگەلی مەر
شەپیهی گولشەنی خەضرایە توودەیی غەبرا
لە کیو و کەژ کە سەر ئیوارە دینەوە مالات
لە دەوری چادری صاحێبی مەوجی دا وەستا
لە حیلە حیلی کەحیل‌و لە بارە باری مەرانْ
لە دەنگی قورەیی گا جووت‌و بورەیی مانگا
لە گورگە قال‌و حەپەی سەگ لە قارە قاری بزن
لە عەکسی دەنگی دوبارەی کە دیتەوە لە چیا
لە نوحە نوحەیی گاوان‌و قیرە قیری شوان
لە بگرە بەردەیی کابان دەبیتە حەشرو حەلا
مەلائیکەی سەری تاق‌و رەواقی مینایی
دەبینە جونبوش‌و لەرزین دەکەونە رەقص‌و سەما
کە هەل کرا شەوی ئاگر لە کولی رەشمالیک
خجل دەبن لە زەوایای خیمەیی والا
عەطاریدو زوحەل‌و ئافتابی ماه تەمەلم
خولاصە ثابیت‌و سەییارە تا دەگاتە سوها
صەبا دمزانی ژیانم لە دووری‌تان مەرگە
دەمسا ومرە بە گزەی خوت خجل بکە عیسا
ئەگەر منم لە فیراقیان کزەم لە جەرگەوە دی
ئەگەر دلە وەکوو جەرگم دەلی ئەوا سووتا
لە پاشی ئەم هەموو دەستانە بەختی خەو ئالوود
میسالی ئەژدەری نوستوو بە رق لە خەو هەستا

جوابی دایەوە ئەمـا جوابەکی وا رەق
نەما مەجـالی مەقال‌و موباحەثە لەم لا
وتی هەتاکوو خەزان‌و بەهـارو زستانە
مەداری عەیش‌و مەوالیدی عالەمی غەبرا
بەهار وا هەموو سالێک دەبیتەوە ئەمـا
ئەمـانە دەچنـە دیاری مەمالیکی عوقبـا
بەکیکی نایەتەوە چوونیـان هەر ئەو چوونە
لە شیخ‌و عـالم‌و جاهیل لە پادشاەو گەدا
مەگان شەوقی بە عیلانە ، پەشمە کونە هەوار
حەیات ذەوقی بە ئەحبـابە بایە ئاوو هـەوا
رەفیقی کونە نەماون جوانەکان پیرن
بە شـەق دەرون‌و لە دووری دیارە شەق‌و عەصـا
لە دووصەدی یەکەکی زەحمەتە بناسی‌یەوە
مەگەر بە ناوو نیشان‌و بە خزم‌و باب‌و برا
گەر بیت‌و بچیەوە هەر ئیستاکە هەم دیسـان
سەفەر دەکەی لە وەطەن دەچیە شاری جابولقا
خولاصەیی قسە ئیستکە مەسلەحەت ئەمـەیە
بلێ بە وەجهی نەصیحەت بە کاغەز و ئینشا
ئەمـان ا کورانی رەفیق‌و برادەرانی ولات
بە ئیوە هەر کە گەیشت ئەم کەلامی بی سەرو پا
لە پاش ئەوە کە تەصیحەو موطالەعەی بکری
بە یادی من لە بەری کەن لە رووی میهرو وەفا



2855

هەتا لە خەطی یەگانە فەخری پێوە بکەم
لە بەینی زومرەیی ئەحیاوو مەجمەعی مەوتا
وتی مەکەن وەکوو ئاثاری ( نالی ) بو ( کوردی )
لە سەهوی چاوی بپوشن گوزەر بکەن لە خەتا
نییە لە مومکینی ئیمکان خەتاو سەهوی نەبێ
بە غەیری خواجەیی دیوانی ( علم الاسماء )
ئەوی حەسوودو نەزانن ، لەئیمو رەخنە گرن
لە عەیبو رەخنەیی عالەم بەری دەبن ئودەبا
ئەمانە زادەیی ئەفکارو خوشەویستی منن
ئەگەر قەبیحو کەریهن وەگەر شەلو ئەعما
میسالی فەرخەیی ژووشکێ کە پێی دەلێ دایکی
ئیلاهی قاقومە یا خو سموورە یا دیبا ؟
شەبیهی جولا کە رازی نەبێ بە سەر دری خوی
مەلێن فەصاحەتی کوردی بە فارسی ناگا
بەلاغەتێکی هەیە هیچ زمانی نایگاتێ
لە بێ تەعەصوبی کوردانە بێ رەواجو بەها
کە خوتی تێ نەگەیێنی لە نیکتەکان ناگەی
دەلێی هەمووی هەذەیانە خوا بەلای لێ دا
بەلام ئەوانە کە صەرافی زێرو زیوی قسەن
چ شادرەوایە دەزانن چ سکەیێکە رەوا
چ حیکمەتێکە کە ئاثاری کوردە ناموسی
نە کیمیاو نە عەنقا لە بەینی ئێمە نەما

ئیلاهی ! ئەی‌خەیە بەر چنگی مەندەمووری لەئیم
نقودی ( حاجی ) کە ئەی‌دیوە خوسرەوو دارا
ئەمین بە وایە ئەصیبو ئەگەر یەکی وا بی
بە خیری باوکو دایکی لە ریی خیرا بیدا
گەلی قسەم لە دلا بوو حیکایەتم ما بوو
کەچی لە بەختی کەچم خامە لیرە نووکی شکا



دیمەنی هەلپەرکی‌یەکی بادینانی
لە ئاهەنگی نەوروزی یانەی سەرکەوتنی کوردانا

چیروک بو شانو :

# نەوروز

نووسینی : جمال عبدالقادر بابان

پالەوانەکانی ئەم چیروکە شانوییە :

١ ـــ ئەژدەهاك ( سوهاك ، ضحاك ) یاخود پیوراسب کوری جەمشید شای ئەکباتان ( هەمەدان ) و هەموو ولاتی ئیران ، کابرایەکی نەخوش و دەردەدارو تا بلێی زوردار .

٢ ـــ ئەریاك ( ئەرپاکس ) وەزیری دەستە راستی ئەژدەهاك ، راویژ کەریکی نالەبارو ناپاك .

٣ ـــ بابای حەکیم : بە ناو حەکیم ! بەلام لە راستیدا خوپەرست و ئەویش راویژکەریکی دوو روو و چەوت .

٤ ـــ گلاوزەر : کچە کوردیکی بوشناخ و جوان ، ئەژدەهاك بە زور داگیری کردبوو .

٥ ـــ کرمایل : سەر پەرین ( جـلاد ) ی ئەژدەهاك بوو ، پیاویکی پیاوانەو دل نەرم و لە خانەوادەیەکی ناسراو بوو ، زور داری ئەژدەهاکی زور لا ستەم بوو .

٦ ـــ کاوەی ئاسنگەر : قارەمانی هەرە بە ناو بانگ و دلیری کورد ، زەلامیکی چوار شانەی ریش توپ و هەمیشە چەکوشیك بە دەستەوە .

٧ ـــ فەرەیدوون : پالەوانیکی تری کوردو دەستە برای کاوەی ئاسنگەر .

٨ ـــ فەرهـاد
٩ ـــ گیوی دارتاش ⎬ ئەندامەکانی تری شورشی نەوروز .
١٠ـــ برزووی بازرگـان

٭ ٭ ٭

## « پەردەی یەکەم »

( ولات ، ولاتی ئیرانە . شاریش شـاری ئەکـاتانە ، شوین ، کوشکی شاهانەی ئەژدەهاك ، تاکە بووکی رازاوەی جیهانە ، خوش و فەرمەح و فراوان ، پر لە رایەخی رەنگـاورەنگ و جوانە .

لە گوشەیەکا ئەژدەهاك لە ســـەر تەختی شاهـانە لی ی راکشاوە ، دوو کەنیزەکی رازاوەش بە دیاری یەوەن . کلاوزەرو بابای حەکیمیش برینـــەکانی سەرشانی دەرمان ئەکەن ) .

ئەژدەهاك ( بە دەنگیکی کرو ئالوزەوە ) : ئاخ . . ئاخ . . ســـەد ئاخ لە دەست ئیش و ئازار ! ئەی هاوار لە تاو ژان و بی خەوی ! هاوار ، نازانم ئەم دەردە گرانە بوچی یەکیکی لە رووتەکانی ئەم گەلەی بەردەستم نەدوزی یەوە پیوەی بنووسیت ، من نەبی ، یەکیك لە رووتەکان ، لە برسا مردووەکان ، کە هـەر ئەوان بو مردن باشن !

بابای حەکیم ( بە مەرایی یەوە ) : پاشام تو ئەلی ی چی ؟ خوا راویستاوت کا ، جـا ئەگەر ئەم میللەتە سپلەیە چاکەیان لە بەر چـــاو بووایە ، ئەبوایە ئەمڕوژی میشکی دوو منال ، بەلکو هی دە پانزەیەکیان پیش کەش بە شـــای خوشەویستیان بکردایە ، مادام بەوە ئەزووی ئیشەکەی ئەشکی و ئازارەکەی بەربەست ئەبی ، بەلام ئەلی ی چی لە گەل پیاوی سپلەو بی ئەزان ؟

ئەژدەهاك ( ئەنەرینی بە ســـەر کلاوزەرا ) : ئەوە قیز لە برینـەکانم

ئەگەیتەوە ، هەی نارەسەنی کێوی ، وا دیارە هەر دڵت لای شوان و گاوانی چیاکانە ، بەڵێ هەر چاوت لە دوای دڕندەی کەژەکانە . بڵێ . . باشە دەسا مەرج بێ ئەبێ هەروا ئەمەت بە سەرا نەڕوات !

کلاوزەر ( بە قورگی پڕ لە گریانەوە ) : جەنابی شازادە ! من خۆم نەسەپاندووە بە سەرتا . بەڵکو تۆ منت بە زۆر ڕاکێشاوەتە ئێرە ، دەسا چیاکانی کوردستان هەمیشە شوێنی بێچووە شێران بوون ، وە هەرگیز جێی خراپەو پیاو خراپانیان تیا نەبوەتەوە . ( لەم کاتەدا [ ئەرپاك ] ی وەزیر خۆی ئەگا بە کۆشکاو نزیك ئەژدەهاك بە کڕنووشەوە بە چۆکا دێ ) .

ئەرپاك : گەورەم . پاشای ئێران ، کلیل بە دەستی مازندەران و ئەکبانان ، شاهەنشامی بە سام و سامان ، ڕەوای خۆشەویست و جێ نشینی یەزدان ! حەقتان بوو کە لە سەرەتاوە لەم میللەتە پێ نەزانە نا بە دڵ بوون ، چونکە هەموو قسەکانتان هاتە دی . ئێستا وا دیارە ئەم نارەسەنانە ڕۆژی سەری دوو منالیان لا بە نرخ و گرانە بۆ ئێوە .

ئەژدەهاك ( بە تووڕەییەوە ) : چی ، چی ، چی ؟ ئەوە بە ڕاستە ؟ بە خوا شتێکی باشە . . زۆر زۆر باشە . . دەسا ئێستا کە وا بوو منیش بە گەورەیی و بوزورگیی خۆم قەسەم ، بە بارەگای پڕ لە نووری هورمز و باوو باپیرانم ، ئەبێ لەمەودوا هەموو لێ بووردن و بەزەییەك بخەمە لاوە ئەگەر تەخت و دیهەکەم لە سەر داناوە . ئەبێ ئەم پێ نەزانانە بێنمەوە هۆش خۆیان . . ئەری ئەمانە وایان لێ هات لە پاش تاقە دە ساڵ نەخۆشی ، ڕۆژی سەری دوو منالیان لا زۆر بێتە بۆ من ؟ ڕۆژی موخی دوان بۆ برینەکانی سەر شانم بە زۆر بزانن ؟ قەی ناکا . . زۆر زۆر باشە .

ئەرپاك : تکا ئەکەم لە پاشای دانا ، خاوەنی تەخت و توانا ، ئەژدەهاکی

مەزن‌و زانا ، هیچ خوی دڵتەنگ نەکات لە کردەوەی ئەم سپلانەو ، دڵی زویر نەبی لە بی ئەقڵی ئەم گیوییانە ، چونکە من هەر خوم ئەزانم ئەمانە چون بە کوتەک‌و بە شەق ئەیان هینمەوە سەر ریی راست‌و هەق !

ئەژدەهاک : دە کە وا بوو برون لەمەو دوا روژی لە بانی دوان سەری چوار منالم بو بینن ، هەر کەسیکیش بەربەرەکانی‌و قسەی کرد سەری ببڕینن . کوا کرمائیلم بو بانگ کەن .. راکەن .. خیرا کەن ..

( دوای توزیک کرمائیل جەللاد دیت )

کرمائیل : فەرموو ئەمر کە قوربان !

ئەژدەهاک : کورە گویت لی بی باش . ئەمەوی لەمەودوا هەموو روژیک ، میشکی چوار منالم بو بینیت ، هی دوانیان بو برینەکانی سەر شانم ، دوانەکەی تریش بدە بە سەگەکانی ناو کوشک بی‌خون ، باش تی گەیشتی ؟

کرمائیل : ئەمر ئەکەیت پاشام .. ئەمر ئەکەیت .

( لەم کاتەدا کوتریکی سپی خوی ئەکات بە کوشکا ، دوای ئەوەی دو سە بال ئەفری لە راستی سەری ئەژدەهاکا بە بن میچەکەوە ئەنیشیەوە )

ئەژدەهاک : ئای باوکە رو .. برا رو .. روڵە رو .. ئەمە کوتایی ژیانی بی وچانمە ، دوا روژی دەردی بی دەرمانمە . ( ئینجا بە هەر دوو چەپوک ئەمالی بە سەری خویاو هاوار ئەکات : ) چون هیشتتان ئەم باڵندە ئەگەتە خوی بکات بە کوشکا ، ئیوە مردوون ؟ ئەمە سەرەخورەیە ، سەری دوازدە کەلە پاڵەوانی لە بنەماڵەی ئیمە خواردووە ، ئەی هاوار بە ماڵم ! ئەی هەش بە سەرم ( روو ئەکاتە دەست‌و پیوەند : ) کورە تا بیگرن ! ملی هەڵکیشن .. تا کونە بەبووی بو بینن یا چاوی دەر بینن .. تا بازەکەی بو هەڵ دەن یا بی‌خنکینن !

# « پەردەی دووهـەم »

( دوو سال دوای کارەساتی پەردەی یەکەم )

شوێن : خانوویەکی کونی قوڕینە ، لە دەرەوەی شاری ئەکباتان .

کات : بەر لە دوا ڕۆژی زستانی ئەو ساڵە بە هەفتەیەک .

خاوەن ماڵ ( فەرهاد ) [ ڕوو ئەکاتە دانیشتووانو بە چرپە پێیان ئەڵێ ] : ئا بە قوربانتان بم جاری بزانن نهێنیو پیـاو خراپی ئەژدەهاك لە دەورمان نین [ ئینجا بە دڵێکی گەرمەوە پێیان ئەڵێ : ] براکانم ! بە قوربانتان بم ئەی دلاوەران ، ئەی قارەمانان ، ئەمە دوانزە ساڵی ڕەبەقە ڕۆژ نییە ملی دوان لە جگەر خوێنەکانمان نەپەڕێنرێو هەر لە بەر چاوی خۆمان مێشکیان دەر نەهێنرێ بۆ برینـە پیسەکانی سەر شانە داوەشاوەکانی ئەژدەهاك ، بە ڕاستی ئەم خوێن ڕشتنو قەسابخانەیەی ئەم خوێن خۆرە دایناوە هێشتا لە هیچ شوێنێک وە لە ناو هیچ گەلێکا نەکراوەو ڕووی نەداوە ، ئیتر کاسەکە پڕ بوو وا لێو ئەدا ، تا کەی دان بە خـودا گرتن ، شورەیییە لەمە زیاتر چاوەڕێ کردن !

گیوی دارتاش : بە هورمز ڕاست ئەکات ، کوره ئەو پەنگەی ئەم زۆردارانە بە سـەر منیانا هێناوە ، هێشتا بە سـەر کەس نەهاتووە . پێری بەیانی چەتەکانی ئەژدەهاك هەر لە بەر چاوی خۆم تاقە کوڕەکەیان سەر بڕیم ( دەست ئەکا بە گریانو بە دەم هەنسکەوە ئەڵێ : ) و هەر بە مشارەکەی خۆیشم کەللەیان داهێناو موخەکەیان دەر هێنـاو بردیان بۆ کۆشکی زۆردار ، هەرچەند کرمائیل وتی وازی لێ بێنن بۆ خۆم چاری ئەکەم هیچ سوودێکی نەبوو .

فەرهاد : کوڕە دەخیلت بم وس بە ناوی ئەو پیاوە مەهێنە ، ئەو پیاوەتی لە گەڵ ئێمەدا ئەکات ، با ناوی نەکەوێتە ناو ناوانەوە .

فەرەیدوون : براکانم منیش بیستوومە کەوا دەستی چەپەڵ خەریکە ئەگـاتە

کوری چـــل هەمیێ کاوە ، کاوەی ئاسنگەر خوشەویستی هەموومان ، وا بزانم گراوەتە سەری بو ئامادە کردنی ئەویشیان . بی گومان ئەمـە دوا تیرە بو سـەر سنگی ئەو پیاوە بەریزە .

برزووی بازرگان : ئەری ئەی من قوری کوی بکەم بە سەرما ؟ تا ئیستا دوو کورم لە شـەرا بوون بە قوچی قوربانی ؟ ( دەست ئەکات بە گریان ) نەیانهیشت ئـەو برینانەم ساریژ بن وا خەریکن کەلەبەریکی تریشم تی ئەکـەن جگە لەوەی کە هیچ سامانیکیشیان بە دەستەوە نەهیشتووم .

فەرەیدوون : بەلی هەرچی یەک ئەلین هەمووی راستە ، بە راستی ئەمـانە هیچیان تیا نەهیشتووەتەوە .

برزوو : کورە روژیک لە کوشکەوە دینـە سەرم بو کووتال ، دەمیک ئەرباک ئەنیرنە لام بو دراو ، یان لە پر سیخورەکانی تری ئەژدەهاک دین بە ئارەزووی خویان ئەوەی بە سەنگ سووک بیت‌و بە نرخ گران ئەی‌بەن ، منیش لەو دوورەوە زەقەی چاوم دیت‌و بەس ، بە خوا راستان ئەوی ئەمە ژیان نی یە ، مردن زور خوشترە .

فەرهاد : کەوا بوو ژیانیکی پر ئاسوودەیی‌و بی ترس‌و لەرز ، یاخـود مردن‌و گور بە گور بوون .

## « پەردەی سەهەم »

شوین : مەیدانی خوسرەوی ، لە روژهەلاتی شاری ئەکباتان .

کات : لە بەیانی‌ی یەکەم روژی بەهـــار ٦١٢ سال پیش زایین ( گشت دانیشتووانی شارو زوربەی لادی‌یی‌یەکانیش رژاونەتە ئەو مەیدانەو هـەر یەکەش چەکی خوی پی‌یە لە شیرو تیرو رم‌و خەنجەرو کەوان‌و قەلغان ) .

فەرهاد ( ئەچیتە سەر بەرزایی‌یەک ، روو ئەکاتە خەلکەکەو ئەلی ) : ئەی

گەلی ئەبەزی قارەمان ، ئەی برادەران ، ئا سەیر کەن و چاوی بە جوانی ی سروشتا بگێرن و کەمێک هەوای پاکی سازگاری بەهار هەڵ مژن ، ئا بیر کەنەوەو بزانن ئایا ئەم دیمەنە سەوزو سوورە جوانە رازاوەیەو ئەم هەوا پاکە بێ گەردە ، ئایا سەوزە گیاو نێرگس و گوڵ و گوڵاڵە ، وە لەوەڕگای زۆر بۆ ئاژاڵ و رزگار بوونمان لە دەست سەرماو سوڵەی زستان ، وە توانەوەی بەفری چیاکان کە هەموو مژدەی ژیانێکی نوێ دێنن ، ئایا ئەمانە هیچ خۆشی یەک ئەگەیەنن بە دڵمان ؟ ( ماتەمیی زۆربەی خەڵکەکە دائەگرێ تا لە دوایدا یەکێکیان هەڵ ئەداتێ ) .

گیوی دارتاش ( هەناسەیەکی قووڵ هەڵ ئەکێشێ و ئەڵێ ) : نا ، نەخەیر ، ڕۆژ بە ڕۆژ دەردمان تازەتر ئەبێتەوەو برینمان زیاتر ئەکوڵێتەوە .

فەرهاد : جا ئایا ئەوە بۆچی و هۆی چی یە ؟

گیو : چۆن نازانی لە بەر چی یە ؟ ئەڵێی خۆت هەڵە ئەکەیت ؟

فەرهاد : نەخەیر براکانم هەرگیز خۆم هەڵە ناکەم ، هەموومان ئەیزانین کە لە بەر زۆرداری یە . ( لەم کاتەدا فەرەیدوونیش بە خۆی و پیاوەکانیەوە ئەگاتە پێیانەوەو تێکەڵاو بە خەڵکەکەی تر ئەبن . ئیتر ئەبێ بە بانگەوازی : بژی گەل و داد پەروەری و بروخێ زۆرداری و بمرێ ئەژدەهاک !

فەرەیدوون : ئەی شێرانی بێشەی شاخ و چیاکانی کوردستان ! ئەی برایانی ئێران و مازندەران ! قارەمانانی بە هەڵمەتی نیشتمان ! ئێوەش ئەی دانیشتووانی پەریزی ئەکباتان ! بێ گومان زۆرتان ئەزانن بۆچی ئەمڕۆ بەم هەوەڵ ڕۆژی بەهارە لێرەدا کۆ بووینەتەوە .

هەموو بە جارێک : بۆ ئاگر کردنەوە . . هەندێکیشیان ئەڵێن : بۆ چارەسەرێکی ئەم خەڵکە قوڕ بە سەرە یەک کەوتووە .

فەریدوون : بەڵێ راستە هەموو ساڵێک ئێمە گرد ئەبینەوە بۆ کردنەوەی

ئاگر ، بەلام شتی گرنگتر هەیە کە نابی ئیتر چاوی لێ بپوشری . .

فەرهـاد : گشت سەربازی فەریدوونی دلسوزو قەلغـــانی نیشتمانی پیروزین . . هەموو سەرمان لە ری دایەو گیانمان فیدایە . .

فەرەیدوون : براکانم ، ئەی قارەمانان ! ئەی بیچووە شێران ! پرسیاریکم هـــەیە ، ئایا ئەم هەموو زەوییو زارە بە پیتو فەرەی خاکەکمان ، ئەم گشتی دارستانو باغو میوەو پاوانو دانەویلەی ولاتە دەولەمەندەکمان ، ئەمانە بوچی هەمووی ئەبن بە هوی ژیانیکی پر لە بەختیاریو کامەرانی ؟ ( ئنجا بە پەروشەوە ) بوچی زورداری درندە لیمان بکەن بە دەردو ئەندیشە ؟ بوچی هەر کردەی ئیمە بیتو بردەی ئەوان ؟ تا کەی ؟ تا کەی ؟

گیـو : ئەمانە بە درو ئەلین کوری حواین ، دەمــا خوایش بی بەرییە لە خوینانو لە زورداریو خراپەیان !

فەرەیدوون : ئەوانە درو ئەکەنو سەریان دا لە بەرد ، ئەوانیش مرویەکن وەک ئیمە ، بەلکو حەدیان نییە بین بە ئیمە ، ئیمەیەک کە بە ئارەقی ناو چەوانو بە هیزی بازووی خومان نان پەیدا ئەکەین بی ئەوەی مالی کەس بخوینو خوینی کەس بمژین . .

برزوو : کە وابوو هەر بژی پیاوی ئیش کەرو رەنج دەر !

هەموو بە جاریک : بژی !

برزوو : بمرن خوین مژانی چەپەل !

هەموو بە جاریک : بمرن !

فەرهاد : بژی هەمـــــوو مرویەکی دلسوزو راستو بمری گشت زور داریکی ناپاکو پیاو خراپ !

# « پەردەی چوارەم »

شوێن : کۆشکی شاهانەی ئەژدەهاك .

کات : هەمبان بەیانی لە یەکەم ڕۆژی بەهـار

( ئەژدەهاك لە سـەر تەختی شاهانە پاڵی لێ داوەتەوە ئیش و کاری وڵات ئەبا بە ڕێوە ) .

ئەرپاکث : گەورەم ، پاشـای ئەژدەهاکث ، خاوەنی تەخت و تاجی بە ناو بانگ ! کابرایەکی چەکوش بە دەست لە دەرەوە چاوەڕێی شــــاد بوونە بە دیدەتان ، بەلام وا ئی ئەکەم بۆ تکا هاتووە کە کورەکەی لە سەر برین ڕزگـار بێت ، بۆیە منیش داوا لە گەورەی خـــوم ئەکەم کە گوێ نەداتە قسـەی ئەم جـورە خوێرییانە .

ئەژدەهاکث : تۆ بڵی با بێتە ژوورەوە .. من چون گوێ ئەدەمە تکاو قسەی ئەمانە ، جـا خۆ هەر کەسێك بێت و داوای دانەوەی منداڵەکەی بکات و ئێمە بە قسەی بکەین ، ئەبێ من دوو ڕۆژی تر بە سەر دنیاوە نەژیم .

ئەرپاکث ! ئەی دوژمنت نەژی گەورەم ! لە هورمز داوا ئەکەم کە هـەر تۆمان بۆ بێڵێت بۆ هـەڵ کردی ئاڵای داد پەروەری و هـەق بە ســـەر گشت ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا . ئا دەی تۆش وەرە ژوورەوە کابرای چەکوش بە دەست !

( تەقەی دەرگـا دێت زەلامێکی چەکوش بە دەست خۆی ئەکا بە ژوورا ) .

چەکوش بە دەست : سلاو لە پاشای مەزن ئەژدەهاکی کوڕی جەمشیدی پێشدادی !

ئەژدەهاکث : ها چلکن نزیك مەکەوەرەوە پێسم ئەکـەی . هـەر لە دوورەوە ڕازو نیازی خۆت دەربخە . ئا دەی بزانم چی ئەفەرمووی ؟

چەکوش بە دەست : قوربان ، پاشـای مەزن ! نەهاتووم گـاڵتەم پێ

بکەیت ، هاتووم ئەوەت تێ بگەیەنم کە تا ئێستا سی‌و نۆ ڕۆڵەم ڕاکێشراونەتە قەساب خانەو سەر براون‌و مێشکیان دەرهێنراوە بۆ دەرمانی برینەکانی سەر شانی تۆ .

ئەژدەهاک : جا ئەوە هیچ منەتێکی تیا نی‌یەو شتێکی واجبە لە سەر شانی ئێوە . خۆ منەتم بە سەرا ناکەیت ؟ گوایە ژیانی ئێوەمانان‌و ماڵ‌و منداڵتان بۆ چی باشەو بە کەڵکی چی دێ ؟ ژیان بۆ من باشە لەم کۆشکە گەورەیەداو لە ناو ئەم جوان‌و نازدارانەدا .

چەکوش بە دەست : ئێستاش پیاوەکانت هاتوون داوای ئەو تاقە کوڕەکەم لێ ئەکەن کە لە چل تەنها ئەوەم بۆ ماوەتەوە ، وە کە هێزی ئەژنۆو قەوەتی دڵە ، هاتووم تکای بەخشینی بۆ ئەکەم ، ئەگەر ئەمە بە بەخشین دائەنێن ، با ئەمەیان نەبەن‌و بەزەییتان بە پیری و ریش سپیەتی‌ی منا بێتەوە .

ئەرپاک : پاشام تۆ ڕێی ئەم نارەسەنانە بدەیت بێنە بارەگا ، ئەوەتا قسەی وا ناڕەوا ئەکەن لە ڕووتانا ، وا دیارە ئەیانەوی جەنابت هەر بە دەم ئێش‌و ئازارەوە بتلێنەوە ، بۆ ئەوەی پیسیکی وا هێزی ئەژنۆی نەشکێ .

چەکوش بە دەس : قوربان ، گەورەکانم ! من سی‌و نۆ منداڵم سەر براون ، ئەمە چل هەمیانە ، دەئەمە ڕەوای هەقە ؟ بۆیە دەستەکانی پاشا ماچ ئەکەم‌و ئەم جارەش تکای لێ ئەکەمەوە کە ئەم کوڕەم بەخشی پێم .

ئەژدەهاک : لاچو مەیەرە پێشەوە دەست ماچ کردنم ناوێ ، دەستم پیس ئەکەیت ، جا هەر کەسێک بێت‌و تکا بکاو من قبوولی بکەم ئەبێ دوای دوو ڕۆژ بە دەم ئێش‌و ئازارەوە گیانم دەرچێت . من تکای وەزیرە خۆشەویستەکەی خۆمم نەگرت‌و گوێم نەدایە کە نۆرە هاتە سەر کوڕەکەی چونکە ڕوح‌و ژیانی من عەزیزترە .

ئەرپاکی : بەڵێ جەنابی پاشا ، ئەوە سەری خوشم لە ری دایە .

ئەژدەهاک : چاوست لە پیاوی دلسوزە بو گەورەی خـــوی ئەبی چـون بی ؟

ئەرپاکی : دە کە وابوو برو دەرەوە دەی ، ئیتر جاریکی کە ئەم جـورە قسە نالەبارانەش لە بارەگـای ئەژدەهاکی گەورەدا مەکە .

چەکوش بە دەست : ناچمە دەرەوە تا دەست لە کورەکەم هەڵ نەگری ! منیش ژیانم ناوی دوای ئەو .

ئەژدەهاک : ئا وەزیری خوشەویستم گوی‌یەکی بگرەو ئەمیش بدەرە دەست کرمائیل ، بڵ سەگەلەکانی کوشک برسی‌یانە .

ئەرپاک : بو دەرەوە ، پیشم کەوە ! هەر وازت نەهینا تاکو خوشت تووش کرد . . کورە ئیوە بو ئەوەندە تی‌نەگەیشتوون ؟

ئەژدەهاک ( بە توڕەیی‌یەوە ) : بو دەرەوە ئیـتر پیسی ناشیرین ( ئەدا لە چەپلە تا لە دەرەوە بین بە دەنگیەوە ) .

چەکوش بە دەست ( گورچ ئەچیت دەرگـاکە دائەخات‌و ئەنجا ئەڵی ) : دە کە وا بوو مەلعوون ئەنجا قسە بکە ، ئەڵی‌ی چی خیراکە . . منالەکەم ئەدەیتەوە ؟

ئەژدەهاک ( هـــەڵ ئەسی پەلاماری بدا · بەلام چەکوش بە دەست ئەی‌دائەوە بە سـەر جیگـاکەیا ، ئەنجا هاوار ئەکا ) : ئەرپاک ! فریام کەوە . . خـو ئەم خویری‌یە خەریکە برینەکانم ئەکولینیتەوە . . ( ئەرپاک لە ترسـا را ئەکا لە پەنجەرەکانەوە خوی فری بداتە خواری ، بەلام ری‌ی دەرباز بوونی نابیت ) .

چەکوش بە دەست : برینت ناکولینمەوە ، بەلکو هیچکـاری خوشت رزگـار ئەکەم‌و ئەم میللەتە هەژارەش . . ناش‌بەلم هیچ بە خوت بزانی . . دەسـا بگرە ( چەکوشەکەی بەرز ئەکاتەوەو ئەڵی : ) هورمز بە هیممەتی تو ! دەسا بگرە

ئەژدەهاکی زۆردار ! ( چەکوشەکەی لە تەوقی ســـەریا نوقم ئەکاو مێشکی بە ژوورەکەدا بڵاو ئەکاتەوە ) .

ئەرباک : گەورەم بێنە دەستەکانت ماچ کەم ، من هیچ سووچێکم نییە ، بە هورمز قەسەم پێش ئەوەش تۆ بێیتە ژووری ، ئەم زۆردارە پاڕامەوە کە ئەم کوڕەت بداتەوە ، بەڵام بێ سوود بوو .

کاوەی چەکوش بە دەست : جەنابی وەزیر ، پاڵەوانی بە ناو بانگەو یەکەم قارەمانی ئەژدەهاکی گوڕ بە گوڕ ! مەترســـە ، ڕوحت نەچێ ، هیچت لێ ناکەم‌و دەسی خۆم لە ئێوەمانانا پیس ناکەم ' چونکە ئەزانم ئێوە پیاو نین یا خود مرۆ نین . . ئیتر ئێوەمانان لە خۆتانەوە ئەمرن ( وا ئەڵێ‌و دەرگــاکەی بۆ ئەکاتەوەو ئەڵێ : ) برۆ دەرەوە بە دانیشتووانی کۆشک بڵێ هەموو چۆڵ کەن‌ و هــەر کەسێکیش دەست بکاتەوە ئە ئاوای لێ ئەکەم .

ئەرباک : دە بێنە دەستت ماچ کەم ، بە قوربانت بم ، ( کاوە دەستی نادائێ‌و دەرگــاکەی بۆ ئەکاتەوەو پاڵێــکی پێوە ئەنێ ) خەڵکێ ! بۆ دەرەوە . . ڕا کەن . . کۆشک چۆڵ کەن . . پاشا کوژرا . . ئەژدەهاک کوژرا . .

کاوە ( بە ناو کۆشکا ئەگەڕێ‌و هاوار ئەکا ) : کۆشک چۆڵ کــەن . . بۆ دەرەوە . . نامەوێ کەسی تیا ببینم . . کەسیش نەخەڵەتابێ دەس بۆ پرزۆڵێک شت بیا . . ئەمە ماڵی گەلە ( ئیتر ئەبێ بە قریشکەو هووری کارەکەرو کەنیزەکەو دەنگە دەنگی دەست‌و پێوەندو هــەر یەکە پەلەی ڕا کردن‌و خــو دەرباز کردن ئەکەن ) .

کلاوزەر : ئــەی بە قوربانی دەستەکانت بم کاوەی ئازا ، وەک ئــەم بەڵایەت لە کۆڵ ئەم خەڵکە خست . . ئا بێنــە دەستە پیرۆزەکانت ماچ کەم ، ئەنجا هەر تۆ خۆشت حەقی ئەم تەخت‌و تاجەت هەیە .

کاوە : وەرە دوام کەوە بو سەر بان ، خیرا کە ، بچین ئالای زورداری داگرین‌و چالیکی بو هەل کەنین‌و لە جیی ئەو ئالای میللیەت هەل‌کەین ، بەلام کلاوزەر هیچم پی نیە ، چی هەل کەین ؟

کلاوزەر : گەورەم هیچت ناوی ، هەر درەفشی ئاسنگەری‌یەکەی خوت هەل‌کە ، ئەوە لە هەموو شتیک بە نرختره‌و شانازیی زیاترە ، با ئەوەش ببی بە دروشمی دەولەتی کاویان .

کاوە : بە قسەت ئەکەم ( بە دەم قسەوە ئەگەنە سەر بان . کاوە ئالای ئەژدەهاک دائەگری‌و درەفشەکەی خوی هەل ئەکا ) .

## «پەردەی پینجەم»

کات } کات‌و شوینی پەردەی سەهەم
شوین }

فەریدوون ( بە هەلە داوان ئەچیتە سەر شانی خەلکەکەو بە پەروشەوە ئەلی ) : براکانم ! خوشەویستەکانم ! تکایە ریگام بدەن . براکانم ریگام بدەن کە مژدەیەکی خوشتان بدەمی . . مژدەیەک بی گومان هەمووتان ، بەلکو هەموو مرویەکی بە شەرەف پی شـــاد ئەبی . . بگرە گەشکەدار ئەبی . . ئەو مژدەیە پەیامی سەر پان کردنەوەی ئەژدەهاکی خوین خورە ( ئەبی بە چەپلە لیدان‌و دەست گوشین‌و ماچ‌و موچی یەکتر لە خوشیدا . . ئەو ئەژدەهاکەی سەری هەزارەهای لە خومان‌و مال‌و منالمان پەراند ، ئەو ئەژدەهاکەی ولاتەکمانی ویران کردو ژیانی لی کردین بە دوزەخ بو ئەوەی لە زورداری‌و چەوساندنەوەی ئەو گور بەگورە رزگارمان ببیت مردنی خومانمان بە ئاوات ئەخواست .

کلاوزەر : خوشک و براکانم ! ئەگەر ئەوانەوی بزانن کیش ئەو گور

بەگورەی لە ناو برد، با منیش پیتان بلیم . ئەوەی سەری ئەژدەهاکی پیاو کوژ، ئەژدەهاکی دەردەداری داوەشاو ، ئەژدەهاکی بە خوین تیووی پان کردەوە؛ کاوەی قارەمان بوو (ئەبیتەوە بە چەپلە لیدان) ، کاوەی ئاسنگەر ، ئەو کاوەیەی هەتا هەتایە ناوی لە میژوودا ئەمینی بەرامبەر بەم کارە گەورەیەی کە کردی .

فەرهاد : کە وا بوو هەر بژی گەورەمان کاوەی خوشەویست ! بژی قارەمانی کورد کاوەی ئاسنگەر ... با

هەموو : بژی !

فەرهاد : با

هەموو : بژی !

کلاوزەر : خوشکەو براکانم ! نابی ئیمە هەرگیز او هەرگیز خزمەتی کاوەی ئاسنگەرو دوو دلسوزی تری ئەم گەلە لە بیر بکەین ، خزمەتی کرمائیلی بە شەرەف کە ئەم بەینە دوورو دریژە هەر روژە لە دوو منال سەری یەکیکیانی بو رزگار کردووین . ئەوانەی دەربازی کردووەو کردوونی بەو دیوا ئەوەتا ئەوە ئاگری ئەوانە بە شاخەکەی بەرامبەرمانەوە . بەلی کرمائیل بوو کە هەموو روژیک لە باتی یەکیک لە منالەکان مەریکی سەر ئەبری و میشکەکەی ئەنارد بو ئەژدەهاک .

گیو : خوشکی بە ریز ! میللەت هەرگیز خزمەتی روڵەکانی لی ون نابیت و هەر یەکە پیاوەتی ی خوی بو تومار ئەکری .

کلاوزەر : هەروەها نابی خزمەتە گەورەکانی فەرەیدوونی دلسوزیشمان لە بیر بچیت کە بی وچان لە گەل گەنەکمانا تیکوشاوە بو بەربەرەکانی ی زورداری و بەرهەلستی ی پیاو خراپانی کردووە چ بە نهینی و چ بە ئاشکرا .

فەرهاد : دەسا ئەم جارەش بژی روڵە دلسوزە کول نەدەرەکانی گەل . . بژی کاوەی ئاسنگەر . . با

هەمــوو : بــژی !

فەرهاد : بژی کرمائیلی بە شەرەف . . با

هەمــوو : بژی !

فەرهاد : بژی فەرەیدوونی خەباتکەر . . با

هەمــوو : بژی !

فەرهاد : بژی خوشکی ئازاو بەریزمان کلاوزەر . . با

هەمــوو : بژی !

فەرهاد : بمری دوژمنی گەل‌و بمری هەموو خائینیك . . با

هەمــوو : بمری !

فەرهاد : ئیـــتر جەژنەکەشمان بوو بە دوو جەژن : جەژنی رزگـار بوونمان لە ســەرماو سولەی زستـان‌و رزگـار بوونیشمان لە زوورو زورداریی ئەژدەهاکی گور بە گور .

فەرەیدوون : ئەوەش کاوەی مەزن خویەتی . . دە بچن هەلی گرن . . ماچی کەن . . دوای کەون . . بە گەورەی خونان . بە پاشـای خوتانی قوبوول کـەن . .

کرمائیل : منیش داوایەکم هـــەیە ئەگەر ریم ئەدەن بی‌کەم ، ئەویش ئەوەیە تا ئەورەکەم تیژە دوو ملی ئەستوور ماون ، ملی دوو راویژکەری دوو رووی ناپیاوی پی بپەرینم ، چونکە ئەو دوانە بوون بە هوی ســـەر پەراندنی زور کـەس .

کلاوزەر : ئەی بە قوربانی دەست بم بە دیتم راست ئەکەی . . بەلی ئەرپاك‌و بابای تا حەکیم پیاو خراپی‌یان زور کرد .

کاوە ( ئەچیتـە جیگـایەکی بەرزو روو ئەکاتـــە خەلکەکەو ئەلی ) :

خوشکەو برایانی بەڕێز ! وا بە هـــوی یەک گرتنو پشت گرتنی یەکترەوە ڕزگـارمان بوو لە زولمو زورو چەوساندنەوەو خـوێن مژین ، ڕزگـارمان بوو لە پیـاو خراپو دوژمنی ڕاستەقینە ، ئەوانەش کە ماون خویان ئەمرن بێ دەس لێدان . ئیتر ئەمەیەو ئەمڕوبە جەژنی ڕاستەقینەی گەل . جەژنی نەوروز . . بەڵام ئەبێ زور باش ئەوەش بزانن کە ڕێگـای خەباتمان دەورو درێژە ، ڕێگـایەکی پڕ لە ماندوویەتیو ئێشو ئازارە ، بەڵام دوایی یەکەی خوشو پیروزە . . بریتی یە لە میوەی سەربەستیو ئازادیو بەختیاری . ئیتر بەرەو تێکوشان ! بەرەو ئازادی ! بەرەو بەختیاری !

هەموو بە جارێک : بژی کاوەی قارەمان ، شای نوێی ئەکباتان ، شای گشت ولاتی ئێران !



لاوان سروودی : ( ئەم ڕوژی سالی تازەیە ) ئەخوێنەوە
لە ئاهەنگی نەوروزی ئاتەدا

# بەهاری پاش باران


## گوران

وشکە چەم وەك جەوری سەردەم هەلساوە :
بەرگی سەوزو نەرمی بەهار ژاکاوە .
هەر هیلی گاسنی وەردی کیلراوە
هەتا چاو بر ئەکا جوگەلەی ئاوە
جوونیاری نەقیزەی دریژ سەر شـان نەر
بەرەو مال لەقەلەق گای داوەتە بەر !
تا ئەژنو لە قورداو کە پەنەك بە سەر ،
بو رانی تەر بووی هەلپەو خەم لە بەر ،
مامەی شوان ، وەکوو خوی ، بەرخی باوەشی
تەرتەرەو هەل دەستی هەلم لە لەشی !
کچانی کولەگیای گولاندن بە کول
رووەو دی رەویون وەك مامزی چول .
لە ئاو هەل کشاوە پەلو پوی بالدار ،
رەنج ئەدا فرە فر ناگاتە سەر دار .
تەلانی ناو باخی پر فەرشی گیای سەوز
( لیلاو ) ی باراناو کردوویە بە حەوز ؛
لە لیواری حەوزا گولالەو بەیبوون
ساوانو ئەئمرزن لە ناو نوقوم بوون !
درەختی هەلووژەی بەفر داپوشیو ،

ار سیوی رازاوە بە پویلانەی زیو ،
هەلالەی وەراندوون تەوژمی باران ،
وەک بووکی رووت کراو کەوتوونە گریان !
لە بەر پی‌ی نەمامی چوالەدا سەوزاو
لە روومەت تکاوە رژاوەتە ئاو .
گولباخی گەشاوەی گەلا تیک شکاو
بە کولمیا دیتە خوار ئارەق لە گولاو ،
وەک یاری شەرمنی دەس لە مل ئالاو
بە گوپچر دەرباز بووی شانەو قژ شیواو ! . .

ە ە ە

ئەمەیە دیمەنی پاش وەشتی نیسان :
پی‌شیلی ستەمە گشت شتیکی جوان ،
تا هەوری رووی ئاسمان در ئەداو هەتاو
ئارامی‌ی شیرین‌تر ئەخاتەوە ناو ! ...



هەلپەرکی‌یەکی بادینانی لە نەورۆزی یانەدا

# وتاری دوکتور هاشم دوغرمەچی

## لە ئاهەنگی نەوروزی یانـــەی سەرکەوتندا



شەوی ٣/٢٢ دەستەی بەریوەبەری یانەی سەرکەوتنی کوردان ئاهەنگیکی گەورەی گیرا بە بونەی جەژنی نەوروزەوە ، لە هولی کلیەی تەربیە . لەو ئاهەنگەدا باوەر پی کراوی یانە دوکتور هاشم دوغرمەچی ئەم وتارەی دا :

میوانە بەریزەکان ! خوشکەکانم ! براکانم !

بە ناوی دەستەی بەریوەبەری یانەی سەرکەوتنی کوردانو ئەندامەکانیەوە سوپاسی هەستی جوانتان ئەکەم کە زەحمەتتان کیشاو بەشداری ئەم ئاهەنگەمان بوون کە پیک هیترا بە بونەی جەژنی نەوروزەوە ، جەژنی نەتەوایەتی گەلی

کورد ، ئەو جەژنەی کە بۆ جاری دووەمە لە ژێر سێبەری جومهووریەتە کەماندا ئەگیرێت ، ئەو جومهووریەتەی کە مافی چەسپاندنی ئەم جەژنەی دایەوە بە گەل ، ئەو جومهووریەتەی کە سەربەستیی زەوت کراوی گێرایەوە بۆ گەل .

جەژنی نەورۆز دروشمی سەرکەوتنی ئازادی‌یە بە سەر دیلی‌دا ، دروشمی سەرکەوتنی دادە بە سەر زوڵم‌و زۆرداری‌دا ، دروشمی سەرکەوتنی ڕاستی‌یە بە سەر ناهەقی‌دا . . لەرۆژێکی وەکوو ئیمڕۆدا خەباتی زوڵم لێ کراوان‌و ئازار دراوان سەرکەوت بە سەر خوێن مژانا .

دەسەلاتی کۆنەپەرستی پاشایەتی‌ی لەناوبراو ماوەی نەئەدا کە گەل مافە شەرعی‌یەکانی خـــۆی بە کار بێنێت ، وە سزای ئەو کەسانەی بە پێچەوانە بجووڵابانایەوە لە بەندیخانەو ئاوارە کردن کەمتر نەبوو ، چونکە زۆر باش ئەیان زانی کە گەل لەم ڕێگـایەوە ئەیەوێت هەستی خـۆی دەربڕی دەربارەی ئازادی‌و سەربەخۆیی ، وە ڕقی خـــۆی پیشان دات بەرامبەر دەسەلاتی ڕزیوی بێگـانەو نۆکەران . هەر لە بەر ئەمەش بوو کە بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیـان ئەبردە سەر گەل‌و هەموو مافێکیان لێ زەوت ئەکرد ، وە تووی ناکۆکی‌و دوو بەرەکی‌یان لە ناوا بڵاو ئەکردنەوە ، بە ئەمای ئەوەی ڕووی میللەت لە دوژمنی ڕاستەقینەی وەرچەرخێنن وە ڕێگـا ئەخەنە ڪەکەن بۆ دزین‌و خواردنی سەروەت‌و سامانی نیشتمان بۆ ئەوەی گەل لە ناو کوێرەوەری‌و ئازارو ئەندێشەدا بێڵنەوە ، بەڵام زوڵم‌و زۆرداری‌و ئازار دانی گەل زیاتر ئاگری خەباتی خۆش ئەکردو باشتر بیرو باوەری میللەتی بە هێز ئەکردو هانی ئەدا بۆ تۆڵە سەندنەوە و دەس خستنەوەی مافە زەوت کراوەکانی ، تا شۆڕشە پیرۆزەکەی خـۆی تەقاند ، شۆڕشی ١٤ ی تەمووز ، شۆڕشی گەل‌و سوپا ، شۆڕشی کوردو عەرەب‌و کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی برایان بە سەرۆکایەتی‌ی سەرکردەی ئازەمان سەرەک عبدالکریم قاسم ، ئەو

شۆرشە دیموکراتییە مەزنە کە دەرسێکی گەورەی دا بە داگیرکەران و زۆرداران بە جۆرێک هەرگیز لە بیر نەچێتەوە ، ئەو داگیرکەرو نۆکەرانەی کە هیچ حیسابێکیان بۆ گەل نەئەکرد .

وا ئێستا هەر بە سایەی زەبری ئەو شۆرشەوە کاربەدەستانی وڵاتە دراوسێکانمان خەویان لێ تاڵ بووەو ئارامیان لێ هەڵگیراوە لە ترسی گەلەکانیان کە بێ گومان لێیان رائەپەرن وە هێزو توانا و باوەر لە شۆرشی چواردەی تەمووز وەرئەگرن بۆ ئەوەی بدەن بە سەر کاربەدەستە کۆنەپەرستەکانیانا .

درووو دەلەسەو بوختانی ئێستە لە رۆ لاوازەکانیان ، دەم درێژیی رۆژنامە بەکرێ گیراوەکانیان لە دژی جومهووریەت بۆ بەد کردن و گۆرینی رووی راستی و چەواشە کردنی گەلەکانیان ، هەروەها هاندانی گەلی کورد لە لایەن ئێستەی ئارانەوە لە دژی نەریتی جومهووریەتی دیموکراتی عیراق . گەورەترین بەلگەن و دەری ئەخەن کە تا چ رادەیەک لە راپەرینی گەلەکانیان ئەترسن ، ئەو گەلانەی هەرگیز ئەم درووو دەلەسانە بە سەریانا تێ ناپەرێ ، بەلکوو بگرە زیاتر گری تێکۆشانیان بەتین ئەکات روو بە رووی ئەو کاربەدەستە خوێن مژانە .

شۆرشی چواردەی تەمووز پیسترین دەسەلاتی دیکتاتۆریی کۆنەپەرستیی لە ناو برد یەک گەورەترین بنکەی ئیستیعمارییەکانی تێکدا ، وە هەموو داوو پیلان و ریس و گۆریسێکی داگیرکەرانی خاو کردەوە ، ماوەیەکی فراوانی لە بەر دەم گەلانی رۆژهەلاتا بەرەللا کرد کە گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە . . شۆرشی چواردەی تەمووز دەستی یارمەتیی و پشتگیریی درێژ کرد بۆ ئەم گەلانە لە پیناوی وەرگرتنی سەربەخۆیی و ئازادییانا . هەر لە بەر ئەمەیە کۆماری ئەمری عیراق هەرگیز نەبووەو نابێتە مایەی خۆشیی داگیرکەران و نۆکەرەکانیان ، وە بۆیە ئیستیعمارو نۆکەرانی لە دەرەوەو ناوەوەی عیراق بە پەلە هەولی رێکخستنی

پیلانی یەک لە دوای یەک ئەدەن بۆ تێکدانی جومهووریەتە کەمان . ئەگەرچی گەلی یەک گرتووی عێراق بە کوردو عەرەب‌و کەمایەتی‌یە نەتەوەییەکانیەوە بە هاوکاری لەگەڵ سوپا دلێرەکەیا بە سەرکردەیی زەعیم عبدالکریم قاسم بە چاو لە یەکا دانێک بەشێکی گەورەی ئەو پیلانانەی تێکدا ، بەڵام ئیستیعمارو نۆکەرانی لەگەڵ ئەو هەموو شکستی یانەشدا کە بە سەریان هات دەسیان هەڵ ئەگرت‌و هەڵی ناگرن لە پیلان گێڕان • وە کۆمارەکەمان هەمیشە بەرەنگاری ئەو جۆرە پیلانانە ئەبێت .

گەلی عێراق بە تاقی کردنەوەی تایبەتی‌ی خۆی لە ماوەی ئەو پیلانانەی رابوردوودا وای لێ هاتووە کە هەست‌و بۆنی پیلانی ئیستیعماری ئەکات ، پێش ئەوەی روو بدا . وە شتێکی ئاشکرایە کە لە پێش جێ‌بەجێ کردنی هەر پیلانێکدا بوختـــان‌و درۆو دەلەسە بەرامبەر نیشتمان پەروەرە دڵسۆزەکان ئەخرێتە کار ، وە دوو دڵی بەرپا ئەکرێت بەرامبەر دڵسۆزی‌ی رێکخراوە نەقابە نیشتمان پەروەرەکان کە پشتیوانی پتەوی جومهووریەتن . هەروەها هەوڵ ئەدرێت بۆ بڵاو کردنەوەی ناکۆکی‌و دووبەرەکی لە بەینی هێزە نیشتمان پەروەرەکانا . ئەمانەش هەمووی ئەو رەگەزانە پیی هەڵ ئەسن کە دوژمنی گەل‌و جومهوریەتن ، ئەمـــە بێجگە لە دەس‌درێژی‌ی یەک لە دوای یەک بۆ سەر رۆڵە تێکۆشەرەکانی گەل ، شان بە شانی جم‌و جووڵی کۆنە پەرستی‌و ئیستیعمار لە دەرەوەی وڵاتماندا . ئەمەیە بە سەر هات‌و تاقی کردنەوەی گەلی ئەبەزی عێراق .

بەڵام هەرچەند کە پیلانی ئیستیعمارو کۆنەپەرستی تا رادەیەکی کەم سەرکەوتووە لە تێکدانی ریزی نیشتمان پەروەرانا . گەلی عێراق‌و سوپای ئەبەز ئامادەن بۆ پاراستنی جومهووریەتە دیموکراتی‌یەکەمان‌و دەسکەوتە بە نرخەکانی شۆرش‌و هەرگیز دەستی لێ بەر نادەن ، وە بەشی داگـــیر کەران‌و نۆکەران‌و

تەماعکارانیش هەر شکستی و ژیر کەوتنە وەکو چۆن لە هەموو پیلانەکانی تریانا شکان و نابروویان چوو . لەگەل ئەمەشا هیچ قازانجی تیا نی یە کە ماوە بدریت بە پیلان گیرەکان بو ئەوەی پیلانی خویان بخەنە کار ، چونکە ئەگەر چی چارەنووسیان هەر شکستی یە بەلام ئەم ماوە دانە ئەبیتە هوی زیانیک کە پر ناکریتەوە .

ئەرکی نیشتمان پەروەرانەی ئیمرو پیویستی ئەکات لە سەر هەموو لایەکی نیشتمان پەروەر کە ناکوکی ی ناو خویان لە بیر بەرنەوە ، وە ریزەکانیان یەک خەن بو بەربەرەکانی ی دوژمنی هەرە گەورەی هەموویان کە ئیستیعمارە ، ئەو دوژمنەی کە نابیت هیچ گەلیکی ئازادی و ئاشتی خواز لی ی کەمتەرخەم بیت . لە سەر ئەم بناغەیە پیویستە لە سەر هەموو هیزە نیشتمان پەروەرەکان کە دلسوزی شورش و دەسکەوتەکانی شورش بن وە پشتی یەکتر بگرن لە پیناوی پاراستنی دیموکراتی و ئازادی دا کە گەل ئەیەویت پی یان بگاتە ژیانیکی کامەران و خوش . . هەروەها پیویستە ریگا بەسریت لەو هیزانەی کە دوژمنی شورش و ئیستیعمار پشتیان پی ئەبەستیت لە ناو ولاتەکەمانا . پیویستە هەموو جم و جوولیکیان بە یەک چاو تەماشا بکریت وە ئەو پەری توندی و تیژی بەرامبەریان بە کار بهینری .

بەم جورە ئەتوانین زال بین بە سەر هەموو سەختی یەکا وە بەرەنگاری هەموو پیلانیک بین ، وە بەم جورە ئەتوانین ولات بپاریزین لە زیانی داگیرکەران و تەماعکاران و نوکەرەکانیان .

بەزەیی هاتنەوە بە نوکەراتی ئیستیعمارا زیاتر هاریان ئەکات و سووریان ئەکات لە سەر پیلان گیران و ناپاکی بەرامبەر نیشتمان وەکو لە هەموو پیلانەکانی پیشوودا بە رووتی بومان دەرکەوت .

لە کوتایی دا هیواداریت هەموو سالیک لە ژیر سیبەری جومهووریەتە

دیموکراتی یەکەمانا جەژنی نەتەوایەتی بکەین بە سەروکایەتیی رولەی گەل عبدالکریم قاسم .

بژی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبو کەمایەتی یە نەتەوەیی یەکانیەوە !

بژی جومهووریەتی دیموکراتی چواردەی تەمووز !

بژی سەرەک عبدالکریم قاسم !

بژی یادی جەژنی نەوروز ، جەژنی نەتەوایەتیی گەلی کوردی تیکوشەر !



کچان سروودیکی نیشتمانی ئەخوینەوە
لە ئاهەنگەکەی نەوروزی پانەدا

# نەوروز

[ ئەمە ئەو پارچە هەڵبەستەیە کە کاك حەبیب قەرەداغی خوێندیەوە لە ئاهەنگی ڕێکخراوە دیموکراتی‌یەکانی سلیمانیدا بە بونەی نەوروزەوە ]

❊ • ❊

ئەی ڕوژی نوێ ، بەهاری جوان    گوڵ و لالە و نەسرین ڕوان
بولبولی باغ هاتە دوان    ئەڵێ : ئەی خەڵکی کوردستان

نەوروزە جەژنی شادی‌یە
جەژنی یادی ئازادی‌یە

ئەی ڕوژی نوێ سەرما نەما    دەرکەوت لە ژێر هەورو تەما
گەردنی شاخ ڕوەو سەما    دەرهات چرو ، چنور ، گەما

بەفراوی ڕوون دێتە خواری
تەڵی دورە ورد ئەباری

شاخەی تافگە و هاژەی چەماو    بارە مەری بەرخ لێ جی ماو
وردە بارانی ناو بە ناو    دەنگی کەوی سەر زەردو کاو

دڵی دلدار دێنێتە کوڵ
کورنوش بەری بو باخ و گوڵ

دەشتە ، شاخە ، هەردە ، شیوە    بە ئارایی ڕووی پوشیوە
دەستی سروشت بوی چنیوە    ئاڵی تەلاو ، تورمەی زیوە

باخچە و میرگ و سەراوی دوور
نەخشاندوویە گوڵالەی سوور

هەر کوێ ئەچی نێرگز جارە        پەلکەو ، گوێزەو ، دار چنارە
بەرخەو ، کارژو ، قارە قارە        هو هوی خوشی سەد جووتیارە

دەنگی هورەی شوانی بەسوز
دینیتە فەر جەژنی نەوروز

دەنگی قومری‌و جریوەی مەل        لەنیو نزار لە دامەن کەل
بو شاعیری تیرو تەسەل        وەحی شیعرەو فریشتەی هەل

سەد پرسی بم هەر وەکو نان
لام تازیزە بەهارو جوان

ئەیلیم بە بالای بەهەسارا        بە بەژنی سەروو چنارا
بە هەژاوەی ئاوی رووبارا        بە کانی‌و ئاوی زیخەدارا

سەد هەلبەستی تەرو ئاودار
بە سوز وەکو خالەی ریبوار

خالەی ریبوار ! خالەی ریبوار !        شمشالەکەت بوم بگرە زار
بومی بیژە خالەی ریبوار        جەژنە جەژنی یادو یادگار

جەژنە جەژنێکی پیروزە
ئەم جەژنە جەژنی نەوروزە

جەژنی کوردو کوردستانە        جەژنی گەرمین‌و کویستانە
جەژنە جەژنی سەربەستانە        جەژنی ئاخیزو هەستانە

جەژنی کاوەی نەمردووە
روژی بادی رابوردووە

جەژنە جەژنی چەکوش وەشین        کریکاری زوردار بەزین
جەژنە کوردە لیرەن لەوین        جەژنی ئیمەو ئەوانەش دین

روژی ئەمانی ئەژدەهاك
هەرچیش هەیە وەك ئەو ناپاك

دەسا گری ئاگر خوش کەن　　　کورو مەجلیس پر لە جوش کەن
پیالەی دوستایەتی نوش کەن　　　گوی بو هاڤوی کوتر بوش کەن

لە ئاسوی بەرزی تیکوشین
چاوەریی کەن روژی نگین

ئەی روژی نویی ئەم بەهارە　　　ئەو خاکەمان وەك نیگارە
میژووی کوردی پوشە دارە　　　تیکوشانی بی بوارە

شاخە ، سەختە ، یا کەنارە
هەر بەکە جیی چەند یادگارە

ئەی خاکی کورد ، کوردستانم　　　لانەی گەلی قارەمانم
یادی خوشی سەر زمانم　　　بیبلەی هەر دو چاوانم

هەر کیوەت جیی شورشیکە
هەر لایەت جیی کوششیکە

کورد ئەمیستا وا هەستاوە　　　دەستی لە دەست گەلان ناوە
بەرەو ژیان ریگای ناوە　　　ئافرەت و پیاو پیرو لاوە

ئاشکرایە لەم ریگایە
هیوای بەخت و ئاشتی تیایە

لەم ریگایە ریگای خەبات　　　لەم روژەدا روژی سەوبات
لەم جەژنەدا جەژنی بەهار　　　لەم کاتەدا کاروان ئەروات

پیشرەوی ریی کریکارە
چینی هاوبەشی جوتیارە

کورد و عەرەب وەکو برا    ئەرون بە شەوقی یەك چرا
بەبێ قرە و قالە و هەرا    بە جادە و دەشت و کوردەرا
بەرەو ئاشتی و دیمکراتی
دوستی یەکن هاو ولاتی
ئالای چواردەی تەمووز ئالە    بەرزە سەری لە ساماڵە
خەفاتدنی زور مەحاڵە    دوژمنی ئەو بەشی چاڵە
دوژمن کویر بێ نەك بە چاوی
ئەو ببینی بە شیواوی
با بای شەماڵ بیشەکینی    با هەر بەرز بێ و بەرز بنوینی
نووکی رمی لێ دەر بینی    چاوی بەدی پێ دەر بینی
بێ پاریزن بێ لام و جیم
گەل و سوپا و عبدالکریم
شوعلەی تەمووز گەشەدار بێ    هەرگیز بام جەژن و بەهار بێ
دوژمن کەساس و ناچار بێ    پیاوی فاشست بەشی دار بێ
ئاشتی و ژیان کامەرانی
بو جیهان و میللەتانی
کەین و بەیشت ئەی ئیستیعمار    چلکاو خورت لە لادێ و شار
لە سەر سنوورو ناو کومار    ئەیان بینن گەل وەکو پار
قەت گوم نابن ، لە بەر چاون
دروندەن خەلق خویناون
بژی نەوروز ! بژی ئاشتی !    بژی یاسای دیموکراتی
با گەل بگانە ئاواتی    یەك بگری بو ریی خەباتی
ئیستیعمار و سەر تیك دەران
سەریان شیوی و مالیان ویران

# ئەنجامی شەڕ

وەرگێڕ لە عەرەبییەوە :

محمد نوری توفیق : چەم چەماڵ

« پێشکەش بەو کەسەی کە خوو ڕەوشتی بەرز بە کلووری ئەم گیتییە ناگۆڕیتەوە ، بەو بێوە ژنە کوردانەی کە منالە کانیان بە شان‌و قۆلی مەردانەی خۆیان بە خێو ئەکەن ، بێ ئەوەی هیچ کاتێک دەس پان کەنەوە لە بەکێکی بێگانە ! یان یەکێک بتوانی پێیان بلێ : بەرچاوتان بە کلەوەیە ! پێشکەشە بەو خوشکە کوردانەم کە هەمیشە کوردوستان چاوەرێی شان‌و بازووبانە بۆ بەخێوکردنی ڕۆلە نەبەزە کانیان ، بەو کەسەی کە ئەزانی هەر شەڕە ناسوری جێ ئەهێلێ‌و هەر ئاشتییەگەلەکەی ئەگەبێنی بە ئامانج ، ، پێشکەشە بە هەموو خوشک‌و برایەکی خوو ڕەوشت بەرزی کوردم ».

« وەرگێڕ »

پولیسی شاری ( ئاتسیجی ) داوای لە ماموستای قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەو شارە کردبوو بۆ ئەوەی چەن پرسیارێکی دەربارەی ئەو قوتابییە لی بکات کە بە سووتاندنی باروتخانەیەکی ئەمەریکی تاوان بار کرابوو . کاتێ کە ماموستا چووە ژووری قومسیرەوە دی کە وا جوولانەوەیەکی گەرم لە ژوورەکەیایە ، پاش ئەوەی ڕۆژباشی کرد قومسیرەکە لە بەری هەلساو وتی : پێشکەشت نەکەم خوشکە ... مووچەخورە لە دایەرەی کاروباری کۆمەلایەتی‌و شارەزای بە خێوکردنی منالانە ،

بانگمان کردووه تاکو یاریدەمان بدا لەم مەسەلەیەدا کە تۆمان بۆ بانگ کردووە .
ئەوەیشت پێ بڵێم کە مەسەلەکە شتێکی وا نییە شایانی شلەژان بێ . ئەوەندەیش
گرنگ نییە بە لای ئێمەوە . . . کچەکەیش هاتە قسەو وتی :ـ بەڵێ ئەوەندە گرنگ
نییە هەر وەکو و جەنابی قومسیر ئەڵێ ، چونکە قوتابییەکە شتێکی وای نەکردووە . .
تەنها ئەوەی دراوەتەپاڵ کە گوایا ئاگری لە باروتخانەکە بەرداوە ، خۆ ئەگەر
ئێمە وایش بێ وا بزانم لە رووی نەزانینەوە تووشی بووە . . دەسا یان یارییەی بە ئاگر
کردووە ، وە یان بزانە چی کردووە ؟ . . بەلام ئێمە هەر چەن ئەکەین کورەکە دان
نانی پە کردەوەکەیا . . . خۆت ئەزانی لە سەر ئێمەش پێویستە کە ئەو تاوان بارە
بدۆزینەوە کە ئەمەی کردووە . . ئەنجا قومسێرەکە وتی :ـ ئێمە ئامانەوێ ـــكە
منداڵەکە زۆر لێرە بمێنێتەوە ، بەلام نابێ هەر بە خۆرایییش بەری بدەین بێ ئەوەی
بچینە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە . ئێمەیش بۆیە تۆمان بانگ کردووە کە پێمان
بڵێی ئایا خوو رەوشتی ئەو قوتابییە چۆنەو هەڵسان و دانیشتنی لە قوتابخانەدا چۆنە ؟
چونکە تۆ « تارو » زۆر باش ئەناسیت و قوتابیی خۆتە ، بەڵکوو لە سەر ئەو
وەلامانەی کە جەنابت ئەمان دەیدی بتوانین راپۆری رەسمی پێشکەش بە کار
بەدەستانی میری بکەین .

مامۆستاکەیش پێی وتن : زۆر سوپاستان ئەکەم بەرامبەر بەو کارەی
کە پێشکەشی ئەم منداڵەتان کردووە کە بە راستی پێوە ماندوو بوون . . فەرموو
بنووسە ، رووی کردە کچەکە ، کچەکەیش فایلێکی کردەوەو دەستی کردە نووسین :
« تاروتریمی » تەمەنی ١٦ ساڵ و دوو مانگە خەڵقی شاری سائیانەو هەر لەوێیش
لە دایک بووە ، پۆلی یەکەمی قوتابخانەی « القدیس یوسف » ی سەرەتاییە
لە سەر حیسابی ئادام ئەلوین ، باوکی شارەزایەک بوو لە شارەزاکانی مەکتەبی
هەڵبووردنەری ژاپۆنی ، لە ساڵی ١٩٤٠ دا مردووە . دایکیشی مووچەخۆری بوو

لە شەریکەی « ئانیوکاماتو » وا بزانم لە کاتی داگیر کردنی شاری سائبان بە دەس ئەمەریکاییەکانەوە کوژرا ، بەلام ئایا تارو بوچی بەم تەمەنە گەورەیەوە هیشتا لە پولی یەکەمی سەرەتاییە ؟! . کچەکە لێی پرسی ، ماموستاش وتی : پاش تەواو بوونی شەر ، تارو ، وەك هەزارەها هەتیوی تر نیررا بو « هاوایی » لەوێوە چووەتە یەکی لە قوتابخانە ئەمەریکاییەکان ، شەش سال تیا خویندوویە ئینجا هاتووەتەوە بو ژاپون و چووەتە قوتابخانەی ( إلقدیس یوسف ) ، پیویست بوو لەم قوتابخانەدا لە پولی پینجەمی سەرەتا بیدا وەربگیریت ، بەلام لە بەر ئەوەی ژاپونی ی نەئەزانی بویە لە پولی یەکەم دانراوە .

کچەکە وتی : مەعنای چییە لە سەر حیسابی « ئادام » ئەخوینی ؟

ماموستا : ئەمە لە راستیدا شتیکی راست نییە کە لە سەر حیسابی ئادام ئەخوینی ، ئادامیش ئەفسەریکی ئیستیعلاماتی ئەمەریکی بوو ، کارو باری هەتیوانی سائبانی پی سپیررابوو لە کاتی خویا ، تاروش لەو پینج هەتیوە بوو کە ئەو ئەفسەرە هەلیانی بژارد بو خویندن ، بو ئەوەی پییان بخوینیت تا لاهوتی تەواو بکەن ئیستا هیانیان لای ئیمەن بە تارووە .

— ئایا کە باوکی تارو مرد دایکی چی کردو چون ئەم کورەی بەخیو کرد ؟

— دایکی تارو لەوانە بوو کە پیی بووتری خوینەوار ، چونکە شەهادەت نامەی توکیوی هەبوو ، لە پیشا لە سائبان سەروکی شەریکەیەك بوو ، لە پاشا بووە هەلسوورینەری یەکی لە تیاترۆخانەکانی تەفسەران ... هەم بلێی جوانیش بوو !

— ئایا تارو لە دوای مردنی باوکی لە گەل دایکیا ئەژیا ؟

— سەیر ! هەر وەکوو پیم وتی دایکی تارو زور جوان بوو لە تیاترو خانە کانیشا ئیشی ئەکرد ، بویە بە هیچ جوریك ئاگای لە منال بە

خێوکردن نەبوو . تارۆیشی دابووە دەس یەکێك لە خەڵقی دورگەکانی زەریای سەرزوو کە لە سائیان ئەژیا لە کاتی حوکمڕانیی ئەڵمانەکانا گەیشتبوە ئەوێ !

ــ وادیارە کە ژیانی تارۆ مەرگێێ لە ژیانی دایکی نەچووە ؟

ــ نەخەیر بە هیچ جۆرێك لە دایکی نەکردووەو تەنانەت سیمایشی نەدیوە ! خۆ هەتا بڵێی ژیریشە بەڵام هەتا بڵێی ژیانێکی رەق و وشکی هەیە .

ــ ئەمە راستە بەڵام ئەزانی کە تارۆ لە ٣ ی مایسا بەرگی ژنانەی پۆشیوەو سەبەتەیەکی کردووەتەملی و خۆی کردووە بە کچێکی گوڵفرۆش ؟ ئایا ئەزانی رۆژێکیان تارۆ کۆمەڵێکی زۆری لە سەربازە ئەمەریکاییەکان کۆ کردووەتەوەو خۆی بووەتە چاوساغیان و هێناونیەتە ناو شـــار ، وە ئایا ئەزانی بەیانییەکی زوو لە سەر ڕێگـای شەمەندەفەریکا تارۆیان لە خەو خەبەر کردووەتەوە کاتی تەماشایان کردووە سەرخۆش بووە ؟ . مامۆستاکە لەم پرسیارانە سەری سوور ئەمـــاو ، رەنگی تێك ئەچوو ، بۆیە کچەکە پێی وت : ـ دەی تۆ ئەم منالە دەمێکە ئەناسی و هیچیشت لێ نەدیوە ، بەڵام لەوانەیە ، لەم دواییەدا رەوشتی تێکچوو بێت . . چونکە ئەو کردەوانەی کە ئەم منالە لەم دواییەدا کردوویەتی بە راستی لەوەوە دوور بووە ، ئەمانەیش هەمووی بەڵگەن کە تارۆ لە سەر رەوشتی جارانی نەماوە ، بەڵام ئەمانە هەموو هۆی هەیە کە ئەم کوڕە چۆن وا زوو گۆڕا ؟ بەڵکو ئەبێ یادگارییەکی زۆر ناسور هەبێ کە پاڵی نابێ بەم منالەوەو بەو جۆرە گۆڕیبێتی کە ئەیبینین . بەڵام ئایا تۆ یادگارییەکی وا ئەگومان ئاکەی کە باسی بکەی بۆمان؟ . : مامۆستاکەش ، لە پاش راوەستانێکی کەم هاتە قسەو وتی : نازانم ئەم منالە ئەتوانی بەو شانە هەلسی کە باستان کرد یان نە . . بەڵام من یادگارییەکی وام دێتەوە یادم کە وا بزانم هەر ئەوە بووەتە هۆی گۆڕانی رەوشتی ئەم کوڕە ، با دەسی پێکەین بە گێڕانەوەی :

— ٩٩ —

دایکی تارو پاش ئەوەی کە یەخسیری دەستی داگیرکەرە ئەمریکاییەکان بوو ، ویستی تارو بکوژێ ، بەلام من و ئادام بووینە هوی رزگارکردنی تارو ، بەلێ توانیمان تارو لە مردن رزگار بکەین ، روژیک من و ئادام بە سەر گردیکا ئەهاتینە خواری پاش رویشتنیکی کەم گویمان لە گریانی منالیك بوو کاتی کە گەیشتینە سەری ئەبینین وا منالیك پەتیکی خراوەتە مل و کەف بە دەمیا هاتوەتە خوارەوە کە ئەممان دی ناومان دایە سەری هەرچی چونیك بێ پەتەکمان لە ملی داکەندو گەیاندمانە نەخوشخانەیەکی سوپا . لە پاشا بومان دەرکەوت کە ئەو منالە ئەم تارویەی ئەمرو بوو . . تارویش دایکی وای لێ کردبوو ، بو ئەوەی هەر بە دەسی خوی بچی نەکوو ، وەکوو ۳۰ هەزار منالی‌تر بە دەستی سوپای ئەمریکی بچیت ، بەلێ دایکی ویستبووی خوی بیکوژی نەك وەکوو ئەو منالانەی لێ بیتە کە بە سەر شاخەکانی ساتبانا فری‌یان ئەدانە خوارەوەو گوی‌یان لە شلپەکەی ئەگرت کاتی کە ئەیدا بە زەوی‌یا ، بەلێ دایکی ویستبووی بە دەستی خوی کورەکەی خوی بکوژیت نەکوو بە دەستی قەسابەکانی بەشەر سەر ببرریت ، وەکوو هەزاران منال کە بە چەقو کولەکانی سەربازە ئەمریکاییەکان سەربران . بەلێ . . دایکی تارو توانی دەسی بچیتە تاروی تاقانەی نەك وەکوو هەزارەها مال و منال بینە ژیر بومبا دەسکردەکانی ئەمەریکاوە ، دایکی تارو پاش ئەوەی زانی کە ئەبێ هەر بە دەستی داگیرکەران بچێ بویە توانی ئەو پەتە پیسە بخاتە ئەو ملە پاکەی تاروەوە ، بەلام ئیمە تارومان رزگار کرد لەو خنکاندنەو دامانە دەس قەدەر کە بیگەیەنیتە ئەمرو ، لەم کاتەدا ماموستاکە چاوی پڕ بوو لە فرمیسك ، بویە قومسیرەکە قسەکەی بری‌و وتی : بە راستی ئەمــــە بەسەرهاتیکی سەیرو گرانە . . وام بو دەرکەوت وە هەروایش ئەزانم کە ئەم رووداوە کاریکی تەواوی کردووەتە رەوشتی ئەم منــالە . .

ئینجا ماموستاکە وتی : ئایا ئەتوانم ئیستا چاوم بە تارو بکەوێ ؟ بۆ ئەوەی چەن پرسیارێکی لێ بکەم بەلکو بگەینە ئەنجامێکی باشتر ؟ کچەکە وتی : فەرموو . . .

تارۆ لە ژوورێکی تاریکا لێی دانیشتبوو ، تەی‌روانییە ئەو پەنجەرەیەی کە رووی لە سانبان بوو تاریکایی و تەری و ناخۆشیی ئەو ژوورە تارۆیان راکێشابوو بۆ ئەشکەوتەکەی سانبان ، کە هەر لەم ژوورەی ئەکرد ، بەلێ ژوورەکەی تاروی نیابوو لەو ئەشکەوتەی ئەکرد کە لەگەل دایکیا تیایا دیل کرابوون لە ئەشکەوتەکەی سانبانی ئەکرد کە کەوتبوە سەر شاخێکی بەکجار بەرزەوەو ئەو شاخەی کە ئاوێکی زۆری لە ژێرەوە ئەهاتە دەری ، ئەو ئەشکەوتەی کە ئەم و دایکی تیایا ئەژیان ، هەتا بلێی ساردو تەر بوو ، تا وای لێ هاتبوو کە بەردەکانی تویژیان گرتبوو ، لە هەموو لایەکیشەوە چەپکە گیای لێوە سەوز بوو بوو ، بەلێ ژوورەکەی ئیستای بەو ئەشکەوتە ئەهاتە پێش چاو کە لەگەل دایکیا شەوەهایان تیا رۆژ کردبوەوە ، ئەو رۆژانەی ئەهاتەوە یاد کە لەگەل دایکیا دائەنیشتن و برسیەتی کاری تێ ئەکردن و چۆن دایکی ئەو دەنکە برنجانەی کۆ ئەکردەوە کە سەربازە ئەمەریکاییەکان فرێیان ئەدایە بەر تەیرەکانی ناو ئەشکەوتەکەوەو ئەیخوارد ، ئەوەی ئەهاتەوە بیر چۆن رۆژێکیان دایکی لە برسا گیای ئەخواردو سەربازە ئیشکگرەکانیش قاقا پێی پێ ئەکەنین و گاڵتەیان پێ ئەکردو ئەیان وت لە بزن ئەکات . . گیا ئەخوا . . ! ئەمانەو ئەوەی ئەهاتەوە بیر کە چەن رقی لەو کاتە ئەبوەوە کە دایکی ئووشی ئەبوو ، ئەو ئەچوو ئاوی بۆ ئەهێنا چونکە ئەگەر دایکی بچوایە ئیشکگرەکان پەلاماریان ئەدا ، بەلێ ئەو کاتەی ئەهاتەوە بیر کە ئەچوە سەر ئاوەکە بۆ ئاو هێنان ، ئەبوایە بە دزییەوە بچوایە ، چونکە ئەگەر سەربازە ئەمەریکاییەکان پێیان بزانیایە نەیان ئەهێشت

ئاوەکە پیس بکات ... ، ئەو ڕۆژەی هاتەوە بیر کە دایکی پێی وت : ڕۆڵە ئەمانە تۆیش ئەکوژن وەکو ئەو ٣٠ هەزار منالەی کە کوشتیان ، لە بەر ئەوە با بە دەس ئەوانە نەچیت ومرە خۆم ئەت کوژم !! ئای لەو ساتەی کە دایکم ئەمەی پێ وتم ، بە ڕاستی هەرگیز نابێ ئەو ڕۆژەم لە بیر بچێتەوە کە مردنم لێ نزیک بووەوە ، ئەو ڕۆژەی کە دایکم پێی وتم با خۆم بت کوژم ، چونکە لە مردن خراپترمان پێ ئەکەن تۆ هەر ئەکوژن ، منیش .... ئەکەن ! ئای لەو ڕۆژە ناخۆشەی کە دایکم دەسمی گرت و لە ئەشکەوتەکە هاوردمیە خوارەوە . لەو ساتەی کـە دایکم پەتەکەی دەر هێناو پێی وتم : « با جاری تۆ بخنکێنم ! » بە ڕاستی ساتێکی سەخت و تووش بوو ، مەگەر ئیستە لەو سـاتە بکات . بەلام ئایا ئیستاش وەکو ئەوسا ڕزگـار ئەبم ؟ نەخەیر هەرگیز باوەر ناکەم ، چونکە باروتخانەی ئەمریکام سوتاندووە ... ئای چەن تاوانێکی گەورەم کردووە ؟

ئەم لەم خەیالانەیا بوو ، لە پڕ دەرگـاکەی کرایەوەو ، کچە لە پێشەوەو ، مامۆستا لە دواوەو قومسیریش بە دوای ئەواو ، پۆلیسێکیش بە دوایانەوە ، چوونە ژوورەکەوە ، « نارۆ » کە ناوی دایەوە چاوی بە « قدیس یوحنا » کەوت ، ئەو قدیسەی کە بووبوە نموونەی ناو هەمـــوو قوتابییانی قوتابخانەکەی نارۆ ، لە ڕەوشت باشی و خۆشەویستی دا ، بۆیە هەمو قوتابییەکان ناویان نابوو « قدیس یوحنا » لە خۆشەویستی دا ، کە نارۆ قدیسی دی دەس بە جێ لە جێگـاکەی هەلساو چووە بەردەمی ئەو کورسییەی کە قدیس لە سەری دانیشت ، ڕاوەستاو زۆر بەریزەوە دەس برد دەستی مامۆستای ماچ کردو هاتەوە بەردەم کورسییەکە ڕاوەستا کە سەیری پۆلیسەکەی کرد دەمانچەیەکی بە قەدەوە بوو ، لە دلی خۆیا وتی : ئەمە ئەو دەمانچەیە ئەکات کە سەربازە ئیشکچییەکان ئەیان تەقان بە سەر منالە بەخسیرەکانا ... دەک ڕەزای گرانتان خواتەوە کە حەزتان لە پیاو کوشتنە

بەم چەکانە . پاش کەمێك قەدیس یوحەنا لێی پرسی : ئەڵێن تۆ بەرگی ژنانەت پۆشیوەو گوڵت فرۆشتووە لە « چەنزا » ئایا ئەمـــە ڕاستە؟ « تارو » تەختێ بێ دەنگ بوو ، چونکە سەری لەم پرسیارە سوڕما ، ئایا کێ ئەمەی بە قەدیس وتووە ؟ دیارە یان ئەمکچە ، یان « تاکۆ » ی برادەرم ، کـە خۆی جلەکانی بۆ پەیدا کردم ، پێیان وتووە ، بۆیە بە هیچ جۆرێك وەڵامی پێ نەدرایەوە . ئینجا قەدیس پێی وت : من ئەزانم کـە تۆ ئەوەندە منداڵێکی کـەم تەبیعەت نیت لە سەر حیسابی خەڵق بژیت ، بۆیە ئەو بەرگەت پۆشیوەو بە ناو شـارا گوڵت فرۆشتووە ، تاکوو بتوانیت شتێ پەیدا بکەیتەو پێی بژیت . لێرەدا تارو وتی : ماموستا گیان دیارە زۆر باش نازانیت . . چونکە من تەنهـا بەرگە ژنانەیەکەم پۆشی بەڵام یەك گوڵ چی یە نەم فرۆشتووە ، پاش ئەوەی لە کابرایەکی هونۆلولوییم بیـست کە دایکم لە یەکێ لە مەیخانەکانی « چەنزا » ئیش ئەکاو هەڵسووڕێنەری مەیخانەکەیە ، خۆم پێ ڕاگیر نەکراو خۆشەویستیی دایکایەتی بە چەشنێ کاری تێ ئەکردم کە هەرچی چۆنێك بوایە هەر ئەبوایە خۆم پێ بگەیاندایە . ئەیشم زانی کە دایکم ئێستا من ناناسێتەوە ، وا ئەزانێ کە من . . . قسەکەی قووت داو دەری نەبڕی . ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە من منداڵ بووم ، ئەو شوێنانەیش چوونە ناوەوەی بۆ منداڵ نەهاتووە ، بۆیە کەوتمە سەر ئەوەی کە ئەبێ ڕێگـایەك بدۆزمەوە کە بچمە لای دایکمو خۆمی پێ بناسێنم ، بەڵێ بەرگی ژنانەم پۆشیو سەبەتەیە گوڵی هەمـــە چەشنەم کڕیو کردمە ناو سەبەتەیەکەوەو لە ملم کرد ، یەکسەر ڕووم کردە مەیخانەکە ، دایکمو بێ پرس چوومە ژوورەوە بە های گوڵ ! های گوڵ ! ، هەر لە گەڵ چوومە ژوورەوە شاگردێك دەسی گرتمو وتی بڕۆ دەرەوە کڕیاری تیـا نییە ، منیش چوومـــە دەرەوە ، بەڵام ئەوەندەم نەبخایاند گورج جارێکی تر گەڕامەوە ، ئەمجارەش مەیخانەکە کەسی تیانەبوو ، بۆیە

شاگردەکەی نەی هیشت بچمە ژوورەوە ، بەم جورە پێنج جار توانیم بچمە مەیخانەکەی دایکمەوە ، تا لە سەر شەشەمین جارا ، دایکم خوی هاتە قسەو وتی : تو شەرم ناکەی ئەوەنە دیێتو ئەچیت ؟ مشتریەکانی من حەز لە گول ناکەنو هەر ئەوەندەم زانی دەستی دایە داریكو کەوتە دوام تا دووری خستمەوە لە مەیخانەکە ! .

پاش کەمیك ماموستا کەوتەوە قسەو پێی وت : وا دیارە کە تو ئەو ئینگلیزیەی ئەیزانی بو مەسلەحەتی تایبەتیی خوت بە کاری ئەهێنی . بویە هەموو ئێوارەی شەموان یەکە یەکە سەربازە ئەمریکاییەکان کو ئەکەیتەوەو ئەیانبەیتە ئەرجومانیانو ئەیان بەیت بو ناو شار ، دیارە ئەمەیش هەر لە بەر ئەوە ئەکەیت کە پارەیان لێ دەربێنی ! ، تارو بەری هەلبری‌و سەیریکی ماموستاکەی کردو وتی : قدیس ! وا بزانم راستی‌ی ئەمەیشت بو دەر نەکەوتووە ، چونکە کاتی ئەو شەوەی چوومە مەیخانەکەی دایکمەوە دیم کەس لە مەیخانەکەیا نیە زور بەزەییم پیا هاتەوە ، بویە منیش بریارم دا کە لەمەودوا هەموو شەوی یەك شەموانی ئەو کومەلەم ئەخستە دوای خومو ئەمبردن بو مەیخانەکە بو ئەوەی دایکم ئیشەکەی برواو پەکی نەکەوی . . . بەلام تاخ ئیستا زور پەشیمانم لەو کارانەی کە بەرامبەر بە دایکم ئەمکرد ، چونکە وام ئەزانی هەر ئەو دایکەی جارانمە نەم ئەزانی وای لی هاتووە . . . ! بە راستی هەموو یاریدەدانێکم بە خورایی رویشت .

قدیس پێی ووت : بوچی بە خورایی رویشت ؟ پاش ئەوەی تارو هەناسەیەکی سارەدی هەلکیشا وتی : بویە بە خورایی رویشت چونکە لە پاشا بوم دەرکەوت ئەو سەربازانەی من ئەمبردن بو دووکانەکەی دایکم لە گەل دایکما . . . . . . قسەکەی تەواو نەکردبوو کە قدیس لێی پرسی : چون بەمەت زانی ؟ . بە چاوی خوم دیم ، بویە هەر ئەوساتە ئەویم بە جی هیشتو گەرامەوە

قوتابخانەو چوومەوە سەر جێگاکەی خـــوم تقم لەو سـاتە ناخوشە ئەکردەوە
کە زانیم دایکم ماوەو لە شاری فەزا مەیخانەی داناوە . بەسەر چەندەم ئەکرد
خەوم لێ نەئەکەوت ، چونکە شێوەی دایکم لە بەر چاو لا نەئەچوو ، بەڵێ هەر
شێوەی لە بەر چاوما بوو ، بویـە هەڵســـــام هەرچی ویەیەکی لام مابووەوە
سووتانم‌و فرێم‌دان هەتا ئیتر شێوەی لە بەر چاوما نەمێنێ ، بەڵام بێ سوود بوو هەر
گوم نەئەبوو لێم . بویە بڕیاری ئەوەم دا کە بەیانی زوو بچم خوم بخەمــــە ژێر
شەمەندەفەری بەیانی‌یەوە بو ئەوەی رزگـار بم لەم ژینە تاڵە ! . ئینجا قەدیس پێی
وت : هەرگیز بە یادما نەئەهات کە تو بخوێنەوەو سەرخوش بیت‌و لە سەر ریگـادا
خەوت لێ بکەوێت ، بێ ئەوەی بە خوت بزانی ! . نارو هەناسەیەکی هەڵکیشاو
وتی : ئەمــــە هەتا رادەیەك راستە . بەلام من هەرگیز عارەقم نەخواردووەتەوە ،
وەکوو تێیان گەیاندووی ، هوی سەرخوشی‌یەکەیشم تەنها ئەوە بوو [illegible] بووم
گیرابووەوە ، ئەو بەیانی‌یە هێشتا هەر شەو بوو ، کەوتمە ری بو ئەوەی بکەمە سەر
خەتی شەمەندەفەرەکە ، پاش ئەوەی کـە چاکەتەکەی بەرم داکەندو فرێم دایە
ئەراغ جادەکەوەو چووم لە سەر دەم خوم لە سەر خەتە کە راکیشا ، بو ئەوەی کە
شەمەندەفەرەکە بمشێلێ‌و رزگـارم بکا لەم دوزەخەی کە پێی ئەوتری ژیان . . .
بەلام کاتی بە خوم زانی وام لە بەر دەمی سەروکی ئیستگەی شەمەندەفەراو بەکی
گرتوومیو بە سەروك ئەلی ئەگەر چاکەتەکەی مری نەدایە بێ گومان نەئەبینراو
شەمەندەفەرەکە بە سەریا تێ ئەپەڕی‌و ئەمی شێـــلا ، گیـانی بە چاکەتەکەی بوە
رزگـاری کرد . . . بەلێ رزگـاربووم بەلام ژیانم ئەوەندە لا تاڵ بوو نەم ئەویست
تیابابم ، بویە شـەوێك لە شەوەکانی پاییز قاپی نەوتـم لە قوتابخانەکەمان دزی‌و
شقارتەیەکم خستە گیرفانمەوەو بەرەو ئەو کێلگەیەی پشت قوتابخانەکەمان بوومەوە
لەوێ‌دا نەوتەکەم هەمـــــوو رشت بە خوما پاش ئەوەی دەسم برد بو شقارتەکە
ئەبینم شقارتەکە هەڵنا گیرسی چونکە نەوتەکە تەڕی کردبوو لە گیرفانما . . منیش

# له ئەدەبی کوردی سوفیت

هەندی له هەلبەستەکانی بویژی کوردی سوفیاتی بەناو بانگ (میکائیل رەشید) له کتیبی (نفیسار کاری کرمانجا سوفیتی) وەرگیراوه . که له لایەن (جاسمی جلیل) ەوە کو کراوه تەوەو چاپ کراوه .

ئامادە کردنی : وردی

---

## کوودا چوو ؟

قیزەکي عەزیز بوو ، شیرین چاوا شەکر
هەر رو دهات‌و دچوو بال مالا مەرا
هەر رو ، هەر جار دلی من گازی وی دکر
لی ئەو دهات‌و دچوو ئەنی بال مالی مەترا

......

روژەکي ژی ئەو نەهات ، دەرباز نەبوو
و ئەز هیفیا وی بووم حەتا ئیفاری
حەتا ئیرو نزانم قه ، ئەو کوودا چوو ،
و دلی من مەلوول ما ئەبا وی قیزی

## تریولیت ـ بەسته

هەر رو ، هەر سبه
چاخی روژ ڤا دبه

گازی من دکی
هەر رۆژ و هەر سپێ
ئەز رۆژا خەمشا
ئەڤ تەڤنە دەڤکم
هەر رو، هەر سبە
چاخی رۆژ ڤا دبە

●

## تریولیت ـ بەستە

چاخی ئەز تە دبینم
ڤیرکا دەلال و شیرین
ئەز هەر تشتی بیر دکم
چاخی ئەز تە دبینم
و دل من دخوازە
ئەڤ تە بڤە شەڤ و رۆژ
چاخی ئەز تە دبینم
ڤیرکا دەلال و شیرین

●

## تریولیت ـ بەستە

ئیرو ئەڤاری هیڤیا من نەبە،
ئیرو ئەڤاری ئەز نایێمە مال،
زانو دامە دا خەبات گەلەکێ
ئیرو ئەڤاری هیڤیا من نەبە.

ئەو زار من را عەزیزن
و نیزیکی ئاف شەهـــەر
......
ئەو ئێشـونیر ، ئەز ـ دەرسـدار
خەباتا مـه جودایه ،
لی پیـا مـه بەختەوار
یەکـه ، چـاوا دلی مـه

●●●



برا فەیلییەکان لە ئاهەنگی نەورۆزی یانەدا
هەڵئەپەرن

# فەرهەنگی خاڵ

## کەرکووک ـ طاهر صادق

لەم نزیکانە فەرهەنگی خـاڵ دەرچوو . بێ گومان ئەمەش هەنگـاوێکی زۆر گرنگە بۆ خزمەتی ویژەی زمانی کوردی ، لە گەل ئەمەش وێنگـای رەخنـە نەبەستراوە وە لە کەم و کورتی چاو ناپۆشرێت چونکە فەرهەنگ گیانی ویژەیی گەلە ، لە بەر ئەمە وا لە خوارەوە بیرو باوەری خۆم پیشان ئەدەم :

(١) ئەم وشانەی خوارەوە کە مامۆستا بە کاری هیناوە هەمووی فارسی و تورکی و زوبانی ترە ، هیچ ناچاری و پێویستی‌مان بەم وشە ناچیزانە نی یە چونکە بەرامبەر بەم وشانە وشەی پەتی کوردی‌مان هەسـتیە ، بە پێچەوانەوە زۆر تی دەکۆشین کـە زمانەکەمان لە وشـــەی بیگـانە پاک بکریتەوە ، وشـەکانی کە بە کاری هیناوە وەک :

ئاخر ، مەردوم ، ئاشو ، ئاشووب ، ئاشک ، ئافتابە ، ئالتوون ، ئەتیرەم ، ئیدرەم ، ئەلیرەم ئالوودە ، ئاین و ئوین ، ئوغر ، ئەنبکوور ، ئەنجیر ، ئەرخە ، برقان ، باجی ، بادام ، بادگیر ، بیمار ، بویە ، بویاغ ، تویە ـ بەدگو ، بەرجەست بەها بیچ ، پایان ، پایدوست ، پولاد ...... هتد

(٢) زۆر چلکن و ناشیرینە : کە وشەی ( ئەسپی کوژە ) ی بە کار هیناوە لە باتی : ئەنگوستی گەورە ..

دروست نی یە کە ( بیرە ) ی گوربوە بە ئاو جو .

مانای ئەدەب شـەرم نی یە ، ئەدەب مانای ویژەیە ، شـەرم بە عەرەبی مانای حەیایە .

بریار مانای پەیمان نیە . بریار بە عەرەبی مانای قەرارە ، بەلام پەیمان بە عەرەبی مانای حلفە .

(٣) لە مانا لێدانەوەی ئەم وشانەی خوارەوەدا زور پەلە کراوە ، پێویست نیە بو کورد زمان بە دوورو درێژی مانای ئەسپ ، یا خود ئاولە یا ئاوێنە ... هتد لێ بدرێتەوە ئەبوایە لاسایی فەرهەنگی رێبەری ماموستا گیو بکاتەوە ، ئەگەر زور بە وردی سرنج لە مانایەکانی بدەین لە مەتەل ئەکات وە زور دوورە لە زانیاری و راستی . وا لە ژێرەوە چەند وشەیێکی وەك خوی کە نووسیویەتی پیشانی ئەدەین :

( ئاور ) روخساری بە سامی سەنگینی گران

( ئاولە ) وردە برینێکە لە ئەندامی منال دیتە دەرەوە .

( ئەسپ ) گیان دارێکی نیری مالا بەرزی ناو پشت چالی دارژاوی بەهێزە

( ئاوێنە ) شوشەیێکی پاکی رووناکە دیویکی دەرمانی پیوەیە وە دیوەکەی تری شت ئەنوێنی .

( ئەستێرە ) ئەو شتە رووناکانەن کە شەو بە ئاسمانەوە ئەدرەوشێنەوە .

( ئەلماس ) جورە بەردێکی سپیی گران مایەیە شووشەی پێ ئەبرێتەوە .

( یسقـان ) شتێکی رەقی سپییە لە جەستەی گیاندارا گوشت و دەماری بە سەرا دی .

( بەور ) جورە پلنگێکی گەرمیانییە تووکی رەنگاو رەنگە .

( ترش ) بەری دارێکە بە هیشو ئەیگری دەنکی وەك نیسك وایە . شتێکە لە دەما وەك سماق وابی . بریتییە لە مەردومی رووگرژ

( تەنەکە ) شتێکی تەنکی سووکی سپییە سەماوار و هێندی شتی تری لێ دروست ئەکرێت .

( تیزاب ) دەرمانێکی زۆر شلی تیژە بە سەر هەر شتێکا بکرێت ئەیسووتێنی

# بەستنی کونگرەی
# پارتی دیموکراتی کوردستان

لە سەرەتای ئەم مانگەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کونگرەی بەست و پاش ئەوەی چەند روژی خەریکی لیکولینەوە بوون ، لە ئەنجاما لیژنەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەلبژیررا ، بی گومان هەر وەکوو ریگادانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەنگاویکی گرنگ بوو ، سەبارەت بە باری دیموکراتی ی ولات بە شیوەیەکی گشتی و وەزعی کوردستانی عیراق بە شیوەیەکی تایبەتی ، هەر وەها بەستنی کونگرەکەشیان ، لەم روژانەدا ، رووداویکی گرنگەو هەنگاویکی بە کارە بو جی گیر کردنی دیموکراتیەت لە ولاتاو پەیوەندی یەکی پتەوی هەیە بە کاروباری نەتەوەی کوردەوە .

« هیوا » کە گوفاری کوردانە ؛ بە چاوپوشی لە جەشنی بیرو باوەری سیاسی ی نیشتمان پەروەرانەیان ، لە کانگای دلیەوە ، پیروزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەکات ، بە بونەی بەستنی کونگرەکەیانەوە ، وە چاوەروانە کە هەموو دلسوزەکانی کوردستان پیویستی یەکانی ئەم قوناغەمان بخەنە بەر چاوو یەك ریز بوەستن و واز لە ناکوکی ی « ئانوی » بهینن و هەموو تواناییەکیان بخەنەگەر ؛ بو جی گیر کردنی باری دیموکراتی ی کومارەکەمان ، کە بەردی بناغەی بووژانەوەی نەتەوایەتیمانە ، وە بو پیشاندان و بەرز کردنەوەی مافەکانی نەتەوەی کورد لە عیراق و لە هەموو لایەکی کوردستانا ، وە بو بە هیز کردنی گیانی برایەتی و خەباتی تیکرایی هەردوو نەتەوە گەورەکەی عیراق کوردو عەرەب و وردە نەتەوەکانی تر . .

با گەشەدار بی کومارە دیموکراتی یەکەمان ، کوماری کوردو عەرەب .

بەردەوام‌و سەرکەوتوو بی خەباتی نەتەوەی کورد لە گەل نەتەوە برادەرەکانا لە ئیران‌و تورکیاو سوریادا ، لە پیناوی رزگاربوونی تیکرایی‌و ئیجگاری‌یان ، لە پیناوی وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی‌یان .

با پتەو بی یەکیەتی‌ی هیزە نیشتمان پەروەرەکانی عیراق .



برا فەیلی‌یەکانمان هەل ئەپەرن
لە ئاهەنگی نەوروزی یانەی سەرکەوتندا

# نەوروزی ئەمسالمان

ئەمسال ، لە هەموو لایەکی کوردستانی عیراقی خوشەویستدا ، ئاهەنگ‌و شایی‌لوغان گیرا بە بونەی جەژنی نەوروزی پیروزەوە ، روڵەکانی نەتەوەی کورد ، لە هەموو خاوەن بیرو باوەریکی سیاسی ، هاو بەشی‌یەکی گەرم‌و گوریان کرد لە زیندوو کردنەوەی یادی ئەم روژەدا ، کە دروشمی شانازیی نەتەوەی کوردە ، بەم جورە لە شاری پر لە قارەمانی‌و شاری خاوەن میژوو ، شارە ئازدارەکەی سلیمانی ، لە هەموو لایەکیەوە هەلپەرکی‌و ئاهەنگ‌و تارو ، تەمسیل بوو ، بو هەر لایەکت ئەنواری‌و سەیری هەر رووبەکی کوردو دلسوزت ئەکرد ، خوشی‌و گەشانەوە بوو .


لە لایەك لای تووی مەلیك ٠٠ پارتی دیموکراتی کوردوستان ئاهەنگی ئەگیراو گورج‌و گولی پیشان ئەدراو میژووی کوردەواری ئەخرایە پیش چاو .



هەلپەرکی‌یەکی بادینانی لە ئاهەنگی نەوروزی یانەدا

بەلی لەو شوینەدا کـە روژی لە روژانی رەشی رابوردوو ، شـــانو بوو ، بـو گەورەترین کوبوونەوەی نەوروز ، وە هەر لەو روژە رەشەدا ، نوینەرانی هەموو هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی تیا کوبوویەوەو ، دەنگی کوردی ئازادی‌و ئاشتی خـوای تیـا بەرز کرایەوەو هونەری هونەرمەندو بویژەکانی کوردی جوولاندو ، دەری خست کـە دەنگی نەتەوەی کورد بە ئاگرو ئاسـن‌و ئازاردان کپ ناکریتـەوە !.

هەروەها لە لایەکی ترەوە ، لای گردی « مامـــە یارە » لای مەزاری شاعیری نەمری کورد ( پیرە میرد ) ، لای گوری ئاگر خـوش کـەری ئاگری نەوروز ، لە ئەنشق « گردی سەیوان » مەنزلگەی شەهیدە کانی ریگـای ئازادی‌ی کوردستان ، گاـکوی قوربانی‌یەکانی نەتەوە . لە ئەنشق ئەو دار ئەرخەوانانەی کە هەتا هەتایە سوورن بەخوینی گەشی شەهیدان‌و بە سووری ئەمیننەوە ، تا کوردیش لە گەل هەمـوو نەتەوە ئازادی خوازەکانی جیهان‌دا ئەگـات بە ئاوات ، بەلی لەو شوینە پاکەش‌دا بە سەدان‌و هەزاران لە ئەندامانی ریکخراوە دیموکراتی‌کانی



هەلپەرکی‌یەکی تری فەیلی لە نەوروزی یانەدا

شاری سلیمانی‌و گەلە دلسافە بی گەردەکەی سلیمانی ، هەر بە بونەی ئەم روژە پیروزەوە ، ئاهەنگیان ئەگیرا ، ئیتر وتار بوو ، هەلبەستی نایاب‌و ، هەلپەرکی‌ی لاوان‌و تەمسیلی جوان‌و گورانی‌ی گەلی کوردستان بوو .

جا ، ئەگەرچی جەژن یەك جەژن بوو ، هی یەك نەتەوە بوو ، ئەبوا یەك جارو بە تیکرایی یادی زینـــدوو بکرایەتەوە ، بەلام ، هەمیسان ، یەك جەژنی لە دوو لا کراو ! دەری خست کە نەتەوەی کورد ، بیرو باوەری سیاسی‌ی نیشتمانی هەرچون بی ، شانازی ئەکاو ، هەقیەتی شانازی بکاو پیویستە شانازی بکا بە میژووی پر لە قارەمانیەتی‌ی بەرەی رابوردوویەوە .

هەروەکوو لە سەرەتاوە باسمان کرد ، زیندوو کردنەوەی ئەم یادە سەرانسەری کوردستانی گرتەوە ، بەلی گەلی کورد لە کوردستانی عیراقا ، لە هەموو سووچیکی نیشتمانەکەیا ، بە ئازادی‌و بە ئاشکرا هەلسا بە جەژنی نەوروز .

نەوروزی ئەمسال‌و پارمان هەرەشەیەکی گەورە بوو لە دوژمنانی ئازادی‌ی نەتەوەی کورد ، دوژمنانی‌ی سەربەستی‌ی هەموو گەلیکی ئازادی خواز ، نەوروزی



هەلپەرکی‌یەکی تری بادیناتی لە نەوروزی یانەدا

ئەمسال و پارمان، ترکەیەکی خویناوی و سامناکە لە قوولایی دەروونی کوردی عیراقی ئازادەوە، روو بە رووی درندە خوین‌خورەکانی پشت سنوور، ئەوانەی کە خوینی نەتەوەی کوردیان کردوەتە کاسەوەو، بە هەمـــوو جوری ئەیانەوی دەنگی ئازادی و رزگـاری‌یان کپ بکەنەوە، خویان هەلە ئەکەن لە ئاوات و ئازاری گەلەکانیان و، لە ئاوات و ئازاری ئەو پارچە کوردەی، کە کراوە بە پارووبەك بو گەرووی ناسازیان! وە وا ئەزانن هەتا هەتایە ئەتوانن دەنگی ئازادی کپ بکەنەوە، بی‌خەبەرن لەوەی کـــە گەلانی ئازادی‌خواز، میللەتی کوردیش یەکیکە لەوان، کە راپەرین، بە جوری تولەی خویان ئەسیننەوە، کە زووخاوی بەرو دوایان پی بهیننەوە.


نەوروزی نەتەوەی کورد لە عیراقا، ئەمسال و پار، دای بە گوی‌ی نوکەرە



دیمەنیکی تیکرای ئەوانەی هونەرمەندی‌یان پیشان دا
لە ئاهەنگی نەوروزی یانەدا

هەلقە لەگویکانی ئەنقەرەو ، تارانو ، مەباحیثدا ، کە نەتەوەی کورد هـەر ئەو نەتەوەیە کە لە عیراقدا ، سالەهای سال تیکوشا ، شـان بە شانی نەتەوەی عەرەبی برادەرو وردە نەتەوەکانی تر ، روو بە رووی ئیمپریالستو نوکەرانی ، هـــەتا لە چواردەی تەمووزا لەسەر دەستی سوپاو ، بە پشتیوانیی ئەمان ، ئاواتی سالەهایان هاتە دی ، دایبەگویی فاشستەکانا کە : « کورد نابریتەوە خەیالی خـــاوە ، بەراتی نەجات بە خوین نووسراوە » ئەمرو بیو سبەی ، ئاگری شاراوەی ژیر ژیلەمو ، بە تەوژمی خەباتی تیکرایی ، سـەر لە نوی سـەر هـەل ئەداتەوەو داو دەزگـای نوکەران لە هەموو لایەکا ئەسووتینیو نەتەوەی کوردیش ئالای ئازادی هەلئەکاو پاشەروژی خوی بە دەستی خوی دیاری ئەکا ...

لە بەغدایش ، شـاری قارەمانیو تیکوشان ، شـاری شورشی چواردەی تەمووز ، هەر لە روژی (٢١) ی ئازارەوە ، دەس کرا بە ئاهەنگو شاییلوغان ؛ لە لایەك یەکیتیی قوتابییان ؛ لە باغچەکانی کلیەی زەراعەدا ؛ ئاهنگـان گیراو ؛



هەلپەرکییەکی لاوانی ئەرمەن لە نەوروزی یانەدا

به سەدان لە برا عەرەبەکان هاوبەشییان کرد لەم جەژنەدا ، وە بە دەیان جۆری نایاب گورج و گولی پیشان دراو ، جاریکی تر یەك دلی و یەك زمانیی نەتەوەی کوردی ئازادیخواو نەتەوەی عەرەبی برادەر خرایەوە پیش چاو .

لە لایەك ، پارتی دیموکراتی کوردستان ، لە هولی گەل « قاعة الشعب » بە چاودیریی سیادەتی سەروکی ولات ، سەرەك عبدالكريم قاسم ، ئاهەنگیکی نایابی بەرپا کردو گەلی وتاری جوان و بە کەلك درا ، چ لە لایەن سەروکی ولات ؛ وە چ لە لایەن سەر کردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ، لە هەموو لایەك هیتاف کیشان بوو بە برایەتیی کوردو عەرەب و ، یەکیەتیی عیراق و ، ژیان بو کومارو ، تەمەنی دریژ بو سەروکی دلسوزو ، گەشەداری بو ریبازی دیموکراتیی کومارەکەمان .

شان بە شانی ئەم گورج و گولیانە ، بانەی سەرکەوتنی کوردانیش ، پاش




مهداوی و ماجدو وصفی چەپلە لی ئەدەن

ئەوەی کە لە ڕێگای قانوونییەوە مواڵەفەی وەرگرت، هەڵسا بە ئاهەنگێکی گەورە، ئەگەر بێتو بەراورد بکرێ لە گەڵ کەم‌دەسەڵاتیی یانە لە لایەنی ئابووری و هونەرییەوە، ئەتوانین بڵێین: یەکێک بوو لە ئاهەنگە سەرکەوتووەکان؛ ئەگەر نەڵێین سەرکەوتووتر بوو لە هەموو ئاهەنگەکانی بەغدا.

ئێوارەی ٢٣ ی ئازار، لە هەموو لایەکەوە میوانەکان ڕوویان کردە هۆڵی «کلیەی تەربیە»: کـــە لەوی ئاهەنگەکە بەسرا، دیواری هۆڵو دەروازەی گەورەی کلیەو، هەموو شوێنە دیارییەکانی و، ئەم‌لاولای شانۆکەی بە دروشمی جوان جوان ڕازابووەوە، لە گەڵ شێوەیەکی زەبەلەی کاوەی ئازەمان بە خوی و چەکوشە ئاودارەکەیەوە، لە دەسکردی هونەرمەندی کورد کاک عوسمان خال، کە بە دیواری شانۆکەوە هەڵسپێررابوو.

لە سەرەتای سەعات هەشتەوە، کە میوانەکان شوێنی خویان گرت، عەریفی ئاهەنگ دوکتور هاشمی پێش‌کەش کرد، کە وتاری یانە پێش‌کەش بکات؛ بەڵام هەر کە دوکتور گەیشتە سەر میکروفونەکەو، پێش ئەوەی دەس بکا بە وتارەکەی، دەنگی پێشوازی لە سەرۆکی دادگای گەل (مەهـــداوی) و داواکاری گشتی ماجـــد، وە مرافقی دڵسۆزی سەرۆک، وەسفی، هۆڵەکەی پڕ کرد، لە هەموو لایەکەوە ئەم هێتافانە، وەك سروودێکی نیشتمانی بەرز ئەبوونەوە: «یاسلەك یا شعب یحکم المهداوي»؛ «عاش البطل ماجـــد»؛ «عاش البطل وصفي»؛ پاش پێشوازییەکی گەرم، باوەڕپێ‌کراوی یانە دوکتور هاشم وتارە بە نرخەکەی یانەی پێش‌کەش کرد، کە لە شوێنێکی تری ئەم گوڤارەدا نووسراوە، وە گەلێ جار بە چەپلە ڕێزان وتارەکەیان پێ ئەبڕرا، کە دوکتور لە وتارەکەی یانە بوویەوە، لە لایەن کاک شەوکەت عەزیزەوە، ووتارەکە بە کوردی خوێنرایەوە.

ئەنجا دیار بوو دانیشتووە کوردەکان قنیات نەبوون تەنها بە هاتن‌و هاوبەشی‌ی «زوبانی راستی گەل» ، مەهداوی ، بویە کـ‌ا بە هیتاف‌و چەپلە : «باسمك یا شعب یحكم المهداوي» لەم کاتەدا ، عەریفی ئاهەنگەکە وتی : میوانە خوشەویستەکان ! ئیمە کە شانازی ئەکـەین بە میژووی خومان‌و بە چەکوشـە کاریگەرەکەی کاوەی نەمرەوە ، ئەمروش شـــانازی ئەکـەین بە مەهداوی‌و چەکوشەکەی دەستیەوە کـە ئەی‌سرەوبنیتە تەپلی سەری نوکەرانی ئیمپریالست . بەم وشە جوانە سەروکی دادگـای گەلی پیش‌کەش کردو ئەویش لە سەر خواستی دانیشتووەکان هەلسایە سـەر میکروفون‌و وتاریکی بە نرخی داو باسی گرنگی‌ی هاوکاری‌و تیکوشانی تیکرایی کوردو عەرەبی کردو پیشانی دا ، کە چون لە چەرخی رەشی رابوردودا ، رولەکانی کورد لە سەر شاخە سەختەکانی کوردستان شان بە شانی عەرەب لە خوارو ناوەراستی عیراقدا ؛ لە هەموو تەنگـانەیەکا دەست لە ناو دەستا بوون‌و تیکوشاون لە پیناوی ئازادی‌و سەربەخویی ولاتا . هەروەها



مهـداوی وتارەکەی ئـەدا

مەهداوی وتی : چەن بەختیار ئەبووم ، کە ئیستە بمتوانیایە بە زمانە خوشەکەی ئیوە ، ئەی برا کوردەکان ! قسەم بکردایەو ، هەستو دلسوزیی خومم پیشان بدانایە ، بەلام داخی گرانم ، لە ئەنجـــامی دەستەلاتی ئیستیعماری ناپاك ، ئەم هەلەمان بو ریك نەکەوتووە کە بتوانین هەردوولا بی گیرو گرفت بە زمانی یەك بدویین ، هیوادارم روژیك بی کـە ئەم ئاواتەم بیتـــە دی ، هەروەها وتی : ئیمپریالستو نوکەرانی بە هەموو جوری هەول ئەدەن بو تیکدانی کومارو ریبازی دیموکراتی ، بەلام ، بە کویرایی چاوی ئەوان ؛ کومارەکەمان هەر ئەمینیو هەر دیموکراتی ئەبی ؛ بە سەروکایەتیی روڵەی دلسوزی گەل عبدالکریم قاسم

وتارە جوانەکەی مەهدای ؛ زور جار ؛ بە چەپلەریزان ئەبررا . .

دوا بە دوای ئـەم وتارانە ، سروودی « نەوروز » لە لایـەن کوری لەقوتابیبانو لاوانی کوردەوە پیشکەش کرا ، کە سرنجی دانیشتووانی راکیشا.

شایانی باسە : هونەروەری عیراق کاك أحمد خلیلو ، مەنولوجستی بلیمەت



احمد خلیلو تاقمەکەی لە سروودیکی نیشتمانیدا

کاك فاضل رشید گەلی سرودو مەنولوجیان پیشکەش کرد ، ئەوەندەی تر ئاهەنگەکەیان جوان کردبوو ، بە تایبەتی گورانیی «محكمة الشعب» وە گورانیی « ئاشق » لە لایەن ماموستا احمد خلیلو ، مەنولوجی « پەهلەوی » و « فیرعەون »؛ لە لایەن کاك فاضل رشیدەوە ... هەورەها گورانیبیژی کورد کاك حەسەن جەزراوی هەندی مەقامی کوردیی جوانو بە تامی پیشکەش کرد لە گەل بەستەی « کافوکی » کە هولەکەی هینابووە جمو جولو لە هەموو لایەکەوە چەپلەی بو لی ئەدرا ..

خو باسی ئەو هەموە چەشنە هەلپەرکی جوانانەی برا کوردە فەیلیبەکان ناکری ، کە لە گەل دەهولو زورنای خومالیدا ، دلی دانیشتوانیان خستبوە سەماو کامەرانی .

بە راستی دانیشتووان نەیان ئەزانی سەیری کام هەلپەرکیو سەمای نایاب بکەن ، ئەوەندە هەلپەرکیی جوان پیشکەش کرا ، لە سیپیبیو ، چەپیو ، شیخانیو ، سویسکەیی ، لیرەدا ناتوانم ئەوە لە بیر بکەم کە تیپی



فەیلیبەکان لە هەلپەرکییەکی تربانا

له لاوانی دیموکراتی ئەرمەنیش ویستیان هەستی برادەریی خویان دەربرنو دوو هەلپەرکیی جوانیان ، بە موسیقاوە پیش کەش کرد

له پایانی ئاهەنگەکەدا تیپی لاسایی ( تەمسیل ) ؛ لە سەر شانوکە






لاوانی ئەرمەن لە دوو هەلپەرکیی میللیدا

تەمسیلیکیان کرد ، خەباتی نەتەوەی کوردیان لە هەموو لایەکی کوردستانا پیشان‌دا لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا ، کە بە تەواوی سرنجی تەماشاکەرەکانیان راکیشاو ، جیگای ریز لی گرتن بوو لە هەموو لایەکەوە

شایانی باسە : گەلی لە پیاوانی زانست‌و سیاسەت‌و ، ئەفسەرانی کوردو ، پیاوە ناودارەکانی کورد لە بەغدا حازری ئەم ئاهەنگە بوون ، هەروەها بالیوزی سوفیت‌و چینی گەلی‌و ، وەفدی ماموستایانی جیکوسلوفاکیا ـ کە بە سەردان هاتبوون بو عیراق ـ ئەوانیش هاتن بو ئەم ئاهەنگە

بەم بونەوە ، بە ناوی یانەی سەرکەوتنی کوردان‌و ، بە ناوی هەموو کوردیکی دلسوزەوە ، کە بە تەنگی سامانی نەتەوایەتی‌یەوە بی ، سوپاسیکی گەرم‌و گور پیش‌کەش ئەکەین بە هەموو ئەو کەسانەی کە هاوبەشی‌یان کرد لەم



دیمەنیکی تەمسیلی خەباتی نەتەوەی کورد


ئاهەنگەدا ، چ ئەوانەی بە میوانی هاتبوون و ، چ ئەوانەی هەلسان بە گورجو گولی ، هیوادارین هەموو سالیك بە دلیكی خوشترو ماوەیەكی فراوانترو ، دەروونیكی دلسوزترەوە هەلسین بە ئاهەنگی نەوروزو ، هەمـــوو توانایەكمان بخەینـــە كار بو پیش خستنی سامانی نەتەوایەتیو ، بووژاندنەوەی نیشتمانو گەیشتنمان بە ئاواتی ئیجگاری ، ئاواتی رزگـار بوونی هەموو پارچەكانی تری كوردستانو رزگـار بوونی نەتەوە برادەرەكانی كورد .



دیمەنیكی میوانەكان

وە لە ریزی پیشەوە مهداویو ماجدو وصفی

# شركة الطائى للمواد الانشائية



ئەگەر ئەتەوی خانووە تازەکەت لە هەموو رووبەکەوە بە ئارەزووی خوت بیت ، هیچ لی‌ی رامەوەستە کەرەسەی پاکێ و ئەمیزی‌یەکەی ناو مالت وەکێ بەلووعەو دەس‌شورو سبقون‌و شتی‌وا لە شەریکەی طائی بکرە لە بەغدا ـ باب لأغا .

دروستکراوی گ ورەترین‌و باشترین فابرقەی ئینگلتەرە ، وە بە نرخیکی هەرزان .

تەلەفون ٦١٨٨ و ٦١٩٤


---

چاپخانەی النجوم ـــ بغداد